شوان ئەحمەد

# ئیسلامی سیاسی

سلێمانی- 2004

# ئیسلامی سیاسی


- نووسەر: شوان ئەحمەد
- كۆمپیوتەرو بەرگ: شۆڕش ئەحمەد
- تیراژ: (1000)دانە
- ژمارەی سپاردن (    )
- كانونی دووەمی / 2004
- كتێبی رووناكبیری ژمارە (    )

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........ 5

## بەشی یەکەم: وتـارولێکۆڵینەوە

★سەرەتایەك دەربارەی فیکری (حەسەن بەنناو سەید قوتب) ........ 7

★پێداچوونەوەیەك بەئەزموونی (ئیخوان موسلمین)دا ........ 23

★(سەید قوتب)و تیۆری تەکفیرکردنی کۆمەڵگەو دەوڵەت ........ 41

★ستراتیژی کاری ئیسلامی سیاسی لەدوای (سەید قوتب)ەوە ........ 69

★سەرەتایەك دەربارەی گروپەکانی (تەکفیر) ........ 77

★میسرو ئسوڵیەتو بن لادن ........ 83

★(زەینەب غەزالی) وەهای وت! ........ 89

★کۆمیدیا ئیسلامی سیاسی ........ 107

★سەودای ڕێکخراوی (ئیخوان موسلمین) لەگەڵ شۆڕشی یۆلیۆدا ........ 119

★ڕێکخراوی (جیهاد) دابەشبوونی زیاتر ........ 125

★ئیخوانو ئیسلام ........ 129

★ئیسلامییەکانی سودانو شەڕی دەسەڵات ........ 131

★(ماسخادۆف)و ئیعترافێکی درەنگ وەخت ........ 135

★ئیسلامی سیاسی لەواقعی ئێمەدا ........ 139

## بەشی دووەم: رانـانی کتێب

★ئیسلامو ئسوڵی حوکم ........ 155

★(سەید قوتب)و شۆڕشی یۆلیۆ ........ 161

★ئوسامە بن لادن ........ 169

★سەربوردەی عەرەب ئەفغانەکان ........ 177

★د. فەرەج عەلی فۆدە ........ 185

★مێژووی (ئیخوان موسلمین) لەنێوان راستیو خورافەتدا ........ 189

★ئیخوانو تیرۆر ........ 193

★(ئیخوان موسلمین) چۆن چۆنی پاساو بۆ دەزگا نهێنیەکەی دەهێنێتەوە؟ ........ 197

★رێکخراوی (ئیخوان موسلمین) لەڕێنماییەوە بۆ تۆقاندن! ........ 201
★میسرو ئیسلامی سیاسی ........ 207
★سیناریۆی رەشی جەزائیر ........ 211
★بزوتنەوەی چەکداری لەجەزائیر ........ 217
★ئیسلام، ئەوروپا، خۆرئاوا ........ 227
★هەوڵی جیابوونەوەی نەتەوە ژێردەستەکانی خەلافەتی عوسمانی ........ 231

## بەشی سێیەم: وەرگێڕان

★(ئیخوان موسلمین) لەسەردەمی حوکمڕانی (ئەنوەر سادات)دا ........ 237
★گروپەکانی (تەکفیر) لەسەردەمی حوکمڕانی (ئەنوەر سادات)دا ........ 257
★ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵگەی مەدەنی ........ 271
★ئیسلامی ئسوڵیو وردە بۆرژوا ........ 281
★خورافەتی دەوڵەتی (خەلافەت) ........ 295
★(ئوسامە بن لادن) کێیە؟ ........ 305
★وێسگەکانی تیرۆر (ئەفغانستان) ........ 315
★(عەبدولناسر)و (ئیخوان موسلمین) ........ 327
★گفتوگۆیەك لەگەڵ (ئۆلیڤیە روا) ........ 337

# پێشەکی چاپی یەکەم

ئایا ئیسلام هێزێکی سیاسیو کەلتوری تاریکە تا ئێمە رووبەڕووی وەلامێکی عەمەلیو تیۆری بکاتەوە؟ یاخود ئەمە کوردتکردنەوەیەکە بۆ پرسیاری ئیسلام کە یەکێکە لەپرسیارە زیندووەکانی هەزارەی سێیەم، پرسیارێك هێندە دووبارە ئەبێتەوە تا ئەبێتە پرسیارێکی جەماوەری.

کاتێك قسەکردن دێتە سەر ئیسلام، لەبەردەم پرسیار گەلێکی وەهادا پێویستمان بەوەستان هەیە، بەتایبەت لەو رووەوە کەناشێت هەموو کۆسپو گرفتەکانی کۆمەلگەیەك بۆ رەهەندێکی ئایینی، یان راستتر ئیسلامی کورت بکرێتەوە. ئەمەش ناکاتە ئەوەی دەرگای قسەکردن لەسەر ئیسلامی نویێ هەلبگیرێت، مەبەست لەئیسلامێکە کە داوای پرۆژەیەکی گشتگیری بەدیل ئەکاتو بەتاقی تەنیا پێ لەسەر نوێنەرایەتی کردنی دینو دنیا دائەگرێت.

ئەم کتێبە بەرهەمی قەلەمێکە بەوەرگێڕانو نووسین سەرقالی ئیسلامیە، یان تەواوتر بلێین هەولی بەسەرکردنەوە ئەم کێشەیەی داوە لەپال کێشەکانی دیکەدا.. ئەم هەولەشی دەستپێشخەرییەکە بۆ گواستنەوەی گفتوگۆکردن بۆ ناو نووسینو بۆچوون گۆڕینەوە. هەلبەت هێنانە قسەی هەر رەهەندێکی کۆمەلگا کارێکی گرنگە، بەتایبەتی ئەو رەهەندە ئیسلامییەی کۆمەلگەی ئێمە کە هەمیشە لەهەولی خۆشاردنەوەدایە لەهێنانە قسە. ئەمەش ئەو شتەیە کەنووسەر بەهۆی نووسینەوە ئەبێتە هۆی نیگەرانیکردنی بەشێکی کۆمەلگاکەی. کتێبەکەش لەوێوە دەستپێدەکات کە ئیسلامی سیاسی هەموو لایەنە ئایدیۆلۆژییەکانی ئاین ئەخاتەوەگەڕ، یان دەشێت توندتر بلێین: ئیسلام لەناو ئایدیۆلۆژیادا ئەتوێنێتەوە. ئەمەش ئەو ئاوازو دەنگە نەشازەیە کە لەگەل ژینگەی

فرەمینبـەری‌و فـرە ئینتیماییـدا ناگونجێـت. کێشـەی ئـەم دەنگـە نەشـازە ئەوەیە هەوڵی بەجەماوەریکردنی پرۆژە تۆتالیتارییەکەی ئەدات.

ئیسلامی سیاسی نـەك تاکەکـەس وەك قەوارەیـەکی سـەربەخۆو قـانونی نابینێـت، بـەڵکو نکـۆڵی لەهـەموو ئـەو گروپانــەش ئـەکات کـەجیاوازن لەدەنگ‌و ئاوازی ئەو. ئەمەش بەو مانایـەی ئیسـلامی سیاسـی شـەڕێکە بـۆ دواوە، لەبەرئەوەی شەڕێکە بۆ گەڕانەوە ژێر سایەی یەك دەنگیی.

**رامیار مەحمود**

# سەرەتایەك دەربارەی فیكری
# ( حەسەن بەنناو سەید قوتب )

## (7)

زاراوەی (Fundamentalism) (واتە ئسولّیەت)، زاراوەیەكی خۆرئاواییەو لەژێدەرو سەرچاوە عەرەبیەكاندا بەكارناهێنرێتو كاری پێناكرێت. هەموو ئەو ژێدەرو سەرچاوە عەرەبیانەی باسیان لەمێژووی رێكخراوی (ئیخوان موسلمین) كردووە، بەوە راهاتوون كە بەرادیكالّی وەسفیان بكەن نەك بەفەندەمینتالیزم. (حەسەن بەننا)ی دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین بەجۆرە پەیامەكەی دەناسێنێت (پەیامێكی سەلەفییەو رێكخراوەكەشی رێكخراوێكی ئیسلامی موحەممەدی قورئانییە)، (قورئان بەرنامەیەتیو شوێن پێی هەنگاوەكانی پێغەمبەر هەلّدەگرێو لەوەی لەقورئانو حەدیسو سیرەی پیاوچاكاندا هاتووە لانادات).

لەسەردەمی حەسەن بەننا خۆیدا، هاوسەردەمەكانی گروپەكەیان بەتاقمێكی كۆنەخواز وەسف دەكرد. هاوكات ئەو نامە گۆڕینەوە نهێنیانەش كە لەنێوان بالّیۆزی بالّیۆزخانەی بەریتانیا لەمیسرو حكومەتەكەیدا هەبوو، ئیخوان موسلمینی بەفەندەمینتالیزم ناو نەدەبرد، بەلّكو وەك خۆیان ناوی دەهێنان. رۆژنامە بیانیەكانی ئەو سەردەمەش كە هەوالّو دەنگوباسی ئەم گروپەیان بلاّودەكردەوە، هەر بەناوی خۆیانەوە ناویان دەبردن.

زاراوەی (Fundamentalism) تەنها ئەو كات هاتە سەر روبەری رۆژنامەو ناو سەرچاوە بیانیەكان كە گروپەكانی (تەكفیر) لەسەردەمی (سادات)دا هاتنە ئارا، بەكارهێنانی ئەم تێرمەش بەو مەبەستە بوو تا ئەم گروپانەی لەرێكخراوی ئیخوان موسلمین پێجیابكەنەوە. ئەگەرچی لەوكاتەشدا رۆژنامەكانی میسر ناوی (گروپە ئیسلامیەكان یاخود گروپە توندڕەوەكان)یان لەو دەستەو تاقمانە نابوو. كاتێكیش ئەو گروپانە دەستیان دایە كاری توندوتیژی، ناوی گروپە تیرۆریستەكانیان بەسەردا دابڕین.

لەبەر ئەوەی ئەم دەستەو تاقمانە سەر بەفیکرەی جاهیلیەتو حاکمیەتو تەکفیرن، ئەوا بەگروپی رادیکالی درانە قەڵەمو لەڕیزی رەوتە ئیسلامییە رادیکاڵەکاندا پۆلبەندیکران. لەبەرامبەردا رێکخراوی (ئیخوان موسلمین) خرایە ریزی باڵی ئیسلامی تەقلیدییەوە. سەبارەت بەگواستنەوەی زاراوەی فەندەمینتالیزم بۆ ناو زمانی عەرەبی، (محەمەد سەعید عەشماوی) لەوتارێکیدا دەڵێت: (ناونانی گروپە توندڕەوەکان لەفیکری ئیسلامیدا بەفەندەمینتالیزم جیاوازە لەوەی لەفیکری خۆرئاواد هەیە، چونکە لەوێ فەندەمینتالیزم بەو گروپانە دەڵێن کە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادانو ژیانێکی سادەو گۆشەگیرانە دەژین وەك مەسیحیەکانی سەرەتا. ئەمە لەکاتێکدایە لەئیسلامدا مانایەکی پێچەوانەی هەیەو هەوڵی ئەوان گۆشەگیریو دابڕان نییە لەژیانی مەدەنی، ئەوەندەی نوێکردنەوەی ئیسلامە لەڕێی هەوڵو کۆششەوە بەمەبەستی پاکژکردنەوەی لەهەموو جۆرە بیدعەیەكو گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی سەرەتاو گونجاندنی ئیسلام لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمداو ئیعترافکردنە بەوەی ئامرازێکی لەبارە بۆ حوکمڕانی کردنو.. هتد).

ئەوانەی پەیڕەوی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەکەن پێیان دەوترێت (سەلەفیەکان)، لەبەرامبەر (خۆرئاواخوازەکان)دا کە بەسەر فیکری عەلمانیەتی خۆرئاواییدا کراونەتەوەو شێوازی ژیانی خۆرئاوا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو سیاسی، کاریگەرییەتی بەسەریانەوە هەیە.

(خۆرئاوا خوازەکان) ئەوانەن کە لەسەردەمی محەمەد عەلی پاشاوە، جڵەوی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی میسریان گرتۆتە دەست. ئەمانە لە هەوڵی ئەوەدابوون کۆمەڵگەی میسری لەکۆمەڵگەیەکی ئیسلامی خۆرهەڵاتییەوە بەکۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی شێوە خۆرئاوایی بگۆڕن، ئەم کارەش بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیست بەردەوام بووە. ئەو گۆڕانکاریانەی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بەسەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان داهات، بووە مایەی سەرهەڵدانو هاتنە ئارای چینی کۆمەڵایەتی نویو پەیوەندی بەرهەمهێنانی تازە. گۆڕانکاریە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانیش کاریگەری خۆیان لەسەر ژیانی فیکریی کۆمەڵگەی میسری بەجێهێشت، دەرەنجامیش یەکەمین کرانەوەی میسری بەسەر فیکری خۆرئاوادا بەخۆیەوە بینی، کاتێك لەسەردەمی محەمەد عەلیو جێنیشینەکانیدا پۆلێك لەخوێندکاران رەوانەی ئەوروپا کرانو بزوتنەوەیەکی وەرگێڕان دەستی پێکرد. لەسەردەمی خدێوی ئیسماعیلیدا سستمی خوێندن لە حوجرەو مزگەوتەوە بەسستمی خوێندنگای نوێ گۆڕدرا،

خوێندنگایەك كەتیایدا خوێندكاران فێری زانستی نوێو زمانی بیانی دەبوون. ئەم گۆڕانكاریانە نوخبەیەكی رۆشنبیری تازەی پەروەردەكرد كەلەژێر كاریگەری فیكری ئەوروپیدا بوون.

لەسەروبەندی ئەم گۆڕانكاریانەدا سەلەفیەكان لەسەرەتاداو بەمەبەستی رووبەڕووبونەوەی باڵی خۆرئاواخوازەكان پەنایان بردە بەر نوێكردنەوەی ئیسلام، ئەویش لەرێگای بەرەودان بەدەسەڵاتی عەقڵو هەوڵدان بۆ گونجاندنی ئایین لەگەڵ پێداویستییەكانی سەردەمو ئازادكردنی ئیرادەی موسڵمانان لەئایدیۆلۆژیای (جەبرگەرایی)، ئایدیۆلۆژیایەك كە هەوڵو تواناكانی لەژێر عەقیدەی (قەزاو قەدەردا) مەسخ كردبوو. هەوكات كاركردن بۆ گرێدانەوەی ئایین بە كارو تێكۆشانەوەو دژایەتیكردنی رێبازی سۆفیگەرێتی، بەڵام هەموو ئەمانە بەبێ رووبەڕووبونەوەو پێكدادان بوو لەگەڵ ژیاری خۆرئاوادا.

شێخ محەمەد عەبدەی رابەری سەلەفیە تازەگەرەكان داوای ئەوەی دەكرد زانستە تازەكان بهێنرێتە ناو ئەزهەرەوەو چاكسازی لەبواری خوێندندا بكرێت، جەختی لەسەر ئەوەش دەكرد كەدەبێت موسڵمانان فێری زمانە ئەوروپیەكان بنو لەزانستە ئیسلامیەكاندا سوودیان لێ ببینرێت. چونكە محەمەد عەبدە پێیوابوو زانایانی ئیسلام بەو شێوەیەی هەلومەرجی نوێ دەیخوازێت ناتوانن خزمەت بەئیسلام بكەن، گەر بێتو لانی كەم زمانێك لەزمانە ئەوروپیەكان نەزانن. لەم رووەوە خۆی بەنموونە دێنێتەوە كەچۆنو لەدوای تەمەنی چل ساڵییەوە خۆی فێری زمانی فەرەنسی كردووە. هاوكات لەسەر ئاستی نوێكردنەوەی عەقلانیەتی ئیسلام، زانایەكی دیكەی ئیسلامی كەشێخ عەلی عەبدولرەزاقە هێرشی كردە سەر بیرۆكەی خەلافەت وەك سیستمێكی ئیسلامی لەحوكمكردن داو، بەرپەرچی ئەوەی دایەوە كە لەقورئانو حەدیسدا شتێك هەبێت پاڵپشتی ئەو مەسەلەیە بكات. هەربۆیە لەكتێبە بەناوبانگەكەیدا (الاسلام واصول الحكم)، رۆڵی خەلافەتی بەدرێژایی مێژووی ئیسلام دایە بەر رەخنەو پێیوابوو (خەلافەت مایەی ماڵوێرانیو نەگبەتیو سەرچاوەی خراپەكاریو گەندەڵی بووە بۆ ئیسلامو موسڵمانان).

هەروەها باس لەوەش دەكات كەمێژوو باسی خەلیفەیەكمان بۆ ناكات لەحكومڕانیەكەیدا شمشێر پشتو پەنای نەبوبێت. لەمێژووی ئیسلامیدا نەوەیەك نابینی كوشتنو لەناوچوونی خەلیفەیەكی نەبینیبێت. ئەگەرچی خەلافەت لەرووی تیۆرییەوە لای موسڵمانان لەسەر بنەمای بەیعەتی ئیختتیارییە، بەڵام لەرووی واقعیەوە تەنها پشتی بەهێزی زۆر تۆقێنەر بەستووە.

بۆیە موسڵمانان پێویستیان بەخەلافەتێکی لەو جۆرە نییە، خوای گەورەش بەدوورە لەوەی عیزەتی ئیسلامو زەلیل بوونی، دەرگیری شێوازێکی دیاری کراوی حوکمڕانی بکات. یان چاکیو خراپی موسڵمانان بەخەلافەتەوە گرێ بداتو بیخاتە ژێر رەحمەتی خەلیفەکانەوە، بەڵکو یەزدان ئازادی بەموسڵمانان داوە تا ئەو سستمە سیاسیانە بۆخۆیان هەڵبژێرن کەئەقڵو بۆچوونو بەرژەوەندی خۆیان پەسەندی دەکات.

لێرەوە بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کەبزاوتە فەندەمیتالیستەکان لەسەرەتاوە شێوازی پێکدادانو رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ژیاری خۆرئاواو فیکری خۆرئاوادا پەیڕەو نەکردووە، بەڵکو تەقەلای ئەوەیان داوە بەشێوازێکی ئەقڵانی کار بۆ نوێ کردنەوەی ئیسلام بکەن بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ دەسکەوتو پێداویستیەکانی سەردەمی تازەدا، چونکە ئەمانە لەو باوەڕەدا بوون کەتێکچوونی حاڵی موسڵمان دەگەڕێتەوە بۆ چەقبەستنی فیکری ئیسلامیو نەبوونی ئیجتیهادکی نوێو پەیدابوونی بیدعەی وەها لەئیسلامدا کە لەسەرچاوەکانی سەرەتای دوورخستوەتەوەو بۆتە کۆسپ لەبەردەم بەرەوم پێشچوونی موسڵمانان لەسەردەمی ئێستاماندا. لەم بارەیەوە (عەبدوڵڵا نەدیم) لەوتارێکیدا لەرۆژنامەی (ئوستاد)دا هێرشێکی زۆر دەکاتە سەر پیاوانی ئایینیو دەڵێت: (گەر ئەوروپا بەدرێژایی چەندین سەدە هەوڵی لەناوبردنی بەهرەو توانی موسڵمانانی بدایە، ئەوەندەی بۆ نەدەچووەسەر وەك ئەوەی لەئێستادا ئیمامی مزگەوتەکان ئەنجامی دەدەن).

دوای جەنگی جیهانی یەکەمو بەرپابوونی شۆڕشی 1919 لەمیسر، شۆڕشێك کەقیبتیەکان شان بەشانی موسڵمانان لەدژی ئیحتیلالی بەریتانی بەرپایانکرد، ئەم بزاوتە فەندەمینتالیستە گۆڕانی بەسەرداهات. بەتایبەتی دوای ئەوەی تورکیا رووی خۆی رووەو خۆرئاوا وەرگێڕاو جاڕی سستمی عەلمانیەتی داو پشتی لەو مێژووە ئاسیاییو ئیسلامیەی خۆی هەڵکرد. بەم هەنگاوە تورکیا بۆ یەکەمین جار لەڕیزی وڵاتانی ئیسلامیدا ئایینی لەدەوڵەت جیاکردەوەو دەستبەرداری خەلافەت بوو. هەرچی بەرنامەی خوێندنو یاساو ئەدەبی تورکیش هەبوو لەسەر شێوازێکی خۆرئاوایی داڕشتەوەو لەنووسیندا پیتی عەرەبی بەپیتی لاتینی گۆڕیو هەروەها بڕیاری لەبەرکردنی جلوبەرگی ئەوروپیشی دەرکرد.

ئەم هەنگاوانەی تورکەکان زیاتر هانی خۆرئاوا خوازەکانی میسریاندا تا هەرچی زووە چاو لەژیاری خۆرئاوا بکەن، بەو پێیەی شارستانیەتێکە باڵادەستی خۆی سەلماندووەو بۆڕی شارستانیەتی خۆهەڵاتی داوەتەوە. ئەم نوخبەیە پێی وابوو تەنها رێگایەك بۆ

گەیشتن بەوەی ژیاری خۆرئاوا پێی گەیشتووە، وەرگرتن‌و خواستنی هەمان ئەو هۆکارە مادی‌و روحیانەیە کەبوونەتە مایەی بەرەوپێشچوونی ژیاری خۆرئاوا. بەلای ئەمانەوە (یابانی نوێ) نمونەی ئەو دەوڵەتەیە کەتوانیویەتی بەرووی خۆرئاوادا رابوەستێت، ئەم کارەشی تەنها لەرێی خواستن‌و پەیرەوکردنی هەمان ئەو هۆکارانە بووە کە لەپشت پێشکەوتنی ژیاری خۆرئاواوە بووەو وایکردووە کە لەرووی پێشکەوتنەوە یابان بچێتە ریزی وڵاتانی خۆرئاوا.

کاریگەری ئەم نوخبە خۆرئاواخوازە وایکرد کۆمەڵگەی میسری زۆر بەخێرایی بەرەو خۆرئاوا بچێت، نموونەکانیشی وەك: لابردنی حیجاب‌و سەرپۆش لەلایەن ژنانی میسرەوەو رووکردنە خوێندن‌و بەشداریکردنی پیاوان لەئیش‌و کاری دەرەوەدا، تەنانەت لەکارو چالاکی سیاسیشدا. هەروەها رەخنەگرتن لەدیاردەی فرە ژنی‌و داوای لابردنی دادگا شەرعیەکان‌و.. هتد. ئەمە لای پیاوانیش رەنگی دابووەوە وەك: پۆشینی جل‌وبەرگی ئەوروپی‌و رەفتارکردن وەك ئەوان‌و بیرکردنەوە بەپێی پێودانگی خۆرئاوا. لەلایەکی دیکەش لاوانی میسر وازیان لەخوێندنی ئاینی لەناو ئەزهەردا هێناو رووبانکردە زانستە تازەکان لەخوێندنگا مەدەنیەکاندا. ئەڵبەتە شتێکی سروشتیشە کەئەم گۆڕانکارەیە کۆمەڵایەتیانە ببێتە مایەی رك‌و تووڕەیی سەلەفیەکان لەناو ئەزهەرو (دار العلوم)و رێبازە سۆفیەگەرییەکان‌و گۆڤاری (المنار)و قوتابیانی قوتابخانەکەی شێخ محەمەد رەشید رەزا.

لەم قۆناغەدا سەلەفیەکان بەتوندی رووبەرووی خۆرئاوا خوازەکانی ناو میسر بوونەوەو کردەوەکانیان بەکاری بەد ئەخلاقی‌و ئیلحادو بێ ئابڕوویی دایە قەڵەم. یەکێك لەو پیاوە سەلەفیانە (حەسەن بەننا) بوو. (بەنا) پەروەردەی بنەماڵەیەکی ئایینی بوو، لە (دار العلوم) خوێندویەتی‌و پاشان لەساڵی 1927دا لەشاری ئیسماعیلیە بۆتە مامۆستای خوێندنگایەکی سەرەتایی‌و پەیوەندی بەشێخ (دەجەوی)یەوە کردووە کەیەکێك بوو لەوانەی پەیوەندی زۆری لەگەڵ ئەندامانی (بەرەی ئیسلامی)دا هەبوو. پەیوەندی کردنی بەننا بەشێخ دەجەویەوە بۆ ئەوەبوو تا ئاگاداری بکاتەوە لەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانەی بەسەر کۆمەڵگەی میسریدا دێت، گۆڕانکاریەکی لەو جۆرەش بەبۆچونی ئەو مایەی هەڕەشەو مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگەی ئیسلامی، نەك هەر لەرووی ئایینییەوە بەڵکو لەرووی مادیشەوە. حەسەن بەنا بەمجۆرە کەوتە ئاگادارکردنەوەی شێخ دەجەوی: (گەر کار بۆ خواو ئەو دنیاتان ناکەن، ئەوا کار بۆ ئەم دنیایەتان بکەن، کار بۆ ئەو پارووە نانە بکەن کەدەیخۆن)!

هـەر لەدرێـژەی قسـەکانیدا دەڵێـت: (گـەر ئیسـلامان لەدەسـت چـوو ئـەوا ئەزهـەرو زانایانیشی لەناو دەچن، ئەوکات هیچ شتێك شك نابـەن بـۆ خـۆراكو خـەرجی خۆتـان). دواجار تکای ئەوە لە (دەجەوی)و زانایان دەکات کەگەر بەرگریش لەئیسلام ناکەن، ئـەوا با داکۆکی لەخۆیان بکەن.

بەمجۆرە دەبینین کارو چالاکی سەلەفیەت فۆرمێك وەردەگرێت کەتیایدا ئـایین تێکـەڵ بـە بەرژەوەنـدی چـینایەتی دەبێـتو ترسـی ئـەوەیان لێ دەنیشـێت کـە لـەژێر شـالاَوی عەلمانیەکاندا بەرەو نەمانو لەناوچوون بچن. بەلاَم لەو قۆناغەدا سەلەفیەت نەبووە خاوەن ئایدۆلۆژیایەكو رێکخراوێك کۆی نەکردبوونەوە تاکو رێ لەو شالاَوە بگرن. بەڵکو تـەنها لەهەوڵی ئەوەدا بـوون لەبەرامبـەر ئیلحـادو کرانـەوەدا دەسـت بەبنـەماکانی ئیسـلامەوە بگرن، تەنها ئامرازێکیشیان بریتی بوو لەدروستکردنی کۆمەڵەو رێکخراوی ئیسـلامی. لەم سەروبەندەدا رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەشاری ئیسـماعیلیەو لـەمانگی مارسـی 1928دا لەسەر دەستی شێخ حەسەن بەننا دامەزرا. ئەم رێکخـراوە تـوانی سـەرنجو رای خـەڵکانێکی زۆر بـەلای خۆیـدا رابکێشـێتو چـەند لقێکـی رێکخراوەکـەیان لەچـەند شـارێکی وەك (پۆرسـەعید، سـوێس، ئـەبی صـوێر، بەحرصـەغیر)دا بکەنـەوە. پاشـان لەتشـرینی یەکـەمی 1932دا بارەگـای سـەرەکی رێکخراوەکـەیان لەئیسـماعیلەوە گواستەوە بـۆ قـاهیرە، دوای سـاڵێك ژمـارەی لقـەکانیان گەیشـتە پـەنجا لـق. لـەکۆتایی مـانگی مـایۆی 1933دا یەکەم رۆژنامـەی خۆیان کەهەفتانە دەردەچوو بـەناوی (ئیخـوان موسلمین)ەوە بلاَوکردەوە. بەتێپەڕبوونی کات ئیخوان بوونە خاوەن ئایدیۆلۆژیای خۆیانو بەڵگـەکانیش ئـەوە دەسـەلێنن کەحەسـەن بـەننا ئـەم ئایدیۆلۆژیایـەی لەقوتابخانـەی (المنار)ەوە وەرگرتووە، چونکە ئەو بە بەردەوامی ئامادەی کۆڕو کۆبوونـەوەکانی (رەشـید رەزا) دەبوو، هەروەها بەقسەی خۆی بە بەردەوامی گۆڤاری (المنار)ی خوێندۆتەوە.

دەکرێت بنەماکانی ئەم یایدیۆلۆژیایەی ئیخوان، بـەم شـێوەیەی لای خـوارەوە دەسـت نیشان بکەین:

یەکەم: ئیسلام ئایینو ژیانە. واتە ئیسلام بەتەنها ئاینێك نیيە بۆ خواپەرستی، بـەڵکو حوکمڕانیشە. واتە لەیەك کاتدا ئـاینو دەوڵەتـە. (حەسـەن بـەنا) لـەگۆڤاری (النذير)دا دەنوسـێت: (ئیسـلام خواپەرسـتیو رێبەرایـەتی کردنـە، ئـایینو دەوڵەتـە، رۆحیانـەتو کارکردنە، نوێژو جیهادە، گوێڕایەڵیو حوکمڕانیە، قورئانو شمشـێرەو هـیچ یـەك لەمانـە لەیـەکتر جیاناکرێنـەوە). لـەوەلاَمی ئەوانـەدا کەرەخنـەنیانن لـەئیخوان دەگـرت بـەوەی ئاینیـان تێکـەڵ بەسیاسـەت کـردووە، حەسـەن بـەننا دەیـوت: (گونـاهی تێـدا نیيـە کەسیاسەت بەشێك بێ لەئایینو ئیسلام هەریەك لەحاکمو مەحکوم بگرێتەوە).

دووەم: جامیعەی ئیسلامی لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی میسریدا. (حەسەن بەننا) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە (هەر پارچە زەمینێك ئاڵای ئیسلامی تێدا هەڵکرابێت ئەوە نیشتمانی هەموو موسڵمانێکە، بۆیە دەست بەرداری نابێتو کاری بۆ دەکاتو لەپێناویدا خەبات دەکاتو تێدەکۆشێت: ئیسلام وەك ئەوەی عەقیدەو خواپەرستییە، وەهاش نیشتمانو رەگەزنامەیە. موسڵمانانیش سەرجەمیان یەك نەتەوەنو نیشتمانی ئیسلامیش یەك نیشتمانە).

ئەمەش بووە مایەی کردنەوەی چەند لقێکی دیکەی ئیخوان لەدەرەوەی میسردا، بەتایبەت لەوڵاتانی سۆدانو سوریاو مەغریبدا. (حەسەن بەننا) هەر لەهەمان کۆنگرەدا جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوەو دەڵێت: (ئیسلام ئیعتراف بەسنووورە جوگرافیەکانو جیاوازی رەگەزو خوێن ناکات. هەموو موسڵمانان وەك یەك نەتەوە سەیر دەکاتو نیشتمانی ئیسلامیش یەك نیشتمانە، ئیخوان باوەڕیان بەم جامیعەیە هەیەو ئیعلانی ئەوە دەکەن کەنیشتمانیان هەموو بستە زەمینێکە کەموسڵمانانی تێدابن).

سێیەم: دەستگرتن بەبیرۆکەی خەلافەتەوە. ئەمەش پەیوەندی بەبیرۆکەی پێشوترەوە هەیەو بەننا سەبارەت بەگرنگیو بایەخی خەلافەت دەڵێت: (ئیخوان موسلمین پێیان وایە خەلافەت رەمزی یەکێتی ئیسلامییەو رووپەکی پێکەوە گرێدانی نێوانی گەلانی ئیسلامییە، پێویستە موسڵمانان بەبایەخەوە لێی بڕوانن. بۆ ئیخوان مەسەلەی خەلافەتو هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی لەڕیزی پێشەوەی کارەکانیان دایە).

چوارەم: حکومەتی ئیسلامی. ئەمەش پەیوەستە بەپرانسیپی هەمەلایەنی ئیسلامەوە بەوەی ئایینو دەوڵەتە. لەم بارەیەوە بەننا بەئاشکرا رایدەگەیەنێت کەئەو ئیسلامەی ئیخوان باوەڕی پێیەتی حکومەت بەڕوکنێك لەڕوکنەکانی خۆی دادەنێت. (ئیخوان لەهەر هەنگاوێکیاندا بەرەو دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی دەچن، بەڵام ئەمە پاش ئەوەی بیروبۆچوونەکانیان بڵاودەبێتەوەو لەناو خەڵکیدا دەچەسپێت). بەبڕوای حەسەن بەننا کەمتەرخەمی ئیسلامیەکان لەداواکردنی حوکمڕانی تاوانێکی ئیسلامییەو تەنها بەوە کەفارەت دەدرێتەوە کەرابنو هێزی جێبەجێکردن لەدەستی ئەوانە دەربهێنن کەحوکم بەئیسلام ناکەن. لێرەدا بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین یەکەمین دەستەو تاقمێکن لەسەردەمی تازەدا هاتبنە ئاراو مەبەستیان گەیشتنە حومکڕانیو کورسی دەسەڵات بووبێت. (حەسەن بەننا) ئەگەرچی ئایدیۆلۆژیاکەی سەر بەگۆڤاری المنارو قوتابخانەکەی (رەشید رەزا) بوو، بەڵام

کارنەکردنی لەسیاسەتداو داوانەکردنی حوکمڕانی بەتاوانێکی ئیسلامی دەزانی. خاڵێکی دیاری دیکەی (ئیخوان) ئەوەیە یەکەمین گروهێکی ئیسلامیە کەکارو چالاکی خۆی لەنێوەندی تەیاری ئیسلامی تەقلیدییەوە، واتە لەرێکخراوی ئایینیو ئەزهەرو رێبازی سۆفیگەریو چینە میللیە نەخوێندەوارەکانەوە گواستبێتەوە ناو زانکۆ عەلمانیەکانو ناو ئەو چینو توێژە رۆشنبیرەی خاوەن رۆشنبیرییەکی خۆرئاوایی بوو.

لێرەوە پێمان وایە هەوڵی ئیخوان بۆ گواستنەوەی کارو چالاکی خۆیان لەپێناو دروستکردنی حکومەتێکی ئیسلامیدا، لەنێوەند جەماوەرێکەوە کەهەڵگری رۆشنبیرییەکی ئاینییە، بۆ نێو جەماوەرێك کەهەڵگری یاخود خاوەنی رۆشنبیرییەکی خۆرئاییەو سەندنەوەی لەدەستی شێخەکان بۆ دەستی ئەفەندییەکان، لەپارێزەرانو پزیشککارانو ئەندازیارانو دەرمانسازو ئەفسەرانی پۆلیسو سوپاو. هتد، ترسناکترین وەرچەرخانو گۆڕانکاریەك بێت لەمێژووی هاوچەرخی میسردا. لەبەرئەوەی گۆڕانێکی لەو جۆرە پەیوەندییەکی لەنێوان میسری ئیسلامی بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانیو میسری ناسیۆنالیستی دوای جەنگو هەروەها لەنێوان ئایینو زانستدا گرێداو، بووە مایەی ئەوەی هەوڵەکانی میسر رووەو پێشکەوتنو خۆرئاوا خوازی بەو جۆرەی لەتورکیادا ئەنجامدرا شکست بهێنێتو سەرکەوتوو نەبێت. واتە ئیسلامی سیاسیو تاقمەکەی بەننا رێگرێك بوونو لەبەردەم کرانەوەی زیاتری میسر بەسەر دنیاداو، گێڕانی رۆڵی زیاتر لەکاروانی شارستانی مرۆڤایەتیدا.

## (14)

تێکەڵ بوونی ئیخوان موسلمین بەژیانی سیاسی، بووە مایەی ئەوەی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی دیکەی میسردا دووچاری روو بەڕووبوونەوە بێت. هاوکات ئەم کارە بەرەو ئەوەشی پەلکێش کرد تا دەست لەگەڵ هەندێك هێزدا تێکەڵ بکات کەپێیان وابوو خاوەنی هێزو تواناو دەسەڵاتن. ئیخوان هەربەوەندەشەوە نەوەستان، بەڵکو لەسەرەتای سالآنی چلدا هەریەك لەحەسەن بەنناو مەحمود لەبیب بیریان لەدروستکردنی دەزگایەکی نهێنیو تایبەت کردەوە لەناو رێکخراوەکەیاندا، بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکانیانو خۆپاراستن لەهێرشو پەلامارەی هێزەکانی دەرەوەی خۆیان. هەروەها هەوڵی ئەوەش بدەن دەسەڵات بگرنە دەست، هەر کاتێك هەلومەرج لەباربوو.

یەکێك لەباش هەڵسەنگاندنەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەوەبوو کە لەکۆشکی پاشایەتیدا هێزی باڵادەستی سەر گۆڕەپانی سیاسی میسریان دەبینی، بەحوکمی پێشێلکارییە دەستوورەیەکانیەوە. هەربۆیە لەسەرەتاوە ئیخوان هەوڵی خۆنزیك کردنەوەیان دەدا لەدوژمنی هێزە جەماوەریەکانی وڵاتی میسر، بەتایبەتیش حزبی وەفد کەڕێبەرایەتی خەباتی نیشتمانی دەکرد لەپێناو سەربەخۆیی وڵاتو دانانی دەستوورو چوونە دەرەوەی هێزەکانی بەریتانیا لەخاکی میسردا.

دروستکردنی دەزگای نهێنی لەلایەن ئیخوان بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی حەسەن بەننا گومانی لەسەر کاروچالاکی ئەو تاقمە دروستکرد، بەتایبەت کاتێك عەبدولرەحمان سندی بووە بەرپرسی ئەو دەزگایەو کۆمەڵێك کاری تیرۆرستی ئەنجامدا،کارێك کەبووە ماوەی ئەوەی نەقراشی پاشای سەرەك وەزیران لەهەشتی دیسەمبەری 1948 کاروچالاکی ڕێکخراوەکە رابگرێت. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا هەریەك لەنەقراشیو بەننا کوژران. هاوکات کەشۆڕشی یۆلیۆی 1952 لەسەردەستی عەبدولناسرو هاورێکانی بەرپا دەبێت، ئەم سیناریۆی ڕووبەڕووبوونەوەیە بەردەوام دەبێت.

ئەگەرچی ئیخوان لەسەرەتادا وەکی دۆستو هاوپەیمانی شۆڕش خۆی نیشان دەدا، بەمەبەستی دەست وەشاندن لەژیانی لیبرالی لەوڵاتداو پشتکردنە دیموکراسیەتو پەیڕەوکردنی سستمی تاك حزبی.. هەڵوەشاندنەوەی یاسای حزبایەتی لەمیسردا یەکێکە لەهەڵەکانی عەبدولناسر، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئیخوان لەم کارەدا ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو. دەست بەجێش ئەم هەنگاوەی عەبدولناسریان پیرۆزکرد کە تەواوی حزبەکانی هەڵوەشاندنەوەو بەتەنها ئەوانیان لەو بڕیارە هەڵبوارد.

هاوپەیمانێتی نێوان ئیخوان موسیلمینو ئەفسەرانی ئازادیخواز زۆر درێژەی نەکێشاو پاش ماوەیەکی کەم ئیخوان بەهۆی کێشەو ناکۆکیان لەسەر دەسەڵات لەسەرانی شۆڕش هەڵگەڕانەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی لەچواردەی یەنایەری 1953دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان بدرێت. سەرەڕای ئەوەی ئیخوانەکان لەفەیرانی مارسی 1954دا جارێکی تر گەڕانەوە سەر کارو چالاکی سیاسی خۆیان، بەڵام هەر زوو لەچەند مانگی دوای ئەوەدا ناکۆکیەکانی نێوانیان قووڵتربووەوە، بەتایبەت کاتێك دەزگای نهێنی ئیخوان پلانی تیرۆرکردنی عەبدولناسری داڕشت. ئەوەبوو سەر لەئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی 26ی تشرینی یەکەمی 1954 کاتێك عەبدولناسر لە گۆڕەپانی (المنشیە)ی شاری ئەسکەندەریەدا وتارێکی جەماوەری پێشکەش دەکرد، لەلایەن مەحمود عەبدوللەتیفەوە تەقەی لێکرا بەمەبەستی تیرۆرکردنی. وەڵامی ئەم هەوڵەی ئیخوان

بەتوندی درایەوەو ئەمە بووە سەرەتای شەڕێکی درێژخایەنی نەویستراو کەتا مردنی عەبدولناسر لەساڵی 1970دا بەجۆرەها شێواز بەردەوام بوو. لەو ماوەیەی کاروچالاکی ئیخوان قەدەغەکرا کۆمەڵگای میسری بەگۆڕانکارییەکی زۆر قووڵو ترسناکدا تێدەپەڕێ، ترسناکتر لەو گۆڕانکارییانەی فیکری شێخ حەسەن بەننا لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم دروستی کرد.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو گۆڕانکاریانە بدەین کەفیکری بەننا لەناو کۆمەڵگەی میسریدا دروستیکرد، دەبینین کاریگەرتر بووە لەسەرخانی کۆمەڵداو ژیانی کۆمەڵایەتی گەلی میسری گرتۆتەوە کە چۆن لەشێوە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی خۆرهەلاتییەوە هەولی گۆڕینی دەدرێت بەکۆمەڵگەیەکی شێوە عملانی خۆرئاوایی. وەك چۆن هەوڵدراوە مادەو رۆحی ژیاری ئیسلامی خۆرهەلاتی بەمادەو رۆحێکی ژیاری خۆرئاوایی بگۆڕدرێت. بەلام هەموو ئەم گۆڕانکاریانە قەرەی ژێرخانی کۆمەڵگە نەکەوت. مەبەستم لەژێرخان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە، سەرەڕای هەنگاوی خێراو بەپەلە بەرەو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەرێی دامەزراندنی بانکی میسرییەوە کە لەساڵی 1920دا دروست بووە.

بەلام ئەو گۆڕانکاریانەی لەنێوان سالانی 1953و 1964دا لەهەناوی کۆمەڵگەی میسریدا روویاندا، بەشێوەیەکی سەرەکی گۆڕانکاری بوو لەژێرخانی کۆمەڵگەدا، واتە گۆڕان بوو لەپەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا. کاریێ کەوایکرد میسر لەپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی شێوە فیودالیو شێوە سەرمایەدارییەوە بەرەو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرێت. بەپێی ئەو یاسای (الاصلاح الزراعی)یەی شۆڕش لەنۆی سێبتێمبەری 1952دا دەریکرد. پاشان گۆڕینی ئەو پەیوەندی بەرهەمهێنانە بۆ پەیوەندی بەرهەمهێنانی سۆسیالیزمی نەوەك سەرمایەداری، لەگەڵ یاساکانی خۆماڵیکردن لەیۆلیۆی 1961دا. لەئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەی ژێرخانی ئابوری وردە بۆرژوا سەریهەڵداو کرێکار هاتە ئارا، بەلام بەبێ ئەوەی هیچ بەشداریەکیان لەدەسەلاتدا هەبێت.

شتێکی سروشتییە لەگەڵ پاشەکشەی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا ئەو بەها کۆنەخوازو پاسیڤانەش نەمێنن کە هاوشانی ئەو قۆناغەبوون، هاوکات لەگەڵ ئەو رەوشی پیشەسازیەشدا کە شۆڕش کاری بۆ دەکرد، بەهای کۆمەڵگە پیشەسازیە عملانیەکان بێتە ئاراو لەگەڵیشیدا شێوازی ژیانی کشتوکالی باو بەشێوە ژیانێکی مۆدێرنی هاوچەرخ بگۆڕێت. لەهەمان کاتدا بڕیارەکانی خۆماڵیکردنی لەیۆلیۆی 1961دا

چینێکی بیرۆکراسی قەبەی دروستکرد کەولاتی لەئابورییەکی کشتوکالّییەوە بەرەو ئابورییەکی پیشەسازی برد.

بلاوبوونەوەی فیکری سۆسیالیزمی عەلمانی لەسەر دەستی تاکە رێکخراوی سیاسی شۆڕش (الاتحاد الاشتراکی)بوو. بلاوبوونەوەی ئەم فیکرەش لەژێر کاریگەری ئەو باوەڕەی شۆڕش دابوو کەدەیوت: خۆمالّیکردن یەکسانە بە سۆسیالیزم. لەم قۆناغەداو بەهۆی نزیکبوونەوەی زۆری میسر لەیەکێتی سۆڤیەت، پەیوەندی بەولاتانی عەرەبیو ئیسلامییەوە ئالّۆز بوو، بەتایبەتی ئەوانەیان کەبەشێوەیەکی گشتی پشتیان بەخۆرئاواو ئەمریکا دەبەست، لەریزی پێشەوەشیاندا عەرەبستانی سعودیە. ئەمەش کاریگەری خۆی هەبوو تا عەرەبستانی سعودیە لایەنگری بنەمالّەی ئیمامیەت بکات لەیەمەنی باکوور، دوای ئەوەی هێزەکانی میسر چوونە یەمەن بۆ پشتیوانی کردنی شۆڕشەکەی (عەبدوللا سلال).

لەم هەلومەرجەدا ئیخوان چاودێری ئەو گۆڕانکارییە ئابوریو کۆمەلاّیەتیو فیکریانەیان دەکرد کە کۆمەلّگای میسریان دەدایە دەست کۆمۆنیستە بێباوەڕەکانو ملکەچی ژێر دەسەلاّتی (تاغوتەکانی شۆڕشی یۆلیۆ)یان دەکرد. زۆربەی ئیخوانەکان لەو ماوەیەدا لەزیندان بوون، ئەمە کاریگەری گەورەی هەبوو تا لە کۆمەلّگە دابڕاێن. ئەمانەش بوونە مایەی سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ بۆ تیۆریستێکی وەك سەید قوتب کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە دوتوێی کتێبە بەناوبانگەکەیدا (معالم فی الطریق) رەنگی دابووەوە.

سەید قوتب لەم کتێبەیدا هەریەك لە کۆمەلّگەی میسریو تەواوی کۆمەلّگاکانی تر ئافەرۆزە دەکات، بەو پێیەی سەرجەمیان کۆمەلّگەی جاهلین. ئەو پێیوایە هەر ئەوەندە بەس نییە بڕوامان بەخودا هەبێو سروتە ئاینییەکان جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی کۆمەلّگە بەکۆمەلّگەیەکی ئیسلامی بدرێتە قەلّەم، بەلّکو لەگەلّ ئەمانەدا پێویستە دەسەلاّتی هەموو تاغوتەکان رەت بکاتەوەو ئافەرۆزەی تەواوی ئەو سستەمو یاساو بەهاو رەفتارو تەقالیدانە بکەن کە ئەوان دایدەڕێژن. بەم پێیەو بەبڕوای سەید قوتب ئەو کۆمەلّگە ئیسلامیانەی بەپێی یاسا زەمینییەکان بەڕێوە دەچن کافرو گومڕان، ئەگەرچی ئەندامەکانیشی بلّێن (لا الە الا اللە محمد رسول اللە و نوێژبکەنو زەکات بدەنو بەڕۆژوو بنو فەریزەی حەج بەجێبهێننو.. هتد).

دەکرێت ئایدۆلۆژیای سەید قوتب بەو شێوەیەی کە لەکتێبی (معالم فی الطریق) هاتووە، لەم خالاّنەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

1-لەمڕۆدا تەواوی جیهانی هاوچەرخ لە جاهیلیەتدا دەژین. ئەم جاهیلیەتەش لەسەر بنەمای دەستدرێژیکردنە سەر دەسەلاتی یەزدان لەسەر زەوی دامەزراوەو بریتییە لە دەستدرێژی کردنە سەر تایبەتمەندییەکانی خودایەتی کە ئەویش (حاکمیەت)ە، بەلاّم لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا (حاکمیەت) دراوەتە دەستی مرۆڤو هەندێکیان بوونەتە لێپرسراوی دەسەلاّتداری هەندێکی دیکەیان، نەك بەشێوە سەرەتاییە ساویلکانەکەی کە لەسەردەمی جاهیلیەتدا لەئارادابوو، بەڵکو لەبەرگێکی ترو بەشێوەیەکی تر کە لافیو مافو دانانی جیهانبینیو بەهاو دەستوورو یاساو پەیڕەو لێدەدات، بەلاّم هەموو ئەمانە doorra لەو پەیڕەوو پرۆگرامەوە کە یەزدان بۆ ژیانی ئینسانی داناوە.

2-لەبۆچوونی ئیسلامیدا مەدلولی (حاکمیەت)و (شەریعەت) تەنها حوکمکردنو تەشریعاتی یاسایی ناگرێتەوە، بەڵکو تەواوی ئەو شتانە دەگرێتەوە کە یەزدان ڕێگای پێداوە بەمەبەستی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی.

3-جاهیلیەت بەمانای ملکەچیکردن بۆ غەیری خواو لەئەنجامی ملکەچی خەڵك بۆ یەکتری دێتە ئارا، کۆمەڵگەی جاهلی هەموو کۆمەڵگایەکە کە ملکەچی فەرمانەکانی خودا نییە. بەم پێیەش تەواوی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ (جاهیلین)، کۆمەڵگە کۆمۆنسیتەکانو کۆمەڵگە بت پەرستەکانی هندو یابانو فلیپینو ئەفریقیا، هەروەها سەرجەمی کۆمەڵگە نەسرانیو یەهودییەکانی سەر رووی زەمین. تەنانەت ئەو کۆمەڵگایانەش دەچنە ریزی کۆمەڵگەی جاهیلیەوە کەپێیان وەهایە ئیسلامین. نەك لەبەرئەوەی نوێژ ناکەنو فەرزەکانی خوا بەجێ ناهێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەوانە قبوڵی حاکمیەتی کەسێك دەکەن لەناو خۆیاندا کەحاکمیەتیەکە یەزدانیی نییەو مرۆڤ کردە.. بۆیە دان بەئیسلامیەتی وەها کۆمەڵگایەکدا نانرێت.

4-بەو کۆمەڵگانە ناوترێت ئیسلامی کەشەریعەتی ئیسلام تیایدا حوکم نەکات.. کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوە نییە لێپرسراوانی لەخۆیانەوە ئیسلامێك داتاشن پێچەوانەی ئەوەی خوا بڕیاری لێداوەو پێغەمبەر بەیانی کردووە، لەدواییشدا ناو لەم ئیسلامە دەنێن (ئیسلامێکی پێشکەوتوو). کۆمەڵگەی ئیسلامی هەر بەوەندە تەواو نابێت بوونی خودا بسەلمێنێ، بەلاّم کار بەشەریعەتی خوا نەکات لەژیاندا. رێ بەخەڵکی بدات خواپەرستی لەمزگەوتەکاندا بکات، بەلاّم ڕێگە نەدات خەڵکی داوای پەیڕەوکردنی شەریعەتی خودا بکەن لەژیانیاندا. رەفتارێکی لەمجۆرە وادەکات ئەو کۆمەڵگایانە بەکۆمەڵگایەکی (جاهلی) لەقەڵەم بدرێن، ئەگەرچی بوونی خواش بسەلمێننو ڕێگاش بەخەڵکی بدەن خواپەرستی خۆیان بکەن.

5-ئیسلام هیچ جۆره ڕێگاچارەیەکی مام ناوەندی لەگەڵ جاهلیەتدا پێ قبوول نییە: یان ئیسلام یاخود جاهلیەت. شتێك نییە نیوەی ئیسلامو نیوەکەی دیکەی جاهلیەت بێو ئیسلام پەسەندی بکات. تێڕوانینی ئیسلام روونو ئاشکرایە لەوەی راستییەك رووی هەیەو بەش بەش ناکرێت. هەرچیەکیش لەدەرەوەی ئەم راستیەدا هەبێت ئەوا بێگومان گومڕاییو سەرلێشێواوییە.

6-ئەرکی ئیسلام وەلاوەنانی جاهلیەتە لەوڕێبەرایەتی کردنەی ئینسانیەتو جلەوگرتنە دەستی ڕێبەرایەتی کردنە بەپێی پەیڕەوو پرۆگرامی تایبەتی خۆی، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤایەتی لەڕێی گێڕانەوەی بۆ لای خوای تاكو تەنها. سەید پێی وایە مرۆڤایەتی هەرگیز لەم نەهامەتیانەی ئێستای رزگاری نابێت، تەنها لەڕێی گواستنەوەیەوە نەبێت لەدەستووری مرۆڤ کردەوە بۆ سەر یاساو بەرنامەی خودا.

7-بۆئەوەی ئیسلام رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی بگێڕێتو سەرلەنوێ بکەوێتە ڕێبەرایەتی کردنی مرۆڤایەتی، ئەوا پێویستە هەوڵ بۆ بەئاگا هێنانەوەی ئومەی ئیسلامی بدرێت. بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیەش پێویستە نوخبەیەکی پێشەنگ بەم کارە هەستێو ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر تا دۆخی ئەو جاهلیەتەی سەراپای زەمینی تەنیوە بەدۆخێکی ئیسلامی بگۆڕێت. سەرەتای هەنگاوێکی وا ئەوە دەخوازێت ئەو نوخبەیە لەلایەکەوە خۆیان لەکۆمەڵگە دابڕکەن، لەلایەکی دیکەش جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ئەو جاهلیەتەی دەوری داوە دروست بکاتو لەسروشتی ئەو رۆڵەی خۆی ئاگاداربێو لەناوەڕۆکی مەبەستەکەی تێ بگاتو بزانێت خاڵی دەستپێك لەو سەفەرە دوورو درێژەدا چییە.

8-دروستبوونی ئەم نوخبەیە سەرەتا بەیەك کەسی خاوەن بڕوا دەست پێ دەکاتو پاشان دەبنە سیانو ئەم سیانە دەبێتە دەو، دە دەبنە سەدو سەد دەبنە هەزارو هەزار دەبنە دوانزە هەزارو بەجۆرە کۆمەڵگەی ئیسلامی دروست دەبێت.

9-دەبێت بزانین دروستکردنی مەملەکەتی یەزدان لەسەر زەویو دەسەڵات سەندنەوە لەتاغوتو گێڕانەوەوی بۆ خواوەندو باڵادەستی شەریعەتی ئاسمانیو وەلانانی یاسا مرۆڤ کردەکان تەنها لەڕێی قسەو بانگکردنی خەڵکەوە نابێت، لەبەرئەوەی تاغوتو ستەمکاران تەنها بەبانگەواز نایەنە سەر ڕێی راست. بۆیە لەپاڵ بانگەوازدا پێویستمان بەکردەوەش هەیە، تاکۆسپە مادیەکانی سەر ڕێگای بانگەواز راماڵێت.

10-لەسەروبەندی دروستکردنی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، کێشمەکێش‌و ململانێی ئەو کۆمەڵگە ساوایەو کۆمەڵگەی جاهلی جاهلی دەست پێ دەکات، لێرەوە ئەرکی هەموو کەسێکە بۆئەوەی دەست بەکاربێت. شەڕ درێژەی هەیەو جیهادیش تا رۆژی قیامەت بەردەوامە.

11-لەقۆناغەکانی سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، پێویستە خۆمان لەهەموو کاریگەرییەکانی ئەو کۆمەڵگەی جاهلیە بپارێزین کە لەناویدا دەژین. هاوکات پێویستە بگەڕێینەوە لای سەرچاوەی پاك‌و بێگەردی عەقیدە کەقورئانەو بزانین قورئان داوای چیمان لێ دەکات‌و پێویستە چی بکەین. پاشان دەبێت خۆمان لەفشارەکانی کۆمەڵگەی جاهلی‌و دیدو بۆچوونەکانی بپارێزین. ئەرکی ئێمە ئەوە نییە لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی جاهلیدا پێك بێنین، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە ئەرکی ئێمە ئەوەیە خۆمان بگۆڕین، بۆئەوەی دواتر کۆمەڵگەی جاهلی لەڕەگ‌وڕیشەوە بگۆڕین.

12-هەنگاوی یەکەم ئەوەیە خۆمان لەسەرو بەهاو دیدوبۆچوونەکانی کۆمەڵگەی جاهلیەوە ببینین، نابێت ئێمە هێندەی تۆزقاڵێك لەبۆچوونی خۆمان بگۆڕین تا لەنیوەی رێدا لەگەڵ جاهلیەتدا بەیەك بگەین. ئێمەو کۆمەڵگای جاهلی لەسەر دوڕیانێکداین‌و بەیەك ناگەین‌و رووگەی هەر یەکەمان لەوی دی جیاوازە. کەمترین سازش وادەکات بەرنامەکەمان لەدەست بدەین‌و رێگا وێڵ کەین. لەم پێناوەشدا کۆسپ‌و ماندوویی زۆر دێتە رێمان‌و قوربانی زۆریشمان پێویستە، بەڵام چارنییەو دەبێت نەفەس درێژبین گەر بمانەوێت رێگای ئەوانە بگرینەبەر کەبۆ یەکەمین جار پەیامی ئیسلامەتیان هەڵگرت‌و خوا بەسەر پەیڕەوی جاهلیەتدا سەری خستن.

13-رەنگە تەواوی کۆمەڵگەی جاهلی پەیوەندی بەم کۆمەڵگە ئیسلامیە تازەیەوە بکەن، لەوانەشە ئەوە روو نەدات. ئەگەری ئەوە هەیە شەڕی لەدژ نەکات، بەڵام پێشبینی ئەوەشی لێ دەکرێت بچێت بەگژیداو پەلاماری بدات. کۆمەڵگەی ئیسلامی تازە ئەوکاتە بوونی خۆی دەسەلێنێ کەبووە خاوەن هێزو توانای ئەوەی هەبوو بەرپەرچی پەلامارو فشارەکانی کۆمەڵگەی جاهلی بداتەوە، گەر نەشی توانی بەسەر جاهلیەتدا زاڵبێت ئەوا لانی کەم بتوانێت خۆی لەبەردەمیدا رابگرێت.

14-بۆئەوەی ئوممەی ئیسلام سەرکردایەتی مرۆڤایەتی بگرێتە دەست، پێویستە ببێتە خاوەن دەسکەوتێکی وا کەدەرفەتی ئەم سەرکردایەتی کردنەی بۆ بڕەخسێنێ. لەمرۆدا لەڕووی مادییەوە ئەم دەسکەوتە کارێکی گرانە، بەتایبەت دوای ئەوەی لەم رووەوە بلیمەتی‌و لێهاتوویی ئەورووپی بەئاشکرا بۆڕی داینەوە، چاوەڕێش ناکرێت بەچەند

سەدەکی دیکەش ئەم هـاوکێشە رێك بێتـەوە. بۆیـە تـەنها شـتێك لەئێسـتادا بەدەسـتەوە بێت (عەقیدە)و (بەرنامە)و مەنهـەجی ئیسـلامی‌یە کـەدەتوانێت بەشـێوەیەکی دروسـت ئـەو دەسـتکەوتە مادیانـە بـەکاربهێنێت، کەمرۆڤایـەتی بەدرێـژایی مێـژوو بەرهـەمی هێناون.

15-بەجۆرە جیهاد لەپێناو بیروباوەڕدا بەر لەهەرشـتێکی دیکـە دێـت، تەنانـەت بـەر لەخاك‌و نیشتمانیش. شەڕی نێوان بڕواداران‌و نەیارەکانیان لەناوەڕۆکدا شـەڕی بیروبـاوەڕە نەك شتێکی تر. ئەو جەنگە نەجەنگی سیاسەتەو نەجـەنگی ئـابووری‌و رەگـەز پەرسـتییە، بەڵکو لەجەوهەردا شەڕی عـەقیدەیـە. یـان کـوفر یـاخود ئیمـان، یـان جاهلیـەت یـاخود ئیسلام.

16-ئەو نیشتمانەی موسڵمان دڵی پێی دەسوتێ‌و بەرگری لێ دەکات پارچە زەوییـەك نییە، ئەو رەگەزنامەیەی موسڵمانانی پێ دەناسرێتەوە رەگەزنامەی حوکم نییە. ئەو هۆزو تیرەیەی موسڵمان پەنای بۆ دەبات پەیوەندییەکانی لەسەر خزم‌و خواهی‌و خوێن نییە. ئەو ئاڵایەی موسڵمان ئاواتە خوازیەتی سـەرکەوتنی سـوپا نی‌یـە، بـەڵکو سـەرکەوتنە لـەژێر سایەی عـەقیدەدا. ئەوان ئەو جێگایـە بەنیشـتمانی خۆیـان دەزانـن کەعـەقیـدەی حـوکمی بکات‌و بەرنامەو شەریعەتی ژیانی لەخواوە وەرگرتبێت.

17-لەهـەر جێیەکـدا دژایـەتی موسـڵمانان بکرێـت لەسـەر بیروبـاوەڕو رێگـیری لەدینەکـەی بکرێـت‌و بـواری کـارکردنی نـەدرێت، ئـەوا ئـەو شـوێنە بـە (دار الحـرب) دادەنرێت. ئەگەرچی ئەو کەسە خۆشی هاووڵاتی ئەو شـوێنە بێـت‌و کـەس‌وکارو سـامان‌و ئیش‌و کاریشی لەوجێگەیەدا بێت. ئـەڵام لەهەرشـوێنێك بیروبـاوەڕی ئـەوی لێ دامـەزراو بێـت‌و شـەریعەتی ئیسـلامی تێـدا بەرقـەرار بێـت، ئـەوا بـە (دار السـلام) دادەنرێـت، هەرچەندە ئەو شوێنە کەس‌وکارو هاووڵاتی‌و کارو کاسپی ئەویشی تێدانەبێت.

18-بەرنامەو دینی خوا کۆسپ‌و تەگەرەی زۆری دێتە رێگا، کارێکی رەوایـە هـەموو ئەمانە بەزەبری هێز لابدرێن. ئیسلام مافی خۆیەتی ئەو بەربەستانە تێك بشکێنێ کـەڕێ لەهەڵبـژاردنی ئازادانـەی مـرۆڤ دەگـرن. ئیسـلام گوشـار بۆکـەس ناهێنـێ تـا بـەزۆر بیروباوەڕەکەی پەسـەند بکـەن، بـەڵام شـەڕی ئـەو هەلومەرجـە گەنـدەڵ‌و نالـەبارە دەکـات کەرێگرە لەبەردەم ئەوەی مرۆڤ بەئازادی‌و بەخواستی خۆی بیروباوەڕی خۆی هەڵبژێرێت.

ئەوەی خستمانە روو، پوختەی ئایدیۆلۆژیای تیۆریستی ئیخوان موسلمین سەید قوتب بوو کە لەدوو توێی کتێبی (معـالم فـي الطريـق)دا هـاتووە. سـەید بـەم تیۆریزەکردنـە تازانەی گۆڕانێکی جەوهەری بەسەر عـەقیدەی ئیسلامیدا دێنێت، چونکە وەك ئاشـکرایە

**لەسەرەتادا ئیسلام هەر ئەوەندەی لەموسڵمان دەویست کە لەڕێی شەهادەت هێنانەوە (لاالە الا الله وان محمد رسول الله) موسڵمان بوون خۆی بسەلمێنێ، ئەم نەریتەش لەرۆژگاری پێغەمبەرەوە (د.خ) بەردەوام بوو تا ناوەڕاستی سەدەی بیستو بڵاوبوونەوەی (معالم في الطريق). سەید لەم کتێبەیدا کە بەمانیفێستی گروپە ئیسلامیە رادیکاڵەییەکان دەژمێردرێت زۆر راشکاوانە دەڵێت: (بۆئەوەی مرۆڤ موسڵمان بوونی خۆی بسەلمێنێ هەرئەوەندەی بەس نییە شەهادەت بێنێو ئەرکە ئاینییەکانی سەرشانی بەجێ بهێنێت، بەڵام لەبەرامبەردا حاکمیەتی غەیری خوای قبوڵ بێتو کارێکی وا بەمرۆڤ بسپێرێت، هەر گەلو نەتەوەیەکیش بەمجۆرە بن ئەوا پێیان ناوترێت موسڵمان). بەمەش سەید تەکفیری تەواوی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان دەکات. حاڵەتێکی لەمجۆرە دەگمەنو کەم وێنەیەو لەمێژووی بزاوتە ئیسلامیەکانی میسردا نموونەی نییە. ئەم کارەی سەید قوتب بەدابڕانو جیابوونەوەیەکی ئایدیۆلۆژی لەبۆچوونەکانی (حەسەن بەننا) لەقەڵەم دەدرێتو دەسپێکی قۆناغێکی نوێی بۆ ئیسلامی سیاسیو بەتایبەت بۆ گروپە جیهادیەکانو رەنگرێژ دەکرد.**

**<u>سەرچاوەکان:</u>**

1-د. عبدالعظيم رمضان: جماعات التكفير في مصر (الاصول الفكرية والتاريخية)- الهيئة المصرية العامة للكتاب، قاهرة- الطبعة الاولى، 1995.

2-سيد قطب: معالم في الطريق: دار الكتاب الاسلامي، قم- الطبعة الشرعية العاشرة، 1983.

3-د. احمد موصللي: الاصولية الاسلامية، دراسة في الخطاب الايديولوجي والسياسي عند سيد قطب (بحث مقارن لمبادىء الاصوليين والاصلاحيين) الناشر للطبعة والنشر، بيروت- لطبعة الاولى، 1993.

4-د. رفعت السعيد (حسن البنا، كيف ومتى ولماذا؟)- دار الطليعة الجديدة، دمشق- الطبعة الاولى، 1978.

# پێداچوونەوەیەك بە ئەزموونی ( ئیخوان موسلمین ) دا

## (1)

سەر وەختی ئاشنایەتیم لەگەڵ دیاردەیەك بەناوی ئیسلامی سیاسیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی خوێندنم لە زانكۆ. یەكێك لەو باسانەی دەبوو لە دوا ساڵەكانی خوێندندا پێشكەشی بكەم، لەسەر سەرۆكی كۆچكردووی میسر جەمال عەبدولناسر بوو.ئەو مامۆستایەی ڕایسپاردم بەو نوسینە پێی ووتم: بەئەنقەست بابەتێكی وام بۆ هەڵبژاردووی، تۆ كوردیت و عەبدولناسریش تەنها سەركردەیەكی عەرەبی یە داكۆكی لە بزوتنەوەی كوردایەتی و كێشەكەتان كردبێ. هەر لە كردنەوەی ئێسگەی كوردی لە قاهیرەو پێشوازی كردن لە وەفدێكی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی لەسەرەتای شەستەكاندا و هەوڵدانی بۆ چارەسەر كردنی كێشەی كوردی بەشێوەیەكی عادیلانەو... هتد. بۆیە لایەنی كەم بۆ ئێوەی خوێندەوارانی كورد مەرجە شتێك لەبارەی ئەو كەسایەتیە سیاسیەوە بزانن، كەنەك هەر سەركردەیەكی عەرەبی بوو، بگرە یەكێك بوو لە سیاسەتمەدارە ناودارەكانی جیهانی سێیەمیش.

خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە جۆراوجۆرانەی لەبارەی عەبدولناسرو مێژووی هاوچەرخی میسرەوە لەبەردەستمدا بوون، سەرەتایەك بوو لێیەوە بۆ یەكەمجار ئاشنای ئەو دیاردە تازەیەی كردین كە ناوی ئیسلامی سیاسییە و ڕەگو ریشەی لەوادی النیل دایەو لە چارەكی یەكەمی ئەم سەدەیەدا لەوێڕا سەری هەڵداوەو هاتۆتە ئاراوە. ئەمە سەرەتایەك بوو, هاوكات كە مەسەلەی هەڵبژاردنی جەزائیر هاتە پێش و كێشەی نێوان بەرەی ئینقازو حكومەت تەقیەوە و هەروەها ئیسلامییەكانی ئێرەش دەستیان دایە كارو چالاكی سیاسی، ئیتر تێگەیشتن و بەدوادا چوونی مەسەلەیەكی وا بووە جێی بایەخ پێدانم، بۆیە بڕیارم دا لە پاڵ بابەتەكانی دیكەدا وەختێكی تایبەت بۆ مەسەلەی ئیسلامی سیاسی تەرخان بكەم و خوێندنەوەی ئەوەش بخەمە ناو بەرنامەو پرۆگرامی خۆمەوە....

ئـەوەی لێـرەدا دەیخەمـە روو بەشـێکی پـرۆژەی نوسـینێکی درێـژە لەمـەڕ ئیسـلامی سیاسی, بابەتێك کە لە ئێستادا زۆر بەگەرمی جیّ‌ی باس و لێکۆڵێنەوەیـە. ئـەم بەشـەی باسەکەم هەڵوێستە کردنێکە لەبەردەم چۆنیەتی مامـەڵە کردنی ئـەو بزاوتـە ئیسـلامیانە لەگەڵ هەست و سۆزی نەتەوایەتی‌و هەڵوێستیان لە ئاست مەسەلە نیشـتیمانی‌یە گـرنگ و چارەنوسسازەکاندا. وەك نمونەیەکیش لەم رووەوە قسـە لـە ئـەزموونی گروپێـك دەکـەین (ئـەزموونی ئیخـوان موسـلمین) کـە خـاوەنی تـاقی کردنەوەیـەکی درێـژە و کاریگـەری زۆریشی لەسەر بزاوتە ئیسلامیەکانی دوای خۆشی هەیە, ئەمەش دەروازەیـەکی باشـە تـا لـە نەسـکەکانی داهـاتوودا لێیـەوە بچـینە سـەر حیزبـە ئیسـلامیە کوردیـەکان و لـە هەڵوێستی ئەوان و چۆنیەتی مامـەڵە کردنیان لەگەڵ ئەو مەسەلانەی ئاماژەمان پـیّ دان بدوێین. ئەو حیزبانەی لەدوای راپەڕین و بەناوی جۆراوجۆرو بەرنامەی جیاجیاوە هاتونەتـە دنیای سیاسەتەوە و وەك هـەر بزاوتێکـی ئیسـلامی دیکـە ئاینیـان لـە ئایدۆلۆژیایـەکی دیینی پەتی یەوە، بەئایدۆلۆژیایەکی سیاسی گۆڕیوەو کارو چالاکی خۆیـانی پـیّ ئـەنجام دەدەن. کردنەوەی ئەم دەروازەیەش بەر لە چوونە ناو بابەتێکی وەهاوە، لەو بـاوەڕەوە دێـت کـە ڕەنگـە هـەر لـە سـەرەتاوە خۆهەڵدانـە نـاو گوتـاری سیاسـی ئیسـلامی کـوردی و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستیان بەرامبەر کێشە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان کارێکی شـیاوو دروست نەبێت، لەبەرئەوەی (ئەوان بۆ خۆیان گروهی کوردی سەربەخۆنین و هەر یەکـەیان لەسەرچـاوەیەکی تایبـەتی یـەوە پشـتیوانی دەکـرێن و، بزاوتێکـی ئیسـلامی کـوردی سەربەخۆمان نی‌یە)، بڕوانە (وێنەو تراژیـدیا: گۆڤـاری رەهەنـد، ژمـارە-دوو- 1997). کەمن مەبەستم لەمە زیاتر پەیوەندی نێوان ئیخوانەکانی ئێرەو دەرەوەی کوردستانە.

(2)

لەمڕۆدا بۆ هەر نوسەرێك کە بیەوێت قسە لە ئیسلامی سیاسی بکات و سـەرەتاکانی گورانی بزاوتێکی وا بپشکنی‌و لەبەرنامەی کارو پلان‌و ئامانجـەکانیان تـیّ بگـات، ئـەوا بەناچاری دەبێت بچێتەوە سەر مێژووی ئـەو وڵاتـەی بەیەکـەم لانکـی ئیسـلامی سیاسـی دادەنرێت لەمێژووی تازەدا، بچێتەوە ناو ئەزموونی ئەو بزاوتەی بەر لە حەفتا ساڵ ڕابەرو دامەزرێنەرەکەی بۆیەکەمجار و بەئاشکرا رایگەیاند کـە: (ئیسـلام پـەیام و حوکمڕانی‌یـە، شمشێرو قورئانە، ئایین و دەوڵەتە)، هەروەها دەڵێت: دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم (موسوڵمان موسوڵمانێتی تەواو نابێت گەر سیاسی نەبێت). ئێمەش وەك سـەرەتایەك و لـەم بەشـەدا، بەر لە هەر وەرچەرخانێك بۆ سەر حیزبـە ئیسـلامیە کوردییـەکان، دەچـینە لای مێـژووی هاوچەرخی میسرو ئیخوانەکانی ئەوێ، گرنگی گەڕانەوەیەکی وایش بەکورتی لە خوارەوە دا باسدەکەم:

أ- میسر ئەو وڵاتەیە کە بە لانکی ئیسلامی سیاسی دادەنرێت.

ب- ئیخوان موسلمینی ئـەوێ یەکـەمین گروهێکـی ئیسـلامی سیاسـیڕو لانـی کـەم تەواوی بزاوتـە ئیسـلامیەکانی جیهـانی ئـەمڕۆ، یـان درێـژکراوەی ئیخـوانن یـاخود وەك پەرچەکردارێك بەرامبەر ئەودا دروست بوون.

ج- تـا هەنووکـەش مەرکەزیـەتی ئیخـوان موسـلمین لـە میسـرە و تـەواوی بڕیـارو ڕێنماییەکان لەوێوە بۆ سەرجەم ئیخوانەکانی جیهان پەخش دەکرێت.

ء- بـزاوتێکی ئیسلامی سیاسی نیە لە جیهاندا ئــــەندام و لایەنگرانی پەیامـەکانی شێخ حەسەن بەنا، یان (معالم في الطريق، هذا الدين، مستقبل لهذا الدين)ی سەید قوتب، یاخود (الفريضة الغائبة)ی عەبدوسەلام فـەرەج، یـان وتـارە بـێ شـومارەکانی شێخ عومەر عبدولڕەحمانیان لەبەر باخەڵ دا نەبێت و کـەم تـا زۆر لاسـایی ڕەفتارەکـانی گروهی (التكفير والهجرة)ی شوکری مستەفا نەکەنەوە.

هـ – کاریگەرێتی دید و بۆچوونەکانی تیـۆر سـینێکی وەك یوسـف ئەلقـەرضـاوی لەسەر بزاوتە ئیسلامیەکانی دەرەوە.

و- ڕەنگدانـەوەی شـەڕو کێشمەکێشـی ئیسـلامیەکانی میسـرو دەوڵـەت لـەوڵاتانی دیکـەدا و بەڕێوەچـوونی ململانێـی نێـوان گروهـە ئیسـلامیەکان و دەوڵـەت لـە شـوێنە جیاجیاکـانی تـردا، لەسـەر هـەمان ڕێـتم و بەهـەمان میکانیزمـەکانی ئـەوێ. ئەمانـەو چـەندین هۆکـاری دیکـەش... بـەڵام ڕەنگـە پێداچـوونەوەیەکی وا بـە مێـژووی یـاخود بەئـەزموون و تاقیکردنـەوەکانی ئـەم حـەفتا سـاڵەی ئیخـوان موسـلمین داو (1928-1998) و هەڵدانــەوەی لاپــەڕەی پەیوەندییــە ئــاڵۆزو دژوارەکــانی نێــوان بزاوتــە ئیسلامیەکان و حکومەتی میسری، لەبەر درێژیو بـەربڵاویان بەچـەندین وتـارو نووسـین کۆتـایی نایـەت. بۆیـە لێـرەدا هەوڵـدەدەم بـەکورتی لـە بەشـێکی ئـەو مێـژووە بـدوێم کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم باسەوە هەیـە و ئـەوانی دیکـەی جـێ دێڵـم بـۆ کەسـانێك کـە ئارەزووی ورووژاندن و تاوتوێکردنی ئەم مەسەلانەیان هەبێت.

(3)

کاتێـك دەمانـەوێت بابـەتێك لـە جـۆری تێـڕوانینی ئیسـلامی سیاسـی بـۆ مەسـەلە نەتەوایەتی و نیشتیمانیەکانو مامەڵە کردنی ئـەوان لەگـەڵ ئـەو کێشـانەدا بێنینـە بـەر باس، لەوەوە دێـت کـە یـەکێك لـە بنـەما سـەرەکیەکانی بەرنامـەی کـاری ئـەو بزاوتانـە لـەڕۆژگاری حەسـەن بـەناوە تـا ئێسـتا، کـارکردن بـووە بەمەبەسـتی کـەرتکردنی ڕیـزی

نیشتیمانی و لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی و لـەقکردنی هـەر چەشـنە ئینتیمایـەك بـۆ نەتەوە. وەك نموونەیەك کـەم تـا زۆرمـان هـەتا ئێسـتاش ئـەو هەڕەشـەیەی بـەر لـە چـەند ساڵێکی شێخ عبدالمجید الزندانیمان لەیادە کە بەئاشکرا لەساتەوەختی یەکگرتنـەوەی هــەردوو بەشــەکەی یەمەنــدا (بــاکوورو باشــوور) دەیــووت:. (مــن تــەنها یــەك شــەڕم لەبەردەمدایە بیکەم، ئەویش شەڕکردنمە لە دژی یەکبوون و یەکگرتنەوەی ولاتەکەم).

گەر لە بەراییەکانی ئەم سەدەیەدا یەکێك لە گرفتە زەقەکانی بەردەم گـەلانی جیهـانی سێیەم، ئیستعمارو چەوساندنەوەیان بوو بێت لەلایەن دەوڵەتە داگیر کارە ئەوروپییەکانەوە، ئــەوا دوای بەســەر چــوونی ئــەو ســەردەمەو دەســتپێکردنی بزوتنــەوەی ڕزگــاریخوازی نیشتیمانی لەکۆتایی جەنگی دووەمـی جیهانیـەوەو سـەر بـەخۆ بـوونی ئـەو میللەتانـەو ڕزگاربوونیان لەدەست داگیرکـاری گرفتێـك لـەپاڵ ئـەو گرفتـە بـێ شـومارانەی دیکـەدا بەدەستیەوە بناڵێنن، ئەو هەڕەشەو مەترسـیە زۆرانەیـە کـە بزاوتـە ئیسـلامیەکان لەسـەر ئێســتاو ئاینــدەی ئــەو گــەل و نەتەوانــەی دروســت دەکــەن. لــەو سیاســەتە ســتراتیژیە ترسناکانەشی کە ئەو گروپانە پیادەی دەکەن و ئـەرکێکی تاقـەت پـروکێنی پـێ دەخەنـە ئەستۆی میللەتەکانیانـەوە، پـەلکێش کـردن و هێنانـەوەی کـۆی ململانـێ و کێشـەکانە لەگەڵ دەرەوەدا بۆ ناوەوەی کۆمـەڵگاکانی خۆیـان. ئەمـەش بەرنامـەی کـاری ئیسـلامی سیاسی یەو بزاوتە کوردیەکانیش لێی بەدوور نین، وەك ئەوەی بەختیار عەلی لە (وێنـە و تراژیدیا) دا باسی دەکات و دەڵێت: (لەکاتێکدا ململانێی سەرەکی کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤی کورد لەگەڵ داگیر کەران دایـە.. ستراتیژی سیاسـی ئیسـلامیەکان هێنانـەوەی ململانێ کەیە بۆ نـاوەوەی کۆمـەڵگای کـوردی خـۆی). ئەمـەش بـەر لـەوەی حاڵـەتێکی دەگمەن و تایبەتی ئیسلامیەکانی کوردستان بێت نەریتێکەو مێژووی ئیسلامی سیاسی ڕەنگ ڕێژ کردووە, نەریتێکە لەگەڵ ئیخوان موسلمیندا دەست پـێ دەکـاو تـا ئێسـتاش درێژەی هەیە.

## (4)

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە دەگەڕێینەوە سەر ئەزموونی ئیخوان موسـلمین و ساتە وەختی شۆڕشی یۆلیۆلە میسر. دەچینەوە لای مێژوویەك کەبەسـەرەتای دارشـتنی پلان و ئاژاوە نانەوەی ئیسلامی سیاسی دادەنرێت لەرێی ئیخوان موسلمینەوە. سـەرەتای شەڕو ئاگرێك کە ئیخوان ئاوی بـۆ ڕشـتووە و گروپـەکانی دوای خـۆی درێـژی دەدەنـێ و گەرمتری دەکەن.

سـەرەڕای ئـەوەی تـا سـاتە وەخـتی سـەربەخۆبوونی میسـر لـە (23ی- یۆلیـۆ-ی 1952)دا، تەمەنی دامەزراندنی ئیخوان خۆی لە چارەکە سەدەیەك دەدا، بـەڵام کـەم تـا زۆر لەوماوەیـەدا هـەوڵی شـاردنەوەی شوناسـی خۆیـان دەداو دەیانویسـت خۆیـان لـە دژایەتیکردنی دەسەڵات بەدوور بگرن. نەك هەر هێندەش، بەڵکو وەها ڕەفتاریان دەکـرد کە ببنە جێگای ڕەزامەندی بەریتانیاو ئەو دەسەڵاتەشی ئـەوان لـە میسـردا بەمەبەسـتی پاراستنی بەرژەوەندیـەکانیان دروسـتیان کردبـوو. لەگـەڵ سـەربەخۆیی میسـرو کۆتـایی هاتنی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بـەریتانیا لـە وڵات دا (1882 – 1952)، ئیخوانـەکان وەك خـاوەنی ڕاسـتەقینەی شۆڕشـێك کـە درێـژ بوونـەوەی شۆڕشـە یـەك بەدوایەکـەکانی گەلانی میسر بوو (بەڕێبەرایەتی هەریەك لە ئەحمەد عورابی و مستەفا کامیل و محەمـەد فەرید و سەعد زەغلول) لەسەر دەستی عەبدولناسر بەئاکامی خۆی گەیشت، هاتنـە نـاو ڕووداوەکـان و کێشـەی خاوەنـدارێتی شۆڕشـیان هێنایـە ئـاراوە (کـەوا ئـەوان خـاوەنی ڕاستەقینەی شۆڕشن، نەك کەسانێکیتر. ئەمـەش سـەرەتای گرفـت و ناکۆکیـەك بـوو کـە گڕوتینی گەشەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونی گەلانی میسری خاوکردەوە و دواجار خودی ئیخوانەکانیشـی دووچـاری نەهامەتیـەکی گـەورە کـرد. ئەمێسـتاش لەهـەر شـوێنێك ئیخوانەکانی لێبن و دەستیان بەهـەر جێگایـەك ڕابگـات سـەربوردەیەك دەگێڕانـە کـەوا: (شۆڕی یۆلیۆ لە بنەڕەتەوە ئیخوان نەخشەی بۆ کێشاوەو سەرکردەو ئەندام و لایـەنگرانی ئەوان ئەنجامیان داوە، دواتر بەپێی نەخشەو پلانێك ئەوان دوور خراونەتەوەو کەسانی تری وەك عەبدولناسـر و هاوڕێکـانی جێیـان گرتونەتـەوە و خۆیـان کـردووە بـە خـاوەنی ڕاسـتەقینەی شـۆڕش). ئەمـە وانەیەکـە وەك ڕاسـتیەکی حاشـا هەڵنـەگر لەسـەر زاری ئیخوانەکانـەوە ڕۆژانـە دەوترێتـەوە و ئەنـدام و لایـەنگرەکانیانی پـێ گـۆش دەکـەن (کـە ئەڵبەتە کوردستانی دوای ڕاپەڕینیش لەم حاڵەتە بەدوور نییە).

گەر بەخێرایش بووە، دەکرێت لەڕێی هێنانـەوەی چـەند بەڵگەیەکـەوە بۆچـوونێکی وا بەتاڵبکرێتەوەو ڕاستی ڕووداوەکانیش ئاشکرا بکرێت کە (ئیخوان لەمیسردا پەیوەندیان بەئەنجامدانی شۆڕش و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنیەوە نەبووە):

یەکـەم/ خوێندنـەوەی پەیامـەکانی دامـەزرێنـەرو رابـەری گشـتی ئیخـوان موسـلمین حەسەن بەنا، ئەوەمـان بـۆ ڕووندەکاتـەوە کـە ئـەوان بـۆ گەیشـتن بەدەسـەڵات هەریـەك لـە شێوازی هەڵبژاردن لە ڕێگەی دەنگدان و شۆڕشکردنەوە ڕەتدەکەنەوەو بەڕێگا چـارەیەکی گونجـاوی نـازانن. وەك بـەنا دەڵێـت: (ئاکـامی شۆڕشـکردن پشـێوی و نائـارامی لـێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە خۆمانی لێ بەدوور بگرین).

دووەم/ دروستبوونی بۆشاییەك لەسەركردایەتیكردنی ئیخوان لەدوای حەسەن بەناوە تاهاتنی حەسەن الهضیبي، واتە ئیخوان لە (1949/2/12)وە تا (1951/10/19) سەركردەیەكیان نەبوو تا بۆ مەسەلەیەكی گرنگی لەو جۆرە سازیان بداو ئامادەیان بكات.

سێیەم/ حەلكردنی ئیخوان لە 8 ی كانوونی یەكەمی 1948 و كوژرانی حەسەن بەنا لە 1949 دا، ریزەكانی ئیخوانی تێكداو بەجۆرێك پەردەوازە بوون تا بەرپرسێكی ئیخوانی وەك سەلاح شادی بلێت: (دوای كوژرانی ئیمام بەنا ئێمە وەك كەسانێكی پەڕاگەندەو ڕووگەون وابووین، نەمان دەزانی بەرەو كوێ مل بنێین).

چوارەم/ دەست نیشانكردنی حەسەن الهضیبي وەك ڕابەری گشتی ئیخوان پێش چەند مانگێك لە شۆڕش بوو، كە لە دوو لاوە گومانی ئەنجامدانی بەرپاكردنی شۆڕشی لێدەكرێت:

أ/ لە لایەك ئەو كەسێك بوو لەهەموو ئەوانەی خۆیان بۆ پۆستی سەرۆكایەتی ئامادەكردبوو لەدنیای سیاسەت بەدوور بوو، ئەو كەسێكی یاسایی و ڕاوێژكارێكی قەزائی بوو نەك سیاسی.

ب/ لە لایەكی ترەوە هەوڵی زۆری شا فاروق لەرێی نەجیب سالمەوە كە زاوای الهضیبی و كار بەدەستێكی گەورەی كۆشك بوو، تا الهضیبی و نەك كەسێكی تر بێتە ڕابەری گشتی ئیخوان، چونكە فاروق زیاد لەهەر كەسێكی تر بڕواو متمانەی پێی بوو.

پێنجەم/ بەدرێژایی مێژووی ئیخوان و لەدوای حەسەن بەناوە ئەوانەی سەركردایەتیان كردووە، كەسانێكی بەتەمەن و بەساڵاچوو بوون. واتە لە حەسەن الهضیبیە وە تا عومەر تەلمسانی و محمد حامد ابونصر و مستەفا مەشهور، سەركردەكانی ئیخوان پیاوانی پیرو كەنفتبوون كە حەوسەڵەی شۆڕشكردن و گیانی شۆڕشگێڕێتیان تێدا نەبووە.

شەشەم/ عبدالمنعم عەبد ئەلڕەوف كە سەر پەرشتیاری ئیخوانەكان بوو لەناو سوپادا، هەر لە سەرەتای ساڵی 1952وە لەڕیزی دەستەی ئەفسەرانی ئازادیخواز هاتبووە دەرێو هیچ جۆرە پەیوەندیەكی بەو دەستەیەوە نەمابوو كە ئەركی ئەنجامدانی شۆڕشیان لە ئەستۆ گرتبوو.

حەوتەم/ ئیخوان موسلمین بەساڵێك دوای سەركەوتنی شۆڕش و پاش وەدەرنانی فاروق لە وڵات، ئەوسا بەیاننامەیەكی شەرمنانەیان بڵاوكردەوەو هەڵوێستی خۆیان رونكردەوە.

هەشتەم/ الهضیبی دوای دەستنیشانکردنی بەڕێبەری ئیخوان موسلمین، ڕۆژی 14 ی تشرینی دووەمی 1951 لەگەڵ وەفدێکی باڵای سەرکردایەتی ئیخوان کە پێکهاتبوو لە عەبدولڕەحمان بەناو عەبدولحەکیم عابدین و سالح عەشماویو عەبدولقادر عۆدەو محەمەد غەزالیو عەبدولعەزیز کامیلو سەعدالدینو لیلی سکرتێری تایبەتی حەسەن بەنا، سەردانی شا فاروقیان کرد لە کۆشکی عابدین بەمەبەستی تازەکردنەوەی بەڵێن و پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان.

## (5)

ئێستاو دوای ڕونکردنەوەی ئەو زانیارانەی سەرەوە دەتوانرێت بەبەراوردکردنی ڕۆڵی ئیخوان موسلمین لەدوو قۆناغی پێش و پاش سەربەخۆیی وڵاتی میسرو هەڵوێستیان لە مەسەلە نیشتیمانییە چارەنوسسازەکانی وڵات لەو دوو ماوەیەدا، زیاتر لە ماهیەتی ئەو گروپەو لەرێی ئەویشەوە لەجەوهەرو ستراتیژی سیاسەتی بزاوتە ئیسلامیەکانی دیکەش تێ بگەین.

بەپێی ئەو بەڵگە مێژووییە زۆرانەی لە بەردەستدان، دەری دەخەن کە لە ساتەوەختی گیرۆدەبوونی میسر وەك هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهانی سێیەم بەدەست داگیرکاری دەوڵەتە زلهێزە کۆلۆنیالییەکانەوە، هیچ حیزب و لایەنێك لەوچرکە ساتە مێژوویەدا هێندەی ئیخوان موسلمین لە ئاست کێشە نەتەوایەتی و نیشتیمانیەکانی گەلانی میسردا بێباك و دووره پەرێز نەبوون. بەپێچەوانەشەوە لە کاتی رزگاربوون لە کۆت و بەندی دەسەلاتی بێگانەو ژێر دەستەیی، هیچ هێزێك هێندەی ئیخوان موسلمین ئاستەنگی لەبەردەم دەسەلاتی نیشتیمانیو دەوڵەتی میسریدا دروست نەکردووەو هیچ لایەنێك هێندەی ئەوان بەبیانوو نەبووە و لووت بەرزانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو ئەزموونە نوێیەدا نەکردووە.

گەر هەر لە سەرەتای داگیرکردنی میسر لە لایەن بەریتانیاوە (1882) هاندەرێکی حەقیقی کە لە پشت دروست بوونی زۆربەی حیزب و کۆمەڵەو ڕێکخراوو هەڵایسانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانەوە دەرپەڕاندنی داگیرکەران و سەربەخۆیی بوو بێت، ئەوا تەنها گروپێك کە بەپێچەوانەی ئەم ئاقارەوە رەوتی کردبێت و هاندەرو پاڵنەرێکی تری لەپشت بوو بێت، دروست بوون ودامەزراندنی ئیخوان موسلمینە. کە ئەوان لەناو گەرمەی ململانێ و کێشمە کێشی نێوان خواستە ڕەواکانی میللەتێکی ژێر دەست و داگیرکراوو تەماح و مەرامە گڵاوەکانی داگیرکاراندا، وەك تەماشا چی‌یەك وەستا بوون و تەنها شتێکیش ئەوان عەودالی بوون و لە خەمی بەدەست هێنانەوەو گێڕانەوەیدا بوون

خەلافەتی عوسمانی بوو کە کەمال ئەتاتورك بەپێی بڕیارێك لە 3 ی مارسی 1924 دا کۆتایی بەدەسەلاتی هێنا بوو.

نەك هەر هێندەش بگرە لەدوای گواستنەوەی بنکەی ئیخوان لە شاری ئیسماعیلیەوە بۆ قاهیرەو (1928-1932) ئیتر هێدی هێدی ئیخوانەکان نەك وەك تەماشاچییەکی ڕووداوەکان نەمانەوە، بەڵکو بوونە هاریکاری ئەو دەسەڵاتەی هێزی بێگانان بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و سەرکوتکردنی زیاتری گەلانی میسر دروستیان کردبوو. پەیوەندییە دۆستانەکانی حەسەن بەنا لەگەڵ هەریەك لە ئیسماعیل صدقی و عەلی ماهرو شا فاروقدا، بەڵگەیەکی زیندووی ئەو مێژووەن.

هێزێك لەو ڕۆژگارەدا جێگە بڕواو متمانەی گەلی میسر بوو بێ و سەنگەری خەباتی لە داگیر کەران گرتبێ وەفدییەکان بوون، ئەمە زیاتر لە شۆڕشی ساڵی 1919 دا بەرجەستە بوو. بۆیە بەریتانیاو بەهاوکاری لەگەڵ کۆشکدا هەرچیان دەکرد بەو مەبەستە بوو تا بتوانن شوێن پێی وەفد لەق بکەن و لە ئاستی جەماوەری کەمکەنەوە, بۆ ئەم مەبەستەش لە هێزێك دەگەڕان تا بتوانێت لەڕووی جەماوەرییەوە ململانێی حیزبێکی وەك وەفد بکات. لەم هەوڵەشیاندا کەسیان لە ئیخوان موسلمین باشتر نەدۆزیەوە. لەلایەك لەڕێی ڕاکێشانی ئیخوانەوە بەلای خۆیاندا دەیان توانی شەرعیەتێکی زیاتر بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن بەوەی ئیخوانەکان تاقمێکن هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی ئاینین و لە لایەکی ترەوە دەتوانن لە ڕێی بەکار هێنانی ئیخوان بۆ دژایەتی کردنی وەفد کە نوێنەری زۆربەی زۆری گەلی میسر بوو، کەلێنێك بکەنە یەکپارچەیی ڕیزی نیشتیمانی و گەلی میسر بەسەر دوو سەنگەری دژ بەیەکدا دابەش بکەن بەنا دەیووت: (ئەوەی لەبەردەم هاوڵاتیانی میسردایە، هەڵبژاردنە لەنێوان دوو سەنگەردا پەیوەندی کردن بەئیخوانەوە، یان دوژمنایەتی کردنمان). ئیخوانەکان نزیکەی پانزە ساڵێك (1932-1948) سەرقاڵی جێبەجێ کردنی نەخشەیەکی لەو جۆرە بوون... ئەو دەمەی کێشەکانی نێوان وەفدو کۆشك قوڵ دەبووەوە، هاوڵاتیانی میسر دەڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمی (گەل لەگەڵ وەفد)دایەیان بەرزدەکردەوە، هاوکات ئیخوانەکان بۆ پاڵپشتیکردن لە کۆشك و دڵدانەوەی فاروق دەستیان بە ڕێپێوان دەکرد و لەبەرامبەر دروشمی وەفدیەکان دا دەیانوت: (خوا لەگەڵ پاشادایە) یان (نهبك بیوتنا و ولائنا علی کتاب الله وسنة رسوله). وەك پێزانینێك فاروق لە بالکۆنەکانی کۆشکەوە دەستی بۆ هەڵدەبڕین و لە وەڵامدا پیێ دەوتن: (بەڵێ خوامان لەگەڵە).

له مێژووی نوێی میسردا له پاڵ (خدێوی ئیسماعیلو خدێوی تۆفیقو شا فوادو فاروق)دا، کەسێك نییە هێندەی ئیسماعیل صدقی سەرەك وەزیرانی پێشووی میسر لە سەردەمی ئیحتیلالدا پەنجەی تاوان و خیانەتی بۆ درێژ بکرێت و جێگای رکو بێزاری خەڵك بوو بێت.

صدقی پیاوێك بوو دوژمنی سەر سەختی تەواوی هێزە نیشتیمانی و دیموکراسی و پێشکەوتوو خوازەکانی ناو میسر بوو، کەچی دۆستی نزیك و هاوپەیمانی ئیخوانەکان بوو ڕونتر بڵێین — صدقی و ئیخوان- پشتوو پەنای یەکتری بوون. ئیسماعیل صدقی و دواتریش عەلی ماهر کەسانێك بوون هەرزوو بایەخ و گرنگی ئیخوانیان لەو ڕۆژگارەدا بۆ ڕوون بووەوە و لەو قۆناغە ناسکەدا وەك ئامرازێك لە گەمە سیاسیەکانی خۆیاندا بەکاریان هێنان, بەجۆرێك ئیخوانیان کردبووە ڕەقیبێك بەسەر سەرجەم هێزە نیشتیمانیو پێشکەوتنخوازەکانەوە، هەر لە وەفدەوە تا کۆمۆنیست و ناسیۆنالیستەکان و...هتد.

## (6)

یەکێك لەو فاکتەرە سەرەکیانەی بووە مایەی جۆشسەندنی خەباتی گەلی میسر لەدژی بەریتانیا، پەیماننامەی ساڵی 1936 بوو کە بڕگەکانی ڕێگای بەمانەوەی سوپای بەریتانی دەدا لە میسر و لەگەڵ دان نەنان بە یەکیەتی دۆڵی نیل لەنێوان میسرو سوداندا. بەریتانیا بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکەو کەمکردنەوەی ناڕەزایی دانیشتوانی میسر، دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی بڕیاری گۆڕینی ئەو ڕێکەوتنامەیەی بەڕێکەوتنامەیەکی نوێسدا بەناوی (صدقی- بیڤن)وە. کەناوەڕۆکی هەمان ڕێکەوتنامەی پێشووی هەبوو، بەلام لەژێر ناوێکی تردا. ئەمەش تووڕەیی هاوڵاتیانی میسری زیاتر کرد.

لێرەدا ئیخوانەکان تەنها تاقمێك بوون کە هەڵوێستێکی ئیجابیان لەو ڕێکەوتنامەیە وەرگرتوو، کەوتنە داکۆکی لێکردنی. لە ئەدەبیات و بڵاوکراوەکانی خۆشیاندا ئەو ڕێکەوتنامەیان بە پەیمانی حودەبییە شوبهاند. تەنانەت حەسەن بەنا لەسەر داوای ئیسماعیل صدقی و لەگەڵ سەلیم زەکی یەکێك لە کاربەدەستانی کۆشك ئامادە بوو بچێتە ناو هاوڵاتیانەوە و داوای دەست هەڵگرتن لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینیان لێ بکات. لە پاداشتی ئەم هەڵوێستانەی ئیخوان موسلمیندا، ئیسماعیل صدقی بڕیاریدا بەرێگەدانی ئیخوان بۆ بەستنی هەموو جۆرە کۆڕو کۆبوونەوەیەك، لەکاتێکدا

ئـەم مـافـە لەتـەواوی حیـزب و لایەنـەکانی تـر سـەندرابووەوە. بڕیـاردان بەسـەر لـەنوێ دەرچوونەوەی ڕۆژنامەی (ئیخوان موسلمین) و بەخشینی چەندین پارچە زەوی بە ئیخـوان تـا وەك گۆڕەپـانی مەشـقی سـەربازی بـۆ مەشـقپێکردنی ئەنـدام و لایـەنگرانی خۆیـان بەکاریان بهێنن. هەر لەم ماوەیەش دا حەسەن بەنا بەڕەسمی داوەتی کۆشـك و سـەرخوانی شاهانەدەکرێت.

سـالآنی دوای جـەنگی دووەمـی جیهـانی سـالآنێك بـوو زیندانـەکانی میسـر جمـەیان دەهـات لـە ئەنـدام و لایـەنگرانی وەفـدو کۆمۆنیسـت و دیموکراسـی خـوازو هێـزە نیشتمانیەپێشکەوتنخوازەکان, ئیخوانـەکانیش تاکـە لایـەنێك بـوون کـەمترین گرفـت و ناکۆکیـان لەگـەڵ دەسـەلآت و حـوکمڕانی ولآتـدا نـەبوو. ئـەوان نـەك بەشـداری هـەوڵی گۆڕینی ئەو ڕەوشە نالەبارەیان نەئەدا، بگرە لە هەوڵی شکسـت پـێ هێنـانی هـەر جـۆرە تەقەلایەکی وەهادا بوون: هەوڵدان بـۆ تێکـدانی ڕیـزی کرێکـاران و کۆتـایی پێهێنـانی مـانگرتنـەکانیان لـەکارکردن، وەك ئـەوەی لەناوچـەی (بشـر الخیمـە)دا روویـدا، کاتێـك ئیخوانەکان ویستیان لەڕێی وەعزێکی ئەخلاقیەوە کـار بکەنـە سـەریان و بیانگێڕنـەوە سەر کارەکانیان و دەیانووت: (دڵسۆزی نیشـاندان چارەسـەری تـەواوی کێشـەکانە). ئـەو دەمەشی زانکۆکان بوونە گۆڕەپـانی خـەبات‌و کـارو چـالاکی سیاسـی لـەناو بزوتنـەوەی خوێندکارانـدا جۆشـی سـەند و مـانگرتن و خۆپیشـاندان دەسـتی پێکـرد، ئیخوانـەکان ویستیان بەجۆرەها شێواز شکست بەو هەولآنە بێنن. هەر لە سەپاندنی بیروڕای خۆیـان و خۆجیاکردنەوەیان لە لایەنەکانی دی، تا بەشدار نەبوون و خۆدزینەوەیان لەبەر فـراوانترین خۆپیشـاندانی خوێنـدکارانی زانکۆکـانی میسـر لـە 21 ی شـوباتی 1946دا، دژ بـە ئینگلیزو دارو دەسـتەکانیان. هـەروەها بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی زیـاتری کۆشك و دەسەلآتدارانی بەریتانیا، ڕابەری گشتی ئیخوان حەسـەن بـەنا لەسـەر خواسـتی ئەوان لەنێوان سالآنی (1945-1948)دا چەند جارێك دەسـکاری بنـەماکانی پـەیڕەو پرۆگرامە ناوخۆییەکانی ئیخوانی کردووە.

ئەمانە چەند نموونەیەکن لە ڕەفتـارو هەڵسـوکەوتی ئیخـوان موسـلمین لەسـەردەمانی حوکمڕانی ئیستعمار و بەر لە سەربەخۆیی و ڕزگار بوونی گـەلانی میسـر لـە دەسـەلآتی بێگانە، بەلآم داخۆ لە قۆناغی دوایدا کە قۆناغی ئازادی و سـەربەخۆیی‌یە هەڵوێسـتیان چۆن بووەو ستراتیژی کارو چالاکیان بە چ ئاڕاستەیەکدا بووە.

(7)

سەرەتا بەچەند خاڵێك ئەوەمان رونكردەوە كە ئیخوان موسلمین چ ڕۆڵێكی كاریگەریان لەسەر سەرخستنی شۆڕشی یۆلیۆدا نەبووە, هەرچەندە تائێستاش نایانەوێت بچنە ژێر باری ڕاستیەكی لەوجۆرە.... مانەوەی دەسەڵاتی ئیستعماری بەریتانی لە میسردا بۆ ماوەی سێ چارەكە سەدەیەك وڵاتی توشی جۆرەها نەهامەتی و ماڵوێرانی كردبوو، بۆیە لەدوای (23 ی یۆلیۆی 1952)وە نەخشەیەك بەمەبەستی گۆڕینی بارودۆخەكە دارێژرا. سەرەتاش عەبدولناسر بەقەڵاچۆكردنی (هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری) دەستی پێكرد و ئامانجەكانی شۆڕشیشی بەمانەی خوارەوە دەست نیشانكرد:

1-كۆتایی هێنان بەدەستەڵاتی ئیستعمار.

2-نەهێشتنی موڵكایەتی تایبەت.

3-دابینكردنی عەدالەتی كۆمەڵایەتی.

4-پەیڕەوكردنی دیموكراسیەت.

5-دەركردنی یاسای چاككردنی كشتوكاڵ.

6- دامەزراندنی سوپایەكی نیشتیمانی تۆكمەو بەهێز.

ئەمانە كۆمەڵە هەنگاوێك بوون كەتەواوی گەلانی میسر پشتیوانیان لێدەكرد، تەنها ئیخوان نەبێت كەدوای شۆڕش سەرلەبەر سیماو بەرنامەی كاری خۆیان گۆڕی و بەهەڵوێستێكی تازەو هەناسەیەكی جیاوازەوە هاتنە مەیدان.... لەكاتێكدا ئەوان لە قۆناغی بەر لە شۆڕش و بەدرێژایی بیست ساڵ (1928-1948) كەمترین كێشەو ناكۆكیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەوسای وڵات دا نەبوو، ئەمێستاو دوای گۆڕانكارییەكان و هاتنە پێشی قۆناغی نوێ بەگرژی و سەرە ڕۆییەكی زۆرەوە هاتنە پێشەوە. سیاسەت و كردەوەكانیان شەڕ و ئاشوبێكی لێكەوتەوە كە هەر زوو هەڵسیاو تا هەنووكەش لە تەنینەوەدایەوە و ئومێدی دامركانەوەی لێناكرێت. ئیخوان هەر لە سەرەتاوە لە شۆڕش بەگومان بوون، ئەوە بوو تا فاروق وڵاتی جێنەهێشت، ئەوان هەڵوێستی خۆیان لەڕووداوو گۆڕانكاریەكان ئاشكرا نەكرد. دوای ئەوە لەگەڵ عەبدولناسردا كەوتنە پیادەكردنی سیاسەتێكی تەمومژاوی و بێ سەرەوبەرەی وەها كەدەرفەتی حاڵی بوون و لێكگەیشتنی نەدەدا، وەك یەكێك لە ئیخوانەكان خۆیان دەربارەی ڕەوشتی ئەو قۆناغە دەڵێت: (سیاسەتی ئیخوان لەو كاتەدا سیاسەتێكی ڕوون و ئاشكرا نەبوو), بڕوانە (د.عبدالله فهد النفیسي: الاخوان المسلمون في

مصر/ التجربة والخطأ). ڕەوشی ڕووداوەکان و ئاستی پەیوەندیان بەدەوڵەتەوە گەیاندە ڕێگایەکی داخراو، کە دواتر باجی گەورەو گرانی خۆیان دایان.

عەبدولناسر هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش سەردانی گۆڕی حەسەن بەنای کردو بەڵێنی دا بەدادگاییکردنی ئیبراهیم عەبدولهادی و سەرجەم دەست و پێوەندەکانی و بەڵێنەکەشی بردە سەر. پاشان کە لەساڵی 1953 دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکخراوو پارتە سیاسیەکانی ناو میسردرا، بەتەنها ئیخوان وەك خۆیان مانەوەو ئەو بڕیارە نەیگرتنەوە. ئەمەش یەکێك بوو لەو هەڵانەی عەبدولناسر لە سەرەتایی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا تێی کەوت و دەرەنجامی خراپیشی لێکەوتەوە. ڕێگە نەدان بەچالاکی حیزبی و کاری ڕێکخراوەیی بۆشاییەکی هێندە ترسناکی لەناو زانکۆو لەسەر ئاستی جەماوەریدا دروستکرد کە هەر زوو زەمینەیەکی لەباری بۆ بزاوتە ئیسلامیەکان خۆشکرد تا بەئاسانی ئایدۆلۆژیا و تۆوی بیروباوەڕی خۆیانی تێدا بچێنن.

وەك کرانەوەیەك بەڕووی ئیخواندا چەندین جار داوای ئەوەیان لێکرا تا بەشداری وەزارەت و بەڕێوەبردنی حوکم بکەن، بەڵام ئەوان هەموو جار ئەو داوایەیان ڕەتدەکردەوە. لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانەشدا تا دەهات ئیخوان موسلمین ڕێگای نزیکبوونەوەو پێکەوە ژیانیان تەسکتردەکردەوەو دەرگایان بەسەر شەڕو ئاژاوەدا دەکردەوە. کە کێشەی نێوان محەمەد نەجیب و ناسر دەستی پێکرد، بەئاشکرا کەوتنە پشتیوانی کردنی محەمەد نەجیب و دژایەتیکردنی ناسر. بەر لەوەشی دەوڵەت هیچ هەنگاوێك بنێ و کێشەکانی خۆی لەگەڵ زلهێزێکی وەك بەریتانیادا یەکلایی بکاتەوە کە تا ئەوکات سوپاکەی لە شوێنە گرنگ و ستراتیژیەکانی وڵاتدا مابوونەوە، ئیخوان داوای دەست بەجێی سەپاندنی شەریعەتیان دەکرد. هەروەها دەیانویست بەر لە دەرچوونی هەر جۆرە یاساو بڕیارێك لەلایەن دەوڵەتەوە سەرەتا ئەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوەو دوا بڕیاری لەسەر بدەن.

لەمەسەلەی بەشداربوون لە حکومەتدا هەڵوێستی نەگۆڕی ئیخوان ئەوە بوو بەشداری نەکەن، بەشداریش بکەن ئەوا پێویستە خۆیان دەستنیشانی وەزیرەکانیان بکەن نەك دەوڵەت. ئەمە لە کاتێکدا و لە قۆناغی بەر لە سەربەخۆیی، ئامادەبوون بێ هیچ مەرجێك بەشداری لە حکومەتێکی دژ بەگەلی وەك حکومەتەکەی ئیسماعیل صدقیدا بکەن. بەشداریشیان لەڕێگای یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی حەسەن بەنناوە بوو، بەناوی محەمەد حەسەن عەشماوی لە پۆستی وەزارەتی مەعاریف دا. بەڵام لەسەردەمانی سەربەخۆ بوونی میسردا کاتێك کەسێکی وەك ئەحمەد حەسەن باقوری وەك وەزیرێك بەشداری لە

حکومەت دا دەکات، دەستبەجێ لە ڕیزەکانی ئیخوان دەکرێتە دەرێ و بەخائین ناوزەد دەکرێت.کە عەبدولناسر ئامادە نەبوو مل بۆ داواکارییەکانیان بدات، ئەوسا ئیخوان بەمەبەستی ناچار کردنی و بەشێوەیەکی نهێنی دەستیان کرد بە پەیوەندیکردن بەئینگلیزەوە، پەیوەندیەکانیش لەڕێی منیرەدلە و فەرمانبەرانی بالۆێزخانەی بەریتانیاوە دەستی پێکرد. بۆ زانیاری زیاتر لەم ڕووە بڕوانە: (عەبدوڵڵا ئیمام/ سامی شەرەف: عبدالناصر کیف کان یحکم مصر؟)، بەشی تایبەت بە پەیوەندی نێوان عەبدولناسرو ئیخوان موسلمین.

ئاشکرا بوونی ئەمە پەیوەندی نێوانی دەوڵەت و ئیخوانی ئالۆزتر کرد, بۆیە لەبەرامبەردا عەبدولناسر داوای لێکردن دەست لەو کارانە هەڵگرن و چیتر دژایەتی میسر نەکەن. لە سەرەتای پایزی 1954 دا ئیخوان بەمەبەستی گفتوگۆ کردن محمود عەبدولحەلیم یان وەك نوێنەری خۆیان ڕەوانەی لای عبدولناسر کرد و گفتی ئەوەیاندا دەست لەو کارانەیان هەڵگرن، بەڵام هەر زوو ئیخوان لە کۆی هەموو ئەو بەڵێنانە پاشگەز بوونەوەو چونەوە سەر پەیڕەوکردنی هەمان سیاسەتی پێشوویان. محمود عبدالحلیم لەم ڕووەوە دەربارەی هەڵوێستی ئەندامانی لایەنەکەی خۆی دەنوسێت و دەڵێت: (ئەوەی لەدوایدا بەسەرمان دا هات دەرەنجامی وەهم و لەخۆبایی بوونی ئەوانە بوو کە گوێیان بۆ هیچ شتێك نەدەگرت و دەربایسی هیچ نەبوون).

ئیخوان وەك خۆیان نەخشەیان بۆ کێشابوو دەیانویست هەرچی زووە نینۆکی ناسر بکەن و جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام کاتێك لە ساڵی 1954 بڕیار لە سەر دەرکردنی سوپای بەریتانی لەوڵات درا، ئەوسا ئیخوانەکان هەستیان بەبێزاری نائومێدیەکی گەورە کرد لەوەی نەتوانن وا بەئاسانی کێشەکانی خۆیان لەسەر کورسی دەسەڵات لەگەڵ عەبدولناسردا ببڕیننەوە. دوو ڕووداو کە لەهەمان ساڵدا ڕوویاندا بەڵگەی تەواوەتین لەسەر نائومێد بوونی ئیخوانەکان: یەکەم/ الهضیبی بەنهێنی وڵاتی جێهێشتوو ڕووی کردە سوریاو لوبنان و لەوێوەوە کەوتە دژایەتیکردنی دەوڵەت.

دووەم/ پەنا بردن بۆ تیرۆر بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی عەبدولناسر. ڕووداوەکەی گۆڕەپانی (المنشیە)ی شاری ئەسکەندەریە دەستپێکی بەرنامەیەکی لەو جۆرە بوو کە هەوڵی تریشی بەدوادا هات، (بەپێی تۆماری بەڵگەنامەکان عەبدولناسر بەدرێژایی تەمەنی حوکمڕانێتی سیانزە هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە کە نۆ هەوڵیان بەتەنها لەلایەن ئیخوان موسلمینەوە بووە). ڕووداوەکانی دوای 54 کۆتایی بەکارو چالاکی ئاشکرای ئیخوان هێناو لە ئاکامدا نەوەیەکی نوێی لە ئامێزی ئیخوان و لەسەر دەستی

بیرو باوەڕە ڕادیکاڵیەکانی سەید قوتب پەروەردە کرد کەدواتر بەئاشکرا دوای شکستی حوزەیران و مردنی عەبدولناسر, سەرەتای حەفتاکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی میسر بەدەرکەوتن‌و مێژووی پشێوی و نائارامیەکی تازەش لەگەڵیاندا دەستی پێکرد.

(8)

شکستی حوزەیرانی 67 گرو تینێکی تازەی بەبزاوتە ئیسلامیەکان بەخشی‌یەوەو خوێنی گێڕایەوە دەمارەکانیان, لەبەرامبەردا ئەمە سەرەتای پاشەکشەکردنی هەموو ئەو ئاقارانە بوو کە هەڵگری خەونی گۆڕانکاری و مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا بوون... حەفتاکان سەرەتای مێژوویەکی تازەی ئیسلامی سیاسییە، پەیڕەو کردنی سیاسەت و ستراتیژیەتێکی نوێیە، جیاواز لەوەی لە قۆناغەکانی ڕابردوودا کاری پێدەکرا. دەکرێت ئەم قۆناغە نوێیە بەسەردەمی سەید قوتب ناوبەرین. لەبەر ئەوەی گەر تاکۆتایی شەستەکان پەیامەکانی بەنا لەپشت کارو چالاکی ئیخوانەکانەوە بوو بێت، ئەوا لە حەفتاکان بەم دیودا دیدو بۆچوونەکانی سەید دێنە پێشێ و(معالم في الطريق) ەکەشی دەبێتە مانیفێستی تەواوی ئەو بزوتنەوە ئیسلامیە ڕادیکاڵانەی دێنە سەر گۆڕەپانی سیاسی وڵاتی میسرو وڵاتانی تری جیهانی ئیسلامی.

کاتێ سادات دوای عەبدولناسر پۆستی سەرۆکایەتی وەرگرت، گۆڕانێکی جەوهەری بەسەر تەواوی سیاسەتەکانی دەوڵەتدا هێناو هەنگاوەکانیشی بەئاڕاستەیەکدا بوون پێچەوانەی خواست و مەبەستەکانی عەبدولناسر بوون. هەنگاوی یەکەمیشی دروستکردنەوەی پەیوەندی و ئاشتکردنەوەی بزاوتە ئیسلامیەکان بوو، بەئازادکردنیان و چۆڵکردنی زیندانەکان لێیان. ئەوانەی هاتنە دەر بوو بوونە دوو دەستە، دەستەیەکیان پیاوە بەتەمەنەکانی ئیخوان بوون کە بڕیاریاندا سوود لەم هەلە تازەیە وەرگرن و دەست لە تیرۆر و توندو تیژی هەڵگرن و بەشێوەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەی دەستوری دەوڵەتدا درێژە بەکارو چالاکی سیاسی خۆیان بدەن. دەستەییەکی کەیان ئەو لاوانە بوون کە لەژێر کاریگەری بیرو باوەڕەکانی سەید قوتبدا بوون و (معالم) بوو بووە بەرنامەیان. ئەمانە وەك گروهی یەکەم ئامادە نەبوون لەژێر سایەی حوکمڕانی دەوڵەتدا دانیشن و لەڕێی ئیصلاحکردنی کۆمەڵەوە دەسەڵات بگۆڕن، چونکە ئەمان لەو دیدگایەی سەیدەوە دەیان ڕوانیە دنیا بەگشتی و کۆمەڵگای میسری بەتایبەتی کەوا سەرتاپایان لەکوفرو نەفامیدا نوقم بووەو بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخەش لەساتەوەختی ئێستادا پێویستە دەست

به پرۆسەی سەر لەنویٚ ژیانەوەی بیرو باوەڕی ئیسلامی بکریٚت. ئەرکی ئەم کارەش لەئەستۆی دەستەیەکی دیاری کراو تایبەت دایە نەك تەواوی خەڵکی، تا ئەم ڕیٚگا سەخت و دژوارە بگرنە بەرو مرۆڤایەتی لەم دۆخی جاهلیەتەی تیٚی کەوتووە قوتار بکەن. یەکەم هەنگاویش بۆدەرچوون لەم ڕەوشە نالەبارە پەناگرتن و خۆ جیاکردنەوەیە لە کۆمەڵ، بەمەبەستی سەر لەنویٚ گەڕانەوەو گۆڕینی ئەم واقیعە لەڕەگو ڕیشەوە.

بەلای سەید قوتب و شویٚنکەوتوانیەوە هیچ جۆرە سازشیٚك لەگەڵ ئەم واقیعەی ئیٚستادا قبوڵ نییە، (ئیٚمەو کۆمەڵگا لەسەر دووڕیانیٚکداین یان ئیسلام یان جاهلیەت). لیٚرەوە لیٚشاوی ئەو گروپە لاوانە دەبینین کە کۆمەڵ بەکافرو گومڕا دەزانن و دەست دەکەن بە بەجیٚ هیٚشتنی تا لەڕیٚی خۆ سازدانەوەو بەزەبری هیٚز دەسەلاٚت بگرنە دەست و کۆمەڵگا لەبناغەوە بگۆڕن. هەوڵە یەك بەدوا یەکەکانی هەریەك لە (شوکری مستەفا و عبود الزمر و سالح سریە و عبدالسلام فرج و سالم رحال و عطا طايل و خالد ئیسلامبولی) بەم مەبەستە بوو... لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی (جهاد) و بلاٚوبونەوەی کتیٚبی (جهاد: الفريضة الغائبة) ی محەمەد عبدوالسلام فەرەج کە یەکیٚکە لە قوتابیە دیارەکانی سەید، لە کۆتایی حەفتاکانەوە ئەم گروپە ستراتیژیٚکیتر بۆ گۆڕینی دەسەلاٚت و لەویٚشەوە بۆ گۆڕینی تەواوی کۆمەڵگا دەگریٚتە بەر: ئەویش کارکردنە لەناو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا بەمەبەستی دەسوەشاندن و پاکتاوکردنی سەرانی دەوڵەت و دەسەلاٚتداران. ئەو لە یەکیٚك لە بڕگەکانی کتیٚبەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە تەنها لەڕیٚی توندو تیژی و بەزەبری هیٚز دەتوانریٚت کۆتایی بەدەسەلاٚتی ئەو فەرمانڕەوا گومڕایانە بهیٚنریٚت کە جیهانیان پڕکردووە لەشەڕو خراپە و هاوەڵەکانی بۆ بەجیٚهیٚنانی ئەرکیٚکی وا بانگهیٚشت دەکات و دەڵیٚت: (تاغوتەکانی سەرزەمین تەنها بەزەبری شمشیٚر لا دەخریٚن).

کوشتنی سادات لە (6ی ئۆکتۆبەری 1981)دا، وەلاٚمدانەوەی پڕاوپڕی خواستیٚکی لەو جۆرە بوو... سەردەمی سادات چەندیٚ سەردەمی برەوکردن و گەشەسەندنی گروپە ئیسلامیە ڕادیکالیٚەکان بوو، هیٚندەش قۆناغی پاشەکشەکردن و بچووك بوونەوەی سەنگ و قەوارەی ئیخوان موسلمین بوو. کەتەواوی لاوەکان لە ئیخوان جویٚبوونەوەو گروپی تازەو سەربەخۆیان دامەزراند، ئەوسا بارەگاکانی ئیخوان بوونە جیٚگای پیاوە پیرو بەسالاٚچووەکان. سەرەتای سالاٚنی هەشتاو لەسەردەمی حوکمڕانی موبارەکیشدا کاتیٚك وەك تەنها لایەنیٚکی ئیسلامی بڕیاری بەشداریکردنیاندا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا،

بەشێوەیەك دەوریان چۆڵ و ئاستی جەماوەریان دابەزیبوو کەنـەیان دەتـوانی یـەك لایەنـە بەشداری پرۆسەیەکی وا بکەن و کەمترین ڕێـژەی دەنـگ بۆخۆیـان مسـۆگەر بکـەن پـەنا بردنیـان بـۆ ئیئـتلاف کـردن لەگـەڵ حیزبـە عملانیـەکانی وەك حیزبـی وەفـد لەسـاڵی 1984و پارتی کار لەساڵی 1987 و لەدوو خولی هەڵبژاردندا، بەڵگەی تـەواوی ئـەو ڕاستیەن کە هەنووکە ئیخوان لە چ ئاستەنگییەکدا دەژی. ئاسـتەنگیەك بـەجۆرێك وای لێبکات پشت لە پرەنسیب و بنەماکانی خۆی بکاو دەست بـۆ ئیئـتلاف کـردن لەگـەڵ ئەو پارتانەدا درێژ بکات کـە حەسـەن بـەنای دامـەزرێنـەرو ڕابـەریان (بـە نەهامـەتی و مـاڵوێرانی گەورەی وڵاتی دەزانین) و داوای (پاکتـاو کردنـی هـەموویانی دەکـرد)، تـا کۆمەڵ بەئاسودەیی بگات.

ئـەو لـەڕووی ئیئـتلاف کـردن لەگـەڵ ئـەو حیزبانـەدا ڕای وابـوو کـە (بیرکردنـەوە لـە ئیئتلاف کردن لەگەڵ ئەم پارتانەدا هەوڵێکی نەزۆك و بێ ئاکامەو چارەسەری کێشـەکان ناکات), بەڵام ڕەنگە ئیخوانەکان لە ئێسـتاداو دوای ئـەوەی لـەناوخۆی میسـردا دەسـتە دەستە لاوەکانیان لێ جیابووەوەو لەدەرەوە ڕاش دووچاری هەمان شت بوون، نمونـەی وەك جیابوونەوەی (حەسەن تورابی لە سودان و ڕاشد غەنوشی لە تـونس و عبـاس مـەدەنی و عەلی بلحاج لە جەزائر)، ئیتر ناچـار بـوو بـن بـۆ درێـژەدان بەتەمـەنی مانـەوەی خۆیـان هەنگاوێکی لەوجۆرە بنێن، تەنانەت گەر لەگـەڵ بنـەما سـەرەکیەکانی کارکردنیشـیاندا ناکۆك بێت.

ئیخوان موسـلمین لەسـەرەتاوە وەك خۆیـان دەیـانوت: ئـەوان بەمەبەسـتی گێڕانـەوەی خەلافـەت هاتوونەتـە مەیـدان، بـەڵام دواجـار خۆیـان هەڵدایـە شـەڕگەیەکی خوێنـاوی ناوخۆییـەوە. لەپشـت ئـەو مەرامـەوە ئـاگری شـەڕێکیان خۆشـکرد کـە میللەتەکـەیان بەگومانەوە لەئایندەی خۆیان و وڵاتەکەیان بڕوانن. ئاگرێك دواجار دەستی خۆشیانی پـێ سوتاو وای لێکردن خەونی گەورەیان لەگێڕانەوەی خەلافەتـەوە، دابەزێتـە سـەر پاراسـتنی قەوارەی خۆیان وەك گروپێك لە فەوتان و لەناوچوون!.

**سەرچاوەکان:**

1-احمد حمروش، د.سعدالدين ابراهيم واخرون: مصر والعروبة وثورة يوليو- مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت - الطبعة الاولى, 1982.
2-.رفعت السعيد: المتأسلمون- الارهاب... والفتنة الطائفية، دار الاهالي للطباعة والنشر, دمشق - الطبعة الاولى, 1994.
3-د. رفعت السعيد: أ/ الاخوان المسلمون في لعبة السياسة. ب/ حسن البنا من المصحف الى الديناميت, مجلة (افاق عربية), 1977.
4-اوليفية روا: تجربة الاسلام السياسي- ترجمة: نصير مروة، دار الساقي- بيروت، الطبعة الاولى -1994.
5-د. محمود اسماعيل: الاسلام السياسي بين الاصوليين والعلمانيين - مؤسسة الشراع العربي- الكويت، الطبعة الاولى, 1993.
6-د. عبدالله فهد النفيسي واخرون: الحركة الاسلامية (رؤية مستقبلية).
7-حسن البنا: مجموعة رسائل الامام الشهيد- مطبعة النهضة- قم ، الطبعة الاولى- خريف 1370.
8-سيد قوطب: معالم في الطريق- دار الكتاب الاسلامي - قم، الطبعة الشرعية العاشرة, 1983.
9-احداث الفتنة الطائفية والتطرف الديني في مصر.
10-جيل كيبل: النبي وفرعون (الحركات الاسلامية في مصر المعاصرة)- مجلة المنار، العدد السابع, تموز 1985.
11-بەختيار على، ئاراس فتاح و مەريوان وريا: وێنە و تراژيديا - گۆڤارى رەهەند، ژمارە (2) ساڵى 1997.
12-فؤاد علام: د. توفيق محمد شاوى: برنامج (الاتجاه المعاكس), قناة الجزيرة، بتاريخ (1998/7/ 22/21).
13-د.جهاد عودة: الحركة الاسلامية وتعبئة الموارد في مصر (نظرة ثقافية سياسية (مصادر الديمقراطية، ثقافة المجموع ام دور النخبة) اعداد: لاري دايموند- ترجمة: سمية فلو عبود، دار الساقي, بيروت - الطبعة الاولى, 1994 .

14-اديب ديمتري: شبح عبدالناصر (تعويذة مرحلة الانكسار دروس وعبر)- مجلة النهج، العدد التاسع, شتاء 1997.
15-د.سامي زبيدة: الاسلام (الدولة والمجتمع)- ترجمة: د. عبدالاله النعيمي- دار المدى للثقافة و النشر, دمشق – الطبعة الاولى, 1995.
16-رفعت سيد احمد: الدين في الخطاب السياسي الناصري- مجلة المنار، العدد السابع, تموز 1985.
17-د.فرج علي فوده: الارهاب- دار مصر الجديدة للنشر والتوزيع, القاهرة، الطبعة الاولى, 1990.
18-غسان الامام: من يقود التيار الديني (ناصر ام الخميني؟), مجلة الوطن العربي.
19-عبدالله امام: عبد الناصر، كيف كان يحكم مصر؟ (حوار مع سامي شرف)- مدبولي الصغير, القاهرة، الطبعة الاولى, 1997.
20-عبدالله امام : حقيقة السادات- مدبولي الصغير, القاهرة، الطبعة الاولى, 1997.
21-محمد جمال باروت: حركة القوميين العرب- مركز الدراسات الاستراتجية, دمشق - الطبعة الاولى, 1997.
22-د.جابر قميحة: حسن البنا و سهام السوداء (اكذوبة الانحراف بالدين الى السياسة) - مجلة المجتمع، العدد (1281)- 1997/12/23.
23-حميدة نعنع:بعد اعلان الوحدة وقيام دولة اليمن المواحدة. مستقبل العمل السياسي و مؤسساته ونصيب التيار الديني المتطرف, مجلة التضامن، العدد (374)- 1990/6/11.

# ( سەید قوتب )

# و

# تیۆری تەکفیرکردنی کۆمەڵگەو دەوڵەت

## پێشەکی

فێندە مێنتالیزمی ئیسلامی یەکێکە لەو دیاردە زەقانەی لەمڕۆدا نەك بە تەنها وڵاتانی ئیسلامی، بەڵکو سەرتاسەری جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. دیاردەیەکە بۆتە جێگەی باس‌و خواس‌و مشتومڕی زۆری ناوەندە سیاسی‌و فیکری‌و ستراتیژی‌و رۆشنبیریەکان. تەنانەت لە زۆر جێگەی دنیادا مەڵبەندو پەیمانگای تایبەتی هەن کە کاریان لێکدانەوەو تاوتوێکردنی ئەم دیاردەیەیە.

ئەگەرچی سەرەتاکانی ئەم بزاوتە فێندە مێنتاڵیستە دەگەڕیتەوە بۆ سێ چارەکە سەدە بەر لە ئێستا (1928)، بەڵام تەنها لەدوای ساڵانی حەفتاو پاش لەشکرکێشی سوپای سوری سۆڤیەتی بۆ سەر ئەفغانستان‌و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران (1979)، ئەم دیاردەیە پتر تەشەنەی سەندوبووە جێگا سەرنجی زۆر لە وڵاتان‌و ناوەندە بڕیار بە دەستەکانی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان.

هاوکات لەگەڵ هەرەسی بلوکی رۆژهەڵات و یەکلابوونەوەی ململانێی ئایدیۆلۆژی نێوان بلوکی سوسیالیزم‌و لیبرالیزم، بەسەرکەوتنی وڵاتانی سەرمایەداری خۆرئاوا (لەسەرو هەمووشیانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) و گەیشتنی مێژوو بە کۆتایی خۆی ( بەبڕوای فرانسیس فۆکۆیاما )، فێندە مێنتالیزمی ئیسلامی لای خۆیەوە پڕکیشی زیاتری کرد و خۆی وەك ئەلتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژیای شکست خواردووی مارکسیزم نیشانی دنیادا.

شایەنی باسە زۆرێك لە ناوەندە سیاسی‌و بڕیار بەدەستەکانی خۆرئاواش دەستیان لە قەبەکردنی ئەم دیاردەیەدا هەبوو، وەك قسەکردن لە هەڕەشەو مەترسیەکانی

ئایـدیۆلۆژیای (سـەوز) بۆسـەر خۆرئـاوا، دوای ئـاوابوونو نـەمانی هەڕەشـەی (سـوور) لەسەریان.

ئاشکرایە زۆرێك لەو گروپە ئیسلامیانەی بە درێژایی بیست ساڵی رابـردوو کـۆنترۆڵی گۆرەپانەکەیان کردووەو سەرگەرمی چالاکی نواندنن، لـەو بزواتـە جیهادیـە توندڕەوانـەن کـە باوەڕیـان بـە توندوتیـژیو هێزنیشـاندان هەیـە، بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەو ململانێکانیان لەگەڵ نەیارەکانیانو دواجاریش بۆ پاوانکردنی دەسەڵات بۆ خۆیان.

ئەڵبـەت کـورت بینیـە گـەر بێتـو تـەنها وەك بزاوتێکـی سیاسـی سـەیری فێنـدە مێنتالیزمی ئیسلامیو ئەو گروپە جیهادیانە بکەین کە رۆژانە لێرەو لەوێ هەڵـدەتۆقن، بـەڵکو ئەمانـە بـەر لـەوەی بزاوتێکـی سیاسـی رووت بـن (بزاوتێکـی فیکـرینو لەسـەر بنەمایەکی فەلسەفی دروست بـوون، هەرئەمەشـە ناچـارمان دەکـات بـەوەی تـا لـەرووی مەنهەجیەوە لێکۆلینەوەیەکی جدیو زانستیانەیان لە بارەوە ئەنجام بدەین)[1].

گواستنەوەی ئاراستەی مامەڵە کردنیشمان لەگەڵ ئەم بزاوتانە لـە ئاسـتی سیاسـیەوە بۆ ئاستی فیکری، پێویستی بەوەیە فیکری فێندە مێنتالیزمی هاوچەرخ بکەینە بابـەتی لێکۆلینەوەو بکەوینە شرۆڤە کردنی. بەڵام ئاخۆ بۆ کارێکی لـەمجۆرە دەبێـت سـەرەتا لـە کوێوە دەست پێ بکەین؟ بێگومان نـزیکترین رێگایـەك بمانباتـەوە لای ئـەو مەسـەلەیەو رەهەندە پەنهانو نادیارەکانیمان بۆ ئاشکرا بکات، فیکرو نووسـینەکانی تیۆریسـتێکی وەك سەید قوتبە.

بەڵام هەردوای ئەمەو دەست بەجێ دەبێت ئەو پرسیارەش بکەین؟ بۆچی سەید قوتبو کەسێکی تر نا؟

ئەڵبەتە بۆ ئەمەش زیاد لە هۆکارێك هەیە، لەوانە:

1-ئاڕاسـتەی فیکـری کۆمەڵـەی (ئیخـوان موسـلمین) لەسـەر دەسـتی ئـەم پیـاوە وەرچـەرخانێکی ترسـناك بەخۆیـەوە دەبینێـت، بـە تایبـەت دوای بڵاوبوونـەوەی هـەر دوو کتێبی (فی ظلال القرأن و معالم فی الطریق). دیـدو بۆچـوونەکانی نـاو ئـەم دوو کتێبە ( دەرگای بەڕووی ئـەو گروپـە تیرۆرسـتو توندڕەوانـەدا کـردەوە کـە زۆربـەی زۆری وڵاتانی ئیسلامیان تەنیوەتەوە)[2].

2-تـەواوی گروپـە جیهادیـە توندڕەوەکان وەك هالـە مسـتەفا دەڵێـت: (لـە فیکـری تیوریو حەرەکی سەید قوتبەوە سەرچاوە دەگرن، کاراکتەری ئەو کاریگەریـەکی گـەورەی لەسەر دروسـت بـوونو گەشەسـەندنی گروپـە ئیسـلامیە تازەکـان هەیـە، بەهـەموو باڵـە جیاجیاکانیانەوە)[3].

3-لـەمڕۆدا گروپێکـی ئیسـلامی رادیکـالی شـك نابـەین سـەید قوتـبو تیـزەو تیوری‌یـەکانی ئـەوی لـە پشـتەوە نـەبێت، هـەر فیکـری ئەویشـە دەبێتـە ( دەسـپێكو رێنیشاندەری گروپە جیهادیەکان)[4].

4-ئەوە سەید قوتبە یەکـەم بـەردی بناغـەی گوتـاری ئیسـلامی هاوچـەرخ دادەنێـت، (بۆیە هەر لێکۆلێنەوەیەك دەربارەی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ پشت بـە نووسـینەکانی ئەونەبەستێ، لە سەرچاوەی سەرەکی باسەکەی دوور دەکەوێتەوە)[5].

5-مادامـەکی قسەی ئێمە لەسەر توندڕەویو تیوری تەکفیرکردنی کۆمـەڵە، بەناچـاری دەبێت بەردەوام چاوێکمان لەسەر سەید قوتب و نووسینەکانی ئەو بێت، چونکە ئـەوەی ( دەستی بالآی لە بلاوکردنەوەو چاندنی تۆوی تەکفیرو جاهلیـەتو جیهـادو خـۆدابڕین لـە کۆمـەڵ هەیە، جگە لە سەید قوتبو ئەبو ئەعلای مەودودی کەسێکیتر نی‌یە)[6].

ئێستاو دوای ئەو رونکردنەوانە لەسەر پرسیاری سەید قوتب بۆچـی؟ دەکرێـت بڵـێین: گەڕانەوە بـۆ ئـەو تێگەیشـتنو حاڵی‌بوونـە لـەوەی ئێسـتا روودەدات, ئاشـکراکردنی ئـەو سەرچـاوە تیوریانەیـە زادی ڕێگـای کـارکردنی زۆرێـك لـەو تاقمـە ئیسـلامیانەن کـە لەسەرتاسـەری جیهـانی ئیسـلامی (بـە کوردستانیشـەوە)، سـەرگەرمی کاروچـالاکی نواندنن.

ئەگەرچی فیکری سەید تانو پۆی بە مەحکەمی چنراوەو بـەش بـەش ناکرێـت، بـەلآم ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی تایبەتی نەك بە گشتی، قسە لەسـەر لایـەنێك لـە لایەنەکانی جیهانبینی ئەو بکەین، ئەویش مەسەلەی ( تەکفیرکردنی کۆمەڵە) و گرنگی خۆشی هەیە. چـونکە لێکۆڵیـارو پسـپۆرانی بـواری ئیسـلامی سیاسـی هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی ئـەو توندوتیژیـە بـێ ئامانـەی کۆمـەڵگا ئیسـلامیەکان بەدەسـتیەوە دەنـاڵێنن، سەرچاوەکەی ئەو تیوریەیە کە لە دوو توێی کتێبی (فی الظلال و معالم)دا بـە پیتـی درشت نوسراوەتەوەو بەردەوامیش تەئکیدیان لەسەر دەکرێتەوە.

بۆ واقعی ئەمڕۆی ئێمە وەها باسێك کەڵکی خـۆی دەبێـت، بـە تایبـەتی دوای ئـەوەی ئیسلامی سیاسی بۆتە یەکێك لە دیاردەکانی ناو واقعی کۆمەڵگـەی کـوردی. هاوکـات لەگەڵ ئەوەشدا گروە گـەلێکی جیهـادی تونـدڕەو لـە ناوچـە سـنوریەکانی نێـوان ئێمـەو ئێران دا بەم تیوریانـە پـەروەردە دەکرێنوڕۆژبـەڕۆژ دیـواری نێـوان خۆیـانو کۆمـەڵگای کوردی ئەستورتر دەکەنو واقعی کوردی وەك کوفر ستانێکی گەورە سەیر دەکەن.

ئەمەی لێرەدا پێشچاوی دەخـەین سـەرەتایەکە، بـەو ئومێـدەی بتـوانین لـە داهـاتوودا لەسەر چەندلایەنێکی دیکەی فیکری سەید بوەستین. چونکە هەمـوو نزیك بوونەوەیەك لـە فیکری ئەم پیاوە توانای زیاترمان دەداتێ بۆ ئەوەی حاڵی بـین لـەوەی ئێسـتا لێـرەو لـە تـەواوی جیهـانی ئیسـلامیدا چـی روودەدات. بـە تایبـەت حـاڵی‌بوون لـەو رووداوانـەی ڕاستەوخۆیان ناڕاستەوخۆ ئەم گروپە ئیسلامیە رادیکالانە لە پشتیەوە راوەستاون.

# بەشی یەکەم

## قۆناغەکانی ژیانی ( سەید قوتب )

زۆرێك لەوانەی بە فیکرو ئایدۆلۆژیاو ژیانی سەید قوتبەوە خەریك بوون، تەمەنی ئەو بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش دەکەن. تەنانەت سەید خۆشی ئەمەدەکات. هەندێك وەك د. حەسەن حەنەفی چوار قۆناغمان لە ژیانی فیکری ئەودا بۆ دەست نیشان دەکات:

1-قۆناغی ئەدەبی (1930-1950).

2-قوناغی کۆمەڵایەتی (1951-1954).

3-قۆناغی فەلسەفی (1954-1962).

4-قۆناغی سیاسی (1962-1966)[7].

هەروەها هەریەك لە عادل حەمودە[8] و سەلاح عەبدولفەتاح خالدی[9] و محەمەد تۆفیق بەرەکات[10] و ئەحمەد موسللی[11] و... هتد، ژیانی ئەو بەسەر چەند قۆناغێکی جیاجیادا دابەش دەکەن. ڕەنگە زۆربەیان ئەو دابەشکردنەیان بەسەر دوو قۆناغدا بێت. یەکەم/ قۆناغی بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی یۆلیۆ (1906-1952). ئەم قۆناغە چلو پێنج ساڵ دەخایەنێتو سێ بەشی تەمەنی سەید دەباتو بە قۆناغی عەلمانیەتی تەمەنی ئەو دەژمێردرێت، ئەگەرچی سەید لای خۆیەوە ئەو قۆناغە بە (ساڵانی جاهلیەت) ناوزەد دەکات. دووەم قۆناغ/ لەدوای شۆڕشی یۆلیۆ وەدەست پێ دەکات (1952-1966). ئەم قۆناغە زۆر کورتەو تەنها پانزە ساڵێك دەخایەنێت. سەرەڕای کورتی ئەم قۆناغە بەڵام گرنگیەگی زۆری هەیە، چونکە لەم ساڵانەدایە سەید پەیوەندی بە ریزەکانی ئیخوان موسلمینەوە دەکاتو لە رۆژنامەنووسو رەخنەگرێکی ئەدەبییەوە، دەبێتە رابەری روحیو تیورسینی ئایدۆلۆژی ئیخوانەکان.

ئێمەش لێرەداو لەبەر رۆشنای ئەو سەرچاوانەدا هەوڵدەدەین ژیانی ئەوو گۆڕانکاریە فیکریەکانی لەو دوو قۆناغە جیاوازەدا بخوێنینەوە. قۆناغی یەکەم (1906-1952) کە تیایدا میسر لە ژێر سایەی حوکمی پاشایەتیو دەسەڵاتی کۆلۆنیالیانەی بەریتانیا دابوو. لەگەڵ قۆناغی دووەم (1952-1966) کە تیایدا میسر پێ دەنێتە سەردەمێکی تازەوەو سەربەخۆیی خۆی لەدوای داگیرکاری حەفتا ساڵ (1882-1952)[12] لە لایەن بەریتانیاوە بەدەست دێنێتەوە. لەو دوو قۆناغەشدا ئێمە دوو

سەید قـوتبی جیاوازمـان هەیـە. سـەیدی قۆنـاغی یەکـەم ڕۆژنامـەنووس‌و ڕەخنـەگرێکی خۆرئـاوا خـوازەو هـاوڕێی عـەباس مـەحمود عـەقاد (1889-1964)و تـەها حسـێنە (1889-1973)، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا دەبێتـە تیۆرسـینی فێنـدە مێنتـالیزمی ئیسلامی‌و قوتابی هەریەك لە ئەبو ئەعلای مەودودی (1903-1980)و شێخ حەسەن بەننا (1906-1949). مادامەکی قسەی ئێمەش لێرەدا لەسـەر تیـۆری تـەکفیرکردنی کۆمەڵە لەلایەن سەید قوتبەوە، ئەم تیۆریایەش بەرهەمی قۆناغی دووەمی ژیـانی ئـەوە، ئەوا زیاتر گرنگی بەم ماوەیە دەدەین‌و قسەی زۆرتر لەسەر ئەم قۆناغە دەکەین.

1- **قوناغی پێش شۆڕشی یۆلیۆ (1906-1952):**

سەید قوتب ساڵی (1906ز-1324ك) لـە گونـدی (موشـا)ی سـەر بـە پارێزگـای (ئەسیوط) لە باشووری وڵاتی میسر هاتۆتـە دنیـاوە. کـوری حـاجی قوتـب ئیبراهیمـەو خاوەنی دوو خوشك‌و برایەکە. سەرەتا لە گوندەکەی خۆیاندا باوکی دەیخاتە بەر خوێنـدن‌و لە حوجرەدا دەست بە خوێندنی قورئان‌و زانستە تەقلیدی‌یەکان دەکات[13].

لە تەمەنی دە سـاڵیدا تـەواوی قورئـان ئەزبـەر دەکـات[14]. دوای ئـەوەو لـە تەمـەنی سیانزە ساڵی‌دا (1919) لەگەڵ خێزانەکەیانـدا (موشـا) جـێ‌دێڵن‌و روودەکەنـە شـاری قـاهیرە، لـەوێ لـە گـەڕەکی (حـەلوان)دا نیشـتەجێ دەبـن[15]. پـاش ئـەوەی خوێنـدنی ئامادەیی تەواو دەکات دەچـێتە (دار العلـوم)، بەشـی پێگەیانـدنی مامۆسـتایان. دوای چوار ساڵ (1933) ئەو بەشـە تـەواو دەکـات‌و بڕوانامـەی (لیسـانس) وەردەگرێـت. لـە سـاڵی (1933)وە تـا سـاڵی (1939) وەك مامۆسـتایەك لـە وەزارەتـی مەعاریفـدا دەسـت بـەکار دەبێـت[16]. ئەگەرچـی لـە (موشـا)و لەتەمـەنی منداڵیـدا بـە تەقالیـدی ئیسلامی پەروەردە کرابوو، بـەڵام سـەفەرکردنیان بـۆ قـاهیرە گـۆڕانی گـەورەی بەسـەردا دێنێ‌و بـە ئاڕاسـتەیەکی‌تردا دەڕوات[17]. سـەید هـەر لەسـەرەتای منداڵیـەوە حـەزی بـە خوێندنـەوەو شـیعر نووسـین دەکـرد[18]، بـە گەیشـتنی بـۆ قـاهیرە دەسـتی کـرد بـە خوێندنـەوەی چـەندین کتێـب لـە بـواری ئـەدەب‌و رەخنـەو لێکۆڵینـەوەو رۆشـنبیری‌و مەعریفەدا[19]. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد زۆربەی لێکۆڵیاران ئـەم قوناغـەی ژیـانی سـەید بـە قۆنـاغی ئـەدەبی (1930-1950) نـاونووس دەکـەن[20]. پێیـان وایـە لـەم ماوەیەدا وەك هەریەك لە تەها حسێن‌و عەباس مەحمود عەقادو ئەحمەد لوتفی سەید، لـە ژێـر کاریگـەری کلتـوری خۆرئـاوادا بـووەو وەك ئـەوان سەرسـام بـووە بـە شارسـتانی خۆرئاوا[21].

لەم قۆناغەدا بەرهەم گەلێکی ئەدەبی بێ شوماری نووسیوە، هەر لە شیعرو چیرۆكو رۆمان تا رەخنە ئەدەبی. گرنگترین بەرهەمی ئەم قۆناغەی: ( الشاطيء المجهول، حلم الفجر، قافلة الرقيق، أشواك، الآطياف الاربعة، طفل من القرية، المدينة المسحورة، مهمة الشاعر فى الحياة، النقد الآدبى- أصولة ومفاهيمة وكتب وشخصيات، التصوير الفنى فى القرأن، مشاهد القيامة فى القرأن، نقد كتاب مستقبل الثقافة)[22]. لە دوای ساڵانی 1946 وە گۆڕانێك بەسەر ئاراستەی فیکریدا دێتو لە نووسینی ئەدەبییەوە دەچێتە سەر نووسین دەربارەی ئیسلامو هەریەك لەم کتێبانە دەنووسێت:

1-دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا.

2- ئیسلام و ئاشتی جیهانی.

3- شەڕ و ململانێی ئیسلام و سەرمایەداری.

مەبەستی سەرەکی لە نووسینی ئەم کتێبانەش ئاشکراکردنو نیشاندانی لایەنی سوسیالیستی بوو لە ئیسلامدا[23].

ئەڵبەتە سەید لە بادانەوە بەلای ئیسلامدا لەم قۆناغەدا بە تەنها نەبوو، بەڵکو هەریەك لە تەها حسێنو عەباس مەحمود عەقادیش هەمان هەڵوێستیان دەبێت. ئەوەتا تەها حسێن (على هامش السيرة)و عەباس مەحمود عەقاد (عبقرية محمد) دەنووسن[24]. ئەو هۆکارانەی وادەکەن ئەم رۆشنبیرانە رێچکای فیکری خۆیان بەئاراستەی پێچەوانەی قەناعاتی پێشوتریان بگۆڕن بریتین لە :

1-گەندەڵی پارتە سیاسیەکان.

2- دەرکەوتنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی لە میسر ،لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا[25].

ئەم قۆناغە بە سەفەرکردنی سەید بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆتایی دێت. هەندێك سەرچاوە مێژووی ئەو سەفەرکردنە بە ساڵی 1948[26] و هەندێکی تر بەساڵی 1949[27] تۆمار دەکەن. مەبەست لەو سەفەرەش کە لەلایەن وەزارەتی مەعاریفی میسریەوە رێکخرابوو، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بوو لەسەر پەیڕەو پرۆگرامی تازەی پەروەردەو فێرکردن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەوێ لە هەریەك لە زانکۆکانی کۆڵۆمبیاو کۆلۆرادۆ پەیمانگای مامۆستایان دەخوێنێ. لە بواری پەروەردەدا لە زانکۆی ستانفۆرد لە کالیفۆرنیا بڕوانامەی ماستەر وەردەگرێت[28]. هەر لە ئەمریکا سەردانی شاری نیویۆركو سان فرانسیسکۆو لۆس ئەنجلۆسو چەند شارێکیتر دەکات. ساڵی

1951 دەگەڕێتەوە میسرو لەسەر ڕێگای گەڕانەوەشی ماوەیەکی کەم لەهەریەك لە ئینگلتەراو سویسراو ئیتالیا دەمێنێتەوە[29]. یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی وەزارەتی مەعاریفی میسری لەناردنە دەرەوەی سەید قوتب، بۆ ئەوە بوو تا نزیکی بخەنەوە لە شارستانیەتی ئەمریکی‌وئاشنا بێت بەو دەسکەوتە تازانەی لەوێدا بەدەست هاتبوون، بەڵام کارەکە تەواو بە پێچەوانەوە بوو. ئەم سەردانە نەك هەر لە خۆرئاوای نزیك نەکردەوە، بگرە سەر لەبەر کەوتە ڕەخنەکردن‌و ئافەرۆزەکردنی شێوازی ژیانی خۆرئاوایی.

بۆیە دەکرێت بڵێین (چونی بۆ ئەمریکا خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژیانی ئەودا، هەم لە رووی فیکریەوەو هەم لەرووی سیاسیەوە)[30]. بەر ئەنجامی مانەوەی دوو ساڵ لە ئەمریکادا کتێبێك بوو بەناوی (أمریکا التی رأیت). لەم کتێبەدا سەید دەست نیشانی ئەو هۆکارانە دەکات کەوای لێدەکەن ژیاری خۆرئاوا ڕەتبکاتەوە، ئەوانەش بریتین لە: 1-مادیەت 2- رەگەزپەرستی 3- بەرەڵلایی جنسی. ئەزموونی دوو ساڵ ژیان لە ئەمریکا (زیاتر نزیکی خستەوە لە ئیسلام و دواتریش لە ئیخوان موسلمین)[31].

سەید تانەچووە ئەو کێشوەرە دوورەو خاکی کینانەی جێنەهێشت، نە پەیوەندی بە ئیخوانەوە هەبوو نە پێشیان ئاشنا بوو. ئەوەتا خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: (شتێکی ئەوتۆم دەربارەی ئیخوان موسلمین نەدەزانی، تا لەبەهاری 1948دا چووم بۆ ئەمریکا)[32]. ئەو کاتەی سەید بە ئیخوان ئاشنا دەبێت، هەم کاروچالاکی ئەو کۆمەڵەیە لەلایەن ئیبراهیم عەبدولهادی سەرەك وەزیرانی ئەوسای میسرەوە رادەگیرێت، هەم شێخ حەسەن بەننای رابەرو دامەزرێنەریشیان تیرۆر دەکرێت[33]. ئەم کارانەش وەك سەید خۆی باسی دەکات زیاتر هانی دەدەن تاله ئیخوان نزیك ببێتەوەو گرنگی ئەوانی بۆ دەرکەوێت. بە تایبەتی کە دەڵێت: ( ئەو ڕۆژەی شێخ حەسەن بەننا تیرۆرکراو ڕۆژنامەکانی ئەمریکا هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە من لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەوێدا بووم بۆ چارەسەر، هەموو کارمەندەکانی ئەوێ بە خۆشحاڵیەوە هەواڵی تیرۆرکردنی بەننایان باسدەکرد)[34]. ئەمەش وایلێکردم لە سەنگ‌و قورسایی ئەو کۆمەڵەیە تێبگەم. بەڵام پێ دەچێت ئەم وەسفکردنەی سەید بۆ واقعی ئیخوان‌و کەسێتی حەسەن بەننا لەجێی خۆیدا نەبێت، چونکە لەوکاتەدا نە ئیخوان موسلمین و نە حەسەن بەننا شۆرەت‌و نێوبانگیان نەگەشتبووە ئاستێکی‌وا کە تەواوی گەلانی ئەمریکا پێیان ئاشنابن. لەم رووەوە دکتۆر مایکل پۆهلی ئەم بۆچوونەی سەید قوتب دەخاتە ژێر پرسیارو دەڵێت: (ئەو کاتەی سەید قوتب باسی دەکات حەسەن بەننا بەلای

ئەمریکییەکانەوە کەسێکی نەناسراوبوو، تەنها ژمارەیەکی کەم نەبێت لە دیبلۆمات‌و پسپۆڕی ناو زانکۆکان کە ژمارەیان لە بیست‌و چوار کەس تێپەڕی نەدەکرد کەسی‌تر بەو ئاشنا نەبوو)[35]. بەهەر حاڵ سەید دوای مانەوەی دوو ساڵ لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە میسرو بە گەرانەوەشی وڵات لەبەردەم گۆڕانێکی مێژوویی گرنگ‌و چارەنووسسازدابوو، ئەویش شۆڕشی یۆلیۆ بوو. شۆڕشێك کە نەك هەر گەلانی میسری لە حەفتا ساڵ ژێردەستی کۆلۆنیالیەتی بەریتانی ڕزگار کرد، بەڵکو بووە هاندەرێکیش بۆ تەواوی گەلانی ناوچەکە تا چاوی لێبکەن‌و سەربەخۆی خۆیان بەدەست بێنن. لەگەڵ سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەشدا قۆناغێکی‌تر لە ژیانی سەید قوتب دەست پێ دەکات.

## 2- قۆناغی پاش شۆڕشی یۆلیۆ (1952-1966):

ڕۆژی بیست‌و سێی تەموزی 1952 ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز لە قاهیرەوە بەڕابەرایەتی جەمال عەبدولناسر، ئیعلانی سەرکەوتنی شۆڕشیان لە میسردا کردو کۆتاییان بە سستمی پاشایەتی هێنا. ئامانجە سیاسیەکانی ئەو شۆڕشە بریتی بوو لە: (نەهێشتنی ئەو گەندەڵییەی بەرهەمی سەردەمی حوکمڕانی پاشایەتی بوو، لەگەڵ دامەزراندنی سستمێکی سیاسی وەها کە توانای ڕێبەرایەتیکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەبێت)[36]. ئەڵبەتە شۆڕشی یۆلیۆ بەری ڕەنج‌و چاوەڕوانی حەفتا ساڵ خەباتی گەلانی میسر بوو بۆ سەربەخۆیی. هەوڵدانیش بۆ گەیشتن بەم ڕۆژە لە شۆڕشەکەی 1882 ئەحمەد عوڕابیەوە بەردەوام بوو[37]، تا شۆڕشی 1919 بە سەرکردایەتی سەعد زەغلول‌و حیزبی وەفد[38]. ئەوەی وایکرد شۆڕشی میسری لەو قۆناغەدا بتەقێتەوە (ئەو کاریگەرییە قوڵانەی جەنگی دووەمی جیهان بوو لەسەر ژیانی گەلانی میسرو ناوچەکە لەرووی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسیەوە)[39]. شۆڕش سەرکەوت و وەك دەوترێت سەرکەوتن خاوەنی زۆرە. یەکێك لەو هێزانەی هەر زووکەوتە ململانێکردن لەسەر خاوەندارێتی شۆڕش کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین بوو. ئەم کێشەیە لەساڵی 1952 دەستی پێکردو تا مردنی عەبدولناسریش لە 1970/9/28 هەر بەردەوام بوو.

دیارترین کەسێکیش لەم قۆناغەدا ڕێبەرایەتی ئیخوانەکانی دەکرد لەو ململانێ خوێناوەیەدا سەید قوتب بوو[40]. مێژووی پەیوەندی کردنی سەید بە ریزەکانی ئیخوان موسلمینە وە قسەو باسێکی زۆری لەسەرە. هەندێك پێیان وایە دەست بەجێ‌و پاش گەرانەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندی دەکات, هەندێکیش وەك حەسەن حەنەفی ئەو پەیوەندیە دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی 1952[41]. بەڵام ڕەنگە دروسترین سەرچاوەیەك کە لەم بارەیەوە لەبەر دەستدا بێت دوا دیکۆمێنتی بەر لە سێدارەدانی خۆی بێ کە لەناو زینداندا نوسیویەتی‌و تیایدا باس لە مێژووی پەیوەندیکردنی خۆی

بەریزەکانی ئیخوانەوە دەکاتو دەڵێت: (ساڵی1953 بە فیعلی پەیوەندیم بە ریزەکـانی ئیخوان موسلمینەوە کرد، بواری کارکردنیشم مەسەلە رۆشنبیریەکان بوو، بەڵام کـاری حەرەکی لێیەوە دوور بووم)[42]. چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی ژیانی سەید قوتب لـە دوای شۆڕشی یۆلیۆوە، بەسە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو هەر لە یەکـەم رۆژی دەسـت بەکاربوونیـەوە لـەناو ئیخوانـدا، بەتایبـەتیش دوای دەسـگیرکردنی لـە ساڵی1954دا لەکاری سیاسیو حەرەکی بەدوور نەبووە تا دوا رۆژی دەرچوونی لە ژیـان شێلگیرانە سەرقاڵی کارچکی وا بووە. حەسەن حەنەفی لەسەر ئەم قۆناغـەو هەلومـەرجی ئـەو کاتـەی ئیخـوان موسـلمین دەنووسـێت: (لـەدوای شۆڕشـی یۆلیـۆوە کێشـمەکێشو ململانێ کەوتە نێوان لایەنگرانی حەسـەن هـۆزەیبی ڕابـەری گشـتی لەگـەڵ لایـەنگرانی عەبدولڕەحمان سندی کە ڕێبەرایەتی دەزگای نهێنی ناو ئیخـوانی دەکـرد، سـەید نەچـووە ناو ئەو ململانێیانـەوەو ئـەوەی تـەنها جێگـا گرنگـی پێـدانی ئـەو بـوو لایـەنی فیکـری بانگەواز بـوو. لـەم سەروبەندەشـدا هـەوڵیدەدا ئایدیۆلۆژیایـەکی ئیسـلامی رادیکالانـە گەڵاڵە بکات. بەڵام هێندەی نەبرد قەیرانی مارسی 1954 رووی داو سەید بووە کۆچـی قوربانی ململانێی نێوان ئیخوانو شۆڕش)[43]. ململانـێی ئیخـوان و عەبدولناسـر تـا دەهات توندتر دەبوو، هەرچی جارێك عەبدولناسر دەرگای بەرووی پەیوەنـدی دۆسـتانەدا دەکردەوە، ئەوان لوت بەرزانە دەکەوتنە داخستنی ئەو دەرگایانە. عەبدولناسـر لـە سـاڵی 1953دا کەوتـە هەڵوەشـاندنەوەی تـەواوی حیزبـە سیاسـیەکانی نـاو میسـر (کـە ئەمـە هەڵەیەکی گەورەو کوشندەی ئەو بـوو لـەو قۆناغـەدا)، بـەڵام ئیخـوانی هـەڵبواردو ئـەو بڕیارە بەسەر ئەواندا جێبەجێ نەکرا. عەبدولناسر چەند پۆسـتێکی وەزاری پێبەخشـین و ئەوان خۆیان لەوە بە گـەورەتر دەزانـی لـە حکومـەتی کۆمـەڵێك گـەنجی بـێ ئەزمـوونـدا بەشداری بکەن. وەختێك عەبدولناسر وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئیسـلامی سـپارد بـە شێخ باقوری، سەرکردایەتی ئیخوان دەست بەجێ بە بڕیارێك ئەو پیاوەیـان لـە ریزەکـانی خۆیان دەرکرد.

لەو کاتەی میسر سەرقاڵی یەکلایکردنەوەی شەڕی درێژخایەنی خۆی بـوو لـەدژی بەریتانیا، ئیخوان ژێر بە ژێر خەریکی دەست تێکەڵکردن بوون لەگەڵ بەریتانیا بـۆ شکست هێنان بە هەوڵـەکانی عەبدولناسـرو هاوڕێکـانی. پەیوەندیـەکانیش لەسـەر ئاستێکی باڵابوون (لەلایەن ئیخوانەوە هەر سێ ئەندامی شـورای ناوەنـدی مـونیردە لەو ساڵح ئەبو ڕەقیقو حەسەن عەشماوی بەشدار بـوون، لەلایـەن بەریتانیەکانیشـەوە هەریەك لە مستەر ئیڤانزی راوێژکاری بەشـی خۆرهـەڵاتی باڵیۆزخانـەی بـەریتانیاو

کرۆزویلی وەزیـری مفـەوەزی باڵێوزخانـەی بـەریتانیا لـە میسـر ئامـادەبوون)[44].
ئیخـوان بەهـەمـوو ئەمانـەوە دانەسـکنان، تـا کـار گەیشـتە ئـەوەی دەزگـای نهێنی‌یەکـەیان کەوتـە چـنینی پلانێکـی خوێنـاوی بەمەبەسـتی تیرۆرکردنـی عەبدولناسرو زیندە بەچاڵکردنی شۆڕشـەکەی. ئـەوە بـوو رۆژی 26/10/1954 کاتێـك عـەبدولناسـر لـە گۆڕەپـانی (المنشـية)ی شـاری ئەسـکەندەریەداو لـە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەرفراواندا وتاری بۆ خـەڵکی ئـەو شـارەدەدا، لـەناکاودا چەند ئەندامێکی ئیخوان کە بریتی‌بوون لە (مەحمود عەبدولەتیفو هەنداوی دوێر) چەند گوللەیەکیان ئاڕاستەی عەبدولناسر کرد. ئەو هەوڵـە ئامـانجی خـۆی نـەپێکاو تاوانبارنیش دەسگیراکرانو ئیعترافیان لەسەر تاوانەکەیانکرد.
کاردانـەوەی حکومـەتی میسـری لەبەرامبـەر ئـەم هەوڵـە شـەڕانگێزانەی ئیخوانـدا توندبوو. کاروچالاکیان بـە بڕیارێـك لێقەدەغـەکراو زۆربـەی زۆری سـەرکردەو ئەنـدامو لایەنگرانیشـیان دەسـگیرکرانو خرانـە زیندانـەوە. ئەڵبەتـە سـەید قـوتبیش یـەکێك بـوو لەوانـەی دەسـگیرکرا. داخڵبـوونی بـە زینـدان زۆر شـت لـە بیروبۆچـوونی ئـەو پیـاوەدا دەگۆڕێت کە دواتر دێینە سەر باسکردنی[45]. سەید دواترو لە نووسـینەکانیدا بـەردەوام پاکانەی ئەوەی بۆ ئیخوان دەکرد کە ئەوان لە وەها کردەوەیەك بە دوورن و ئەوەی روویـدا پلانی دوژمـنانو ناحەزانی ئیخوان بـووە. (پێموایـە روداوی- المنشـية- دەسـت بـوو بـۆ لێدانی ئێمە)[46]، ( هەریەك لە زایۆنیزمو سەلیبیەتی کۆلۆنیالی ڕقیـان لـەم بزاوتەیـەو دەیانـەوێت لـەناوی بـەرن)[47]. (بـەڵام سـەرباری هـەموو ئەوانـەش پێویسـتە بزاوتـی ئیسلامی بەردەوام بێت)[48]. سەید قەناعەتی وابوو ناحەزانی ئیسلام لەناوخۆی میسـرو هەروەها لەدەرەوەشدا، ڕۆڵێکی سلبیان بینی لە گەورەکردنی تـرسو هەڕەشـەی ئیخـوان بۆسەر دەسەڵاتدارانی میسر. ئـەو لێـدانی ئیخـوان (بـەپلانو نەخشـەی ئەحمـەد حسـێنی وەزیری کاروباری کۆمـەڵایەتیو فواد جەلال هاوڕێی دەزانێت و هەردووکیشـیان وەك دوو سیخوڕیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناونووس دەکات)[49].
سەید دوای دەسگیرکردنیو لەمارسی1955دا (حوکمی پانزە ساڵ زیندانی بەسـەردا درا)[50]. لەم قۆناغەداو بـەهۆی ئـەوەی (حەسـەن هـوزەیبی لەبـەر نەخۆشـیو پیریـەتیو هـەروەها لـە سـێدارەدانی عەبـدولقادر عـۆدە لـە کۆتـایی 1954دا، بڕیـادرا هـەموو کاروبـاری ئـەو ئیخوانانـەی لـە زیندانەکانـدا بـوون بـە سـەید قوتـب بسـپێردرێت)[51].
مانەوەی سـەید قوتـب لـە زینـدانـدا دەسـاڵی خایانـد 1954-1964. دواتـرو بـەهۆی تەکلیفی عەبدولسەلام عارفی سەرۆکی پێشوتری عێراقەوە ئـازاد کـرا و (ئـەو ماوەیـەی

زیندانی بەخوێندنەوە و نووسینەوە بەسەر برد)[52], (بە تایبەت کتێبو نووسراوەکانی ئەبو ئەعلای مەودودیو ئەبو حەسەنی نەدەوی)[53]. لەژێر کاریگەری ئەم دوانەداو لەپای هەلومەرجی ناو زیندانیدا (فیکری سەید بەرەبەرە بەرەو گۆڕان دەچوو، لە فیکرێکی ئیسلامی رادیکالی کۆمەڵایەتیەوە بەرەو فیکرێکی ئیسلامی ئایندەیی تیۆری)[54]. بەرهەمە نووسراوەکانی ئەم قۆناغەش بەهەردوو کتێبی (هذا الدین و مستقبل لهذا الدین) دەستیان پێکردو بە (فی ظلال القرأن و معالم فی الطریق) کۆتایی دێت.

سەید لەپاڵ هەموو ئەو هەوڵو تەقەللا تیوریانەیدا بۆ گەڵاڵەکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی رادیکالی بۆ بزاوتی ئیسلامی، بە مەبەستی گۆڕینی واقیعو ژێرە ژوورکردنی دەسەڵاتی عەبدولناسرو بۆ تۆڵە کردنەوەی ئەو گورزەی لە 1954داو دوای رووداوەکەی (المنشیة) لێیان وەشێندرا، سەرگەرمی ئەوەش بوو تا لەرووی عەمەلیشەوە دەست بەکاربن. وەك خۆشی دەڵێت: ( بەفیعلی ئەم بزاوتە تازەیە لە 1962 دەست بەکار بوو)[55]. هاتنی ئەم پیاوە بۆ ناو ریزەکانی ئیخوان (گۆڕانێکی گەورەی لەبونیادی مادیو ژینگەی مەعنەوی ئەو تاقمەدا دروست کردوو، بووە مایەی ئەوەی ئیخوان بەسەر چەند باڵێکدا دابەش بێت)[56]. لەم دابەش بوونەشدا لای خۆیو لای گەنجە تازە پێگەشتووەکانی ناو ئیخوانیش، ئەوانەی دەرەوەی زیندانو ئەوانەی ناو زیندانەکانیش بیرۆکەی دامەزراندنو دروستکردنی ڕێکخراوێکی نوێ دێتە ئارا. لەگەڵ هاتنەدەرەوەی سەید قوتب لە زیندان ئەم ڕێکخراوە دەست بەکارەکانی خۆی دەکات کە بریتییە لە وەشاندنی گورزێکی کەمەرشکێن لە عەبدولناسرو دارو دەستەکەیی و کۆدێتاکردن بەسەر حکومەتەکەی داو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە جێگای. هەموو ئەم پلانانەش دوای دەسگیرکردنی عەلی عەشماوی لێپرسراوی رێکخستنەکانی شاری قاهیرە ئاشکرا دەبێت. بەمجۆرە جارێکی تر سەید قوتبو رێکخراوەکەی دەکەونە دەست دەوڵەتو بە بڕیاری ژمارە 12 ساڵی 1965 کە لەلایەن دادگای جینایاتەوە دەرچووبوو، 43 ئەندامیان بە (هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەستووری وڵات و دروستکردنی حکومەتێکی بەدیل بە زەبری هێز، لەگەڵ تیرۆرکردنی سەرۆك کۆمارو تەواوی بەرپرسانی دەوڵەتو تەقاندنەوەی دامو دەزگا گشتییەکانو دروستکردنی ئاشوبو ئاژاوەگێری لەوڵاتدا)[57] تاوانبارکران. بەڵام لەو چلوسێ کەسەدا حەوت کەس بە تاوانباری یەکەم دەست نیشانکران، بەو پێیەی ئەوان سەرکردایەتی ئەو رێکخراوەیانکردووە و دەستیان لە دارشتنی وردەکاری پلانەکەدا هەبووە. ئەوە بوو بڕیار لەسەر لە سێدارەدانی هەر حەوتیان درا کە بریتیبوون لە: ( سەید قوتب ابراهیم، محەمەد یوسف هەواش، عەبدولفەتاح

عەبدە ئیسماعیل، عەلی عەبدە عەشماوی، ئەحمەد عەبدولمەجید عەبدولسەمیع، سەبری عەرەفە ئەلکومی، مەجدی عەبدولعەزیز متوەلی)[58]. سەبارەت بەم مەسەلەیە د. مایکل پوهلی لە کتێبی (الشبكة الآصولية- تعريف بالمنظمات الآصولية الاسلامية فی العالم) کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوەو دەنوسێت: (سەید قوتب لەگەڵ پێنج ئەندامی سەرکردایەتی ئیخوان موسلمین لە سێدارەدران)[59]. لە کاتێکدا راستیەکەی ئەوەیە کە لەو حەوت کەسە حوکمی لە سێدارەدانی چواریان کە (عەلی عەشماوی و ئەحمەد عەبدولمەجید و سەبری عەرەفە و مەجدی عەبدولعەزیز)ن، دەگۆڕێن بۆ زیندانی هەتا هەتایی. ئەوانەی حوکمی ئیعدامکردنیان بۆ دەردەچێت تەنها( سەید قوتبو هەریەك لە محەمەد یوسف هەواش و عەبدولفەتاح ئیسماعیل)ن[60]. حوکمی لە سێدارەدانەکەشیان لە بەرەبەیانی رۆژی دووشەمە بەرواری 29/8/1966 جێبەجێ دەکرێت. بەمجۆرە ئەم رێکخراوە لەناو دەبرێتو لەگەڵیشیدا کۆتایی بە قۆناغێك لە کارو چالاکی ئیخوان موسلمین دێت. بەڵام لێرە بەدواوە قۆناغێکی تازە دەست پێدەکات، قۆناغێکی سەخترو خوێناوی تر لە مێژووی ئیسلامی سیاسی دێتە پێشێ کە داینەمۆ و بزوێنەری سەرەکی تیوریەکانی سەید قوتبو مردنی خۆیەتی.

ئەم پیاوە بە مردنی دەبێتە رەمزێكو تەواوی گرۆپە رادیکالیەکان وەکی شەهیدێك لێی دەڕوانن. کۆتایی هاتنی ژیانی سەید قوتب بەمجۆرە، وای لێدەکات ژیانی لەپاش مردنیەوە دەست پێ بکات. وای لێدێت تێزەکانی بنەزادی رێگای ئەو هۆردووە موجاهیدەی لێرەو لەوێ لەژێر بەیداخی ئیسلامی سیاسیدا هەوڵی گۆرینی جیهان دەدەن. سەید خۆی لە جێگایەکدا باس لە سەنگو قورسای ئەو ئایدیایانە دەکات کە خاوەنەکانیان بە نەمری دەمێننەوە: ( من پێموایە ئەهلی قەڵەم دەتوانن شتی زۆر دروست بکەن، بەڵام بە مەرجێك خۆیان بمرن لە پێناو ئەوەی بیروباوەڕەکانیان زیندووبێت)[61].

ئەم پیاوە کە دنیا جێدێڵێت لە پاش خۆی لێشاوێك نووسینیش جێدێڵێت. مەترسی گەورەی ئەو تویرەو تێزانەی ئەویش هەر لەوەدانی‌یە کە داوای گۆڕانێکی رادیکالانە دەکاتو لە دەرەوەی بازنەی مێژوودایە، بەڵکو لەوەشدایە کەهەر گروپو دەستەو تاقمێك بە پێی بەرژەوەندیو خواستویستی خۆی لێکی دەداتەوەو کاری پێ دەکات. سەرەنجامیش ئەو شەڕە بێ وادەو خوێناوییە کە

ڕۆژانە لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامیدا دەیبینین، هەر لە جەزائیرە بگـرە تـا میسـرو ئەفغانستان و چیچان و.... هتد.

## بەشی دووەم

## ( سەید قوتب) و گروپەکانی تەکفیر

بـەر لـە سـەید قوتـب و نووسـینی (معـالم فـی الطریـق)، شـتێك نـەبوو لـە جیهانی ئیسلامیدا پێی بوترێت گروپەکانی تـەکفیرو تیـۆری تـەکفیر. بـەڵام هـەر ئەوەنـدەی لـە شەسـتەکانەوە سـەید (معـالم)ی بڵاوکـردەوە، ژمارەیـەکی زۆر لـەو گەنجانەی ناو زیندانەکانیان بینـی بـوو تیـۆری تـەکفیرو بەجاهلیـەت سـەیرکردنی دنیـا بیرکردنـەوەی داگیرکـردن. هـەر ئەوەنـدەش دەسـتو پێیـان کرایـەوەو ئـەنوەر سادات دەرگای زیندانـەکانی لێکردنـەوە، ئـیتر هـەر گروپـەو لای خۆیـەوە کەوتـە دامـەزراندنی ڕێکخراوێك، (بەڵام شێوە میلیشیا) لەسەر بنـەمای تیـۆری تـەکفیر. هەریەك لە دەستەو تاقمەکانی (محەمەد عەبدولسەلام فەرەج و شوکری مسـتەفا و کەرەم زوهدی و عەبود زومر و ئەیمەن ئەلزەواهری و محەمەد شەوقی ئیسـلامبولی و... و... هتـد)، لـەم تیوریـەی سـەید قوتبـەوە دەسـتیان پێکـرد. تەنانـەت هەندێکێشیان وەك تاقمەکەی شوکری مستەفا کۆیان لەوەنەکردەوە کە خۆیـان لـە ژێـر نـاوی (التکفیر و الهجرة) بـە دنیـا بناسێنن.. سـەرەتای حـەفتاکان و تـا تیرۆرکردنی ئـەنوەر ساداتی سـەرۆك کۆمـاری میسـر لـە 1981/10/6، ئـەم گروهانە دەبنە زەقترین دیاردەی سەر گۆڕەپـانی سیاسـی وڵاتـی میسـر و لـە ژێـر کاریگەری ئەمانیشـدا لـە تـەواوی وڵاتـانی جیهـانی ئیسـلامیدا گـروهـ گـەلێکی توندڕەوی دیکە سەر هەڵـدەدەن. بەشـێکی زۆری ئـەو توندوتیژیـەی لـەو وڵاتانـەدا ڕوودەدات بەرهەمی دەستو کارو چالاکی ئەو تاقمە توندڕەوانەیە.

## مەرجەعی فیکری (سەید قوتب)

(سـەرەڕای ئـەوەی هۆکارگـەلێکی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو ئـابووری لەپشـت سەرهەڵدانی گروپە ئایینییە هاوچەرخەکانەوە هەیە، بە تایبـەت ئەوانـەی دەیانـەوێت بـە زەبـری هێـز ئامانجـەکانیان بـەدی بهێـنن، بـەڵام ڕۆڵێ هۆکـارە فیکـریو بنـەما ئایدیۆلۆژیەکانیش لەسەر ئەو گروهانە لەو هۆکارانەی سەرەوە کەمتر نییـە, چـونکە ئـەو هۆکارە فیکریو ئایدیۆلۆژیانـە بنەمایـەکی تیـۆری بـۆ رەفتـاری ئـەو دەسـتەو تاقمانـە دادەڕژێرنو دەبنە بزوێنەری یەکەمیان بۆ کـارکردنو چـالاکی نوانـدن)[62]. ئەگـەر ئـەم بۆچـوونەی د. حەسـەن حەنـەفی بگوازینـەوە بـۆ تەماشـاپێکردنی رەفتـاری گروپـە جیهادیەکان و لەویشەوە سەرنجدان لە کاریگەریە فیکریـەکانی سـەید قوتـب بەسـەر ئـەم تاقمانەوە، ئەوا دەبێت ئەو بۆچوونەی حەنەفی وەك بەڵگەنەویستێك سەیر بکرێت. چـونکە کاریگەریەکانی فیکری ئەم پیاوە لەسەر ئەو گروهـ گەلـە جیهادیـەی نـاو وڵاتـی میسـرو تەواوی وڵاتانی ئیسلامی بەڕادەیەکە کە هۆکارە سیاسـیو ئـابووریو کۆمەڵایەتیـەکانی پەراوێز خستووە. بەڵام ئەڵبەتە وەك چۆن بۆ تێگەیشتن لەم دەستەو تاقمانـە ناچـار دەبـین بگەڕێینەوە سەر تێزەو تیوریەکانی سەید قوتب، بەهەمـان شێوەش بۆ تێگەیشتن لە سەید قوتب خۆی پێویستمان بەوە هەیە بچینەوە سەر ئەو سەرچاوەو مەرجەعە فیکریانـەی ئـەم لە قۆناغێکی تایبەتی ژیانیدا( کە قۆناغی زیندانە)، فیکرو ئایدیۆلۆژیای خۆی لەسەر بنیات ناونو جیهانبینیەکی تازەی بۆ کاری ئیسلامی سیاسی هێناوەتە ئارا.

گەڕان لە مەرجەعە فیکریەکانی سەید قوتب تەنها لە ناو میسرو جیهـانی عـەرەبیـدا نییە، بەڵکو دەچێتەوە سەر هەردوو وڵاتی هندستانو پاکستان. بە تایبەتیش هەریەك لە ئـەبو حەسـەنی نـەدەویو ئـەبو ئـەعلای مـەودودی. بـەو پێیـەی کـە مەرجـەعی فیکـری ژمارەیەکی سەید قوتب ئەبو ئەعلای مەودودییە (1903-1980)، ئـەوا هەوڵـدەدەین جومگە سەرەکیەکانی فیکری ئەو بخەینەروو، لەگەڵ باسکردنی ئەو هەلومەرجـەی سـەید تیایدا ئاشنابە بیروبۆچوونەکانی مەودودی دەبێت. ئەبو ئەعلای مەودودی سـاڵی 1903 هاتۆتە دنیـاوەو سـاڵی 1980 کۆچـی دوایکـردووە. (لەسـەردەمی حـوکمڕانی ژەنـەراڵ ئەیوب خاندا حوکمی لە سێدارەدانی دەدرێت)[63], بـەڵام لـەژێر فشـاری زۆری وڵاتـانی ئیسلامیدا حاکمی سەربازی پاکسـتان لـەو بڕیـارەی پەشـیمان دەبێتـەوە. ئـەبو ئـەعلای مەودودی سیانزە ساڵ دوای شێخ حەسەن بەنناو (لە ئابی 1941دا لـە وڵاتـی پاکسـتان دا دووەمین گروهی ئیسلامی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا بە نـاوی کۆمـەڵی ئیسـلامی پاکسـتان دادەمـەزرێنێت، ئامـانج لـە دامەزرانـدنی ئـەم کۆمەڵەیـەش چەسـپاندنی شەریعەتی ئیسلامی بوو لەو وڵاتەدا. ئەم کۆمەڵەیە رۆڵێکی کاریگەری لە گەڵاڵـەکردنی

هەر سێ دەستووری وڵاتی پاکستاندا بینیوە لە ساڵانی 1956،1962، 1973)[64].
کاریگەری ئەم کۆمەڵەیەو کەسی دامەزرێنەری تەنها لەسەر ناوخۆی پاکستان نەبوو، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامیش دا شوێن دەستیان دیارە. بە تایبەتیش لە وڵاتێکی گەورەو دیاری وەك میسردا کە یەکەمین لانکی ئیسلامی سیاسییە.

مەودودی خاوەنی چەندین کتێبە کە بەزمانی ئۆردی نوسراون‌و دواتر وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی دیکە. یەکێك لەو کتێبانەی گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت‌و کاریگەری زۆریشی دروستکردووە لەسەر چەند تێورسینێکی ئیسلامی سیاسی لەوانەش سەید قوتب، کتێبی (المصطلحات الآربعة)یە. رەنگە دیارترین ئەو زاراوانەش کە قسەیان لەسەر بکات زاراوەی جاهلیەت‌و حاکمیەت بێت, (چەمکی حاکمیەت بۆچونێکی سێنترالانە بە جیهان دەبەخشێت هەمپێوایە یەزدان لە ترۆپێکی گەردون دایە، گەردونێك کە خۆی دروستی کردووەو حوکمی دەکات‌و دەسەڵات داریشە بەسەریەوە)[65]. (بۆیە کەس مافی یاسادانان‌و حوکم کردن‌و سەروەری نییە جگە لە یەزدان خۆی. کەواتە هەموو جۆرە کۆیلایەتی‌و ملکەچی‌و پەرستنێك جگە لە یەزدان رەتکەرەوەو تەنها عەبدی خوابە)[66]. مەودودی هەموو جۆرە حاکمیەتی‌یەکی مرۆڤ رەتدەکاتەوەو شۆڕشکردن لەدژیان بە ئەرکێکی پێویست دەزانێت، ئەوانەش کە بە شەریعەتی ئیسلام حوکم ناکەن کافرو گومڕان (و من لم یحکم بما انزل فأولئك هم الکافرون). ئەم بانگەشەکردنە بۆ حاکمیەتی یەزدان‌و رەتکردنەوەی حوکمڕانی مرۆڤ وادەکات (گروپە ئیسلامیەکان هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی داخراو لەناو کۆمەڵگایەکی گەورەدا بدەن، بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی. کارێك کەوا دەکات ئەو گروپانە لە دەوڵەت یاخی بن‌و دەستووری وڵات بە شەرعی نەزانن‌و مل بە فەرمانڕەوایان نەدەن)[67].

(لەرووی مێژووییەوە مەودودی سەر مەشقی ئەوانەیە کە بۆ یەکەمجار بیرۆکەی حاکمیەت دێننە ئاراو لەرووی فیکریشەوە سەید قوتب بە باوکی ئەم چەمکە دادەنرێت، چونکە ئەو لەژێر کاریگەری مەودودیداو لە کتێبی- معالم فی الطریق- دا تێوری حوکمی یەزدان یان ئیسلام لەبەرامبەر حوکمی جاهلیەتدا دادەڕێژێت. لای سەیدیش چەمکی حاکمیەت بریتی‌یە لە ملکەچی نیشاندانی تەواو بۆ یەزدان)[68]. لەسەردەستی گروپەکانی تەکفیرو لەکاتی تیرۆرکردنی ئەنوەر سادات دا ئەم تیوریە بوو بە فیعل‌و لەسەر زەمینەی واقیع پراکتیزەکرا. جێبەجێکەرانیشی کەهەریەك لە (خالد محمد ئیسلامبولی‌و محمد عەبدولسەلام فەرەج‌و عەتا تایل حەمیدەو حسێن

عەباس محەمەدو عەبدولحەمید عەبدولسەلام) بوون، بڕیاری لە سێدارەدانیان دراو (لە بەهاری 1982دا بڕیارەکە جێبەجێ کرا)[69].

هەروەها مەودودی لەپاڵ چەمکی حاکمیەتیشدا قسە لە چەمکێکیتر دەکات کە چەمکی( جاهلیەت)ەو، دواتر دەبێتە ئامرازێك بەدەست سەید قوتبەوە بۆ داڕشتنی تیۆریاکەی لەسەر تەکفیرکردنی هەریەك لە کۆمەڵو دەوڵەت. ئەگەرچی هەریەك لە مەودودیو قوتب باس لە واقعی دوو کۆمەڵگەی جیاواز دەکەن، واقعی کۆمەڵگەی هندی داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی میسری دوای سەربەخۆییو سەرکەوتنی شۆڕشی یۆلیۆ. سەبارەت بەم گواستنەوە میکانیکیەی تێزەکانی مەودودی لەلایەن سەید قوتبەوە لە هندستانەوە بۆ میسر, د. محەمەد ئەحمەد خەلەفەڵڵا دەنووسێت: (بەراوردکردنی کۆمەڵگەی میسری بە کۆمەڵگەی هندی لەلایەن سەید قوتبەوە بەراوردێکی بێ مانایە، چونکە کۆمەڵگەی میسر تا ئەمڕوش کۆمەڵگایەکی ئیسلامیەو ئەوانەشی لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ئیبن تیمیەو نەدەویو مەودودیدا ئەو جیاوازییەیان نەبینی، ڕۆژێك دێت بۆیان دەردەکەوێت کە چەندێك هەڵەبوون)[70]. سەید ئەو کاتەی دە ساڵی تەمەنی لەزیندانی (لیمان طرة)دا بەسەر دەبرد (1954-1964)، بە مەودودیو ئەم تێزە رادیکالیانەی ئاشنادەبوو. هەربۆیە لە نووسینەوەی (فی ظلال القرأن و معالم فی الطریق)دا مەرجەعی فیکری سەرەکی کتێبەکانی مەودودی بوون. وەك چۆن کتێبی رۆحی یاساکانی مۆنتسکیۆ کتومت لەژێر کاریگەری کتێبی (سیاسەت)ی ئەرستۆدا نوسراوە, (معالم فی الطریق)یش کە دواجار دەبێتە مانیفێستی گروپەکانی تەکفیر لەژێر کاریگەری (المصطلحات الآربعة)ی مەودودیدا نووسراوە. (لە-معالم-دا سەید دەبێتە مەودودیەکی تر)[71] و تەنانەت دەکرێت بڵێین سەید (فی ظلال القرأن)یشی لەبەر رۆشنایی (ترجمان القرأن)دا نووسیووە[72].

لەو کاتەی سەید پەیوەندی بە ریزەکانی ئیخوان موسلمینەوە دەکات و لەپای پلانە شەڕانگێزەکانی دەزگای نهێنی ئیخواندا راپێچی زیندان دەکرێت، ئیتر ئەو پیاوە حەسەن بەننا دەگۆڕێتەوە بە مەودودی و کاری گەورەی ئەو لەو ماوەیەدا دەبێت بەوەی تەفسیری بیروبۆچونەکانی مەودودی بکات. د. نەسر حامد ئەبو زێد لە (نقد الخطاب الدینی)دا دەڵێت: (کاری سەید بریتی بووە لە تەفسیرکردنو لێکدانەوەی بیروبۆچوونەکانی مەودودی)[73].

سەیر نییە کە جومگە سەرەکیەکانی کتێبی (معالم) هەردوو چەمکی (حاکمیەت و جاهلیەت) بێت، ئەو دوو چەمکەی لە مەودودیان دەخوازێت و ورتریان دەکاتەوەو رەهەندی دیکەیان پێ دەبەخشێت. سەیرکردنێکی خێرای (معالم) بەسە بۆ ئەوەی هەموو ئەم راستیانەمان بۆ ئاشکرابێت و لەناو هەموو دێڕێکی ئەو کتێبەدا فیکری مەودودی و لەپشت هەر پەرەگرافێکەوە تارمایی بۆچوونەکانی ئەو ببینین.

## (مەشخەڵی ڕێ)
## وەك مانیفێستی گروپە جیهادیەکان

( معالم فی الطریق) یاخود مەشخەڵی ڕێ، دوایین کتێبە سەید قوتب نووسیبێتی. (یەکەمین چاپی ساڵی1963بوو)[74]. لەوکاتەوە تا ئێستا لە دەیان جار زیاتر چاپکراوەتەو بۆ زیاد لە زمانێکی بیانیش وەرگێڕدراوە: (ئینگلیزی، فارسی، کوردی، عیبری). وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی (بەدر حەسەن پێی هەستاوەو ساڵی1980 لە پاکستان لەژێر ناویMilestones لەچاپدراوە)[75]. هەروەها مەلا کرێکاری ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیش لە هەشتاکاندا بەشی یەکەمی کردۆتە کوردی و وەك خۆی لە چاپی دووەمی تەواوی کتێبەکەدا (مەشخەڵی ڕێ) باسی دەکات، لە پاکستان و بەبڕیاری عەبدوڵلا عەزامی فەلەستینی کە ئەو کات بۆ جیهاد رووی لە ئەفغانستان کردبوو لەچاپدراوە. دواتر ساڵی 1999 لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیرو بە تیراژی (2000) دانە چاپی دووەمی کراوەتەوە. ئەم کتێبەی (جیلز کیبل - بە مانیفێستی گروپە جیهادیەکانی جیهانی ئیسلامی)[76] و (د. حەیدەر ئیبراهیم عەلی، بە خاڵی دابڕانی نێوان دوو جۆرە ستراتیژی کارکردنی ئیسلامی سیاسی دادەنێت)[77]، سەرچاوەی سەرەکی و زادی ڕێگای سەرجەم ئەو گروهە جیهادیانەیە کە لەدوای مردنی سەیدەوە دەبنە دیاردەی زەقی سەر گۆڕەپانی جیهانی ئیسلامی.

سەید دەسپێکی ئەم کتێبەی بەمە دەست پێدەکات: (ئەمڕۆ تەواوی جیهان لە جاهلیەتدا دەژی)[78]. سەرەکیترین شتێکێش کەوا دەکات سەید حوکمی وا بێ چەندوچون بدات بەسەر جیهاندا ئەوەیە کە (دەست درێژی کراوەتە سەر دەسەڵاتی

یـەزدان لەسـەر زەوی، ئـەویش دەسـەلاتی حاکمیەتـەو ئـەم دەسـەلاتەش دراوەتـە مرۆڤ)[79]. لێرە سەید قوتب هیچ کۆمـەڵگایەك لەو حوكمەی سەرەوەی نابوێرێت. واتـە ئـەو پێـی وایـە نـەك هـەر کۆمـەڵگا سـەرمایەداریو سوسیالیسـتیو وەسەنیو. . .هتد، نوقمی جاهلیەتن. بـەڵکو هـەموو ئـەو کۆمـەڵگایانەشـی نـاوی ئیسلامیان لەخۆیان ناوە، دەکەونە بازنەی جاهلیەتـەوەو ئـەم پێناسـەو حوکمدانـە ئەوانیش دەگرێتەوە.

ئەگەرچی جاهلیەت تیرمێکە ئاماژە بۆ قۆناغی بەر لەهاتنی پـەیامی محەمـەد (د.خ)و ئاینی ئیسـلام دەکـاتو تایبەتـە بـە قۆنـاغێکی مێـژوویی کۆمـەڵگای عەرەبی بەر لە ئیسلام، بەلام لای سەید ئەم چەمکە گۆڕانێکی جەوهەری بەسـەردا دێت. لەسەر دەستی ئـەو ئـیتر جاهلیـەت تەعبیرنیـیە لـە قۆنـاغێکی مێـژوویی دیاریکراو یان قۆناغێك لەپشتمانەوە بێت و جێمان هێشـتبێت، بـەڵکو لای ئـەو دەگۆڕێـت (بـۆ حاڵـەتێك یـاخود هەڵوێسـتێکی فیکـری کـە بـەردەوام ئەگـەری دووبارەبوونەوەی هەیە، بەتایبەت هەر کاتێك کۆمەڵگا لە ڕێچکای ئیسلام لایـدا، ئیتر ئەمە لە رابردوودا بێت یان لە ئێستاو داهاتوودا روویدات)[80].

دوای ئـەوەی سـەید بەشـی زۆری سـەرەتای (معـالم) بـۆ ئـەوە تەرخانـدەکات بیسەلمێنێ کە واقعی ئـەمڕۆ واقیعێکـی جـاهلی تـەواوەو هەرچـی حکومـەتو دەسەلادارو فەرمانڕەواشی هەیە هەموویان گومڕاو مورتەدو سەرلێشێواون، رووی دەمی دەکاتـە ئەوانـەی لـە پێناویانـدا ئـەم کتێبـەی نووسـیووە بـۆ ئـەوەی راسـتە شەقامی کارکردنیان نیشان بداو پێیان بڵێت تەواوی ئایدیۆلۆژیاکانی ئـەمڕۆ بـە بنبەست گەیشتوونو لەسەرەمەرگدان. ئەوەشی دەتوانێت ئەم بۆشاییە گەورەیە لـە سەرکردایەتی کردنی مرۆڤایەتیو دنیای تازەدا پڕ بکاتەوەو ببێتـە ئەلتـەرناتیڤی هەریەك لە بلوکی خۆرئاواو خۆرهەلات، تەنها ئیسلامـە.

سـەید لـە (معـالم)دا نەخشـەیەکی وردو میکـانیزمێکی شـێلگیرانە بـۆ ئـەو دەستەبژێرە لاوە موسڵمانە دادەنێت کە ئەرکی راپەڕانـدنی ئـەو ئەرکـە قورسـەیان دەکەوێتە ئەسـتۆ, واتـە سـەر لـەنوێ ژیاندنـەوەی پـەیامی ئیسـلام بـۆ ئـەوەی لـە داهاتوودا وەك رابردوو جڵـەوی پێشـڕەوایەتیکردنی مرۆڤایـەتی بکەوێتـە دەسـت. هەروەك سالح وەردانی لە کتێبـی (الحرکة الاسلامیة فی المصر)دا باسـی دەکات و دەڵێت: ( سەید لە -معالم- دا قۆناغەکانی کارکردن بـۆ ئـەو مەبەسـتە بەم جۆرە ریزبەندی دەکات:

-حوكمـدان بـەوەی کۆمـەڵگـەکانی ئـەمڕۆ هـەموویان کۆمـەڵگـەی جـاهلین، لەسەروو هەمووشیانەوە کۆمـەڵگە ئیسلامیەکان.

-تـەکفیرکردنی ئـەو حکومـەتانـەی لـە وڵاتـانی ئیسـلامیدا حوکمدەکـەن و ڕێگەنەدان بـە بەشـداریکردن لەگـەڵیان لـە پێکهێنـانی حکومـەتو حکـومڕانی کردنی وڵاتدا.

-جیهاد کردن لەدژی ئەم حکومەتانە کارێکی پێویستە.

-گومانکردن لە ئیسلامیەتی خەڵکانی موسڵمان.

- داواکردن بەوەی لەرووی شـعوریەوە خۆمـان لـە واقـع دا بـبرین‌و خۆمـان لـە کۆمـەڵگا جیا بکەینەوە)[81].

(سەید لەڕێ ئەم کتێبەیەوە توانی زاراوەگەلێکی وەك: جاهلیەت، حاکمیـەتو جیهـاد زینـدوو بکاتـەوەو دوای مردنیشـی دەسـت بـەجێ بزاوتـە ئیسـلامیەکان قوسـتیانەوەو کردیانـە بەرنامـەی کـاری خۆیـان, لەسـەر بنـەمای تیژەکـانی ئـەو کتێبەش هەڵویستی خۆیان لە واقیع دیاری دەکرد)[82].

ئیتر لێرەوە بە پشـت بەسـتن بـەو ڕێسـایانەی سـەید لـە (معـالم)دا دایرشـتبوو، گروپـە جیهادیـەکان و گروپـەکانی تـەکفیر دەکەونـەخۆو (تـەواوی ئـەو دەسـتەو تاقمانە لەژێر ڕەشماڵی فیکری ئەوەوە دروست دەبن و دێنە دەرێ)[83].

دواجار ئەم کتێبە دەبێتە باعیسی سەری سـەید خـۆی, ئـەوەتا خـاتوو زەینـەب غەزالی لە شوێنێکدا دەنووسێت: (ئەوەی دەیەوێت بزانێت سەید قوتب بۆچـی لـە سـێدارەدرا، ئـەوا بـا بچێت- معـالم فـی الطریـق- بخوێنێتـەوە)[84]. هـەروەها دەبێتە دایناميێتێکیش بەدەست هەموو ئەو تاقم‌و گروپە جیهادیانـەی، هەریەکـەو بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆی تەفسیری دەکات‌و ناوەڕۆکەکەی لێك دەداتەوە.

## بەشی سێیەم

# تیوری تەکفیرکردنی کۆمەڵ

ئەوەی وادەکات گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان بەوپەری ویژدانێکی ئاسوودەو کەمالێ ئیسراحەتەوە، درێژە بە شەڕی خوێناوی خۆیان لە دژی حکومەتەکان و کۆمەڵگە و خەڵکی و هەندێ جاریش یەکتری بدەن، ئەو تیۆری تەکفیر کردنەیە (کە تێزەکانی سەید قوتب بەردی بناغەیان بۆ دانا)[85]. چونکە کاتێك سەید لە-معالم-دا دەڵێت: (ئێمە لەگەڵ جاهلیەتدا لەدووڕیانێکداینو هەرگیز پێك ناگەین)، لە راستیدا ئەمە بانگهێشتێکە بۆ ئافەرۆزەکردنی واقیع، ئەو واقیعەی (خەڵکەکەی بێئاگان لە حەقیقەتی باوەڕو ئیمان)[86]. گروپەکانی تەکفیر بە بەهانەی واقیعی جاهلیەتی کۆمەڵگاو باڵادەستی کوفر لەناویاندا، یەکەمین هەنگاوی کارکردنیان بە (ئافەرۆزکردنێکی تەواوی کۆمەڵگا دەست پێ دەکات، کارێك کە وایان لێدەکات پەنابەرنەبەر وێرانکردنی واقیع، چونکە ئەوان دەیانەوێت لە واقیعی ئێستا رزگاریان بێت بۆ ئەوەی واقیعێکی نوێ دروست بکەن)[87]. تیوری تەکفیر سەرەتا بە دەوڵەت دەستی پێکردو دواتر تەواوی جەستەی کۆمەڵگەی گرتەوە. سەرەتا ئەم تیوەریە لە خاکی کینانەدا گیری خواردبوو، دواتر بووەچەکی دەستی گروھ گەلێك لێرەو لەوێ کە رەنگە (جەزائیر، یەمەن، ئەفغانستان، سودانو...هتد)، نموونەیەکی زەقی ئەو راستیە بن.

## تەکفیرکردنی دەوڵەت

## یان تەواوی کۆمەڵ؟

سەید قوتب کاتێك لەدوای ڕووداوەکانی ساڵی1965 بۆ دووەم جار دەسگیردەکرێتو دادوەرانی دادگابالاَی سەربازی دەکەونە لیکۆلینەوە لەگەلیدا، لە یەکێك لە پرسیارەکان دا پیی دەلێن: ئێوە بۆچی خەلکی تەکفیر دەکەنو بۆچی هاولاَتیانی میسر بە کافر دەزانن؟.

سەید لە وەلاَمدا دەلێت: (ئێمە خەلکمان تەکفیرنەکردووە، ئەمە شێواندنی قسەکانی ئێمەیە. تەنها ئەوەندە دەلێین کە خەلکی لە حەقیقەتی عەقیدە بێ ئاگان)[88].

بێگومان ئەوانەی بە سەید ئاشنانو لە نزیکەوە ئەدەبیاتی ئەویان خوێندۆتەوە، بە تایبەت بەرهەمەکانی زیندانی وەك: (هذا الدين، مستقبل لهذا الدين، فی ظلال القرأن، معالم فی الطريق)، پێ لەسەر ئەوەدا دەگرن کە ئەوە (ئەوە بۆ یەکەمین جار بەپشت بەستن بە چەمکی حاکمیەت دەست بە تەکفیرکردنی دەولەتو کۆمەلگا و تەنانەت سەرجەم کۆمەلگاو حوکمڕانی ولاَتانی سەرگۆی زەوی دەکات)[89]. هەر ئەم هەنگاوە ترسناکەشە حەسەن هوزەیبی ڕابەری گشتی ئیخوان موسلمین ناچار دەکات بە کتێبێك وەلاَمی ئەو ڕایانەی سەید قوتب بداتەوە کە لە (معالم) داهاتوون. (هوزەیبی لە کتێبی - دعاة لا قضاة - ئەو ڕادیکالیەتە ڕەتدەکاتەوە کە سەید هێناویەتە ناو ئیخوان موسلمینەوە)[90]. کاتێك ئەو گروپە ئیسلامیانەی (معالم)یان دەکردە مەشخەلی ڕێگاو بەدوای بیروبۆچوونەکانی سەید دا دەچوون دەرهەق بە کۆمەڵ، ئەوا ئەو مافەیان بە خۆیان دەدا (بە تایبەت لە میسرداو دواتر لە کۆمەلگاکانی دیکەی وەك جەزائیریش دا) کە سیفەتی ئیسلامیەتیو ئیسلامی بوون لە کۆمەلگا بسەننەوە و وەك مەلبەندی کوفرو ئیلحاد سەیریان بکەن. (ئەم کارەش بەو مەبەستەیە تا دەست کراوەبن لەوەی شۆڕش بەسەر ئەو کۆمەلگایەی ئێستادا بەرپا بکەن و سەر لەنوێ بەپێی تێڕوانینی تایبەتی خۆیان بۆ ئیسلام دروستی بکەنەوە)[91]. واتە دەتوانین بلێین تەکفیرکردنی سەید هەریەك لە حاکمو کۆمەڵ دەگرێتەوە. حاکم بەوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر حاکمیەتی یەزدانو خۆی خستۆتە جێگای پەرستنی یەزدان و لەبری یاسا و شەریعەتی ئاسمانی کار بە یاسای زەمینی دەکات. هەروەها ئەم بڕیارەش کۆمەلیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان بەم دۆخە رازین و چاوپۆشیان لەوەکردووە کە مرۆڤێك بێباکانە بێتو لەجێی یەزدان خۆی بکاتە حوکمڕانیان و یاسای ژیانیان بۆ دابڕێژێت.

چاوپۆشی‌کردنی کۆمەڵ لەو بارودۆخەو رازی بوونیان بەو جۆرە ژیانە لە ریزی کۆمەڵی ئیسلامی دەیانکاتە دەرێو گومان لە موسلمان بوونیان دەکرێت, ئەگەرچی ئەوانە وەك دەوڵەت لافی ئیسلامیەتی لێبدەن و وەك میللەتیش خۆیان بە موسڵمان لەقەڵەم بدەن. چونکە لە جێگایەکدا کە حاکمیەت بۆ یەزدان نەبێت‌و کار بەشەریعەتی ئیسلام نەکرێت‌و تاغوتێك حوکمڕان بێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێکداین کەچ پەیوەندیەکیان بە ئیسلامی راستەقینەوە نییە. سەید زیاد لە جێگایەکدا باس لەوە دەکات کە (ئیسلام سوورە لەسەر ئەوەی دەبێت شەریعەتی ئەو لە ژیاندا کاری پێبکرێت، هەروەها لە زیاد لەجێگایەکیشدا ئەو بۆچوونەی بەم ئایەتە تەئکید دەکاتەوە: و من لم یحكم بما أنزله الله فأولئك هم الکافرون)[92]. واتە ئەو لەیەك کاتداو پێکەوە دەوڵەت و کۆمەڵ تەکفیردەکات و هەردووکیان بە بەرهەمی واقعی جاهلیەتێکی نوێ دەزانێ.

## تێزەکانی (سەید قوتب)
## لە میسرەوە بۆ تەواوی جیهانی ئیسلامی

لە شەستەکان بەدواوە ئەوەی لەکایەی ئیسلامی سیاسیدا ئەستێرەی بەختی لە درەوشاندنەوەدایەو نووسینەکانی گرنگی پێ دەدرێت (معالم فی الطریق-ی سەید قوتبە نەك کارنامەی کۆنگرەی پێنجەمی ئیخوان موسلمین‌و ئەو کتێبانەی دیکەی شێخ حەسەن بەننا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نووسیی)[93]، لەو مێژووە بەدواوە (بەننا مەگەر تەنها لای کەسانێکی وەك راشد غەنوشی‌و حەسەن تورابی گرنگی پێبدرێت)[94]، لە بەرامبەردا (لاوەکانی ناو ئیخوان بە گەرمی سەر دەکەنە سەر بەرهەمەکانی قوتب‌و پێیان وایە تێزە تەقلیدیەکانی بەننا ناتوانێت دەرەقەتی گوڕانکاریە تازەکانی ئەو قۆناغ و سەردەمە بێت)[95]. کاتێکیش عەبدولناسر لەشەڕی شەش رۆژەی ئیسرائیلدا توشی شکست دێت، ئیسلامی سیاسی لەو وڵاتەداو لەو هەلومەرجە دژوارو نالەبارەدا زیاتر تاو دەسێنێو دەبێتە پەناگەی هەزاران لەو گەنجانەی بێ ئومێدی رۆحی سمی‌بوون. دواتریش کاتێك دوای مردنی عەبدولناسر ئەنوەر سادات جڵەوی حوکمڕانی دەگرێتە دەست‌و دەرگای بەرووی ئیسلامی سیاسیدا دەخاتە سەر

پشت، ئیتر هەر گروپەو لە ژێر چەتری تیزەکانی سەید قوتبدا دروست دەبن‌و دەست بەکارو چالاکی دەکەن، هەر لە کۆمەڵی ئیسلامیەوە تا گروپی جیهادو تاقمی (التکفیر و الهجرة). ئەمانە لەبەر ئەوەی هەموویان گەنجی بێ ئەزموون بوون‌و (معالم)یش چاوساغی رێگای جیهادیان بوو، هەر زوو بە زەبری هێزو لە رێی جیهادی باسك‌و بازووەوە کەوتنە دژایەتیکردنی دەوڵەت‌و کۆمەڵ‌و کەوتنە تاقیکردنەوەی چانسی خۆیان. لەبەرامبەر زەرەرو زیانێکی بێ شومارو قوربانیەکی زۆرزەوەندا سەرەنجام توانیان لە هەوڵێکی غافلگیرانەدا ئەنوەر سادات تیرۆر بکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لە واقعی حاڵی کۆمەڵگەی میسرو واقعی کاری ئیسلامیش بگۆڕن. ئەم کێبەرکێیەش تا ئەمڕۆکە درێژەی هەیە.

وەك چۆن لە ساتەوەختی شێخ حەسەن بەننادا ئیخوان موسلمین توانی پەل بکوتێتە زۆر وڵاتی عەرەبی‌و ئیسلامی، ئاوەهاش لەدوای حەفتاکانەوە و دوای ئەوەی قوتبیەکان بوونە نموونەی دیاری ئیسلامی سیاسی لە میسردا، لە وڵاتانی دیکەشدا هەوادارو شوێن کەوتوانیان زیادی کرد و لەزیاد لە هەرێمێکداو لەژێر کاریگەری هەمان مەرجەعیەتدا گروە گەلێك کەوتنە چالاکی نواندن، هەر لە کشمیرەوە تا پاکستان‌و ئەفغانستان‌و یەمەن‌و جەزائیرو سودان‌و باشوریی کوردستانیش کە لەدوای راپەڕینەوە زیاتر بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت. ئیتر لە ئێستادا گروپەکانی تەکفیر بەتەنها لە چوارچێوەی وڵاتی میسردا نین, بەڵکو بۆتە دیاردەیەك لەسەرتاسەری وڵاتانی ئیسلامیدا.

## سەرەنجام

ئەوانەی پێیان وایە توندڕەوی‌و مەسەلەکانی‌تری وەك تەکفیرکردنی کۆمەڵ، تەنها بەرەنجامی سیاسەتی دیکتاتۆری و تاك ڕەوانەی دەوڵەتە. چاو لە ڕەهەندێکی سەرەکی توندڕەوی‌و ڕەفتاری شەڕانگێزانەی ئیسلامی سیاسی دەپۆشن، ئەویش ئەوەیە کە (توندڕەوی بەشێکی جەوهەری‌و سەرەکیە لە پێکهاتەی گوتاری ئایینی هاوچەرخ)[96] دا. چونکە کاتێك گوتاری ئایینی هاوچەرخ دەس بە پۆلین کردنی یان دابەشکردنی دنیا دەکات بۆ (ڕەش/ سپی، بڕوادار/ کافر، فریشتە/ شەیتان), ئەوا راستەوخۆ دەرگا بەرووی توندڕەویدا دەکاتەوە و کەمترین بوارێکیش بۆ دیالۆگ‌و لێك حاڵی‌بوون ناهێڵێتەوە. ئەو توندوتیژیە بێ ئامانەی لە مرۆشدا تەواوی جیهانی ئیسلامی تەنیوەتەوە، ئەگەر بەڕوویەکدا بەرهەمی دەسەڵاتێکی تاك ڕەوانە بێت، ئەوا بێگومان بەرووەکەی تردا بەرهەمی ئەو جۆرە تێڕوانینەیە کە کۆمەڵگا بەسەر ئەو دوو بەرەیەدا دابەش دەکات. بڕیاردان لەسەر تەکفیرکردنی کۆمەڵ ئیعلانی شەڕێکی راستەوخۆیە کە

**ڕۆژ بە ڕۆژ قوربانی زۆرترو زۆرتری دەوێت، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی هەبێت، جگە لە کردنەوەی دەرگا نەبێت بەسەر دۆزەخدا.**

**سەرچاوەکان:**


1-د. أحمد موصللی: الاصولیة السلامیة، دراسة فی الخطاب الایدیولوجی و السیاسی عند سید قطب (بحث مقارن لمبادی الاصولیین و الاصلاحیین)- الناشر للطباعة، بیروت- الطبعة الاولی، 1993، ص7.

2-د. سعید مراد: الفرق و الجماعات الدینیة فی الوطن العربی (قدیماً و حدیثاً)- عین للدراسات والبحوث لانسانیة والاجتماعیة، القاهرة- الطبعة الاولی،1997، ص389.

3- هالة مصطفی: الاسلام السیاسی فی مصر- مرکز الدراسات السیاسیة والاستراجیة بالآهرام، القاهرة- الطبعة الاولی، 1992- ص97.

4-د. رفیق حبیب: الاحتجاج الدینی والصراع الطبقی فی مصر- سینا للنشر، القاهرة- الطبعة الاولی،1989، ص106.

5-د. نصر حامد أبوزید: القول المفید فی قضیة أبوزید- مدبولی، القاهرة- الطبعة الاولی،1996، ص258.

6-أحمد حسین حسن: الجماعات الاسلامیة والمجتمع المدنی (دراسة فی استراتجیة بناء النفوذ السیاسی والاجتماعی والتغلغل الفکری)- الدار الثقافیة للنشر، القاهرة- الطبعة الاولی،2000،ص 258.

7-د. حسن حنفی: الدین والثورة فی مصر (1952-1981)، الحرکات الدینیة المعاصرة(5)- مکتبة مدبولی، القاهرة- تأریخ النشر بلا، ص168-169.

8- عادل حمودة: سید قطب من القریة الی المشنقة- دار سینا للنشر، القاهرة- الطبعة الاولی، 1987.

9- صلاح عبدالفتاح خالدی: سید قطب الشهید الحی- مکتبة الاقصی، عمان- الطبعة الاولی، 1981.

10- محمد توفیق برکات: سید قطب و خلاصة حیاته ( منهجة فی الحرکة والنقد الموجه الیه)- دار الدعوة، بیروت- الطبعة الاولی، 1979.

11-د. أحمد موصللی: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

12-د. فوزی أحمد تيم و د. عطا محمد صالح: النظم السياسية العربية المعاصرة (الجزء الثاني)- المركز العالمی لدراسات وأبحاث الكتاب الاخضر، طرابلس- الطبعة الثانية، 1426م-ص 19-20.

13-د. أحمد موصللی: هـ.س.پ-ص،17.

14- هـ.س.پ- ص،17.

15- هـ.س.پ- ص،18.

16- هـ.س.پ-ص،19.

17-د. سعيد مراد: هەمان سەرچاوەی پێشوو- ص،371.

18-د. أحمد موصللی: هـ.س.پ-ص، 17.

19-د. سعيد مراد: هـ.س.پ-ص 371.

20-د. حسن حنفی: الحركات الدينية المعاصرة –ص، 170.

21-د. محمد كامل ظاهر: الصراع بين التيارين الدينی والعلمانی فی الفكر العربی الحديث والمعاصر- دار البيرونی للطباعة، بيروت- الطبعة الاولی، 1994-ص، 230.

22-د. سعيد مراد: ە.س.ث-ص، 372 هەروەها، د. حسن حنفی: ە.س.پ-ص،171 هەروەها، د. أحمد موصللی هـ.س.ث (كتابات سيد قطب) ص،47،44.

23-د. سعيد مراد: هـ.س.پ-ص،372.

24-د. أحمد موصللی: هـ.سزپ-ص،22.

25-هـ.س.پ-ص،22.

26-هـ.س.پ-ص، 24.

27-د. سعيد مراد: هـ.س.پ-ص، 372.

28-د. أحمد موصللی: هـ.س.پ-ص، 24.

29-هـ.س.پ-ص،25.

30- هـ.س.پ-ص،25.

31-جيلز كيبل: النبی والفرعون- ترجمة: أحمد خضر- مكتبة مدبولی، القاهرة- الطبعة الاولی، 1988- ص، 26.

32-سيد قطب: لماذا أعدمونی- تأريخ النشر، بلا-ص،10.

33-بۆ زیاتر ئاشنابوون دەربارەی چۆنیەتی ڕاگرتنی کاروچالاکی ئیخوانەکان لە ساڵی1948و تیرۆرکردنی حەسەن بەننای رابەریان لە 1949/2/12، خوێنەری بەڕێز بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوانە:

- السيد يوسف: الاخوان المسلمون و جذور التطرف الدينى و الارهاب فى مصر- الهيئة المصرية العامة للكتاب ـ القاهرة- الطبعة الاولى، 1999.
- محمود الصباغ: حقيقة التنظيم الخاص و دورة فى دعوة الاخوان المسلمين- دار الاعتصام، القاهرة- الطبعة الاولى، 1989.
- د. رفعەت سەعيد: ئيخوان موسلمين لەگەمەی سياسەتدا – كوردستان، سلێمانی- چاپی يەكەم، 1998.

34- جيلز كيبل: ه.س.پ-ص،26. هەروەها، د. احمد موصللی: ه.س.پ-ص،33.

35-د. مايكل پوهلی: الشبكة الاصولية (تعريف بالمنظمات الاصولية الاسلامية فی العالم)- ترجمة: د. فريدون كاكەيی- مركز كردستان للدراسات الاستراتجية، السليمانية- الطبعة الاولی،2001-ص ،17.

36-د. فوزی أحمد تيم و د. عطا محمد صالح: النظم السياسة العربية المعاصرة (الجزء الثانی)- المركز العالمی للدراسات وابحاث الكتاب الآخضر، طرابلس- الطبعة الثانية، 1426ك-ص،37.

37- بۆ زانياری زياتر دەربارەی ئەحمەد عورابیو شۆڕشەكەی بروانە:
محمود صلاح: محاكمة زعيم (القصة الكاملة لمحاكمة الزعيم أحمد عرابی)- مكتبة مدبولی، القاهرة- تأريخ النشر، بلا.

38-هەروەها دەربارەی شۆرشی1919 بڕوانە كتێبە گرنگەكەی خورهەلأتناسی فەرەنسی:
جاك بيرك: مصر (الامبريالية والثورة) ثورة 1919- ترجمة: يونس شاهين- الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة- الطبعة الاولی، 1987.

39- السيد يوسف: الاخوان المسلمون و جذور التطرف الدينی والارهاب فی مصر- الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة- الطبعة الاولی، 1999- ص،443.

40- زهير ماردينی: اللدودان (الوفد والاخوان)- دار اقرأ ، بيروت- الطبعة الثانية، 1986- (الضباط الاحرار والاخوان- القصة الدامية)-ص،77-130.

41-د. حسن حنفی: الدين والثورة فی مصر (1952-1981)، الحركات الدينية المعاصرة- مدبولی، القاهرة- تأريخ النشر، بلا-ص،192.

42- سيد قطب: لماذا أعدمونی- تأريخ النشر، بلا-ص،12.

43-د. حسن حنفی: الآصولية الاسلامية- ص،47.

44- عبداللة امام: عبدالناصر كيف حكم مصر؟-دار الجيل، بيروت- الطبعة الاولی، 1997-ص، 136.

45-د. حسن حنفی: الاصولية الاسلامية-ص ص،47-56.

46- سيد قطب: لماذا أعدمونی- ص، 15.

47- هـ.س.پ: ص، 26.
48- هـ.س.پ: ص، 27.
49-هـ.س.پ: ص ص، 13-14.
50-د. سعيد مراد: الفرق والجماعات الدينية فى الوطن العربى (قديما.. ءحديثأ)-ص، 373.
51-د. سعيد مراد: هـ.س.پ- ص،374.
52-هـ.س.پ: ص،374.
53-لەم بارەيەوەو سەبارەت بەكاريگەريەكانى نەدەوىو مەودودى لەو قۆناغەدا لەسەر سەيد، بروانە:
-د. حسن حنفى: الحركات الدينية الماصرة (أثر أبى الآعلى المودودى على الجماعات الدينية المعاصرة)-ص ص، 123-167.
-د. محمد أحمد خلف اللة: الصحوة الاسلامية فى مصر (الحركات الاسلامية المعاصرة فى الوطن العربى)- مركز الدراسات الوحدة العربية، بيروت- الطبعة الرابعة،1998-ص ص، 59-95.
54-د. حسن حنفى: الآصولية الاسلامية-ص، 47.
55-سيد قطب: لماذا أعدمونى – ص،29.
56-د. سعيد مراد: هـ.س.پ-ص، 380.
57-هـ.س.پ: ص،380.
58- هـ.س.پ: ص،381.
59- د. مايكل پوهلى: الشبكة الاصولية (تعريف بالمنظمات الاصولية الاسلامية فى العالم)- ترجمة: د. فريدون كاكةيى- مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية- الطبعة الاولى، 2001-ص،18.
60-د. سعيد مراد: هـ.س.پ- ص، 380.
61- سيد قطب: دراسات اسلامية- دار الشروق، القاهرة- تأريخ النشر، بلا- ص، 139.
62-د. حسن حنفى: الحركات الدينية المعاصرة-ص، 123.
63- محمد حسنين هيكل: خريف الغضب (قصة بداية ونهاية عصر أنور سادات)- شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت- الطبعة التاسعة عشر، 1987-ص، 286.
64-د. عبدالمنعم الحفنى: موسوعة الفرق والجماعات والمذاهب والاحزاب والحركات الاسلامية- مدبولى، القاهرة- الطبعة الثانية، القاهرة- ص ص، 203-206.

65-د. حسن حنفى: الحركات الدينية المعاصرة –ص،124.
66- هـ.س.پ: ص،126.
67- هـ.س.پ:ص، 130.
68- بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکی (حاکمیەت) لای هەریەك لە ئەبو ئەعلای مەودودیو سەید قوتب، بروانە:
- د. حيدر ابراهيم على: التيارات الاسلامية وقضية الديموقراطية- مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت- الطبعة الثانية، 1999-ص ص،131-138.
- د. نصر حامد ابوزيد: نقد الخطاب الدينى- سينا للنشر، القاهرة- الطبعة الثانية، 1994- ص ص، 101-117.
69-عبدالحكيم العفيفى محمود: موسوعة تأريخ الاعدام السياسى فى مصر- مدبولى، القاهرة- الطبعة الاولى،1997-ص،266.
70-د. محمد أحمد خلف اللة: الصحوة الاسلامية فى مصر-ص،93.
71- د.حسن حنفى: الحركات الدينية المعاصرة-ص، 258.
72-هـ.س.پ: ص،290.
73-د. نصر حامد أبوزيد: نقد الخطاب الدينى-ص، 105.
74- دلال البزرى: دنياالدين والدولة الاسلاميون والتباسات مشروعهم- دار النهار، بيروت- الطبعة الاولى،1994-ص،37.
75-د. أحمد موصللى: الأصولية الاسلامية-ص،17.
76- جيلز كيبل: النبى والفرعون-ص،22.
77-د. حيدر ابراهيم على: التيارات الاسلامية وقضية الديموقراطية- مركز الدراسات الوحدة العربية، بيروت- الطبعة الثانية، 1999-ص، 62.
78- سيد قطب: معالم فى الطريق –دار الكتاب الاسلامى، قم-الطبعة الشرعية العاشرة، 1983-ص،10.
79- سيد قطب: هـ.س.پ-ص، 10.
80-د. نصر حامد أبوزيد: نقد الخطاب الدينى-ص،97.
81- صالح الوردانى: الحركة الاسلامية فى مصر، الواقع والتحديات( من الخمسينات الى التسعينات)- دار الكلمة، القاهرة- الطبعة الاولى، 2000-ص، 133.
82-صالح الوردانى: هـ.س.پ-ص، 177.
83-صالح الوردانى: هـ.س.پ-ص،133.
84-زەینەب غەزالی: رۆژگارێکی تەمەنم- چاپی یەکەم، 1999.
85-صالح الوردانى: هـ.س.پ-ص،178.

86- سيد قطب: لماذا أعدمونى –ص،37.
87-د. رفيق حبيب: الاجتماع الدينى والصراع الطبقى فى مصر- سينا للنشر، القاهرة- الطبعة الاولى، 1989-ص، 170.
88- سيد قطب: هـ.س.پ-ص، 37.
89-د. نصر حامد ابوزيد: نقد الخطاب الدينى-ص، 93.
90-اوليفية روا: تجربة الاسلام السياسى- ترجمة: نصير مروة- دار الساقى، بيروت-الطبعة الثانية، 1996-ص،198.
91-د. محمد احمد خلف اللة: الصحوة الاسلامية فى مصر-ص، 74.
92-سيد قطب: دراسات اسلامية-ص،28.
93- دلال البزرى: دنيا الدين والدولة-ص،23.
94- هـ.س.پ: ص،23.
95-صالح الوردانى: الحركة الاسلامية فى مصر- ص، 133.
96-د. نصر حامد ابوزيد: نقد الخطاب الدينى- ص،24.

# ستراتیژی كاری ئیسلامی سیاسی
# لەدوای ( سەید قوتب )ەوە

# (69)

بەرەبەیانی رۆژی دووشەممە (29/ ئابی/ 1966) وسی‌وچوارساڵ لەمەوبەر، لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر یەكێك لەدیارترین تیۆرستەكانی رێكخراوی ئیخوان موسلمین لەسەدەی بیستەمدا (واتە سەید قوتب)، لەگەڵ هەریەك لە (محەمەد یوسف هەواش و عەبدولفەتاح ئیسماعیل)ی خوێندكاریدا، بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێكراو كۆتایی بەژیانیان هات. ئەم باسە نەبەدواداچوونی هۆكارەكانی ئەو رووداوەیە، نەگێڕانەوەی سەربوردەی ژیانیشیەتی لەسی‌وچوارمین ساڵڕۆژی لەسێدارەدانیدا (هەرچەندە راگوزەرانە چەند سەرە قەڵەمێك لەم بارەیەوە دەخەینە پێش چاو). بەڵكو مەبەستی سەرەكی كارەكەمان بەدوور لەوانە، هەوڵدانێكە بۆنزیكبوونەوە لە ناوەڕۆكی بیركردنەوەی سەیدو ئاشنابوونەبە جیهانبینییەكانی‌و هاوكات تەقەللایەكیشە بۆ دەست خستەسەر كاریگەرێتی راستەوخۆی تێزەكانی لەسەر كاروچالاكی گروپە ئیسلامییەكانی دوای خۆی، چ لەسەر ئاستی ناوخۆی میسردا بێت یاخود لەسەر ئاستی دەرەوەو تەواوی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا بێت.

رەنگە لێرەداو هەر لەسەرەتاوە رووبەڕووی چەند پرسیارێك ببینەوە، وەك ئەوەی كەئاخۆ چ حیكمەتێك لەهێنانە بەرباسی سەید قوتبدا هەیە لەساتەوەختی ئێستادا؟ یاخود پیاوێك ئەوەندە ساڵ بێت دنیای جێهێشتبێت، چ پەیوەندییەكی بەئیسلامی سیاسی‌و گروپە ئیسلامییەكانی ئەم چەند دەیەی دواییەوە هەیە؟ ئەمەو چەندین پرسیاری هاوشێوەی ئەمانە.

بێگومان بێئەوەی ناچاری دوور ڕۆیشتنو دۆشـداماـن بـین لەئاسـت ئـەو پرسـیارانەدا, دەتوانین دەست بـەجێو بـەکورتی بڵـێین: حیکمـەتێك لەهێنانەبـەر باسـی پیـاوێکی وەك (سەید قوتـب)دا هـەبێت، ئەوەیـە ئێمـە نـاتوانین بـاس لەئیسـلامی سیاسـیو مێـژووی سەرهەڵدانو گەشەسەندنی گروپە ئیسلامییەکان بکەینو ئاراسـتەی کارکردنیـان دیـاری بکەین، بەبێ ئەوەی لەپای ئەمانەدا ئێستێك لەبەردەم هەریەك لە (حەسەن بـەننـاو سـەید قوتب)دا نەکەین.

لەکاتی قسەکردن لەسەر ئیسلامی سیاسی ئـەوە بۆتـە بەڵگـە نەویسـتێكو کـارێکی ناچـاری، کـەدەبێت بـەردەوام چـاوێکت لەسـەر (بـەننـا) بێـتو ئـەوی دیکـەیانت لەسـەر (سـەید) بێـت، چـونکە فەرامۆشـکردنی هەریـەك لـەوان، ئەوەنـدەی چاوپۆشـیکردنو ئافەرۆزەکردنی قۆناغێكو مێژوویـەکی ئـەزموونی ئیسـلامی سیاسـیو بـاڵێکی دیـارو دەرکەوتووی ناو ئەو دیاردەیەیە، ئەوەندە فەرامۆشکردنی تەنها کەسێك نییە وەك خۆی.

ئەم دوو پیاوە واتە (بەنناو سەید) لەیـەك سـەدەدا دەسـت بەکاردەکـەن، بـەڵام لـەدوو قۆناغی تەواو جیاوازدا. هەردووکیان بەدوو سەرەتای جیاواز دەست پێدەکەن، بەڵام یـەك چـارەنووس چـاوەڕێیان دەکـات. هـەردووکیان لەیـەك سـاڵدا (1906) و لەیـەك خـاكو وڵاتدا چاو بەدنیا هەڵـدێنن، بـەڵام لـەدنیا دەرچـووندا حەڤـدە سـاڵێك بـەینیان دەبێـت. (بـەننا) لـە ڕۆژی دوانـزەی شـوباتی (1949) داو (سـەید) لـە بیسـت و نـۆی ئـابی (1966) دا. (بـەننا) لـە بـاکووری میسـر و لـە پارێزگـای ئیسـماعیلییەو لەشـاری مەحمودیە دێتەدنیاوە، (سەید) لەباشووری قاهیرەو لـەپارێزگای ئەسـیوط و شارۆچـکەی (موشا) لەدایك دەبێت. ئـەم دوانـە کەمێـژووی ئیسـلامی سیاسـی لەسـەدەی رابـردوودا بەدەستو پەنجەی خۆیان ڕەنگڕێژدەکەن, هیچیان دەرچووی (ئەزهەر) نـینو هـەردووکیان وەك یەك پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانیان تـەواوکردووە، دەرەوشـانەوەی ئەسـتێرەی بەختی هەردووکیان لەقاهیرەدا دەست پێدەکات. (بـەننا) بەکاروچـالاکی حزبـی لـەدوای ساڵی 1933وەو (سەید) بەبواری ڕۆژنامەگەریو ڕەخنەی ئـەدەبیو نزیکبوونـەوە لـەناوە دیارەکانی وەك عەباس مەحمود عەقادو تەها حسێن.

(بەننا) وەك سەرکردەیەکی جـەماوەری سـەوداو مـامەڵـەی گـەرمی لەگـەڵ خـەڵکانی ئاسایی‌دا بوو، لەگازینۆو کوچەوکۆڵانە قەرەباڵغەکانـدا نیـەتی خـۆیو بەرنامـەی کـاری ڕێکخراوەکەی دەخستەڕوو. (سەید) پیاوێك بوو گۆشەگیرتر، سـەوداو رایـەڵی ئـەو زیـاتر لەگەڵ دەستەبژێرو تاقمە ئۆرستۆکراتەکان دابوو. دواتـر هـەر ئـەم ئەخلاقیاتەشـە کاتێـك (سـەید) دەبێتـە ئیخـوانیو دەکەوێتـە تیـۆریزەکردن بـۆ ئـەو گروپـە بـەدوای خۆیـدا

دەیهێنێتو ئومێدو خولیاکانی بۆ ژیاندنەوەی ئیسلامو هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێکی ئیسلامی، لەنوخبەیەکی پێشەنگو دەستەیەکی هەڵبژاردەدا دەخاتەڕوو.

(بەننا و سەید) یەك هیواو یەك ئامانج بوون، بەڵام ڕێگاو ئامرازی هەریەکەیان بۆگەیشتنە ئەو مەبەستە لەیەکدی جیاواز بوو. جیاوازی بیرکردنەوەو کارکردنی هەریەکەشیان، سەرەڕای جیاوازی قۆناغی کاری هەردووکیان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی مەرجەعیەتی فیکریو ئایدۆلۆژیان. قۆناغی کاری (بەننا) نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم داگیردەکات (1928-1949)، قۆناغی کاری (سەید) نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە ڕەنگڕێژ دەکات (1951-1966). مەرجەعیەتی فیکریو ئایدۆلۆژی (بەننا) لەچوارچێوەی ڕۆشنبیری میسریو لەسنوری جوگرافی میسر تێناپەڕێت، بەڵام لەبەرامبەردا (سەید) بۆ قۆناغی خۆیو بۆ بەرنامەی کاری خۆی سەرچاوە فکرییەکانی لەدەرەوە دێنێتوناچێتەوە سەر ئەو سەرچاوانەی قیبلەنومای (بەننا) بوون لەکارکردندا. (بەننا) کەدەست پێدەکات ئەوەی زادی ڕێگایەتی بۆ سەرلەنوێ ژیاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامیو ڕێگرتن بەشاڵاوی خۆرئاواخوازیو ڕێکخستنەوەی یەك ریزی موسڵمانان، گۆڤاری (المنار)و پەیامو نووسینەکانی سەلەفییەکی وەك شێخ (ڕەشید ڕەزا)یە. تەنانەت وەك لەچەند شوێنێکدا هاتووە ئەو دوودڵ نەبووە لەوەی بڵێت: گەر مردن زەفەری بە(ڕەزا) نەبردایە، ئەوا یەکێك دەبوو لەئەندامانی ئەو گروپەی ساڵی 1928 لەگەڵ ئەحمەد ئەلسوکەریو چەند هاوڕێیەکی تریدا لەشاری ئیسماعیلییە دایانمەزراند. واتە (ڕەشید ڕەزا)ش دەبووە ئەندامێکی ریزەکانی ناو ئیخوان موسلمین. لەبەرامبەردا سەرچاوە فیکرییەکانی سەید" دەقاودەق دەچنەوە سەرکارەکانی ئەبوئەعلای مەودودیو ئەبوحەسەنی نەدەوی، واتە ئەو لەبری ئەوەی مەرجەعیەتی خۆی لەخاکیکینانەوە هەڵێنجێت، لەهندو پاکستانەوە بەدەستی دەخات.

(بەننا) پیاوێکە سەرقاڵی قسەکردنو وتاردانو کۆبوونەوەی جەماوەرییە، (سەید) پیاوێکە زیاتر دەنووسێتو کەمتر دەدوێت. بەراوردێکی سەرپێیانەی بەرهەم ونووسینەکانی هەردووکیان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن، ڕەنگە جیاوازی ئەو حاڵەتەش لەنێوانیاندا زیاتر بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ژیانی تایبەتی هەریەکەیان لەو قۆناغانەی سەرقاڵی کارکردن بوون. (بەننا) لەدەرەوەو لەناوخەڵكو مزگەوتو شوێنە گشتییەکاندا بووەو مانگێك نەبێت زیندانی نەدیووەو دواتر لەسەر فەرمانی شافاروق بەردراوە، بەڵام (سەید) لەو پانزە ساڵەی کۆتایی تەمەنیدا کەپەیوەندی بەڕیزەکانی ئیخوانەوە کرد لەسەر دەستی (ساڵح عەشماوی)، تەواوی تواناکانی خۆی بۆ ژێرە و

ژووركردنی دەسەڵاتی سەرۆك (جەمال عەبدولناسر) تەرخانكرد. جگە لەچەند ساڵێكی كەمی نەبێت, باقی ئەو ساڵانەی تری تەمەنی لەگرتووخانەی (ليمان طره)، یاخود ژووری ئەو نەخۆشخانە تایبەتەدا بەسەربرد كەلەتەنیشت ئەوزیندانەوەبوو. (سەید) لەڕووداوەكەی گۆڕەپانی (المنشیه)ەوە كەلەئۆكتۆبەری 1954دا لەلایەن ئیخوانەوە نەخشەی بۆ داڕێژراو مەحمود عەبدوللەتیفو هەنداوی دوێر جێبەجێیان كردومەبەست لێی تیرۆركردنی جمال عەبدولناسر بوو، دەسگیركراو حوكمی زیندانی هەتاهەتایی بەسەریدا درا، بەڵام لەبەر ناهەمواری باریتەندروستی دوای دەساڵ مانەوە لەزیندانەدا، عەبدولناسر لەساڵی 1964ولەسەر داوای عەبدولسەلام عارفی سەرۆكی ئەوكاتی عیراق بڕیاری ئازادكردنیدا.

(بەننا) دەست بەكاربوونی وەك ئیسلامیێكی سیاسی لەشاری ئیسماعیلییەو لەپای روخانی خەلافەتی عوسمانی و شاڵاوی خۆرئاواخوازی بۆ سەر وڵاتانی ئیسلامیو خۆرهەڵات دەست پێدەكات، سەید دوای تێپەڕبوونی چلوپێنج ساڵ لەتەمەنیو لەناوجەرگەی وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكاو بەكوژرانی حەسەن بەننا ئەو ڕێچكەیە دەگرێتەبەر.

(بەننا) لەخەمی راكێشانو بێداركردنەوەی زۆرترین ژمارەی خەڵكدا بوو.(سەید) پێچەوانەی ئەو سۆراخی لەدەستەیەكی دیاریكراوو تاقمێكی هەڵبژاردەو دیاری كراوبوو، بۆ گۆڕینی واقعی جاهلیەتی نوێ (بەزمانی سەید) بەواقعێكی ئیسلامی. روونتر بڵێین: گرنگ لای ئەو چۆنایەتی بوو نەك چەندایەتی. (بەننا) سەرەڕای تەمەنی كورتی ژیانی (كەچلو سێساڵێك بوو) خێزانی دروست كردو لەپاشی خۆی نەوەیەكی بەجێهێشت. كەچی (سەید) سەرەڕای تەمەن درێژی (كەشەست ساڵێك ژیا)و سەرباری تەئكید كردنەوەی بەردەوامی لەسەر بایەخو گرنگی رۆڵی خێزان، تەنها مایەوەو ژیانی هاوسەری نەبینی. دواجار (بەننا) لەسەر شەقامەكانی قاهیرەو بەگوللەی پیاوەكانی ئیبراهیم عەبدولهادی ئەم دنیایەی بەجێهێشت، هاوكات (سەید قوتب) دوای هەوڵە شكست خواردووەكەی دووەمین جاری ئیخوان موسلمین بۆ سەرنگومكردنی حكومەتەكەی عەبدولناسر، لە 30ی ئابی 1965دا تەواوی ئیخوانەكان لەڕێی ئیعترافاتەكانی عەلی عەشماوییەوە كەوتنە تۆڕی دەزگا تایبەتەكانی دەوڵەتەوەو پاش تێپەڕبوونی ساڵێك, (سەید) و هەردوو خوێندكارەكەی (هەواش و عەبدولفەتاح)، (فوئاد دەجەوی) بڕیاری لەسێدارەدانی دەركردنو لەزیندانێكی باشووری قاهیرەدا دەمەو بەیانێك ئەو بڕیارە جێبەجێكرا. ئەو رۆژە كۆتایی ژیانی پیاوێك بوو، بەڵام بەم دیویشدا سەرەتای قۆناغێكی تازەی كاری ئیسلامی سیاسی و مێژوویەكی خوێناوی گروپە توندڕەوەكان بوو كەتارمایی فیكرو بۆچوونەكانی سەیدیان بەسەرەوەبوو.

لێرە بەدواوەو دوای ئەو سەرەتاییە دەکرێت وەرچەرخێینە سەردیاریکردنی گەوهەری بیرکردنەوەی (سەید قوتب) و کاریگەرێتی بێ قەیدو شەرتی فیکرو تێزەکانیئەو بەسەر ئاراستەی کاری تەواوی ئەو گروپە جیهادیو رادیکالیانەی لەدوا ساڵەکانی شەستو سەرەتای حەفتاکانەوە، بەردەوام وەك قارچك لەهەموو جێگایەکی ولاتی میسرو ولاتانی دیکەی ئیسلامیدا هەڵدەتۆقین.

بەبڕوای زۆربەی زۆری ئەوانەی تەماسیان لەگەڵ بیرکردنەوەی (سەید قوتب) دا هەیەو بەفیکری ئەو ئاشنان، کۆکو تەبان لەسەر ئەوەی نزیکترینودەوڵەمەندترین سەرچاوەیەك لەبەردەستدا بێت بۆپەی بردن بەنهێنییەکانی فیکری ئەوو جیهانبینییە رادیکالییەکانی، بەجیا لەتەواوی بەرهەمەکانی کتێبی (معالم في الطريق)ە. لێرەداو بۆ ئێمەش تابتوانین تێبگەین لەوگۆڕانکارییە ستراتیژییەی بەسەرکاری ئیسلامی سیاسیدا دێت لەدوای (سەید قوتب)ەوە، رەنگە ئەمە لەبارترینوچاکترین دەروازەیەك بێت بۆ ئەو مەبەستە. لەبەرئەوەی سەید لەم کتێبەیدا کەجگە لەنامیلکەی (لماذا اعدموني؟) دوا بەرهەمیەتیو تەواوی خواستو ویستەکانی خۆی تێیدا چڕکردۆتەوە، دەتوانین دەست بخەینەسەر جەوهەری جیهانبینییەکانیو شێوازی بیرکردنەوەیو پلانو نەخشەکێشی بۆ جێبەجێکردنیان.

واتە ئیتر ئێمە هەربۆ ئەوە پێویستمان بەخوێندنەوەی(معالم في الطريق) نابێت تابزانین (سەید قوتب) بۆچی لەسێدارەدرا و بۆچی بەو تەمەنەوە عەبدولناسر بڕیاری خنکاندنی مۆرکرد، بەڵکوخوێندنەوەی ئێمە بۆ نیازو بۆ مەبەستێکی جیاوازترە. بۆ مەبەستێکە تابزانین (معالم) چ گۆڕانێك بەسەر ستراتیژیەتی کاری ئیسلامی سیاسیدا دێنێت و چۆن چۆنی نەخشەی خۆی بەسەر بەرنامەو پرۆگرامی گروپە جیهادیو رادیکالییەکانی جیهانی ئیسلامییەوە بەجێدەهێڵێت؟

هەرلەسەرتاوە پێویستە لەوە بەئاگابین کە (معالم في الطريق) بەرهەمێکە زادەی ساڵانی نێوگرتووخانەکانو چواردیواری زیندانی (ليمان طره)یە، بەرهەمێکە زیاتر لەژێر زەبری ئەشکەنجەدانەکانی (شەمس بەدران) و پیاوەکانیدا نوسراوە. ساڵی 1964 بۆ یەکەمین جار یەکەمین چاپی لەلایەن کتێبخانەی (وەهبە) وە بڵاوکرایەوە، دواتر لەچاپ دانەوەی بەردەوام بوو تا کار گەیشتە ئەوەی لە ماوەی شەش مانگدا پێنج جار چاپ کرایەوە. وەك چۆن (سەید) لەزینداندا ئازاد بوو لەنووسین، ئاوەهاش لەچاپدانەوەی کتێبەکەشیدا ئازادبوو. کاتێك دانەیەکیان لەوکتێبە دایەدەست عەبدولناسر، هەرزوو درکی کرد کەلەپشتی ئەم کتێبەوە رێکخراوێکی نهێنی هەیە، سەرف بوونی ئەو کتێبە بەو ژمارە زۆرە لەو ماوە کەمەدا بەڵگەی راستی ئەو بۆچوونەی ناسر بوو.

(سەید قوتب) لە (معالم) دا بەم دەستەواژەیە دەست پێدەكات:

(خۆرئاوا لەمڕۆدا بەهەردوو بەرەی سەرمایەداریو سۆسیالیزمیەوە بەرو ئیفلاسی و بەرەو هەڵدێر دەچێت، چونكە ئەوان هەرچی بەهایەك هەیە لەدەستیان داوە، هەر بۆیە لەبەرامبەر هەلومەرجێكی ئاوهادا ژیاندنەوەی ئیسلام كلیلی چارەسەری هەموو كێشەكانە).

(سەید) سەرەتای كارەكەی بەكێشانی وێنەیەكی رەشو تەماوی بۆ دنیا دەست پێدەكات، دنیایەك كەغەرقە لە گوناهو نەفامی و بێباوەڕی. هەرئەمەشە بۆیەكەمجار لەمێژووی تازەدا ئەودەخاتە سەر كەڵكەڵەی ئەوەی بەئاشكرا بڵێت: (ئێمە لەسەردەمێكی جاهلی تازەدا دەژین). لێرەوە ئیتر لەسەردەستی ئەو چەمكی جاهلیەت مانایەكی زۆر بەربلاوتر وەردەگرێتو بەتەنها نابێتە چەمكێك تەعبیر لەقۆناغێكی مێژوویی دیاریكراو بكات كەئیسلام لەسەرەتای هاتنی پەیامەكەیەوە بەجێی هێشتبێ، بەڵكولای ئەو تەواوگۆڕانی ریشەیی بەسەردادێتو لەقۆناغێكی مێژوویی رووتەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێك یاخود روونتر بڵێین بۆ هەڵوێستێكی فكریی كە ئەگەری دووبارە بوونەوەی دەبێت، هەرئانو ساتێك كۆمەڵگە لەڕێبازی ئیسلام لایدا. ئیتر ئەم لادانە لەهەر كاتێكو لەهەر جێگەیەكدا بێت، لەڕابردوودا بێت یاخود هەنووكە یان لەئایندەدا (بڕوانە/ معالم). زیاد لەوەش (سەید) كارێك دەكات لەڕێی تێزەكانیەوە جاهلیەت بكاتە چەكێكی مەعریفی تا بەكاریبهێنێ بۆ رەتكردنەوەی فیكرو فەلسەفەی خۆرئاوا، هاوكات بۆ ئافەرۆزەكردنی فیكری ئیسلامیش بەكۆنو تازەیەوە.

(سەید) كاتێك لەناو زیندانەوە تەواوی قۆناغی خۆیو تەواوی دنیای بەجاهلیەت ناونووس دەكرد، پێیزانی بێت یان نا ئەوا ئەو بەوكارەی مێژووی دەبردەوە سەر پلەی (سفر). ئەو ئەگەر راستەوخۆش راینەگەیاندبێت دەیویست بڵێت..هەزارو چوارسەد ساڵە هیچ نەكراوەو ئێمە هەنووكە هێشتا هەر لەسەرەتادایین. ئەو بەرنامە رێژیەی لە (معالم) دا دەیكات كتومت لەبەرنامە رێژی سەرەتای بانگەواز دەچێت، دنیا سەرلەبەری لەجاهلیەتدا دەژی و دەستەیەكی دیاریكراو دێن و هەوڵی گۆڕینی ئەو واقعە دەدەن.

سەرەتاو لەقۆناغی لاوازیدا بەپەناگرتن و خۆ پەروەردەكردنو دووركەوتنەوە لە كەش و هەوای جەهلیەت دەست پێدەكاتو دواجار خۆسازدان و خۆڕێكخستن و دەستكردن بەگۆڕینی ئەو واقعە لەڕەگ و ریشەوە دێتەئارا. ئەو گۆڕانە ترسناكەی لەسەر دەستی (سەید قوتب) بەسەر ستراتیژی كاری ئیسلامی سیاسیدا دێت، بەتەكفیركردنی هەریەك لەكۆمەڵگەو كەسی فەرمانڕەوا دەست پێدەكات. ئێمە تاسەرەتای ساڵانی شەستەكانی سەدەی رابردووش دیكۆمێنتێكی وەها شك نابەین كەئیسلامی سیاسی تەواوی كۆمەڵگەو حوكمڕانی ولاتی پێ تەكفیر بكات، بەڵكو وەكی (د.نصرحامد ابوزید) لە كتێبی (نقد الخطاب الديني) دا ئاماژە بۆ كاریكی وا دەكات، بەواتای تەكفیركردنی

کۆمەڵگەو کەسی فەرمانڕەوا لەسەرتاسەری گۆی زەویدا لە نووسینەکانی (سەید قوتب)ەوە دەست پێدەکات.

گەر لەقۆناغەکانی پێش (سەید)دا چاکسازانی هەمان ڕێباز, بڕوایان بەڕیفۆرم و ڕێنوێنیکردن و بێدارکردنەوەی خەڵکی هەبووبێ‌و ئامانجیان راکێشانی زۆرترین ڕێژەی خەڵکی بووبێت بەلای بانگەوازەکەیاندا، ئەوا لەساتەوەختی (سەید) و لە قۆناغی پاش شۆڕشی یۆلیۆدا کارکردنی ئیسلامی سیاسی بە جۆرێکی دیکەی لێدێت و ڕێچکەیەکی پێچەوانەوە دەگرێتەبەر. ئەو پێی وایە قۆناغ و سەردەمێك هاتۆتە پێش کە تەشەنەکردن و سەرلەنوێ گەیاندنی پەیامی ئیسلامی بەجیهاندا، پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە لە هەردوو بواری چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ ئەو ئامرازو ئامێرانەی پێویستن بۆ سەرخستن‌و بەرەو پێشبردنی جۆری ئەوکارکردنە. هەر لەپای ئەمەدا ئەو دوودڵ نییە, بەئاشکرا رایبگەیەنێت‌و بڵێت: (لەئێستادا بەتەنهاهەرقورئان بەس نی‌یە وەك بەڵگە و دەلیلێك، بەڵکو ئێستا کاتی شمشێر هاتووە. ئەوەی هەنووکە لەئارادایە سیستمی‌جاهلیەتە، سیستمێك کەدەبێت بەهەمان شێوازی شەڕکردنی کافرەکان شەڕی لەگەڵدا بکرێت).

بەوەها راگەیاندنێك (سەید) سەرەتای ڕێگای خەباتێکی تازەی بۆ ئیسلامی سیاسی رەنگڕێژ دەکرد کە دەتوانین بەکورتی بڵێین بریتی بوو لە گۆڕینی کار لەعەقڵەوە بۆ دەست‌و مەچەك، یان روونتر مەبەست بپێکین بریتی بوو لە: (گۆڕینی جیهادی ئەقڵ بەجیهادی بازوو).

(سەید) ئەوەی بڕیاردا کەتەواوی فەرمانڕەوایانی دنیای ئەمڕۆ (تاغوتن) و دەستدرێژییان کردۆتەسەر حاکمیەتی خودا لەسەرزەوی، بۆیە دواجار کەدەڵێت: ئەوانە دەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی ئیسلام، دەیەوێت لەپشتی ئەم دەستەواژەیەوە تەکفیر بکات، بەتەکفیرکردنیشیان خەڵکی هان بدات لێیان راپەڕن‌و شۆڕش بەسەریاندا بکەن. تەنانەت ئەم کارە بەجۆرێك توخ دەکاتەوە وەك ئەوەی بەخەڵکی بڵێت: یاخی بوون لەفەرمانڕەوایان فەرمانێکی ئیلاهی‌یەوپێویستەجێبەجێبکرێت. هاوکات هەرلەم سەروبەندەشداو لەگوتاری ئیسلامی سیاسی پاش (سەید قوتب)دا بەسەر ئەم راستیەشدا دەکەوین کەمرۆڤ ئێجگار گرگن و ریوەڵەیە، گرگن بەو مانایەی زۆر لەوە بچووکترە بەرنامە رێژی بکات و دەستوورو یاسا دابنێ، یاخود جۆرو شێوازی ئەو سیستمی حوکمڕانیانە دیاری بکات کەبەڵکی ژیان‌و گوزەرانی دێن. ریوەڵەشە لەبەرئەوەی کاری ئەو یاخود تاکە رۆڵی کاراو ئەکتیڤانەی ئەولەسەر زەوی (عبودیەتە) بۆخاڵقی خۆی‌و ملکەچی‌و گوێڕایەڵی‌یە بۆ فەرمانەکانی یەزدان، (ئەمە خاڵێکە بەردەوام سەید قوتب و بەر لەویش ئەبو ئەعلای مەودودی مامۆستای تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە).

ناونووسکردنی تەواوی دنیاو سەرتاسەری قۆناغێك بەجاهلیەت گۆڕینی کاروخەباتی عەقڵە بەجیهادی باسك و بازوو، فەزڵدانی شمشێرە بەسەر قورئان وتوندوتیژییە بەسەر

**حیكمـەتو ڕێنوێنیـدا. تورهەڵـدانی تـەواوی فـەرمانڕەوایان بـۆ دەرەوەی سـنوورەكانی ئیسلامو تەكفیركردنی كۆمەڵگە بـەحاكم و مەحكومـەوە. كورتكردنـەوەی ڕۆڵـی مرۆڤـە لەسەر گۆی زەوی بۆ تەنها (كۆیلایەتی) كەبەبڕوای سەیدو مەودودی" عبودیەت ترۆپكی ئەو ئازادیەیە كە ئیسلام بەمرۆڤی دەبەخشێت. هەموو ئەمانە جەوهەری گوتـاری (سـەید قوتب) پێكدێنێت لە (معالم في الطريق) داو ستراتیژێكی نـوێ بـۆ كـاری ئیسـلامی سیاسی لەدوای مەرگی خۆی دادەڕێژێت. گوتارێك كەوا دەكات ئیسـلامی سیاسـی وەك وێڵگـەردو كـائنێكی نـامۆو تێئـاواربوو لـەدەرەوەی واقیـعو مێـژوودا بـژی. هەوڵـە بـێ ئامانــەكانی كۆمەڵــەی (تــەكفیرو هیجــرە)ی شــوكری مســتەفاو كۆدێتــا شكســت خواردووەكەی سالح سریەو سالم رەحالو جیهادە بێ ئاكامەكەی عەبود ئەلزومزو و عطا طايل و خالد ئیسلامبولیو دەستوەشـاندنە تراژیدییەكـەی محەمـەد عابـد عەبـدولعال و مەرگە ساتەكانی ئەفغانو جەزائیر، تارمایی قورسی (معـالم) وجیهانبینیـەكانی (سـەید قوتب) یان بەسەرەوەیە، بۆگۆڕینی واقعی جاهلیی ئێستا بەزەبری هێزو بەدەمی شمشێرو ڕەنگڕێژ كردنی دنیا بەیەك ڕەنگ.**

**<u>سەرچاوەكان:</u>**


1-جليز كيبل: النبي والفرعون, ترجمة: احمد خضر,مكتبة مدبولي، القاهرة، الطبعة الاولى، 1988.

2-سيد قطب: معالم في الطريق, دار الكتاب الاسلامي، (قم/ ايران) الطبعة الشرعية العاشرة, 1983.

3-عادل حمودة: سيد قطب من القرية الى المشنقة (تحقيق وثائقي)، سينا للنشر، القاهرة، الطبعة الاولى، 1987.

4-محمد حافظ دياب: سيد قطب (الخطاب والايديولوجيا)، دار الطليعة, بيروت، الطبعة الاولى، 1988.

5-محمد سيد بركة: سيد قطب (صفحات مجهولة)، دار الاعتصام، القاهرة، الطبعة الاولى، 1999.

6-د.احمد موصللي: الاصولية الاسلامية، دراسة في الخطاب الايدولوجي والسياسي عند سيد قطب (بحث مقارن لمبادىء الاصوليين والاصلاحيين)، الناشر للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، 1993.

7-د.نصر حامد ابوزيد: نقد الخطاب الديني، سينا للنشر، القاهرة، الطبعة الثانية, 1994.

8-د.محمد جابر الانصاري: التأزم السياسي عند العرب وسوسيولوجيا الاسلام (مكونات الحالة المزمنة)، دار الشروق، القاهرة، الطبعة الثانية، 1999، الفصل السابع، التباس مفهوم (الحكمة) و(الحاكمية) في الوعي الاسلامي المعاصر بين القران و المعنى المحدث.

9-د.رفعت السعيد: حسن البنا (متى، كيف ولماذا؟)، دار الطليعة الجديدة، ديمشق، الطبعة العاشرة، 1997.

# سەرەتايەك دەربارەی گروپەكانی ( تەكفير )

گروپـــەكانی -تـــەكفير- كامانـــەن؟ لـــە چ فكـــر و ئايدۆلۆژيايەكـــەوە سەرچاوەدەگرن؟ شوێنكاتی دروستبوونيان لـە كوێيـە و دەگەڕێتـەوە بـۆ كـەی؟ شێواز و ئامانجی كاركردنيان چیيە؟ لەم وتارەدا هەوڵ دەدەين كەم تا كورتێـك وەڵامــی ئــەو پرســيارانە بدەينــەوە..ســەرەتا ئەگــەر بەپێناســەكردنێك دەســت پێبكەين، ئەوا ئەتوانين بڵـێين گروپـەكانی تـەكفير كـۆی ئـەو دەسـتەو تاقمانـە دەگرێتەوە كەتەنها خۆيان بەموسـوڵمانو هـەڵگری بـاوەڕو ئيمانـدار دەزانـن و هەرچيەكيش دەكەوێتە دەرەوەی خۆ يان وەك كـافر و گـومڕاو بێباوەڕحسـابيان بۆدەكەن.

ژمارەيـەكی بـێ ئەنـدازەی ئـەو بزاوتـە ئسـوڵيانەی لـەمڕۆدا لـەژێر چـەتری ئيسلامی سياسيدا كاردەكەن, لە نمونەی ئەم دەسـتەو تاقمانـەن. ئەوانـە پێيـان وايە دوايەمين حەقيقەتو ڕاستی لای ئەوانەو هەرچيیەكيش شوێنيان نەكـەوێت ئەوا لەڕيزی كافرانداپـە. (شـوكری مسـتەفا )ی دامـەزرێنـەرو ڕابـەری (جماعة المسلمين)ی ناسـراو بـە (التكفير والهجرة), بـەردەوام جـەختی لەسـەرئەوە دەكردەوە كە ئەوانەی پەيام و ئاگاداريەكانی ئێمـەيان پێـدەگات و پەيوەنـديمان پێوەناكەن، ئەوا ئەوانە بـەكافرو گـومڕاو سەرلێشـێواو دەزانـين.. بيروبـاوەڕێكی لەوجۆرە تائێستاش ئامادەگی خۆی هەيە لـەناو ڕيـزی ئـەو گروپانـەدا كەدرێـژە بەهــەمان ئــەو سياســەتو ئايدۆلۆژيايــە دەدەن، بــەڵام ئــاخۆ ئــەم گروپانــە قەناعــەتێكی لــەوجۆرە لــە كوێــوە دێــنن و چــۆن وا بەئاســانی بڕيــارێكی لــەو شێوەيە دەرهەق خۆيان و ئەوانەی لەچوار دەوريانن دەردەكەن؟ بێگومـان بـەبێ پشكنينی ئەو سەرچاوە فكری و ئايدۆلۆژيـانەی ئەم دەستە و تاقمانەی لەسـەر پەروەردە بوون، ئەستەمە بتوانين وەڵامی پرسيارێكی لەو جـۆرە بدەينـەوە، يـان لانی كەم لەو نهێنييـە تێبگـەين كـەوا دەكـات بـەردەوام ژمـارەی ئـەم دەسـتەو

تاقمانه ڕۆژ بەڕۆژ لەبرەوکردن و زیادبووندا بێت.. لەڕاستیدا ئێمە تا کۆتایی سالآنی شەست و سەرەتای سالآنی حەفتاش نمونەی گروپێکی وامان نییە کەناوی-تەکفیر-ی لێ بنێین، ئەگەرچی تا ئەو ساتەش ئیسلامی سیاسی لەڕوی تەمەن‌و قەوارەو ئەزمونەوە هاتبووە پێش، بەلآم ئەوەی لەئارادابوو بەتەنها ئەو سیاسەت‌و بەرنامەیە بوو کەسەرەتا (حەسەن بەنا) و دوای ئەویش (حسن الهضیبی) بۆ ئیخوانیان دانابوو کاریشیان پێدەکرا. دوای ئەوە هەر لەناو ڕیزەکانی ئیخوان خۆیەوە تیۆرسینێك پەیدادەبێت کە جۆرێك لە دابڕان و جیابوونەوە لەگەڵ مێژوی ئەو کۆمەڵەیەدا دێنێتە ئاراوە و لەگەڵێشیدا سەرەتای قۆناغێکی نوێ دادەڕێژێت, ئەم پیاوەش (سید قوتب)ە (1906-1966) کە نووسینەکانی لەپاڵ بەرهەمی هەریەك لە (تقی‌الدین ابن تیمیة) (1262-1328) و (ابو الاعلی المودودي) (1903-1980), بە سەرچاوەی یەکەم و هەرە گرنگی فکری و ئایدۆلۆژی ئەو گروپانە دەژمێردرێت. ئەوەی لێرەدا بۆئێمە جێی بایەخە قۆناغی دووەمی فکری (سید قوتب)ە، نەك قۆناغی یەکەمی، واتە مەبەستمان زیاتر فیکری سیاسیەتی نەك فیکری کۆمەلآیەتی، قۆناغی فیکری سیاسیشی لەسالآنی شەستەوە دەست پێدەکاو زیاتر لەکار و بەرهەمەکانی ناو زیندانیدا بەدیار دەکەوێت، بەتایبەت لەهەریەك لە (في ضلال القرآن) و ( معالم فی الطریق) و (هذا الدین) و (مستقبل لهذا الدین) و (لماذا اعدموني؟)دا.

هەندێك وای بۆدەچن بیرۆکەی تەکفیرو حاکمیەت لەلای (سەید قوتب) لەگەڵ یەکەم نەهامەتی ئیخوانەکاندا لەدوای شۆڕشی یۆلیۆوە، واتە لەدوای سالآنی 1954 دروست بوو‌بێت، نەك لەشەستەکاندا وەك لەچەند شوێنێکدا باس دەکرێت. ئەوەی گرنگ بێت بۆ ئێمە ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە نی‌یە، بەڵکو دەرەنجام‌و کاریگەرێتی وەها بۆچوونێکە کە لە دوای خۆی جێی دێڵێت و بەڕادەیەك دەبێتە چەتری بان سەری تەواوی بزاوتە ئسولیە هاوچەرخەکان و فیکرو ئایدۆلۆژیای ئەو کە بە چڕی لە (معالم في الطریق)دا کۆدەبێتەوە، دەبێتە مانیفێستی هەموو ئەو گروپانەی لەسەر بنەمای-تەکفیرو حاکمیەت- دروست دەبن.

بەنزیك بوونەوە لەچەمکی جاهلیەت لای (سید قوتب), دەشێت زیاتر مانای تەکفیر و حاکمیەتمان بۆ ئاشکرابێت و لەڕێی ئەویشەوە لەشێوازی

کارکردن‌و ئـەو ئامانجانـەش بگـەین کـە گروپـەکانی تـەکفیر هـەوڵی بـۆدەدەن‌و سـتراتیژیەتی کارکردنیـان دیـاری دەکـات. ئەگـەر بـەمانا باوەکـەی لەچـەمکی جاهلیـەت بـدوێین، دەڵـێین بریتی‌یـە لـەو قۆناغـە مێژوویی‌یـەی دەکەوێتـە بـەر لـەهاتن‌و بڵاوبوونـەوەی ئـاینی ئیسـلام. یـاخود وەك (فیلیـب حـەتی) دەڵێـت: سـەردەمی جاهلیـەت بەتـەواوی ئـەو ماوەیـە دەوترێـت کـە لـە خـەڵق کردنـی ئادەمەوە دەست پێـدەکات و تـا هاتنـە خـوارەوەی ئـاینی ئیسـلام دەخایـەنێت. (ئەمـە بـەمانا باوەکـەی)، بـەڵام ئـەم چـەمکە لەسـەر دەسـتی (سـەید قوتـب) گۆڕانکـاری چـۆنایەتی بەسـەردا دێـت و مانایـەکی بـەرفراوانتر و گشـتگیرتر دەگرێتە خۆی. ئـیتر لەمـەودوا جاهلیـەت بەتـەنها وەکـو چـەمکێکی مێـژوویی ڕووت نامێنێتەوەو قۆناغێـك نابێـت کەئێمـە جێمـان هێشـتبێ‌و سـەردەمانێك بێت لەڕابردوودا‌و لەپشتمانەوە بێت. بەڵکو لەفیکری ئەمـدا جاهلیـەت دەبێتـە بنەمایـەکی سـەرەکی هەمیشـەیی بەمەبەسـتی ڕەتکردنـەوەو ئافـەرۆزکردنی هەموو ئەو میتۆدو ڕێچکانەی ئیسلامی نـین یـان دژە ئیسـلامین. کاتێـك ئـەو دەنووسـێت جاهلیـەت لەپشـتمانەوە نی‌یـە بـەڵکو ئەوەیـە لەبەردەمماندایـە، بـەو مەبەستەیە پێمانی ڕاگەیەنێت کەئێمە بەتەونەکانی جاهلیـەت گـەمارۆدراوین و حەقیقـەتی ئیمـان و ڕێسـا ئاسمانیـەکانمان فـەرامۆش کـردووە و لـەجیاتی شـەریعەتەکانی یـەزدان کـار بـەو پـەیڕەو پرۆگرامانـە دەکـەین کـەمرۆڤ خـۆی داینـاون‌و کردونیەتـە یاسـای ژیـانی. ئـەم حاڵەتـەش وەنـەبێت تایبـەت بێـت بەدەستەیەك یان کلتورێـك یـاخود بەتـەنها ناوچـەیەك و ڕووبـەرێکی جـوگرافی دیاریکراو بگرێتەوە، بەڵکو سەرانسەری جیهـان نـوقمی ئـەم دۆخـی جاهلیـەن. تەنانـەت هـەموو ئەوانەشـی لافـی ئیسـلامیەتی لێـدەدەن و خۆیـان بەگـەل و دەوڵەتی ئیسلامـی دەزانن لەم حاڵە بەدەر نین.

لێرەوە (سەید) پێی وایـە کـە سـاتەوەختی ئێسـتامان هاوشـێوەی ڕۆژگـار و سـەردەمانی دابـەزینی وەحـی و سـەرەتای دەسـت پێکردنـی بڵاوبوونـەوەی بانگەوازی ئیسلامە. وەك چۆن لە سەرەتادا ئیسـلام ئـاینێکی غـەریب بـوو بـە خەڵکەکـەی و تـەواوی دنیـا لـە نـەفامی‌و جاهلیـدا نقـوم بووبـوون، لـەمڕۆش بارودۆخ بەهەمان شێوەیە. لەڕێی ئـەم بەراوردکارییـەوە (سـید قوتـب) هـەوڵی دۆزینـەوەی ڕێگاچـارەیەك دەدات، بـۆ ئـەوەی جـارێکی تـر مرۆڤایـەتی لەچەواشـەییەوە بگێڕێتـەوە سـەر ڕێگاکـانی ئیمـان و گرێدانـەوەی بـە یاسـا و

دەستورەکانی قورئـان و سـونەتەوە. بـەو مەبەسـتەش (سـەید) گوتـاری خـۆی ئاراسـتەی نوخبەیـەکی دیـاریکراو دەکـات کـە بـەو ئەرکـە هەڵدەسـتن و ئـەو گۆڕانکاریـە مێژوییـە ئـەنجام دەدەن. ئـەوەتا دەڵێـت سـەرەتای هـاتنی ئیسـلام ئـەرکی شـۆڕش و گۆڕانکـاری گـەورەی مێـژوویی لـە ئەسـتۆی دەسـتەیەکی دیاریکراودا بـوو، ئـەمڕۆش لـەباری نوخبەیـەکی ئیمانـداری بـڕوا بەخۆبوودایـە هـەمان ڕۆڵ بگێـڕن و جـارێکی تـر و سـەرلەنوێ ئاراسـتەی ڕەوتـی مێـژوویی مرۆڤایەتی ڕاستکەنەوە و ئینسانەکان بخەنەوە سەر ڕێگای ڕاستی خواپەرسـتی, بەڵام ئەم ئەرکە قـورس و دژوارە لـە سـەرەتاوە کۆشـش و مانـدوبوونێکی زۆری دەوێـت، چـونکە ئێمـە لـەناو کۆمـەڵگەیـەکی تاسـەر ئێسـقان جـاهلی دایـن و ناکرێـت لـەناو ئەوانـەوەو لەچوارچێوەی کۆمـەڵگەیـەکی وا دا دەسـت بـەکارو جیهـادی گـەورە بکـەین. لەبەرئـەوەی ئێمـە بەتـەنها لەبـەردەم دەسـەڵاتێکی حوکمڕانی کافرو بێ باوەڕدا نـین، وەك ئـەوەی (الـهضـيبـي) و هەنـدێ جـاریش (مـەودودی) جـەختیان لەسـەردەکرد، بـەڵکو لـە نێـو کۆمـەڵگەیـەکی کـافرو لەسـایەی حـوکمڕانێکی کـافردایـن (لێـرەدا —سـەید-تـەواو لـەژێر بیروڕاکـانی مەرجەعیەتی سەلەفیەتی نوێ — تقي‌الدين ئيبن تيميە) دايە. بەم پێیـە دەبێـت لەهەریەك لەحوكمڕان‌و کۆمەڵگە پەنابگرین‌و دەست بەبەجێهێشـتنیان بکـەین، ئەویش بەمەبەستی سـەرلەنوێ خۆسـازدانەوەو خۆئامـادەکردن بـۆ جیهـادکردن لـەدژی کـافران و ڕیشەکێشـکردنی ئـەو واقیعـە ناهـەموارە و هەوڵـدان بـۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، تـا شـەریعەت و ڕێسـا ئاسمانیـەکانی تێـدا باڵادەست بێت. بەگەیشتنە ئەم ئامانجەش ئەوسا دروسـتکردنی کۆمـەڵگەیـەکی ئیسلامی دێتەبەر و کار بۆ کردنی ئاسـان دەبێـت. لەسـایەی ئـەم فیکرەیـەدا و دوای لەسێدارەدانی (سەید قوتب) لە 29 -ئـاب-ی 1966 دا، ئـەو گروپانـە دروسـت دەبـن کەبەتـەکفیر نـاو دەردەکـەن‌و دەبنـە دیـارترین دیـاردەی سـەر گۆڕەپانی سیاسـی وڵاتـی میسـر. لـە سـاڵانی حـەفتاداو تائێسـتاش درێـژەیان هەیـە، هـەر لەکودەتاکـەی تاقمەکـەی (سـالح سـریە)وە تـا دوایـەمین ڕووداوی ناوچەی (ئوقسور)ی گروپەکەی (محەمەد عابد عەبدولعال). لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم گروپانەشدا ئاستی توندوتیژی‌و توندڕەویش دەگاتە ئەوپەڕی.

بـەڵام نابێـت ئـەم دیـاردەی توندوتیـژی‌و تۆقاندنـە بەتـەنها بـۆ سـەرکوت‌و ستەمی دەسەڵاتی حوکمڕانی ئەو وڵاتانـە بگێڕینـەوە کەئـەو گروپانـەی تێـدان,

ئەمــەش بــەمانای داکــۆکیکردن نایــەت لــەو حکومەتانــە لەبەرئــەوەی ڕادەی زۆرداریو نادیموکراسیەتی ئەو ڕژێمانە شتێکی ئاشکرایەو شاراوە نییـە، بـەڵام لــەپاڵ هــەموو ئەمانەشــدا ڕاســتییەك هەیــە کــەنابێت چاوپۆشــی لێبکرێــتو پەردەپۆش بکرێت, ئەویش ئەوەیە کەکاری توندوتیژیو توندڕەوی ئـەم گروپانـە بــەر لــەوەی دەرەنجــامی هۆکــارێکی ســەرەکی بێــت یــان کاردانەوەیــەك بێــت لەبەرامبـەر فشـارە دەرەکیەکانـدا، بۆخـۆی زادەو هـەڵقوڵاوی جەوهـەری فیکـرو ئایدۆلۆژیای ئەوگروپانە خۆیانە. ئەو فیکرو ئایدۆلۆژیایەی کەدێتو دنیا بەسەر دوو سەنگەرو دووجەمســەردا دابــەش دەکــات (ئیمــان و کــوفر، چــاكو خــراپ، فریشتەو شەیتانی), ڕاستەوخۆ دەرگا لەسـەر توندوتیـژی دەخاتـە سـەر پشـتو شەریعەت دەداتە هەموو ڕەفتارێکی شەڕەنگێزانە.

گۆشکردنی ئەندامانی ئەم گروپانەش لەسەر ئایدۆلۆژیایەکی وەهـا کەلایـەك هــەڵگری حەقیقــەتی ڕەهــاو ڕاســتییەکان بێــت و لەبەرامبــەریشــدا لاکــەی دی نــوقمی کــوفر و گــومڕایین و بــەد و بــەدڕەفتار بــن، دەرگــا بــەڕوی دنیایــەکی دۆزەخیــدا دەکاتــەوەو توندوتیــژی بــاڵی خــۆی بەســەر هەمووانــدا دەکێشــێتو هــەموو کونجێــك دەگرێتــەوە. ئــەوەی لەمڕۆشــدا لەزۆربــەی وڵاتــانی جیهــانی ئیسلامیدا ڕوودەدات, ئاکـامی پـەیڕەوکردنی ئایدۆلۆژیایـەکی لـەو چەشـنەیە. بۆیە وەك (محەمەد ئەرگۆن) لە یەکێك لـە وتارەکانیـدا و لـەپای ئـەو شـەڕە بـێ وادەیەی لەنێوەندی ئیسلامیدا بەڕێوە دەچـێت، ئێسـتێك دەکـات و دەپرسـێت: داخۆ دەبێت ئێمە لەساتەوەختی ئێستادا وەك موسوڵمانێك بەچ مانایـەك بـاس لەلێکبوردن بکەین، لەکاتێکدا کاری توندوتیژی لەو پەڕیدایە. لەڕاستیدا گـەر باسکردنێك لەمەڕ لێکبوردن لە واقعی ئەمڕۆی جیهـانی ئیسـلامیدا هـەبێت، باسکردنێکە لە غیـاب و ئـاوابوونی ئـەو چـەمکە، چـونکە کەسـێك نیـە لـەوە دڵنیانەبێت کـە هـەر کاتێـك توندوتیـژی لـە دەرگـاوە خـۆیکرد بەماڵـدا, ئـیتر ئەوکات لێکبوردن لەپەنجەرەوە هەڵدێت و مانایەك بۆ باسکردنی نامێنێتەوە!!

**سەرچاوەكان:**

1-محمد حافظ دياب: سيد قطب (الخطاب و الايدولوجيا) - دار الطليعة، بيروت – الطبعة الاولى، 1988.
2-د.احمد موصللي: الاصولية الاسلامية، دراسة في الخطاب الايدولوجي و السياسي عند سيد قطب (بحث مقارن لمبادىء الاصوليين و الاصلاحيين) - الناشر للطباعة، بيروت - الطبعة الاولى، 1993.
3-محمد اركون: اين هو الفكر الاسلامي المعاصر؟ – ترجمة و تعليق: هاشم صالح – دار الساقي، بيروت – الطبعة الثانية، 1995.
4-د. عبد العظيم رمضان: جماعات التكفير في مصر (الاصول الفكرية و التأريخية) – الهيئة المصرية العامة للكتاب, قاهرة الطبعة الاولى, 1995.

# میسر و ئسولّیەت و بن لادن

میسـر چ وەك گـەل و چ وەك دەولـەت ئـەزموونێکی دووردرێـژیان لەگـەڵ گروپە ئسولێەکاندا هەیە, بەلاّم ئەزموونێکی تالّ وپڕکێشە.. وابۆ سێ‌چـارەکە سەدە دەچێت خـاکی کینانـە شـانۆی شـەڕێکی بـێ وادەیـە لـە نێـوان گـەل و دەولّەت لەلایەك و ژمـارەی بـێ ئەنـدازەی ئـەو گروپـە ئسـولّیانەی هەردەمـە و بەبەرنامە و تاکتیك و سـتراتیژێکی تـازەوە دێنـە مەیـدان لەلایـەکی دیکـە... ئەگەرچی لەگەڵ هاتنی هێرشـی ناپلیۆنـدا بۆسـەر میسـر، بـەئاگا هاتنـەوەی موسلّمانان لەخـەونی غەفلـەت زەدەیـی چـەندین سـالّەیان، چـەند عـەقلّێکی رۆشنی وەك جەمـالە دینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە هەولّیاندا ئیسـلام لەبـەر رۆشنایی ئەوهەلومەرجە تازەیەدا بخوێننەوە کەشارستانیەتی خۆرئاوا لـە رێـی شۆڕشـی پیشەسـازی و رێنسـانس و رۆشـنگەری و شـۆڕشـی فەرەنسـییەوە هێنابوویە ئاراوە، بۆئەوەی ئیسـلام لەگـەڵ ئـەو دەسـکەوتە گرنگانـەی دنیـای تازەدا بگونجێنن, بەلاّم هەولّێکی لەوجۆرە تەمـەن کـورت‌و کـەم خایـەن بـوو. ئەوئەرکـەی دەبـوو مامۆسـتاو قوتابیەکـەی بەئـەنجامی بگەیـەنن وەك ئـەوەی مــارتن لــوّثــەر (1483-1546)و جــۆن کــالڤن (1509-1564) لەســەدەکانی ناوەڕاســت لەئــەوروپای مەســیحی دا بەئــەنجامیان گەیانــد نەگەیشتە مەبەستی خۆی.

ئەوانەی لەوکرانەوەو هەلّوێستە نوێیە بەدگومـان بـوون کـەم نـەبوون، لێـرەوە پیاوێکی سەلەفی وەك ڕەشید ڕەزا دێت‌و هێلّێکی سوور بەدەوری ئەو کرانـەوەی مامۆستاو قوتابییەکەی دادەکێشێ و لەسەر لاپـەڕەکانی گۆڤـاری (المنـار) ئـەو هەولاّنە بەبێ بایەخ دەنرخێنێ و لـەبری ئەوپرسـیارەی ئـەوان کەچۆن تـەکانێك بەعەقلّی ئیسلامی بدەین‌و سەودا لەگەڵ ئەو ڕەوشە نوێیـەدا بکـەین کەهاتۆتـە

ئارا تابەشداریەکی کاراو جدیانەمان لە شارستانیەتی تازەدا هەبێت، ئەو دێت پرسیارێکی دیکە دەوروژێنیٚ: چۆن شەریعەتی ئیسلام پراکتیزە بکەین؟ چۆن ئەو دەسەلاتە بگێرینەوە کە لەگەلٚ ئاوابوونی خۆری خەلافەتی عوسمانیدا لەدەست چوو؟

دروست بوونی ئیخوان لەسەر دەستی حەسەن بەنا و ئەحمەد ئەلسوکەری و چەند هاوەلێکی تریان لە شاری ئیسماعیلیە، وەلام بوو بەو پرسیارانەی خاوەنی گۆڤاری (المنار) دەیکردن. ئیتر لەم مێژووەوە گروپێك بەدەردەکەوێت کەلەخەمی سەپاندنی شەریعەت و گێرانەوەی دەسەلاتی خەلافەتدا دەبێت، بۆیە هەر موسلٚمانێك لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی وادا نەگەرێ و ئەو خواستانە نەبێتە ئامانجی سەرەکی, لەسەنگەری ئەو بەردایە نەك سەنگەری ئیسلام‌و موسلٚمانان.

هاتنی گروپێکی وەها سەرەتایی رێگرتن بوو لە هەموو کرانەوەو ئیجتهادێك، دەسپێکی بە کوفر زانینی هەموو خوێندنەوەو لێکدانەوەیەکی مۆدێرن بوو، ئەگەر چی بەقەلٚەمی ئەوانەش بێت کە قالٚبووی شەریعەت‌و کەلەپووری ئیسلامین. بێ دەنگی شێخ عەلی عەبدوالرزاق لە دوای (ئیسلام و ئسولٚی حوکم) تا دواساتەکانی ژیانی و پاشگەزبوونەوەی تەها حسێن لە (دەربارەی شیعری جاهلی) بۆنووسین لە مەرِ ژیانی پێغەمبەر و (حدیث الاربعاء) و وازهێنانی عەباس مەحمود عەقاد لەبەسەرهاتی(ئیبلیس) و بادانەوە سەر نووسین دەربارەی (بلیمەتی خەلیفەکانی راشدین), چەند نموونەیەکی زەقی فشارو سانسۆرەکانی ئەو قۆناغەن. ئەم سیاسەتی بیٚدەنگ کردنە تاهەنووکەش بەردەوامەو قوربانیە کانیشی لەزۆربوون دان، رەنگە بەفەرەج فۆدەو نەصر حامد ئەبو زەیدیش دوایی نەیەت.

ئەوشەرەی ئسولێەت لەچوارچێوەی سنوورەکانی ولاتی میسردا بەرێوەی دەبات، شەرێکە بەدەولەت دەستی پێکرد و بەنێو تەواوی جەستەی کۆمەلایەتیدا تەنیەوە.. کاتێك هەولٚە شکستخواردووەکانی ئیخوان بۆ گەیشتن بە دەسەلات گەیشتە زیاد لەجارێك، ئیتر ئەمە گرێیەکی دەروونی قولٚی لای زۆربەی نەوەی دووەمی ئیخوان دروستکرد. گواستنەوەی ململانێکەش لە دژایەتیکردنی دەولٚەتەوە بۆ دژایەتیکردنی تەواوی کۆمەلٚگە، رەنگدانەوەی ئەو قەیرانە کوشندەیە بوو کە ئیخوانی تێکەتبوو... دەرەنجامی

تەنگەژەیەکی وەهایە کە (معالم في الطريق) بە گەورە تیۆریستی ئیخوان سەید قوتب دەنوسێت. بەمەش ستراتیژی کاری ئسولّیەکان گۆرانێکی جەوهەری بەسەردا دێت و دابڕانێك لەگەلّ قۆناغی پێشوودا دروست دەکات.

تا ساتەوەختی بلاّوبوونەوەی (معالم) کە تەواوی جیهانبینی و بیروڕا سیاسیەکانی سەید لەخۆدەگرێت, ئسولّیەکانی میسر (کە تا ئەوکات لەژێر چەتری ئیخواندا گردبوو بوونەوە)، هەولّیان دەدا لەڕێی موبێلە کردنی جەماوەرەوە بگەنە کورسی حوکمڕانی، واتە کاری ئەوان بۆگەیشتنە دەسەلاّت لەخوارەوە ڕا بەرەو سەرەوە دەستی پێ‌دەکرد). بۆئەوان دروستکردنی یان زەمینە خۆشکردن بۆکۆمەلّگەیەکی ئیسلامی گەورەترین هەنگاوە بۆ گەیشتنە دەسەلاّت. بەلاّم ئەو دەمەی بەدرێژایی سی سالّێك نەخشەو پلانێکی لەوجۆرە نەیتوانی کەمترین دەسکەوت بەدەست بێنێ، سەید قوتب لەودیو دیوارەکانی زیندانەوە سەرگەرمی داڕشتنی بەرنامەیەکی نوێ بوو، بەرنامەیەك کە کۆتایی بەقوناغێك لە مێژووی ئسولّیەت دەهێناو سەرەتای قۆناغێکی دیکەی ڕەنگرێژ دەکرد.

کاتێك لەدیدگای سەیدەوە تەواوی قۆناغێك و سەرتاپای دنیایەك بەنەفامیو جاهلی ناوزەد دەکرێت، ئیتر ئاقارو ئاڕاستەی ململانێکە دەگوڕێتو فۆرمێکی تازە وەردەگرێت. واتا کێشەکە لەوەدا نامێنێتەوەکە گروپێك یان دەستەوتاقمێك دژایەتی دەسەلاّتی حکومڕانی بکەن و لەڕێی ڕێکخستنی خەلّك و موبێلە کردنی جەماوەرەوە گەمارۆی دەسەلاّت بدەن و بە تەنها شەڕ لەگەلّ خودی دەولّەتدا بکەن و سیستمی حوکم بگۆڕن. بەلّکو هاوکێشەی ململانێکە بەجۆرێکی تر دەگۆرێت. لێرەدا سەید جەخت لەسەر ئەوەدەکات کەئێمە (واتە موسلّمانان) لە بەردەم هەلومەرجێکداین، دروست وەك هەلومەرجی سەرەتاکانی بلاّوبونەوەی بانگەوازی ئیسلام.

چۆن لەو دەمەدا دەستەیەك موسلّمان لەڕێی جێهێشتنی کۆمەلّگەی کوفرەوە توانیان خۆیان سازبدەن و پاشان لەڕێی جیهادەوە دەست بەفەتحکردنی ناوچەکان بکەنو دەسەلاّتی کوفر بەئیمان بگۆڕن، ئاوەهش لەمڕۆدا ئەرکی نوخبەیەکی دیاری کراوی خاوەن باوەڕە تا بەکارێکی لەو جۆرە هەلّبستن. ئەم بیرۆکەیەی سەید دەسپێکی گورانی ئەو دەستەو تاقمانەیە کەبەگروپەکانی (التكفير والهجرة) دەناسرێن. بەواتای بە کافر زانینی تەواوی کۆمەلّگە بەبێ جیاوازی و خۆجیاکردنەوەو جیابوونەوە لەو زەمینەی

کـوفر و بـێ باوەڕیـەوە، پـەناگرتن لـە ناوچـەیەکی تـەریك و دوور لەمـەردوم. بەمەبەسـتی خۆئامـادەکردن و خۆسـازدانەوەو جیهـادکردن و لـەپێناو گـۆڕێنی کۆمـەڵ و دەسـەڵات و واقیعـی کـوفر و گـومڕایی، بـە واقیعـی ئیمـان و حوکمڕانێتی شەریعەتی یەزدانی.

لێـرەوە لایـەنگیری سـەید فەرامۆشـی تـەواوی خـەڵك‌و کۆمـەڵ دەکـەن وەك هەنگاوێك بۆگەیشتنە گرتنە دەستی دەسـەڵات، بەپێچـەوانەی قۆنـاغی پێشـوو کەجەماوەر هەوێنی یـاخود ئـامرازی گرنگـی کـۆنترۆڵکردنی دەسـەڵات بـوون، ئـەوا لـە بەرنامـەی کـاری نوێـدا ئـەم نێوەنـدە دەسـڕێتەوە. نائومێـدبوون لـەم نێوەندەش سەرچاوەکەی بۆ ئەو تێزەی سەید دەگەڕێتەوە کـە ئێمـە لەناوەنـدێکی جاهلیداین نەك ئیماندار، لە دنیایەکـداین مـرۆڤ ملکەچـی ڕێسـاکانی دەسـتی مرۆڤە نەك یاساکانی خواوەند. لەبەرئەوە بەبڕوای ئـەو و هـەوادارانی درکانـدنی وشەی (لا اله الا الله) بەزار کـافی نیـە تـا نـاوی موسـڵمان‌و ئیمانـدار لەوانـە بنێین، گەربێتو دەربڕینێکی وا وابەستەی کردار نەبێت. ئەمە لە کاتێکـدا و لـە سەرەتاکانی ئیسلامـدا شەهادەت هێنـان بـەس بـوو بـۆ تـەواوی ئـەو نەتەوانـەی دەهاتنە ڕیزی ئیسلامەوەو باوەڕیان بەو ئاینە دەهێنا.

ئەو دەسـتەو تاقمانـەی لـەوەها بـیرو بۆچـونێکەوە سەرچـاوەیان دەگـرت، لـە مردنی عەبدولناسرەوە تا کوشتنی سادات دەبنـە دیـارترین دیاردەیـەکی سـەر گۆڕەپانی سیاسی ئـەو نێوانـە لـە میسـردا. کودەتـا سـەرنەکووتووەکەی سـاڵح سریەو تاقمەکەی، هەوڵەکانی شوکری مستەفا و گروپـی (التكفير والهجرة) و ڕفاندن و کوشتنی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامـی، تەقەلاکانی عبـود الزمر و عبدالسلام فەرەج و شێخ عومـەر عبـدالرحمن و... هتـد، پیـادەکردنی ئەو ستراتیژە نوێیەی سەید بـوو لـە (معـالم)دا. واتـە کـۆنترۆڵکردنی دەسـەڵات لەسـەرەوە پاشـان دەسـتکردن بـەپێکهێنان و دروسـتکردنی کۆمەڵگایـەکی ئیسـلامی لـە خـوارەوە ڕا. بـەردەوامی ئـەم ڕەوتـە لەسـەردەمانی موبارەکـدا هاوشانی بەرنامەیەکی دیکەی ئیسلامی سیاسییە لـە میسـردا بـۆ دامـاڵینی شـەرعیەت لـە دەوڵـەت و دەسـەڵاتی حکـومڕانێتی، ئـەویش دەرکـەوتنی ئیسلامێکی خاوەن سـامانێکی بێشـومارە کـە دەیـەوێت لـەڕێی دامەزرانـدنی بانکی ئیسلامـی و کردنەوەی پرۆژەی خێرخوازیی و دەسگیرۆکردنی خـەڵکانی هـەژار و بێکـار، کـەلێنێك لـە نێـوان هاوڵاتیـان و دەوڵەتـدا دروسـتبکات و

ئینتمای بەریانێکی بەرفراوانی جەماوەر بگۆڕێت. لەڕێی ئەمەشەوە وادەکات کۆمەڵێك لەناو کۆمەڵگایەکداو دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا دروستبکات کە درزێکی گەورە دەکاتە ناو ڕیزی نیشتمانی و وڵات ڕووبەڕووی ئایندەیەکی تاریك دەکاتەوە. لەپاڵ ئەم پلانانەشدا ئسولێەت بۆ زیاتر گورز وەشاندن لە ئابووری دەوڵەت هەوڵیاندا دەرگا لەرووی ئەو سەرچاوە گرنگەی داهاتی میسریش دابخەن کە لەڕێی گەشتگوزارەوە دەهاتە وڵات، ڕووداوەکەی (ئوقسور) هەنگاوێك بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو نەخشە و پلانە، بەڵام کاتێك بێئاکامی ئەم سیاسەتە شەڕانگێزانە لەپێکانی مەبەستەکاندا بەدەرکەوت، سەرانی گروپە ئسولێەکانی ناچارکرد لە هاوینی رابردوودا بڕیاری ڕاگرتنی هەموو جۆرە توندوتیژیەك ڕابگەیەنن کە دوایەمین کەسیان عبود الزمر بوو مۆری ئەو بەیاننامەیەی کرد.

هەرچەندە ئەمە ئەگەری سەرەتایەکی تازەی لەبەردەم پێکەوە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەدا هێنایە گۆڕێ و ئومێد دەکرا لە پشوودانی تفەنگەکان ئارامی بگەڕێتەوە وڵات, بەڵام لەگەڵ چاوەڕوانی بە ئاکام گەیشتنی هەوڵێکی لەوجۆرەو کرانەوەی دەرگاکانی گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان لایەنە پەیوەندی دارەکان، پەردە لە ڕووی بوونی لقی ڕێکخراوێکی نهێنی ئسولی تازە لە میسردا هەڵماڵدرا بەناوی (القاعدة)وە، کەسەر بە گەورە ملیاردێری ئۆپۆزیسۆنی سعودی ئوسامە بن لادنە. کار و بەرنامەی ئەم گروپەش جیهادکردنە لە دژی گەندەڵی و ناعەدالەتی دەسەڵاتی کوفر لە میسردا و هەوڵدانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەوێدا. پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی میسر بە حکومەتی سودان لەلایەك و دۆستایەتی بەهێزی نێوان بن لادن و حەسەن تورابی و حکومەتەکەی ئەلبەشیر لەلایەکی تر، هۆکاری گرنگی گوران و دروستبوونی ئەو گروپەیە بەخێرایی لەوێدا. ئەمە سەرەڕای خەونی بن لادن بۆ سەرکردایەتیکردنی گروپە ئسولێەکانی ناوچەکە و فراوانکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتی هەر لە ئەفغانستانەوە بۆ کشمیر و فلیپین و سودان و بۆ سنە و جەزائیر و هەنووکەش بۆ میسر.

تۆبڵێی ئەوەی ئسولێەکانی میسر بەدرێژایی ئەم ماوەیە لە حەسەن بەناوە تا محەمەد عابد عبدالعال بۆیان نەچووەتەسەر، بۆ بن لادن و گروپی (القاعدة) بچێتە سەر. کاتێك گەلانی میسر بەهیوای ڕەوینەوەی هەوری شەڕن لەسەر

ئاسمانی ولاتەکەیان بۆ پێنانە سەدەی تازەو بەئومێدی پشوودانی ئەو تفەنگانەن کە تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند و ولاتیان لە کاروانی بەرەو پێشچوون دوادەخست، لە ئەفغانستان و لەئامێزی بزوتنەوەیەکی وەك تالیبان و نێو تاشە بەردەکانی سەر چیاکانی قەندەهارەوە پیاوێکی وەك بن لادن دێت و ئەو خەونانە دەبزرکێنێ و سیناریۆی جەنگێکی نوێ دادەنێ, بەلام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵ و خوێناویە, (القاعدة) و لە پشتیەوە گۆچانەکەی بن لادن لە خاکی کینانەدا چی دەچنێتەوە؟

## ( زەینەب غەزالی ) وەهای وت!

*ئەم نووسینە تەنها مەبەستێکی لەپشتە، ئەویش روونکردنەوەی هەندێك حەقیقەتی مێژووییە، ئەو حەقیقەتانەی ئیسلامی سیاسی رێگرە لەبەردەمیاندا و تاپێی بکرێت دەیان شێوێنێت و ئاوەژوویان دەکات..*

*ئەو کتێبە بێ ئەژمارانەی ئیسلامییەکانی ئێرە دەیخەنە بەردەست رۆڵەکانمان بەمەبەستی جوانکردنی رۆڵ و سیما و دەموچاوی مەرجەعەکانیان، زۆریان راستییەکان نالێن و مێژوویەك دەنووسنەوە کەخۆیان مەبەستیانە. بۆیە وەك خەمخۆریەك و هەستکردن بەبەرپرسیارییەك لەبەرامبەر ئەو نەوەیەدا، روونکردنەوەی راستییەکان و نووسینەوەی مێژوو وەکو خۆی بەکارێکی گرنگ دەزانم، با ئەمە دەستپێك و سەرەتایەك بێت.*

**کەم نین ئەوانەی سەربوردەو رووداوەکانی ژیانی خۆیان دەنووسنەوەو لەقەوارەی کتێبی یەك بەرگی یان چەند بەرگیدا بلاوی دەکەنەوە، بەلام زۆر کەم لەوانە توانای ئەوەیان هەیە مەوزوعی بن و راستی رووداوەکانی تەمەنی خۆیان بگێڕنەوەو نەکەونە شێواندنی مێژوو (رۆژگارێکی تەمەنم) سەربوردەی ژیانی خاتوو(زەینەب غەزالی)یە، یان دەکرێت بلێین گێڕانەوەی هەلوێستی شەخسی خۆیەتی وەك ئەندامێکی بالای ئیخوان لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو تاقمە لەگەل دەسەلاتی عەبدولناسردا لەنێوان سالانی (1952-1970). ئەگەر شێخ حەسەن بەننا (1906-1949) یەکەمین کەسێك بێت لەسەدەی بیستەمدا سەرکردایەتی یەکەمین گروپی ئیسلامی سیاسی کردبێت، لەمیسردا و رۆلی سەرەکی هەبووبێت لەدامەزراندنی ئیخوان موسلمیندا (1928)، مەبەستی لەمەش دووبارە کارکردنەوە بەئەحکام و شەریعەتەکانی ئیسلام و زیندووکردنەوەی خەلافەت و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی بووبێت، ئەوا لەبەرامبەردا (زەینەب غەزالی)**

هاوشانی ئەو بەدامەزرێنەری خوشکانی موسڵمان دادەنرێت ئەگەرچی ئەم دەستەیەی زەینەب غەزالی دایمەزراند سەردەمێك کەوتە دوای ئەوەی حەسەن بەننا-وە (واتە لەناوەڕاستی سییەکانەوە دەستی بەکارو چالاکی خۆی کرد)، بەڵام لەسەر هەمان ستراتیژو پەیڕەوو سیاسەتەکانی ئەوان دەستی بەکارو چالاکیی خۆی کرد. سەرەکیترین مەسەلەیەکیش بەلای زەینەب غەزالیو هاوەڵەکانییەوە بریتیبوو لەفەرزکردنی حیجاب بەسەر کچانو ژنانی میسرداو گێڕانەوەیان بوو بۆ ناو کونجو چواردیواریماڵەکانیان.

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیست ئەوکاتانەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەپووکانەوەو سەرەمەرگدابوو، گەلانی ناوچەکە لەسایەی ئەو نوخبە رۆشنبیرە لیبرالیە چالاکەی لەئارادابوون، رووەو گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی و قۆناغێکی تازە رێگایان گرتبوو. لەناو ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی ئەو قۆناغەیشدا، کێشەی ژنانو رزگاربوونیان لەدابو نەریتە تەقلیدیو کۆنەکانی کۆمەڵو دەستەبەرکردنی مافە سەرەتاییەکانیان لەڕێی چەند ژنێکی هۆشیارو بڕوا بەخۆبووەوە دەستی پێکردبوو، (جوليا طعمة) لەلوبنانو (نظيرة زين‌الدين) لەشامو (هدى الشعراوي‌و امينە سعيد) لەمیسر نموونەی دیارو زیندووی ئەو قۆناغەن.

هەوڵەکانی خاتوو زەینەب غەزالی لەگەڵ ئیخوانەکانیتر، بەگژاچوونەوەی خواستی ئەو پۆلە ژنە هۆشیارەبوو کە تاهەنووکەش بەسەرمەشقی بزووتنەوەی ژنانی ناوچەکە دەژمێردرێن.

غەزالیو هاوەڵەکانی خەباتیان لەپێناو مەسەلەیەکدابوو کە تائێستاش ئسوولێیەکان شەڕی خوێناوی لەپێناودا دەکەن، ئەویش ئەوەیە (باژنەکانمان بگەڕێنەوە ماڵەکانیان، چونکە ئەویّ تەنها شوێنی شایستە بەوانە) یان (ئەوان جگە لەماڵ شوێنو جێگەیەکی دیکەیان نییە): بڕوانە (الزعيم الروحي للجماعة الاسلامية الشيخ عمر عبدالرحمن في حوار مع نبيل شرف الدين: امراء والمواطنون- مدبولي ، القاهرة- الطبعة الاولى، 1998).

ئەگەر کاری زەینەب غەزالیو (اخوات المسلمات) تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم تەنها ئەمە بوو‌بێت، ئەوا لەدوای ساڵی (1952)و سەربەخۆبوونی میسرەوە ئەرکێکی تری سەربار دەچێت کەئەویش لێدانی ئەو دەسەڵاتو دەوڵەتەیە کە لەدوای شۆڕشی یولیۆوە لەسەر دەستی ئەفسەرانی ئازادیخوازو بەسەرکردایەتی جەمال عەبدولناسر هاتە ئارا.

بێگومان پەیوەندییەکانی ئیخوان لەگەڵ عەبدولناسردا مێژوویەکی خوێناوی خستەوەو شەڕێکی بێوادەی خۆشکرد، لەهەردوولاش هەڵەو لەهەردوو بەرامبەریش

قوربانی هەبوون... بەڵام نابێت ئەو ڕووداوانە وەها وەربگیرێت وەك ئەوەی زەینەب غەزالی دەیڵێتو وەهاش بخوێنرێتەوە کەئەو لە (ڕۆژگارێکی تەمەنم)دا نووسیویەتی، چونکە ئەو باز بەسەر زۆر حەقیقەتدا دەداو خۆی لەزۆر ڕاستیش وێڵ دەکات. ڕەنگە زیاتر ئەمەش لەبەرئەوە بێت کە ئەوخۆی لایەن بووە لەو ململانێیەداو، ناکرێت بێلایەن ڕەئبداتو هەردوولایەن (ئیخوانو عەبدولناسر) بەیەکچاو سەیر بکات.

ئەم کتێبەش وەك لەپێشەکییەکەیدا هاتووە: (بۆ ئەوەنییە تەمومژ لەسەر پروپاگەندەی دوژمنانی ئیسلام لابەرێت)، بەڵکو لەڕاستیدا وەڵامە بۆ ئەوانەی نەیاری (ئیخوانن)، چونکە ناهەقییە هەموو ئیسلام وەك (ئاینو کلتورو شارستانیەت) لەگروپێکی وەك ئیخوانەدا کورت کرێتەوە گروهێك کە ئەمڕۆ نەك هەر عەلمانیەکان ئیعترافیان پێناکەن، بەڵکو گروهەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسییش ئیعترافیان پێناکەن.

لەمڕۆوە کتێبی (حصاد المر)ی جیهادییەکان ڕاستی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ، هاوکات هەر لەبەشێکی تری پەرەگرافی پێشەکییەکەیدا ئەمە نووسراوە( ئەم کتێبە بۆ ئەوەیە ڕاستی ڕووداوەکان لەنزیکەوە بخەینەڕوو سنوورێك بۆ ئەو دامو دەزگایانە دابنرێت کە خەریکن بەرگی ئازاو تێکۆشەر لەبەری عەبدولناسر دەکەنو ئیخوانیش بەپلانگێڕ لەقەڵەم ئەدەن). بەکورتی دەتوانم بڵێم هەر کەس لەخوێندنەوەی ئەم کتێبە بێتەوە کە بەقەوارەی (294) لاپەڕەیە، دەگاتە ئەو قەناعەتەی نەك هەر لەنزیکەوە بەڵکو لەدووری دووریشەوە ڕاستی ڕووداوەکان ناخاتە بەردەستو هەرچی پەیوەندی بەقارەمان ناسینی عەبدولناسرو پلانگێڕی ئیخوانیشەوە هەیە، بارێ بدەین ڕووداوەکان خۆیان حەکەم بنو مێژوو خۆی حوکم بدات.

لێرە بەدواوە هەوڵدەدەم لەسەر ئەم مەسەلەیەی دوایی بوەستمو ئەو خاڵانە زیاتر ڕۆشن بکەمەوە کە خوێنەرانی ئێمە زۆر لێی ئاگادار نینو لێرەداو لەدووتوێ ئەم کتێبەدا یان ئاوەژووکراون یاخود پەردەپۆش کراون.

ساڵی (1987) ڕوناکبیری ناسراوی میسر (محەمەد حەسەنێن هەیکەل) کتێبێکی لەوەڵامی هەموو ئەوانەدا نووسی کە بەدرێژایی ساڵانی حەفتاو دواتریش شاڵاوێکی بێ ئەندازەیان کردە سەر عەبدولناسرو سەردەمی حوکمڕانی ئەو، بەناوی (بۆ میسر... نەك بۆ عەبدولناسر). (هەیکەل) ئاوەها مەبەستی لەنووسینی ئەو کتێبە ڕوون دەکاتەوە. ناسر ئەفسانەیەك نییە، کەسێك نییە قابیلی هەڵە نەبێت، بۆیە جێی خۆیەتی ڕەخنەی لێبگیرێتو ئەو قۆناغەی ئەو بخرێتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەوانەی ڕاستو چەپێك بەسەر قۆناغی ئەودا دێنن هەڵە دەکەن نەك تەنها دەرهەق بەناسر، بەڵکو دەرهەق بەگەلو

مێــژووی میســریش، بۆیــە ئــەم کتێبــە وەك (هەیکــەل) دەڵێــت بــۆ میســرە... نــەك بــۆ عەبدولناسر.

من لێرەدا لەبەرئەوەی نەمیسریمو نەناسریش بۆیە نەلەپێناو میسـرو لەبـەر ناسـریش بەو ناڕاستیانەدا ناچمەوە کە لەم پەرتووکەدا هـەن، بـەڵکو کارێکـە لـەپێناو دەرخسـتنی ڕاستی ڕووداوەکانو لـەپێناو مێـژوودا باسـیان دەکـەم، یـاخود ڕونـتر بڵـێم لـەپێناو ئـەو نەوەیەدایـە کەئێسـتا لەکوردسـتانی ئـازاددا لـەجۆری ئـەم کتێبانـەی بـەزمانی کوردی دەخرێتە بەردەستو مێشکی بەمەسـەلەو ڕووداوی مێژوویەکـەوە دادەشـۆرێت کـە لێـوان لێوە لەناهەقیو نووسینەوەی مێژووە لەپێناو خزمـەتکردن بەئایدۆلۆژیایـەکی تایبـەتیو مەرامێکی سیاسی دیاریکراو، کە لەکۆتاییدا دەچێتە خزمەتی ئیخوانیەکان بەتایبەتیو ئیسلامی سیاسی بەگشتی. ئەو مەسەلانەش کـە زیـاتر پێویسـت بەڕوونکردنـەوە دەکـەن ئەمانەن:

1-زەینـەب غـەزالی لەلاپـەڕە(24)ی کتێبەکـەیداو لەچـەند لاپەڕەیـەکی دیکەیـدا دەنووسێت: (وەك مـن بـزانم لەبەرنامـەی ئیخـوانـدا کوشـتنی عەبدولناسـر نـەهاتووە... کوشتنی عەبدولناسر شتێکی هـیچو پووچـەو موسـڵمانان پێـوەی خـەریك نـابن... هـیچ کات بیرمان لەکوشتنی عەبدولناسر نەکردۆتەوە). ئەمە لەکاتێکـدا ڕاسـتی ڕووداوەکـان بەمجۆرەیە: (ناسر تەمەنی حوکمڕانی هـەژدە سـاڵ بـوو، 1952-1970. لـەم ماوەیـەدا سیانزە هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە، لـەم سـیانزە هەوڵـەدا نـۆ جاریـان لەلایـەن ئیخوانـەوە بـووەو سـیانیان لەلایـەن (C.I.A) بـووە وەك (جـۆن مـارکس) لـەکتێبی (عبـادة المخـابرات)دا باسـی کـردووە. هـەوڵی یەکـەمی ئیخوانـەکان لـە26/10/1954و لەگۆڕەپانی (المنشیة) لەشاری ئەسکەندەریە لەلایەن هەریەك لەهنداوی دوێرو مـەحمود عبـدولـلـەتیف)ەوە دەسـتیپێکردووە، تانەهامـەتی دووەمـی ئیخوانـەکان لەسـاڵی (1965)دا درێژەی هەبوو.

هەریەك لە (هنداوی دوێـر، مـەحمود عەبدوللـەتیف، عـەلی عـەشماوی ) کـە قوتـابی قوتابخانەکەی ئیخوانن لەئیعترافاتەکانیاندا دان بەوەدا دەنێنو نکوڵی لەو هەوڵانە ناکەن.

2-لەلاپەڕە (26)دا زەینەب غەزالی دەنووسێت: (ئەحمەد ڕاسخ هاتەلامو پێی گـوتم: گـەر بتکـەین بـەوەزیری کاروبـاری کۆمەڵایـەتی دەیکـەیت؟ منـیش لەوەڵامـدا وتم: موسـڵمانان بەشـداری لەحکومەتـە عەلمانیـە بێباوەڕەکـاندا ناکـەن). بـۆ یـەکێك کـە لەمێژووی ئیخوان بێخەبەر بێت، دڵی چەند بەم وەڵامە خـۆش دەبێـت کـە دەزانێـت ئـەم گروهە چەند لەگەڵ پەیامو کارەکەیاندا ڕاسـتگۆنو چـۆن چـۆنی ڕازی نـین بـۆ بـەرزترین

پۆست دەست بەرداری بیروڕای خۆیان بن، بەڵام کاتێك دەکەوینە هەڵدانەوەی دۆسـیێکانی مێژوو فـایلی ئـەو گروهـە دەخوێنینـەوە وەك ئـەوەی کـە هەیـە نـەك وەك ئـەوەی خۆیـان دەیانەوێت، ئەوا ئەو رستەیەی (زەینەب غەزالی) زوو کاڵ دەبێـتەوە. مەگەر نا ئـەوە هـەر ئیخوانەکان نەبوون خەمساردانە نەك هەر رازی بوون لەحکومـەتی عەلمانیـدا بەشـداربن، بەڵکو بەشداری خائینترین‌و گەندەڵترین حکومەتی سەردەمی پاشایەتی‌و ئەڵقـە لـەگوێی بەریتانیای داگیرکەری وڵات بکەن‌و ببنە چاوساغی ئیسماعیل صدقی پاشا بـۆ لێـدانی سەرجەم هێزە نیشتمانی‌و پێشکەوتنخوازەکانی میسر... ئەیێ هەر ئـەوە محەمـەد حەسـەن عەشماوی ئەندامی کارای ئیخوان‌و دۆستی نزیکی حەسەن بەننا نەبوو، پۆستی وەزارەتـی مەعاریفی وەرگرت‌و نەك هەر زەینەب غەزالی بگرە یەك ئیخـوانیش وشـەیەکیان نـەوت، بەڵام کە میسر سەربەخۆیی بەدەست هێناو حکومەتێکی خۆماڵی لـەو وڵاتـەدا دروست بوو، ئەمان هەموو رێگایەکی پێکەوەژیانیان رەتکردەوەو رۆژ بەرۆژ دژایـەتیان بـۆ ناسـر زیادی دەکرد: (ئیتر لەم قۆناغەدا ئەم تاقمە هەموو شـتێکیان لـەم حکومـەتـەدا پـێ‌بووە کوفرو عەیبە تا کار گەیشتە ئـەوەی کاتێـك ناسـر پۆسـتێکی وەزاری بەخشـیبە یـەکێك لەئیخوانیـەکان (ئەحمـەد حەسـەن بـاقوری)، ئەوسـا ئیخوانیـەکان وەك ئـەوەی ئاسمانیـان بەسەردا رووخابێ تووشی هیستریا بـوون‌و ئـەو پیاوەیـان لـەریزەکانی خۆیـان بـەبڕیارێك کردە دەرێ‌و هەموویان لێی بێ‌بـەری بـوون). دەکرێـت بڵـێین ئـەم کـارە بـۆ (عـەشماوی) حـەلاڵ‌و بـۆ ( بـاقوری) حـەرام بـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی زۆرجـار ئـەم مەسـەلەیەمان باسکردووە، باسکردنەوەی بەباش نازانم.

3-بەدرێژایی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە، زەینەب غەزالی وەك تەواوی ئەندام‌و لایـەنگرانی گروپـە بـەناو ئیسـلامییەکان دەیـەوێت تەئکیـد لەسـەر ئـەو رسـتەیە بکاتـەوە کـە ئیسلامییەکان هەمیشە قوربـانی دەسـتی بەرامبـەرەکانیان‌و کـارو کـردەوەی ئـەمانیش تەنها کاردانەوەیە لە بەرامبەر رەفتاری ئەواندا. بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە هـەروا بەئاسـانی تێنەپەڕێت بەتایبەت لەوەی پەیوەندی بەکێشەی نێـوان ئیخـوان‌و عەبدولناسـرەوە هەیـە، باشتر وایە سەرنجی رووداوەکان وەك خۆیان چۆن هەیە بدەین‌و پێشوەختیش کەس تاوانبار نەکەین.

ئەدەبیاتی ئیخوان بۆ نیو سەدە دەچێت وەها ئەسڵی کێشەکە دەخەنەڕوو: عەبدولناسر بەکرێگیراوی ئەمریکاو رووسیاو خۆرئاوایەو هەر لەسەرەتاوە بەرنامـەی کاری ئەو بریتییـە بووە لە پاکتاوکردن‌و تەفروتوناکردنی ریزەکانی ئیخوان، لەبەرامبەریش ئیخوان هەرچی کاری خێـرو باشـەیە لـەقۆناغی سـەربەخۆیی میسـردا کردویانـە تـا ئـاژاوەو خوێنڕێـژی

نەکەوێتە نێوان ئەوانو دەسەڵاتەوە، تەنها کارێکیش کە ئەمان پێیەوە خەریك بوون خواپەرستیو ئامۆژگاریکردنی خەڵکیو گەیاندنی پەیامی ئیسلام بووە بەهاووڵاتیان، لەسەر ئەمانەش ناسرو داروودەستەکەی کەوتونەتە پلانگێڕیو ڕێگەیان نەداون بەشێوەیەکی ئاساییو بەئاشکرا چالاکی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام ئاخۆ مەسەلەکان بەمجۆرە یاخود بەشێوەیەکی ترنو هیچ ئیخوانیەك وەك خۆی باسیان ناکات.

دەکرێت لێرەدا ئەو پرسیارانە لەم کتێبەو دەیان کتێبی ئەندامو سەرانی ئیخوان موسلمین بکەینو بڵێین:

1-کە میسر سەربەخۆیی خۆی وەرگرتو لەدەستی زلهێزێکی ئیستیعماری وەك بەریتانیا رزگاری بوو، بۆچی بەشدارییان لە ئیدارەو حوکمڕانی نەکردو ئەو کارەیان بەکوفرێکی گەورە زانی، لەکاتێکدا لەسەردەمی ئیحتیلالدا ئەو کارانەیان دڵسۆزانە ئەنجام دەدا.

2-بۆچی شۆڕشێك کە کەمترین بەشداریو ماندووبوونی ئێوەی تێدانەبوو، بەڵام دەتان ویست وەسی بن بەسەر دەوڵەتەوەو دەسەڵاتێك بن لەسەرو دەسەڵاتی حکومەتەوە.

3-هەموو ئەوانەی بەناسرو دەوڵەت نەیاربوون، ئیخوان چووە ریزیانەوەو بەئاشکرا کەوتنە دژایەتی عەبدولناسر. تا ئینگلیز لە وڵات کشانەوە پەیوەندی ژێربەژێر لەگەڵ ئینگلیزدا لەڕێی (سالح ئەبو رەفیقو منیر دەلە)و لەلایەن بەریتانیەکانیشەوە میستەر (ئیڤانس)و بەئاگاداریو سەرپەرشتی رابەری گشتی (حسن الهضیبی) بەردەوام بوو. پشتیوانیکردنی محەمەد نەجیب لەدژی عەبدولناسر پەیوەندیکردنو هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ حزبی شیوعی میسر لەدژی ناسرو پەیوەندییەکەی هەردوولاش واتە ئیخوانو شیوعیەکان لەسەر ئاستێکی بەرزبوو، لەلایەن شیوعیەکان (د. فوئاد مرسی)و لەلایەن ئیخوانیشەوە (سەید قوتب).

پاڵپشتیکردنی ئیخوان لەپیاوێکی ناوبانگ زڕاوی وەك عەلی ماهر تا دەسەڵات بگرێتە دەستو وەك پیاوێکی دەستپاكو سەرڕاست هەڵیان دەدا، کەچی لەڕاستیدا یەکەمین کەسێکە بەرپرسیاربێت لەگەندەڵی ژیانی پەرلەمانی میسرو سیاسەتمەدارێکیش بوو لەڕۆژگاری ئیحتیلالدا لەگەڵ ئیسماعیل صدقیدا زۆرترین دژایەتی گەلانی میسرو پشتیوانی ئیخوانو شا فاروقیان دەکرد.

عەلی ماهر یەکەم کەس بوو لەدژی یاسای (الاصلاح الزراعی) وەستایەوەو ئیخوانەکانیش پشتیوانیان لێکردو عەبدولناسریان بەوە تاوانبار کرد کە دەسکاری ئیشی خوا دەکاتو ئەو موڵكو ماڵاتو زەویو زارە زۆرەی خودا بە بەندەکانی خۆی

بەخشیووە، ناسر لێیان وەردەگرێتەوەو بەسەر جووتیارو خەڵکانی تردا دابەشی دەکات.. عەلی ماهر دژایەتی بڕیاری خۆماڵی کردنی کەناڵی سوێسی کردو ئیخوان لەمەشدا هاودەنگی بوون.

عەبدولناسر هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش سەردانی گۆڕی (حەسەن بەننا)ی کردو سوێندی خوارد تۆڵە لەبکوژانی بکاتەوە، بەڵێنی خۆی بردە سەرو حوکمی زیندانی بەسەر ئیبراهیم عەبدولهادیو هاوکارەکانیدا دەرکرد. شۆڕش لەرۆژانی یەکەمیدا بوو هیچ کارێکی نەکردبوو، (الهضیبی) بەناوی ئیخوانەوە داوای لێکرد حیجاب فەرزبکات. داوایان لێکرا بەشداری حوکم بن، ئیخوانەکان زۆر خۆیان لەوە بەگەورەتر دەبینی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم حزبو گروپو رێکخراوەکانی میسریدا (کە ئەوە هەڵەی ناسر بوو لەو قۆناغەدا)، بەلام ئیخوانی لێ هەڵبواردو تەنها لایەنێك بوون لەمیسردا مافی چالاکی نواندنیان هەبوو دوای ئەوەی شا فاروق میسری بەجێهێشت ئینجا بەیاننامەیەکیان دەرکردو رای خۆیان لەسەر رووداوەکان دەربڕی. کە پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان ئیخوانو ئینگلیز ئاشکرابوو عەبدولناسر داوای لێکردنو واز لەو کارەیان بهێنن، رووبەڕوو بەڵێنیان بە عەبدولناسرداو پاشان لێی پەشیمان بوونەوە. مێژوونووسێکی ئیخوانەکان خۆیان کە (مەحمود عەبدولحەلیم)ە، لەم بارەیەوە ئاوەها دەڵێت: (هەموو ئەوەی بەسەرمان هات، ئەنجامی لوت بەرزیو خەمساردی ئەو ئەندامو لایەنگرانەی خۆمان بوو کە گوێیان بەهیچ نەدەداو سەربەخۆ رەفتاریان دەکرد).

کاتێك ئینگلیز لەمیسر سوپاکەی کێشایەوەو ئیخوان هاوپەیمانێکی گەورەی لەکیس چوو، ئەوسا (حسن الهضیبی) بەنهێنی میسری جێهێشتو لەسوریاو لوبنانەوە کەوتە جنێودان بەناسرو حکومەتی میسری.. کاروکردەوەی ئیخوانو شەڕفرۆشیان لەدوای دوو ساڵ لەسەربەخۆیی میسر گەیشتە ئەوەی پلانی کوشتنی ناسر دابڕێژن، ئەو کارەش لەرۆژی 26/10/1954 لە گۆڕەپانی (المنشیە)ی شاری ئەسکەندەریە بەهەریەك لە (هنداوی دوێرو مەحمود عەبدوللەتیف) جێبەجێ بکەن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئیخوانەکان دەنووسن ئێمە قوربانی دەستی شەڕفرۆشی دەسەلاتێکی بەکرێگیراوو کافرو گومڕای وەك عەبدولناسرین.

4-لەم کتێبەدا زیاد لەهەر شتێکی دی باس لەنەهامەتی دووەمی ئیخوانەکان دەکرێت، یان روونتر بڵێین باس لەهەوڵی تۆڵەسەندنەوەی ئیخوان لەناسرو شکستیان لەو هەوڵەدا دەکرێت.

لەدوای 1954وە ژمارەیەك لەبەرپرسانی ئیخوان زیندانی کرانو ژمارەیەکی کەشیان چوونە ولاتانی دەرەوە، وەك (سەعید رەمەزانو عەبدولفەتاح ئیسماعیل)و هەندێکی کەشیان لە ولات مانەوە، (زەینەب غەزالی) یەکێ بوو لەوانەی لەولات مابۆوە.

عەبدولناسر دوای رزگاربوون لە هەوڵی تیرۆرکردنی لەلایەن ئیخوانەکانەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆییو لەسەر ئاستی عەرەبیو جیهانی سێیەم چەند هەنگاوێکی نا وەك: (خۆماڵیکردنی کۆمپانیای کەناڵی سوێس، بەشداریکردنی لەدامەزراندنی کۆنگرەی ولاتانی بێلایەن لەگەڵ ئەحمەد سۆکارنۆو چەند سەرکردەیەکی تردا، هەروەها هەوڵی بێوچانیدا تا هانی ولاتانی دیکەی عەرەبی بدات بەمەبەستی نەهێشتنی دەسەلاتی بێگانە لە ولاتەکەیاندو پشتیوانیکردنی شۆڕشی ئازادیخوای لەولاتانی عەرەبیدا).

ئەم هەنگاوانەی عەبدولناسر رۆژ بەرۆژ ولاتە زلهێزەکانی تورەو نیگەرانتر دەکرد، بەتایبەت بەریتانیاو فەرەنسا کە پێیان وابوو عەبدولناسر هەرەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان لەولاتانی عەرەبیدا.. کاتێك لە بەرواری 1-3-1956دا شا حسێنی پاشای ئوردن بڕیاریدا بەدەرکردنی ژەنەراڵ گلۆپ (گلۆپ پاشا) کە سەرکردەی سوپای ئوردن بوو، دەستبەجێ تونی ئایدنی سەرەك وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا وتی: (ئەم کارە کاری عەبدولناسرە نەك شا حسێن). هەمان رۆژ (سلۆین لۆید)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەگەڵ عەبدولناسردا کۆبۆوە لەماڵەکەی لە (منشیە البکری)، (لۆید) هەستی بەوەکرد عەبدولناسر سووکایەتی پێدەکات، چونکە ئەو لای وابوو ناسر چاك ئاگاداری مەسەلەکەیەو بگرە نەخشەو پلانی خۆشیەتی تا شا حسێن گلۆپ پاشا لەئوردن دەربکات.

(ئەیدن) ئارامی نەماو وتی: پێویستە (ئەم کابرایە بڕوخێنین). فەرەنسیەکان هاتنو پێشنیازی ئەوەیان بۆ بەریتانیەکان کرد کەئەوانیش رووخانی ناسر بەکارێکی پێویست دەزانن، چونکە شۆڕشی جەزائیر بەپشتیوانیو هاریکاری ئەو نەبێت بەردەوام نابێت، بۆیە پێویستە فەرەنساو ئیسرائیلو بەریتانیا پێکەوە هێرشێکی سێ قۆڵی بکەنە سەر میسر. کاتێکیش لە (ئایدن)یان پرسی ئامانجە ستراتیژیو ئاکامەکانی ئەم شەڕە چییە؟ ئەو لە وەلامدا وتی: تەنها ئامانجمان رووخاندنی عەبدولناسرەو هیچی تر.

رقی فەرەنسییەکان لە ناسر وەك هێزێکی ئیستیعماری هێندەی رقی بەریتانیاکان بوو، کاتێ هێزەکانی فەرەنسا لەجەنگی (دیان بیان فو) لەبەرامبەر ڤێتنامیەکاندا شکستیان هێناو ئاگری شۆڕشیش لەجەزائیر تا دەهات گەرمتر دەبوو، ئەوکات (جی مۆلێنە) سەرەك وەزیرانی فەرەنسا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە لەناوبردنی ناسر دەبێتە

مایەی ئەوەی کێشەی جەزائیر یەکلایی بکاتەوە. دوابەدوای سەردانەکەی (سلۆین لۆید)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیاو لەناوەڕاستی مانگی ئازاری 1956دا (کریستیان بینۆ)ی وەزیری دەرەوەی ئەوسای فەرەنسا سەردانی قاهیرەی کرد، تا (عەبدولناسر) قەناعەت پێ بهێنێ واز لەپشتیوانیکردنو یارمەتیدانی شۆڕشی جەزائیری بهێنێ. ناسر ئەو داوایەی رەتکردەوەو پێی وتن ئێمە هەرگیز لەپشتیوانیکردنی برا زۆرلێکراوەکانمان دەست هەڵناگرین، (بینۆ) بە نائومێدییەکی زۆرەوە گەڕایەوە وڵاتەکەیو گەیشتە ئەو باوەڕەی کە سەرکوتکردنی شۆڕشی جەزائیر بەبێ لێدانی قاهیرەو گورزوەشاندن لەناسر مەیسەر نابێت. ئیتر لێرەوە فەرەنسا گوشاری بۆ بەریتان هێنا تاپێکەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا هێرشێکی سێ قۆڵی بکەنە سەر میسرو دەسەڵاتی عەبدولناسر سەرنگوم بکەن، ئەم هێرشەشیان بەناوی (پرۆسەی هاملکار)ەوە دەستی پێکرد.

ئەم پەلامارە سێ قۆڵییە ورەی زۆر لە دەسەڵاتدارانی میسری رووخاندو هەر یەك لە (عەبدولحەکیم عامرو سەلاح سالم) داوایان لە ناسر کرد شەڕنەکەنو بچن خۆیان تەسلیمی (ترفلیان)ی باڵیۆزی بەریتانیا لە میسر بکەنو خۆیانو گەلی میسریش لەو بەلایە بپارێزن، ناسر بەم پێشنیارە ئەوق بوو وتی: (گەر مەسەلەکە پەیوەندی بە خۆمەوە هەبوایە بۆ خاتری میسر ئەوەم دەکرد، بەڵام مەسەلەکە زۆر لەمنو تۆ گەورەترەو پەیوەندی بەمیسرو ئایندەی میسرەوە هەیە). ناسر سووربوو لەسەر بەرگریکردن لەو شاڵاوەو دوای ئەوە روویکردە (ئەزهەر) لەوێدا وتارێکیدا بە جەماوەرو وتی: (ئەوانە هاتوون وەك دوێنێ بمانخەنەوە ژێر چەپۆکی خۆیان، ئێمەش بەوە رازی نابینو بڕیارمان ئەوەیە کە دەجەنگینو رووبەڕووی هێرشو پەلامارەکانیان دەبینەوە). هاوکات یەکێتی سۆڤیەت لەلای خۆیەوە هەڕەشەیەکی توندی لەبەریتانیاو هاوپەیمانەکانی کرد کە بەهەڕەشەی (بۆڵگانین) ناسرا، فەرەنساو بەریتانیا کشانەوەو میسریش بووە نموونەی خۆڕاگری، بەڵام کشانەوەی هەردوو وڵاتە زلهێزەکە هەروا ئاسان نەبوو، بەڵکو هەر یەك لە (جیمولێ)و (تۆنی ئایدن) دووچاری شکستێکی گەورە هاتنو کورسی دەسەڵاتیان لەدەستداو پۆستەکانی خۆیان دۆڕاند. لەبەرامبەردا وەك وتمان ناسرو میسر بوونە رەمزی بەرخۆدانو کاریگەرییان نەك هەر لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبی بەجێهێشت، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش دەنگدانەوەی خۆی هەبوو. ئەوکات شۆڕشی کوبا لەگەرمەی دابوو کە هەواڵی ئەو خۆڕاگرییەی میسریان پێگەیشت، (کاسترۆ) ئاوهای بە هاوەڵە شۆڕشگێڕەکانی وت: (گەر لەباری گەلێکی بچووکی وەك گەلی میسردا بێت بەرپەرچی دوو ئیمپراتۆریەتی زەبەلاحو دەوڵەتێکی کلكگرێدەر بداتەوە، ئەی بۆچی ئێمە

نەتوانین سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆرێکی ئەڵقەلەگوێی وەك پاتیستادا بەدەست بێنین).
کاتێك ساڵی 1960 کاسترۆو ناسر لەنیۆیۆرك چاویان بەیەکتری کەوت، کاسترۆ لەو دیدارەدا بەناسری وت: (ساڵی 1956 لە شاخ بووین، دژایەتی رژێمی پاتیستامان دەکردو گەیشتبووینە حاڵەتی نائومێدی، بەڵام کاتێ ئێوەمان بینی خۆتان لەبەردەم ئینگلیزو فەرەنسیو ئیسرائیلیەکان راگرتو جیهان پشتیوانی لێکردن، ئێمەش بڕیارمان دا بەرگری بکەینو خۆڕاگربین، ئەمەش بۆ ئێمە خاڵی وەرچەرخان بوو). بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (عبدالله امام: عبدالناصر كيف كان يحكم مصر؟ -مدبولي، قاهيرة- الطبعة الاولي، 1997. یان (سيف الدين عبدالجبار: العدوان الثلاثي علي مصر، بداية استخدام القوة للاملاء والهيمنة، جريدة الزمان- العدد 456، 18/10/1999- ص-4).

بێگومان وەك چۆن ئیخوان لەساتە وەختی شۆڕشی 23 یۆلیۆی 1952 غائیب بوو, ئاوەهاش لەم قۆناغە چارەنووسسازەشدا بچووکترین رۆڵیان نەبینی. رەنگە ئەگەر وەك شەڕی عەرەب- ئیسرائیل 1967 میسر شکستی بهێنایە، ئەوا تەنها کارێك بیانکردایە هەرئەوەبوو شێخێکی لەخواترسیان هەمان هەڵوێستی شێخ (محەمەد متوەلی ئەلشەعراوی) بنواندایە.

لەم سەروبەندەدا کە وڵاتە زلهێزەکان زانییان ئەزموونی ناسری لەڕێی هێرش و پەلاماری دەرەکییەوە ئەستەمە شکستی پێ بهێنرێت، کەوتنە سۆراخی بەکارهێنانی هێزی ناوخۆیی بۆ لێدانی گەلی میسر. ئەوەبوو لەساڵی 1957ەوە دەست بەم نەخشەیە کرا. خۆرئاواو ئەمریکاو بەهاوکاری هەندێ لەوڵاتانی عەرەبی لەڕیزی پێشەوەشیان سعوودیە، دەستیان کرد بە رێکخستنەوەو کۆکردنەوەی سەرانی ئیخوانو یارمەتی دانیان بۆ دەستکردنەوە بەچالاکی سیاسییانو دژایەتیکردنی عەبدولناسرو کۆتایی هێنان بە دەستەڵاتی.ئەوانەی بەگەرمی کاریان بۆ ئەم پرۆژەیە دەکرد عەبدول فەتاح ئیسماعیل عەلی عەشماویو سەعید رەمەزانو سەید قوتبو نووسەری ئەم کتێبە (زەینەب غەزالی)بوون.

هەرچەندە سەید قوتبو زەینەب غەزالی لەسەردەمانی ئیحتیلالی بەریتانیو حکومڕانی شافاروقدا بێوەیترین دووکەسێك بوون لەمیسرداو هەرگیز بەگژ نە بێگانەو نەئەڵقەلەگوێکانی بێگانەدا نەچوونەتەوە, بەڵام لەقۆناغی سەربەخۆبوونی میسردا ئەوپەڕی توانای خۆیان خستەکارو تەمەنی خۆیان بۆ دژایەتیکردنی ناسر تەرخان کرد.

سەرەتای ئەم نەخشەیەش لەمەککە لە سالۆەختی حەجدا لـە عەرەبستانی سعوودیە دەستی پێکرد ، کاتێك عەبدول فەتاح ئیسماعیلو زەینەب غەزالی لەمەکتەبی حەرەمی مەککە لای شێخ سالح قەزاز کۆبوونەوەو بڕیاریاندا دەست بەکارو چالاکی خۆیان بکەنەوەو ریزەکانی ئیخوان یەکخەنەوەو تۆڵەی یەکجارەکی لەناسرو دەسەڵاتدارانی وڵات بکەنەوە. (الهضیبی) رەزامەندی نیشانداو سالی 1963سەرکردایەتییەکی پێنج کەسییان هەڵبژارد بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان.

1-عەبدول فەتاح ئیسماعیل: لێپرسراوی بەشی دارایی و ئاینی بێت.
2-عەلی عەشماوی: لێپرسراوی رێکخستنەکانی شاری قاهیرە بێت.
3-ئەحمەد عەبدولمەجید: بەرپرسی ناوچەی(صعید)بێت.
4- مەجدی عەبدولعەزیز: لێپرسراوی ئەسکەندەرییە بێت.
5-سەبری عەرەفە: بۆ دەقهلییە.

لەبەر ئەوەی ئەمانە کەم ئەزموونو وەك تەمەن منداڵ بوون، پێویستییان بەکەسێکی بەئەزموونو لێهاتوو بوو تاسەرکردایەتییان بکات بۆ کۆدێتاکردن بەسەر عەبدولناسردا.ئەمەش دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونی ئەفسەرانی ئازادیخوازی میسر بوو لەکاتی خۆسازدانیان بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی 23ی 1952 لەمیسر، چونکە عەبدولناسرو ئەنوەر ساداتو عەبدول حەکیم عامرو سەلاح نەسرو سەلاح سالمو عەبدول لەتیف بەغدا ، لەبەر ئەوەی کەم ئەزموونو لاو بوون بە پێویستیان زانی کەسێکی گەورەتر لەخۆیان کەخاوەنی ئەزموونی زیاتر بێت رابەرایەتییان بکات. بۆ ئەم مەبەستە داوایان لە عەزیز میسری تەمەن(73) ساڵ کرد ببێتە رابەریانو دواتر بە لیوا فوئاد سادق تەمەن (58) ساڵیان وتوو سەرەنجام بە محەمەد نەجیب (51) ساڵ رازی بوون کەئەو سەرکردایەتییان بکات.

ئیخوانییەکانیش لەلاسایی‌کردنەوەی ئەم تاقی‌کردنەوەیەیاندا سەرەتا بە فەرید عەبدولخالق ئەندامی ئیخوان موسلمین دەستیان پێکرد, فەرید عەبدولخالق زۆربەتووندی وەڵامی دانەوە ئامادەنەبوو سەرکێشی و کاری نابەجێی وابکات, تەنانەت لەگەڵ (منیردلە)دا چوونەلای رابەری‌گشتی(حسن الهضیبی)و پێیان وت: ئەم هەوڵەی عەبدولفەتاح ئیسماعیل جگە لە نەهامەتی و ماڵوێرانییەکی‌تر هیچی دیکەی لێشیننابێت. دوای چارەکە سەدەیەك لەو رووداوە فەرید عەبدولخالق لەگەڵ چەند کۆنە ئیخوانێکی تردا باس لە هەڵەو سەرەڕۆییەکانی ئیخوان لەو قۆناغەدا دەکاتو رەخنە ئاراستەی شێوازی ئەو ئیشکردنەی ئیخوان دەکات، بۆ زانیاری زیاتر باخوێنەر بگەڕێتەوە سەر(فرید عبدالخالقو أخرون: نحو مراجعة المقولات والآليات-الحركة الاسلامية, رؤية مستقبلية الطبعة الاولى, 1989).

پاشـان چـوونە لای عەبدولعـەزیز عـەلیو ئـەویش ئامـادە نـەبوو لـەکارێکی وادا هاوکارییان بکات، تـا دواجـار چـوونە لای (سـەید قوطب) کـە بـەهۆی عەبدولسـەلام عارفی سەرۆکی پێشووی عیراقەوە لە زیندان ئازاد کرابوو. کارەکەیان تێگەیاندو ئـەویش رازی بوو وەك سەرکردەیەکی رۆحی رێبەرایەتیان بکات.

بـەلاّم ئیخـوان لـەم هەوڵەشـیاندا سـەرکەوتوونەبوونو لـەمانگی ئـابی 1965دا پلانەکەیان ئاشکرابوو. (عەلی عەشماوی) لێپرسـراوی رێکخسـتنەکانی قـاهیرە، ئـەویش وەك هنـداوی دوێـرو مـەحمود عەبـدوللـەتیف وردو درشـت ئیعترافـاتی تـەواوی کـردوو، هەموو نەخشە ژێر بەژێرەکانی هاورێکـانی ئاشـکراکرد بـۆ لێـدانی دەولّـەتو کوشـتنی ناسرو گۆڕینی دەسەلاّت بە حکومـەتێکی ئیسلامی. دەرەنجـامی ئەمـەش لەسـێدارەدانی (سـەید قوتـبو محەمـەد یوسـف هـواشو عەبدولفـەتاح ئیسـماعیل) بـوو لەبـەرواری 1966/8/29. ئەوانی دیکەش بەماوەی جیاجیا زیندانیکران کە لە نێویاندا زەینـەب غەزالی بوو.

5-زەینەب غەزالی لەبەشێکی تری یاداشتەکانیداو بەتایبەتی لـە لاپـەڕە (158)دا دێتە سـەر باسـکردنی حـالّی میسـر لـەژێر سایەی حـوکمڕانی جـەمال عەبدولناسـرداو دەلّێت: (هەموو رێگاکانی ژیان گیرابوون، ترسو بـیم زالّبـوو بـوون بـە سـەر خەلّکیـدا، کوشتنو گرتنو ئاوارەکردن دیاردەیەکی ئاسایی بوو، هێزی شەڕو بەتالّ دەستیان گرتبوو بەسەر خەلّکیداو بەیەك شێوە مامەلّەیان دەکرد بەسەر هەموو چـینەکانداو لەقەلّەمـدارو موفەکیرو وەزیرو سەرباز، لەنێوان هاوولاّتی ئاساییو لاوو پیرو ئافرەتو پیاو، نـەخۆشو لـەش سـاغدا.. هـەموو لەبـەردەم قامچـیو هەلّواسـینو سـەگو هـەموو جۆرەکـانی ئەشکەنجەدا بوون). تا ئێرەو قسەکانی زەینـەب غـەزالی تـەواوبوون، بـەلاّم بەرلـەوەی بـە کورتی لەسەر ئەوقۆناغەو ئەو باری سەرنجەی ئەو بدوێم، پـێم باشـە چـەند دێڕێکـی تـری (زەینەب غەزالی) لەلاپەڕە (286) بخەمەڕوو کە لەسەرمردنی ناسر نووسیویەتیو خۆی پێ دووچاری هەلّوێستێکی دژ بەیـەك کـردووە، بـا گـوێ بگـرین بـزانین لـەو لاپەڕەیـەدا چـیدەلّێـت: (خـەلّکی لـە زینـدانی قـەناتیر هـەوالّی مردنـی عەبدولناسـریان بەغـەمو بەژارەوە دەگواستەوەو دەگریان).

غەزالی لەلاپەڕە (158)دا پێمان دەلّێت: (تەواوی گەلانی میسر گـیرۆدەی تـاغوتو ستەمکارێکی کەم وێنە بووبوون، تاغوتێکی بێڕەحمو بێبەزەیی کە هەموانی خسـتبووە بـەردەم قامچـیو لێـدانو هەلّواسـینەوەو هـەموو جـۆرە ئەشـکەنجەدانێکی لەگەلّیانـدا بەکاردەهێنا). بەلاّم پێمـان نالّێـت کـە سـەرکردەیەك ئەمـە کـارو رەفتـاری بێـت لەگـەلّ میللەتەکەیدا چۆنو بۆچی لەکاتی مـردنو ئـاوابوونی دەسـەلاّتی بەسـەریانەوە (خـەلّکی

هەواڵی مردنەکەی بە غەمو پەژارەوە وەردەگرنو بۆی دەگرینو مردنی بەکۆستێکی گەورە دەزانن).

هەر کەسێك گەر لەڕێگای ئەدەبیاتو نووسینی ئیخوانەکانەوە مێژووی نوێی میسر بەگشتیو قۆناغی حوکمڕانی عەبدولناسر بەتایبەتی بخوێنێتەوە، دەمودەست دەگاتە ئەوەی ناسر خوێنڕێژترین کەسایەتی سەدەی بیستو دڕندەترین سەرکردەی جیهانی سێیەم بوو بێت..

بەڵام با هەوڵی ئەوە بدەین ئەو قۆناغەی مێژووی هاوچەرخی میسرو سەردەمی حوکمڕانی عەبدولناسر وەك خۆی بخوێننەوە بزانین وەهایە.. ئاشکرایە عەبدولناسر پیاوێکی عەسکەری بوو، ئەفسەرێك بوو لەڕیزی سوپای میسریدا، کاتێك ئەو شۆڕشی 23ی یۆلیۆی 1952 بەرپاکرد، میسر تائەو ساتەوەختە حەفتا ساڵ بوو کۆلۆنییەکی بەریتانی بوو (1882- 1952) لەسایەی دەسەڵاتی پاشایەتی هەریەك لە شافوئادو فاروقدا وڵات لەناو نەهامەتیو گەندەڵیدا غەرق بووبوو، بەتایبەت سەردەمانی فاروقو قۆناغی حوکمڕانی عەلی ماهرو ئیسماعیل سدقی بەدترین ساڵەکانی ئەو قۆناغە بوونو گەلانی میسر رەشترین رۆژەکانیان بەڕێدەکرد، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش کاتێك عەبدولناسر شۆڕشی کردو سەرکەوتبوو لەو هەوڵەشیدا بیری لە بچووکترین تۆڵە لە هیچ یەك لەوانە نەکردووە. ئەگەرچی ئەفسەرەکانی تری هاوەڵی رایان لەسەر ئەوەبوو فاروقو وەسی (کە خاڵی فاروق بوو) بکوژن، دەرهەق بەهەموو ئەو تاوانانەی لەدژی میسرییەکان کردوویانە، بەڵام عەبدولناسر لەوەڵامدا پێی وتن: (رێیان بدەن بۆکوێ دەچن بابچن، ئێمە ئەرکی گەورەو گرانترمان لەسەر شانە).

ئەوەبوو تەواوی بنەماڵەی پاشا بە سواری کەشتییەك میسریان جێهێشتو رووەو ئیتالیا کەوتنەرێ, بۆیە دەکرێت بڵێین شۆڕشەکەی عەبدولناسر لەسەدەی بیستەمدا بە بەراورد لەگەڵ شۆڕشەکانی تردا کەمترین توندوتیژیو زەبرو زەنگی بەخۆیەوە بینیوە. تەنانەت کاتێکیش فاروق کۆچی دوایی کردو خانەوادەکەی داوایان لە ناسرکرد تەرمەکەی لە میسر بنێژن، رێگرینەکردنو لەوێ بەخاکیان سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (أحمد حمروش: قصة ثورة 23 يوليو- دار الطليعة، بيروت)، يان (محسن محمد: سقوط النظام في 4 أيام- ثورة 23 يوليو بالوثائق السرية- دار الشروق، قاهرة- الطبعة الاول، 1992).

یاخود وەك (ئیبراهیم عەریس)ی نووسەر دەڵێت: (شۆڕشی عەبدولناسر یەکێکە لەو شۆڕشە دەگمەنانەی مێژوو کە کەمترین شەڕانگێزی لەبەرامبەر نەوەکانی خۆیدا

بەکاربردووە، شۆڕشێك هیچ یەك لەو کەسانەی پاکتاونەکرد کە بەشدارییان تێیدا کردبوو تەنانەت لەوکاتەش لەسەر کار لابران. بڕوانە: (ابراهیم العریس: ذاكرة القرن العشرين- جريدة الحياة، العدد 13326- 1999/9/2).

ناکرێ شۆڕشی 23 یۆلیۆ بەشۆڕشەکانی ئەوسای تورکیاو عیراق‌و سووریاو جەزائیرو وڵاتانی تری عەرەبی‌و ناوچەکەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد بکرێت. لەسەر ئاستی ناوخۆش ناسر هەرهەمان ڕەفتاری هەبوو, مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ ئیخواندا بەتایبەتی بەڵگەی ئەو راستییەن. سەرەڕای لوت بەرزی‌و سەرەڕۆیی ئیخوان لەدوای 1952وە، بەڵام عەبدولناسر نەیگەیاندە رادەی ئەوان. ئیخوان لەسەردەمی حوکمی پاشایەتی‌و سەردەمانی ئیحتیلالی بەریتانیدا گوێڕایەڵترین دەستەوتاقمێك بوون، ئەوەی داواکرابێت لێیان ئەگەر پێچەوانەی بیروباوەڕی خۆشییان بوایە جێبەجێیان دەکرد، هەربەو مەرجەی دڵی دەسەڵاتدارانیان راگرتایە. با بۆپاڵپشتی‌کردنی ئەم قسانە چەند نموونەیەکی بچووك بهێنینەوە:

حەسەن بەننای دامەزرێنەرو رابەری گشتی ئیخوان لەسەرداوای کۆشك لە سالانی1945و 1948، دەسکاری برگەکانی پەیڕەو وپڕۆگرامی ناوخۆیی رێکخراوەکەی کرد. کاتێك سالح عەشماوی رەخنەی لەدام‌و دەزگای حکومەت گرت‌و بەنووسین بڵاوی کردەوە, حکومەت داوای پەشیمان بوونەوەی لێکردن. کاتێك سالح ملی‌نەدا, رابەر خۆی چووەلای‌و پەشیمان بوونەوەی پێ‌نووسی‌و پێی وت (اكتب يا صالح ما يطلب منك)، سالح چیت لێداوا دەکەن بینووسە.

کاتێك رابەر تەنها لەدەرەوەی زیندان مایەوەو ئەندامانی دەزگا نهێنی‌یەکەی دەستگیر کران, دەسەڵاتداران داوایان لە حەسەن بەننا کرد پاکانەنامەیەك بنووسێت‌و ئیدانەی ئەوانە بکات کە زیندانی‌کراون‌و سەر بە ئیخوانن, دەست بەجێ ئەو فەرمانەی جێبەجێکردو نووسی: (پەیامێك بۆ خەڵك, ئەوانەی لەزینداندان‌و کاری نابەجێیان ئەنجام داوە نەئیخوانن‌و نە موسڵمان). سەرەڕای ئەوەی داواکەی کۆشکی شاهانەی بەجێهێناو ئەو کۆمەڵە گەنجەی هەم لە ئیخوان‌و هەم لە موسڵمانێتی بێبەریکرد, بەڵام ئەوەش شەفاعەتی بۆ نەکردو دواتر بە بڕیاری ئیبراهیم عەبدولهادی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای میسر لە (1949/2/12)دا کوژرا. بەننا کوژراو تەنها ئیخوانیەکیش نەهاتە دەنگ. نە نووسەری ئەم کتێبەو نە سەید قوتب کە ئەوکات لە کالیفۆرنیاوە نامەی بۆ محەمەد جەبر دەنووسی‌و دەیووت: (ئەمریکا گەورەترین درۆیەکە جیهان بەخۆیەوە ببینێ)،

بڕوانە: (عادل حمودة: سيد قطب من القرية الى المشنقة- تحقيق وثائقى-سينا للنشر, قاهرة- الطبقة الاولى, 1987). نە (حسن الهضيبى) رابەرو نە عەبدولحەکیم عابدینی زاوای بەننا هیچییان نەوت، بگرە هەڵوێستی زۆر سازشکارانەشیان نواند. (الهضيبى) خۆیو وەفدێکی باڵا سەردانی شا فاروقیان کردو بەڵێنی هاوپەیمانێتیو پشتیوانی زیاتریان بۆ کۆشکو خاوەن شکۆ دووپاتکردەوە، ئەم سەردانەش لەمانگی ئۆکتۆبەری 1951دا بوو. واتە نۆ مانگێك بەر لەهەڵایسانی شۆڕشی یۆلیۆ بوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (د. رفغت السعيد: الاخوان المسلمون فى لعبة السياسة- افاق عربية, 1978)یان (د. رفعت السعيد: حسن البنا- (متى, كيف ولماذا؟ دار الطليعة, بيروت- الطبعة الثانية, 1979).

هەرچی عەبدولحەکیم عابدین-یشە کە ماوەیەك ئەمینداری گشتی ئیخوان بووەو زاوای حەسەن بەنناشە، هەڵوێستی لە هەڵوێستی ئەوان جیاوازتر نەبوو. با دەرهەق بەم پیاوەش ئەم نموونەیە باس بکەین: بەر لەدەست پێکردنی شۆڕشی یۆلیۆ 1952 شا فاروق (حافظ عفيفى) دەست نیشانکرد تا ببێتە سەرۆکی دیوانی مەلیکی. هەر دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە خۆپیشاندان دەستی پێکردو خۆپیشاندەران هاواریان دەکرد بڕوخێ پاشاو عەفیفی (يسقط عفيفى وحافظ عفيفى)، هاوکات لەم سەروبەندەشدا گۆڤاری (الدعوة) کە ئۆرگانی ناوەندی ئیخوانەکان بوو هێرشی کردە سەر (حافظ عفيفى)، ئەمە بووە مایەی سەرسوڕمانی زۆربەی زۆری ئاژانسەکانی دەنگوباسو بەهەڵوێستێکی تازەو چاوەڕوان نەکراوی ئیخوانییەکانیان لەقەڵەمدا بەرامبەر بە پاشاو دەستەڵاتی ئەو لەوڵاتدا. هەندێك لە ڕۆژنامەکان ئەم مەسەلەیەیان وەك هەواڵێکی گرنگ لەسەر رووی لاپەڕەکانیان بڵاوکردەوە، بەڵام هەر زوو عەبدولحەکیم عابدین شپرزە بوو دەست بەجێ کەوتە پینەکردنی ئەو هەواڵە تا دڵی پاشا نەڕەنجێ. ئەوەبوو هەر هەمان ڕۆژ بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، ئەمەی تێدا هاتبوو: (سەرکردایەتی گشتی ئیخوان موسلمین رایدەگەیەنێت کە گۆڤاری- الدعوة- سەر بەوان نییەو زمان حاڵی ئەوان نییەو تەعبیر لە سیاسەتی ئەوان ناکات).

جارێکیان (د. لطفى السيد) سەرۆکی زانکۆی قاهیرە لەدانیشتنێکدا لە (تەها حسین)ی پرسی بوو, ئەرێ بەڕاست ئەم ئیخوانیانە چین‌و چییان دەوێت؟ (تەها حسین) لە وەڵامدا بەتوانجەوە وتبووی: ئەمانە ئەو تاقمەن کە دەیانەوێت ئەندەلووس وەرگرنەوە!!(.

**بڕوانه:** (السيد يوسف: الاخوان المسلمون وجذور التطرف الدينی والارهاب فی مصر- الهيئة المصرية العامة للكتاب, قاهرة- الطبقة الاولی, 1999).

**(تەها حسێن) لەوەڵامەكەیدا باشی بۆچوو بوو كە ئەوانە هەوڵی بەدەستهێنانەوەی ئەندەلووسیانەز ئەو ئەندەلوسەی لە ساڵی 1492 وە عەرەبەكانی لێدەركرا بوو, چونكە ئەوەی تۆزقاڵێك لە مێژووی ئیخوان بەخەبەر بێت تێدەگات ئەوان تا ئێستاش هەر گۆڤاری(الدعوة) زمانحاڵیان بووە, بەڵام هەر لەبەرئەوەی فاروق دڵی گەرد نەگرێتو كۆشك لە ئیخوان رازی بێت، (عەبدولحەكیم عابدین) سوێند دەخوات كە نە ئێمە ئەو گۆڤارە دەردەكەینو نەزمانحاڵی ئێمەیەو نە تەعبیر لە سیاسەتەكانی ئێمە دەكات.**

**ئەمە سەوداو رەفتاری ئەم كۆمەڵەیە لەسەردەمانی حوكمڕانی فاروقو ئیستعماری بەریتانیدا. كەچی كە وڵات سەربەخۆ دەبێتو ناسر جڵەوی حوكمڕانی دەگرێتە دەست، هەر ئیخوانیەك ئاوەها دەدوێت: با گوێ بگرین (زەینەب غەزالی لەم كتێبەدا) چی دەڵێت: (جەمال عەبدولناسر مافی ئەوەی نییە كۆمەڵەی ژنانی موسڵمانان هەڵوەشێنێتەوە، چونكە خوا خۆی موسڵمانانی عەلدار كردووە، نەك مرۆڤێكی وەك عەبدولناسر) بڕوانە (زەینەب غەزالی: رۆژگارێكی تەمەنم- لاپەڕە 13). ئەم قسەیەی (زەینەب غەزالی) بێهیچ تەعلیقێك جێدێڵمو یەك راست دێمە لای(حسن الهضيبی)، لەدوای سەركەوتنی شۆڕشی یۆلیۆ عەبدولناسر چەند دانیشتنێكی لەگەڵ سەرانی ئیخواندا كرد, لەیەكێك لەو دانیشتنانەدا دوای ئەوەی عبدولناسر چووبووە دەرێ (الهضيبی) بەو هاوەڵانەی كەئامادەی دانیشتنەكە بوو بوون وتبوو, وەك ئەوەی لەغەیبەوە ئاگادار كرابێ: (ئەم پیاوە هیچ خێرێكی تێدا نییە, پێویستە دوورە پەرێزی لێ بكرێت). بڕوانە (د. صلاح عبد الفتاح الخالدی: سەید قوتب لەهاتنە دنیاوە تا شەهیدبوون- چاپی یەكەم, 1999, لاپەڕە 93). ئەمە رای رابەری گشتی بوو بەعبدولناسر دوای چەند مانگێك لەبەرپابوونی شۆڕش, بەڵام لەپاش حەڤدە ساڵ سەوداو مامەڵەكردن لەگەڵ شافاروقدا (نووسین جێی ئەوەی تیانابێتەوە تاباس لەرەفتارەكانی فاروق بكرێت ئەگەرنا..)و پاش كوژرانی حەسەن بەنایش، كەچی (الهضيبی)لەدوای هەموو دیدارێكی لەگەڵ (فاروق)دا بۆ كەناڵەكانی راگەیاندنو رۆژنامە نووسان ئاوەها دەدوا: (ئەمەی من كردوومە سەردانێكی خانەدانانە بووە بۆ لای پیاوێكی وەجاخ زادە)، بڕوانە: (د.**

رفعت السعيد: ئیخوان موسلمین لەگەمەی سیاسەتدا- وەرگێڕانی: ب. نڤار-چاپی یەکەم, 1998).

لەسەردەمانی عبدولناسردا ئیخوانییەك نەما وەك قارەمان لەدژی ئەو ئەزموونە بەختی خۆی تاقی نەکاتەوە، هەر لەسەرکردەکانییانەوە تا ئەندامو لایەنگرانیان. یەکێك لەوانەی لەناو زانکۆکانو ریزی خوێندکاراندا ئاژاوەی دەگێڕا (حەسەن دوح) ناوێك بوو, ئەمە سەرەتای پشێوەیەکی گەورە بوو لەساڵی1954داو زۆر لە ئیخوانەکان دەستگیرکران, بەڵام ناسر لەسەر داوای شای سعوودیە ئازادیکردن بەبێ هیچ لێپرسیینەوەو دادگاییکردنێك. کەچی ئەوان لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ناسردا بەیاننامەیەکیان لەسەردەرکردو وتیان ناسر بەکرێگیراوی نوری سەعیدە لە عیراقو زاهدییە لەئێرانو پێویستە ئەوانە پێکەوە بکوژرێن. لەدوای رووداوەکەی (المنشیە)و هەوڵی تیرۆرکردنی کۆمەڵێکی کەیان دەستگیرکران لەناویاندا سەید قوتب هەبوو, بەڵام دواترو لەسەرداوای عەبدولسەلام عارف سەرۆکی پێشووتری عیراق ئازاد کرا.

لەبەرامبەردا ئیخوانییەکان تالەژیاندا مابوو هەرچیان لەدەست هات لەدژی کردیان، کەمردیش لەناو بانگ زڕاندنی درێغییان نەکردو تا ئێستا ئەو هەوڵانە درێژەیان هەیە. (أیام من حیاتی- زەینەب غەزالی) هەوڵێکیئەو ناوبانگ زڕاندنەیەکە لەدوای مردنییەوە دەستی پێکردووە (1970/9/28)و زۆر شتی ناڕەوای دەرهەق بەو پیاوە تێدایە, بەڵام ئەوەی دەستی گرتمەوە لەوەستانو قسەکردن لەسەر ئەو شتانە, چەند هۆکارێك بوون, یەکێك لەوانە ئەم قسانەی (غەزالی)یە کە بە (عەلی عەشماوی) دەڵێت: (عەلی عەشماوی درۆزنێکی خراپەکارە, تف ئەکەمە ناوچاوی لەبەرئەوەی درۆزنێکی بەکرێ گیراوە). بێگومان ئەوان ئاوەها بە (عەلی عەشماوی) بڵێن کە قوتابی قەتابخانەکەی بەنناو ئەندامی سەرکردایەتی ئیخوانو لێپرسراوی رێکخستنەکانی قاهیرە بێت کەگەورەترینو کاریگەرترین بەشی رێکخستنەکانی ئیخوانە, ئیتر دەبێت چیبە عەبدولناسر بڵێنو چیبە بالایدا بخوێنن.

پێموایە چ عەبدولناسرو چ دەسەڵاتدارە عەلمانییەکانی تر شایستەی ئەوەن رەخنەیان لێبگیرێتو تاقیکردنەوەکانیانو ئەو قۆناغەی حوکمڕان بوون تیایا هەڵسەنگێنرێتو هەڵەو کەموکورییەکانیان بخرێتە پێش چاو, بەڵام وەك خۆیو بە شێوەیەکی مەوزوعیانە نەك بەناهەقیو شێواندنی راستییەکان.

ئەوەی هانی دام ئەم کورتە سەر نجانەش بنووسم بەرگری کردن نییە لە ناسرو ئەزموونەکەی, چونکە ناسرو سەردەمی ئەو رۆشتووەو بەسەر چوون, بەڵام بەسەرچوونی

**قۆناغێك یـان مردنـی كەسـاتییەك نابێـت وامـان لێبكـات مێـژووی فـەرامۆشكـەینو راستییەكان ئاوەژوو بكەینەوە. لەلایەكیتریش بڵاوبوونەوەی ئەم كتێبە بەزمانی كوردیو خوێندنەوەی لەلایـەن خوێنـەرانی كـوردەوە وایلێكـردم ئـەم باسـە بنووسـمو رونكردنـەوە لەسـەر هەنـدێ خـاڵی پێویسـت بـدەم. دواجـار دەڵـێم: (زەینـەب غـەزالی)و زۆر لـە ئیخوانچییەكانی دیكەش وەها دەڵێن، بەڵام هـەموو وتنێـك نابێتـە نووسـینو مـەرجیش نییە هەموو نووسینێك راستی بڵێتو جێگای قەناعەت بێت.**

**پەراوێز:**

زەینەب غەزالی: رۆژگارێكی تەمەنم -لەبڵاوكراوەكانی گۆڤاری نمانا-چاپی یەكەم- 1999.

# کۆمیدیای ئیسلامی سیاسی

روناکبیری گەورەی ئەڵمانی (برتۆڵد برێخت) لـە شـوێنێکدا دەنووسـێت: (ئـەوەی لـە ڕاستی تێناگات گێلە، بەڵام ئەوەی تێی دەگات و خۆی لێ گێل دەکات ئـەوە تاوانبـارە). بۆ خۆم هەرچی جارێك نامیلکەیەك یان کتێبۆچکەیەکی ئیسلام گەراکانی ئێـرەو ئـەوێم چنگ دەکەوێت و لە خوێندنەوەی دەبمەوە، یـەك ڕاسـت ئـەو دەسـتەواژەیە دێتـەوە بـیرم و دەپرسم: یاران تۆ بڵێی وەها نووسینێك زادەی بێئاگایی نووسەرەکەی بێت لە ڕاستیەکان بۆیە هێندە کاڵفامانە دەدوێت، یاخود کاکی نووسەر ئاگاداری ڕاستیەکانە، بـەڵام خـۆی گێل دەکات و بەجۆرێکی دی (کە خواست و مەبەستی ئایدۆلۆژیاکەیـەتی) ڕووداوەکـان دەنووسێتەوە؟

یەکەمیان وەکی (برێخت) پێمانی دەڵێت ئەو کەسە کەسـێکی گێلـە و دووەمیشـیان تاوانبارە. وەکو سەرەتایەك ئەمە بەسەو لەمـەودوا هەوڵ دەدەم بێمە سەر ئەسـڵی مەبەسـت و قسەکانم بـە گشـتی ئاڕاسـتەی ئـەو ژمـارە بـێ سـەروبەرەیەی نامیلکـەو کتێبوچـکەی ئیسلام گەراکان نەکەم و وەکو نمونەیەكو بەتایبەتی قسە لەسەر یەك لەو نامیلکانە بکەم کە بۆ من لە ئێستادا پێویسـتی بـە قسـەلێکردن هەیـە، ئـەویش نامیلکـەی (پێشـەوای شەهید: حەسەن بەننا)یە. هەرچی ئـەوانی دیکەشـە لـە ئاینـدەداو بـەپێی بـوار دەکەومـە هەڵدانەوەیان.. بەڵام بۆچی (پێشەوای شەهید و..) بۆ ناونیشانێکی تـر نـا؟ لـە ڕاسـتیدا هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم نامیلکەیە لـەوەوە سەرچـاوە دەگرێـت کـە لاپـەڕەکانی لێوان لێوە لە ناهەقی و ئاوەژووکردنی ڕاستیەکان.. گێڕانـەوەی ڕووداوەکـانی سـەردەم و قۆناغێکە بەبێ ڕەچاوکردنی مەوزوعیەت لە نووسین و گوێدانە هیچ پێودانگێك. هەموو ئەمانەش دواجار دێنە بەردەستی خوێنەرانی ئەم نامیلکە بەدبەختە و تـەفرە خواردوویـان دەکەن بە ئایدۆلۆژیا و بەگروهو بەکەسـێك کـە حەقیقـەتیان ئـەوە نیـە، وەکـو ئـەوەی لـە

بارەیانەوە دەنوسرێت. ڕەنگە گەر ئەم نامیلکەیە چاپی دووهەمم بەسەرەوە نەبینیایە ئەوەندە گرنگیم پێنەدایە، بەڵام ئەوەی ڕایگرتم و دواجار هانیشی دام ئەم چەند دێرە بنووسم ئەوەبوو: چۆن چۆنی نامیلکەیەك بەم هەموو ژەهر و ناڕاستیەوە دوو جار لە چاپ دەدرێتەوەو خوێنەرانێکی زۆر دەیخوێننەوەو کەسیش تەنها پرسیارێك لە ڕاستی و دروستی ئەو ڕاو بۆچوونانە ناکات کە دەربارەی دامەزرێنەر و ڕابەری گروپی ئیخوان موسلمین خراونەتەڕوو. من دڵنیام ئیخوان چیەکان ئەم نامیلکەیان بەمەبەست چاپکردووە و سوریش بوون لەسەر دووبارە چاپکرانەوەی، گەر وا نەبوایە دەبوو لانی کەم خوێندەوارەکانیان کەمێك لەو هەڵە و ناڕاستیانەیان لە چاپی دووەهەمدا ڕاست کردایەتەوەو خوێنەرانیان نوقمی وەهم و خەیاڵ پلاونەکردایە.

بەهەرحاڵ ئەوەندەی بکرێت هەوڵدەدەم لەچوارچێوەی وتارێکدا، کەم تا زۆری ئەو زانیاری و ڕاو بۆچوونە هەڵانەی لە لاپەڕەکانی ئەم نامیلکەیەدا هاتووە بەسەر بکەمەوەو قسەیان لەسەر بکەم:

1-لە لاپەڕە چوار و لەپێشەکی ئەو نامیلکەیەدا نووسراوە: (ئەم چەند لاپەڕەیە بەزمانێکی ناسك لەسەر ژیانی ئەو کەڵە پیاوە نووسراوە)، بەڵام بۆچی نووسراوە؟ هەر لە هەمان پەرەگرافدا وەڵامان دەست دەکەوێت، مەبەست ئەوەیە: (تا خوێنەری کورد لەو ژیانە شارەزابێت و یەکێك لە گەوەرترین پیاوانی ئومەتەکەی بناسێت). لەخستنەڕووی ئەم پەرەگرافەی پێشەکی ئەو نامیلکەیە مەبەستم بوو، ئەو دوو ئاماژەیە (کەڵەپیاو) و (یەکێك لە گەورەترین پیاوانی ئومەتەکەی) کە مەبەست لێی (شێخ حەسن بەننا)یە بە زەقی بخەمەڕوو. ئەوەی من دەیکەم خستنەڕووی ڕووداوەکانە وەکو خۆی و وەك ئەوەی ئەم نامیلکەیە نەیویستووە قەرەی بکەوێ و باسی بکات. دواجاریش وەڵامی ئەو پەرەگرافە بەکراوەیی جێدێڵم بۆ خوێنەر خۆی تا ئازادانە حوکم بدات و حەسەن بەننا وەکو خۆی بناسێت.

2-لەم نامیلکەیەدا باس لە زۆر شتی (حەسەن بەننا) دەکرێت وەکو: (خەمخۆری بۆ میللەتی کورد، هەڵوێستی لە ئاست مەسەلە نیشتمانیەکان و داکۆکی کردنی لە میللەتەکەی دژ بە دەسەڵاتی بێگانە و ڕەوشت بەرزی و..هتد)، و لە سەرجەم ئەو باسانەدا ئەوەی ون بێت مەوزوعیەت و ڕاستییە و بەجۆرێك نووسراوە کە تەنها خزمەتی ئەو مەرامە بکات کە لە پێناویدا نووسراوە. سەبارەت بەخەمخۆری بۆ میللەتی کورد و گەلە ستەمدیدەکەی (لە ل28، پ.ش) داو لە ژێر سەردێری (نامەیەك بۆ پادشای عیراق)دا نوسراوە: (بیستی واتە حەسەن بەننا کە شۆڕشێك لە کوردستانی باشور دژی رژێمی ئەو کاتە بەرپا بووە)، بە بیستنی ئەمە

(بەننا) هەڵدەستێت بە نووسینی نامەیەك بۆ پادشای عیراق و پێی دەڵێت: (کوردەکان نەوەی سەلاحەدینن جێگەی قەدر و ڕێزن. دیارە ستەمیان لێکراوە، هەوڵبدەن ئەو ستەمە لابەرن).

با کەمێك بەووردی لەسەر ئەم چەند دێرە بدوێین، ئیخوانچیەکان دەیانەوێت پێمان بڵێن ئیخوان و رابەرەکانی هەر لە دێرزەمانەوە خەمی کێشەی کورد و میللەتەکەمانیان خواردووەو ئەمەش باشترین بەڵگەیەکە لەسەر ئەو مەسەلەیە. بەرلەوەی دەستبەجێ ئەم بۆچوونە هەڵەیە ڕەتکەینەوە, با هەندێ پرسیار بخەینەڕوو بڵێین:

أ-ئەم نامەیە لەچ کاتو شوێنێکدا نوسراوە؟

ب-نامەکە بۆ کام پادشای عیراق نووسراوە؟

(فەیسەڵی یەکەم یان غازی یاخود فەیسەڵی دووەم و عەبدولئیلای وەسی)؟.

3-بەننا بە چ سیفەتێك ئەو نامەیەی ناردووە؟ ئاخۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ شاهنشاهیەتی عیراقی کە لەگەڵ شاهنشاهیەتی میسریدا لەلایەن بەریتانیاوە پارێزگاری دەکران, ئەوەندە توندوتۆڵ بووە تا بتوانێت ڕاشکاوانە بە پاشای عیراق بڵێت : (دیارە کوردەکان ستەمیان لێکراوە، هەوڵبدەن ئەو ستەمە لابەرن) بڕوانە (ل28، پ.ش). ئەگەر وەڵام بە (بەڵێ) بێت ئەوا هەڵوێستی نیشتمان پەروەری و گەل دۆستی (بەننا) و تاقمەکەی دەچێتە ژێر پرسیارەوەو گەر بە (نەخێر)یش بێت ئەوا ناردنی وەها نامەیەك پووچەڵ دەبێتەوە.

4-گوایە (بەننا) وتوویەتی: (کوردەکان نەوەی سەلاحەددیینن و جێگەی قەدر و ڕێزن), واتە (بەننا) تەنها کوردەکان بەوە بە شایستەی قەدر و ڕێز دەزانێت و هەوڵی ستەم لەسەر لابردنیان دەدات کە نەوەی (سەلاحەدینن)، نەك بەوەی مرۆڤن و وەك هەموو گەلانی دنیا مافی بەئازادی ژیانیان هەبێت لەسەر خاکی باب و باپیرانیان. ئەمەش دەکاتە ئەوەی بڵێین گەر لە مێژووی ئێمەدا پیاوێکی وەك سەلاحەددیینی ئەیوبی تێدا نەبووایە, (بەننا) بەشایستەی نەدەزانی ئاوڕ لە نەهامەتی وماڵوێرانی میللەتێکی وەك کورد بداتەوە.

5-بەلای منەوە ئەم نامەیە و ئەم هەڵوێست نواندنەی ڕابەری ئیخوان بەرامبەر بە کورد لە چەند لاوە جێی گومانە: لەلایەك دەبوو وەك ئەمانەتێك ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکرایە کە دەقی نووسراوی ئەم نامەیەی لێوەرگیراوە، یاخود تەواوی نامەکە بڵاوبکرایەتەوە یان هەر هیچ نەبێ لەگەڵیدا کۆپی نامەکە بە زمانی عەرەبی بڵاوبکرایەتەوە. لەلایەکی تریش کاتێك مرۆڤ بە

ئەرشیفی ئیخوانەکاندا دەچێتەوەو بۆ هەڵوێستی ئەوان دەگەڕێت لەسەر کورد و کێشە ڕەواکەی، جگە لەچەند ڕستە و بۆچوونێکی نائومێدکەر بۆ کورد هیچی تر نابینێت. من حەزناکەم سەرلەنوێ ئەو شتانە بخەمەوە سەر کاغەز و وەك بەڵگەیەکیش لەسەر راستی ئەم شتانە دەخوازم خوێنەر خۆی بگەڕێتەوە لای ئەم سەرچاوانە و هەڵوێستی سەرانی ئیخوان و ئیسلامگەراکانی دی بەرامبەر بە کێشەی کورد ببینێ: (1-شێخ عومەر غەریب: ئیسلامیەکان و کێشەی کورد. 2-د.جەمال نەبەز: بێ دەسەڵاتە کوردەکان و برا موسڵمانەکانیان. 3-مەحمود عەلی پێنجوێنی: یەکگرتووی ئیسلامی لە نێوان کوردایەتی و ئیسلامی جیهانیدا. قەوارەی عەقیدە لەبری قەوارەی نەتەوەیی. 4-ئیبراهیم مەحمود: صورة الاكراد عربيا بعد حرب الخليج و ...هتد).

3-با لێرەدا باس لە بەشێکی دیکەی ئەم نامیلکەیە بکەین کە لەژێر سەردێری (نیشتمان پەروەری ڕاستەقینەدا)یە. ئەڵبەتە مەبەست لێی ئەوەیە کە نیشتمان پەروەری ڕاستەقینە لە مێژووی میسردا (حەسەن بەننا)یە نەك (ئەحمەد عورابی و سەعد زەغلولو مستەفا کامیل و محەمەد فەرید و جەمال عەبدولناسر), بەڵام ئاخۆ بۆچونێکی لەمجۆرە تا چەندە بڕ دەکات؟

وەك ئاشکرایە ئەو قۆناغەی بەننا تێدا هاتە دنیا لە میسردا قۆناغی مەرگەسات و تراژیدیای دوای عورابییەکان بوو، واتە قۆناغی سەرکوتی هەوڵێکی جوامێرانەی گەلی میسری بوو بەڕابەرایەتی ئەحمەد عورابی لە دژی بەریتانیا بە مەبەستی داکۆکی کردن لە خاك و نەتەوەکەیان. بۆیە دوای ئەوە دەبوو جارێکی دی گەلانی میسر بکەونەوە خۆتەیارکردن و خۆسازدانەوە لە دژی ئەو داگیرکارەو درێژە بەتەقەللای عورابییەکان بدەن. ئالێرەدا پێویستمان بەوەیە گەر بەکورتی و بەخێرایش بووە سەرنجێکی ئەو قۆناغە بدەین و نیشتمان پەروەری راستەقینەش بناسین. من لێرەدا ڕەنگە پێم نەکرێت تەواوی وردەکاری ئەو قۆناغە مێژووییە بنووسمەوە، بەڵام بە بەراوردکردنی هەندێ هەڵویست چەند ڕاستیەکمان دەسگیر دەبێت:

تەواوی هێزە عەلمانیکانی میسر کەوتنە خۆ بۆ بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی بەریتانیەکان و دژایەتیکردنیان، ئەمەش لە ژێرسایەی پیاوێکی وەك سەعد زەغلول و بە ڕابەرایەتی حزبی وەفد بوو کە شۆڕشی گەورەی 1919 لێکەوتەوە. گەلی میسر لەم هەوڵەیدا قوربانیەکی زۆریدا، بەڵام توانی لە بەرامبەردا دەسەڵاتی بەریتانی ملکەچ پێبکات بۆ هەندێ خواستی گەلانی میسر. خوێنەر بۆ زیاتر ئاگاداربوون دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە: (جاك بيرك: مصر الامبريالية و الثورة, ثورة

1919 – ترجمة: يونس شاهين - الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة - الطبعة الاولى، 1987).

**ئەمە لەکاتێکداو لەو قۆناغە سەخت و دژوارەدا ئیش و کاری ئیسلام گەراکان و (حەسەن بەننا) دامەزراندنی کۆمەڵی ڕەوشتەجوانەکان بوو، ئەم کۆمەڵەیە لەو قۆناغەدا بڕیارنامەیەکیان هەڵواسیبوو تیایدا هاتبوو (ئەوەی جنێو بە هاوڕێکەی بدات دەبێت قرانێك بدات، گەر بە باوکیدا دەبێت دوو قران و بە دایك دەقران). بڕوانە (پ.ش، ل7). کارێکی گەورەی تری ئەم کۆمەڵەیە لەو قۆناغە چارەنوسسازەدا ئەوەبوو (مردوویەکی بێ خاوەنیان کفن و دفن کرد کە لە نیلدا خنکا بوو), بڕوانە (پ.ش،ل8). ئەو دەمەی پیاوێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەری وەك سەعد زەغلول لە وڵات دوور دەخرێتەوەو ڕەوانەی دوورگەی مالّتە دەکرێت, لەو کاتەدا (ئەو شێخی تەسەوفەی حەسەن بەننا سەر وەختێك دەچێتە لایان دەچێتە سەرخوانی خدێوی), بڕوانە (پ.ش، ل14). هەروەها (ل22، پ.ش)دا نووسراوە: (لە یادی هێرشی بەریتانیا بۆ سەر میسر بڕیارماندا نەچینە ناو پۆلەوە - واتە ئەمە قسەی حەسەن بەنناو هاوەڵەکانێتی - ئەو ڕۆژەمان بەسەلامەتی بردەسەر). هاوڕێیان با ئەم هەڵوێستی نەچوونە ناو پۆلە بە چەند هەڵوێستێکی کەمی (جەمال عەبدولناسر) بەراورد بکەین.**

**(ناسر) پیاوێك بوو لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تریدا لە شەوی 22\23/7/1952 دا توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی حەفتا ساڵەی بەریتانیا بێنێت (1882-1952) بەسەر میسرداو کۆتایی بەحوکمڕانی شاهنشای ئەڵقە لە گوێی بەریتانیاش بهێنێ. (ناسر) ئەو شەوەی بەو کارە گەورە و چارەنووسسازە هەستا ئەگەری سەرکەوتنی هەوڵەکەی بەڕادەیەك کەمبوو کە کەس چاوەڕێی نەدەکرد، ئەوەتا خۆی دەنووسێت: ئەو شەوەی دەستمان بەجێبەجێکردنی کارەکەمان کرد کەسمان چاوەڕێی ئەوە نەبووین بە سەلامەتی دەربچین، بۆیە بۆ خۆم کاتێك لە ماڵ دەرچووم تا پەیوەندی بە هاوڕێکانمەوە بکەم نزیکەی (سی) جونیە یەکەم لە گیرفاندا بووە، ناچار بیست و نۆیم لە ماڵەوە بەجێهێشت و تەنها جونیەیەکم لە باخەڵمدا گلدایەوە، چونکە ئیحتیمالی گەڕانەوەم لە سەدا یەك بوو.**

**شۆڕشی یۆلیۆ ترسی تەواوی گەلانی ژێر دەستەی ناوچەکەی شکاند و قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی لە هەموو وڵاتانی کۆلۆنیالی کراودا دەستی پێکرد. (ناسر) کەناڵی سوێسی خۆماڵی کرد و (سدالعالی) بونیادنا, گرنگی ئەم کارەی بەجۆرێکە وەکی (د.حسن حنفی) لە شوێنێکدا دەنووسێت: گەر ئەم پڕۆژە نیشتمانییە گرنگە نەبوایە خوا**

دەیزانی ئێستا گەلی میسر چ حاڵێکی دەبوو. (ناسر) نەك شەڕی بەریتانیا شەڕی هەموو زلهێزەکانی دنیای کرد تا جارێکی دی میسر نەکەوێتەوە ژێر دەستی بێگانە. کەویستی (سد العالی) بنیادبنێ قەرزە دەرەکیەکانیان لێگرتەوە، کەویستی چەك بکڕێت و سوپایەکی مۆدێرن بونیادبنێ چەکیان پێ نەفرۆشتو کاتێك زانیان مل بۆ هەڕەشەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالی نادات هێرشی سێ قولّی لە لایەن فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیلەوە کرایە سەر و ئەویش بە تەنها ڕووبەڕووی (ئایدن و جی مولّی و بن گۆریۆن) بووەوە. ئەمە لەو ئان و ساتانەدا بوو کە ئیخوانەکان خەریکی کلك گرێدان بوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و لەڕێی میستەر ئیڤانزەوەو بەئامادەیی هەریەك لە (مونیز دەلەو ساڵح ئەبو ڕەقیق). ئەمە لەو کاتانەدا بوو کەڕابەری ئیخوان (الهضيبي) لەو دیوو سنورەوە کەوتە شاڵاو کردنە سەر ناسر و بەوە تاوانباری دەکرد، گوایە وڵاتی بە بێگانان فرۆشتووە. ئەمە لەو ئان و ساتانەدا بووکە (عەبدولڕەحمان سندی و ساڵح عشماوی و هنداوی دوێر و مەحمود عەبدول لەتیف)، پلانی تیرۆرکردنی (ناسر)یان دادەڕشت. (ناسر) بەم هەموو کارانەوە خائین و نیشتمان فرۆش بوو، بەڵام (بەننا) بە نەچوونە ناو پۆلی خوێندنگاوە نیشتمان پەروەری راستەقینەیە.

ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی ساڵانی ئەحکامی عورفی و گوشار و توندکردنی دەسەڵاتی کۆشك و بەریتانیا بوو لەسەر گەلانی میسر بە گشتی و هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی بەتایبەتی، ئەو ساڵانە بوو کە زیندانەکانی میسر جمەیان دەهات لە شۆڕشگێڕان و نیشتمان پەروەران، کەچی ئیخوانەکان بەوپەڕی خەمساردییەوە خەریکی ئەوەبوون وەك لە (ل57، پ.ش)دا نووسراوە: (لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەننا دەیویست چارەسەری دیاردەی عەرەق و قوماو داوێن پیسی بکرێ).

(بەنا) و تاقمەکەی کە وڵات لە ژێر دەستی رەشی بیگانەدابوو هەموو هاریکاریەکی حکومەتیان پەسەندبوو، گەر گەندەڵترین و ناوبانگ زڕاوترین حکومەتیش بوایە. (گرتنە دەستی پۆستی وەزراەتی مەعاریف لەلایەن ساڵح عەشماوییەوە بەڵگەیەکی زیندوە), نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو (بەننا) خۆیشی ئاواتی بەوە دەخواست. ئەوەتا لە (ل78، پ.ش)دا هاتووە: (لەو کاتەدا رۆژنامەنووسێك لە حەسەن بەننای پرسی: ئەگەر بتکەن بەسەرەك وەزیران قبوولّی دەکەیت؟! ئەویش لەوەڵامدا وتی ئەی بۆچی نا.. خۆ فەرمانڕەوایی رابواردن و کەیف و ئاهەنگ نییە بەڵکو خەبات و تێکۆشانە). ئەمە لەسەردەمانی ئیحتلالدا، بەڵام کە وڵات لە بێگانە پاك دەکرێتەوە و دەسەڵاتێکی خۆماڵی دێتە گۆڕێ ئیخوانەکان بەشداری لەو دەسەڵاتەدا بە کوفر و حەرام دەزانن و

ئامادەنین بەشداری تێدابکەن. کاتێك (ناسر) دەڵێت پۆستی چەند وەزارەتێـك بـۆ ئێـوە، ئەوان بەلووت بەرزییەکەوە دەڵـێن ئێمـە لـە حکومـەت بەشـداری ناکـەین. کاتێـك شـێخ باقوری بە پۆستی وەزارەتێك رازی دەبێ، قیامـەتێك لـەناو ئیخوانەکانـدا هەڵدەسـتێ و ئەمە بەخیانەتی گەورە دادەنێن و دەستبەجێ بە بڕیارێـك (شـێخ بـاقوری) لـە ڕیزەکـانی خۆیان دەکەنە، دەرێ (وەك هەڵوێستێکی نیشتمان پەروەرانەی راستەقینە).

لە (ل78، پ.ش)دا نووسراوە : لە (بەننا) یـان پرسـیوە چـەکتان لـە کـوێ بـوو؟ لـە وەڵامدا وتوویەتی ئێمە چاکترین چەکمان هەیە ئەویش ئیمانە. ڕۆژی خەبات دەمـان بینـی بێباکانە سـنگمان دەنـێین بـە گوللـەوە و هـاوار دەکـەین.. شـەماڵی بـە هەشـت هەڵکـە بەسەرماندا دەمێکە چاوەڕێین، بەڵام لـە ڕۆژی خەباتـدا کارەکـە تـەواو پێچـەوانە بـوو نـە (بەننا) سنگی نا بەگوللەوەو نەهاواریشی کرد: شـەماڵی بەهەشـت هەڵکـە بەسـەرماندا دەمێکە چاوەڕێین. (بەننا) تەواوی هاوەڵەکانی چوونە زینـدان ئـەو نـەبێت. کـە مایشـەوە لەدەرەوە، نەبووە ئیلهام بەخشیان‌و بەگژ ئەوانـەدا نەچـووەوە کـە هاوەڵـەکانیان دەسـگیر کرد. بگرە هەڵوێستی بەننا لەدەرەوە هەڵوێستێکی سازشکارانە بوو. کە هاوەڵەکانی لـە زینداندا تووشی گەورەترین نائومێدی کرد. کاتێك هاوەڵەکانی ئەو لەکوشتنی (ئەحمـەد خازنـدار و مـەحمود فـەهمی نەقراشـی) بوونـەوەو هـەوڵی تیرۆرکردنـی (ئیـبراهیم عەبـدولهادی) سـەرەك وەزیرانیـان داو لـەو هەوڵـەیان سـەرکەتوو نـەبوون، (ئیـبراهیم عەبدولهادی) کەوتە وێزەیان. زۆریان لە زیندان بەرگەیان گرت و هیچی وایان نەدرکاند، بـەڵام کاتێـك داوایـان لـە (بـەننا)ی رابـەر و دامەزرێنـەریان کـرد بەرائـەت نامەیـەك بنووسـێت و خـۆی لەوانـە بێبـەری کـات و لـە خانـەی موسـڵمانییەتی بیانکاتـە دەرێ، ئەویش دەستبەجێ بەرائەت نامەیەکی نووسی بەناوی (لیسوا اخواننا ولیسوا مسـلمین)، ئەوانـە نـەئیخوانن و نەموسـڵمان)، ئـیتر بەیـەکجار هاوەڵـەکانی رووخـان و دووچـاری نائومێدییەکی قووڵ هاتن.

(بەننا) ئەوە پیشەی یەکـەمجاری نـەبووەو لـەژێر فشـاردا ئـەوەی نەنووسـیوە، بـەڵکو پیاوێك بـووە بـڕوای بـە وەهـا رەفتارێـك بـووە. وەك بەڵگەیـەکیش لەسـەر راسـتی ئـەم قسانە، نموونەی قسەی یەکێك لەدۆستە نزیکەکانی (بەننا) خۆی و ئەنـدامێکی دیـاری ئیخوان دێنمەوە کە لـە گۆڤـاری (الدعوة)ی زمانحـاڵی گروپـی ئیخـوان موسـلمیندا بڵاویکردۆتـەوە. لـە ڕۆژی 1952/4/22 (سـاڵح عـەشماوی) دەنووسـێت و دەڵێـت: (جارێکیان شاڵاوم کردە سەر یەکێك لە دەزگا رەسمییەکان و حکومەت داوایکـرد لـەو هێرشەم پاشگەز ببمەوە، گەر نا ئەوا دەدرێمە دادگـا). سـاڵح دەڵێـت: (مـن وەك خـۆم

پاشگەزبوونەوەم رەتکردەوە، بەڵام شێخ حەسەن بەننا هاتە لام و ئامۆژگاری ئەوەی کردم کە پاشگەزبمەوەو بە زمانی خۆی ئاوای پێوتم: (اكتب يا صالح ما يطلب منك), واتە سالح چیت لێ داوا دەکرێت بینووسە. هاوشان بەمە (د.رفعت السعيد) دەنووسێت: (هەر بەم جۆرە خۆشی رۆژێك لە رۆژان ئەوەی نووسی کە داوایان لێکرد و لەو نووسینەیدا ئیدانەی هاورێ و هاوەڵەکانی خۆی کرد کە لە ژوورەکانی زیندان بوون و وەهای وەسفی کردن کە ئەوانە ليسوا اخوانا وليسوا مسلمين - ئەوانە نەبرایانن و نەموسڵمانیشن).

سەردەمانی ئیحتلال کاتێك لە هەموو کوچە و کۆڵان و شەقامێکی میسردا میسرییەکان پڕ بە گەروویان هاواریان دەکرد: (بژی میسر، میسر بۆ میسرییەکان). (حەسەن ئەحمەد عەبدولڕەحمان بەننای سەعاتچی) نیگەرانی دایدەگرت و بەتوڕەییەکەوە دەڵێت: (ئەمە چ هەرایەکە، میسرگەرایی پێچەوانەی ئیسلامگەراییە. ئەم هاتوهاوارەی ئێوە دەیکەن بۆ رزگاری و سەربەخۆیی میسر تەنها پیلانێکی بێ باوەڕ و مولحیدانەیە دژ بەبابی عالیو خەلافەت عوسمانی کە پارێزەری ئیسلام و موسڵمانانی دنیایە). پێموایە دەرهەق بە نیشتمان پەروەری راستەقینە هێندە بەسە.

4-ئەوەی کە ماوە تایبەتە بەهەندێ پەرەگرافی دیکەی ئەم نامیلکەیە کە پێویستمان بە لەسەر وەستان و قسە لەسەرکردن هەیە.

لە هەردوو لاپەڕەی (29،28ی، پ.ش)دا نووسراوە:(دوای جەنگی جیهانیی یەکەم خەڵکی بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی میسریدا سەرگەردان بوون و زۆربەیان روویانکردە خوانەناسی و بەرەڵایی، بەناوی سەربەستی و ئازادی و پێشکەوتنەوە.. شایەنی باسە شوێن کەوتنی رەهای ئەوروپا لە هەموو روویەکەوە جیهانی ئیسلامی گرتەوە بەتایبەت میسر. جولەکە و گاور و هەندێ بەناو موسڵمان لە پشتی پەردەوە کەوتنە دژایەتی ئیسلام، توانییان بنکەی هەموو جۆرە خراپەکارییەك لە میسردا بکەنەوە).

با زۆر بەکورتی وەڵامی ئەم هەموو ناهەقییانە بدەینەوە، ئەو بۆچوونەی کەدەڵێت: خەڵکی لە کۆمەڵگەی میسریداو لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرگەردان بوون، بۆچونێکە ئێجگار دوورە لەڕاستییەوە, چونکە گەورەترین رابوون لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییەوە لەناوجەرگەی کۆمەڵگەی میسریدا زیاتر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە

بەدەرکەوت. شۆڕشی ساڵی 1919 و دانانی دەستورێکی مەدەنی لە وڵاتداو برەوسەندنی بواری چاپ و چاپەمەنی و بوژاندنەوەی بواری شانۆو مشتومڕی ئەدەبی و زانستی و دەرکەوتنی ژمارەیەك قەڵەمی ناودارو بەبڕشتی وەك (مستەفا حەسەنێن مەنسوری و سەلامە موسا و نیکولا حەداد و وەلیەدین یەکن و فەرەح ئەنتوان و شبلی شومێل) و دەرچوونی هەردوو کتێبە ناوازەکەی (تەها حسێن و عەلی عەبدولڕازق), (دەربارەی شیعری جاهلی و ئیسلام و ئسوڵی حوکم). ئەوەی (تەها حسێن) لە مێژووی فیکری عەرەبی ئیسلامیدا یەکەمین هەوڵێکی جدیانەبوو بۆ داماڵینی بەرگی قودسیەت لە کەلەپوور و رەخنەکردنی بەشێوەیەکی زانستی و مەعریفی, دووەمیشیان بوێرانەترین و دەگمەنترین تەقەلایەك بوو (ئێستاشی لەگەڵدا بێت) کە لەلایەن عەقڵێکی منەوەری ئیسلامییەوە درابێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو تێزەی تەواوی ئیسلامگەراکان هەڵیان لەسەر ناوەتەوە، ئەویش نەبوونی سستم و ئسوڵی حوکمڕانییە لە ئیسلام و جیاکردنەوەی ئایینە لە دەسەڵاتی دەوڵەت و فەرمانڕەوایەتی. ئەمانە هەندێ سیمای دیاری ئەو قۆناغانەن کە ئیسلامگەراکان بە قۆناغی سەرگەردانی وەسفی دەکەن!

ئیخوانچییەکان ئەوە بەخەوش و نەنگی دەزانن کە خەڵکی لەو قۆناغەدا شوێن ئەوروپا کەوتوون (شایەنی باسە شوێن کەوتنی رەهای ئەوروپا لە هەموو روویەکەوە جیهانی ئیسلامی گرتەوە، بە تایبەتی میسر) (پ.ش، ل29). ئەمانە لەوە بەداخن کە خەڵکی شوێن ئەوروپا کەوتن و پشتیان لە پیاوە نەخۆشەکە کردووەو روویان لە بابی عالی وەرگێڕاوە. ئەمەش بەلای ئەوانەوە مایەی سەرگەردانی و ئەوپەڕی بەدبەختییە، بەڵام لەبەرچی؟ بێگومان لەبەرئەوەی ئەوە پیاوانی بابی عالی بوون لە ئەستانە کە یەکەمین چاپخانەیان داخڵ بە قاهیرە کرد، لەبەرئەوەی ئەوە قەڵەمڕەوەکانی خەلافەتی عوسمانی بوون کەیەکەم رۆژنامەیان لەمیسردا دەرکرد.. ئەوە پسپۆڕە لێهاتووەکانی سوڵتان بوون نەك (شامپلیۆن) کە گرێکوێرە و تەلیسمی حەرفە هیرۆگلیفییەکانیان کردەوە و کەوتنە خوێندنەوەیان و دواجار ئاشکراکردنی نهێنی ئەو شارستانییەتە مەزنەی فیرعەونییەکان لەخاکی کینانەدا دایانمەزراندبوو..

وەکو (ئەلیاس مەرقەس) لە کتێبی (نقد العقلانیة العربیة)دا دەڵێت: (ئەو دەمەی عوسمانییەکان سەرگەرمی گەمارۆدانی شاری - ڤیەننا- بوون،

چاكتر نەبوو بۆ خۆشیان و بۆ ئەو میللەتانەشی لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەواندا بوون، لەبری ئەو گەمارۆدان و ئەو هەموو سامان بەهەدەر بردنە لەشەڕوشۆڕدا چاپخانەیەكیان بهانیباتە ناو ئەو هەرێمانەوە). هەروەها درێژە بەقسەكانی دەداو دەڵێت: (ئەو چاپخانانەی ئێمە لەساڵی 1900 لەژێر سایەی خەلافەتی عوسمانیدا هەمانبوو، زۆر كەمتربوو لەوەی ئەوروپای خۆرئاوا لە ساڵی 1500 دا هەیانبوو). بڕوانە (عبد الحفیظ الحافظ: قراءة في كتاب الیاس مرقص - نقد العقلانیة العربیة, مجلة الطریق, العدد الثاني - السنة الثامنة و الخمسون 1999، ص 82-85). لەپای ئەم هەموو جیاوازییەدا ئەم نامیلكەیە دێت و جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە نەدەبوو خەڵكی شوێن شارستانییەتی ئەوروپی كەوتنایە و سەرگەردان و ماڵوێران بوونایە، بەڵكو دەبوو روویان لە حەرەم سەراكانی سوڵتان كردایە لە ئەستانەو بابی عالی، چونكە ئەمە مایەی سەرفرازای و خۆشنوودییە.

بۆ ستایشكردنی هەڵوێستی (حەسەن بەننا) و تاقمەكەی، بەوەی ئەوان شوێن ئەوروپای كافر نەكەوتوون و دەسخەڕۆی ئازادی و پێشكەوتنی ئەوان نەبوون و لەبەرامبەردا داكۆكیان لە خەلافەتی عوسمانی كردووە لە (ل29، پ.ش)دا هاتووە: (تەنها كۆمەڵێك كە بەرهەڵستی دەكردن كۆمەڵی - مكارم الاخلاق الاسلامیة - بوو. حەسەن بەننا لەگەڵ ئەندامانی ئەم كۆمەڵەیە بوو، پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبوو، هەوڵیان دەدا بۆئەوەی حەكیمانە و ژیرانە بەرهەڵستی هێرشی خوانەناسەكان بكەن).

پێموایە ئەم پەرەگرافە هیچ جۆرە تەعلیقێك هەڵناگرێت، چونكە خۆی بێ پەردە شەرحی حاڵی خۆی دەكات و خوێنەر بەباشی تێیدەگات. بەڵام گەر لە پەراوێزدا جێگایەكیش بۆ باری سەرنجێكی (رۆبێر جاكسۆن) جێبهێڵم پێدەچێت خراپ نەبێت، ئەو سەبارەت بەو قۆناغەی مێژووی میسر دەڵێت: (لقد حمل حسن البنا المصحف ووقف به في طریق رجال الفكر الحدیث), بڕوانە (روبیر جاكسون: رأی كاتب امریكی في حسن البنا - ترجمة: انور الجندي- مجلة (الهلال)، ابریل 1977).

دواجار و لە كۆتاییدا هەر ئەو دەستەواژەیەی سەرەتا دێنمەوەیادو دەڵێم: خوێنەر خۆی سەرپشكە لەوەڵامدانەوەی ئەو پەرەگرافەی لەپێشەكی نامیلكەكەدا هاتووەو ئاماژەمان بۆی كرد. ئێستا خوێنەر بواری هێندەی

دەبێـت کـەمێك لەحەقیقـەتی (حەسـەن بـەننا) و ئیخوانییـەکان بزانێـت و لـە ڕەفتار و هەڵوێست نواندنیان ئاگادار بێت, حەقیقـەتێك کـە لـەم نامیلکەیـەدا تەواو ئـاوەژوو کرابـوو.. بـێ هـیچ دوودڵییـەکیش دەکرێـت بڵـێین: چـنینی ئـەم حیکایەتە بێ سـەروبەرەیەی نـاو ئـەم نامیلکەیـە لـە کۆمیدیایـەك تێناپـەڕێت، کۆمیدیایەك کە ئیسلامی سیاسی بەدەستی خۆی سازاندوویەتی!

*تێبینی: (پ.ش) کورتکراوەی (پێشەوای شەهید)ەو مەبەست لێی نامیلکـەی (پێشـەوای شەهید، حەسەن بەننا)یە.*

**سەرچاوەکان:**

1-د. رفعت السعيد: حسن البنا- متى.. كيف.. و لماذا؟ دار الطليعة الجديدة، بيروت – الطبعة العاشرة، 1997.

2-د. رفعت السعيد: الاخوان المسلمون في لعبة السياسة - مجلة (افاق عربية), 1977.

3-رفعت سيد أحمد: الدين في الخطاب السياسي الناصري - مجلة (المنار) - العدد (السابع)، تموز 1985.

4-أديب ديمترى: شبح عبدالناصر (تعويذة مرحلة الانكسار) دروس و عبر- مجلة (النهج) - العدد (التاسع)، شتاء 1997.

5-جاك بيرك: مصر (الامبريالية والثورة) ثورة 1919 - ترجمة: يونس شاهين - الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة - الطبعة الاولى، 1987.

6-د. غالي شكري: النهضة و السقوط في الفكر المصري الحديث - دار الطليعة، بيروت - الطبعة الاولى، 1978.

7-د. حسن حنفي: الدين و الثورة في مصر 1952-1981 (6-الاصولية الاسلامية), مكتبة مدبولي، القاهرة - تأريخ النشر، بلا.

8-عبدالحفيظ الحافظ: قراءة في كتاب الياس مرقس (نقد العقلانية العربية) - مجلة (الطريق)، العدد (الثاني) 1999.

# سەودای ڕێکخراوی ( ئیخوان موسلمین )
# لەگەڵ شۆڕشی یولیۆدا

هەرچەندە پێشتر لەیەك دوو وتاردا ئەز لەسەر مەسەلەیەکی وا دوابووم، مەسەلەی چۆنیەتی سەوداکردن و مامەڵەی گروپێکی ئیسلامی سیاسی وەك (ئیخوان موسلمین) لەگەڵ شۆڕشی (23)ی یۆلیۆی 1952 لە میسر و کەم تا کورتێك هەڵوێستی ئیخوانەکانم بەرامبەر بەو ڕووداوە خستبووە ڕوو. هەندێ جاریش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکانیش ناچار بووم ئاوڕیش لە هەڵویست و ڕەفتاری ئەوان لە قۆناغی پێش سەربەخۆیشدا بدەمەوەو بکەومە باسکردنی ئەو قۆناغەش کەهێشتا میسر لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیەتی بەریتانیدا ڕزگاری نەبوو بوو. دەڵێم هەچەرندە لە نوسینی دیکەدا وەها بابەتێکم هێناوەتە بەرباس، بەڵام لە ئێستاداو دووبارە هەندێ هۆکار هەبوون کە هانیاندام درێژە بەو بابەتە بدەم و قسەی تری لەبارەوە بکەم:

یەکەم/ ئەمێستا ئێمە بەرەو ساڵ یادی چل و حەوتی مینی ئەو ڕووداوە دەچین.

دووەم/ بڵاوبوونەوەی خوێندنەوەی تازەو وتاری بەژمارە زۆر و بە ناوەڕۆك دەوڵەمەند لەم بارەیەوە، وەکو (ثورة يوليو المصرية و الاخوان / التجربة من زاوية نظر اخرى) و (ثورة يوليو و الاخوان المسلمون فى المصر) و... هتد.

سێیەم/ بەر پەرچدانەوەی ئەو ڕاو بۆچوونانەی کۆك و تەبان لەسەر ئەوەی ئیخوان بە درێژایی مێژووی خۆی خاوەن فیکرەی کۆدێتا خوازی و گرتنە دەستی دەسەڵات نەبووە بەزەبری هێز و خوێن ڕشتن و دوور بووە لە هەموو توندوتیژی و کارێکی تێکدەرانەوە..

ئەمە و چەند خاڵێکی دیکەش وایان لێکردم دووبارە بێمەوە سەرنوسین لەمەڕ بابەتێکی وەها.

ئەوانەی کەم تا زۆر بە مێژووی دروست بوون و دامەزراندنی (ئیخوان موسلمین) ئاشنان لە میسردا، دەزانن ئەوان لەسەر دەستی یەکەمین دامەزرێنەروو رێبەری بزوتنەوەکەیان (شێخ حەسەنی بەنا) لە شاری ئیسماعیلیەوە و لە چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، وەها خۆیان ناساند کە ئەوان جگە لە تاقمێکی خێرخوازی ئیسلامی زیاترنین و ناچنە چوارچێوەی حزبێکی سیاسیەوە و خواست و مەرامێکی لەو جۆرە لە بەرنامەو پرۆگرامی ئەواندا نییە.

ئەڵبەتە خۆنیشاندانێکی وا لەسەرەتاداو خۆ بەستنەوە بەسیاسەتەوە لەدوای دە ساڵێك لەمە زۆر باسکراوەو وتراوەتەوە، بۆیە لێرەدا درێژەی نادەمێ و چاوپۆشی لێدەکەم تا بپەرژێمە سەر ئەو مەسەلەیەی لێرەدا خوازیاری باسکردنیم، ئەویش جۆری هەڵوێست و سەوداکردنی ئیخوانە لەگەڵ رووداوەکانی دوای سەربەخۆیی میسر و ئازادبونی ئەو گەلە لەژێر چنگاڵی داگیرکاری بەریتانیەکان کە حەفتا ساڵێك درێژەی کێشا (1882-1952).

بەڵام لێرەدا پێم باشە وەك تێبینیەك سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە راکێشم کە هەرگیز مەبەستی من لەم نوسینە داکۆکیکردن و بەرگریکردن نی‌یە لە عبدولناسرو هاوڕێکانی، ئەوەندەی خستنەڕووی رەفتار و هەڵسوکەوتی گروپێکی ئیسلامی سیاسیە لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لەگەڵ خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلێکدا، کە ئەوان واتە (ئیخوان) خۆیان زیاد لەهەر دەستەو تاقمێکی دی بەخزمەتکار و بەدیهێنەری هیواو ئامانجەکانیان دەزانن.

بەدەر لەهەندێ قەڵەمڕەوی ئیخوانەکان زۆربەی ئەوانەی لەجۆری پەیوەندی ئیخوانو عەبدولناسریان کۆڵیوەتەوەو مامەڵەکردنی ئەو گروپە یان لەگەڵ قۆناغی سەربەخۆییدا هێناوەتە بەرباس، زۆر بەئاشکرا (ئەگەرچی چاوپۆشیش لە هەڵە و سلبیاتەکانی دەسەڵاتدارانی ئەوسا ناکەن)، رۆڵی تێکدەرانەو نامەسئولانەی ئیخوان لەو ئان و ساتەدا دەستنیشان دەکەن. هەر لە ئاژاوەنانەوەی ناو زانکۆکانەوە بۆ رێکخستنەوەو تۆکمە ترکردنی باڵی سەربازی رێکخراوەکەیان و بەرفراوانکردنی قەوارەی دەزگا نهێنیەکەیان و پەیوەندی بەستنەوە لەگەڵ ئینگلیزەکان, لەرێی (مونیر دەلە و ساڵح ئەبو رەقیق)ەوە و بە ئاگای تەواوی (حسن الهضيبي) رابەریان. لەگەڵ هەڵوێست وەرنەگرتنو خۆ

بـێدەنگکردن لـەو گۆڕانـە مێژوویـیـەی لـەناوخۆی میـسـردا روویـداو کۆتـای بـە دەسەڵاتی سێ چارەکە سەدەی ئیستعمار هێنا لە وڵاتدا، تا ئەو کاتەی بـە ڕەسمـی بڕیاری دەرکردنی شا فاروق درا لە وڵات ئەوسا ئیخـوان وەك دوایـەمین گـروپ و رێکخـراوی نـاو میـسـر بـە بڵاوکردنـەوەی بەیاننامەیـەکی شـەرمنانە رای خۆیـان لەسەر رووداوەکان دەربڕی و بێ دەنگی درێژی خۆیان شکاند. کـە داوایـان لێکـرا بەشداری حکومەت بکەن بەچەند وەزیرێك ئەو داوایەیان رەتکردەوەو لەبەرامبەردا داوایان کرد ئەوان لەدەرەوەی حکومەت کاربەکـەن, بـەڵام وەکـی (وەسـیـەك) واتـا بەرلەوەی ناسر و هاوەڵەکانی بڕیار لەسەر هەر شتێك بـدەن پێویسـتـە رەزامەنـدی ئـەمانی لەسـەربێ و ئـەمان پەسـەندیان کردبـێ ئـەوجا دەبێتـە بڕیـار. کاتێـك عەبدولناسـر ئـەم داوایـەی پەسـەند نـەکردن، بایاندایـەوە و وتیـان دەبێـت ئێمـە بەخۆمان وەزارەتەکان هەڵبژێرین و وەزیرەکانیش خۆمان دەست نیشانیان بکەین. (ئەمە لە کاتێکدا و لـە سـەردەمی ئیحـتلال و دەسـەڵاتی شـا فارووقـدا پۆسـتی وەزارەتی معاریفیان پێ سپاردن و دەست بەجێش بڕیارەکەیان پەسەند کـرد ). کـە حکومەت بڕیاریدا (شێخ باقوری) وەك ئیخوانییـەك لـە وەزارەتـدا بەشـدار بێـت، ئیخوانیـەکان ئەمـەیان بـە گونـاهو تاوانێـك لەقەڵەمـداو هـەرزوو بـەبڕیارێکی سەرکردایەتیان (باقورییان) لەڕیزەکانی خۆیان دەرکرد.

ئیخـوان لـە سـەرکەوتنی شۆڕشـەوە تـا ڕووداوەکـەی (المنشـیە)، ئامـادەی ئەوەنـەبوون لـە بەرامبـەر هـەنگاو و داواکاریـیـەکی دەوڵەتـدا نـەرمی بنـوێنن‌و گوێڕایەڵی ئـەو یاسـایانە بـن کـە بڕیاریـان لەسـەر درابـوو. ئەمـە لـە کاتێـکدا و لەسـەردەمانی ئیحتیلالـدا حەسـەن بـەنای رابـەریان ئامـادەبوو بـۆ رازیکردنـی کۆشك‌و دەسەڵاتدارانی ئەوسای وڵات، دەسکاری هەندێ بڕگەی پەیڕەو پرۆگرامـی ناوخۆی رێکخراوەکەی بکات. رێکەوتنی نێوان عەبدولناسرو بەریتانیەکان لەسـەر کێشانەوەی سوپاکەیان لە میسردا بۆ ئیخوانەکان دەرفـەتێك بـوو تاگـەلی میسـر لەهەوڵەکانی ناسر خانەگومان کەن‌و ئەو هەنگاوەی وەك خیانەتێك لەقەڵەم بدەن, تەنانەت ئیخوان بۆ زیاتر بێ ئیعتبارکردن‌و ئـابڕوبردنی دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت لـەپای رێکـەوتنیان لەگـەڵ بـەریتانیادا بـۆ تـەواو جێهشـتنی خـاکی میسـر, (حەسەن الهضیبی) رابەریان بـەنهێنی رەوانـەی دەرەوەی وڵات کـرد و لـەوێوە (الهضیبی) کەوتە هێرشکردنە سەر ناسر و دژایەتیکردنی بێ پەردەی هـەموو هەوڵەکانی دەوڵەت، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییـەوە.

ئەڵبەتــە دەبێــت لێــرەدا بوترێــت کــە ڕێکــەوتنی نێــوان ناســرو بەریتانیــەکان ڕێکــەوتنێکی مــەرج داربــوو، واتــە بڕیــاری کشــانەوەی تــەواوی ســوپای بــەریتانی لەخاکی میسردا بەو مەرجەبوو لەکاتی هەلومەرجی تایبەتیو هەلاَیسانی شـەڕدا دووبارە سوپای بـەریتانی بـۆی هـەبێت بگەڕێتـەوە سـەرهەندێ بنکـەی سـتراتیژی سەربازی لە ناو میسردا.

ئیخوانەکان بە چاوپۆشـی لـە هـەموو دەسـکەتەکانی ئەوقۆناغـە ناسـکە، ئـەم مـەرجەیان کردبووە بەهانەیەك بۆ تاوانبارکردنی حکومەت لەوەی سازشـی لەسـەر مافە نیشـتمانیو نەتەوایەتیـەکانی گـەلانی میسـر کـردووە و پێویسـتە دادگـایی بکرێن و میللـەت لـە دژیـان ڕاپـەڕێت, بـەڵام ئـەوەی ئیخوانـەکان دەیـانووت لـە بوهتان و بەهانەیەکی بێ بناغە بەولاوە هیچـی ترنـەبوو، چـونکە بـەریتانیا دوای چـوونەدەرەوەی بـۆ یـەك جـاریش چـیبوو نـەیتوانی ئـەو مەرجـەی خـۆی بـەپێی ڕێککەوتنناممەی لەگەڵ حکومەتی میسریدا مۆری کرد بوو بسـەپێنێو جـارێکی تر سوپاکەی بێنێتەوە ناو میسر. وەك باشـترین بەڵگەیـەکیش لـەم ڕووەوە هێرشـە سێ قوڵیەکەی بەریتانیا لەگەڵ فەرەنساو ئیسـرائیل لەسـاڵی (1956)دا ئـەوەی سـەلماند کـە جـارێکیتر میسـر چ وەك دەوڵـەت چ وەك میللـەت لـەژێر هـیچ فشارێکدا ڕێگە بەگەڕانەوەی سـوپای بـەریتانیا نـادات پێبخاتـەوە نـا وڵاتەکـەی.. ڕەنگە هەندێك لەو نوسراوانەی باس لەپەیوەندی ئیخوانو شۆڕشی یۆلیۆ دەکـەنو دێنـە سـەر دەستنیشـانکردنی ئـەو هۆکارانـەی بوونەمایـەی پێـك هەڵپـژان لـە نێوانیاندا بەتایبەت (نوسراوی ئیخوانچییەکانو هەوادارانیان)، ئۆباڵی ئەوەی کە ڕوویداو لەوێدا قەوما بخەنـە ئەسـتۆی عەبدولناسـرەوە و ئیخوانـەکانی بـە هـەموو شـێوەیەك لێبێبـەری کـەن. واتـە عەبدولناسـر و ئیخـوان وەك دووانـەی جـەلاد و قوربانی نیشان بدەن.

بـێ درێــژەدان بــە گێڕانــەوەی تــەواوی ووردەکاریــەکانی ئــەو پەیوەندیانــە لەوقۆناغەدا، دەتوانین بەباسـکردنی هەنـدێ ڕووداوی گـرنگ تیشـك بخەینـە سـەر هەندێ لەو ڕووداوانەی بوونە مایەی ئەوەی مەسەلەکان ڕەوتێکـی ئاسـایی نەگرنـە بەرو هەندێ جاریش بەتراژیدیا کۆتاییان بێت.

ئیخوان بـەخۆ سـاغ نەکردنـەوەیان بـەوەی گروپێکـی ئـایینی خێرخـوازین یـان حزبێکی سیاسیین، دەوڵەتیان دووچاری جۆرێك لەسەر لێشێواوی کردبوو کـە کـار هاتـە سـەر حـەلکردنی پـارتو ڕێکخراوەکـان (ئەمـەش یـەکێك بـوو لەهـەنگاوە

نادروستو سلبی‌یەكانی قۆناغی حوكمڕانی ناسر)، ئەوا بۆ خۆدزینەوە لەم بڕیارە وتیان ئێمە تەنها گروپێكی ئایینی خێرخوازینو كارمان بەسەر سیاسەتەوە نییە، بەڵام كاتێك حكومەت دەستی بەجێبەجێكرنی هەندێ یاساو سیاسەتی تایبەتی خۆیكرد، دەست بەجێ ئەوان هاتنە دەنگو رووبەڕوو بەحكومەتیان وت: (دەبێت هەرچی بڕیارێك دەدرێت بەر لەبڵاوبوونەوەو راگەیاندنی ئێمە بیبینین و پەسەندی بكەین پاشان كاری پێبكرێت). حكومەتیان لەوە ئاگاداركردەوە ئەوان بەشداری كردن لە حكومەتدا بەشتێكی شایستە نازانن، بەڵام لەدەرەوە ڕا وەك چاودێرێك دەمێننەوەو بە مافی خۆیانی دەزانن رێوشوێنی گونجاو بۆ حكومەت دابنێن تا كاریان لەسەر بكات.

بە هەند وەرنەگرتنی ئەم داواكاریانە لەلایەن عەبدولناسرەوە ئیخوانەكانی والێكرد بادانەوە بەلای بەریتانیەكاندا، بەمەبەستی ئەوەی ناسر ناچاربێت بچێتە ژێر باری داواكاریەكانیان، بەڵام دوای ئاشكرابوونی ئەم پەیوەندییەیان بەدەسەڵاتدارانی بەریتانیاو ئاگاداركردنەوەیان لەلایەن عەبدولناسرەوە، بەڵێنی ئەوەیان دا واز لەو كارەیان بهێنو چیتر مامەڵەی بەریتانیا وەك دۆست و حكومەتی میسریش وەك دوژمن نەكەن. كەچی لەم بەڵێنەش پاشگەزبوونەوەو تائەو ساتەی بەریتانیەكان وڵاتیان جێ نەهێشت، ئەمان دەستیان لەو كارەیان هەڵنەگرت. بەرۆشتنی بەریتانیەكان لەمیسردا جەماوەری عەبدولناسر رۆژ بەڕۆژ بەرەو زیادبوون دەچوو، لەبەرامبەریش ئیخوانەكان خۆیان بێ پشتیوان بینیەوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی كاریزمی ئەودا. تێكچوونی ئەم هاوسەنگییە لە نێوانیاندا، سەرەتای تێكچوونی هاوسەنگی ناو ریزەكانی ئیخوان خۆشی بوو.

دەست بردن بۆ كاری تیرۆریستی و تۆقاندن بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە سەركەوتنەكانی ناسر و هاوڕێكانی، سەرەتای پەیڕەوكردنی رێبازی كۆدێتا خوازی ئەوان بوو بۆگەیشتنە دەسەڵات لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە چەسپاندنی نەریتێكی شەڕانگێزو خوێناوی بوو لەلایەن ئیسلامی سیاسیەوە بۆ پاوانكردنی كورسی حوكمڕانیو بووە میراتیەك لەدوای خۆیان بۆ هەموو گروپە ئسولێیەكانی دیكەیان جێهێشت، هەر لە تاقمەكەی (سالح سریە)وە تا (جەماعە ئیسلامیە و جیهادیەكان).

هەوڵی تیرۆركردنی عەبدولناسر لەگۆڕەپانی (المنشیه) ساڵی 1954 لەلایەن (محمود عبداللطیف و هنداوی دویر)وە، سەوداكارییەكی دوژمنكارانەی ئەوان

بوو لەگەڵ شۆڕشی یولیۆدا. ئەڵبەتە کاردانەوەی دەوڵەتیش بەرامبەر بەوکارە توندو تیژبوو، بەڵام بەرپرسیاریەتی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆی ئیخوان کە ئاراستەی رووداوەکانیان بەم ئاقارەدابردوو دواتریش بەمەبەستی تۆڵە سەندنەوەو دەست وەشاندنی زیاتر بەهاریکاری چەند هێزێکی دەرەکیو لەرێی نەخشەو پلانێکی ووردەوە, ساڵی 1965 دەستیان کردەوە بە دژایەتیکردنی دەوڵەت و لەم کارەشیاندا جگە لە زەرەروو زیانێکی زۆر بەخۆیان و بەرژەوەندیەکانی گەلانی میسر هیچی تریان نەچنیەوە.

ئیخوان دوای مردنی عەبدولناسر و هاتنە سەرکاری ئەنوەر سادات و خۆجیاکردنەوەی دەسەڵاتی تازە لەمیراتیەکانی شۆڕشی یۆلیۆ و دروستکردنی شۆڕشێکی پێچەوانە لەبەرامبەریداو بەدرێژایی ساڵانی (1971-1977) دوور لە هەموو پێودانگێك کەوتنە هەڵڕشتنی هەرچی کینەو رکێکە دژ بەناسرو قۆناغی حوکمڕانی ئەو, بە چاکی و خراپیەکانیەوە.

بێگومان هەموو خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی ئەو مێژووە دەگاتە دەرەنجامێکی وەها کە سەوداکردنی ئیخوان موسلمین لەگەڵ شۆڕشی یۆلیۆ سەودایەکی تەواو سلبی و نامەسئولانە بووە. ئەمەش وایکرد برێکی زۆری ووزەو تواناکانی ئەو وڵاتە لەشەڕێکی خوێناوی بێوادەدا بەهەدەر بچێ و حاڵەتێکی دوودڵی و بێ بڕوایی لە نێوان دەوڵەت و گروپ گەلێکی زۆر لەو وڵاتەدا دروست بێت. حاڵەتێك کە دەکرا گەر ئیخوان وەك هێزێك مەسئولانەترو خەمخۆرانەتر مامەڵەی لەتەکدا بکردایە و بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانی لەبەرچاو بگرتایە، ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتایە و بەشێوەیەکی تر بشکایەتەوە, واتە لەبری ماڵوێرانی و نەهامەتی خۆشگوزەرانی و لەجێی شەڕ ئاشتی و ئارامی بەدواوە بووایە.

# ڕێکخراوی ( جیهاد )، دابەشبوونی زیاتر!

ڕێکخراوی جیهاد یەکێکە لەو گروپە ئیسلامیە توند ڕەوانەی کەلەناوەڕاستیحەفتاکاندا لەولاتی میسرو لەژێر کاریگەرێتی ڕاو بۆچونەکانی سەید قوتبدا دروستبوو. کوژرانی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی پێشووی میسر لە ئۆکتۆبەری 1981دا لەسەردەستی ئەم تاقمە ناوبانگێکی گەورەی لەناوخۆو دەرەوەدا بۆپەیداکردن. ئیعترافاتی بکوژەکانی سادات لەسەر ئەندامانو لایەنگرانی ڕێکخراوەکەیان دوای دەستگیرکرنیان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی دەولەتەوە، وایکرد زۆربەی سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوە ڕەوانەی زیندانەکانی (لیمان طرة) بکرێن، بەتۆمەتی پلان دانانی بۆ کۆدێتاکردنو گۆڕینی دەسەلات لەو ولاتەدا. دەستگیرکردنی کەسانی وەك (شێخ عومەر عەبدولڕەحمانو عبد السلام فەرەج و عەبود الزمر و طارق الزمر و خالد الاسلامبولی و عطا طایل..)، زەبرێکی کوشندەی دا لە تەواوی ڕێکخراوەکەو لەبەریەکی هەلوەشاندن. هەندێك لەوانە دوای دادگاییکردن لەسێدارەدران و هەندێکیش زیندانی هەتا هەتایی کران و ژمارەیەکیشیان ئازادکران.

مانەوەی دەستەیەك لە زیندان و هاتنەدەرەوەی دەستەیەکی دیکە، دەسپێکی ململانێ و ئاژاوەیەك بوو لەنێوان جیهادییەکاندا. لێرەوە سەرەتای یەکەمین دابەش بوون لەناو ریزەکانی ئەوگروهەدا بەدەرکەوت. شێخ عومەر عەبدولڕەحمان یەکێك بوو لەوانەی لە زیندان ئازادکرا و بە هاتنە دەرەوەشی هەولێدا سەرلەنوێ دەست بەرێکخستنەوەی ریزەکانی ئەوگروهە بکاتو خۆیشی ببێتە سەرکردەیان، بەلام ئەوانەی لایەنگرو خزمو کەسوکاری عەبود الزمر بوون کەبڕیاری زیندانی کردنی هەتاهەتایی بەسەردا درابوو، بەم هەنگاوەی شێخ عومەر رازی نەبوونو ئامادە نەبوون جگە لە عەبود الزمر کەسێکیتر وەك سەرکردەی گروپی جیهاد بناسن.

ئەم ململانێ و کێشمەکێشە لەسەر کورسی دەسەلات و سەرکردایەتی کردنی ئەو گروهە بووە مایەی دابەشبوونیان بەسەر دوتاقمداو هەردووکیشیان هەر لەژێر یەك ناودا.

هەر دەستەی کەوتە بەهانە هێنانەوە بۆ ئەوەی بۆچی یەك سەرکردەی ئەوی تری قبوڵ نییەو وەك رابەری رێکخراوەکە سەیری ناکەن. لەم رووەوە لایەنگرانی عەبود الزمر بەوە بەرپەرچی تاقمەکەی عومر عبدرەحمانیان دەدایەوە کە ئەو کەسەی ئەوان بۆ رابەریێتی کردنی بزوتنەوەکەیان دایان ناوە, کەسێکی کوێر و کەنەفتە و شایستەی ئەوەنییە ببێتە رابەرو پێشەوایان. ئەوەبوو هاواریان دەکردو دەیانگوت: (لا ولایة لضریر), لەبەرامبەردا هەوادارانی شێخ وەڵامی تاقمەکەی عەبود الزمریان دەدایەوەو ئەوانیش دەیانگوت: (لا ولایة لا سیر)، واتە ئێمەش پەسەندی ئەوەناکەین کەسێکی دیلو زیندانی بکەینە رابەرو پێشەنگی خۆمان. دابەشبونێکی وا جیهادیەکانی لاوازکرد و سەنگ و قەوارەیانی کەمتر کردەوە تا ئەو کاتەی پیاوێکی وەك دکتۆر ئەیمەن ئەلزەواهیری لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا جارێکی تر کەوتەوە رێکخستنەوەی سەرکردایەتی کردنی . پاش جێهێشتنی میسریش توانی پەیوەندی بەگەورە ملیاردێری سعودی (ئوسامە بن لادن)ەوە بکات و هانی ئەوبدات بۆ جیهاد و پاڵپشتی کردنی گروهە ئیسلامیەکان, بۆ دەست وەشاندن لە بەرژوەندی ولاتە زلهێزە کافرەکانو تێکدانو برەودان بەکاری تیرۆرستی لەولاتانی ناوچەکەدا کەئێستا بەدەست دەسەلاتدارانیگومڕاو سەرلێشێواوە رێبەرایەتی دەکرێن.

دروستکردنی وەها پەیوەندیەك کار ئاسانی زۆری بۆ ئەلزەواهیری و تاقمەکەی کرد تا لە سەرەتای سالّی نەوەدەوە بتوانن لەرێی پەیوەندی کردن بەرێکخستنەکانی ناوەوەو ئەندامەکانیانەوە لەمیسردا چەند کارێکی تێکدەرانە لەولاتدا ئەنجام بدەن, بە تایبەت لەرێی ولاتی سودانەوە. هەرلەهەولّی تەقاندنەوەی بازاڕی (خان خەلیلی)یەوە تا رووداوەکەی ئوقسور، لەدەرەوەش تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی میسر لە ئیسلام ئابادی پایتەختی پاکستان. ئەمەو سەرەڕای تیرۆرکردنی چەندین کەسو دەربازبونی چەند بەرپرسێکی بالای دەولەتیش لەو هەولانە, وەك عیسمەت عەبدولمەجیدو حوسنی موبارەكو وەزیری ناوخۆی پێشوتری میسرو.. هتد. بەلام لەدوای ڕووداوەکەی ئوقسورەوە حکومەتی میسری پلانێکی نوێی داڕشت بۆ بەرگرتن لەوکارانەی رێکخراوی جیهاد ، لەرێی تەنسیق کردن لەگەلّ ئەو ولاتانەی گومان دەکرا دالّدەی ئەندامانی جیهادیان دابیّ، توانی ژمارەیەکی زۆریان بەدیلی وەرگرێتەوەو بکەوێتە دادگاییکردنیان. ئەو کەسانەش بەچالاکترین ئەندامانی ئەوگروهە دەژمێردرێنو زۆر لە ئەلزەواهیرییەوە نزیك بوونو رۆلّی کاریگەرو سەرەکیشیان لەراپەڕاندنی نەخشەو پلانەکانی ئەلزەواهریدا هەبووە، نمونەکانیشیان وەك: (ئەحمەد سەلامە مەبروكو ئەحمەد ئیبراهیم نەجاڕ و شەوقی سەلامە و عصام عبد التواب).

هاوكات بەهۆی نارەزایی هەندێ لـە بەرپرسـانی تـری جیهـاد ، بەتایبـەت ئەوانـەی لـە وڵاتانی ئەوروپپیدا بوون لەجۆری هەڵسوكەوت و رەفتارەكانی ئەلزەواهیری كە سەربەخۆ و یەك لایەنانە كاردەكات و بڕیـار لەسـەر مەسـەلەكان دەدا، بـە بەرپرسـیاری هـەموو ئـەو نەهامەتیانـەی دەزانـن كەبەسـەر ئەنـدامانی ڕێكخراوەكـەدا هـاتووە بـەهۆی كـارە نامەسـئولانەكانیەوە، ئـەوا زۆربـەی ئەوانـە خۆیـان لێجیـا كردۆتـەوەو وەك رابـەری ڕێكخراوەكـە ناینـاسـن. نمونـەی ئەوانـەش وەك (یاسـر ئەلسـرِی لەلەنـدەنی پایتـەختی بەریتانیاو عادل عەبدولقەددوس لەوڵاتی نەمساو محەمەد مەكاوی) و چەند كەسێكی تـر. ئەمانە پێیان وایە ئەلزەواهری خیانـەتی لـەهاوڕێكانیان كـردووەو بـەگورگان خـواردووی داون و خۆیشـی و ئەنـدازیار محەمـەد ئـەلزەواهیری برایشـی دوور بـەدوورو بـێ هـیچ هەستكردن بەلێپرسراویەتیەك بەرامبەر گیانی ئەو هاوەڵانـەیان لەپشـتی بـن لادن و لـە چیاكانی قەنـدەهارەوە پاڵیـان لێداوەتـەوە. نـەك هێنـدەش بگـرە ئـەلزەواهیری دەیـەوێت ڕێكخراوی جیهاد تێكەڵ بەو سوپایە بكات كەماوەی چەند ساڵێكە ئوسامە بـن لادن لـە ژێرناوی (جیش التحریر المقدسات الاسلامیە)دا دایمەزراندووە. ئەمەش رەزامەنـدی هـیچ لـە ئەنـدامانی ڕێكخراوەكـەی لەسـەر نییـە چ ئەوانەی‌لـەناو میسـرن و چ ئەوانـەش لـە دەرەوەن.

ئـەم ململانـێ‌و دابەشـبوونەی لـەدەرەوەدا لـەناو ریزەكـانی جیهـاددا دروسـت بـووە، راستەوخۆ كاریگەری لەسەرناوخۆش كردووەو تووشی شپرزەیەكی زۆری كردون. بەڵگەش لەسـەر راسـتی ئەمـە ئەوەیـە كاتێـك (الجماعـە الاسـلامیە) بڕیـاری ئاگربڕیـان لەگـەڵ حكومەتدا راگەیاند، جیهادیەكان لەبەرامبـەر ئەم هەڵوێستەدا بوونـە دووبـەش، هەنـدێك رایـان لەسـەر ئـەوەبو ئـەوانیش وەك (جەمـاعـە) بكـەن، هەنـدێكیش بەتایبـەت ئەوانـەی سـەربە ئـەلزەواهیرین ئەمـەیان پێ‌پەسـەند نـەبوو. لەبـەر ئـەوەی ئـەلزەواهیری لـەڕێی بەیاننامەیەكـەوە تەئكیـدی لەسـەر درێـژەدان بـەجیهاد كردبـووە و داوای لەلایـەنگرانی كردبـوو ئـەو هـەنگاوەی ئەلجەماعـە كەهـەنگاوێكی ئینهیزامیانەیـە ساردیان نەكاتـەوە لەجیهادو درێژە بەكارەكانیان بدەن. بەڵام دوای هەموو ئەو هەوڵە بێ ئاكامانەو ونبـوونی ئەلزەواهیری و بن لادن لە ناوچە سنوریەكانی پاكستان و ئەفغانستاندا و كـەرت بـوون و دابەشـبوونی ڕێكخراوەكـە بەسـەر زیـاد لەچـەندین دەسـتەو تاقمـدا، ئـاخۆ ئـەلزەواهیری چاوەڕێی چی‌بكات؟

بەتایبـەت دوای ئـەوەی هەنـدێ لـە گروهـە ئیسـلامیەكان سیاسـەتی خۆیـان گـۆڕی‌و دەستبەرداری كاری توندوتیژی بـوون و ئامـادەیی خۆیـان بـۆ گفتوگۆلەگـەڵ دەوڵـەتدا نیشـاندا. هەر لە (الجماعة الاسلامیة)ی میسـرەوە تابـاڵی سـەربازی بـەرەی ئینقـازی جەزائیری‌و بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی لـەتونس(ئەمـەی دواییـان حكومـەتی تونسـی

لەدەست پێشخەریەکی زین العابدین بن عەلیدا داوای گەڕانەوەی سەرکردەو ئەندامەکانی کرد بۆ وڵات، تاوەك ڕێکخراوێکی یاسایی لەچوارچێوەی دەستوری دەوڵەتدا دەست بەچالاکی خۆیان بکەنەوە). لەناو ئەم دابەشبوونە تازەیەدا جیهادیەکان رووەو کوێ مل دەنێن؟ داخۆ ئەوانەی متمانەیان بەئەلزەواهیری نەماوەو پێیان باشە ڕێگەی ئەلجەماعە بگرن، دەست لەکاری توندوتیژی هەڵدەگرن یاخود بەشەکەی تریان لەژێر سەرکردایەتیەکی نوێی سەر بەئەلزەواهیری درێژە بەکاری توندو تیژی دەدەن؟ بێگومان هەنووکە ئەلزەواهیری لەوە تەنها تر و لاوازترە بتوانێت درێژە بەکارە تیرۆریستیەکانی بدات، تەنها ڕێگایەکیش لەبەردەمی دامابێت حەلکردنی جیهادە لەناو سوپاکەی (بن لادن)دا, لەبەر ئەوەی هەردووکیان یەك چارەنووس چاوەڕێیانە. هەموو ئەوانەش بەڵگەی ئەوەن کەجیهاد بەرەو دابەشبوونی زیاتر دەچێت، دابەشبوونێك کەرەنگە سەرەتای لەبەریەك هەڵوەشانی یەکجارەکی بێت!!.

# ئیخوان و ئیسلام

سەرەتا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشم کە ناونیشانی ئەم بابەتە لەنووسینێکی گۆشەی (اضعف الایمان)ی رۆژنامەنووس (داود الشریان)م لەرۆژنامەی (الحیاة)ەوە وەرگرتووە. (الشریان)بەری چەند مانگێك لەو گۆشەیەیدا نووسینێکی لەژێر سەردێڕی ( ئیخوانو ئیسلام)دا بڵاوکردبووەوە کە تیایدا قسەی لەسەر لێدوانێکی رابەری بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی تونسی (راشد ئەلغەنوشی) کردبوو، لێدوانەکەی (ئەلغەنوشی) وەکی لێدوانی هەموو ئیخوانچییەکان شتێکی ئێجگار عەنتیکە بوو، ئەمە وایکردبوو (الشریان) لێی بێدەنگ نەبێو چەند دێڕێکی لەسەر بنوسێ.

لێرەدا نامەوێت نە بە لێدوانەکەی (ئەلغەنوشی)و نەبە تەعلیقەکەی (الشریان)دا بچمەوە، بەڵکو دەمەوێت لەژێر هەمان ناونیشاندا قسە لەسەر لێدوانی ئیخوانییەکی دیکە بکەم کە زۆر لەلێدوانەکەی رابەری بزووتنەوەی راپەڕینی تونس عەنتیکەو سەرنج راکێشترە، لەمیانەی ئەوەوەش دەتوانین پەردە لەسەر راستگۆیی‌و پەیوەندی داڕێتی راستەقینەی ئەوان بەئیسلامەوە هەڵدەینەوە..

راوێژکار (محمد المأمون الهضیبی) قسەکەری رەسمی بەناوی ئیخوان موسلمینەوە لەکۆڕێکی جەماوەریدا راستوڕەوان ئەم لێدوانە دەدات: (ئێمە وەکی ئیخوان موسلمین شانازی بەدەزگا نهێنیەکەمانەوە دەکەین, لەبەرئەوەی ئێمە لەرێی ئەم دەزگایەوە لە خوای خۆمان نزیك دەبینەوە). خوێنەر بۆ زانیاری زیاتر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەردەقی تەواوی ئەم لێدوانە لە کتێبی: (مصر بین الدولة الاسلامیة و الدولة العلمانیة - اعدها للنشر: خالد محسن - مرکز الاعلام العربي، القاهرة - الطبعة الاولى، 1992- ص93).

ئەڵبەت ئەوەی بە ئەدەبیاتی ئیخوانەکاندا بچێتەوە، ئەوەی بۆ روندەبێتەوە ئەوان جگە لەخۆیان هیچ کەس بەخەمخۆرو پارێزەری ئایینی ئیسلام نازانن. ئەوەی لە جەوهەری ئیسلام تێدەگات ئەوانن و ئەوانەشی ئیسلام لەسەر دەستیان دەبوژێتەوەو رۆڵی جارانی

خۆی بەدەست دێنێتەوە هەر خۆیانن، بـەڵام ئـاخۆ ئـەم لاف لێـدان و ئیدیعایانـە تـاکوێ بڕدەکەن و تاچەندە خۆیان رادەگرن و راستگۆیی خۆیان نادۆڕێنن.

بێگومـان تا ئەو شوێنەی ئیسلامو ئیسـلام پـارێزی سـتراتیژو خواسـتو ئامـانجی ئـەو گروهـە بێـت, بـەڵام مێـژووی ئیخـوان لـەم سـەدەیەدا ئاماژەیـەکی وای تێدانیـە ئـەوە بسەلێنێ. جگە لەوەی ئەوان لەودیوو خۆئارایشت کـردن بـە ئیسـلام و خۆمـەڵاسـدان لـە پشـت دەمــامکی ئیســلام پارێزیــەوە, ئامــانج و خواســتێکی دیکــەیان هــەبووە کــە دەسەڵاتخوازیو گرتنە دەستی دەسەڵات بووە.

بەڵگەی روون و ئاشکراش لەسەر ئەمە دروست کردنی ئەو دەزگـا تایبـەتو نهێنـی‌یـە تۆقێنەرەیە کە ئیخوان لەسەر دەستی (حەسەن بەننای رابەر و دامەزرێنەری بزووتنەوەکەو مەحمود لەبیبی هاوڕێی دایانمەزراند. دواجار ئەم دەزگایە نەك هەر دەبێتە بەشـێکی ئـەو گروهـە، بـەڵکو تـەواوی گروهەکـە دەبنـە دەزگایـەکی نهێنـی و کاروبەرنامـەی هـەموو رێکخراوەکــە دەکەوێــتە ژێــر رەحمــەتی بڕیــارو فەرمانــەکانی هــەرزەکارێکی وەك (عەبدولڕەحمان سندی)ەوە.

لێرەوە کاری تیرۆیستیو تۆقاندنو مێژوویەکی خوێناوی دەست پـێ دەکـات و رەگ و ریشەی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی لەمانەوە سەرچاوە دەگرێت. سەرەتا بە (خازنـدار) و (نەقراشی) دەست پێ‌دەکاتو کۆتایشی دیارنییە. لەدوای شۆڕشی یولیۆوە ئەم دەزگایـە زیاد لەجارێك بەختی خۆی لەگەڵ دیارترین پیاوی ئەو قۆناغە چارەنووسسازەی میسـردا تاقی دەکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت. ئەم دەزگایە بەدرێژایی تەمەنی وزەو توانایـەکی زۆری ئەو وڵاتەی بەهەدەر بردوو خەڵکانێکی زۆریشی کردە سووتەمەنی شەڕێکی بێوادە.

ئـەم دەزگایـە شـایەدە لەسـەر ئـەوەی ئـەوان لانکـی تونـدڕەویین، بـەڵام ماسـکێکی ئەستووری میانڕەوییو نەرمو نیانیان کردۆتە روو. شایەدە لەسەر ئـەوەی دوورایـی نێـوان ئەوانو ئیسلام وەکی ئاینێکی ئاسمانی کە مانای تەسامحو لێکبووردن دەزانێت چەندە. ئەو راستیە دەسەلێنێ کە هەرگیز مێژووی هـیچ ئاینێـك لەئاینیـەکان ئـەوەی بەخۆیـەوە نـەدیووە، بـەهۆی دەزگـای نهێنـیو تایبەتیـەوە پارێزگـاری لـەبیروباوەڕەکانی بکـاتو ئیماندارانیش بەهۆی ئـەوەوە لـەخوای خۆیـان نزیـك ببنـەوە. ئەمـە بەڵگەیـەکی زینـدووە لەسەر ئـەوەی ئیخوانـەکان چـەندە لـە ئیسـلام پارێزییـەوە دوورنو چـەندێکیش تینـووی دەسەڵاتخوازیو پاوانکردنی دەسەڵاتن.

لێدوانەکەی (الهضیبی)یش: (ئێمە لەڕێی دەزگای نهێنی‌یەوە لەخوای خۆمـان نزیـك دەبینـەوە), لەجەوهـەری ئیسـلام زۆر بـەدوورە و ئامرازێکـە بـۆ چەواشـەکردنی هـەزاران کەسی دی لەوانەی چەواشەیان کردنو کردنیانە سووتەمەنی خواستەکانیان بـۆ گەیشـتنە دەســەڵات. دەزگــای نهێنــیو تۆقێنــەر کــەس لەیــەزدان نزیــك ناکاتــەوە، بــەڵام رەنگــە رێگاکــانی گەیشــتنە کورســی دەســەڵات نزیــك بکاتــەوە. ئەمــەش حەقیقــەتی هــەوڵو تەقەڵاکانی ئیخوانە بەدرێژایی تەمەنی خۆی، بەڵام ئەو گەمەی دەمامـك بازیـەی بووەتـە قەدەری نایەڵێت شتەکان وەکی خۆی ناوبنێت. بۆیە سەرکردەکانی لێدوانی وەهـا دەدەن،

**لێدوانێك مەگەر تەنها هەر خۆیان باوەڕی پێ بکەن، ئەویش ئەگەر خۆشیان باوەڕیان پێی هەبێ!!**

# ئیسلامییەکانی سودان و شەڕی دەسەڵات
## ( ململانێکەی حەسەن تورابی لەگەڵ بەشیردا )

ئەو کێشمەکێش و ململانێ توندەی نزیکەی شەش مانگێکە لەخەرتوم لەنێوان دوو حکومڕانی ئیسلامی سیاسی وەك عومەر حەسەن بەشیری سەرۆك کۆمارو حەسەن عبدوڵڵا تورابی سەرۆکی پەرلەمان و ئەمینداری پارتی کۆنگرەی نیشتمانیدا روودەدات, باشترین نمونەیەکە بۆسەلماندنی ئەو راستیەی کە چەندە تەواوی بزاوتە ئیسلامیەکان دوور لەجەوهەری ئایین و لێکبووردن و لەبەرامبەریشدا چەندێك دنیا ویست و کوشتەی کورسی دەسەڵاتن.

ئیسلامی سیاسی ئەگەر چی بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایە حەقیقەتی خۆی بشارێتەوەو بەرگی پیرۆزی بپۆشی و ئامانج و مەرامی خۆی لەگەیاندنی پەیامی یەزداندا بەخەڵکی دیاری بکات, بەڵام هەر زوو لەهەمووئەمانە رووت دەبێتەوەو حەقیقەتی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات, بەتایبەت کاتێك یەکێك لەو بزواتانە بکەوێتە بەر تاقیکردنەوەیەکی قورسی وەك حوکمڕانی ولاَت و دسەلاَت گرتنە دەست.

دەکرێت لێرەدا وەك سەرەتای سەرەتاکان نمونە دزێوو تاریکەکەی کابۆڵ بهێنینەوە کە چۆن ئیسلامی سیاسی لەوێداو هەموو رۆژێك لەپێناو کورسی حوکمڕانی و کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتدا, بەوپەڕی خەمساردییەوە بەردەبنە گیانی یەکتری. مەگەر ئێستا موجاهیدەکانی ئەفغان هەر خۆیان بزانن سەرکردەکانیان ئەوانەی بەدرێژایی دەساڵ شەڕی سوپای سوری سۆڤیەتیان کرد, لەبەردەم شالاَوە مەرگ هێنەکانی تالیبانـدا لەکوێدا ئۆقرەیان گرتووە.

ئەوەی ئەمڕۆ (حیکمە تیارو بورهانەدینی رەبانی و صبغە تولڵلا موجەددو کەریم خەلیلی و عەبدولڕەشید دۆستم و شا مەسعود) ی شاربەدەر کردووە, نەدەستی کوفرەو نەبازوی عەلمانیەت و نەدەسەلاَت و حوکمڕانی نەجیبوڵلای کۆمنیستە, بەڵکو ئەوەی

بەرۆژی روناك روودەدات و ئێمەش لەکەناڵەکانی میدیاوە قەسابخانەکانی مەزار شەریف و جەلال ئاباد دەبینین, شەڕی ئەو موجاهیدە خوێن گەرمانەی ناو ئەو هەموو گروپانەیە کەلە ژێر پەردەی ئیسلام و خواپەرستی و کارکردن بەشەریعەتدا خۆیان مەڵاس داوە. مادەمەکیش لەویَ شەڕ شەڕی پاوانکردنی کورسی حوکمڕانیە, پیَ ناچیَت هەروا زوو تفەنگەکان بێدەنگ بن و موجاهیدەکانیش دوای زیاتر لەبیست سالْ شەڕ وچانیَك بەن.

هاوکات لەسودانیش ئیسلامی سیاسی لەژێر پەردەی ئاییندا لەخۆشکردنی ئاگری شەڕێکی بیَوادە دایە, لەسەر کورسی حوکم و لەسەر زیاتر پاوانکردنی دەسەلاَت. سودان ولاَتێکی عەرەبی – ئەفریقی – ئیسلامییەو نزیکەی دەساڵێکە لەژێر سایەی حکومڕانی ئیسلامی سیاسیدایە, حکومڕانییەك کە بەکۆدێتایەکی سەربازی هاتە سەرکارو هەریەك لە ئەلبەشیر بەئاشکراو ئەلتورابی بەنهێنی سەرکردایەتیان کردو ناویان لەم کۆدێتا سەربازیەش نا شۆڕشی (ئینقاز).

بەلاَم هەر زوو ئاشکرابوو (بەتایبەت بۆ ئەوانەی لەبیرکردنەوەدا ساویلکە نەبوون و لەبینیندا بەشەوارە نەکەوتبوون) کەئەوە نەك شۆڕشی رزگاری گەلی سودانیە, بەڵکو کۆدێتایەکە بۆ نغرۆ بوون و کەنارگیربوونی سودانیەکان. بەتایبەت کاتێك ئەوە بۆهەموو لایەك ئاشکرابوو کە نەخشە دارێژەرو پلان دانەری یەکەم لەپشتی پەردەوە بۆ ئەم کارە، عەرابی تیرۆر (حەسەن عەبدوڵلاَ تورابی) کۆنە ئیخوانیە.

ئەم تیۆرسینەی ئیسلامی سیاسی بە ئەنجامدانی کۆدێتاکەی لەگەڵ ئەلبەشیردا, لەحوزەیرانی 1989 تاقانە ئەزموونی حوکمی دیموکراسی لەمێژووی ئەو ولاَتەدا گۆشاو گۆش سەربڕی و سەر لەنویَ حوکمی عەسکەرو دەوڵەتی پۆلیسی لەو ولاَتەدا زیندوو کردەوە. ئەگەر چی هەموو ئەم حەقیقەتانە روون و ئاشکرابوون, بەلاَم تاکە گروپێکی ئیسلامی سیاسی کەمترین قسەی نەبوو جگە لە ستایشکردن و پیا هەڵدان نەبێت. تەنانەت هەندیَ سەرکردەی ئیخوانیش کە گۆڕانیان بەبالاَی ئەو ئەزموونەی (تورابی – بەشیر) دا دەچڕی و سەردانی خەرتومیان دەکرد، لەبەرامبەر گەورەیی و جوانی ئەو ئەزموونەدا نەیان دەتوانی خۆیان رابگرن و لەخۆشیاندا نەدەنە پرمەی گریان و فرمێسك بەچاویاندا دانەباریَ.

(حەسەن تورابی) کۆنە ئیخوانی هەر لەو کاتەوەی لەشەستەکانەوە کە تێکەڵ بەکارو چالاکی سیاسی بووە لەژێر پەردەو رووپۆشیی ئاییندا, کەمترین دەرفەتێکی لەدەست نەداوە بۆ ئەوەی خۆی لەکورسی حوکمڕانی و دەسەلاَت پیَ نزیك بکاتەوە. دوای ئەوەی ئیبراهیم عەبود لەساڵی 1964 دا لەرێی کۆدێتایەکی سەربازییەوە حوکمی سودانی گرتە دەست و بۆ ماوەی پێنج ساڵێك مایەوە, لەساڵی 1969دا بۆخۆی لەرێگەی

کۆدێتایەکی سەربازی دیکەوە کە جەعفەر نومەیری پێی هەستا کۆتایی بەدەسەلاتی هات.

ئەگەر چی نومەیری بەکۆدێتایەکی سەربازی هات, بەلاّم شێوازی حوکمڕانیەکەی بە حوکمێکی چەپڕەوانەی مارکسی درایە قەڵەم. سەرەڕای ئەمەش (تورابی) هەر لەهەوڵی ئەوەدا بوو خۆی لەنێوەندی دەسەلاّت نزیك بكاتەوە. کاتێك رۆژ بە رۆژیش حوکمی نومەیری بەرەو دیکتاتۆریەتی زیاترو زۆرتر دەچوو, تەواوی هێزە نیشتمانیو پێشکەوتوو خوازەکان سەرکووت دەکران, (تورابی)و تاقمەکەی دەست خۆشیان لەو هەنگاوانەی دەکردو زیاتر خۆیان بەدۆستو پشتیوانی ئەو دەسەلاّتە سەربازییە دەزانی. هەر بۆیە لەپاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ئەو کۆدێتایەدا، (تورابی) بەچاو پۆشین لەهەموو شتیٚو لەپێناو برابەشی دەسەلاّتدا, بۆ ماوەی یانزە ساڵ (1974- 1985) بووە گەوەرەترین پاڵپشتو رێنومایکەری یەکێك لە دیکتاتۆرترین حوکمڕانە سەربازییەکانی سودان.

کاتێکیش لەساڵی 1985 دا کۆتایی بەدەسەلاّتی نومەیری هاتو بۆیەکەمین جار لەمێژووی ئەو ولاّتەدا لەجیاتی حوکمی عەسکەر پەنابرایە بەر سندوقەکانی دەنگدانو لەپرۆسەیەکی دیموکراتیدا حکومەتێکی هەمەلایەنەی بنکە فراوان بەسەرۆکایەتی (سادق مەهدی) دەمەزرا, جارێکی تر (تورابی) کەوتەوە دۆستایەتی بەستن لەگەڵ ئەفسەرە پلەدارەکانی ناو سوپاداو زۆر لێهاتووانە توانی ئەو ئەزموونە نموونەییە تەمەن کورتەی چوار ساڵێك بڕی کرد (1985-1989) , کۆتایی پیٚ بهێنهێتو دیموکراسیەتی کوفرو ئیلحاد بە حکومەتێکی عەسکەرتاری بەناو ئیسلامی لەسایەی خۆیو ئەلبەشیردا بگۆڕێت.

لەگەڵ دەست پێکردنی سەردەمی حوکمڕانی بەناو ئیسلامی (تورابی - بەشیر) دا, پاکتاوکردنی ئۆپۆزسیۆن دەستی پێکردو ژیانی حزبایەتی کۆتایی پێهات. فرەمینبەری قەدەغەکراو حاڵەتی نائاسایی لەولاّتدا راگەینرا.. زیندانەکان پڕکران لەهەموو ئەوانەی ئەمان بەنەیاری خۆیانیان دەزانین. شەڕ لەباشووری ولاّتدا گەرمتر بوو, سیاسەتی برسیکردنی مەسیحیەکانی ئەویٚو لەناوبردنیان لەرێی شالاّوی سەربازی بەرفراوانەوە دەستی پێکرد. هاوکات سودان بووە بنکەو بارەگایەکی سەرەکی گروپە تیرۆریستیەکانو ئەو کەسانەی لەیاسا نێو دەوڵەتیەکان یاساغ بوون, هەر لە ئوسامە بن لادنەوە بۆ ئەیمەن ئەلزەواهریو بۆ کارلۆسو ... هتد. (تورابی) کەوتە دامەزراندنو کردنەوەی چەندین فێرگەی سەربازی بۆ راهێنانو مەشق پێکردنی ئەندامانی گروپە جیهادییەکانو پاشان سەر لەنویٚ رەوانەکردنەوەیان بۆ ولاّتەکانیان، بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستیو

کاولکاری. ولاّته دراوسێکانی سودان لەم رووەوە بوونـە گـەورەترین قوربـانی, بەتایبـەت (میســرو جــەزائیرو تــونس). پــەیڕەوکردنی سیاســەتێکی لــەجۆرە لەلایــەن حوکمەتــە عەسکەرییەکەی (تورابیو بەشیر) بووە مایەی ئەوەی سـودان لەکۆمەلّگـەی نێودەولّـەتی دابڕێتو لەسایەی حکومەتی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسیدا وایلێبێت لەگەلّ هـیچ یـەك لـە ولاّتـانی دراوسـێیدا بـە ولاّتـانی عـەرەبی ئەفرقیشـەوە, هـیچ جـۆرە پەیوەندیـەکی دیبلۆماتی نەمێنیّ, بۆ نمونە (میسر, لیبیا, چاد, ئەفریقای ناوەڕاست, زائیر, ئۆگەنـدا, کینیا, ئەسوپیا, ئەریتریا).

ئیسـلامی سیاسـی لـە سـودان وەك ئەفغانسـتان دوای ئـەوەی بـە درێـژایی دەسـالّ سەرقالّی شەڕی نەیارەکانی بوو بەهەمموو جۆرە شێوازێك, وا ئـەمڕۆ لولـەی چـەکەکانیان دەکەنـە سـنگی یـەکتریو دەکەونـە بەشـکردنی میراتـی دەسـەلاّت, نـەك ئـایین پـارێزیو گەیاندنی پەیامی ئیسلام بەچاکترین شێو. لەلای ئیسلامی سیاسی شەڕ بۆتە نـەریتێكو بۆتە فەرزێك، تەنانەت تۆ گەر دوژمـنیشـت نـەماو نـەیارێکت دەسـت نەکـەوت خـەلّتانی خوێنی بکەیت, دەکرێت زۆر بەخەمساردییەوە لوولەی چەکەکەت وەربگێڕیـتو بیکەیتـە رووی ئەوانەی تـا دوێنـیّ وەك خـۆت موجاهیـدی یـەك رێگـاو سـەربازی یـەك عەقیـدەو باوەڕبوون.

ئـەوەی چـەندین سـالّە لـە ئەفغانسـتاندا روودەدات نمونەیـەکی زەقـەو ئەوەشـی لـە 1999/12/12 ەوە لەخـەرتووم لـەنێوان (تـورابی و بەشـیر) دا دەسـتی پێکـردووە بەلّگەیەکی زیندوترە.. دۆسـتە گیـانی بەگیانیـەکانی دوێنێـی رێگـای خـەباتو جیهـاد، ئەمڕۆ بەگژیەکدا دەچنو هەریەك لەهەولّی زیندە بەچالّکردنی ئەوی دیدایە.

لە ئەفغانستان سەرکردە موجاهیدەکانی شەڕی سۆڤیەت هەنـدێکیان لـەولاّتانی دراوسـیّ پەناهەنـدەو هەنـدێك دیلـی زیندانـەکانی تالّیبـانو هەنـدێکیش وەك (مەسعودو موجەدد) لە دۆلّی (بەنجشێر) دا چـاوەڕێیی چارەنوسـێکی نادیـارن. لـە سودانیش رۆژ بە رۆژ (بەشیر) پەڕوبالّی (تورابی) دەکاتو (تورابی) یش ویلایەتو ویلایەت لەسەفەری مەکۆکی دایە بۆئەوەی لایەنگرانی خۆی هان بدات تا جیهاد لە دژی برا موجاهیدەکەی خۆی بکـەن, بـەلاّم ئـەوەی جێـی سـەرنجە لـەم کێشمەکێشـە کۆمیدیەی ئیسلامی سیاسی لە سوداندا ئەوەیە کەشـەقامی سـودانی زۆر بێدەنگـە لەئاست ئـەم رووداوانـەدا, چـونکە لـەوە حـالّی بـوون ئەوانـەی دەسـالّە ولاّتەکـەیان کرۆدتـە دورگەیـەکی داخـراو لـەژێر پـەردەی ئاینـدا رۆژ بـەرۆژ چارەنوسـیان لـێلّتر دەکەن, هەر خۆیانن لە پێناو بەرژەوەنـدی خۆیـانو پـاوانکردنی زیـاتری دەسـەلاّتدا جیهاد لەدژی یەك دەکەن!!

## تەڵەزگەی ئیسلامی سیاسی
## ( ماسخادۆف و ئیعترافێکی درەنگ وەخت )

پاش ئەوەی وڵاتی چیچان بووە وێرانە خاکێكو سەرکردەکانی هەریەك روو بەڕووی چارەنووسی خۆیان بوونەوە, سلمان رۆدایڤ بۆ نێو چوار دیواری زیندانو شامیل باساییف لاقێکی لەدەست داو خەتاب لەپاشەکشەی سەربازیدا ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکردو بەدرێژایی شەڕێکی شەش مانگی بچوکترین سەرکەوتنێکی فیعلیان لەگۆڕەپانی شەڕدا بەسەر سوپای روسیادا بۆ بەدەست نەهات, (ئەسلان ماسخادۆف) ی سەرۆکی ئەو وڵاتە وێرانەیە لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی (دۆچە فیلی) ئەڵمانی ئیعترافێکی درەنگ وەختی کردو ئۆباڵی هەلایسانی شەڕی ئەمجارەو نەهامەتیەکانی گەلی چیچانی خستە ئەستۆی هەریەك لە شامیل باساییفو خەتاب. ئەو دوو سەرکردەیەی لە بەرواری 10/ئاب/ 1999 سەر رۆییەکی گەورەییان کردو پەلاماری داغستانیان دوا جاڕی دەوڵەتێکی ئیسلامیاندا.

باساییفو خەتاب پێیان وابوو روسیا هیچ کات هێندەی ئەمڕۆ لاوازو داوەشاو نابێت, بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێت زۆرترین دەسکەوتی لێبەدەست بهێنرێت، خەونی شامیل ئەوەبوو ببێتە ئەفسانەیەکی ناوچەی قەوقازو دەوڵەتی (ئیمامیەتی) ئیمام شامیل زیندوو بکاتەوە. پەلاماردانی داغستان لە ساڵرۆژی سەدو چل ساڵەی روخانی ئەو دەوڵەتەی ئیمام بوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا پایانی هات. ئەوەی زیاتر باساییڤو خەتابی مەست کردبوو سەرکەوتنەکانی شەڕی روسیا- چیچانی (1994-1996) بوو, بۆیە بێ هیچ بیرکردنەوەیەك لە عاقیبەتەکانی شەڕو تەنانەت بێ گوێدانە بڕیارەکانی (مەسخادۆف) یش کە سەرۆکی وڵات بوو, لەداغستاندا ئیعلانی شەڕیان کرد.

روسیای بریندار سەرەڕای کێشەو قەیرانە قوڵەکانی کەوتە ولاّمدانەوە، ئەم شەڕە نوێیە بۆ سلاڤیەکان شەڕێکی چارەنوسساز بوو تا لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی ئابڕووی خۆیانی پێ بکڕنەوە. راستە روسیا بەدرێژایی شەڕ هەم لەرووی ئابووریو هەم لە رووی سەربازییەوە زیانی لێکەوتو قوربانیدا, بەلاّم دواجار توانی خەونی باساییڤو خەتاب لەبار بەریۆ هەڕەشەو مەترسی ئەوان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی روسیا کەم کاتەوە.

ئەوەی ژەنەڕاڵ دۆدۆاییڤ بەدرێژایی چەندین ساڵ خەبات بینای کرد, باساییڤو بێ حیکمەتی ئەو لەدنیای سیاسەتدا بەئاویدا دا.. رەنگە هەر باساییڤو خەتاب نەبێت کەواقیعیان بۆ نەخوێندرێتەوە, بەڵکو ئەمە بۆ خۆی پەتایەکەو هەموو گروپەکانی ئیسلامی سیاسی دووچاری بوون. پەتایەك کەزیاد لەپێویست قەبارەی خۆیان گەورە دەبینن‌و زیاد لەپێویست فوو دەکەنە خۆیان. مێژووی ئیسلامی سیاسی هەر لە ئیخوانەکانەوە تا گروپە جیهادییەکانی ئەمڕۆو چیچانیەکانیشی لەگەڵدا بێت پڕە لەشەڕی نابەرامبەر, شەڕێك کەخۆیان دەست پێشخەر بوون‌و هەر خۆشیان قوربانیو زەرەرمەند.

چیچانیەکان بەدرێژایی سێ ساڵ (1996-1999) نەیانتوانی کار بۆ ئاوەدانی ولاّتەکەیان بکەن‌و برینەکانی شەڕی (1994-1996) ساڕێژ بکەن.. ئەوەی سەرانی ئەوان پێیەوە سەرقاڵ بوون شەڕی پلەیەو پایەو دەسەلاّت بوو، باسایڤو رۆدایڤو سەرکردە سەربازیەکان لەلایەكو ماسخادۆڤو لایەنگرانی لەلایەکی دیەوە. ئەم شەڕەی دوایی نەبووایە دەبوو موجاهیدەکانی ئەو ولاّتە لوولەی چەکەکانیان لەیەکتر کردایەو بکەوتنایەتە وێزەی یەکدی. ئەمەی کە دەیلێین فاڵگرتنەوە نییە, هێندەی رووداوەکانی نێو واقیعی ئەمڕۆی ئیسلامی سیاسی وامان پێ دەڵێت. ئەوان ئەوەندە تەبان لەگەڵ یەکدا کە لە ئۆپۆزسیۆندا بن‌و نەچووبنە سەر کورسی دەسەلاّت, بەلاّم هێندەی دەسەلاّتیان کۆنترۆڵکردو لەسەر کورسی حوکمڕانی دانیشتن ئیتر شمشێر راکێشان بەڕووی یەکتردا دەست پێ دەکات.

وەکی نمونەیەکی زیندوو با لەهەردوو ئەزموونی ئەفغانیو سودانی بڕوانین. ئەمێستا نەکابوڵ لەژێر رکێفی ئالاّی سوری سۆڤیەتدایەو نە (نەجیبوڵلاّی) مولحیدو بێ باوەڕیش لەوێ حوکمڕانە, بەڵکو ئەوەی هەیە ناوی ئیمارەیەکی ئیسلامیەو ئەمیریش قەڵەمڕەوێکی ئیسلامیە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا شەڕێکی بێ وادە لەو ولاّتەدا بەڕێوە دەچێت. تالێبانی خاوەن کورسی حوکمڕانی, جیهادی کەسانێك دەکات (رەبانی, حیکمتیار, شامەسعود, دۆستمو.. هتد) کە گوڵی تەمەنی گەنجی خۆیان لەخەباتی

رزگارکردنی ولاّتدا سەرف کرد, بەلاّم ئێستا لەبەر تەماعی کورسی دەسەلاّتو پلەو پایەی دنیایی ئەمانە تەنانەت ناوچە سنوریەکانی ولاّتیشیان بۆ ژیان پێ ڕەوا نابینریّو دەبێت لەنێوان مردنو بەرزکردنەوەی ئالاّی سپیدا یەکێکیان هەڵبژێرن. لەم لاشەوە سودان نمونەیەکی زەق ترە کە ئیسلامی سیاسی هەرچەندە لەژێر دەمامکی موقەدەسدا خۆی مەلاّس بدات, ناتوانێت خۆی لەوە بپارێزێت کەچەند کوشتەی دەسەلاّتو دنیا ویستیەو لەو پێناوەشدا ئامادەیە دزێوترین شەڕبکات.

دەساڵێکە سودان لەسایەی حوکمی بەناو ئیسلامی (بەشیرو تورابی)دا دەگوزەرێنیّو ئیسلام گەراکانیش گۆڕانیان بەبالاّدا دەچڕن, بەلاّم لە شەوو ڕۆژێکدا ئەو دووپیاوە لەسەر دەسەلاّتی زیاتر بوونە دوژمنی بڕا کوشتەی یەکترو پێیان لەهەموو شتێك نا, (بەشیر) پەڕوباڵی (تورابی) کردو (تورابی) یش لەبەرامبەردا ئیعلانی جیهادی لە دژی (ئەلبەشیر) ڕاگەیاند. ئەمەش دوا کۆمیدیایەك بوو کە ئیسلامی سیاسی لە کۆتایی سەدەی بیستو لەسەر تەماحو پاوانکردنی زیاتری کورسی دەسەلاّت سازیاندا. لە چیچانستانیش هەمان سیناریۆ دووبارە بووەوە کاتێك با ساییڤو هاوەڵەکانی تەماعی زیاتری دەسەلاّتخوازیان پەیداکردو لەژێر دروشمی جیهادو بەهاناچوونی داغستانیەکانەوە دوو ئەگەریان لەبەر چاوگرت:

گەر سەرکەوتوو بوون ئەوا خۆیان دەبنە دەسەلاّتی یەکەمو لەنێوان (داغستانو چیچان) دا خەونی دەوڵەتی ئیمامیەت زیندوو دەکەنەوەو (ماسخادۆف) دەبێتە پاشبەندیان, گەرنا ئەوا لەئاکامدا (ماسخادۆف) دەبێتە پاشای عەرشی کەلاوە. کاتێك هەر لە سەرەتاوە تەرازووی هێزی شەڕەکە بەلای (کرملین) دا شکایەوەو باسایڤو خەتابیش تادەهات دەکشانەوە, (ماسخادۆف) لەهەوڵی ئەوەدابوو هەموو شت بەیەکجاری لەدەست نەچێ, بۆیەبەنامە داوای لە ڤاتیکانو کۆشکی سپیو دنیای خۆرئاوا کرد ناوبژی کەن.. خەتاب دوای هەموو ماڵوێرانیەکانیش هەڕەشەی ئەوەی دەکرد شەڕ دەگوێزێتەوە ناو شارەکانی روسیاو ناهێڵێت پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نویّ بۆ روسیا بەئارامی تیّ پەڕێت. ئەو نەك هەر ئەو گفتانەی خۆی نەبردە سەر، بەڵکو لەگۆڕەپانی شەڕشیدا ئاوابوو. ئاوابونێك سەر لەنویّو لەسەرەتای ئەم سەدەو هەزارە تازەیەدا خەباتی گەلی چیچانیان پیّ بردەوە خاڵی سفر. جاران گرۆزنیّو گەلی چیچان ڕەمزێك بوون بۆ شۆڕشو بەرخودان, ئەمێستاو لەسایەی عەقڵیەتی توندڕەوییدا بوونە دەستێك بۆ تەقاندنەوەی ئەپارتمانە مەدەنیەکانو سنور بەزاندنو فڕاندنی قەشەو پیاوانی ئایینی ناو کڵێساکانو گۆڕینەوەیان بە چەردەیەك پارە.

(ماسخادۆف) ئەمێستا کە بەقوتەی شاخێکی ناوچە سنوریەکانەوە گیرساوەتەوەو دوای ئەوەی بالّی سەربازی موجاهیدەکان لێك هەلّوەشاو ئاسۆی گەڕانەوەی وەك سەرۆکێك بۆ کورسی حوکمڕانی لەگرۆزنیّ لێلّ بوو (ئەو ئیعترافە دەکات کە دەبوو زووتر بیکردایە), لەبەر هیچ نا تەنها لەبەر ئەوەی گەلی چیچان وەك ئاردی ناو دڕك بەناوچە سەختەکانی قەوقازاد سەرگەردانو ئاوارە نەبوونایە.

ئەم سەرە رۆییەی شامیل باسایڤو خەتابو رۆدایێڤ، ئەگەر لایەنێکی ئیجابی هەبێت تەنها ئەوەیە کەوا لە ئیسلامی سیاسی بکات واقیعیانەتر ببینینو زیاد لە پێویست قەوارەی خۆیان فوونەدەن, چونکە شەڕی دنیای ئەمڕ هەر بەوە نابڕێتەوە کە ئیعلانی جیهاد بکەیتو لە باستۆنەکانی بان سەرتی بنوسیت (لاالە الا الله و.. الله اکبر). ئەم شەڕەی داویی وەها دەلّێتو پەندێکە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لە ئەزموونەکانی ژیان پەند وەربگرن!

# ئیسلامی سیاسی لەواقعی ئێمەدا
# (کێشەی کورد لەستراتیژییەتی یەکگرتوودا)

(نەخستنەڕووی کێشەی ئیسلام، وەکو کێشەیەکی سیاسی لەناو کۆمەڵگەی کوردیداو دەست لێنەدانی، کێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتی گەورەی دروستکردووەو لەداهاتووشدا گرفتی گەورەتر دروست دەکات)

**ئاراس فەتاح، وێنەو تراژیدیا**

**ئیسلامی سیاسی بۆخۆی ئەگەر دیاردەیەکی ئێجگار نامۆش نەبێت بەمێژووو واقعی کوردەواری، ئەوا دەکرێت بڵێین دیاردەیەکی زۆر تازەیەو مێژوویەکی هێندە دێرینو تەمەنێکی هێندە درێژی نیە. ئیسلامی سیاسی تەنها ئەو کاتە دێتە ناو واقعی ئێمەو تەنها ئەو کاتە شوێن پێی خۆی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا دەکاتەوە کەواقیعی کوردی دەبێتە واقعێکی ئەتککراوو دەکەوێتە بەر گەردەلولێکی سامناکی وەها کەچەندین گۆڕانکاری سەیر لەگەڵ خۆیدا دێنێت، سەرەتای ئەم گۆڕانکاریانەش لەهەشتاکانەوە دەست پێدەکات. لەم دەلاقەیەشەوە هێزە تەقلیدیو کۆنەخوازەکان بەگوڕوتینێکی ترەوە خۆیان دەکەنەوە بەمێژووی ئێمەداو دەست دەکەنەوە بەکۆنترۆڵکردنو لەقاڵبدانەوەی مرۆڤی کورد، مایەی سەرسامی نییە کەلەقۆناغی دوای راپەڕیندا ئیسلامی سیاسی دەبێتە دیاردەیەکی زەقی ناو کۆمەڵگەی کوردی (ئەگەرچی ئەوانە بەدرێژایی نیو سەدە زیاتریش وەك نوخبەیەکی نامۆ کە ژمارەیان لەپەنجەکانی دوو دەست تێپەڕی نەدەکرد عەودالی دۆزینەوەی ریشەیەکی کۆمەڵایەتی بوونو بۆیان مەیسەر نەدەبوو). چونکە لەلایەك ئەو گۆڕانکارییە ترسناکانەی لەهەشتاکانەوە کۆمەڵگەی کوردی گرتەوەو ئەو وێرانکارییە گەورانەی بەعس بەسەر کوردستانیدا هێناو، ئەو ماندوویيو لەبەریەك هەڵوەشانەی دوای راپەڕین دووچاری کۆمەڵگای ئێمە هاتو نەهامەتیەکانیش لەگەڵ**

گەمارۆی ئابووریو شەڕی ناوخۆدا گەیشتە تروپك. هەموو ئەمانە لەسەر ئاستی ئەخلاقیو سیاسیو کۆمەلایەتی، بۆشاییەکی وەهایان دروستکرد کەگروپە بەناو ئیسلامیەکان زۆر بەئاسانی بتوانن کاری تێدا بکەنو گەشە بسێنن.

تێپەڕبوونی زیاتر لەهەشت ساڵ بەسەر راپەڕینداو بوون بەبەشێکی ئیسلامی سیاسی لەواقیعی ئێمەدا، ئەوە دەخوازێت تالەئاستیدا ئیستێك بکەینو خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی پێویستی لەبارەوە ئەنجام بدەین(سەرەتاکانیان، چۆنیەتی کارکردنیان، پەیڕەوو بەرنامەی سیاسیان، هەڵوێستیان لەئاست کێشە نەتەوایەتیو مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلەکەمانداو...)هتد... تەشەنەسەندنی زۆری بەناو ئیسلامیەکان لەقۆناغی دوای راپەڕیندا ئەوەندەی دەرەنجامی چەند هۆکارێکی (شاذ)و چەند هەلومەرجێکی نالەباری ناوخۆییو ئیقلیمیو نێو دەوڵەتییە، ئەوەندە پەیوەندی بەرەسەنایەتی ئەم گروهانەو مێژووی دێرینو خەباتی پڕسەروەریانەوە نیە. ئەگەر وەك ریشەیی مێژوویيو سەرەتای دەست پێکردنیش بڕوانین، دەبینین ئیسلامی سیاسیو رەوتی ئسولێەت چەند بەگرانو دوای چەند لەچاوەڕوانیەکی زۆر دەتوانێت داخڵ بەمێژووی ئێمە بێتو لەناو بونیادی کۆمەڵگەی کوردیدا جێگایەك بۆ خۆی بکاتەوە.

وەك ئاشکرایە سەرەتاو دەسپێکی کاری ئیسلامی سیاسی لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی (ئیخوان موسلمین) کەلەساڵی 1928لەسەردەستی شێخ حەسەن بەننا دامەزرا دەست پێدەکاتو، لەسەرەتای چلەکانیشەوە (بەننا)و هاوەڵەکانی هەوڵی ئەوە دەدەن پەیامەکەیان بگەیەننە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی. بۆ ئەم مەبەستەش بەشێك لەرێکخراوەکەیان تایبەت دەکەن بەبلاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیانو کردنەوەی لقی تازە لەوڵاتەکانی تردا. سەرەتای ئەو هەوڵانەش بە وڵاتانی رۆژهەڵاتی عەرەبی دەست پێدەکاتو سوریاو ئەردەنو عیراق دەگرێتەوە. هەرچی تایبەتە بەعیراقەوە ئەوا حەسەن بەننا هەر یەك لەحسێن کەمالەدینو محەمەد عەبدولحەمید ئەحمەد رەوانەی ئەوێ دەکات تادەست بەدامەزراندنی لقی ئیخوان بکەن لەعیراقدا، ئەمەش لەساڵی 1943داو لەگەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا بوو. ئەگەرچی ئەو دوو نێردراوەی ئیخوان بۆ ماوەی چوار ساڵ لەعیراقدا دەمێننەوەو زۆربەی شارەکانی عیراق دەگەڕێنو پەیوەندیش بەزۆر کەسەوە دەکەن، بەڵام هیچ شتێکی وەهایان دەسگیر نابێت کە ئومێدبەخش بێتو هیوای ئەوەیان بداتێ کەتۆوی ئیخوان لەوێدا چرۆ بکاتو گوڵ بگرێت. ئەوان کە دەزانن دوای

سۆراخی چوار دانەساڵ هیچیان دەسگیرنەبووە، بەنائومێدیەکی زۆرەوە دەگەڕێنەوەو دەڵێن:

(عیراق جێگەو ڕێگەی بانگەوازی ئێمە نیەو، ئەویش بۆ ئەو کارەی ئێمە دەست نادات).
بێ ئەوەی درێژ بەگێڕانەوەی ئەم مێژووە بدەم‌و بێمە سەر باسی هەوڵەکانی هەریەك لە (محمد محمود الصواف‌و شێخ ئەمجەد زەهاوی‌و نظام الدین عبدالحمید) لەعیراق‌و پەلکێشانی ئەمان بۆ ناو کوردستان‌و دروستکردنی نوخبەیەك لەوانە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، دەتوانم بڵێم ئەو قسانەی سەرەوەی هەریەك لە (حسین کمال الدین‌و محەمەد عەبدولحەمید ئەحمەد) زیاد لەعیراق بۆ کوردستان گونجاوترە. لەبەرئەوەی ئەگەر لەعیراق‌و ناوچە عەرەب نشینەکانیدا دوای گەڕانەوەی (الصواف) لەمیسرو لای حەسەن بەنناو بەڵێن دانی بەدامەزراندنی کۆمەڵەیەك هاوشێوەی ئەوەی ئیخوان لەعیراقدا کەمێك بواری بۆ ڕەخسابێ‌و بەرەزامەندی‌و ڕێگاپێدانی یاسایی لەلایەن نوری سەعیدەوە لەساڵی 1949ەوە دەست بەکاربووبێت‌و توانیبێتی کۆمەڵە خەڵکێك لەخۆی گردبکاتەوە، ئەوا لەکوردستان‌داو بەدرێژایی زیاد لەچارەکە سەدەیەك (لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە تاسەرەتای ساڵانی هەشتا) ئەو نوخبەیە نەیتوانی قەوارەی خۆی گەورە بکات‌و بیروبۆچوونەکانی بگەیەنێتە نزیکترین جێگایەك. سۆراخی بێوادەی ئەم نوخبەیە لەڕەگ‌و ریشەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو کوردەواریدا وای لێدەکات تاهەشتاکان لەپشتی پەروەردەوە بەبێدەنگی بمێنێتەوەو بەشداری هیچ جۆرە چالاکیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان کلتوری لەناو واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا نەکات، (بەڵام بەناو ئیسلامیەکانی ئێرە بۆ شاردنەوەی ئەم حەقیقەتەو ونکردنی ئەم ڕاستی‌یە لەبەریانێکی زۆری جەماوەری کوردستان، تەواوی ڕۆڵی خۆیان لەم قۆناغەدا وەك خەباتی نهێنی‌و ژێر زەمینی باس دەکەن). بۆ ئەم مەبەستە باگوێ لەیەکێك لەو لایەنانەی ئیسلامی سیاسی بگرین کەلەواقیعی ئەمڕۆی ئێمەدا هەن: (لە6/2/1994دا لافیتەی -یەکگرتوو- وەك هێمای دێرینی بوونی بزافی هاوچەرخی ئیسلامی، لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا بڵندکرایەوە، ئەوەی ڕاستی بێ یەکگرتوو زادەی زەمینەو حاڵەتێکی کتوپڕی ناخلاف نی‌یەو کاردانەوەی دیاردەو ڕووداوێکی ناوخۆ یان ناوچەیی‌و جیهانی نیە. میوانێکی ناوەخت نەبوو کەدای لەدەرگای بوون، یەکگرتوو کۆرپەی ژانێکی درێژخایەنی بوونی ئیسلامی بوو، لاشەیەکی پڕلەگیانی گەشەسەندووی ئاسایی چەندین ساڵەی خەباتی سیاسی ئیسلامی‌یەو تەمەنە ژێر زەمینیەکەی خۆی لەپەنجا ساڵ دەدات... لەو کاتەوە کە برایانی خەباتگێڕی مەیدانی ئیسلامخوازی، ڕەوتی ئیسلامیان دەست دایێ‌و

یەکەم پەڕەی هاوچەرخی کاری ئیسلامیان لە دەفتەری مێژووی سەردەمدا والاکردەوە).
بازیاتر گوێ رادێرینو درێژەی ئەو قسانە وەکی خۆی بخوێنینەوە: (یەکگرتوو هاتنە بەرهەمی باخی خەباتی دەیان ساڵەی رۆڵەکانی بزافی هاوچەرخی ئیسلامی کوردستانی عیراقە، کە بەهۆی ستەمی رژێمەکانی عیراقەوە نەهێڵرا بەرهەم بدات، سەرەڕای ریشە داکوتانو پتەوبوونی چڵو ساقەکانیو پەل هاویشتنی سایەی فراوانی).
(بۆیە 1994/2/6 مێژووی دامەزراندنی یەکگرتوو نەبوو، کاتی ئاشکراکردنی بوو... بەدەمەوە چوونی واقعی کاری سیاسیو تەقینو ئاشکرابوونی هەوڵە دەیان ساڵە پەنگ خواردووەکەی خەباتی براو خوشکانی موجاهیدی کوردستان بوو). (راگەیاندنی ناوی یەکگرتوو فرسەتی قەرەبووکردنەوەی ئەو بارە ناهەموارە بوو، کەستەمی چەندین ساڵەی رژێمەکان بەسەر میللەتدا سەپاندبوویان...). ئیسلامی سیاسی لەبەرئەوەی لەواقعی کوردەواریدا رووبەرووی مێژوویەکی خوێناویو رەنجو خەباتی میللەتێك دەبێتەوە کە وەکی ئیعتراف دەکەن(لەشۆڕشی بەدرخانەکانەوە بۆ ئەمڕۆ یان لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆ ئەمڕۆ، ئەو خوێن بەربوونەی تووشی ئەم گەلە هاتووە پێشینەیەکی قورسو ئالۆزو پڕگرێو زامی دروست کردووە...) بڕوانە(کێشەی کورد لەستراتیژیەتی یەکگرتوودا)، ناچارن مێژوویەك بۆ خۆیان دروست بکەن ئەگەر ئەو مێژووە لەواقعیشدا نەبێت، ئەوا دەبێت لەرێی نووسینو مینبەرو بلندگۆی راگەیاندنو مزگەوتەکانەوە بخولقێنرێت، تا جێگایان بێتەوەو شەرعیەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن.
سالانێکە ئەدەبیاتی ئەم گروپانەو لێدوانو راگەیاندنەکانیان لێوان لێون لەوەی (تەمەنی ئێمە لەم چەند ساڵەوە دەست پێناکات)و (خەباتی ژێر زەمینیمان تەمەنی خۆی لەپەنجا ساڵ دەدات)، بەڵام ئەم قسانە تاکوێ بڕدەکەنو تا چەند خەڵك قەناعەت پێدەکەن؟
لای هیچ کەس شارەوا نییە کە کۆتایی پەنجاکانو تاسەرەتای نەوەدەکان کورد ناهەموارترینو بەدترین رۆژەکانی تەمەنی خۆی ژیاوەو هەندێ جاریش لەسەر لێوارەکانی فەنابوونو تیاچوونی یەکجاری بووە، ئەمەش وایکردووە سەرجەم هێزو توێژو چینەکانی ئەو میللەتە لەم پەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ لەخوێندەوارییەوە بۆ نەخوێندەوارو جوتیارو کرێکارو هۆزو عەشرەتەکانیەوە، هەڵوێستی بەرەنگاری هەڵبژێرنو ئەوەی پێیان بکرێت دریغی لێنەکەن. ئەو شەهیدو قوربانیە بێ ئەژمارەی هێزە عەلمانیەکانی ئەم میللەتە دایان لەم پێناوەدا، قورسیو تاقەت پڕوکێنی ئەو هەلومەرجە دژوارو قۆناغە خوێناویە دەردەخەن، بەڵام ئەفسوس ئەوەی کەلەنێوەندی ئەم

بازنـەی ململانـێو کێشمەکێشـە شـەرەف مەندانـەدا غائیـب بـوو، تـەنها ئەوانـەبوون کەبەدرێژایی نیو سەدە لەپشـتی پـەردەوە خۆیـان شـاردبووەو لەناسـکترین ڕۆژگارەکـانی ژیانی میللەتەکەیاندا کەمترین بەرپرسیارێتیان نەگرتە ئەستۆ. خەم ساردانە یان لەکونجی ماڵـەکانیانو ژووری مزگەوتەکانـدا سـەرقاڵی خوێندنـەوەو دەسـتاو دەسـتکردنی بەرهەمـەکانی (حەسـەن بـەنناو سـەید قوتـبو ئـەبی حەسـەنی نـەدەویو ئـەبو ئـەعلای مەودودیو سەعید حویو فـەتحی یـەکنو مـەحمود غـەریب)بـوون، یـاخود لـەژێر چـادرو ڕەشماڵی ئۆردوگاکاندا خەریکی تەسبیحاتو ژیـانو گـوزەرانی خۆیـان بـوون. دەنـا ئـەو قەهرو زوڵمو ستەمەی بەعسیەکان لـەکودەتا شـومەکەی شـوباتی 63-ەوە تابەرەبـەیانی بەهاری ئـازاری 91 لەبەرامبـەر ئـەم خـاكو گەلـە خێـر لەخۆنـەدیوەدا بـەکاریان هێنـا، گـەورەترین هێـزو ڕێکخسـتنی لـەژێر زەمینـەوە دەهێنایـە سـەر زەمـینو گـەر بـۆ ساتەوەختێکی کەمیش بوایە دەبوو هەم لەبەر خواو هەم وەك ئەرکێکی ئایینیو دواتـریش ئینسانیو نەتەوایەتی، لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتە شۆڤێنیستەدا هەڵوێستێکیان بنواندایە. لەو ڕۆژگارانەدا زۆر گروپو دەستەو تاقم هەبوو کە بەژمارەش هێنـدە کـەم بـوون لـەژێر دەوارێکدا جێگایان دەبووەوە، بەڵام سـەرەڕای کـەمی خۆیـانو دەسـەڵاتی زۆری بـەعسو جەبەروتی ئەو دژومنە دژ بەکوردە، سەنگەری مقاوەمەتیان گرتو بەقەد قەوارەی خۆیـان لەبەرپرسـیارێتیو لەئەسـتۆگرتنی ئـەرکی ئـەو قۆناغـەی مێـژووی میللەتەکەیانـدا ئامادەییان هەبوو. هەشـبوون هێـزی میلیشـیا نـەبوونو دەیـانزانی خـەباتی چـەکداریو مقاوەمـەتی شاخەکانیان پێناکرێـت، بـەڵام ئەمـەیان نـەکردە بیانوویـەكو سـەرەڕای ئـەو کەشو هەوا سامنـاکەی بەعس لەناو جەرگەی شارەکانو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دروستی کردبوو، بەنهێنیو قارەمانانە دەستیان دایە کارو چالاکی سیاسیو پێیان وابوو لەو ڕۆژگارەدا تەنها بەرد دەتوانێت بێدەنگ بێتو هەڵوێست وەرنەگرێت.

بـەڵام یـەکگرتوو کەتەمەنـە ژێـر زەمینییەکـەی خـۆی لەپـەنجا سـاڵ دەدات زۆر لـەوە لـەئێشو مەینەتییـەکانی گـەلی کـورد دورتـر بـوو تـا ئـەو تراژیـدیاو مەرگەسـاتە یـەك بەدوایەکانەی کورد وایان لێبکات لەپشـتی پەردەکانـەوە بێنـەدەرێو هـەرهیچ نـەبێ بـۆ مێژوو هەڵوێستێك وەرگرن، کەچی ئەوان دوای ڕەوینەوەی تەمی هەمـوو ئەو نائومێـدیو بەسەرچوونی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانەو لەسـایەی خـوێنی ڕژاوی هـەزاران قوربـانی کـە ئـەوان ڕۆژێك بەڕەوایان نەبینی خوێنیـان تێکـەڵ بـەخوێنیان بێـت، دێـنو دەڵـێن: (یـەکگرتوو هاتنە بەرهەمی بـاخی خـەباتی دەیـان سـاڵەی ڕۆڵـەکانی بزاڤـی هاوچـەرخی ئیسـلامی کوردسـتانی عیراقـە، کەبـەهۆی سـتەمی ڕژێمـەکانی عیراقـەوە نـەهێڵرا بەرهـەم بـدات،

سەرەڕای ریشە داکوتانو پتەوبوونی چڵو ساقەکانیو پەل هاویشتنیو سایەی فراوانی).
من لێرەدا قسە لەسەر باخی خەباتی دەیان ساڵەی رۆڵەکانی بزاڤی هاوچەرخی ئیسلامی کوردستانی عیراق جێدێڵمو، دێمەسەر رستەی دوای ئەو کە دەڵێت: (بەهۆی ستەمی رژێمەکانی عیراقەوە نەهێڵدرا بەرهەم بدات). پێم وایە ئەم دەستەواژەیە سەر لەبەر کۆمیدیایەکە، کۆمیدیایەك کەبێ ئەندازە پێی وایە گەلێك هەیە کوردەو تا سەر ئێسقان لەکاڵفامیو ساویلکەییدا غەرق بووە. گەرنا کێ هەیە رستەی وای بەدەمدابێتو لەسەر روپۆشی لاپەڕەکان بینووسێتەوە. کەس هەیە لەوە بێ ئاگابێت کە هەموو یاخیبوونو شۆڕشو راپەڕینێك دەرەنجامی کەڵەکەبوونی زوڵمو ستەمێکی زۆرەو، تەواوی یاخود زۆربەی حزبو گروپو رێکخراوەکانیش لەناو گەرمەی کێشەو قەیرانەکاندا دروست دەبنو دەست بەکاروچالاکی خۆیان دەکەن.

بۆ تائێستاو بەدرێژایی مێژووی کۆنو تازە کامە رژێمو کامە حوکمو کامە دەسەڵات فەرمووی لەهیچ هێزو لایەنێك کردووەو زەمینەی بۆ خۆشکردووەو رێگای پێداوە خۆی رێك بخاتو کارو چالاکی خۆی ئەنجام بداتو بەگژیدا بچێتەوە.

بۆ هەموو ئەو هێزانەی لەمێژووی تازەی ئێمەدا لەتاریکترین سەردەمەکاندا لەکێوی مەحاڵ نەوینو بەگژ زوڵمو ستەمدا چوونەوە، بەعس فەرمووی لێکردنو بەکەژاوە رەوانەی بنکەو بارەگاکانی خۆیانی کردن، یان ئەوانە خولقاوو کوڕی قۆناغی خۆیان بوونو وەلام بوون بەو جەورو ستەمانەی لەئارەدابووەو وەك پێداویستییەکی مێژوویی هاتونەتە گۆڕێ. کەچی لەپای هەموو ئەم راستیانەدا یەکگرتوو وەك لایەنێکی ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی دوای بەهاری ئازادیدا وەها دەدوێت. یەکگرتوو یاخود ئیسلامیەکانی کوردستان نایانەوێت دان بەو راستیەدا بنێن کە ئەوان تا ناوەڕاستی هەشتاکانیش لەوە دەسکورترو تەنیا تربوون تابتوانن خۆیان ئیعلان کەنو لەمانەوەی خۆیان دڵنیابن. ئەگەرچی یەکگرتوو ئاوەهاش باسی مێژووی خۆشی بکات: (سەرەڕای ریشە داکوتانمانو پتەوبوونی چڵو ساقەکانیو پەل هاویشتنیو سایەفراوانی). ئەوە تەنها لەپاش گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەیە لەهەشتاکاندا گروپە ئیسلامیەکان لەواقیعی ئێمەدا دروست دەکرێنو گوێ بیستی ناوەکانی وەك (لەشکری ئیسلامی کورد، کۆمەڵەی ئەنسار، بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق، یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق، حزب اللەی کوردستانی عیراق، حزبوڵلای شۆڕشگێڕی کوردستانیو...هتد) دەبین. دەبێت یەکگرتوو قەناعەتی وەها بێت کە هەریەك لەشێخ ئەحمەد یاسینو راشد ئەلغەنوشیو محمد حسین فضل اللە خۆیانو رێکخراوەکانیان

له(حماس‌و النهضة‌و حزب الله)، له‌لایه‌ن حاخامه‌کانی یه‌هودو زین العابدین بن علی‌و ده‌سه‌لاتدارانی ئیسرائیله‌وه فه‌رموویان لێکرابێ‌و داوه‌تی ساحه‌ی کاروچالاکی سیاسی‌و عه‌سکه‌ری کرابن. کێ ئه‌ڵێ وانییه؟ ئه‌ڵبه‌ته قسه‌کردن له‌سه‌ر ئه‌م ته‌وه‌ره زۆر له‌وه زیاتر هه‌ڵده‌گرێت، به‌ڵام وازی لێدێنم بۆ ده‌رفه‌تێکی دیکه، تاکو بپه‌رژێمه سه‌رچه‌ند لایه‌ن‌و مه‌سه‌له‌یه‌کی تری ئیسلامیه‌کانی کوردستان به‌گشتی‌و یه‌کگرتوو به‌تایبه‌تی.

(کێشه‌ی کورد له‌ستراتیژیه‌تی یه‌کگرتوودا)، یه‌کێکه له‌و کتێبانه‌ی به‌م دواییانه که‌وتۆته به‌ردیدی خوێنه‌ران‌و هه‌وڵێکی به‌به‌رنامه‌ی ئه‌و حزبه‌یه بۆ نیشاندانی فه‌زڵ‌و کاره سه‌رسوڕهێنه‌ره‌کانی خۆی ده‌رهه‌ق به‌میلله‌تی کورد له‌هه‌شتاکان‌و ئه‌م پێنج ساڵه‌ی خه‌باتی ئاشکرای ئه‌و حزبه. به‌ڵام ئه‌م ناونیشانه له‌ڕاستیدا ته‌نها سه‌ره‌تایه‌که‌و تا له‌خوێندنه‌وه‌ی ته‌واوی ئه‌و کتێبه ده‌بیته‌وه ئه‌وجا بۆت رون ده‌بێته‌وه که جگه له‌منه‌ت‌و شاباشی یه‌کگرتوو به‌سه‌ر میلله‌تی کوردو قه‌رزاربارکردنی له‌به‌رامبه‌ر هه‌وڵ‌و خه‌بات‌و کۆششی چه‌ند ساڵه‌ی ئه‌ودا شتێکی‌تر نی‌یه.

یه‌کگرتوو وه‌کو ئه‌وه‌ی له‌خۆی دڵنیا نه‌بێت‌و بڕوای به‌خۆی نه‌بێت، به‌درێژایی (96) لاپه‌ڕه باس له‌هه‌وڵ‌و خه‌باتی سیاسی‌و دیبلۆماسیه‌تی لێنه‌بڕاوانه‌ی خۆی ده‌کات بۆ گه‌یاندنی مه‌سه‌له‌ی کورد به‌ناوه‌نده ئیسلامی‌و جیهانی‌یه‌کان، (یه‌کگرتوو بۆ په‌یداکردنی هاوسۆزی بۆ کێشه‌ی گه‌لی کوردستان تا ئێستا هیچ سه‌کۆو ده‌رفه‌ت‌و کۆڕو کۆنگره‌یه‌کی له‌ده‌ست نه‌داوه بۆ باسکردنی کێشه‌ی گه‌لی کوردو سروشتی بزافه رزگاریخوازه‌که‌ی.. دبلۆماسیه‌تی یه‌کگرتوو له‌ڕستێکی نه‌پچڕاوو له‌چالاکیه‌کانی خۆیدا هه‌وڵی بێ‌وچانی داوه بۆ ناساندنی کێشه‌ی گه‌له‌که‌مان به‌جیهانی ده‌ره‌وه به‌تایبه‌تی به‌ناوه‌ندو لایه‌نه ئیسلامیه‌کان به‌مه‌به‌ستی راستکردنه‌وه‌ی تێڕوانینیان‌و ده‌سته‌به‌رکردنی پشتیوانی مادی‌و مه‌عنه‌وی بۆ گه‌له‌که‌مان). ئه‌م ده‌سته‌واژانه به‌لێشاو له‌م نامیلکه‌یه‌دا هه‌ن.

پێ ده‌چێت ئه‌م هه‌ولانه‌ی یه‌کگرتوو وه‌ك حزبێکی ئیسلامی‌و به‌و چڕوپڕییه له‌م رووه‌وه، به‌مه‌به‌ستی قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و خه‌مساردی‌و غائیب بوونه بێت که له‌سالانی به‌ر له‌ڕاپه‌ڕیندا هه‌یبووه‌و هه‌وڵی ئه‌وه بدات ئه‌مێستا له‌ڕێی دیبلۆماتییه‌وه ئه‌و که‌لێنانه بگرێت. به‌ڵام بابزانین ئه‌م هێزه ئیسلامخوازو کورد په‌روه‌ره‌ی سه‌ر گۆڕه‌پانی خه‌باتی ره‌وای گه‌لی کوردستان چه‌ند په‌رۆشی کێشه‌ی کورده‌و پێگه‌ی ئه‌م کێشه‌یه له‌کوێی ستراتیژیه‌تی یه‌کگرتوودایه‌و ئه‌و ئیدیعانه تا چه‌نده دروشم‌و قسه‌نین‌و له‌واقیعدا

بەعەمەلی بوون. ئەگەر چەند نمونەیەك لەماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا وەرگرینو لەساڵی 1988ی کاتی دامەزراندنی رابطەی ئیسلامی کوردەوە دەست پێبکەین کەناوێکی ترە بۆ یەککگرتوو، دەتوانین تێبگەین کە چۆن ئیسلامی سیاسی لەڕێی خەباتی دیبلۆماسی خۆیەوە توانیویەتی راوبۆچوونی زۆربەی ناوەندە ئیسلامیەکان لەسەر کورد بگۆڕێو بیان کاتە پشتیوانی کێشە رەواکەی. رەنگە نەتوانم لێرەدا هەموو نموونەکان باس بکەم، بەڵام دەتوانم گرنگترینیان بخەمەڕوو. بەتایبەت ئەو ناوەندە ئیسلامیانەی ئیسلامیەکانی کوردستان دۆستیانن‌و نزیکایەتی باشیان لەگەڵیاندا هەیەو تا چەندە توانیویانە ئەو نێوەندانە بێننە سەر قەناعەتێك کە کێشەی کورد کێشەی گەلێکی ستەم دیدەو زوڵم لێکراوە. بۆ پووچکردنەوەی تەواو ئەو ئیدیعایانە بایەك یەك هەڵوێستی ناوەندە ئیسلامیەکان دوای هەوڵەکانی یەککگرتوو لەسەر مەسەلەی کورد بەسەرکەینەوە: یەککگرتوو لەئەدەبیاتی خۆیداو لەو نامیلکەو بلاوکراوانەیدا دەیخاتە بەردەستی ئەندامو لایەنگرانی وەهایان پێ دەڵێت کاتێك (حەسەن بەنناى رابەری ئیخوان موسلمین دەزانێت کوردەکانی عیراق زوڵمیان لێکراوە، نامەیەك ئاراستەی پاشای عیراق دەکاتو داوا دەکات ئەو زلمو ستەمە لەسەر کوردەکان هەڵگرن). بەڵام دوای چل ساڵو دوای ئەنفالو کیمیابارانو تەهجیرو تەبعیسو تەعریبو کوڕەوو بەسوتماك کردنی خاکی کوردانو دوای هەوڵە دیبلۆماتیەکانی یەکگرتوو بەخاتری کێشەی کورد، (محمد حامد أبونصر)ی رابەری گشتی ئیخوان موسلمینو دۆستی نزیکی سەرکردایەتی یەککگرتوو لەبەیاننامەیەکیدا لەبەرواری 27/4/1991داو، لەو دەمەی کوردان وەکی ئاردی ناودرك بەناو ناوچە سنوورییەکانی ئێرانو تورکیاو عیراقدا بلاوبووبوونەوەو پەردەوازەی شاخو کێوان بووبوون، ئاوەها داکۆکی لەهەڵوێستی سەرۆکی عیراقو ئیدانەی کوردان دەکات: (ان الاكراد تم تحريضهم من قبل الاستعمار لقيام بحركات انفصالية في جسم العراق)(ابو نصر) لەدرێژەی بەیانەکەیدا دەڵێت: (لەڕوانگەی بالادەستی ئەمریکی بەسەر ناوچەکەدا گەلی باکوری عیراقو باشوری هاندران کەجموجوڵی جیاخوازی لەقەوارەی عیراق ئەنجام بدەن). وەکی جەمال نەبەز دەڵێت: (ابونصر لێرەدا گەلی کورد بەگەلی سەروی عیراق ناودەبات). (د. محمد عمارة) دەڵێت: (پێموایە گەورەکردنی کێشەی کەمە نەتەوایەتیەکانی وەکو کوردو ئەوانیتر لەلایەن خۆرئاواوە، تەنها بۆ رێگەگرتنە لەپرۆژەی نەتەوایەتیو پرۆژەی ئیسلامی کە پرۆژەی زۆربەیە). بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی لەجەزائیر (مەسەلەی کورد بەپلانی رۆژئاوا دەزانێت بۆ دابەشکردنی عیراق)، یان دەڵێن (مەسەلەی کورد دروست کراوی دەستی ئیستعماری

ڕۆژئاوایە)، یاخود (شکستی سوپای عیراق لەجەنگی دووەمی کەنداودا لەئەستۆی کوردو شیعەدایە).. لەکاتی داگیرکردنی کوەیتدا ئەوانەی پێیان لەبەغداد نەدەبڕیو لەسەردانی بەردەوامی سەدام دابوون (دکتۆر حەسەن تورابیو شێخ عومەر عبدالرحمانو عەباسی مەدەنی)بوون، کە بێگومان ئیسلامیەکانی کوردستان بەباشی پلەوپایەی ئەو زاتانە دەناسن. باهەندێ تر لەهەوڵە دیبلۆماتیە راستەوخۆکانی تری یەکگرتوو لەپێناو ناساندنی کێشەی کورددا بەجیهانی ئیسلامی نزیك ببینەوەو ببینین چۆن سەرکردایەتی ئەو حزبە لەکۆنگرەی رێکخراوە ئیسلامیەکانی جیهان لەئەستەمبوڵ، بەبەشداری زیاتر لە(50) پارتو رێکخراوو لایەنیئیسلامی (چۆن وەفدی یەکگرتوو لەو کۆنگرەدا چەندان لایەنی کپ کراوی کێشەی کوردیان بۆ ئامادەبووان رونکردۆتەوەو.. لەم پێناوەشدا چەندان پەرلەمانتاری کوردی پەرلەمانی تورکیایان بینی)وە. ئەمەش لەمیانەی میهرەجانی (قسطنطنية)دا بوو کەلەڕۆژانی 30-1994/5/31 لەئەستەنبۆڵدا سازدرابوو.

بالێرەشدا لەحەقیقەتی ئەم هەولانە بکۆڵینەوەو دەرەنجامەکانی ببینین، ئێمە لەو پەنجا پارتو رێکخراوە بەشداربووەدا چلو نۆیان هەڵدەبوێرینو تەنها قسە لەهەڵوێستی خاوەن ماڵ دەکەین، چونکە لەلایەك تورکیا هەم دراوسێو هەم نزیك بەکێشەی کوردەو، لەلایەکی تر لەدوای ئەو کۆنگرەیەوە لەڕێی هەڵبژاردنەوە (حیزبی رەفاه)و (د.نەجمەدین ئەربەکان) کە حیزبێکی ئیسلامیەو سەرۆکەکەیان دۆستی ئیسلامیەکانی کوردستانە، دەسەلات دەگرنە دەستو دەبنە حوکمڕانی ولات. یەکگرتوویش لەڕێی ئەمینداری گشتییەوە نامەیەکی پیرۆزباییو خۆشحالی زۆر ئاڕاستە ی جەنابی پرۆفیسۆر دکتۆر ئەربەکان دەکەن، وەك ئەوەی بەهاتنی ئەو کێشەی کورد چارەسەربکرێت.
بەلام بالێرەشدا ببینین هەم هاتنی (ئەربەکان)و هەم هەولە دیبلۆماتیەکانی یەکگرتوو لەپێناو کێشەی کوردا چی لێشین دەبێت. (ئەربەکان)نەك هەر لەهەولە دیبلۆماتیەکانی ئەمانو نامەی پیرۆزباییەکەیان نەگەیشت، بەڵکو هەموو ئەوکوردە چارە رەشانەی کوردستانی تورکیاشی توشی نائومێدیەکی گەورەکرد کاتێك بەهەموو قورسایی خۆیانەوە بڕواو متمانەی خۆیان پێبەخشیو دەنگی خۆیان دایە، بەو هیوایەی ئەو وەك کەسێکی ئیسلامی بتوانێ ئاوڕ لەکێشەکەیان بداتەوەو ستەمیان لەسەرکەمکاتەوەو هەروەها ئومێدخوازیش بوون هاتنی حیزبی(رەفاه) بۆ سەرکورسی دەسەلات ببێتە مایەی تێکشکانی بەرەی کەمالیستی لەناو دەزگای دەوڵەتی تورکیدا.

بەلاّم (رەفاه)و (ئەربەکان) وەلاّمی کوردانیان بەوەدایەوە کەسەرەتای دەسەلاّت گرتنە دەستیان بەهێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر ناوچە کوردییەکان دەست پێکردو سەربازێکی زۆریشیان رەوانەی کوردستانی عیراق کرد، بەمەبەستی کێومالّکردنی ئەو ناوچانەو راوەدوونانی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

سەبارەت بەم هەلّوێستەی (ئەربەکان)، رۆشنبیری دوورە ولاّت (بەختیار عەلی) لەشوێنێکدا دەنووسێت: (خیتابی دینی لەناوچەکەدا لەرووی سیاسیەوە لەخیتابی ناسیۆنالیستەکان جیانەبۆتەوە، مێژووی ئەربەکان بۆ خۆی شاهیدێکی ئەو حالّەتەیە، کابرا رەگەو ریشەکانی دەچێتەوە سەر گروهی گورگەبۆرەکان کە گروهێکی ناسیۆنالی راسترەوو فاشییە، لەگەلّ هاتنیشیا قۆناغێکی تازەی پلانگێران دژ بەکورد دەستپێکرد، هاتنی کەمێك لەهاتنی کەمال ئەتاتورك دەچێت، کورد لەسەرکەوتنی هەردووکیاندا رۆلێکی کاریگەریان بینیووە... بەلاّم دەرەنجامەکەشی لەهەردوو حالّەتەکەدا زۆر دراماتیکیە..). بۆ پالّپشتی کردنی زیاتری ئەم قسانە، (د.ئەربەکان) راستەو رەوان لەوتەیەکیدا ئەوەها دەلّێت: (ئەگەر ئەتاتورك ئێستا زیندووبوایە دەبووە ئەندام لەپارتەکەمدا). بەچاوپۆشی لەهەولّە دیبلۆماتیە شکست خواردووەکانی یەکگرتوو بۆ روونکردنەوەی کێشەی کورد لای نێوەندە ئیسلامیەکان کەبێگومان (رەفاه) لەریزی پێشەوەیان دایە، دەلّێین بەچاوپۆشی لەوەو پوچکردنەوەی ئەو ئیدیعایانە دەمانەوێت شتێکی زۆر سەیرتر بخەینەروو، ئەویش داکۆکی کردنی زۆرو بێوادەی ئەم حزبە ئیسلامیە کوردستانیەیە (سەرەرای هەموو ئەو هەولّە شۆفێنستانەیان دەرهەق بەکورد) لە (ئەربەکان)و حیزبەکەی، دواتریش لە (رەجائی کوتان)و (فەزیلەت). دوایش دێنو پێمان دەلّێن کێشەی کورد بێ هیچ ئیدیعاو موزایەدە کردنێك لەستراتیژیەتی یەکگرتوودایەو لێبراوانەکاری بۆ دەکەین.

بەلاّم سەرنج بدەن لەم لاوە چۆن داکۆکی لەو دوژمنەی کوردو لەو پیاوە دەکەن کە کار بۆ ئەوە دەکات ئیسلام بکاتە چەقێکی پان کەمالیزمو لەئاپ ئەسلاّن تورکەشو دەولّەت باخچەلی تورانی ترە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو لەمانگی کانونی دووەمی 1999دا واتە سالّێك بەر لەئێستاو دوای ئاشکرابوونی هەموو ئەو راستیانە دەرهەق بە (ئەربەکان)و سیاسەتەکانی (حزبی رەفاه)، ئاوا هەلّوێست دەگرێت: لەیەکێك لەبەرنامەکانی کەنالّی فەزائی (mbc)داو لەمیانەی بەرنامەی (أجندە)وە کە خاتوو (لیلی شیخلی) پێشکەشی دەکرد، لەکاتی دیدارێکیدا لەگەلّ (نەجمەدین ئەربەکان) پرسیارێکی ئاراستەدەکاتو دەلّێت: چی دەلّێت دەربارەی قەزیەی کوردی؟

(ئەربەکان)ی سەرۆکی حزبی (رەفاهی ئیسلامی)یش ئاوەها وەڵام دەداتەوە: (خاتوون یەکەمجار بڵێ باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، شتێکیش نییە ناوی کوردو قەزیەی کورد بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها دواکەوتنێکی کۆمەڵایەتییە لەباشوری رۆژهەڵاتی تورکیادا).

یەکگرتووش لەڕوانگەیەکی کوردستانی بوونەوە ئاوەها داکۆکی لە (ئەربەکان) دەکەنو دەڵێن: (ئەربەکان کەوا دەڵێت ناهەقی نییە، چونکە گەر ئەوە بڵێت ئەمە میللەتی کوردە یاخود خاکی کوردستانە، ئەوا دژ بەئەمنی قەومی تورکیە، چونکە حزبە عەلمانیەکان زەمینەی ئەو جۆرەی بیروبۆچوونەیان خولقاندووە، زەمینەی کۆمەڵایەتی لەلایەن گەلانی سەردەستەوە بۆ گەلی ئێمەی ژێر دەستە وەها خولقێنراوە هەڵوێستی حزبێکی ئیسلامیش بەدژی ئەمنی قەومی لەقەڵەم ئەدرێ)، یەکگرتوو بەم جۆرە پاساو بۆ (ئەربەکان) دێننەوەو لەو هەڵوێستە نامرۆڤانەو پڕشەرمەزارییە قوتاری دەکەن.

یەکگرتوو نەك رەوایەتی کێشەی کورد ناگەیەننە ناوەندە ئیسلامییەکان، بگرە بەهانەش بۆ تاوانو سەرکێشەکانیشیان دێننەو کە دەرهەق بە کورد ئەنجامی دەدەن. بەڵام بائێمەش چەند قسەیەك لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین. بۆچی کاتێك ئەربەکان هەوڵی لێبڕاوانەی خۆی خستەگەڕ بەمەبەستی کۆکردنەوەی وڵاتانی ئیسلامیو توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵیاندا بۆ دامەزراندنی بازاڕێکی ئیسلامی هاوبەش کە (تورکیاو ئێرانو پاکستانو مالیزیاو.. و..) بگرێتەوە، پێچەوانەی ئەو جۆرە بیروبۆچوونانە نەبوو کە حزبە عەلمانیەکان زەمینەیان بۆ خولقاندبوو. کەبیری لەدامەزراندنی ناتۆیەکی ئیسلامی کردەوە، بۆیە دژی ئەمنی قەومی لەقەڵەم نەدرا. کە خۆیو حزبەکەی کەوتنە کۆکردنەوەی کۆمەكو یارمەتی بۆ بۆسنیەکانو کۆسۆڤۆییەکان، بۆ گوێیان بەحزبە عەلمانییەکان نەدا..؟ بالەوانەش گەڕێین خۆ ئێمە لەهەر کوێیەك ئەدەبیاتی بچووکترین گروهی ئیسلامی بخوێنینەوە، بەر لەهەرشتێ ئەمەمان بەرچاو دەکەوێتو ئەندامەکانیشیان بەجۆشو خرۆشێکی زۆرەوە دەیلێنەوە: (ئیسلام یەك بەرنامەو یەك ئامانجە، دەستوورمان قورئانە کە دانراوی خوای گەورەیەو موسڵمانانیش یەك مەبەستیان هەیە ئەویش بەدەستهێنانی رەزامەندی خودایە)، با ئەم دەستوورو بەرنامەیەش بەو قسانەی بەرپرسەکەی یەکگرتوو بەراودکەین کە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ (ئەربەکان) کردونیو بزانین تاکوێ بڕدەکات، هەم لەڕووی ئاینیەوەو هەم لەڕووی ئینسانیەوە، ئەربەکان ئیسلامخوازەو سەرۆکی حزبێکی ئیسلامییە، قورئان

دەستووریەتی. وەك تەواوی مولّمانانیش مەبەستی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودایە. ئالێرەوە دەستی ئیسلامی سیاسی بەتەواوی دەکەوێتەڕوو ماسکی ئیمانداریو لەخواترسی لەسەر ڕوویان هەڵدەدرێتەوە، چونکە ناچێتە عەقڵەوە مرۆڤێك ئیسلام باوەڕی بێو قورئان دەستورو خودا ئامانجی بێتو سەرجەم ئەمانەش تەئکید لەسەر پشتیوانی کردنو پاڵپشتی کردنی مەزلۆم لێقەوماوان بکەنەوەو دژ بەجەورو ستەم بن، بەڵام بێتو لەترسی حزبی عەلمانییەکانو لەبەر خاتری ئەمنی قەومی تورکیا ڕاستو چەپێکیان پێدابێنێ. بەرپرسەکەی یەکگرتوو کەوتۆتە ئەم هەڵە گەورەیەوە: (ئەربەکان) زیاد لەخوا لەعەلمانییەکانی تورکیا دەترسێتو ئەوەندەی بەرژەوەندییەکانی ئەمنی قەومی تورکیا لەبەرچاو دەگرێت، ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نییە قورئان چی دەڵێت. لێرەدا تێدەگەین لای ئیسلامی سیاسی سەرەڕای هەموو دەمامك بازییەکیان، کە ئایین پاشکۆی سیاسەتەو پاشبەندی ئەوە. ئەوە سیاسەتە ئایین بەکاردێنێت نەك ئایین ئاراستەی سیاسەت بکات. بەهەرحاڵ با هەر لەمیانەی بەکوردستانی بوونی یەکگرتووداو داکۆکی گەرمی ئیسلامییەکانی کوردستان لەکێشەی پارتی (فەزیلەت)ی میراتگری حزبی (ڕەفاه) بخەینەڕوو. ئەو حزبەی زیاد لەهەموو حزبە عەلمانیەکانی تری ناو تورکیا خۆشحاڵی خۆی بەدەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا دەربڕیو دەستگیرکردنەکەیو گێڕانەوەی بۆ تورکیا بە (رائع) وەسف کرد. ئەم حزبە ئیسلامیەی وڵاتێکی دراوسێ جیاواز لەحزبە عەلمانیەکاتی تری ناو پەرلەمانی تورکیاو لەهاوینی ڕابردوودا کەهەستیان بەئارامیو هەواڵی ئاشتی خوازانەی لایەنە کوردستانیەکانی باشوری کوردستان کرد، لەبری هەموو پشتیوانیو دەست خۆشییەك بەوەی ئەو هەنگاوە کۆتایی خوێنڕشتنو ماڵوێرانیەو سەرەتای ئاشتبوونەوەیە، ژمارەیەکی زۆری ئەندامەکانیان لەناو پەرلەماندا بەیاننامەیەکیان بۆ حکومەتی تورکیا بەرزکردەوەو داوایان کرد دەوڵەتی تورکیا بکەوێتە خۆ بۆ ڕێگرتن لەو پرۆسەیەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئاشتیە، چونکە بەڕای ئەندامانی حزبی فەزیلەت هەنگاوێکی لەوجۆرە لەباشوری کوردستاندا دەبێتە هەڕەشەیەك لەسەروەری تورکیاو هەنگاوێکە وەك بەزمانی ئەوان هاتووە (سەرەك عەشرەتەکانی ئەوێ دەینێن)و زەرەر لەئەمنی قەومی وڵاتەکەیان دەدات. ئیسلامیەکانی ئێرە لەواقیعی ئەو کوردستانی بوونەوە کە باوەڕیان پێی هەیە، نەك هەر پرۆتستۆی ئەو هەنگاوەیان نەکردو نەکەوتنە داکۆکیکردن لەکێشەی کوردو پاراستنی دەسکەوتەکانی، بەڵکو لەڕێ بلّندگۆی مزگەوتەکانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە (بەتایبەتی یەکگرتوو)، لەڕێی ئەندامانی سەرکردایەتیەوە کەوتە

داکۆکیکردن لەحزبی فەزیلەت‌و پەرۆشی خۆیان بۆ هەڵوێستی پەرلەمانتارانی ئەو حزبە دووپاتکردەوە. وەك هەمان شتی پێشوویان دەرهەق بە (رەفاه)و ئەربەکان، کەوتنەوە پاساو هێنانەوەو داکۆکیکردن لە (فەزیلەت)و هاوڵەکانی (رەجائی کوتان). منەت‌و شاباشی یەکگرتوو لەکتێبی (کێشەی کورد لەستراتیژیەتی یەکگرتوودا) درێژەی هەیەو لەهەندێ شوێندا لەهەڵوێستی دەستەجەمعی حزبەوە دێتە سەر هەڵسوڕاوانی ئەو حزبەو هەڵوێستی ئەوانە درهەق بەکێشەی کورد ئاشکرا دەکات. لەپەرەگرافێکدا دەڵێت ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەکۆڕێکدا کە ئیسلامخوازانی تورك لەتورکیا سازیان دابوو، رەخنەی ئەوەی گرتبوو کە ئێوە لەپاڵ کێشەی موسڵمانانی بۆسنەو چیچان‌و کۆسۆڤۆدا باس لەکێشەی میللەتێکی موسڵمان‌و برای (15) ملیۆنی بەردەستی خۆتان ناکەن‌و ئاوڕی لێنادەنەوەو هەوڵ نادەن کێشەو گرفتەکانیان چارەسەرکەن؟ لەدوای ئەم قسانە نووسەری ئەو کتێبە روونکردنەوەیەك دەدات‌و دەڵێت: (روونە کە مەبەستی مامۆستا گەلی کوردە لەکوردستانی تورکیادا). واتە مامۆستا بەدرێژایی وتارەکەی لەبەرخاتری ئیسلامخوازانی تورك، ناوی کوردی بەزاردا نەهاتووەو ناوی نەهێناون‌و لەڕێی ئەو هەموو تەلمیحاتەوە ویستوویەتی تێیان گەیەنێ تا بەزەییەکیان پیایاندا بێتەوە.

هاوکات باس لەهەڵوێستێکی تری سەرۆکی رابیتەی ئیسلامی کورد دەکات‌و دەڵێت: (جارێکیان تەنها پێنج دەقیقە بواری درایە سوڵتانی سەڵتەنەی برۆنای ببینێ‌و ئەو (پێنج) دەقیقەیەی قۆستەوە بۆ باسکردنی کێشەی کوردو واقیعی کوردستان). ئەگەر میللەتێك لەقەیرانێکی ئەخلاقی قوڵدا نەژیو بەجۆرەها دروشم‌و بیروبۆچوونی کۆنەخوازانە چاوبەست نەکرابێت، هەرگیز رێ نادات شتی ئاوەهای بەسەردا تێپەڕێ‌و منەت‌و شاباشی لەمجۆرەی بەسەردا بکرێت. ئەگینا دەبێت سوڵتانی سەڵتەنەی برۆنای چی بۆ کورد پێ بێت یان چی بۆ کوردو مەسەلەکەی بکات. دەسەڵاتی ئەو سەڵتەنەتە چەندەو قورسایی چەندە هەیە لەسەر دەرکردن‌و بڕیاردان لەسەر مەسەلە گرنگ‌و چارەنووسازەکانی دنیا. دەتوانێت لەچ نێوەندێکدا کێشەی کورد وەك کێشەیەکی سیاسی میللەتێکی بەش مەینەت بوروژێنێ؟ ئەمە چ تراژیدیایەکە کە چارەسەری کێشەی کورد لەبەردەست سوڵتانی سەڵتەنەی برۆنایدایە، ئەگەر یەکگرتوو پرسیار دەربارەی پرۆنای بەهەوادارانی خۆی بکات وەك مەوقیعی جوگرافی‌و زمان‌و ئایین‌و ژمارەی دانیشتوان‌و پایتەختی ئەو وڵاتە، ئەوا لە (1%) وەڵامی راستی چنگ ناکەوێت. لەم حاڵەتە تراژ-کۆمیدیەش دەگەڕێم‌و دێمە سەر کایەیەکی تر. بەڕای یەکگرتوو هۆکاری نامۆیی‌و نەناسراوی کێشەی سیاسی کورد تا ئێستا چەند هۆکارێکی هەیە، وەك دەڵێن: (لێرەدا

بەپێویستی دەزانین کە راستیەکی مێژوویی نەشارینەوە، ئەویش ئەمەیە کە کێشەی سیاسی کورد لەزۆربەی ناوەندە عەرەبیو ئیسلامیەکاندا نامۆو نەناسراوبووە)، هۆکارەکانیش راستەوخۆ دەدەنە پاڵ سەرکردە سیاسیەکانی کوردو (بێگومان لەمەشدا عەلمانیەکانیان مەبەستە) بزوتنەوە کوردییەکان، چونکە وەکی خۆیان دەڵێن: (سەرکردە سیاسیەکانی کورد بەورادەیەی کە بایەخیان بەپەیوەندیە نێودەوڵەتییە- غەربیەکان دەدا، گوێیان بەدەرودراوسێی عەرەبو ئیسلامیو وڵاتە نزیکە ئیقلیمیەکان نەدەدا).

بێگومان ئەگەر سەرکردە سیاسیەکانی کورد زیاتر ئاوڕیان لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیە-غەربیەکانیش دابێتەوە، ئەوا هاوکات ناوەندە عەرەبیو ئیسلامیە رەسەنەکانیشیان بیرنەچۆتەوە. رەنگە ئەو پەیوەندیانە لەسەر ئاستی عەرەبیو ئیسلامی بەژمارە کەم بن، بەڵام پەیوەندییەکی راستگۆیانەو یەك رووبووە. بوونی سەرکردەیەکی عەرەبی وەك سەرهەنگ (موعەمەر قەزافی) لەلیبیا گەورەترین پشتیوانێکە بۆ کێشەی کورد. ئەگەر هەڵوێستی جوامێرانەو شەرفمەندانەی ئەو لەبەرامبەر مەسەلەی کورد بەتەواوی هەڵوێستی ئەو گروپو لایەنە ئیسلامیانە بەراورد بکەین کە ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا لەهەوڵو کۆششو خەباتی دیبلۆماتیانەی چەندەها ساڵەی خۆیدا هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی دوان (کەبواری بەراوردکردنیشیان نییە)، دەتوانین حوکم بدەین کەکێ هەوڵ بۆ کورد دەداتو کێش بەناوی کوردستانی بوونو کێشەی کوردەوە دوژمنەکانمان لێ دەکاتە فریشتەو فاشیستەکانمان لێدەگۆڕێ بەپیاو چاك.

قەزافی دەڵێت: (کوردەکان رووبەڕووی سەرکوتکردنەوە بوونەتەوەو مافی خۆیانە نیشتمانێکی سەربەخۆیان هەبێت)، یان دەڵێت: (پێویستە لەسەر نەتەوەیەکگرتووەکان کوردەکان بپارێزێو پشتگیری لەهەوڵو تێکۆشانیان بکات لەپێناو سەربەخۆیدا). کەچی رابەری گشتی ئیخوانو هاوڕێیانی ئیسلامیەکانی کوردستان ئیدانەی کوردان دەکاتو پشتیوانیکردن لەکورد بەهەڕەشەیەك بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عیراقو یەکگرتوویی قەوارەی عەرەب دەزانێت.

قەزافی دۆستو پشتیوانی کورد بێ ئەوەی لافی هیچ لێبداتو سوودو قازانجی تایبەتی لەوەدا هەبێو نازو منەت بەسەر کەسدا بکات، ئاوەها دەنگی هەق خوازانەی لێهەڵدەبڕێو لەسەر مەسەلەی کوردو کێشە رەواکەی ئاوا دێتە دەنگ: (پێویستە لەسەر هەموو گەلانی دنیا پشتگیری لەم گەلە بکەن لەخەباتیدا، راست نییە ئەو خەباتە یان بەکارێکی تیرۆرستی بناسین، بەنیسبەت گەلێکەوە کەبیەوێت سەربەخۆبێت خەباتەکەی پیرۆزەو ئیرهابی نییە، پێمانوایە هەموو کارێك دژیان

دەشكێو نەتەوەكانی ناوچەكە مافی ئەوەیان نییە فشار بخەنە سەر نەتـەوەی كـورد).
هەر بۆ روونكردنەوەی زیاترو بەراوردی هەڵوێستی ئەو دۆستانەی ئـەوان بـۆ كـوردی پەیدا دەكەنو هەڵوێستی ئەوانەی سەركردە سیاسیەكانی كورد لەگەرمـەی شـۆڕشو رووبەڕووبوونـەوەی دوژمنانـدا بـۆ گەلەكـەمانیان پەیـداكردووە، دەتـوانین نمونـە بـەو دانیشتنەی پـایزی 1996ی نێـوان (سـەرهەنگ قـەزافی)و (نەجمـەدین ئەربـەكان) بهێنینـەوە كـە لەشـاری تەرابلوسـی لیبیـادا بـوو. (ئەربـەكان) ئـەوكات سـوپاكەی بەردابووە گیانی گەلی كوردو سەرهەنگ قەزافیش رووی لەخۆیو میوانەكانی كـردو بەئاشكراو لەبەردەم كەناڵەكانی راگەیاندنو لەشاشەی تەلەفزیۆنەكانـەوە پێـی وتـن: (سیاسەتی تـورك بەرامبـەر بەنەتـەوەی كـورد سیاسـەتێكی هەڵەیـە.. ئـەوان مـافی خۆیانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت لەژێر ئاسمانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت)دا. ئەم قسەیە چۆن ئەربەكان راچڵەكاند ئاوەهاش جیهانی تەوق كرد، كە چۆن پیاوێكی واپەرژەوەندییەكانی وڵاتەكەی خۆی لەگەڵ توركیادا دەخاتـە مەترسـیەوە بـۆ خـاتری گەلێكی بێ دەوڵەتو ژێردەستە.

خەباتی دیبلۆمـاتیو پەیـداكردنی پشـتیوانی بـۆ گـەلی كـورد تـەوەری سـەرەكی (كێشەی كورد لەستراتیژییەتی یەكگرتوودا)ن. ئەوان كـە نـەیاتوانی لـەقۆناغی پـڕ زەحمەتی پێش راپەڕیندا سەروەرییەكی مێژوویی بـۆ خۆیـان بنووسـنەوە، دەیانـەوێت لەم كەناڵەوە خۆیان بكەن بەخاوەنی كێشەی كوردو میللـەتی پـێ قـەرزاربار بكـەن، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانەش جگە لەقسەو تاكتیكی رۆژانـەو بەرزكردنـەوەی دروشـمو ئیدیعای بێ بناغە چیتر نین. رووداوەكانی ئەم چەند ساڵەی رابـردوو وەهـا دەڵـێن.. لەهەلومەرجی ناهەمواری ئەمڕۆی ئێمەدا دەكرێت زۆر لایەن ئیدیعای شـتی گـەورە بكـەنو وەكـی هەڵوێسـت پێمـانی بفرۆشـنەوەو شـانازی پێـوە بكـەن، وەك ئـەوەی ئیسلامی سیاسـی لـەڕووی پەیـداكردنی دۆسـت بـۆ كـوردو كـاری خزمـەتگوزاریو خێرخوازییەوە دەیكـات، بـەڵام خوێندنـەوەی وردو بەدواداچـوونی راسـتیەكان بـواری ئەوەمان دەدەنێ شـتەكان وەكـی خۆیـان ببیـنینو هـەموو ئـەو ئیدیعایانـەش بـەتاڵ كەینەوە. ئەم كارانەش بەدواداچوونی دەوێت. بۆ ئەوەی هەموو ئەو كارتانـە لەدەسـت ئیسلامی سیاسی دەركەین كە دەیەوێت لەڕێیانـەوە ئێمـەی پـێ منـەت بـار كـاتو خۆی بكاتە خاوەنی مەسەلەكان.

## سەرچاوەکان:


1-وێنەو تراژیدیا: گۆڤاری (ڕەهەند) ژمارە (دوو) 1997.

2-کێشەی کورد لەستراتیژییەتی یەکگرتوودا، چاپی یەکەم، 1999.

3-لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی یەکگرتوودا (بەشی یەکەم).

4-یەکگرتوو لەدیدی حزبەکانەوە- چاپی یەکەم، 1998.

5-بێدەسەڵاتە کوردەکانو برا موسڵمانەکانیان- چاپی یەکەم، 1998.

# ئیسلام‌و ئسوڵی حوکم

## ( لەساڵیادی هەرسی خەلافەتی عوسمانیدا )

ئێستا زیاتر لەسێ چارەکە سەدە بەسەر روخانی خەلافەتی عوسمانیدا تێ دەپەڕێت, کاتێك لەچارەکی یەکەمی سەدەی رابردوواو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کەمالیەت لەتورکیا بڕیاری یەکجارەکی‌و کۆتایی پێهێنانی خەلافەت درا.بریارێکی وا برینێکی قوڵی کردە خە یاڵدانی میللەتانی جیهانی ئیسلامی‌و هەندێك وەك (د.ئەحمەد بەغدادی) باسی دەکات کەوتنە شین و شەپۆڕو لەخۆدانێکی وەها وەکی ئەوەی دنیاو قیامتیان لەدەست دابێت.ئەگەرچی هەروەك (د.ئەحمەد بەغدادی) لەکتێبەکەیدا (تجدید الفكر الديني, دعوة استخدام العقل) دا دەڵێت: (خەلافەت جگە لەماڵوێرانی‌و دواکەوتوویی‌و مەرگەسات نەبێت, هیچی دیکەی بۆ ئەو خەڵکە بێ چارەیە دەستەبەر نەکردبوو).

بەڵگەی زیندووش ئەوەیە کاتێك خەلافەت کۆتایی پێ دێت, موسڵمانان لەنزمترین ئاستی ژیاری‌و پێشکەوتن‌و خۆشخوانی دا دەژیان. چونکە خەلافەت دەسەڵاتێکی دنیایی بوو کەلە ژێر رووپۆشی ئاییندا مێژووی خوێنی دەنووسیەوە (سەردەمانی حوکمڕانی ئەمەوی‌و عەباسی‌و سەفەوی‌و عوسمانیەکان مێژوویەکە, هەرگیزاو هەرگیز جێی شانازی نی‌یە). وەك نمونەیەك بالە هەردوو کتێبەکەی روناکبیری گەورەی خۆرهەلات (هادی عەلەوی) بڕوانین: (الأ غتيال السياسي في الاسلام) و (من تأريخ التعذيب في الاسلام). ئەوانەی ئاگاداری مێژوون لەوە حاڵین کەبەهاتنی (مەعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) کاروانی درێژی زوڵم‌و ستەم دەست پێ دەکات‌و بەدەست پێکردنی ئەمەش هەردوو بنەما سەرەکیەکەی ئیسلام کە (دادپەروەری‌و شورا)یە، ئاوادەبن‌و حوکمی شمشێر دەست پێ دەکات‌و ئایین وەك پەیوەندیەکی روحی نێوان مرۆڤ‌و ئاسمان ون دەبێت. ئەوەتا (مەعاویە) زۆر راشکاوانە دەڵێت: (أوتظنون

أنـي اقـاتلكم لأنكـم لا تصـلون ولا تصـومون؟ كـلا! وإنمـا اقـاتلكم لأ تـأمر عليكم).

**جێی خۆیەتی بڵێین هەرەسی خەلأفەتی عوسمانی زۆر پێش ئەو مێـژووە دەکـەوێت کـە بە شێوەیەکی رەسمی کۆتایی بـەو دەسـتەڵاتە دێنێـت, چـونکە مـاوەیـەکی زۆر بـەر لـەوە گلۆڵەی بەختی (باب العالی) کەوتبووە لێژی. کە کۆمەڵەی ئیتحادو تەرقیش لـە سـاڵی 1908 هـاتن هـەموو دەسـتەڵاتێکیان لـە خەلیفـە دامـاڵیو تـەنها وەك سـومبولێك هێشتیانەوە, بەسەر کەوتنی شۆڕشی کەمالیەتو دامەزراندنی دەوڵـەتێکی کۆمـاری لـە تورکیادا جـاڕی مردنـی مێـژووی خەلافـەتو پایـانی دەسـتەڵاتی خەلیفـەو لـە جیهـانی ئیسلامیدا درا.**

**ئەوکات زۆر لە گەورەو دەستەڵاتدانی وڵاتـانی ئیسـلامی بەتایبـەت ئەوانـەی دۆسـتی کۆلۆنیالیەتی بـەریتانی بـوون, لـە خـەمی ئـەوەدا بـوون دووبـارە ببنـەوە خەلیفـەی موسـڵمانانو مەشـروعیەتی زیـاتر بـەخۆیانو کورسـی حوکمڕانیـان ببەخشـن. لـەم هەوڵەشیاندا بەریتانیا پشتیوانی دەکردنو داکۆکی لێدەکردن, نموونەی دیـاری ئـەو دەستەڵاتدارانە بریتی بوون لە: (شافواد لـە میسروشـەریف حسـێن لەحیجازوشـامو شائەمانە الله خان لە ئەفغانستان). یەکێك لەو قەڵەمە سـەلەفیانەی زۆر بەگـەرمی داوای گێڕانەوەی خەلافەتی دەکردوموسڵمانانی بۆ ئـەو مەبەسـتە هانـدەدا (رەشـید رەزا)ی مامۆستای (حەسەن بەنا)ی دامـەزرێنەرو رابەری رێخراوی ئیخوان موسـلمین بوو.**

**(رەشـید رەزا) بـۆ ئـەوە کتێبێکـی بـەناوی (الخلافـة أو الأمامـة العظمـی) وە دەرکردو تیایدا داوای زیندووکردنەوەی خەلافەتی کرد, لەبەر ئەوەی وەك خۆی دەیگـوت: (چارەسـەری تـەواوی سـەرجەم دەردو بـەڵاکانی نەتـەوەی ئیسـلامە). هاوکـات گۆڤـاری (المنـار) یشـی کردبـووە بڵندگۆیـەك بـۆ دامـەزرانـدنی جامیعەیـەکی ئیسـلامیو زیندووکردنەوەی خەلافەت. لەم پێناوەشدا هەم فـوادو کۆشـکی شـاهانەو هـەم کۆشـکی شـاهانەو هـەم بەریتانیـەکان کەدەسـەڵاتی رەسمـی وڵات لەدەسـت ئەوانـدابوو پشـتیوانی زۆریان دەکرد. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم بەریاندا شێخێکی ئەزهەری منەوەر دێتە گـۆڕێ کەئـەویش (شـێخ عـەلی عەبـدولڕەزاق)ە (1888-1966)و لـەرێی شـاکارە دەگمەنەکەیەوە (الاسلام واصول الحکم) بەرپەرچـی هـەموو ئەوانـە دەداتـەوە کەخەلافـەت بـەواجبێکی ئـایینیو روکنێـك لەروکنـەکانی ئـایینی ئیسـلامی دادەنـێن. ئـەم پیـاوە رۆشـنگەرە لـەرێی پرسـیارێکی سـادەی وەك (ئایـا خەلافـەت بنەمـایەکـە لەبنـەماکانی**

ئایینی ئیسلام؟) مەسەلەیەکی مێژوویی ئاڵۆز دەخاتە ژێر پرسیارەوەو بەپشت بەستنی تەواو بەئایەتەکانی قورئانو حەدیس, ئەو بۆچوونە پوچ دەکاتەوە کەخەلافەت بنەمایەکی ئایینی هەبێتو پێداویستییەکی ئایینی بێت. لەبەرئەوەی وەك خۆی باسی دەکات: (نەلە قورئان داو نەلە هیچ حەدیسێکی پێغەمەردا دەقێك سەبارەت بەخەلافەت نەهاتووە وەکی سیستمێکی سیاسی کەپێویست بێت موسڵمانان پەیڕەوی بکەن).

ئەو تەنانەت ئەوەش رەتدەکاتەوە کەپێغەمبەر رۆڵی دەسەلاٌتدارو خاوەن بڕیاری بینی بێت, بەڵکو تەنها ئەو پەیامی بەخەڵکی گەیاندووەو ئاگاداری کردونەتەوە. هەروەك خوا لە قورئاندا دەفەرموێت: (فذكر انما أنت مذكر لست عليهم بمسيطر). (شێخ عەلی عەبدولڕەزاق) بەم تێزە تازەیەی‌و بەم کتێبە رەخنە ئامێزەی کەوتە بەر شالاٌوێکی ترسناکی کۆمەڵگایەك کە چاوپۆشی لە رەخنە ناکاتو رەخنەی پێ قبوڵ ناکرێت, هاوکات کەوتە بەر نەفرەتی دەسەلاٌتدارانی ولاٌتو ئەزهەرەوە. ئەگەر (تەها حسێن) لەبەرامبەر ئەو شالاٌوانەی کرانە سەری لەسەر نووسینی کتێبی (في الشعر الجاهلي) زانکۆ پشتو پەنای بوویێتو داکۆکی لێ کردبێت, ئەوا (شێخ عەلی عەبدولرەزاق) زۆر لەوە تەنیاتر بوو لەبەرامبەر ئەو شالاٌوە بێ ئەندازەیەی کرایە سەری، چونکە ئەوکارەی ئەو بەپیلانێك بۆسەر موقدەساتی ئیسلامی‌و بۆسەر دەسەلاٌتی خاوەن شکۆ (شا فواد) سەیر دەکرا کەخەونی بەوەوە دەبینی (باب العالي) لە ئەستەمبوڵەو بگوازێتەوە بۆ قاهیرە. بۆیە بەجۆرێك (شێخ عەلی عەبدولڕەزاق) لەهەموو لایەکەوە بریندارکراو پلەو پایەی دادوەری شاری مەنسورەیانو لێ سەندەوەو موچە بڕوایانکرد. برینی ئەم شێخە منەوەرە هێندە قوڵ بوو تالە ژیاندامابوو چیتر توانای ئەوەی نەبوو قەڵەم بخاتە سەر رووپۆشی لاپەڕەکانو کەمترین شتێك بنووسێت. (تەها حسین) بەنووسینی کتێبی (في الشعر الجاهلي) بەرگی قودسیەتی لەبەری کەلەپور دادڕی‌و (شێخ عەلی عەبدوڕازاق) یش دەستپێکی ریفورمێکی ئاینی نوێی هێنایە ئارا, گەر درێژەی بوایەو هەربە ساوایی نەخنکێنرایە پێ دەچوو گەلانی موسڵمان ببونایەتە خاوەنی (جۆن کالڤنو مارتن لۆسەری) خۆیان. ئەم کتێبە (الاسلام وأصول الحكم) دیکۆمێنتێکی بێ هاوتایە بۆ بەرپەرچدانەوەی هاتو هاواری تەواوی گروهەکانی ئیسلامی سیاسی کەلە ساتەوەختی (حەسەن بەننا) وە تا ئێستا شەڕ لەپێناو گێڕانەوەی خەلافەتێکدا دەکەن کە دوورو نزیك پەیوەندی بەئیسلامەوە نی‌یە.

بەچاکمان زانی لەپەراوێزی ئەم نووسینەدا کورتە دەقی ئەو گفتوگۆ رۆژنامەوانیەی (شێخ عەلی عەبدولڕەزاق) بخەینە روو کە رۆژنامەی (البورص الجبسين) لەژمارەی

(886) ی رۆژنامەکەو لەبەرواری 14/ئاب/1925 لەگەڵیدا کردووە, واتە رۆژێك دوای ئەوەی بیستو چوار زانای ئایینی ناو ئەزهەر بەکۆی دەنگ بڕیاری دورخستنەوەیاندا لەریزی خۆیانو بەو بۆنەیەوە نامەیەکیان ئاڕاستەی شا فواد کرد. گرنگی ئەم گفتوگۆیەش لەوەدایە کە دەستنیشانی جومگە سەرەکیەکانی کتێبی (الاسلام واصول الحکم) دەکات، کتێبێك کە خاوەنەکەی باجێکی گەورەی بۆدا لەپێناو خستنەرووی راستیەکان وەکو خۆیو گەورەترین مشتومڕیشی دروستکرد. هەروەك (د. محەمەد عەمارە) دەڵێت: لەوکاتەوەی چاپو چاپەمەنی هاتۆتە ئەم ولاتەی ئێمەوە, هیچ کتێبێك بەوێنەی (الاسلام واصول الحکم) کێشەو ململانێی نەناوەتەوە. لەبەر بەهاو گرنگی کتێبی وەها, ئومێدەوارین رۆشنبیرانی کورد ئاوڕێکی جدی لێبدەنەوە بەمەبەستی وەرگێڕانیو ئاشناکردنی خوێنەری کورد بەناوەڕۆکەکەی.

**دەقی گفتوگۆکە:**

*** دەکرێت خاڵە سەرەکیەکانی ئەم کتێبەتمان بۆ باس بکەی؟**

-بیرۆکەی سەرەکی ئەم کتێبەی کەلە پێناویدا حوکمدرام, ئەوەیە کە ئیسلام بڕیاری لەسەر سیستمێکی دیاریکراوی حکومەت نەداوە. سستمێکی تایبەتی بەسەر موسڵمانان دا نەسەپاندووە کەپێویست بێت بەپێی ئەوە حوکم بکەن, بەڵکو ئازادی تەواوی پێ داوین بۆ ئەوەی بەپێی ئەو هەلو مەرجە فکریو کۆمەلآیەتیو ئابوریەی تیایدا دەژین دەوڵەت رێکبخەین، بە رەچاوکردنی پەرەسەندنی کۆمەلآیەتیمانو لەبەر چاوگرتنی پێداویستیەکانی رۆژگار ئەو کارە بکەین.

***بیرو بۆچونت لەسەر خەلافەت چۆن بوو؟**

-خەلافەت سیتمێکی ئایینی نیەو قورئانیش وەك لە کتێبەکەمدا باسم کردووە (ئەمری پێ نەکردووەو ئاماژەی پێ نەداوە)، هەروەها باسم لەوەش کردووە کە ئایینی ئیسلام بێبەریە لە سستمی خەلافەت, بەتایبەتی لەو ناهەمواریو کەموکوڕیانە بێ بەرییە کە کاریگەریی زۆری هەبووە لە دواخستنی موسڵمانان تا بەرو پێش بچن، ئیتر ئەمە لەرووی فیکریو زانستی‌یەوە بێت یاخود لەرووی کۆمەلآیەتیو تەشریعیەوە. خەلافەت هەموو گەشەو پەرەسەندێکی دووچاری ئیفلیج بوونکرد تا مووسڵمانان فۆڕمی حکومەت بەرەو سستمێکی ئازادو سەربەخۆ بەرن, ئەمەش لەپای ئەو زوڵمو رێگیریانەوە بوو کە هەندێ لە خەلیفەکان لە بەردەم بەرەو پێشچوونی زانستە سیاسیو کۆمەلآیەتییەکاندا دروستیان کرد. ئەوان حکومەتیان بەو شێوە دارشت کەلەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان دا بگونجێت.

*** کەواتە ئیسلام موسڵمانان سەرپشك دەكات لەوەی چ حكومەتێك بەباش دەزانن ئەوە دامەزرێنن و لەرووی زانستییەوە لەباشترین جۆری حكومەت بگەڕێن كەبەپێی خواستو پێداویستیەكانی خۆیان بێت؟**

-بەڵێ بێگومان, من تەحەدای هەر زانایەك دەكەم بەپێچەوانەی ئەمە بڵێتو بۆ چوونەكەی خۆشی بەیەك دەق لەقورئان یان بەیەك حەدییس بسەلمێنێ. بەرلە هەرشتێ من پێموایە ئیسلام ئاینێكی ئازادەو لەگەڵ هەموو سەردەمەكانو بۆ هەموو ژینگەیەك دەگونجێتو دەست دەدات.

*** بەلاّم ئایا خەلیفە, خەلیفەی پێغەمبەرە؟**

-نەخێر.. بەداخەوە ئەمەش بۆ خۆی هەڵەیەكی ئێجگا باوە. لە كتێبەكەمدا ئەوەم سەلماند كە پێغەمبەر هەرگیز پادشا نەبووەو هەرگیز لەهەوڵی ئەوەش دانەبووە حكومەتێك یان دەوڵەتێك دامەزرێنێت. ئەو بۆخۆی پەیامبەرێك بوو خواوەند رەوانەی كردبوو, نەك سەركردەیەكی سیاسی بێت.

***نەیارەكانت پێیان وایە تۆ بە نووسینی ئەم كتێبەت ویستووتە خزمەت بەبەرژەوەندی حزبێكی سیاسی دیاری كراو بكەیت؟**

-ئەمە بوهتانە, سەرلەبەر بوهتانە. من ئەندام نیم لەهیچ حزبێكداو بەردەوام هەوڵی ئەوەشم داوە خۆم لە كێشەی ناوخۆییو هەموو كارو چالاكیەكی سیاسی بەدوور بگرم. من پیاوی ئایینو پیاوی شەریعەتم, جگە لەئامانجی زانستیش هیچ شتێكی دی هاندەرم نەبووە بۆ نووسینی ئەم كتێبەو بەدوور لەهەر خواستو ئارەزوویەكی سیاسیش نووسیومە. نەك هەر ئەوەندەش بگرە بابەتی كتێبەكە پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییەو لەچوارچێوەی زانست نەچۆتە دەرەوە. دەكرێت كتێبەكە بخوێنیتەوە تا دڵنیابیت لەوەی كە هیچ حزبێكی سیاسی ناتوانێت هیچ شتێكی بۆ بەرژەوەندی خۆی لێدەربهێنێت, بەلاّم هەندێك خەڵكی بەدگومان بۆ چوونەكانیان شێواندومو دەقەكانیان گۆڕیوە تا پێچەوانەی ئەوە بڵێن كەمن وتوومە.

***بەرامبەر بەحكومەت دەڵێیت چی؟**

- حوكمێكی بەتاڵەو پێچەوانەی دەستوورە, لەبەرئەوەی دەستوور ئازادی بیروڕای بۆ هەموو میسریەك فەراهەم كردووە.

*** ئایا نمونەی ئەم حوكمەی تۆ پێشینەی هەیەو لەوەبەر شتی لەمجۆرە رووی داوە؟**

-هـەرگیز, ئـەم حوکمـە پشـت بەیاسـایەك دەبەسـتێت کـە لەسـەردەمی خـدێوی عەباس‌و دوای ئەو مانگرتنەوە دەرچوو کە ساڵی 1909 لەئەزهەردا روویـدا, بـەڵام بەهیچ شێوەیەك بەر لە ئێستا جێبەجێ نەبووەو کاری پێ نەکراوە.

***حوکمەکە چ کاریگەریەکی لەسەر ئایندەی کتێبەکە دەبێت؟**

-هـیچ جـۆرە کاریگەریـەکی نابێـت, لەبـەر ئـەوەی دەسـتوور ئـازادی بـیرورا دەپارێزێت‌و پێشم وایـە سـەبارەت بـەم کتێبـەی مـن سەرپێچـی دەسـتوور ناکرێـت. هاوکات لەو باوەڕشدا نیم حوکمەکە لەئاسـتی کتێبەکـەم کەمبکاتـەوە لەبۆچـوونی رای گشتی ئیسلامیدا.

***دەکرێت بەرابەری قوتابخانەیەکت دابنێین؟**

-نازانم مەبەستت چی‌یە لە رابەری قوتابخانە, گەر دەتەوێت بەمە بڵێـی لایـەنگرو هەوادارم هەیە ئەوا پێم خۆشە ئاگادارت کەمـەوە لـەوەی خـەڵکێکی زۆر هـەن نـەك تەنها لەمیسردا، بەڵکو لەسەرجەم جیهانی ئیسلامیدا کەهەمان بۆ چـوونی منیـان هەیە, نامەی پاڵپشتی کردن‌و دەست خۆشیشم لەسـەرجەم ئـەو وڵاتانـەی جیهانـەوە پێگەیشتووە کەئیسلامیان پێگەیشتووە.

*** سەرەڕای ئەو حوکمەش, هەر سووری لەسەر بۆچونەکانت‌و بڵاوکردنەوەی ئـەو کتێبەت؟**

- بێگومـان, چونکە حوکمدانەکە ئاڕاستەی بیرکردنەوەی نە گۆڕیووم.

*** بەچ شێوەیەك بەردەوام دەبیت؟**

- بەهەمـوو جۆرە ئامڕازێك کەشیاو بێـت, وەکـی نووسـینی کتێبـی نـوێ‌و وتـار لەرۆژنامـەکان‌و پێشکەشکردنی موحازەرات.

***ئاخۆ حوکمێکی وا لەریزی ئیسلام دەتکاتە دەرێ؟**

- (شێخ بەم پرسـیارە تـووڕە بـوو) بەتونـدی وەڵامـی داینـەوەو وتـی: نـا بـەهیچ جۆرێــك. حــوکمێکی وا لەدەســتەی زانایــانی ئەزهــەر کردمیــە دەرێ, ئەمــەش دەسـتەیەکی زانسـتی‌یە زیـاد لـەوەی ئـایینی بێـت. ئـەم دەزگایـە ئـایینی ئیسـلام داینەمـەزراندووە, بەڵکو یاسادانەرێکی مـەدەنی دایمەزرانـدووە کـەهیچ سـیفەتێکی ئاینی نەبووەو کارێـك بـووە بەمەبەسـتی ئیـداری کـراوە. بـەم پێیـە لـەرووی بـاوەڕو دڵسۆزیەوە بۆ ئیسلام من هیچم لەو زانایانە کەمتر نابێت کـە بڕیـاری دەرکردنیـان دام.

# سەید قوتب و شۆڕشی یۆلیۆ*
## ( پەیوەندییەکی دژوارو خوێناوی )

(161)

لەجیهانی ئیسلامیدا کەم کێشەی سیاسیو ئایدۆلۆژی هەیە هێندەی کێشەی نێوان (جەمال عەبدولناسر)و ئیخوان موسلمین تراژیدیو درێژخایەن بووبێت، یاخود لەسەری نووسرابێتو قسەوباسی لەبارەوە کرابێت.

ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت گەر بڵێین لەماوەی ئەم نیو سەدەیەی رابردوودا، واتە لە23/ یۆلیۆ/ 1952وە تائەمڕۆ کتێب گەلێکی بێ ئەژمار لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسراوەو بابەتی ئەم کێشەیەیان لێکداوەتەوە، هەر لەوانەوە بیگرە کەلایەنگری ئیخوان بوون: (د.تۆفیق شاوی، زەینەب غەزالی، د.سەلاّح عەبدولفەتاح خالدی، مەحمود عەبدولحەلیم)و لەنووسینەکانیاندا (ناسر) و هاوڕێکانی وەك جەلادو دیکتاتۆرو ئیخوانەکانیش وەك گەورەترین قوربانی دەستی ئەوان نیشاندراون، تادەگاتە نووسەرە ناسرییەکانو ئەوانەی لەڕیزی ئەواندا ناونووسدەکرێن: (د.محەمەد حەسەنێن هەیکەل، عەبدوڵلا ئیمام، سامی شەرەف، فوئاد عەلامو د.عەبدولعەزیم رەمەزان)و ڕەوتی ڕووداوەکان تەواو پێچەوانەی ئیخوانەکان دەگێڕنەوە.. ئەڵبەتە لەنێوان ئەم دوو جۆر ئاراستەی نووسینەشدا، کەسانێك هەبوون کەبابەتیانەو دوور لەهەر تەرەفگیرییەك راستی ڕووداوەکانی ئەو مەسەلەیەیان باسکردووە، نموونەکانیان وەك: (جیل کیبلز)ی خۆرهەلاّتناسی فەرەنسیو پسپۆر لەبواری بزاوتە ئیسلامییەکانی ناو میسر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (جيل كيبلز: النبي والفرعون- الحركات الاسلامية في مصر المعاصرة، ترجمة: احمد خضر، مكتبة مدبولي، القاهيرة، الطبعة الاولى، 1988)، لەگەڵ (حلمی

**ئەلنمنم)ی نووسەری ئەم کتێبە کەپێ دەچێت نوێترین‌و پڕزانیاریترین کتێبێك بێت لەو بارەیەوە.**

**(ئەلنمنم) ئەگەرچی لەدووتوێی ئەو (150) لاپەڕەیەدا کەقەبارەی تەواوی کتێبەکەیەتی، تەواوی ژیانی تیۆرستێکی گەورەی ئیخوانەکان کە (سەید قوتب)ە، بەسەردەکاتەوەو لەبەردەم قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنی ئەودا هەڵوێستەیەك دەکات‌و بەشێکی زۆری تواناکانی خۆی لەم پێناوەدا بەخەرجەدەدات، بەڵام لەبەرامبەریشدا دێتەوەسەر ساتەوەختی بەرپابوونی شۆڕشی یۆلیۆی 1952 لەمیسرداو پانۆرامایەکی وردی چواردەساڵی (1952-1966)، ململانێی توندو خوێناوی نێوان (سەید قوتب)و ئیخوان موسلمین لەلایەك‌و (جەمال عەبدولناسر)و شۆڕشی یۆلیۆمان لەلایەکی‌ترەوە بەرچاودەخات.**

**بێگومان بەبێ ئاگاداربوون لەچۆنیەتی بەرپابوونی شۆڕشی 23ی یۆلیۆ 1952 لەمیسرو ئەو پاشخانە فیکری‌و سیاسی‌و ئایدۆلۆژییەی هەریەك لەئەفسەرانی ئازادیخوازی میسرو ئیخوان موسلمین کاریان لەسەردەکردو جیهانبینیانی دەست نیشاندەکرد، ئەستەمە بتوانین لەجەوهەرو کرۆکی ناکۆکییەکانی نێوانیان‌و ئەو شەڕە بێئامانە بگەین کەتائەمڕۆش بەجۆرەها شێواز درێژەی هەیەو کۆتایی نەهاتووە.**

**میسر وەکو وڵاتێکی دیاری جیهانی سێیەم‌و خاوەن شارستانییەتێکی دێرین‌و پێگەیەکی جوگرافی گرنگ لەناوچەکەدا، لەگەڵ یەکەمین شاڵاوی پرۆسەی کۆلۆنیالیەتدا جێگە تەماحی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوسای ئەورووپای وەك (فەرەنساو بەریتانیا) بووە. هەر بۆیە ساڵی 1798 و نۆ ساڵ دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسا، (ناپلیۆن پۆناپارت) بەخۆیی‌و لەشکرێکی گەورەی سوپای فەرەنساوە دای بەسەر ئەو وڵاتەداو داگیریکرد. بێگومان ئەم لەشکرکێشییەی (پۆناپارت) وەکی رۆشنبیری گەورەی عەرەبی (جۆرج تەرابیشی) لەجێگایەکدا بۆمانی باسدەکات بەچەند مەبەست‌و مەرامێکی تایبەتی بوو، وەك:**

**1-داخستنی رێگای هیندستان لەبەردەم سوپای بەریتانیادا کەئەوکات گەورەترین رکابەری فەرەنساییەکان بوو.**

**2-لەشکرکێشییەکی وا تێرکردنی خواست‌و ویستی ژەنەراڵێکی گەنجی وەك (ناپلیۆن) بوو، کەدەیویست هەمان سەرکەوتنە مێژووییەکانی کەسێکی وەك (ئەسکەندەری مەکدۆنی) دووبارە بکاتەوە.**

**3-ئەو زەمینە فکرییەی لێیەوە (ناپلیۆن) دەستی بەو کارەی کرد فەلسەفەی سەردەمی رۆشنگەری بوو، ئەم فەلسەفەیەش پێیوابوو میسری فیرعەونی دایکی هەموو**

**شارستانییەتەکانی دنیایە و بەو پێیەش (ناپلیۆن) لەژێرکاریگەری راستەوخۆی فەلسەفەی رۆشنگەریدا بوو، ئەوا پێیوابوو لەرووی مێژووییەوە شارستانیەتی نوێی ئەوروپی قەرزارباری میسرەو هەنووکەش لەسەر فەرەنسا پێویستە- بەو پێیەی پێشەنگی پێشکەوتنی ئەو شارستانییەتەیە- ئەو قەرزە بداتەوە، ئەویش بەدەستگرتن‌و قوتارکردنی میسر لەو دواکەوتووییەو بەئاگاهێنانەوەی لەو خەونی غەفڵەت زەدەییەی لەسایەی حوکمڕانی خەلافەتی عوسمانی‌و دەسەڵاتی مەمالیکەکانەوە تێیکەوتبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:** (جورج طرابيشي، وصف، وصف مصر، حيث دهبت المدافع وبقيت المطبعة- الحياة، 9 ايلول 2001، ص20).

**ئەو لەشکرکێشییەی (ناپلیۆن) بۆ سەر میسر چەندێك سەربازیی بوو هێندەش زانستیی بوو. لەو پەنجا هەزار کەسەی لەگەڵ خۆیدا خستبوونییەڕێ هەزار کەسیان کارشناسانی بواری شوێنەوارناسی‌و بایۆلۆژیاو مێژووی سروشتی‌و میکانیك‌و روپێوی‌و ئەندازیارو جوگرافیاناس بوون. ئەگەرچی تەمەنی مانەوەی فەرەنسایییەکان لەمیسردا کورت خایەنبوو، لەسێ ساڵێك زیاتری نەخایاند (1798-1801)، بەڵام کاریگەری زۆر قووڵ‌و جەوهەری لەسەر میسر بەتایبەتی‌و جیهانی ئیسلامی بەگشتی بەجێهێشت. سەرەنجامی ئەم بەریەککەوتنەی جیهانی ئیسلامی بەشارستانیەتی تازەی ئەوروپی، مامۆستاو قوتابییەکی ئیسلامی منەوەری وەك (جەمالەدینی ئەفغانی‌و محەمەد عەبدە) دەخەنە سەرکەڵکەڵەی پرسیارێکی گەورەو گرنگی وەك ئەوەی:**

**بۆچی ئەوروپییەکان توانیان قەڵەمبازێکی وا گەورە بدەن‌و لەکاروانی پێشکەوتن‌و شارستانیەتدا ریزی پێشەوەبگرن، کەچی مەخابن گەلانی ئیسلامی نوقمی دواکەوتووییەکی قووڵ‌و دادڕانێکی رۆحی‌و فکری بێسنوور بن؟ پرسیار لەهۆکارەکانی ئەو مەسەلەیە، جەوهەری پرۆژە فکری‌و رۆشنبیرییەکانی ئەو دوو شێخە رۆشنگەرە بوو تائەو رۆژەی لەدنیا دەرچوون، بەڵام ئەفسوس گینگڵدانی زۆری ئەم دوو پیاوە هیچی وای لێنەکەوتەوە کەڕێنسانسێکی ئیسلامی بێنێتەئارا، بەڵکو هەر لەدوای خۆیانەوە پیاوێکی سەلەفی وەکی (شێخ رەشید رەزا) حاشای لەو هەموو میراتییە فکرییەی ئەوانکردو پرۆژەکەی ئەوانی بەئاراستەیەکی لابەلاو پێچەوانەدا برد، سەرەنجامیش ئەو مەخلوقەی لێکەوتەوە کەناوی ئیسلامی سیاسییەو لەساڵی 1928و لەشاری ئیسماعیلییە (شێخ حەسەن بەننا) بۆ یەکەمینجار جاڕی لەدایکبوونی ئەو بزوتنەوەی راگەیاند. ئەڵبەتە (سەید قوتب)یش لەدووەم قۆناغی تەمەنی ئەم رێکخراوەدا دێتەئاراو سیاسەتی تەواوی ئەم قۆناغەش بەبۆچوون‌و جیهانبینییەکانی خۆی رەنگڕێژ دەکات.**

وڵاتی میسر بەهەشتا ساڵ دوای پاشەکشەکردنی سوپای فەرەنسییەکانو لەساڵی 1882 بۆ جارێکیتر دەکەوێتە ژێردەسەڵاتی حکومەتی بەریتانیا و بەدرێژایی حەفتا ساڵ میسر وەك کۆلۆنیەیەکی بەریتانی مایەوە، تا لەشەوی 23ی یۆلیۆی 1952 ئەفسەرانی ئازادیخواز لەڕێی لادانی شا(فاروق)و دامەزراندنی سیستمێکی کۆمارییەوە ئیعلانی سەربەخۆبوونی میسر دەکەنو بەم هەنگاوەش قۆناغێکی تازە لەو وڵاتەو تەواوی وڵاتانی ناوچەکەدا دەستپێدەکات. قۆناغێکی تازە بەو مانایەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لەسەر ئاستی ناوچەکە تاودەسەنێو سەرەتای راماڵێنی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیەت دەستپێدەکات، نموونەکانی وەك شۆڕشی جەزائیر (1954-1962), تونس (1956)، عیراق (1958)، مەراکیش (1961)، یەمەنو سوریاو تادەگاتە شۆڕشی فاتح لەلیبیا (1969). بێگومان دواتر ئەم گۆڕانکارییانە چیان لێدەکەوێتەوەو دەسەڵاتی حوکمڕانی لەوڵاتانەدا چۆن رەفتاردەکەن، بابەتێکیترەو ئێرە جێی باسکردنی نییە.

ئەو کێشانەی شۆڕشی یۆلیۆ هەر لەسەرەتاوە رووبەڕوویان بووەوە کێشەگەلێکی زۆرو زەوەندبوون، چ لەسەر ئاستی دەرەکیو چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی. کێشە دەرەکییەکان لەگەڵ بەریتانیاو ئیسرائیل بوون. لەگەڵ بەریتانیا دوای چوار ساڵ لەشەڕو کێشمەکێشی ژێر بەژێرو ناڕاستەوخۆ، سەرەنجام گەیشتە پەلامارە سێ قوولێەکەی (بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل) لەساڵی 1956، لەگەڵ ئیسرائیلیشدا بەشکستی شەڕی شەش رۆژەی 1967 کۆتایی هات.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بێتو مەبەستی ئەم باسەی ئێمە بێت ئەو کێشەو ململانێ سیاسیو ئایدۆلۆژیەیە کە لەناوخۆی میسرو لەنێوان (عەبدولناسر)و هاوڕێکانی لەلایەكو (سەید قوتب)و رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەلایەکیترەوە روودەدات، چونکە تائێستاو دوای تێپەڕبوونی نیوسەدە بەسەر ئەو کێشەو ململانێیەدا دەتوانین بڵێین چارەنووسی وڵاتێکی گەورەی وەك میسر گرێدراوی یەکلاییبوونەوەی ململانێی نێوان ئەو دوو هێزەیە. ئەگەر بۆ بزوتنەوەیەکی وەك ئیخوان موسلمین بیستو یەك ساڵی قۆناغی یەکەمی تەمەنی ماوەیەك بێت رەوابێت بەسەردەمی (حەسەن بەننا) (1928-1949) ناودێر بکرێت، ئەوا بێهیچ دوودڵێیەك دەتوانین دووەمین قۆناغی (1952-

1966) بەقۆناغی (سەید قوتب)و سەردەمی درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی ئەو لەسەرکردایەتیکردنی ئەو رێکخراوەدا ناونووسبکەین.

(165)

(سەید) کوڕی حاجی (قوتب ئیبراهیم)ەو رۆژی 9ی ئۆکتۆبەری 1906، لەگوندی موشای سەر بەپارێزگای ئەسیوت لەباشووری ولآتی میسر هاتۆتە دنیاوە. (سەید) تاسەرکەوتنی شۆڕشی یۆلیۆو دەستبەکاربوونی (عەبدولناسر) وەك حوکمڕانی ولآتی میسر، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەرێکخراوی ئیخوان موسلمین-ەوە نابێت. ئەو سالآنەی (حەسەن بەننا)و ئیخوان خەریکی کاروچالاکیو خۆڕێکخستن بوون، ئەو سەرقالّی خوێندنو خوێندنەوەو نووسینو رەخنەو بواری رۆژنامەنووسی بوو. پیاوێك بوو لەبری ئەوەی سەرقالّی پەیوەندی بەستن بێت لەگەلّ سەرانی ئیخوانو کاری رێکخستنی بکات، لەقاهیرە سەرگەرمی پەیوەندییەکانی خۆی بوو لەگەلّ (عەباسی مەحمود عەقادو تەها حسێن) و (مهمة الشاعر في الحياة) و (الشاطيء المجهول)ی دەنووسی. تا ئەو دەمەش سەفەردەکات بۆ ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لەکۆتایی سالّی 1948)، لەهەوالّو ئەهەمیەتی (حەسەن بەننا)و رێکخراوەکەی بێخەبەر دەبێت. وەکو خۆی لەجێگایەکدا باسی دەکات: (ئەو بەیانییەی لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی ئەمریکا کەوتبوومو کارمەندانی ئەوێ بەخۆشییەوە هەوالّی رووداوێکیان بەیەکتردەدا، کەئەلّبەت روداوی کوشتنی حەسەن بەننای رابەری ئیخوان موسلمین بووە لە 1949/2/12، نەمدەزانی وەقعو کاریگەری بەنناو کۆمەلّەکەی بەو جۆرەیە).

کاتێك لەئابی 1950 ئەمریکا جێدێلّێو روو لەمیسر دەکاتەوە، نووسینی هەریەك لەکتێبەکانی (العدالة الاجتماعية في الاسلام)و (السلام العالمي والاسلام) لەئیخوانی نزیك دەخەنەوە. بەلآم بەرلەوەی بەتەواوی تێکەلّی ئیخوان موسلمین بێتو لەرووی رێکخستنو فیکریو ئایدۆلۆژییەوە سەرکردایەتی ئەو رێکخراوە بگرێتەدەست، دۆستایەتیو پەیوەندی بەئەفسەرانی ئازادیخوازەوە

گەرموگورترەو خۆی لەوان بەنزیکتر دەزانێت. ئەم کتێبە لەبەشێکیدا هاوکاری زۆری (سەید) لەسەرەتای شۆڕشدا واتا لەماوەی نێوان 1952/7/23 تائۆکتۆبەری 1952، بۆ دەسگیرۆییکردنی ئەفسەرانی ئازادیخواز لەو قۆناغە چارەنووسازەدا دەخاتەڕوو, بەڵام هەموو ئەو تیۆریزەکردن و ڕێنمایی و پلان و بەرنامە ڕێژیەی (سەید) بەوتارو بەنووسین پێشچاوی (محەمەد نەجیب)و (جەمال عەبدولناسر) و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی دەخات، جگە لەدروستکردنی تەوقێکی ئاسنین و هێنائارای دەوڵەتێکی پۆلیسی و سیستمێکی دیسپلینکراوی تۆتالیتاری هیچی دیکەی لێشین نابێت و دواتر (سەید) خۆی و ڕێکخراوی ئیخوان موسلمینیش دەکەونە ناو تۆڕی گرێچنی ئەم دادەوە.

(سەید) لەمۆجیارییەکانیدا بۆ ئەفسەرانی ئازادیخواز داوایدەکرد:

1-نابێت سوپا دوای لادانی (فاروق)و سەرخستنی شۆڕش، گۆڕەپانەکە چۆڵبکات و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و دەسەڵات بداتەوە دەستی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوو حکومەتێکی مەدەنی.

2-پێویستە دەست بەجێ شۆڕش کار بۆ ئەوەبکات کەسیستمی فرە حزبایەتی لەمیسر هەڵبگرێت و تەواوی حزب و کۆمەڵەو ڕێکخراوە یاساییەکان قەدەغەبکات. ئەوەبوو (محەمەد نەجیب) ساڵێك دوای شۆڕشی یۆلیۆ و بەبڕیارێك تەواوی حزب و ڕێکخراوەکانی میسری هەڵوەشاندنەوەو تەنها ئیخوان موسلمینی لەم بڕیارە هەڵبوارد.

3-داوای قەدەغەکردنی دەنگ و سەدای هەموو ئەو هونەرمەندو گۆرانیبێژانەی دەکرد کە لەمیسردا گۆرانیان دەوت: (محەمەد عەبدولوەهاب و فەرید ئەترەش و محەمەد فەوزی و لەیلا موراد). لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەرکی ئێمە ئەوەیە جەماوەر لەو دەنگانە بپارێزین کەحەزیان پێدەکات و گوێیان لێدەگرێت، وەك چۆن لەمادە سڕکەرەکان دەیانپارێزین).

4-لەبەرئەوەی شۆڕشی یۆلیۆ (ئەمە رای زۆربەی ئەوانەیە کەدەرهەق بەم شۆڕشەیان نووسیوە)، دەست سپیترین شۆڕش بوو لەجیهانی سێیەم (بەبەراورد بەشۆڕشی وڵاتانی‌تر)، چونکە کەمترین خوێنی تێدا ڕژاو کەمترین شەڕانگێزی لەبەرامبەر نەیارەکانیدا نیشاندا، زۆرێك بەشۆڕشێکی موحافیزکارو سازشکار ناویاندەبرد. (سەید) لەبەرامبەر ئەو هەموو نەرمی نواندنەی ئەفسەرانی

ئازادیخواز دەرهەق بەپاشماوەکانی سەردەمی پاشایەتی، هەمیشە هانی دەدانو داوای لێدەکردن توندی زیاتر بنوێننو لەهەنگاوەکانیاندا رادیکالاّنەتربن. ئەوەتا لەسەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشدا داوادەکاتو دەڵێت:

(لآن نظلم عشرة او عشرين من متهمين, خير من ان ندع الثورة كلها تذبل و تموت). هەروەها دەڵێت: (فلنضرب، لنضرب بقوة ولنضرب بسرعة، اما الشعب فعليه ان بحضر القبور ويهيل التراب).

بەلاّم وەختێك (عەبدولناسر)و هاوڕێکانی لانی زۆری ئەو ڕێنومایییانە جێبەجێناکەن، (سەید قوتب) دووچاری نائومێدییەکی قووڵ دەکەنو دواجار چارەنووسی خۆیو خەونەکانی وابەستەی ڕێکخراوی ئیخوان دەکاتو لەساڵی 1953 ئومێدەکانی بەوانەوە گرێدەدات.

کۆتایی ئەو ساڵە سەرەتای ئەو کێشە تولانیەی لێدەکەوێتەوە کەبەکێشەی (سەید قوتب)و شۆڕشی یۆلیۆو هەندێکجار بەکێشەی (عەبدولناسر)و ئیخوان موسلمین یان دەوڵەتو ئیسلامی سیاسی لەمیسردا باسی لێدەکرێت. لەبەرئەوەی ئێمە زیاد لەنووسینێکدا باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەمان کردووە، لێرەدا سەرلەنوێ باسکردنەوەیان بەگونجاو نازانین. هەوڵی زۆری ئیخوان بۆ کۆسپ خستنەبەردەم دەسەلاّتی (عەبدولناسر)و هەڕەشەکردنی بەردەوام لەڕژێمەکەی بەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ بەریتانیاو هەوڵدانی چەندجارە بۆ تیرۆرکردنی (ناسر) خۆییو دارودەستەکەی، لەگەڵ پیلاندانان بۆ ژێرەوژورکردنی دەسەلاّتەکەی بەزەبری هێزو لەڕێی کودێتای سەربازییەوە، وایانکرد (عەبدولناسر)و هاوڕێکانی گەمارۆکانی سەر ئیخوان توندتربکەنو گورزی توندتر لەڕێکخراوەکەیان بووەشێنن.

تا کار گەیشتە ئەوەی (سەید قوتب) لەماوەی دە ساڵی تەمەنی لەزیندانەکانی (ليمان طرة)دا (1954-1965)، تەواوی تواناکانی خۆی لەزۆربەی زۆری نوسینەکانیدا (في ظلال القران، معالم في الطريق، هذا الدين، مستقبل لهذا الدين)، بۆ تەکفیرکردنو سەرنگومکردنی رژێمەکەی (ناسر) بەخەرج بداتو بەتەکفیرکردنی دەسەلاّت دەستپێبکاتو بەجاهلیکردنی کۆمەڵگە کۆتایی بێت.

هەموو ئەو تویرانەی ئەو سەبارەت بەچەمکی (حاکمیەتو جاهلیەت) لەدوای لەسێدارەدانی لەبەرەبەیانی 29ی ئابی 1966 لەگەڵ هەریەك لە(محەمەد یوسف هەواشو عەبدولفەتاح ئیسماعیل)دا، بوونە زادی رێگای تەواوی ئەو گروپە جیهادیو رادیکاڵیانەی لەسەرەتای ساڵانی حەفتاوە لەمیسردا دروستبوونو سەرزەمینی ئەو وڵاتەیان کردە گۆڕەپانی شەڕێکی خوێناوی. تەنانەت وەکو (جیل کیبلز)یش دەڵێت (معالم في الطريق)کەی بووە مانیفێستی تەواوی ئەو گروپە جیهادییانەی لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا دەستبەکاربوون. ئەمڕۆ کەم زمانی زیندوو هەیە ئەم کتێبەی بۆ وەرنەگێڕدرابێت و چەندین جار چاپ نەکرابێتەوە. لەدوای ڕووداوە خوێناوییەکانی 11ی سێپتەمبەریشەوە تارماییەکانی ئەم پیاوە زیاترو زۆرتر تۆختر بوونەتەوەو تێزەکانی ئەو جارێکیتر هاتنەوە سەرمێزی گفتوگۆ. دواجار تا چارەنووسی ئیسلامی سیاسی یەکلایی دەبێتەوەو تاململانێی نێوان دەوڵەتی میسرو گروپە ئیسلامییەکانی ئەوێ کۆتایی دێت، قسەکردن لەم مەسەلەیەو لەفکری (سەید) درێژەی دەبێت. پێدەچێت تا ئێستاش نەك هەر لەکۆتاییدا نەبین، بەڵکو لەسەرەتایەکی تازەی باسو خواسی ئەو مەسەلەیەدابین.

*کتێب: سەید قوتبو شۆڕشی یۆلیۆ- نووسەر: حلمی ئەلنمنم- چاپ: یەکەم، قاهیرە،1999.

# ئوسامە بن لادن*

(ئەوەی بمکوژێت، ئاواتم دێنێتەدی)

**-ئوسامە بن لادن-**

**دوای سێشەممەی رەش‌و ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی کرانە سەر هەریەك لە(نیویۆرك‌و واشنتۆن)، بەردەوام لەکەناڵەکانی میدیاوە گوێمان لەم ناوانە دەبێت: (ئەفغانستان‌و تالیبان، قاعیدەو ئوسامە بن لادن). سەبارەت بەهەریەك لە(ئەفغانستان‌و بزوتنەوەی تالیبان)، لێرەدا هەوڵدەدەم کەم تاکورتێك لەرێی رانانی ئەم کتێبەوە باس لەسەر مەشقی تیرۆریستانی جیهانی (ئوسامە بن لادن)و رێکخراوی (القاعدة) بکەم.**

**ئەوەندەی ئاگادارىم تاهەنووکە سێ کتێبی تایبەت لەسەر ئوسامە بن لادن دەرچووە (ئەڵبەتە بەزمانی عەرەبی)، ئەوانیش بریتین لە:**

**1-عماد نەواف: ئوسامە بن لادن، یەك لەملیار.**

**2-جەمال ئیسماعیل: من‌و کەناڵی جەزیرەو بن لادن.**

**3-ئەم کتێبەی خالد خەلیل ئەسعەد: جەنگاوەرێك لەمەککە.**

**تارۆژی 11/9 ئەوانەی دەیانپرسی (بن لادن) کێیە؟ بەپەنجەی دەست دەژمێردران، بەڵام دوای ئەوەی رووداوە تیرۆریستییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روویداو پەنجەی تاوان بۆ سەرکردەی رێکخراوی (القاعده) درێژ کرا، ئەوە بووە پرسیاری زۆربەی زۆری خەڵکی هەر لە سیاسەتمەدارانەوە تاخەڵکانێکی ئاسایی.**

**ئوسامە کوڕی محەمەد کوڕی عەوەز کوڕی عەبود بن لادنە، ساڵی 1953 لەشاری مەککەی عەرەبستانی سعودی هاتۆتە دنیاوە. دایك‌و باوکی بەئەسڵ یەمەنین‌و هەردوکیان خەڵکی گوندی (رباط باعشن)ن، کە دەکەوێتە دۆڵی (دۆعن) لە باشووری**

ولاَتی یەمەن. محەمەد بن لادنی باوکی خاوەنی چوار ژن بووەو بەری ئەم چوار ژنەشی 57 منداڵ بووە، لەم پەنجاو حەوت منداڵە بیستو هەشتیان کوڕ بوون کە ئەمە ناوی هەندێکیانە: (سالم، شەفیق، بەکر، یەحیا، عومەر، مەحروس، ثابت، حەسەن، خالید، غالب، ئەحمەد، سالح، ئیبراهیم، خەلیل، حەیجەر، سەعد، تاریق، عەبدولعەزیز، عەبدوڵلا، یەسلم، یاسر، عیسا، محەمەد، عەلیو ...و ... هتد). بیستو نۆشیان کچ بوون، لەوانە: (عائیشە، نور، فاتیمە، ناجیە، سامیە، مریەم، ئیمان، ئیعتیدال، سوعاد، رانیا، هودا، شێخە، سەلما، تیبە، رەند، رەفا، مونا، سالحە، ئەسما، روقیە، مونیرە، مەلەك، زبیدە، ئیلهام، سەنا، سیما، سەحەر، رەجاو فەوزیە).

محەمەد بن لادنی باوکی خاوەن پارەو پولێکی بێشوماری وەهابووە کە هەر ژنەی بەجیا لەماڵێکدا داناوەو تێکەڵ بەیەکدی نەبوون، بۆیە کەسێکی وەکو ئوسامە یەك دوو براو خوشکی نەبێت ئاشنایەتی تەواوی لەگەڵ ئەوانیتردا نەبووە. نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت: (تەنها پەیوەندی پێیانەوە لەڕێی تەلەفۆنەوە بووە کە لەکاتی شوکردن یان ژنهێناندا پیرۆزبایی خۆی پێڕاگەیاندون)، بەهۆی سەرقاڵی زۆری باوکی بەئیشوکاری (بەڵێندەرایەتی)و بوونی ئەو ژمارە زۆرە لەمنداڵ، نەپەرژاوەتە سەرئەوەی لەنزیکەوە پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵیدا هەبێت، ئەمە وادەکات ئوسامە وابەستەی دایکی بێتو پەیوەندی مکوم تری لەگەڵ ئەودا هەبێت.

دەڵێن خێزانەکەیان بەر لەدایکبوونی ئوسامە گەلێك خۆشحاڵبوون، تەنانەت مامانەکەی دوای لەدایکبوونی مۆجیاری دایکی کردووە کە نەڵێت کوڕمان بووە، نەك لەبەر جوانییەکەی لەچاوبچێت. ساڵی 1958 دەخرێتە بەرخوێندنو قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندی لە مەککە تەواودەکات، پاشان لەساڵی 1969 دەچێتە شاری (جدە)و لەوێ لەزانکۆی (شاعەبدولعەزیز)و لەکۆلێژی کارگێڕیو ئابووری وەردەگیرێتو ساڵی 1972 تەواوی دەکات. دوای تەواوکردنی زانکۆو لەساڵی 1973 لەیەکێك لەکۆمپانیاکانی باوکیدا وەك فەرمانبەرێك دەستبەکار دەبێت، لەگەڵ ئەم کارەشیدا سەرقاڵی ئەسپ سواریو سەفەرکردن بووە، بەتایبەت بۆ ولاَتانی ئەورووپاو ئەسکەندەناڤیا.

دوی ئەوەی محەمەد بن لادنی باوکی دەمرێت، باوکی دوای ئەوەی لە فڕۆکەخانەی (وادی الدواسر) فڕۆکە تایبەتەکەی گڕ دەگرێت کۆچی دوایی دەکات. ئاژاوەو ناکۆکی

دەکەوێتە ناو ژنو منداڵەکانیو هەریەك داوای بەشە میراتی خۆی دەکات. هەموو نەوەکانی محەمەد بن لادن سەروەتو سامانەکانیان وەك باوکیان خستەوە کارو سەرقاڵی بازرگانی خۆیان بوون، تەنها ئوسامە نەبێت خۆی لەوان جیاکردەوەو پارەو پوولی خۆی بۆ مەبەستێکیتر تەرخانکرد، ئەویش جیهادکردن بوو لەپێناو ئیسلامدا (ئەڵبەتە ئەو ئیسلامەی کە ئوسامە لێی تێگەیشتووە).

چاوەڕوانی زۆری نەخایاندو تەمەنی 26 ساڵان بووکاتێك سوپای سوری سۆڤیەت سنووری ئەفغانستانی بەزاندو کەوتە جەنگێکی درێژخایەنی دەساڵە، لەدژی ئەو وڵاتە. بە داخڵ بوونی سوپای سوور بەو وڵاتە لێرەو لەوێ دەنگو سەدای جیهادکردن لەدژی ئیلحادو کوفرو شیوعیەت بەرزبووەوە. حەڤدە رۆژ دوای هێرشی یەکێتی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان، ئوسامە خۆی گەیاندە ئەو وڵاتەو بۆ یەکەمجار لەشاری (لاهور) چاوی بەئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامی کەوتو گوێ بیستی قسەو باسەکانیان بوو سەبارەت بەو هەلومەرجە تازەیەی هاتبووە پێش. هەر لەو سەردانەیدا بڕی سێ ملیۆن دۆلاری ئەمریکا وەکی یارمەتییەك بەخشییە کۆمەڵی ئیسلامی لە(لاهور) بۆ پاڵپشتیکردن لەجیهادی ئەفغانەکان. سەردانەکانی بەردەوام بوو، هیچ جارێکیش بەدەستی بەتاڵ نەدەچوو، ئەمەش وایکرد پەیوەندییەکی تونـدوتۆڵ لەگەڵ زۆر لەسەرکردەی گروپە جیهادییەکانی ئەو وڵاتە دروست بکات. ساڵی 1982و لەتەمەنی 22 ساڵیدا یەکەم ژنی دەخوازێت، ئەم ژنەی خوشکەزای (حەسەن تورابی) سەرۆکی پێشووی کۆنگرەی نیشتمانی سودان بوو، زەماوەندی ژنهێنانەکەشی لە لەندەنی پایتەختی ئینگلستان بوو. ساڵی 1983 بۆ یەکەمجار سەردانی شاری (پیشاوەر) دەکات کە دەکەوێتە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئەفغانستانو پاکستان، لەم سەردانەشیدا بڕی پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەك کۆمەك پێشکەش بەبرا موجاهیدەکانی ئەفغانستان دەکات.

لێرەدا پێویستە ئێستێك بکەمو کەمێك لای ئەو سێ کەسە بووەستم کە لە سێ قۆناغی جیاجیادا کاریگەری گەورەیان لەسەر کەسایەتی (ئوسامە بن لادن) هەبووەو ئاراستەی ژیانو جۆری کارکردنو بیرکردنەوەی ئەویان دیاریکردووە. ئەو سێ کەسەی شوێن دەستیان لەسەر کەسایەتی (ئوسامە) هەبووە ئەمانەن:

1-شێخ عەبدولەجید زندانی/ ئەم پیاوە دامەزرێنەری بەشی (زانستی گەردوونیو پەرجوی زانستی) قورئانو سونەیە لەرابیتەی جیهانی ئیسلامی لەشاری مەککە. کاریگەری ئەم لەسەر (ئوسامە) لەڕووی فیکرییەوە تاسەرەتای ساڵانی هەشتابووە، واتە تائەو کاتە بووە کە لەسعودیەدا ماوەتەوەو تێکەڵ بەموجاهیدانی ئەفغان نەبووە.

2-شێخ عەبدوڵلا عەزام/ ئەم پیاوە فەلستینیەو یەكێكە لەسەركردەكانی ئیخوانی جیهانیو لەگەڵ دەسپێكردنی لەشكركێشی سوپای سوری سۆڤیەتی بۆ سەر ئەفغانستان رۆڵێكی زۆر ترسناك دەبینێت لەو وڵاتەدا، هەروەها لەژیانی (ئوسامە بن لادن)دا. عەبدوڵلا عەزام لەم كارەیدا تەنها نەبوو، بەڵكو رێكخراوی ئیخوان موسلمین لەپشت بوو. وردبوونەوە لەرەگوڕیشەی ئەم پەیوەندییە ئۆرگانییەی نێوان ئیخوانو گروپە جیهادییەكان، هەموو ئەو قسانە بەدرۆ دەخاتەوە كەباس لە میانرەویو جیاوازی رێكخراوی ئیخوان لەگروپە رادیكالییە جیهادییەكان دەكات. لە یەكەم رۆژی داخڵبوونی لەشكری سۆڤیەت بۆ ناو خاكی ئەفغانستان ئیخوانەكان بەكۆمەكو یارمەتی بەلێشاوەوە ئامادەبوون، یەك لەو سەرە گەورانەی ئیخوان كەئەو كات بۆ پاڵپشتی موجاهیدە ئەفغانەكان گەیشتنە ئیسلام ئابادی پایتەختی پاكستانو لەلایەن ژەنەراڵ (ضیاء الحق)ەوە، پێشوازی گەرمی لێكراو لە(پیشاور) چاوی بەسەركردە موجاهیدەكانی ئەفغان كەوت، (عومەر تەلسانی) رابەری گشتی كۆمەڵی ئیخوان موسلمین بوو. هاوكات ئیخوانەكانی كوێت لیژنەیەكیان بۆ بەهانەوەچوونی پەنابەرە ئەفغانییەكان پێكهێناو نوسینگەیەكی هەمیشەییان لەشاری (پیشاور) كردەوە، بەمەبەستی راپەڕاندنی كارەكانیان بەچاكترین شێوەو خزمەتكردنی زۆرتر بەموجاهیدانی ئەفغانستان. (كەمال سەنانیری) یەكێك لەدیارترین سەركردەكانی ئیخوان، راستەوخۆ سەرپەرشتی موجاهیدەكانی كردووەو رێنوێنی پێویستی كردوونو هەوڵی بێ وچانیشیدا بۆ یەك خستنی ئەو حەوت حزبە ئەفغانییەكە بەمەبەستی وەشاندنی گورزی كاریگەرتر لەسوپای سۆڤیەت.

هەروەها ئیخوانەكانی میسرو ئوسامە بن لادن كۆمەكێكی زۆریانكرد بۆ كردنەوەی زانكۆی (الدعوە والجهاد) لەو شارەدا، ئەم زانكۆیەش تەنها دوو كۆلێژ لەخۆدەگرێت، ئەوانیش كۆلێژی شەریعەو كۆلێژی ئسولی ئایینو لەساڵی 1985دا بۆیەكەمجار كرایەوە.

عەبدوڵلا عەزام یەكەم كەسە كەلەدوای لەشكركێشیەكەی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان لەشاری (پیشاور) یەكەم بارەگای جیهاد بۆ ئەو گەنجە عەرەبانە دەكاتەوە كە لە وڵاتانی عەرەبییەوە رویان لەوێ دەكرد، عەبدوڵلا عەزام ئەركی گواستنەوەی هەموو ئەو گەنجە عەرەبانەی بە(ئوسامە بن لادن) سپارد، ئەویش بەوپەڕی حەماسەتەوە ئەو كارەی رادەپەڕاند. دوای وەرگرتنی رێنومایی تەواو بۆ ئەو كارە، لەشاری (جدە) میوانخانەیەكی بەناوی (بیت الانصار)ەوە كردەوەو كە بوو بووە بنكەی ئەو لێشاوە گەنجە

عەرەبانــەی روویــان لەئەفغانســتان دەكــرد بــۆ جیهادكــردن. خوێنــەری بــەڕێز ئاگاداردەكەینەوە لەبەرئەوەی ئێمە پێشتر بە دوورودرێژی ئـەم مەسـەلەیەمان خسـتۆتەڕوو، لێرەدا تەنیا بەكورتی باسی لێدەكـەین. (بـۆ زیـاتر ئاشـنابوون بـەو ڕۆڵـەی ئوسـامە بـن لادنو عەبدوڵڵا عەزام لەقۆناغەدا گێڕاویانە، بڕوانە ئەم دوو وتارە:

**یەكـەم**/ نـەبیل شـەرەفەدین: ئوسـامە بـن لادن كێیـە؟ وەرگێڕانـی: شـوان ئەحمـەد- كوردستانی نوێ، ژمارە 2071، 2072و 2073.

**دووەم**/ نبیل شـرف الـدین: وێسـتگەكانی تـیرۆر، ئەفغانسـتان- وەرگێڕانـی: شـوان ئەحمەد- كوردستانی نوێ، ژمارە 2084و 2091.

ئەو ڕێگایانەی توندڕەوزەكانی لێوەدەگەیشتنە (بیت الانصار) لـە(جدة)و لـەوێوە ڕەوانەی (پیشاور) دەكران، ئەمانەبوون:

أ-كۆمپانیای (بن لادن) لقی قاهیرە.

ب-نوسینگەی(الاغاثة) لەسەرتاسەری جیهانی عەرەبی.

ج-نوسـینگەی (ڕابیتـەی ئیسـلامی) لـەقاهیرە كـە ئـەو كـات (د.عەبـدوڵڵا عومـەر نصیەف) لێپرسراوی بوو.

خەرجی گواستنەوەی هەموو ئەو توندڕەوانە لەسەرشانی (ئوسامە) بوو كەهەریەكەیان بڕی (300) دۆلاری تێدەچوو. دوای ئەوەی گەنجێكی زۆری وڵاتانی عەرەب لـە پیشـاوەر گردبوونەوە، (ئوسامـە) لەسەر داواكاری عەبدوڵڵا عـەزام ناچـاربوو واز لەهاتووچـۆكردن بهێنێتو بەیەكجاری لە(پیشاوەر) نیشتەجێ بێت، لەوێ لـە یـەكێك لەگەڕەكـەكانی ئـەو شارە مـاڵێكی گەورەی چەند نهۆمی بەكرێ گرتوو نازناوی ئەبوعەبـدوڵڵایان لێنـا. دوای نیشـتەجێ بـوونی دوو سـەربازگەی بـۆ مەشـقی سـەربازی كـردەوە، سـەربازگەی (صـدی وجاجی).

لەئۆكتۆبەری 1986دا دەزگای (C.I.A) لەشاری (لاهور) كۆبوونەوەی بەهەریەك لـە ئوسامە بن لادنو عەبدوڵڵا عەزامو قەلبەدین حیكمەتیار كردو بڕیاردرا بەچەكو تفـاقی سـەربازی یارمــەتی موجاهیــدانی ئــەفغان بــدرێت، ئــەم پەیوەندییــەش تاكشــانەوەی یەكجارەكی سوپای سۆڤیەت لەساڵی 1989دا بەردەوام بوو.

3-ئەیمەن ئەلزەواهری/ ئەم پیاوە لەدوای عەبدوڵڵا عەزامەوە كـۆنترۆڵی ئوسـامە بـن لادن دەكاتو بەویستی خۆی ئاراسـتەی دەكـات. ئـەلزەواهری پیشـەی پزیشـكەو كـوڕی یەكێك لەبنەماڵە گەورەكانی شـاری ئەسـكەندەریەیە، یەكێكـە لەدامـەزرێنـەرانی گروپـی

جیهـاد (ئـەو گروپـەی لـە6/ئۆکتۆبـەری/1981 ئـەنوەر سـاداتی سـەرۆکی میسـریان تیرۆرکرد)و لەدوای لەسێدارەدانی محەمەد عەبدولسەلام فەرەجـەوە سـەرکردایەتی گروپـی جیهاد دەکـات. تائێسـتا دەرهـەق بەتاوانـە زۆرەکـانی چـەند جارێـك (غـیابیـا) بڕیـاری لەسێدارەدانی دراوە لەلایەن حکومـەتی میسـرییەوە، هـەروەها یەکێکـە لـەو تیرۆریسـتە گەورانـەی لەگـەڵ ئوسـامەدا ولاتـە یـەکگرتووەکان بەدوایانـدا دەگـەڕێت. سـەرەتای یەکترناسینی ئوسامەو ئەیمەن ئەلزەواهری دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوەڕاسـتی هەشـتاکان، بـەلام تـەنها دوای تیرۆرکردنـی عەبـدوللا عـەزام‌و هـەردوو کوڕەکـەی لـەڕووداوێکی نادیـاردا، پەیوەندی نێوان زەواهری‌و ئوسامە تۆکمەتر بوو.

شـێخ ئوسـامە دوای ئـەوەی قۆنـاغی یەکـەمی جیهـادکردنی شانبەشـانی دەزگـای (C.I.A) لەدژی لەشکری سۆڤیەت لەئەفغانسـتان تـەواوکرد گەڕایـەوە ولاتەکـەی، بـەلام مـانەوەی زۆری نەکیشاو جـەنگی دووەمـی کەنـداو هاتەپێشـێ. سـەرهەڵگرتنی ئـەمجارەی بـەرەو سـودان بـوو نـەك رووەو ئەفغانسـتان، چـونکە لـەحوزەیرانی 1989دا، هـەردوو دۆستەکەی (حەسەن تورابی‌و عومەر بەشیر) کۆدێتایەکی سـەربازیان کـردو دەسـەلاتیان گرتەدەست، بەمـەش دەرگای ئەو ولاتەی بـۆ خرایـە سەرپشـت‌و لـەو کاتـەی سـودان بـووە بنکەی تیرۆریستان. تەواوی ئەو ئەفغان- عەرەبانـەی لەئەفغانسـتان گەڕابوونـەوە روویـان کردە سودان. کاتێك (تورابی) گازندەی لەئەرك‌و مەسرەفی زۆری ئەو هەمـوو مـوجاهیـدە کـرد، ئوسـامە دەسـتبەجێ (10) ملیـۆن دۆلاری ئـەمریکی پێشـکەش بەسـندوقی ئیسلامی کرد کەبۆ خزمەتگوزاری موجاهیدەکان دانرابوو. ئوسـامە بۆئـەوەی جـێ پێـی خـۆی لەسـوداندا قـایم بکـات، کەوتـە دروسـتکردن‌و تازەکردنـەوەی چـەند پرۆژەیـەکی خزمـەتگوزاری.

لەگەڵ چەندین سەربازگەی مـەشقکردن بۆ ئەوانەی کـاری تیرۆریسـتیان لەمیسـرو جەزائیرو سۆمـاڵ‌و .. و.. ئەنجامدەدا. ئەو کاتەی ئەلزەواهری‌و ئوسامـە بن لادن لـەناو سوداندا سەرگەرمی کاری تیرۆریستی بوون، زەرەرمـەندی یەکەم ولاتی میسربوو. تـا کار گەیشتە ئەوەی لەساڵی 1995و لەکاتی کۆنگرەی بالای ولاتانی ئـەفریقادا لـە ئـەدیس ئـەبابای پایتـەختی ئەسـیوبیا، هـەوڵی تیرۆرکردنـی حوسـنی موبـارەکی سـەرۆکی میسـریانداو هەوڵەکـەیان سـەرنەکەوت. پـاش ئـەوە سـودان کەوتـە ژێـر فشـارێکی هەمـەلایـەن بۆئـەوەی ئوسـامەو دەسـتەوتاقمە تیرۆریسـتەکەی لـەولات دەربکات. لەبەرئـەوەی (تـورابی) پێشـترو ژێربـەژێر (کـارلۆس)ی تەسـلیم فەرەنسـا کردبـووەوە، ئوسـامە لەسـاڵی 1996دا لەگـەڵ ئـەلزەواهیری‌و دارودەسـتەکەیدا

بڕیاریاندا رووبکەنەوە ئەفغانستان. بەگەشتنی ئەوان بۆ ئەفغانستان، تاقمەکەی تالیبان بوونە حوکمڕانی ولاتو ئیتر ئەوێ بووە دالدەو حەشارگەی تیرۆریستانی دنیا. لێرە بەدواوە ئوسامەو لەدواشیەوە ئەلزەواهری، دەکەونە چنینی پلانی ئەهریمانانە بۆ دژایەتیکردنی دنیا لەژێر پەردەی جیهاددا.

لە شوباتی 1998دا ئەلزەواهری لای خۆیەوە بڕیاری هەلوەشاندنەوەی رێکخراوی جیهاد دەداتو لەگەل (ئوسامە بن لادن)دا رێکخراوێکی نوێ بەناوی (القاعدة)وە رادەگەیەنن، ئەم رێکخراوە وائیعلانی خۆیکرد کە بۆ دژایەتیکردنی یەهودییو مەسیحییەکانی جیهان دروست بووەو کار بۆ رزگارکردنی نزرگە پیرۆزەکانی جیهانی ئیسلامی دەکات. (القاعدة)هەر لەسەرەتاوە هەولیدا بنکەو بارەگای لەهەموو جێگایەکدا هەبێت، بەر لە هەموانیش لە ولاتانی باشووری خۆرهەلاتی ئاسیاو ئەو کۆمارانەوە دەستی پێکرد کە لە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران جیابووبوونەوە، هەر لەکشمیرو چیچانستانو فلیپینو ئەندۆنزیا تا ئۆزبەکستانو تورکمانستان. ئەلبەتە ولاتانی عەرەبیش لەم بەلایە بەدوور نەبوونو لقی (القاعدة) لەلایەن کۆمەلێك تیرۆریستەوە لەهەریەك لە(جەزائیر، سودان، میسر، یەمەن، سۆمالو ئوردن) دامەزران، تاکارگەیشتە ئەوەی لە(2001/9/1) دەستی بن لادنو (القاعدة) گەیشتە کوردستانو لەناوچەکانی هەورامان تاقمی (جند الاسلام) بوونە نوێنەری راستەقینەی ئەوانو لەماوەی تەنها سێ هەفتە بەسەر دروست بوونیاندا، دزێوترین تاوانیان لەمێژووی میللەتی ئێمەدا ئەنجامدا.

یەکەم دەست وەشاندنی (القاعدة) دوای دروست بوونیان لەمانگی ئابی 1998 دابوو، کەتەقاندنەوەی هەردوو بالوێزخانەی ئەمریکا بوو لەکینیاو تەنزانیا. پاشان لێدانی کەشتیگەلی (کول) لەکەنارەکانی عەدەن. دەرهەق بەتەقینەوەکانی کینیاو تانزانیا وەلامی (بیل کلنتۆن) لێدانی هەریەك لە(خەرتومو خۆست) بوو، بەلام بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆیان هەبێت. لەدوای لێدانی کەشتیگەلی (کول)ەوە، (القاعدة) خۆی بۆ کارێکی خوێناویترو شەڕانگێزانەتر تەیاردەکرد، کارێك کە لەڕۆژی سێ شەممەی رەشدا دنیای راچلەکاندو گەورەترین تاوانیان لەسەدەی نوێدا بەناوی جیهادو خوداو ئایینەوە دەرهەق بەخەلکانی مەدەنی ئەنجامدا.

ئەمڕۆکە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو لەگەلیشیدا تەواوی دنیا لەسەنگەرگرتندان لەدژی تیرۆرو تیرۆرستان کە ئوسامە بن لادنو رێکخراوی (القاعدة) سەرمەشقیانن.

ئوسامە تائێستاو هەرچی جارێك (عبدالباري عطوان)ی سەرنووسەری رۆژنامەی (القدس العربي)و (جەمال ئیسماعیل)ی پەیامنێری کەناڵی (الجزیرە)ی لە(پیشاوەر) بینیبێت، ئەم رستەیەی پێوتوون: (ئەوەی بمکوژێت، ئاواتم دێنێتەدی). رەنگە زۆرێك لەخەڵکی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (ئوسامە بن لادن کێیە؟) زۆریان ویستبێ، بەڵام پێناچێت دەرهەق بەو رستەیەی ئوسامە کەدەڵێت: (ئەوەی بمکوژێت، ئاواتم دێنێتەدی)، چاوەڕوانیان زۆر بکێشێت. چونکە هێرشەکانی (عەدالەتی رەها) لەم دووشتە یەکێکیان دەپێکن، یان ئەوەتا ئاواتەکەی (بن لادن) دێننەدیو کۆتایی بەڕۆڵی (سیمۆن بۆلیڤاری) ئیسلام دێنن یاخود دەسگیردەکرێتو رەوانەی لای (شێخ عومەر عەبدولڕەمان) دەکرێت، بۆئەوەی باقی رۆژەکانی ژیانی لەودیو شیشەکانی زیندانەوە بەرێتەسەر. چارەنووس چیدەبێت؟ ئەوا وەڵامی لەهەگبەی رۆژانی داهاتوودایە.

# سەربوردەی ئەفغان عەرەبەکان*

## ( لەعەبدوڵلا عەزامەوە تا ئوسامە بن لادن )

ئەفغانستان یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بووە قوربانی گەورەی جەنگی ساردو لەو ململانێیەی نێوان یەکێتی سۆڤێتی جارانو ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا باجێکی زۆریدا.. تراژیدیای قووڵی ئەو ولاتەش تائەمڕۆ هەر درێژکراوەی ئەو جەنگە خوێناوییەیە کەلەگەڵ هاتنی سوپای سوری سۆڤێتدا دەستیپێکردو لەگەڵ بەشداری راستەوخۆی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو پاکستانو چەند ولاتێکی تریشدا زیاتر تاویسەندو گەرمتربوو.

راستە دروستبوونی میلیشیای ئیسلامی لەئەفغانستانو سەرهەڵدانی ئەوەی بەجیهادی ئەفغانی ناودەبرێت مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لەداخڵبوونی سۆڤێتییەکان بەو ولاتە، بەڵام لەنێوان ئەو دوو قۆناغەو ئەو دوو مێژووەدا جیاوازییەکی زۆرو بێحەدو حیساب هەیە.. بیرکردنەوە لەدامەزراندنی میلیشیای ئیسلامیو پێکهێنانی هێزێکی ئیسلامی لەو ولاتەدا بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی (زاهیرشا) لەئارادا نەبوو، بەڵام هەر ئەوەندەی (محەمەد داودخان)ی سەرەك وەزیرانی پێشووی ئەفغانستان بەیارمەتی سوپاو لە17ی تەمووزی 1973دا کۆدەتایەکی سەربازی لەو ولاتەدا بەرپاکرد، ئیتر دەرگا بەڕووی دروستبوونی میلیشیا ئیسلامییە چەکدارەکاندا کرایەوەو سەرەتاکانیشی بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

لەو قۆناغەدا زانکۆی کابوڵ گۆڕەپانی ململانێی فیکری بوو لەنێوانی کۆمۆنیستەکان لەلایەكو ئیسلامییەکانیش لەلایەکیترەوە، ئەوەی سەرکردایەتی ئیسلامییەکانی دەکرد (غلام محەمەد نیازی) بوو کەڕاگری کۆلێژی شەریعە بوو لەزانکۆی کابۆل لەگەڵ ئەندازیار (حەبیب رەحمان)، بەڵام ئەمانە هەردووکیان

دوای کودەتاکەی (داودخان) لەگەڵ ژمارەیەك هەڵسوڕاوی تریاندا دەستگیرکران و دوای ماوەیەك لەسێدارەدران.

دەستگیرکردنی ئەمانە، هاوڕێکانیانی ناچارکرد بیر لەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەکداری بکەنەوە بۆ بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی (داودخان) و دارودەستەکەی.. دیارترین کەسێکیش کاری بۆ ئەم مەسەلەیە دەکرد (ئەحمەد شا مەسعود) و (گولبەدین حیکمەتیار) بوون، ئەمانە لەگەڵ هێزێکی دیاریکراودا ڕوویانکردە وڵاتی پاکستان و لەشاری پیشاوەر (کەدەکەوێتە سەرسنووری نێوان پاکستان و ئەفغانستان) دامەزران.

لەو سەردەمەدا (زولفەقار عەلی بۆتۆ) سەرۆکی پاکستان بوو، (بۆتۆ)مەبەستی لەگرتنە خۆی ئەم هێزە ئەفغانییەکان ئەوەبوو تا وەك کارتێکی فشار لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی کابولدا بەکاریان بهێنێت، چونکە لەو قۆناغەدا کێشەیەکی سنووری لەسەر ناوچەکانی بلوجستان و پشتۆنستان لەنێوان پاکستان و ئەفغانستاندا هەبوو، واتە (بۆتۆ) دەیویست ئەم هێزە وەك چەکێکی کاریگەر لەو کێشەیەدا دژ بە(داودخان) بەکاربهێنێ و دەسکەوتێکی زیاتر لەو ناوچانە بۆ وڵاتەکەی بچڕێت.

بەڵام میلیشیا ئیسلامییەکەی (مەسعود و حیکمەتیار) لەوە بچوکترو لاوازتر بوو کەبتوانێت لەئاست چاوەڕوانییەکانی (بۆتۆ)دا بێت، یاخود توانای ئەوەی هەبێت ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی ببێتەوە. لەدوای دوو هێرشی سەرنەکەتوو لەڕۆژانی 26 و28/ تەمووزی/ 1975 بۆ سەر ولایەتی (نەنجرهار)و دۆڵی (بانجشێر)، ئەو هێزە تووشی شکستێکی سەربازی گەورە هات و سەرەنجامیش بووە مایەی دروستبوونی ناکۆکییەکی قووڵ لەنێوان (شامەسعود) و (حیکمەتیار)دا. بەدرێژایی چارەکەسەدەی رابردووش ئەم دوژمنایەتییەی نێوانیان لەقوڵبوونەوەدا بوو، کارێك کەبووە مایەی ئەوەی لەدوای کشانەوەی سوپای سووری سۆڤێتیش، ئەفغانستان ئارامی بەخۆیەوە نەبینێ و لەم سەروبەندەشدا بزوتنەوەیەکی توندڕەوی وەك تالیبان هەڵتۆقێ و زەبری کاریگەر لەهێزەکانی (حیکمەتیار) و (شا مەسعود)و باقی سەرکردە ئەفغانییەکانی‌تر بووەشێنێ و وڵاتیان لێ‌پاکبکاتەوە. لەگەڵ کشانەوەی تەواوی ئەو هێزانە لەناو ئەفغانستاندا، ئیتر خاکی ئەو وڵاتە دەبێتە سەرزەمینی ڕمبازێنی تالیبان و قاعیدەو ئەفغان عەرەبەکان.

ئــەم کتێبــە تەرخانــە بــۆ بــاس‌و خواســتی چــۆنێتی دروســتبوونی ئــەوەی لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا پێی دەوترێت (ئــەفغان عــەرەبــەکان) و گرنگییەکەشــی لەوەدایــە کەبەپێنووســی شــایەد حــاڵێکی ناوجەرگــەی ڕووداوەکانــە، کەهــەر لەسەرەتاوەو زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە.

(بوجومعــە) کەناســراوە بــە (عەبــدوڵڵا ئەنــەس) ســاڵی 1958، لەجــەزائیر هاتۆتــەدنیاوە. لەتەمــەنی 25 ســاڵییەوەو بــەهۆی (عەبــدوڵڵا عــەزامی) ڕابــەری ڕوحــی ئــەفغان عــەرەبەکانــەوە، ڕوودەکاتــە پاکســتان‌و بەشــدارییەکی کاریگــەری لەجیهادی ئەفغانییەکاندا دەبێت تا کشانەوەی سۆڤێتییەکان لەو وڵاتە. (ئەنــەس) زاوای (عەبــدوڵڵا عــەزام)ەو ئەنــدامێکی دیــاری بــەرەی ئینقــازی ئیســلامی جەزائیریشە، هەنووکە پەنابەری سیاسییە لەئینگلستان‌و ئەم کتێبەشــی بەرهــەمی ئەو ماوەیەیەتی کەلەئەفغانستاندا ژیاوە.

تاوسەندنی جیهادی ئەفغانی‌و پەیدابوونی دیاردەیەکی تــازەی وەکــی (عــەرەب ئەفغانــەکان) و باســکردنی زۆریــی دەنگوباســی ئەفغانســتان لەکەناڵــەکانی ڕاگەیاندنی جیهاندا، تێکڕا پەیوەندییان بەو لەشکرکێشییەی یــەکێتی ســۆڤێتەوە هەیــە کــە لــە 27/ کــانوونی یەکــەمی/ 1979دا دەســتیپێکردو لــە 14/ شوباتی/ 1989دا کۆتایی هات.

ئــەو هێــزە ئیســلامییە بچــوك‌و لاوازەی ئەفغانییــەکان کــە لــە ناوەڕاســتی حەفتاکانــەوە لەپیشــاوەرگیری خواردبــوو توانــای ئەنجامــدانی بچــوکترین چــالاکی نــەبوو لــەودیو ســنوورەکانەوە، لەســەرەتای هەشــتاکانداو بــەپێی پلانێکــی موخابــەراتی نێودەوڵــەتی دەبێتــە هێزێکــی بــەرفراوانی تۆکمــەی چــەکدارکراو دەکەوێتــە کێبەرکێیــەکی ســەیر لەگــەڵ دووەم گــەورەترین زلهێــزی جیهانــدا کەئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی بوو.

بێگومــان هــەموو ئەوانــەی کشــانەوەی ســۆڤێت لەئەفغانســتان بــۆ ئازایــەتی‌و قارەمانێتی‌و لەخۆبوردەیی موجاهیدەکانی ئەوێ دەگێڕنەوە، درۆیەکی گــەورەمان بۆ دەکەن‌و ڕاستی مەسەلەکەمان لێدەشێوێنن.. لەجەنگی دژەتیرۆردا ڕۆڵی بــەرەی هاوپەیمانێتی باکوور چەند بوو لەڕووخانی دەســەڵاتی تالیبــان لــەو وڵاتــەدا، هــی موجاهیدە ئەفغانەکانیش لەدەرپەڕاندنی سوپای ســووری ســۆڤێتیدا هــەر ئەوەنــدە بوو.. بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوانە:

*نبيل شرف الدين: بن لادن، طالبان.. الافغان العرب والاممية الاصولية - مكتبة مدبولي، القاهرة - الطبعة الاولى، 2002.

*كۆرت لۆهبيك: جەنگی پیرۆز، سەرکەوتنێکی ناپیرۆز، شاهید عەیانێك جەنگی نهێنی دەزگای موخابەراتی ئەمریکا (CIA) لەئەفغانستان دەگێڕێتەوە- وەرگێڕانی/ هێژا، پرۆژەی کتێبی دانسقە (5)، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2002.

*عبدالرحيم علي: اسامة بن لادن (الشبح الذي صنعته امريكا) - ميريت للنشر والمعلومات، القاهرة - الطبعة الاولى، 2001.

لەم کتێبەشدا (ئەنەس) حاشا لەو راستییانە ناکاتو ئەوەتا دەڵێت:

(هۆکارگەلێك دەستیان لەسەرکەوتنی ئەفغانییەکاندا هەبوو بەسەر یەکێتی سۆڤێتدا.. یەکێك لەوانە هۆکاری دەرەکی بوو کەڕۆڵی پاکستان لەڕیزی پێشەوەدا بوو، چونکە ئەو وڵاتە بووبووە بنکەیەکی پتەوی پشتەوەی موجاهیدە ئەفغانییەکانو مەڵبەندی راهێنانو چەکدارکردنیان. هەروەها رۆڵی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیو رۆڵی وڵاتانی خۆرئاواش نابێت لەبەرچاو نەگیرێت، بەتایبەتیو لەسەرو هەموویانەوە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەڕووی سیاسیو سەربازییەوە پشتیوانیکردن).

هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە (ئارسەر لۆری) مامۆستای لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەزانکۆی باشووری فلۆریدای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەوتارێکیدا دەنووسێتو دەڵێت: (لەسەروەختی جەنگی سارددا ئەمریکا لەشەڕی دژ بەکۆمۆنیستدا ئیسلامی وەك هاوپەیمانێکی خۆی سەیردەکرد. بەو پێیەی حکومەتەکانی وڵاتانی ئیسلامی دژایەتییەکی توندی کۆمۆنیستیان دەکرد، ئەمریکا لەهەموو جێگایەك شەڕی شیوعییەتی کرد، رەنگە دوا شەڕیشیان ئەوە بووبێت کە لەئەفغانستاندا روویدا. لەو شەڕەدا موجاهیدەکانی ئەفغان بڕی سێ بلیۆن دۆلاریان لە (CIA) وەرگرت، بەمەبەستی دەرکردنی رووسەکانی لەوڵاتەیەکەیاندا.. دەزگاکانی راگەیاندن لەئەمریکا ئەو موجاهیدانەیان وەك قارەمان نیشانی گەلی ئەمریکاو جیهاندا کەخەبات لەپێناو ئازادیدا دەکەن). بڕوانە:(ارثر لوري: ابعاد الحملة ضد الاسلام في الاعلام الامريكي، دراسة في الخطاب الصحفي) لەکتێبی(مستقبل

الاسلام السياسي/ وجهات نظر امريكية، اعداد: د.احمد يوسف، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الاولي، 2001، ص147).

**بۆ بەرگرتن لەهەڕەشەكانی سوورو پاواخوازی زیاتری سۆڤێتییەكان نەك لەپێناو چاوی كاڵی ئەفغانییەكاندا، هەریەك لەوڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكاو عەرەبسانی سعودیو پاكستان بڕیاری پێكێنانی بەرەیەكی بەرفراوانیاندا لەدژی دەسەڵاتی كرملینو بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕێگایەكیان گرتەبەر. هەر لەتەیاركردنی میلیشیا ئیسلامییەكانی ئەفغانستانەوە بیگرە تاپێكهێنانی هێزێكی نوێ لەو عەرەبە خۆبەخشانەی روویان لەپاكستان كردبوو، بۆ بەشداریكردن لەجیهادی ئەفغانیدا. وەكو (نەبیل شەرەفەدین) باسی دەكات لەسەرەتای هەشتاكاندا شاری پیشاوەری پاكستانی دەبێتە قیبلەگای زۆربەی زۆری گەنجانی عەرەبو بەلێشاو روو لەوێ دەكەن، تا وایلێدێت ناو لەو شارە دەنرێت (سایگۆنی عەرەب). دیارترین سێ كەسایەتییەك كەڕۆڵی بەرچاوو كاریگەریان لەپرۆسەی دروستكردنی دیاردەی عەرەب ئەفغانەكاندا هەبووە، بریتیین لە: (عەبدوڵڵا عەزام)ی فەلەستینیو (ئوسامە بن لادن) و (وائل جلێدان)ی سعودی.**

**(عەبدوڵڵا عەزام) كەدامەزرێنەرو رابەری فیكریو حەرەكی ئەفغان عەرەبەكان بووە، یەكەمین كەسێكە لەسەرەتای هەشتاكانەوە بەئاشكرا داوای لەگەنجانی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی كردووە، دەست لەهەموو شتێكی خۆیان هەڵگرنو رووبكەنە ئەو وڵاتە بۆ جیهادكردن. بەبێ تێگەیشتنیش لەو رۆڵە ترسناكەی ئەم پیاوە لەو قۆناغەدا گێڕاویەتی، ناتوانین مێژووی دروستبوونو پەیدابوونی ئەوەی پێی دەوترێت (ئەفغان عەرەبەكان) بەشێوەیەكی راستودروست بنووسینەوە..**

**ئەم پیاوە ئەگەرچی فەلەستینی بوو هاوكات ئەندامی ریزەكانی ئیخوان موسلمین بوو لەو وڵاتەو هاوڕێی نزیكی شێخ (ئەحمەد یاسین)یش بوو، بەڵام پشتی لەهەموو ئەمانە كردو بێباك بەكێشەو رووداوەكانی وڵاتەكەی روویكردە پاكستانو خۆی بۆ مەسەلەی ئەفغانستان تەرخانكرد. لەم بارەیەوە (عەبدوڵڵا ئەنەس) لەلاپەڕەی (36)ی ئەم كتێبەیدا دەنووسێت: (شێخ عەزام تەنیا گرنگی بەكێشەی ئەفغانی دەدا.. لەم پێناوەشدا دەچوو بۆ عەرەبستانی سعودیو لەمزگەوتەكانی ئەوێ بەئاشكرا وتاری دەداو ملیۆنەها دۆلاری بۆ جیهادی ئەفغانی كۆدەكردەوە.. هەربۆ ئەم مەبەستە هەموو ساڵێك سەردانی وڵاتە**

یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەکردو باسی جیهادی ئەفغانی دەدا بەگوێی موسڵمانانی ئەوێدا).

(عەبدوڵڵا عەزام) هەر بەتەنیا دامەزرێنەری گروپی ئەفغان عەرەبەکان نەبوو، بەڵکو دەستی لەدروستکردنی پیاوێکی وەك (ئوسامە بن لادن)یشدا هەبوو. ئەوە دەتوانێت (ئوسامە) لەگەنجێکی دەوڵەمەندی شەرمنەوە بکاتە سەردەستەی هێزێکی ئسوڵی چەکدار، کەدواتر لەچوارچێوەی رێکخراوی (القاعدە)دا خۆی بەیاندەکاتو جەنگێکی چەپەڵ لەدژی تەواوی دنیا رادەگەیەنێت..

بێگومان ئەو دوو کەسەی دەستیان لەدروستکردنی دیاردەی (ئوسامە بن لادن)دا هەیەو لەماوەی ئەم بیست ساڵەی رابردوودا چاوساغی بوون، سەرەتاکەی بە (عەبدوڵڵا عەزام) دەست پێدەکاتو دوای کوژرانیشی لەرۆژی هەینی بەرواری 24/تشرینی دووەمی/1989 لەشاری پیشاوەر لەگەڵ هەردوو کوڕەکەیدا (محەمەدو ئیبراهیم)، (د.ئەیمەن ئەلزەواهری) سەرکردەی رێکخراوی جیهادی میسری درێژە بەو کارە دەدات..

(عەبدوڵڵا عەزام) یەکێکە لەو کەسانەی ژیانو تەنانەت مردنەکەشی تەلیسماوی و پڕی نهێنییە. وەك چۆن تائێستاش تیرۆرکردنی خۆیو دوو کوڕەکەی جێگەی پرسیارە، ئاوەها کاروانی ژیانیشی جێگای مشتومڕە. کەس نازانێ ئەم پیاوەی کە ساڵی 1941 لەجەنین هاتۆتە دنیاوەو هەر لەمنداڵییەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی ئیخوان موسلمینەوە کردووەو ماستەرو دکتۆرای لەزانکۆی ئەزهەر وەرگرتووە، بۆچی لەتەمەنی 26 ساڵیداو لەگەرمەی شەڕی عەرەب-ئیسرائیل 1967دا وڵاتەکەی جێدێڵێ و ئەو رێگایە ناگرێتەبەر کەشێخ (ئەحمەد یاسین) پیایدا دەڕوات. شێخ (ئەحمەد یاسین) دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو وڵات جێدێڵێو دەڕوات، زۆر دوور دەڕوات، بەرەو پیشاوەرو کابوڵو قەندەهارو دواجار هەر لەوێش سەردەنێتەوە.

(عەزام) یەکەم کەسە فەتوای ئەوەدەدات کەجیهاد لەئەفغانستاندا (فرض عين على كل مسلم). لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کەدەڵێت: (لابد ان يكون واضحاً لدى المجاهدين انه اذا وصل المسلم الى ارض الجهاد لايجوز له تركها بحال الا ان يرتفع شهيدا الى ربه او منتصرا على اعدائه، ليقوم بعده بنقل هذا الجهاد الى جبهة اخرى حتى تطهر بلاد المسلمين من دنس الكفر) هەر لەدرێژەی فەتواکەیدا دەڵێت: (كما لايجوز للمجاهدين

ان يضعوا السلاح بعد ان رفعوه في وجه اعدائهم، ويتركوا الجهاد بحجة انهم سئموا من القتل والقتال واراقة الدماء او أن احدهم غضب من امير الجيهاد، كالذي يغضب من امام المسجد كما يقول الشيخ عزام لايجوز له ان يترك الصلاة نهائيا بحجة غضبه عليه، فهنا عليه ان ينتقل الى مسجد اخر ويصلي فيه ولايسقط عنه الغرض ابدا، وكذلك في حال الجهاد لابد ان ينتقل الى مكان اخر يزاول فيه عبادة القتال).

**بێگومان ئەمڕۆ دوای ساڵانێکی زۆر لەدەرکردنی ئەو فەتوایانە، دەتوانین تارماییو دەرەنجامە ترسناکەکانی ئەو قسانە لەڕەفتارو کارو چالاکی ئەو گروپە جیهادیو رادیکاڵیانەدا دەستنیشان بکەین کەلەپاش کشانەوەی لەشکری سۆڤیێت لەئەفغانستان و لەسەرەتای نەوەدەکانەوە لێرەولەوێ دروستبوون.**

**مەترسی گەورەی عەرەب ئەفغانەکان لەدوای تەوابوونی جیهادی ئەفغانی بەدوو شێوەیە، یەکێکیان گەڕانەوەی هۆردوی ئەو موجاهیدانەیە بۆ وڵاتەکانی خۆیان تا بەپێی فەتواکەی (عەزام) درێژە بەپرۆسەی جیهاد بدەنو تراژیدیترین نموونەی ئەمانەش لەجەزائیردایە کەبەگەڕانەوەیان گەورەترین قەسابخانەیان لەو وڵاتەدا خوڵقاند. ئەوەی دیکەیان ئەوانەن کەلەناو رێکخراوی (القاعیدە)دا خۆیان رێکخستووەو (ئوسامە بن لادن) سەرکردایەتیان دەکاتو بەرنامەیان کاری تیرۆریستیو تێکدەرانەیە لەجیهاندا. ئەڵبەتە دەسپێکی کاری ئەم رێکخراوە بەتەقاندنەوەی هەردوو باڵیۆزخانەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەکینیاو تانزانیادا دەستیپێکردو لەڕووداوەکانی سێ شەممەی رەشیشدا بازنەی شەڕەکەیان فراوانترکردو کارە ترۆریستییەکانیان گەیاندە ئەوپەڕی.**

**بەرلەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا جەنگی دژەتیرۆر دەستپێبکاتو گورزی گورچکبڕ لەبزوتنەوەی تالیبانو رێکخراوی (القاعیدە) لەناو ئەفغانستاندا بووەشێنێت، دەزگا پەیوەندیدارەکان سەرژمێری عەرەب ئەفغانەکانی ناو (القاعیدە)یان بەجۆرە کردبوو: (594 میسری، 410 ئوردنی، 291 یەمەنی، 279 سعودی، 255 عیراقی، 162 سوری، 217 جەزائیری، 311 سودانی، 63 تونسی، 53 مەغریبی، 32 فەلەستینی، 25 قەتەری، 20 کوەیتی، 16 بەحرەینی، 20 لیبیایی، 6 عومانی، 16 مۆریتانی، 20 سۆماڵیو ژمارەیەك چیچانی، فلیپینی، کورد، ئۆزبەکی، تورك، چینیو هتد).**

لەئاكامی شەڕی دژەتیرۆردا ژمارەیەكی زۆری ئەمانە لەتۆرابۆراو ناوچەكانی دیكەی ئەفغانستاندا كوژران‌و ژمارەیەكی زۆرتریشیان بەدیلی گیران‌و رەوانەی زیندانەكانی گوانتانامۆ كران‌و هەندێكیشیان بەولاَتاندا بلاَبوونەوە. پێدەچێت شەڕی دژە تیرۆر سەرەتای كۆتایی گەلێك هێزو دەسەلاَت‌و دیاردەبێت، یەك لەوانەش دیاردەی ئەفغان عەرەبەكانە. ئەگەر ئەفغان عەرەبەكان پیشاوەر مەنزلَی لەدایكبوونیان بووبێت‌و دەرەنجامێكی راستەوخۆی شەڕی ساردبن، ئەوا ئەمڕۆ پێدەچێت گوانتانامۆ دوامەنزلَی ئەوان بێت‌و جەنگی دژەتیرۆر كۆتایی بەو پاشماوە كەمەشیان بهێنێت كەماون.

ئەفغان عەرەبەكان لەرۆژگاری (عەبدوللاَ عەزام)ەوە تا(ئوسامە بن لادن)، سەرگەرمی نووسینەوەی مێژووی خوێن‌و ترس‌و تیرۆرو تۆقاندن بوون. لەئێستاشدا كەلاپەڕەی ژیانیان دەپێچرێتەوە كەس ئامادە نییە فرمێسكێكیان بۆ هەلَڕێژێت‌و بۆنەمانیان حەسرەت كێش بێت، تەنیا ئەوانە نەبن كە رقێكی گەورەیان لەژیان‌و مرۆڤایەتییە.

*کتێــب: ولاده (الافغــان العــرب)- نووســەر: عبــدالله انــس-لــەبڵاوکراوەکانی: دار الســاقی، بیروت،چاپی یەکەم: 2002.

## د. فەرەج عەلی فۆدە

## (ئەو پیاوەی وێرای بپرسێت)

دەمێ وەختە دەمەوێت لەسەر قەڵەمە بوێرو بەهەڵوێستەکەی (د. فەرەج عەلی فۆدە) بنووسم. رەنگە دەرچوونی ئەم کتێبەی (تیرۆر) بەزمانی کوردی باشترین دەرفەتێك بێت بۆ قسەکردن لەسەری، هەم لەلایەك لەبەرئەوەی ئەو کۆی نووسینەکانیو هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ بەگژاچوونەوەو بەرەوودا وەستانەوەی وەها دیاردەیەك تەرخان کردبوو، لەلایەکی دیش لەبەرئەوەی دواجار خۆیشی بەدەستی تیرۆرستانو کاری تیرۆرستییەوە سەری نایەوە.

ئەوەی ئەم پیاوەی پەلکێشکردە ناوجەرگەی ململانێو دژایەتیکردنی تیرۆرەوە قەناعەتی ئەو بوو بەوەی بەرەوودا وەستانەوەی توندرەویو کاری ترۆرستی بەتەنها ئەرکی سەرشانی دەوڵەت نیە، بەڵکو ئەرکی سەرشانی هەمووانە بەبێ جیاوازی، بەر لەهەمووشیان خوێندەوارانو توێژی رۆشنبیران. بەبێ پیاهەڵدانو بەکورتی دەکرێت بڵێین: ئەو پیاوێك بوو لەزەمەنی بێدەنگیدا هاتەدەنگ و لەماهیەتی گروپە توندرەوەکان کەوتە پرسیارکردن.

بەڵام پرسیارکردنێکی ئاسایی نا، پرسیارکردنێکی ترسنۆکانەو سازشکارانە نا. لەبەرئەوەی هەروەکی لەکۆتایی ئەم کتێبەیدا دەنووسێت، ئەو پەندە جوانەی باوانی لەگوێگرتووە کەدەڵێت: (گەر ترسای قسە مەکە، گەر قسەشت کرد مەترسە). هەر لەپەراوێزی ئەمەشدا خۆی وەك وەڵامێك دەنووسێت: منیش قسەم هەڵبژارد و هەرچی ترسیشە تا ئێستا نەمناسیووەو دواتریش نایناسم... پرسیارەکانی ئەو، قورسایی نووسین و سەنگی قەڵەمەکەی ئەو بەرادەیەك بوو, هەموو (طیور الظلام)ەکانی خاکی کینانەی هێنا بووە لەرزین.

ئـەوان هـەر لەیەکـەم کتێبـەوە (الوفد والمستقبل)، گردبوونـەوەو بڕیـاری بێدەنگ‌کردنیاندا. پێویستە ئەم پیاوە بێدەنگ کـریێو قەڵەمەکـەی وردو خـاش بکرێـت. هەمیشـەش هـەر وابـووەو هێـزە شـەڕانگێزو رەجعیـەکان لەقەڵـەمی منەوەرو لەعەقڵی کـراوە زەنـدەقیان چـووە. سـەردەمانی حـوکمڕانی فاشـیەت لەئیتاڵیا لەچارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەدا دیکتـاتۆرێکی وەکـی مۆسـۆلۆنی هەمیشەو بەردەوام بەڕووی داروودەستەکەیدا هاواری دەکردو دەیگوت: پێویستە وابکەن تا ئەم ئەقڵە لەبیرکردنـەوە بوەسـتێت، پێویسـتە کارێـك بکـەن تـا ئـەم پیاوە بێدەنگ بێت‌و لەنووسین بکەوێت، مەبەستیشی گەورە بیریارێکی ئیتاڵی وەکی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) بوو، چونکە بەردەوامبوونی قەڵەمەکەی ئەو لەسەر نووســـین‌و وتنـــی راســـتیەکان، نزیکبوونـــەوەی مـــەرگی فاشـــیەت‌و زیندەبەچاڵکردنی دەسەڵاتی ئەوان بـوو. هـەمان شـت لەمیسـریش‌دا سـەلەفیە تونـدڕەوەکانی ئـەویێ کەوتنـە دژایـەتیکردنی فـۆدەو قەڵەمەکـەی, بـەڵام دژایـەتیکردنێکی زۆر ترسـنۆکانە. ئـەو قەڵـەمی بـەڕوودا بەرزکردنـەوە ئـەوان تفەنگ. ئەم بە وشە دواندنی‌و ئەوان بەگوللـە وەڵامیـان دایـەوە. مردنـی فـۆدە گەورەترین بەڵگەیەك بوو لەسەر مایەپوچی نەیارەکانی‌و ئەو راستیەی سـەلماند کەلە نووسینەکانیدا ئاشکرای دەکرد.

ئەوانە هـەرگیز نـاتوانن ماڵێـك بنیـاد بنـێن، دەرەتانێـك بکـەنەوەو ژیـان دۆست بن. فۆدە تەواو لەڕەفتارو ئەقڵیەت‌و ماهیەتی ئەو گروپانـە گەیشـتبوو، ئەو تێگەیشتنەشـە وایلێدەکـات لـەم کتێبەیـدا بڵێـت: (مـردن زۆر خۆشـترە لەوەی لەتاریکی بیری ئەواندا ژیان بەسەر ببریێ).

کاتێك رەشنووسی یەکەم کتێبـی خـۆی نیشـانی ئیـبراهیم تەڵعەتـدا، پێـی وت: (تۆ خۆت لەبەردەم لولەی تۆپدا دادەنێی). وەها ئاگادارکردنەوەیەك جگە لە (فـۆدە) بـۆ هـەر کەسـێکی دیکـە بوایـە بـەس بـوو بۆئـەوەی لـەو هەوڵـەی پەشـیمانی کردایەتـەوە، بـەڵام بـەلای ئەمـەوە کارەکـە پێچـەوانە بـوو. ئەمـە سوورتری کرد لەسەر کارەکەی‌و دوودڵ نەبوو لەوەی دەیکات.

دەگمەنن ئەوانەی لەم رۆژگارەدا بەوە دڵگران بن کە سەلەفیەکان هەڕەشەیان لـێ ناکـەن یـاخود ناویـان لـەخوارەوەی ئـەو لیسـتەدا تۆماردەکـەن کـەبڕیاری کوشـتنیان دراوە, بـەڵام فـۆدە لـەم نموونەیـە نـەبوو. ئـەو کاتێـك پێـی دەڵـێن

سـێیەمین کەسـی لەلیسـتی ئـەو ناوانـەی گروپـە تیرۆریسـتەکان بڕیـاری تیرۆرکردنی داون، خەم دایدەگرێت و لەوەڵامدا دەڵێـت: (دەبـێ چـی بکـەم تـا ببمە کەسی ژمارە یەك).

سـەرەڕای هـەموو رەفتـارە شـەڕانگێزو خوێناویـەکانی ئـەو گروپانـە، پیاوێکی مـنەوەری وەك ئەو هەرگیز قەناعەتی بەوە نەبووە بەزەبری هێزو بەهەمـان شێوە رەفتاری ئەوان مامەڵـەیان لەتەکـدا بکرێـت. ئـەوەتا لـەم کتێبەیدا بـۆ قەڵاچـۆکردنی تـیرۆرو کۆتاییهێنـان بـەکاری توندوتیـژی، پێشنیازی چەند رێگاچارەیەك دەکات کە عەقڵ رۆشنیو هەستکردن بـە بەرپرسیارێتی ئەو دەرهەق بەگەلو نەتەوەکەی دەخەنە روو. رێگاچـارەکان لای ئـەو دابـەش دەبـن بەسـەر دوو قۆناغـدا، هەنـدێك لەئاسـتی نزیـكو هەنـدێکی کـە لەئاسـتی دووردا. هەرچـی ئاسـتی مـاوە نزیکـە ئەمانـە دەگرێتەوە:-

یەکەم/ دیموکراسیەت.

دووەم/ سەروەرییو باڵادەستی یاسا.

سێیەم/ بواری راگەیاندن.

رێگاچارەکانی دیکەش لەئاستی درێژخایەندا بریتین لە:-

یەکەم/ پەروەردە.

دووەم/ چارەسەرکردنی کێشە ئابووریەکان.

سێیەم/ یەکێتی نیشتمانی.

(فۆدە) لەپێشەکی ئەم کتێبەیدا سەربوردەی پیاوێکی مـنـەوەری وەك (ئـیبن المقفع)مـان بۆ باس دەکـاتو لەبارەیـەوە دەڵێـت: (ئـەوەی ئـەو نوسـیو کـردی بەنـەمری لەهزرمانـدا دەمێنێتـەوە)، بێگومـان تـەواوی ئـەم بۆچـوونە لەسـەر خۆیشـی راسـتە کەئـەو بەنووسـینو هەڵوێسـتە بوێرەکانیـەوە بەنـەمریی لای هەمووومـان دەمێنێتەوە. تیرۆرستان توانیان لەئێوارەیـەکی مـانگی حوزەیرانی ساڵی 1992 فۆدە دەکوژن، بـەڵام لـەوە بـێ ئاگـابوون کاتێـك ئـەو دەمرێـت خەرمانێك نووسراوی زیندوومان بۆ بەجێ دێڵێت. ئەو لـەقاهیرەدا دەکوژرێـت، بەڵام وشەکانی سنورەکان دەبڕنو دەچنە هەرێمە دوورەکان. ئیتر نووسـینەکانی ئەو تەنها بەندی زەمانێك نابنو دەبنە میوانی زەمانەکانی دی. ئەوەتا وشـەکانی

ئەو میوانی زمانی کوردییە، بەهیوای ئەوەی ئەم کارەی دەسپێکی پرۆژەیەکی درێژ بێت بۆ وەرگێڕانی سەرجەم نووسینەکانی. دەشزانم ئەمە کارێکی قورسە، بەڵام کارێکی سوودبەخش و خزمەتێکی گەورەشە، چونکە ئەوەمان فێردەکات جەوهەری ئەو گروپە توندڕەوانەی رووپۆشی ئیسلامیەتیان پۆشیوە بناسین، هەروەها وانەیەکمان فێردەکات کە چۆن بوێرانە بەڕووی ئەو هێزە تاریکانەدا بێینە دەنگ.

## مێژووی "ئیخوان موسلمین" لە نێوان ڕاستی و خورافەتدا

خوێنەری میللەتی ئێمە بەهۆی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرەوە حەقیقەتی مێژووی گەلێ مەسەلەی لێ بزرە. یەکێك لەوانە حەقیقەتی مێژووی گروپە ئسولیەکانە, لەپێش هەموو شیانەوە گروهی ئیخوان موسلمین. ئیتر ئەوە بەهۆی دەگمەنی سەرچاوەی بابەتی بێت لەو ڕووەوە، یان سستیو لاوازی ڕۆڵی وەرگێران بێت لە نێو ڕۆشنبیری ئێمەدا.

ئاشنا کردنی خوێنەرو هاوڵاتی کورد بە جەوهەری ئەو گروهانە یەکێکە لە ئەرکە هەنووکەییەکانی رۆشنبیری کوردی. لەبەرئەوەی گەر تارابردوویەکی نزیکیش ئێمە لەدەرەوەی ژینگەی خۆمانو لەدەرەوەی سنوورەکانی خۆمان لەوەها دیاردەیەکمان ڕوانی بێت و بەشێوەیەکی لاوەکیو ناراستەوخۆ سەودامان لەتەکدا کردبێت، ئەوا لەساتەوەختی ئەمرۆدا دیاردەیەکی وا نەك هەرلەو دیوو سنورەکانمانەوە نییەو بەدوورە لێمان، بەڵکو والە نێوانماندواو بەردەرگای ماڵەکانیشی پێ‌گرتووین.

دەستپێکردنی سەرەتاش بۆ ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ سەرچاوە فیکریو ئایدۆلۆژیەکانی ئەو گروپانە و دەست نیشانکردنی ڕەگو ڕیشەی مێژوویان لە ئیخوان موسلمینەوە، لەچەندین ڕووەوە پاساوی خۆی هەیە.. یەك لەوانە ئیخوانەکان یەکەمین تاقمێکن لەدوای هەرەسی خەلافەتی عوسمانیەوە دروست بوونو بەئاشکرا کارو چالاکی سیاسیان کردبێتە ئەرکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی موسڵمانانو سیاسەتیان بە مەسەلەیەکی دانەبڕاو لەئایین دانابێتو، هەروەها هەوڵیان بۆ گەیشتنە کورسی حوکمڕانیو گرتنە دەستی دەسەلات دابێت. لەلایەکی دیکە بەلانی کەمەوە زۆربەی هەرەزۆری ئەو دەستەو تاقمە ئوسولیانە ساڵانێکە وەك قارچك لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بەگشتیو ئیسلامی بەتایبەتی هەڵدەتۆقن، یان درێژە پێدەری مێژوو و پەیڕوو پرۆگرامی ئیخوانن یاخود وەك پەرچە کردارێك لەبەرامبەر ئەودا دروست بوون.

بۆیە خوێندنەوەی مێژووی راستەقینەی ئیخوان (نەك درۆزنە مێژوو) و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی وەها گروپێك کە زیاد لەشوێن ناوچەیەکدا ئامادەییان هەیەو لقیان لێبۆتەوە، بایەخی خۆی هەیەو مەسەلەیەکە نابێت وا بەئاسانی بەسەریدا تێپەڕین... ئەگەرچی ئەم کتێبەی (د.ئەلسەعید) (ئیخوان موسلمین لە گەمەی سیاسەتدا) باس

لەقۆناغێکی مێـژوویی ئـەو تاقمـە دەکـات (1928-1951)، واتـە سـەردەمانی بـەر لـەرزگار بـوونی میسـر لـە ژێـر چـنگاڵی داگیرکـاری کۆلۆنیـالی بـەریتانی(1882-1952)و تەواوی مێژووی ئەو گروهەمان بۆ ناگێڕێتەوە تا خوێنەر زیاتر بتوانێت بەسەر حەقیقەتی هەڵوێستو ڕەفتاریانـدا بکـەوێت، بـەڵام ئەمـە لـەنرخو بـەهای ئـەم هەوڵـەی نووسەر کەم ناکاتەوە، چونکە ئەو قۆناغـەی ئـەو باسـی لێ‌دەکـات گرنگـی خـۆی هەیـەو فەرامۆش ناکرێت. لەلایەکی تریشەوە نووسـەر لـە نووسـینەکانی دیکەشـیدا کـەم تـازۆر ئاوڕ لەمێژووی دوای ئەم قۆناغەش دەداتەوە، لەبەرئەوەی ئەو بـۆ خـۆی یەکێکـە لەوانـەی تا هەنووکەش بەبەردەوامی و لێنە بڕاوانە لەسەر وەها دیاردەیـەك دەنووسێ‌و ماهیـەتی ئەو گروپانە وەك چۆن هەن‌و چۆن چۆنی ڕەفتـار دەکـەن دەخاتـە بەردەسـتی خوێنـەرانی.. لـەم ڕووەوە قەڵەمەکـەی (د. رفعـەت ئەلسـەعید) بـۆ نووسـین لەسـەر وەهـا دیاردەیـەك دەچێتە ڕیزی قەڵەمە بوێرەکـانی هەریـەك لـە: (د. فـەرج عـەلی فـۆدەو محەمـەد سـەعید عەشماوی‌و د.عبد العظیم رەمەزان و عبدالله امام)وە..

خـۆ ناسـاندنی ئیخـوان وەك گروپێکـی سیاسـی دەگەڕێتـەوە بـۆ دەسـاڵێك دوای دامەزراندنیان، دروست بـۆ سـاڵی (1938). دوا خسـتنی بڕیـارێکی لـەو جـۆرە تائـەو ساتە هەروا لەخۆڕا نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بەو بەرنامە ڕێژی‌و هـەنگاوە وردانـەوە هـەبوو کە حەسەن بەنای دامەزرێنەرو ڕابەر نەخشەی بۆ کێشـابوو. لەسـەرتاوە خۆنیشانـدان وەك تەنها گروپێکی ئاینی خێرخواو شـاردنەوەی بـەردەوامی شوناسـی خۆیـان، بەمەبەسـتی خۆتـەیارکردن‌و فراوانکردنـی بنکـەی جـەماوەری‌و پتـەوکردنی ڕیزەکـانی ڕێکخسـتنی ڕێکخراوەکەیان بوو. ئەو دەمەش زانیـان گەشـتوونەتە حاڵـەتی ئامادەباشـی، ڕاسـتەوخۆ بەنا بەئاشکرا ڕایگەیاند کەوا(ئێمە سیاسین). بەڵام لێـرەدا پاڵنـەرێکی دیکـەش هـەبوو کـەهانی بەنایـدا تاگروپەکـەی تێکـەڵ بـەدنیای سیاسـەت بکـات‌و لـەلای زۆر کەسـیش ئاشکرانیەو ئیخوانەکان نایانەوێت ئاشکرا بێت. ئـەو هۆکـارەش هـاتنی شـا فاروقـە بـۆ سەر کورسی حوکمڕانی لەتەمووزی 1937داو ڕوودانی کۆدێتـا دەسـتوریەکەی 1938 کـە کۆشـکی شـاهانە لـەدژی حکومەتـە زۆرینەکـەی حیزبـی وەفـد ئـەنجامی داو، حکومەتێکی وابەستەی خۆیانیان بەسەرۆکایەتی محەمەد مەحمود پاشا لەجێ دانا. بەهۆی هـاتنی فـاروق‌و دوورخسـتنەوەی وەفـد لەدەسـەڵات‌و دروسـت بـوونی حکومەتـە نانیشتمانیەکەی محەمەد مەحمود پاشـا، بـەنا بڕیاریـدا دابەزێتـە نـاو گۆڕەپـانی چـالاکی سیاسیەوە نەك وەك هێزو لایەنێکی نیشتمانی‌و سـەربەخۆو بڕیـار بەدەسـت، بـەڵکو وەك پاشکۆو وابەستەی ئەو حکومەتە کارتۆنیانەی فاروق‌و دەسەڵاتی بەریتانیا بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندیـەکانیان‌و درێـژەدان بەمانـەوەی دەسـەڵاتیان لەمیسـردا دروسـتیان دەکـردن‌و دەیـانکردن بەگـژی گـەلانی میسـرو تـەواوی هێـزە نیشـتمانی‌و پێشـکەوتن خوازەکـانی ئەوێدا. ئەم پشتیوانی کردنەی ئیخوان لەپاشـاو حکومەتـە یـەك بەدوایەکـەکانی محەمـەد

مەحمود پاشاو حسین سری پاشاو عەلی ماهرو ئیسماعیل صدقی، دەرفەتی بۆ حەسەن بەنای ڕابەریان ڕەخساند تالایەنگرانی خۆی پێچەکدار بکاو ململانێی وەفدو کۆمەنیستەکانی پێبکات.

بەننا هەر بەوەشەوە نەوەستا بۆیە لەساڵی 1942دا کەزانی ئەو ئامرازانەی ساڵانی رابردوودا بەکاریان دەهێنا: (ئامرازمان باوەڕو خۆشەویستیو کارکردنە), بڕوانە (ئیخوان موسلمین لەگەمەی سیاسەتدا، لاپەڕە9) خەونی ئیخوان ناهێنەدی بۆ گەیشتن بەمەرامەکانیان، کەوتە بیرکردنەوە لە دامەزراندنی دەزگایەکی نهێنی کەئەرکی تۆقاندنو ڕاوە دوونانی ناحەزو نەیارەکانیان بوو. سەرچاوەی بیرۆکەی ئەم مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ(بەننا و مەحمود ئەلصەباغ). بەهۆی ئەم دەزگا تۆقینەرەوە بواری ئەوەیان بۆ رەخسا لەسایەی هەریەك لەعەلی ماهرو ئیسماعیل صدقیدا ببنە ڕەقیبێك بەسەر تەواوی ئەو هێزە نیشتمانیو پێشکەوتن خوازانەوە کە خەباتیان دەکرد لەپێناو دەرپەڕاندنی ئیستعماری بەریتانی لەولاتدا.

ئەو رێکخراوە ئیسلامیە خێرخوازەی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ڕابەرو ئەندامەکانی هاواریان دەکرد:(هەرچی چاکە هەیە لای ئێمەیە) و (ئێمە رۆحێکی نوێ و روناهیەکی نوێ و دەنگێکی گەورەین) (ه. س. پ. لاپەڕە 17), گەورەترین کۆسپی بەردەم ئەو هێزە نیشتمانیانە بوون کەبەگژ دەسەلاتی داگیرکەراندا دەچوونەوە. تەنانەت ئەوان داگیرکردنی فەلەستنیشیان لەلایەن جولەکەوە کردە بەهانایەك بۆ خۆ پڕچەککردنو کردنەوەی سەربازگەی مەشقو جبەخانەی هەمە جۆری چەکو تەقەمەنی. ئەمانەش نەك هەرلە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمناندا بەکارنەهێنران، بەڵکو بەشی زۆری لە شەڕی ناوخۆی میسرو دژ بەهاولاتیانی میسر بەکارهێنران. سەرەتا بەجولەکە نیشتەجێکانی ناو گەڕەکەکانی قاهیرە دەستیان پێکردو دواتریش لە دژی دەسەلاتی نیشتمانیو قیبتیەکانی ناو میسر درێژەیان پێدا.

لەمڕۆدا لەگەڵ دژایەتیکردنی دەولەت لەلایەن گروپە ئسولیەکانی دیکەشەوە, شەرێکی ئاشکراش لەدژی قیبتیەکان بەڕێوە دەچێت کەڕەگو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی گوران و دروست بوونی ئیخوان لەمیسردا. ئەوە لایەنگرانی ئیخوان بوون لەسەرەتای دەرکەوتنیاندا لەبەردەم کلێسای مارجەر جیسدا هاواریان دەکرد:(سبەینێ کە موسڵمانەکان هەموو چەرخەکانیان دەکەوێتە دەست, یەك قیبتی لێرەدا نامێنێت).
ئەوە لەکاتێك داو بەرلەوەی ئیخوان ئەم کەلێنە دروست بکات لەنێوان موسڵمانو قیبتیەکانی میسرداو هاولاتیانی ئەوێ بکات بەگژی یەکتردا، میسریەکان هەموویان پێکەوەو بەناوی میسری بوونەوە بەبێ گوێ دانە جیاوازی ئایینی توانییان یەك دەستویەك دڵو یەك دەنگ لەتەمووزی ساڵی 1919داو بەڕابەرایەتی سەعد زەغلول, لەدژی داگیرکاری ئینگلیزەکان ڕاپەڕنو داوای ئازادیو سەربەخۆی ولاتەکەیان بکەن.

ئیخوانەکان لەسەردەمانی ئیحتیلالدا چەندە دۆستو پاڵپشتی کۆشكو حکومەتە ئەڵقە لەگوێکانی بێگانەبوونو نەیاری هێزە نیشتمانیو پێشکەوتن خوازەکان بوون، لەسەردەمانی ڕزگاریو سەربەخۆ بوونی میسردا ئەوەندە لە دژایەتیکردنی هەنگاوەکانی دەسەڵاتی نیشتمانیدابوون. هەوڵدانی یەکەمیان بۆ کۆدێتا کردن بەسەر عەبدولناسردا بەڕووداوەکەی (المنشیە)ی ساڵی 1954دەستی پێکرد. لەگەڵ شکست هێنانی ئەو هەوڵەیان، جارێکی دیکەو بەمەبەستی تۆڵە کردنەوە خۆیان سازدایەوەو چوونەوە سەنگەری دژایەتیکردن. ئەوە بوو لەساڵی 1957و لەشاری مەککە زینەب غەزالیو عەبدولفەتاح ئیسماعیل، بەپاڵپشتی شانشینی عەرەبی سعودیە دەستیان بەدانانی پلانی کۆدێتایەکی نوێکردەوە.

ئەوانەی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئامادەکردبوو، دەستیان بەدروستکرنەوەو ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی ئیخوان کردەوەو لەساڵی 1964 کاتێك سیدقوتب لەزیندان ئازادکرا هەریەك لە زەینەب غەزالیو عبدوالفتاح ئیسماعیلو عەلی عەشماویو ئەحمەد عبدالمجید چوونە لایو داوایان لێکرد لەڕووی فیکریەوە ڕێبەرایەتیان بکاتو لەجێ بەجێکردنی پلانەکەیانەدا هاریکاریان بکات, بەڵام بەرلەوەی ئەم پلانەشیان سەربگرێت و گورز لەدەوڵەت بووەشێنن نەخشەکەیان ئاشکرابوو. وەك چۆن لە هەوڵی ساڵی 1954دا هنداوی دوێر بەبێ هیچ فشارێك دانی بەهەموو شتەکاندا ناو زانیاریەکانی ئاشکرا کرد، ساڵی 1965 عەلی عەشماوی پەردەی لەڕووی هەموو پلانە نهێنیەکانی ئەو گروپەی هەڵماڵی.

ئیخوان تەنها ئەو کاتە لە چنینی پلانەکان دەستی کێشایەوە کەلاوەکان جێیان هێشوو قەوارەی جەماوەرییان بەرتەسك بووەو گۆشەگیر کران و بارەگاکانی ئیخوان بوونە تەکیەی پیاوە پیرو کەنفتەکانی وەك عومەر تەلمسانیو د.توفیق محەمەد شاوی و محەمەد حامد ئەبو نەصرو مستەفا مەشهورو.. هتد.

بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ئیخوانو تەمەنی حەفتا ساڵەیان(1928-1998)پێویست بە نووسینو لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات، لەبەر هیچ نا تەنها لەبەر ئەوەی ڕاستیەکان ئاشکرابن و مێژووی حەقیقی لەمێژووی خورافەتو ئەفسانە ئامێز جیابکرێتەوە کە ئەمەی دواییان هەوڵی بێ هودەی ئیخوانەکانە بۆ رازاندنەوەو جوانکردنی مێژوویەك کە جوان ناکرێت، تەنها بەزەبری هێزو شێواندنی ڕاستیەکان نەبێت.

بۆ میللەتی ئێمەو نەوەکانی ئێستاو داهاتووشمان گرنگە تا بەحەقیقەتی مێژووی ئەو گروپانە ئاشنابنو ڕووی ڕاستەقینەیان ببینن. دواجار هەرئەوە ماوە ئەو ڕستەیە بڵێینەوە کە وەرگێڕ وەك پێشەکیەك بۆ کتێبەکەی نووسیووەو بەجگەر گۆشەکانمان بڵێین: ئەها ئەوەتا بیان ناسن.. ماهیەتیان باش بناسن!!

# ( ئیخوان ) و تیرۆر

هێنـدەی ژمـارەی سـاڵەکانی تەمـەنی ئیخـوان خـۆیو بگـرە زیـاتریش، کتێـبو نامیلکـەو وتـارو بـاسوخواس لەڕوانگـەی جیاجیـاوە لەسـەر ئـەم گروپـە نووسـراوە. ئەوەندەشـی بەدرێـژایی ئـەم هەشـت سـاڵە ئاگـاداربم کتێبێـك هێنـدەی ئـەم کتێبـەی (السـید یوسـف)، لەسـەر ئیخـوان بـەو هـەموو وردەکـاری و بەرفراوانیـیەوە چـاپ نەکراوەو بڵاونەبۆتەوە. کتێبێك بێپەردە مێژووی شەڕانگێزیو پڕ فرتوفێڵـی یەکـەمین گروپـی ئیسـلامی سیاسـی ئـەم سـەدەیەمان بـۆ بـاس دەکـاتو بـۆ هـەر رووداو و قۆناغێکیش بەڵگەی زیندوو دێنێتەوە.

لێرەدا ئێمە جارێکی تر بەڕووە راستەقینەکەی ئیخوان موسلمین ئاشنا دەبینو لەودیو دەمامکەکانی میـانڕەویو خواپەرسـتییەوە، ئـەو سـیماو رووە مـەکراوییانـە دەبیـنین کـە لەناو گەمـەو فرتوفێڵـەکانی سیاسـەتدا قـاڵبوون و وەك عـەرابـەکانی مـافیـا سـەرقاڵی پلانی کاری تیرۆرستیو نەخشەی دۆزەخین. بەدبەختی گەورەش لەوەدایە کەهەموو ئەمانـە بەناوی ئایینو ئیسلامو خواپەرستییەوە ئەنجام دەدرێت.

ئـەم سـاڵانەی دوایـی کەشـاڵاوی تیرۆرسـتی دەسـتی پێکـردو تونـدڕەوی گروپـە ئیسلامییەکان تەواوی وڵاتی میسری تەنیەوەو بووە دیاردەیـەکی رۆژانـە، ئـەو کـات زۆر قەڵەم کەوتنە سۆراخی هۆکارو سەرچـاوەکانی دیاردەیـەکی وەهـا قێـزەون کـە هەڕەشـەی بڕانەوەی لەتـەواوی میللـەتێك دەکـردو هـەوڵی دەدا رەوڕەوەی مێـژوو بـۆ دواوە بباتـەوە، (ئەوەبوو فەرەج فۆدەو رەفعەت سەعیدو سەید مەحمود ئەلقمنیو غـالی شـوکریو نەصـر حامد ئەبوزێدو ئیبراهیم نافع)، کتێبەکانیان بۆ خوێندنەوەی رەهەنـدە جیاجیاکـانی ئـەم دیاردەیە تەرخان کرد و کەوتنە پرسیار لەوەی رەگو ریشەی تونـدڕەوی ئـایینی لـەکوێوە سەرچاوە دەگرێت. تیرۆرو کاری تیرۆرستی بەچی دەست پێدەکات. رونـاکبیرێکی وەکـو (رەفعەت سەعید) هەرزوو سەرچاوەکەی دەستنیشان کردو گەیشـتە وەڵامێـك کـە(تـیرۆر لەفیکرەوە دەست پێدەکـات)، بـەڵام کـام فیکـر؟ ئەڵبەتـە ئـەو فیکـرەی کەئـەوی دی ئافەرۆز دەکاتو لەخـانەی کافرو گومڕاو بەدڕەفتاردا دایدەنێت. ئـەو فیکـرەی جیهـان بەسەر (ئیماندارو بێباوەڕ، بەهەشتیو دۆزەخی، سەر راستو گـومڕا)دا دابـەش دەکـات. بیرکردنەوەیەکی لەمجۆرە حەقیقەتی تەواو دەکاتە موڵکی دەستەیەكو ئەوانیدی بەنەفرەت

دەکـات، مــافی ژیــان و حــوکمڕانی دەبەخشــێتە گرووپێــك و لەبــەریانێکی بــەرفراوانی دەگرێتەوە. ڕەگو ریشەی ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتــەوە بــۆ دروســت بــوونی ئیخوانــەکان و لەپاشان بۆ گروپە توندڕەوەکانی تریش دەگوێزرێتەوە. سەرەتاکانی (شێخ حەســەن بــەنناو مەحمود لەبیب ئەلسەباغو عەبدولڕەحمان سندیو عەبدولحەکیم عابــدین)ی سەردەســتەی ئیخوانــەکان دایدەڕێــژنو ڕێســاکانی دەچەســپێنن، دوای ئــەمانیش (ســەید قوتــب) لــە (معـالم فـي الطريـق)دا ڕەوایــەتیی زیــاتر و زۆرتــری دەداتــێ، تــا وای لێــدێت تــیرۆرو توندوتیژی لەحەفتاکان بەدواوە دەبێتە جەوهەرو ستراتیژی کاری ئــەو گروپــە جیهادیانــەی ڕۆژانە خەڵکانی بێتاوان لەخوێنی خۆیاندا دەگەوزێنن و هەڕەشەی تۆقێنەریش لە هەموو ئەوانــە دەکــەن کەنابنــە تــابع و هــەوادارییان. ئەســتەمە بتــوانین بــەدابڕاوی لەهەوڵــەکانی هەریەك لـە (التكفير و الهجرة، جماعة، جهاد، الناجون من النار) تێبگــەین، بــەبێ ئــەوەی ئاگــاداری پەیامــەکانی (شــێخ حەســەن بــەننا) و پــەیڕەو و پرۆگرامــی ئیخوانەکان بین.. یاخود چاوپۆشی لە ڕێورەسمی ئەو بەیعەتە بکەین کە (بەننا) کردبوویــە مەرجێك بۆ وەرگرتنی ئەندام لەڕیزی گروپەکەیدا، بەوەی لە ژوورێکــی تاریــكو نســرمدا پێکەوە سوێند لەسەر قورئــانو شمشــێر بخــۆن، نــاتوانین لــەڕادەی شــەڕانگێزی ئــەو پۆلــە گەنجانە تێبگەین کەبەڕەنگێکی زەردو جەستەیەکی لەڕولاوازو ریشێکی درێژەوە ئامــادەن گــەورەترین قەســابخانە بســازێنن، گــەر لەوپرانســیپە فاشــیانە تێنەگــەین کــەئیخوان لەبەرامبەر ئەندامەکانیدا کاریان پێدەکاتو یەکێکە لەبڕیارە ڕەت نــەکراوەکانی ڕابــەرو دامەزرێنەری بزووتنەوەکەیان کە ئەویش سێینەی (کار، گوێڕایەڵی، بێدەنگی)یە.

کار هەرکارێ بێو گوێڕایەڵی هەموو فەرمانێكو بێدەنگیش گەر دەرەنجام هەرچییەك بووە. تیرۆر کە لەسەر دەستی ئیسلامگەراکان دەبێتــە نــەریتێکی ژیــانی ڕۆژانــەو لەســەر ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی دەکەونــە پێشــبرکێکردنی یەکــدی, (وەك ئــەوەی لەســەرەتای نەوەدەکاندا لەمیسر لەنێوان هەردوو گروپی (جەماعە ئیسلامیەو جیهاددا روویدا), بــۆ یەکەمجارو لەناوەڕاستی ئەم سەدەیەدا لەسەر دەستی ئیخوان دەستی پێکردو بــۆ یەکــەمجار ئەوان ڕێچکەیان بۆ شــکاند (ئەحمــەد مــاهر، ئــەمین عوســمــان، خازنــدار، نەقراشــیو...), دەسپێکی کارەکانی دەزگــا تایبــەتیو نهێنییەکــەی ئیخــوان بــوو. بــۆ ئەمــەش (بــەننا) نەخشــەو پلانــدانانی لەسەرشــان بــوو، (عەبــدولڕەحمان ســندی)و هاوەڵــە هەرزەکانیشــی جێبەجێیان دەکرد.

هاتوهاواری بێئەندازەی ئیخوانچییەکان بۆ حاشاکردن لەو خوێنــەی بەمێژوویانــەوە قەتماغەی بەستووە، مەگەر تەنها ئەوانە بێنێتــە ســەرقەناعەتو تــەفرەخواردوویان بکــات کە لەمێژوو بێئاگانو بیرکردنــەوەیان بەخشــیوەتە دەســت کەســانێك بیریــان بــۆ بکەنــەوە کەمیراتگری ئەو پیاوە خەم ساردانەن بــەبێ دەنــگ (ســەیدفایز)ی دۆســتیان لەماڵەکــەی خۆیدا خەڵتانی خوێن کرد، بەڵام با ئەوانە بچن بەئیعترافاتــەکانی (عەبدولمەجیــد ئەحمــەد

حەسەن‌و سەید سابق‌و مەحمود عیسەوی‌و هنداوی دوێرو مەحمود عەبدول لەتیف‌و عەلی عەشماوی)دا بچنەوە, یان گەرنا ئەوا با چاوێك بەقۆناغی دوای سەربەخۆبوونی میسردا بگێڕن‌و بەو پلان‌و نەخشانەدا بچنەوە کە لەسالآنی 1954و 1964دا چنیبیان‌و ئەو هەموو هەوڵ‌و تەقەلایە ئەژمارکەن کەبۆ کوشتنی (عەبدولناسر) داویانە.. ئەو قۆناغانەی ئیخوان پشووی تێدا داون‌و کاری تیرۆرستی تیا ئەنجام نەداوە، تەنها ئەو ساتەوەختانە بووە کەکەرەستەی ئەو شەڕە خوێناوی‌و مەرگەساتانەی لەبەردەستدا نەبووە. بێدەنگی دەساڵەی سەرەتای تەمەنیان (1928-1938) لەپای ئەوەبوو تاپەلکێشی ژمارەیەك گەنجی بێچارەو رووگەونیان کردو کەوتنە مێشك داشۆرینیان‌و پەروەردەکردنیان بەرۆحی جیهادو مەرگ دۆستی‌و بوغزاندنی ژیان، ئەوکات ماشێنی تیرۆرو تۆقاندنی خۆیان بەگەڕخست. ماشێنێك لەگەڵ یەکەم جوڵەیدا چەند رۆحێکی بێگوناهی لەگەڵ خۆیدا رامالی‌و راگرتنیشی باجێکی زۆری دەوێت.

کەسەرانی ئیخوان لەساڵی 1948 کۆمەڵە گەنجێکیان تەفرە خواردو کردو چارەنووسیان کەوتە زیندان‌و گرتووخانەکان، ئەو کات (بەننا) لەجێی هەموو خەمخۆرییەك‌و بەدەنگەوەچوونێك لەسەر داوای (ئیبراهیم عەبدولهادی)و شا (فاروق) بەدەستی خۆی پاکانەیەکی نووسی لە ژێر سەردێڕی (پەیامێك بۆ خەڵکی), تێیدا خۆی لەوانە بێبەری کرد، هەروەك چۆن ئەوانیشی لەئیسلامێتی بێبەری کردو راست‌و رەوان پێی وتن: (ئەوانە هەرچی‌یەکیان کرد بۆ خۆیان‌و سەربەخۆ کردوویانە، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەوانە نە ئیخوانن و نە موسڵمان). بەلآم ئەمە نەبووە پەندێ تاجارێکی دیکەو لەمێژوویەکی نزیکتردا سەرلەنوێ ئەو گەمەیە دووبارە نەبێتەوە، تاڕووداوەکانی (54و 64) روویانداو پاش ئەمە دەستی رێبەرانی ئیخوان تەواو ئاشکرابوو. ئیتر لەسەرەتای حەفتاکانەوە لاوەکان بۆ یەکجاری رەشماڵەکەی ئیخوانیان جێهێشت‌و گروپی سەربەخۆو تایبەتی خۆیان دروستکرد.

سەرەنجام بارەگاکانی ئیخوان بوونە تەکیەو خانەقای پیاوە پیروکەنەفتەکان‌و هێدی هێدی کەوتنە نووسینەوەی یادەوەرییەکانیان، ئەمانیش تا هەرچی کاری توندوتیژی و تیرۆرستییە بدەنە پاڵ سەرەڕۆیی ئەو گەنجانەی یاخی‌بوون‌و باوکایەتی ئەوانیان قبووڵ نەکرد، لەبەرامبەریشدا خۆیان وەکو میانڕەوترین ئیماندارو بێگوناهترین مرۆڤ نیشانی خەڵك‌و خوا بدەن.

مێژووی ئیخوان بارگاوی‌یە بەئایدیۆلۆژیای توندڕەوی‌و کاری تیرۆرستی‌و تۆقاندن, ئەم کتێبەی (السید یوسف)یش کە بەقەوارەی حەوت سەدو سێ لاپەڕەیە باشترین دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوون بەو مێژووە. ئەم کتێبە لەم هەشت بەشە سەرەکی‌یە پێکهاتووە:

**یەکەم: دروستبوونی ئیخوان موسلمین‌و تەشەنەسەندنی ئیسلامی سیاسی.**
**دووەم: بونیادی فیکری ئیخوان.**
**سێیەم: ئیخوان‌و توندوتیژی.**
**چوارەم: هەڵوێستی ئیخوان لە ئیستعمارو پارتایەتی.**
**پێنجەم: هەڵوێستی ئیخوان لە کۆشك.**
**شەشەم: هەڵویستی ئیخوان لە سوپا.**
**حەوتەم: هەڵوێستی ئیخوان لە یەکێتی نیشتمانی.**
**هەشتەم‌و دوابەش: ئیخوان‌و دەوڵەتی ئیسلامی.**

(( ئیخوان موسلمین ))

## چۆن چۆنی پاساو بۆ دەزگا نهێنیەکەی دەهێنێتەوە؟

(ان من يفشي السر يحل قتله،
ومن يخرج على الطاعة بعد البيعة يحل دمه)

**ئەم هەڕەشە ترسناکە کێشو سەوادار لێرەدا دەیخوێنێتەوە، بڕگەیەکی پەیڕەو پڕۆگرامی ناوخۆیی باندێکی مافیا نیە, بەڵکو خاڵێکە لەریزی ئەو خاڵانەی گروپی (ئیخوان موسلمین) لەگەڵ دامەزارندنی دەزگا نهێنیەکەیاندا وەك مەرجێکی سەرەکی ئەندام قبوڵکردن لەناو ریزەکانیاندا دایاننـاوە. بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم رووەوە بڕوانە: (د.** عبدالعظيم رمضان: التنظيمات السرية الاخوان المسلمين/ حركة التنظيم السري حسن البناو حركة التنضيم السري لسيد قطب – جماعات التفكير في مصر, الاصول التأرخية والفكرية – الهيئة المصرية العامة للكتاب, قاهرة- الطبعة الاولى , 1995). یان (د. رفعت السيدأ/ حسن البنا من المصحف الى الديناميت. ب/ التأسلم, فكر مسلح)، یاخود (عبدالجليل حسن, جلال السيد: الاخوان.. التآمر وارهاب – مجلة الكتاب – العدد (55)، اكتوبر 1965).

**بێگومان هەڕەشەیەکی لەم جۆرە کەلێوان لێوە لەرۆحی کوشتنو شەڕانگێزی، لە گروپێکەوە دەردەچێت کەخواستی گێڕانەوەی تەواوی مرۆڤایەتیە بۆسەر رێی راستو چاکەخوازیو خوداناسی, لەبەردەم پرسیارێکدا رامان دەگرێت: ئەویش ئەوەیە داخۆ بەراست ئیسلامی سیاسیو بەر لەهەموو شیان ئیخوانەکان وەك سەرقافڵەی ئەم ئاقارە,**

لەکۆیی دوانەی ئیسلام پارێزیو دەستەلاتخوازیدا رادەوەستن. بەراست ئەو کارانە ئەوان دەیکەن هەر لە دورستکردنی دەزگای تایبەتیو گۆش کردنی جەنگاوەرێك لە ژێر زەبری هەرەشەیەکی ئاوەهادا، تا چەند لەگەلّ رۆحی ئایینو رێسا ئاسمانیەکاندا یەك دەگرێتەوە... لەچ ئانو ساتێکدا ئایین بەئەندازەیەکی واهەموو ماهیەتە رۆحیەکانی خۆی دۆڕاندوەو لەرووی فیکریەوە گەیشتۆتە ئاستەنگەیەکی، تا پێویستی بەوە بێت لە رێی تاقمیێکەوە, ئەو تاقمەش لەرێی دەزگایەکی تایبەتو نهێنیەوە کە سوێند لەسەر کتێبی پیرۆزو شمشێری بخۆن, ببنە ئیسلام پارێزو هەولّی ئەوە بدەن خەلّکی بۆ ژێر چەتری خودا پەرستی ئیسلامی بگێرنەوە.ئەگەر تەواوی ئەم هەولّو تەقەلایانەی ئیسلامی سیاسییەك راست رووەو دەستەلاتخوازی نەچێتو کەم تا زۆریش هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە ئیسلامو ئسلام پارێزیەوە نەبێت. نەك هەر هێندەش بگرە تەقەلایەکی لەم جۆرە چەندیّ خزمەت بە نەیارانی ئیسلام دەکات, هێندە خزمەت بە ئیسلام ناگەیەنێت. ئەمەش بۆخۆی تەوەری باسێکی تایبەتەولێرەدا درێژەی نادەمیّ.

ئەلّبەتە وەكو چۆن دامەزراندی حزبێکی ئیسلامی سیاسی بەدەستپێشخەری ئیخوانەکان بوو, ئاواهاش دروستکردنی دەزگایەکی تایبەتیو نهێنی کە ئەرکی کاری تیرۆریستیو تۆقاندن بێت بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی ئەوان درووست بوون. بەشێکی زۆری ئەو رەخنانەی ئاراستە ئیخوان دەکرێت,لەپای رەفتارو هەلّسوکەوتی ئەم دەزگاتایبەتەیە کە لەسەرەتای سالاّنی چلەوە حەسەن بەننای رابەرو دەمەزرێنەر, یەکەمین بەردی بناغەی داناو کردیە برِبرِەی پشتی رێکخراوە خێرخوازەکەی.

دوا کتێبێك کەبەدوورو درێژی باس لە ئەزموونی ئیخوان دەکاتو بەقەلەمی یەکێك لەبەر پرسە دیارەکانی گروپی (جیهاد) (ئەیمەن زەواهیری)نووسراوە، کتێبێکەی بەناوی (الحصادالمر). رەنگە ئەم کتێبە دیکۆمێتێکی باش بێت بۆ تاوان بارکردنی ئیخوانو ئاشکراکردنی ئەو نهێنیانەی هەولّی پەردە پۆش کردنی دەدەن.کاتێك باس لەباشی ئەم کتێبە دەکەم لەو رووەوەیە کە بەقەلەمی بەرپرسی یەکێك لەگروپە ئسولیە بەناوبانگەکانی میسر نووسراوە, ئەمەش لەو تۆمەتەی دوور دەخاتەوە کە

هەر جارەو ئیخوانەکان دەیدەنە پاڵ هەر قەلەمێك کەلە دەرەوەی خۆیان بێت. گوایە ئەوانە بەمەبەستو بۆ ناشیرنکردنی ئەزموونی ئەوان نووسراوەو خاوەنەکانیشیان بەکەسی ناحەز بە ئیسلامو بەکرێگیراو سەیر دەکەن.

تەواوی ئەوانەی شارەزای گروپی ئیخوان موسلمین دەزانن مەسەلەیەکی وەك دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەتیو رەفتارەکانی ئەندامانی ئەو دەزگایە، چ نێوبانگێکی خراپی بۆ ئەو تاقمە درووستکردووە. لەم رووەوە پێدەچێت سەرانو ئەندامانی ئیخوان خۆشیان لەو راستیە حالی بووبنو ئەمێستا لە هەولّی ئەوەدابن بۆ ئەوەی وەلاٌمێك بەو مەسەلەیە بدەنەوە.

لەبەر ئەوەی ئیخوانەکان دەزانن کارەکە لەوە دەرچووە بشاردرێتەوە یاخود پەردە پۆش بکرێو خەلکی پێی نەزانن. ئەوان دەیانەوێت لەرێی پاساو هێنانەوەو بیانوو دروستکردنەوە، پینەی کارێکی لەو جۆرە بکەن ئەم کتێبەی (محمد الصباغ) حەقیقەتی دەزگای تایبەتو رۆلی لە دەعوەی ئیخوان موسلیمیندا، دەچێتە ناو ئەم چوار چێوەیەو هەولّێکی بێوادەیی ئەو تاقمەیە بۆ بەرگری لە خۆکردنو جوانکردنی مێژووی خۆیان. ئەمەلە لایەك بۆ ئەوەی لایەنگرانی خۆیانی پێ رازی بکەنو لەلایەکی دیکەشەوە وەلاٌمێك بێت بەو رەخنانەی بەهۆی ئەم دەزگایەوەرووبەروویان دەبێتەوە.

بەلاٌم وەلاٌمەکانی سەرانی ئیخوان هەر چۆنێك بێت، بەتایبەت بەم شێوە حیکایەت خوانیەی (محمد الصباغ)کە گوایە ئەوان لە پێناو دەرکردنی بەریتانیا لە میسرو پاراستنی ئیسلامو دابینکردنی ئایندەیەکی باشتر بۆ هەمووان، بیریان لە دەزگایەکی واکردۆتەوە کە(الصباغ) خۆیشی ئەندامی بووەو بۆ ماوەیەکیش سەرۆکایەتی کردوە, ئەوا لەوە لاواز ترە بتوانێت راستیەکان ئاوەژووبکاتو تەواوی مرۆڤایەتیش لە خشتە بەرێت هەر بۆ ئەوەی رووی تاقمەکەی سپی بکاتەوە, چونکە لەلایەك سیاسەتی ئیخوان لەسەردەمی داگیرکردنو دوای داگیرکردنو هەلّوێستی ئەوان لە هەردوو قۆناغەکەدا بۆ هەمووان ئاشکرایەو زۆر وتنی لەسەر ناوێت. لەلایەکی تریش کەس نی‌یە بەم بەهانەیەی ئیخوانو قەلەمەکەی (محمد الصباغ) تەفرە بخوات کە گوایە مەبەستی ئەوان لە دەزگایەکی وا ئیسلامو دنیایەکی ئاسوودەترە بۆ هەمووان. لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك ئەگەر چی

ئاستێکی هۆشیاری مام ناوەندیشی هەبێت, لەوە تێدەگات کە پارستنی ڕۆحی ئایین (هەر ئاینێك بێت)، لەرێی کاری تیرۆریستیو دامەزراندنی دەزگایەکی تۆقێنەرەوە نابێت. هەرچیش پەیوەندی بە ئایندەی گەشو ئاسوودەشەوە هەیە, ئەوا کەم هەیە لەوە حاڵی نەبێت کە ئەوەی ئایندە بونیاد دەنێو داهاتویەکی گەشتر دەستەبەر دەکات، بێگومان (قەڵەمە نەك گوللەو، وشەیە نەك دینامێت).

## ڕێکخراوی ((ئیخوان موسلمین))، له ڕێنماییکردنەوه بۆ تۆقاندن!

تا هەنووکەش زۆربەی زۆری ئەوانەی سەرگەرمی لێکۆڵینەوەن لەبارەی گروپە ئیسلامی‌یەکانەوە، دەیانەوێت ئیخوان لەڕیزی ئەو تاقمانەدا پۆلبەندی نەکرێت کەبەتوندڕەوی‌و ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی نێوبانگیان دەرکردووە. بەرای من هەوڵێکی لەوجۆرە یان لەبێئاگایی‌یەوە سەرچاوە دەگرێت، یاخود کارێکی ئەنقەستەو لەپشتیەوە خواستێکی وەها هەیە تائیخوان وەك گروهێکی میانڕەوو هاوچەرخ کەلەسەر بنەماکانی ڕێنمایکردن‌و قەناعەتی فیکری کاردەکات، نیشانی خەڵك‌و خوا بدرێت.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەمێژووی ئیخوان بەسە بۆئەوەی بەهەڵەیەکی لەو چەشنەماندا نەبات، بەڵام بێگومان دەبێت لەکاتی وردبوونەوەو پێداچوونەوە بەئەزموونی درێژی ئەو تاقمەدا، ئەوگەمەی دەمامك بازییە تەفرەمان نەدات کە ئیخوان هەرجارە لەژێر ناوێك‌و بەبیانوویەکەوە ئەنجامی دەدات. جیاوازی‌یەکی زەق کەلەنێوان ئیخوان‌و گروپە ئیسلامی‌یەکانی تردا جێی سەرنجە، ئەو گەمەی دەمامك بازیەیە کەباسمان کرد.

لەکاتێکدا زۆربەی گروپە ئیسلامی‌یەکان راستەوخۆ تەعبیر لەماهیەت‌و چیەتی خۆیان دەکەن و ئەوەی بەقسە دەیڵێن هاوجووتە لەگەڵ ئەوەی بەکردەوە دەیکەن‌و یەك روون، ئەوا ئیخوانەکان تەواو پێچەوانەی ئەمانە رەفتار دەکەن‌و هەمیشە لەخەمی شاردنەوەی ماهیەتی راستەقینەی خۆیان‌و ئەو خواست‌و مەرامانەدان کەبەبێ دەنگی لەپشت خواستە رووکەشەکانەوە خۆیان مەڵاسداوەو لەنێوان کاروکردەوەکانیاندا دوورایی‌یەکی ئێجگار زۆر دەبینرێت، دوورایی‌یەك کەهەر مەگەر موعجیزەیەك بێت‌و لێکتریان نزیك بکاتەوە.

رەنگە یەکێك لەو لایانانەی لەباریدا بێت رووی دوفاقیەتی پەیڕەو پرۆگرام‌و سیاسەتی ئیخوانەکان ئاشکرا بکات و رۆشنایمان بۆ بخاتە سەر جەوهەری ئەم

تاقمەی کەبەباوانی تەواوی گروپەکانی ئیسلامی سیاسی دەناسرێت، مەسەلەی دەزگای نهێنی یاخود دەزگای تایبەتی ئەو گروپە بێت کە شێخ (حەسەن بەنا)ی رابەرو دامەزرێنەر، بەهاوکاری لەگەڵ (مەحمود ئەلصەباغ)ی هاورێیدا لەسەرەتای سالآنی چل دایانمەزراندو کردیانە بڕبڕەی پشتی رێکخراوەکەیان. کەدەڵێن لێپێچینەوە لە هەقیقەت و کاروچالاکییەکانی ئەم دەزگا (نهێنیو تایبەتە) لەباریدایە روی راستەقینەی ئیخوانمان نیشان بداتو لەو درۆزنە سیمایەمان بپارێزێت کەدەیەوێت لەرێگایەوە خۆی بەخەڵکی بناسێنێت، لەوەوە دێت ئاخۆ گروپێکی وەها کەبەزمانی خۆیان کاری خۆشەویستیو چەسپاندنی برایەتیو گرێدانەوەی پەیوەندی نێوان موسڵمانانو چاندنی تۆوی باوەڕو ئیمانە لەدڵی مرۆڤدا، ئامانجی گەیاندنی پەیامی خواو چەسپاندنی یاساو شەریعەتەکانی ئایینی ئیسلامە لەسەر زەوی، چی وای لێدەکات (گەر ئەمە ستراتیژو مەرامی راستەقینەی خۆی بێت)، لەدەرفەتێکی ئێجگار کورتدا لەرێنماییکردنی خەڵكو خواوە بەزمانی گولْ. بایداتەوە سەر دامەزراندنو دروستکردنی دەزگایەکی نهێنی وا کەکاری کوشتنو تۆقاندن بێتو زمانی گولێش بەزمانی چەك بگۆڕێتەوە.

بێگومان بەبێ ئاگابوون لەو هەنگاوە تاکتیکییە زۆر وردانەی شێخ (حەسەن بەننا) بۆ ئیخوان موسلمینی دیاری کردبوو، ئەستەمە لەمیکانیزمو جۆری ئەو گۆڕانە تێبگەین و هەموو لایەنە شاراوەکانی بخەینەڕوو. ئیخوان وەکی هەموو رێکخراوێکی ئیسلامی- سیاسی تەنهاو تەنها لەو قۆناغو رۆژگارەدا باوەڕی بەبرایەتیو نەرمی نواندنو میانڕەویو دیموکراسیەت هەیە کە لە سەرەتادایە و سەر پێی خۆی نەگرتووەو بازویەکی پتەوو باسکێکی بەهێزی نییە تا گورزی کەمەرشکێن لەنەیارەکانی بدات، بەلآم هەر ئەو دەمەی سەرپێی خۆی گرت و لە قەوارەو هێزی خۆی دڵنیابوو، ئەوا لەتەواوی ئەو شتانە حاشا دەکاو ئەو بەرگە تۆڕهەڵدەدات کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەناچاری پۆشیوویەتی.

بازدانی ئەمانیش لەرێنماییکردنەوە بۆ تۆقاندن، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئیخوان ئەو دەمەی خاموخاونو هێزێکی بچوکن، (حەسەن بەننا) بە ئامۆژگاری و رێنمایی بەرامبەرەکانی دەدوێنێو بانگەوازیان لێدەکات، بەلآم ئەو دەمەشی پێدەگرنو ریزەکانیان کۆكو پتەو دێنە پێشچاو، ئەو زمانە نامێنێو جلەو بۆ

**لاوێکــی تونــدڕەوی وەك (عبــدالرحمن ســندی) شــل دەکــرێو ئەوســا ڕێنمــایی بەهەڕشەو ئامۆژگاریش بەتیرۆرو تۆقاندن دەگۆڕدرێت.**

**زۆرجار ئیخوانەکان بــۆ مەســەلەیەکی وا پاســاوی جۆراوجــۆر دێننــەوە کــەداخۆ دروستبوونی (دەزگایــەکی تایبــەتو نهێنــی بۆچــیو لــەپای چــی؟ ئەمــە تاچــەند لەگەڵ جەوهەرو ناوەڕۆکی ئیسلامدا یەك دێتــەوە؟)، وەك وەڵامــێك بەمــە دەڵــێن: دروستبوونی دەزگایەکی وا پێداویستی‌یەکی مێــژوویی‌و کــارێکی ناچاری‌بوو بــۆ بەرووبەڕوودا وەستانەوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بــەریتانی لەمیســردا، بــەڵام وەڵامــێکــی لەو چەشنە تەنها ئەوانەی پێ چەواشە دەکرێت کەلەمێژوو بێ‌ئاگان، چونکە کــاری تیرۆرســتی‌و تۆقانــدنی ئــەو دەزگایــە دوای دەرپەڕانــدنی بــەریتانیاش لەوڵاتــدا بەئەندازەیــەك گــەورە دەبێــت تــا دەبێتــە هەڕەشــەیەك لــەناوخۆی ئیخــوان خۆشــی. تیرۆرکردنی ئەندازیار (السید فایز) ئەندامی ئەم دەزگایە بــەبڕیاری (عبــدالرحمن سندی) بەنوێترین شێوازەکانی تــیرۆر، بەڵگەیــەکی زینــدووی ئاســتی شــەڕانگێزی ئەو دەزگایەیە کەلەئامێزی ئیخواندا چــاوی کــردەوەو گــەورە بــوو. دەســەڵاتی ئــەم دەزگا نهێنییە لەسەردەمانی رزگاربوونی میسر دەگاتە ئاستێك، ڕێبەر و ئەندامە بــەرزەکانی ئیخــوانیش قســەیان لێ وەرناگرێــت. بــۆ زانیــاری زیــاتر لــەم بارەیــەوە بڕوانــە:** (فهد عبدالله النفيسي و اخرون: الحركات الاسلامية - رؤية مستقبلية - مكتبة مدبولي- القاهرة - الطبعة الاولى- 1989). **هــەوڵ و تەقەلای زۆری** (حسن الهضيبي) **بۆگۆڕینی (عبدالرحمن سندی) سەرۆکی ئــەو دەزگایــە بــە (یوســف تەڵعــەت)، مەبەســت لێــی کەمکردنــەوەی دەســەڵاتی ئــەو ناوەندەیەو بــۆ ســەرلەنوێ کــۆنترۆڵ کردنەوەیــەتی تــا لــەژێر بڕیــارو فەرمانــەکانی خۆیدابن.**

**بــەڵام ئــەو کێشــەو ململانــێ زۆرەی لــەنێوان هەریــەك لــە** (خميس حميدة و حسن الهضيبي و سالح عشماوی) **لەســەر چــۆنیەتی مامەڵــەکردن لەگــەڵ دەسەڵاتی عەبدولناسرو هەڵوێســتیان بەرامبــەر پەیماننامــەی هــەردوو حکومــەتی میسرو بەریتانیا دروست بوو، بووە مایەی ئەوەی دەزگای نهێنی زیاتر ســوود لــەو گرژی و ئاڵۆزیانەی ناو سەرکردایەتیەکەی وەرگرێو ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ ئــەوەی شــوێن پێــی خــۆی قــایمتر بکــات و وەك دەزگایــەکی ســەربەخۆو بڕیــار بەدەســت هەڵسوکەوت بکات.**

ئـەوەتا لەپـەراوێزی ئـەو ناکۆکیيانـەی نـاو سـەرکردايەتی ئێخوانـدا (صـلاح عبـدالمعطـي)، بەشـێکی هـەواڵگری لـەناو دەزگـای نهێنيـدا دروسـت دەکـات‌و (ئيـبراهيم ئەلتـەيب)يـش راسـتەوخۆ بڕيـار دەدات بـەوەی تـيرۆر بکەنـە ئـامرازی گروپەکـەيان، بەمەبەسـتی يەکلاکردنـەوەی کێشـەکانيان لەگـەڵ عەبدولناسـردا نـەوەك چارەسـەری ئاشـتيانە بگرنەبـەر. ئەمانـەش بەڵگـەی ئـەوەن ئەگەرچـی لەسەرکردايەتی‌کردندا (يوسف تەڵعەت) شـوێنی (عبـدالرحمن سـندی) گرتـەوە، بـەڵام تارمايييـەکانی(سـندی) هـەروا بەسـەر ئەندامەکانی‌يـەوە مايـەوە. (حسـن الهضيبـي)يش ئەگەرچی لەدوای شۆڕشی يۆليۆ لەگەڵ ئەو دەزگايـەدا نـاکۆکی هـەبوو، بـەڵام دواجـار ئـەويش لـەپێناو سـەپاندنی خواسـتەکانی ئيخـوان بەسـەر عەبدولناسـردا بـەزەبری هێـز کەوتـە چـاکترکردن‌و پتـەوکردنی پەيوندی‌يـەکانی لەگەڵيـاندا.

دەست پێکردنی کارە تيرۆريستەکانی ئيخوان لەناو ميسر دوای ئـەوەی تـەواوی گروپەکەيان بووە دەزگايەکی نهێنی، بەرووداوەکەی گۆڕەپـانی (المنشـيە)ی شـاری ئەسـکەندەريە لـەدژی عەبدولناسـرو لەلايـەن هەريـەك لەهنـداوی دوێـرو مـەحمود عەبدول لەتيفەوە دەستی پێکرد. بەئاشنابوون لەبەرنامەی کارە تۆقێنەرەکانی ئـەم دەزگايـەش، ئـيتر مايـەی سەرسـوڕمان نابێـت گـەر بـزانين لـەماوەی هەژدەسـاڵی تەمەنی حوکمڕانی عەبدولناسردا لە ژمـارەی سـيانزە هـەوڵ بـۆ تيرۆرکردنـی، نـۆ هەوڵ لەوانە بەتەنها لەلايەن ئيخوانەوە بوو بێت.

ئاشـکرابوونی ئـەم هەڵوێسـتەی ئيخـوان کـەمترين شـتێك ئـەوەمان پێـدەڵێت ئـەمان ئـەو سـاتە لـەڕيزی ڕێنماييکـاران‌و ميانڕەوەکانـدان کـەخاوەنی دەسـت‌و بازووی لێدان‌و وەشـاندن نـەبن، هـەرکاتێکيش هۆکـارێکی وا فەراهـەم بـوو ئـەوا لەڕيزی پێشەوەی توندڕەواندان. بەکورتی وەرچەرخانێکی وا لەڕێنماييکردنـەوە بـۆ هەڕەشەو تۆقاندن مايەی ئيفلاسبوونێکی فيکـری‌و ئايـدۆلۆژی دەگەيـەنێت، ئـەو گروپانەشی لەدوای سـاڵانی حـەفتاوە لەميسـردا دێنـە ئـارا بڕێـك لـەو ميراتيـەی ئيخوانيان پێ دەبڕێت، چونکە گەر هەمووشيان نەبێت ئەوا زۆربەی زۆريان لـەژێر رەشماڵەکەی ئـەوەوە هاتنـەدەری‌و گۆشـکراوی نـاو دەزگـا تايبـەت‌و نهێنييـەکانی ئەون.

خوێندنـەوەی ئـەم بابەتـە دەرهـەق بەمەسـەلەيەکی واو بـەزمانی کـوردی، هەنگاوێکی باشە بۆ زياتر حاڵی بوون لەکارو چالاکی‌يەکانی دەزگـا نهێنييەکـەی

ئیخوان موسلمین. شایەنی وتنە ئەم باسەی لێرەدا وەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بەشێکی کورتی کتێبێکی گەورەی (603)لاپەڕەی لیوا حەسەن سادقە بەناوی (رەگو ریشەی ئاژاوەگێڕی لە گروپە ئیسلامییەکاندا لە رۆژگاری پێغەمبەرەوە تا کوژرانی سادات) و لە هەشت بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

نەسکی یەکەم/ ململانێ لەسەر دەسەڵات دوای مردنی پێغەمبەرو کوژرانی خەلیفەکانی راشدین.

نەسکی دووەم/ پێکهاتووە لە دوو بەش: یەکەمیان تایبەتە بەگروپە ئیسلامی‌یە کۆنەکان بەشیعەو سوونەوە، دووەم بۆ گروپە ئیسلامییە نوێکان وەك (وەهابی‌و سەنووسی‌و مەهدیە) تەرخانکراوە.

نەسکی سێیەم/ ئەویش دوو بەشە، یەکەم: رێکخراوی ئیخوان موسلمین (ئەو بەشەیە کەوەرگێڕ کردویەتی بەکوردی‌و لەدوو توێی ئەم کتێبەدا بەچاپی گەیاندووە.. دووەمیان: تایبەتە بەکتێبی (معالم في الطريق)ی سەید قوتب‌و وەڵامدانەوەی ئەو کتێبە).

هەرچی نەسکی چوارەمە پێکهاتووە لەسێ بەش" یەکەم: گروپی (التفكير والهجره)، دووەم: کتێبی خەلافەت‌و بەرپەرچدانەوەی، سێیەم: رووداوی کوژرانی دکتۆر محەمەد حەسەن ئەلزەهەبی.. نەسکی پێنجەم بریتی‌یە لە:

1-رێکخراوی کۆمەڵەی جیهادو کتێبی (جهاد: الفريضة الغائبة)ی محمد عبد السلام فرج.

2-وەڵامدانەوەی کتێبی (جهاد: الفريضة الغائبة).

3-رووداوی هەڵکوتانە سەر کۆلێژی هونەری سەربازی.

4-تیرۆرکردنی ئەنوەر سادات.

5-رووداوەکانی تایبەت بەگروپی جیهاد.

نەسکی شەشەم/ تایبەتە بەگروپە ئیسلامی‌یەکانی دیکەی ناو میسری وەك:

أ-گروپی (الفرماوية).

ب-گروپی (السماويه).

نەسکی حەوتەم/ دوو بەشە:

ا- گفتوگۆی پیاوە ئایینییەکان لەگەڵ توندڕەوەکاندا.

ب- مشتومڕی پیاوە ئایینی‌یەکان لەمەڕ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی.

**نەسکی هەشتەم/ تایبەت بەهۆکارو چارەسەرەکان، هۆکاری سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی ئەو گروپانە. هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و ئەو چارەسەرانەی پێویستە پەیڕەو بکرێت و بگیرێتەبەر بەمەبەستی ڕێپێگرتنیان و نەهێشتنی ئەو دیاردە ترسناک و ناشارستانییە. لەپاڵ وەرگێڕانی ئەم بەشەدا هیواداریین لەئاییندەدا تەواوی بەشەکانی تری ئەم کتێبە بکرێتە کوردی و ئەو بۆشاییە گەورەی لەکتێبخانەی کوردیدا هەیە تایبەت بە باسوخواسی ئیسلامی سیاسی پێ پڕبکرێتەوە.**

# میسر و ئیسلامی سیاسی

(أفأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين)
-يونس99-

بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهانی ئیسلامی، میسر درێژترین تاقیکردنەوەی لەگەڵ بزوتنەوەی بەناو ئیسلامییەکاندا هەیە. ئەزموونێك کە خۆی لە سێ چارەکە سەدەیەك دەدات، هەر لەرەوتە سەلەفییەکانی وەك ئیخوان موسلمینەوە کە لەساڵی 1928 حەسەن ئەلبەننا لەشاری ئیسماعیلییەوە دەستی بەدامەزراندنی کرد، تا ئەو گروپە جیهادییە رادیکاڵانەی لەدوای ساڵانی حەفتاوە لێبراوانە بەنهێنیو بەئاشکرا کارو چالاکی خۆیان ئەنجام دەدەن.

ئەم گروپانەش وەنەبێت لەپشتی ئیخوانەوە هەڵتۆقابن، بەڵکو سەرجەمیان لەئامێزی ئەوداو لەژێر باڵی ئەوەوە هاتوونەتە ئارا. کاتێك لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا تیۆریستێکی وەکو (سەید قوتب) لە نووسینە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەرچەرخایە سەر نووسینی سیاسیو چەند کتێبێکی وەك (هذا الدين، مستقبل لهذا الدين، معالم في الطريق، في ظلال القرآن)ی بڵاوکردەوە، لەرێی دوو مەرجەعیەتی ئسوڵی تازەوە کە ئەوانیش ئەبو ئەعلای مەودودیو ئەبو حەسەنی نەدەوی بوون لەهەریەك لەپاکستانو هیندستان، توانی دابڕانێك لەگەڵ ئەو بەریانە فیکری و پەیرەو پرۆگرامە سیاسییەدا دروست بکات کە بزوتنەوە بەناو ئیسلامییەکان بەدرێژایی چارەکە سەدەیەكو بەرەچاوکردنی پەیامەکانی حەسەن بەننا لەمیسردا کاری پێدەکرد.

جۆری ئەم دابڕانەش لەو ناکۆکیە ئایدیۆلۆژیەدا زیاتر خۆی ئاشکرا دەکات کە نووسینەکانی سەید قوتب بەتایبەت (معالم في الطريق) لەناو ریزەکانی ئیخوان موسلمیندا دروستی کرد، سەید لەم کتێبەیدا کە دواترو پاش لەسێدارەدانی لە (1966/8/29) لەگەڵ هەریەك لە (عەبدولفەتاح ئیسماعیلو محەمەد یوسف هەواش)دا دەبێتە ئینجیلو مانیفێستی تەواوی گروپە جیهادییەکان، کەلەسەرەتای

ساڵانی حەفتاو دوای شکستی شەشی حوزەیرانی 1967و مردنی جەمال عەبدولناسرەوە (1970/9/28) دێتە ئارا، لەسەر دوو چەمکی سەرەکی رادەوەستێتو تەواوی جیهانبینیو مەبەستەکانی خۆی لەم کتێبەدا لەسەریان بنیاد دەنێت، ئەوانیش هەریەك لە چەمکی (حاکمیەتو جاهیلیەت)ن. واتە جگە لەیەزدان کەسی دی شایستەی حاکمیەت نییەو ملدان بەحوکمی هەرکەسێك جگە لەخواوەند ئەوپەڕی عبودیەتو کوفرو جاهیلیەتە, جاهیلیەتێك کە ئەمڕۆ سەرجەم مرۆڤایەتی تێیدا نقووم بووە.

لای سەید جاهیلیەت قۆناغێك نییە کەوتبێتە پشتمانەوەو جێمان هێشتبێت، بەڵکو قۆناغێکەو لەبەردەمماندایە. رووبەڕووبوونەوەی وەها هەلومەرجێکیش ئەوە دەخوازێت نوخبەیەکی دیاریکراوی موسڵمانان خۆسازدەنو قسە بەکردار بگۆڕنو شەڕی دنیایەك بکەن، شەڕێك هەر بەشەڕی ئەو سەردەمانە دەچێت کەسەرەتای هاتنە خوارەوەی پەیامی ئیسلام بوو. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەبدەین ئەم چەمکانەی سەید لەم کتێبەیدا بەکاریان دێنێت، دەقاودەق لە ئەبو ئەعلای مەودوودی (1903-1979) وەریگرتووە لە کتێبی (المصطلحات الاربعة في القرآن). ئەم کتێبە وەك وتمان هەروا بەئاسانی تێنەپەڕیو ناکۆکی ئایدیۆلۆژی لەڕیزی ئیخوانەکاندا دروست کرد. (حسن الهضيبي) زیاتر رەخنە لەمەودوودی دەگرێت و قسەکانی ئاراستەی ئەو دەکات بەو پێیەی ئەو پیاوەی لە پشت (معالم)ەوەیە جگە لەمەودوودی کەسێکی تر نییە، بەڵام ناڕاستەوخۆ رەخنەو بۆچوونەکانی لەو کتێبەدا ئاراستەی سەید کراوە، کارێك کە وایکرد محەمەد قوتب بێدەنگ نەبێتو لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (الشهاب)ەوە وەڵامی هەموو ئەوانە بداتەوە کە راستەوخۆو ناڕاستەحۆ هێرشیان کردۆتە سەر براکەی.

تەنانەت دوای (الهضيبي)یش عومەر تەلسانی رابەری پێشووتری ئیخوان، زیاتر ئاستی ئەو ناکۆکییە ئایدیۆلۆژیانە ئاشکرا دەکاتو لە ساڵی 1982 ئاوەها دەنووسێت: (سەید قوتب جگە لەخۆی نوێنەرایەتی کەسیتر ناکات، ئەو زمانحاڵی ئیخوان نەبوو). ئەگەر (معالم) لەساتەوەختی دەرچوونییەوە جێی نائومێدیو رەخنەی ئەو کەسانە بوبێت کەنوێنەرایەتی هێڵی گشتی سیاسەتەکانی ئیخوانیان دەکرد، ئەوا لەبەرامبەردادەستی ئەو گەنجە توندڕەوانەی لەنێو زیندانەکانی (ليمان طرة)وە خۆیان لەپیاوە پیرو کەنەفتەکانی ئیخوان جوێ کردەوەو رێگایەکی تازەیان بۆخۆیانو جۆری ئیشکردنیان و رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت هەڵدەبژارد. بەمردنی جەمال عەبدولناسرو هاتنە سەرکاری ئەنوەر سادات وەك دەسەڵاتداری یەکەمی وڵات، قۆناغێکی تازەو جیاواز لەمێژووی میسردا دەستی پێکرد. کارکردنی سادات بەئاراستەی پێچەوانەی سیاسەتەکانی ناسر بوو، یەکەم هەنگاویشی پەیوەندیی بەستنو سەوداکردنی دۆستانەبوو

لەگــەڵ گروپــە بــەناو ئیســلامییەکاندا. شــوێن کــەوتووانی هێڵــی گشــتی ئیخــوان بەهەنگاوەکانی سادات رازی بوونو تێکەڵ بەژیانی سیاسی بوونــەوە. بــەڵام هەرچــی ئــەو باڵەیە کە (معالم)یان ئەزبــەر کردبــوو، هــەر زوو یــاخیبون و خۆیــان جیــاکردەوە. یەکــەم هــەنگاوی ئــەم گروپــە جیهادییــە یاخیانــەی (معــالم) سەرچــاوەیان بــوو، لەگــەڵ شــوکری مستەفای دامەزرێنەری کۆمەڵەی (التكفير و الهجرة)دا دەستی پێکرد.

شــوکری مســتەفاو لەبــەر رۆشــنایی هێڵــە ســەرەکییەکانی (معالم في الطريق)دا کەوتە دارشتنی دەستوورێکی تازە بۆ شوێن کــەوتووانو لایــەنگرانی کــە بنــەڕەتی تــرین کۆڵەکــەکانی بریتــی بــوون لــە: 1- التكفير 2-الهجرة. واتــە یەکــەم مەبەســت لێــی تەکفیرکردنی سەرجەم کۆمەڵگەیە بە (حاکم و مەحکومە)وە، دووەمیشیان پەیڕەوکردنی ســتراتیژیەتی (الهجرة)یــە، واتــە جێهێشــتنی کۆمــەڵ و کۆچــکردنە بــەرەو ناوچــەیەکی چەپەكو دوورە دەســت بەمەبەســتی خــۆ بــەدوورگرتن لەکۆمــەڵگای جــاهیلی و گــومڕاو ســەرلەنوێ خۆســازدانەوەو خــۆ تــەیارکردن بــۆ فەتحکردنــەوەی ئــەو شــوێنانەی جێیــان هێشــتووە. ئەمــەش کتومــت لاســاییکردنەوەی هــەمان هەڵوێســتی پێغەمبــەر (د.خ)و یاوەرانیەتی کە لەسەرەتای بڵاوبوونــەوەی ئــاینی ئیســلامدا لــەنێوان مەککــەو مەدینــەدا پەیڕەویانکرد.

ئەم هەنگاوەی شوکری مستەفا ئەگەرچی هەرزوو لەمیسردا شکســتی هێنــاو لــەدوای فڕاندنی (د. محەمەد حسێن ئەلزەهەبی) وەزیری ئەوقافو کاروباری ئیســلامییەوە خــۆیو چەند هاوەڵێکی دەسگیرکران وئیعدام کران، بەڵام لەسەر دەستی چــەندین گروپــی دیکــە بەردەوامیی پێدراو هەتا ئێستاش درێژەیان هەیە: لە حەفتاو هەشــتاکاندا ســاڵح ســریەو ســاڵم رحــالو محەمــەد عەبدولســەلام فــەرەجو عــەبود ئــەلزمر، تــا عــەتا تایــلو خالیــد ئیســلامبولی کــە لــەڕۆژی 6ی ئۆکتۆبــەری 1981دا کۆتــایی بــەژیانی ئــەنوەر ســاداتی ســەرۆکی میســر هێنــاو خــۆیو هاوەڵــەکانی لەســێدارەدرانو ســەرەتایەکی خوێنــاویو شەڕانگێزتر دەستی پێکرد. لەنەوەدەکاندا گەیشتە ترۆپــكو ئــاگری شــەڕ تــەواوی خــاکی کینانەی گرتەوە، هەر لەقیبتییەکانی سوهـــاجەوە تا روونــاکبیرو رۆشنفکرانی وەك (د. فەرەج فۆدەو نەجیب مەحفوزو د. نەسر حمد ئەبو زەید. هەر لــەگازینۆی وادی النیــل-ەوە بۆ ناو پەرستگای (حەچەپسوت)و بازاڕی خان خەلیلیو شوێنەوارە دێرینەکانی ئوقسور. لەوێوە بۆ هەوڵی تیرۆرکردنی دەسەڵاتدارە باڵاکانی دەوڵەت وەك: (رەفعەت ئەلــەحجوب، حەسەن ئەلفی، سەفوەت شەریفو عاتف سدقی)و تەنانەت دەستیشیان گەیشتە حوسنی موبارەکیش کە لەسەردانێکدا بوو بۆ ئــەدیس ئــەبابای پایتــەختی ئەســیوبیا. ئــەوە و لــە دوای ئــەو بــەروارەوەو بــەهۆی دروســت بــوونی تــۆڕێکی نێودەوڵەتییــەوە کــە (بــن لادن)

لەپیشـــاوەرەوە (شـــارێکە کەدەکەوێتـــە ناوچـــە ســـنوورییەکانی نێـــوان ئەفغانســـتان و پاکستانەوە) سەرکردایەتی دەکات، زۆربەی سەرکردەکانی ئەو گروپانە توانیویانـە بـەرەو دەرەوە هەڵبێن و لەوێوە درێژە بە کار و چالاکییەکانی خۆیان بدەن. هەرچەندە لە سەرەتا سالّی پارەوە زۆر لەوانـە بەدەسـتگیرکراوی رەوانـەی میسـر کراونەتـەوە، وەك: (ئیـبراهیم ئەلنەجار)، بەلاّم ئەوانەی دیکەیان کە ماون و لە ئەفغانستانن وەك (ئەیمـەن ئـەلزەهراوی و شەوقی ئیسلامبوولی)، هەر هەڕەشە دەکەنو سوورن لەسەر درێژەدان بـە کارەکانیـان. تەنها پەیامیشیان ئەوەیە کە دەڵێن: (ئێمە تەنها یەك زمان دەزانین، ئەویش زمـانی ئـەو گوولەو فیشەکانەیە کە خالید ئیسلامبوولی تەقاندی).

# سیناریۆی ڕەشی جەزائیر

لەپای ئەوەی ئێستاکە لەجیهانی ئیسلامی بەگشتیو جەزائیر بەتایبەتی ڕوو دەدات، سۆسیۆلۆژستی جەزائیری (عەلی الکنز) بەوپەڕی سەرسامیەوە دەپرسێتو دەڵێت: (کێ لەوباوەڕەدا بوو ئەو سەید قوتبەی کێشەی لەگەڵ عەبدولناسردا هەبوو، رۆژێك لە رۆژان دەبێتە شەهیدێك لەلای جەماوەر؟ یان کێ باوەڕی دەکرد رۆژێك بێت گەنجەکانی جەزائیر ئەوەندە بەحیزبەکەی حەسەن بەنا ئاشنابن، زیادلەوەی بەمێژووی بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی ولاتەکەیان ئاشنابن؟).

سەبارەت بەو هەلومەرجە دژوارەی چەند ساڵێکە لەجەزائیردا بەردەوامە، وای کردووە پرسیارو سەر سامبوون لەبەرامبەر ئەوەی ڕوودەدات، بەتەنها هەڵوێستی یەكو دوان نەبێت یان تەنانەت هەڵوێستی کتێب بەدەستو نوخبەیەکی دیاری کراویش نەبێت، بەڵکو بارودۆخی ناهەموارو مەرگەساتی هەموو رۆژەی جەزائیریەکان گەیشتۆتە ڕادەیەك کەپرسیاری: (حاڵی ئەم گەلە بۆ بەم ئاستە ترسناکە گەیشت؟) ببێتە پرسیاری یەکە یەکەی ئینسانەکان هەر لە خوێندەوارێکەوە تائەو ڕەشە خەڵکەشی خوێندەواریان نی‌یەو کەوتونەتە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە.. درێژە کێشانی ئەو تراژیدیا خوێناویەی جەزائیر رۆژبەڕۆژ وادەکات ئەو پرسیارە بێتەوە بەرباس: (کە بەڕاست ئەمە بۆ لە جەزائیردا ڕوو دەدات؟).

جەزائیرێك کە تا ئۆکتۆبەری 1988 وەك سیمبولێ بەرخودانو خاکێکی پیرۆزی خاوەن ملیۆنێك شەهید سەیردەکرا، بۆوای بەسەردا هات؟ جەزائیری (محەمەد ئەرگۆنو کاتب یاسینو محەمەد دیبو حەبیبە محەمەدی و مەولود فیرعەون و لویزا حەنون.. و.. و..)، بۆ بەم ئاستە ترسناکەی ئەمڕۆ گەیشت؟ چیوایکرد جەزائیری خاوەن سەدو سی دوو ساڵ خەبات لە دژی ئیستعماری فەرەنسی (1830/7/5) بۆ (1962/7/5) و یەك ملیۆن قوربانی, لە ئێستادا لەسەر گڕکانەکانی ئیسلامی سیاسیو لەبەردەم دەرگاکانی شەرێکی ئەهلیدا ڕابووەستێت؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە (مستەفا دەحمان)ی نووسەر لەم نووسینەیدا (ئیسلامی سیاسی لە جەزائیر دەرهاویشتەی چییە؟), دەیکات و ئەوەندەشی پێی دەکرێت هەوڵدەدات لەبەر ڕۆشنایی ئەوهەلو مەرجە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگییەی لەساڵانی دوای سەربەخۆییەوە لەئارادایە، وەڵام بداتەوە.

بێگومان یەکێك لەهەرە دەرەنجامە سەرەکیەکانی دروست بوونو برەو سەندنی بزاوتە ئسولیەکان لەولاتانی کەناردا، شکستی پرۆژەی مۆدێرنیزمە کە لەدوای قوناغی سەربەخۆییەوە لەم وڵاتانەدا پەیرەو کراوە. هۆکارێکی گرنگی شکست خواردنی مۆدێرنیزمیش، دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانو هاتنە ئارای شێوازی جۆراوجۆری دەسەڵاتی دەوڵەتی دیکتاتۆریو خۆسەپێنەر بەسەر تەواوی کۆمەڵدا. هاتنە ئارای ئەم مۆدێلی دەسەڵاتە لەوڵاتی جەزائیردا هەر لە رۆژگاری سەربەخۆییەوە، سەرەتایەك بوو بۆزەمینە خۆشکردن لەبەردەم دروستبوون و تەشەنەسەندنی جۆری ئەو بزوتنەوە ئسولیە توندڕەوانەی لەمڕۆدا هەن.

ئەگەر چی (مستەفا دەحمان) دێتە سەر خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەم قەیرانە لەڕووە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیەکانیەوە، بەلام هاوکات ئەو هۆکارە سەرەکیە فەرامۆش دەکات کەڕاستەوخۆ لەپشت کەوتنەی ئەم تەنگژەو قەیرانانەوەیە. ئەویش ئامادەگی ئەو دەسەڵاتە سەربازیەیە کەلە کۆدێتاکەی (هواری بومدین)ەوە لە (19ی حوزیرانی 1965) وە دەستی پێکردوو، تا ئێستاش بەردەوامە. واتا حوکمی جەزائیری لەساتەوەختی سەربەخۆییەوەو لەدوای (پەیماننامەی ئیڤیان)ی نێوان بەرەی رزگاریخوازی جەزائیری و (شارل دیگۆل) لە (1962/3/9) تا رۆژگاری ئەمڕۆ، حوکمی ژەنەراڵەکانی سوپا بووە، هەر لە (هواری بومدیەنەوە تا شازلی بن جدید و عەلی کافی و محەمەد بوضیاف و ئەمین زروال). لەم نێوەندەشدا حوکمی تەمەن کورتی هەریەك لە حکومەتە کاتیەکەی (بن یوسف بن خدە) و (ئەحمەد بن بێلا) هەڵدەبوێرین.

لەسەر کار لابردنی (ئەحمەد بن بێلا) لەڕێی کۆدێتا سەربازیەکەی (هواری بو مدیەن)ەوە لە (19ی حوزیرانی 1965)، سەرەتای ڕەگ داکوتینی دەسەڵاتی عەسکەر بوولە وڵاتداو بەم هەنگاوە فاشیانەش دەستی پێکرد:

(هەڵگرتنی دەستوور، هەڵوەشاندنەوەی هەریەك لە ئەنجوومەنی نیشتمانیو مەکتەبی سیاسی حیزبی بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کەبووەگەورەترین ناوەندی بڕیار بەدەست لەوڵاتدا لەڕووی سیاسیو تەشریعیو قەزائییەوە. داڕشتنی بناغەی سیستمی حوکمی تاك حیزبی، برەودان بەئایدۆلۆژیای دەوڵەتی دکتاتۆریو..). بەمەش دەوڵەتی یاسایو دەستووری وەلانراو عەسکەریەکان بوونە ڕەقیبێك بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. ئەم ڕێسایانەی (بۆمدین) لەسەردەمی خۆیدا هێنانیە گۆڕێ، وەك میراتیەك بۆ ئەوانەی لەدوای خۆیەوە هاتن بەجێماو ئەوانیش بەووردی کاریان لەسەرکردو بووە هۆی ئەوەی بیرۆکراسیەتی مەرکەزی هەیمەنەتی زیاتر پەیدابکات. بەهاتنی (شازلی بن جدید)یش دەسەڵاتی دەوڵەت لە دکتاتۆریەتێکی سەربازی تاکە کەسیەوە گۆڕدرابە دەسەڵاتێکی بیرۆکراسی دەستەجەمعی.

کاتێك (بن جدید) توانی حکومەتو سەرجەم ئیدارەو دامو دەزگادەوڵەتیەکان بۆ مەبەستی خزمەتکردنی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت. بەم هەنگاوەش قەیرانی بونیادی سیستمی بیرۆکراسیەتی جەزائیر قوڵتربووەو کاریگەری گەیشتە سەر تەواوی کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانی کۆمەڵگەو دەرەئەنجامیش ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری 1988ی لێکەوتەوە کە ئاکامی ڕاستەوخۆی کەڵەکەبوونی هەموو ئەو هەڵانەبوون، چارەکە سەدەیەك بوو لەژێرپەیمانی درۆو دەسەڵاتی عەسکەرتاریەتدا پەردەپۆش کرابوون.

چاوخشاندنێکی خێرا بەقۆناغی دوای سەربەخۆبوونی جەزائیردا، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئەوەی لەوێدا ڕوودەدات بەرلەوەی قەیرانێکی ئایینی بێت، بۆخۆی بریتیەلەقەیرانێکی سەتاسەری هەمەلایەنتر کە هۆکارە کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگی و سیاسیەکانی لەڕیزی پێشەوەین. بێحیکمەت نییە کە مەڵبەندی سەرەکی گروپە توندڕەوەکان لە ڕیزی پێشەوەشیان بەرەی ئینقاز و (جماعة الاسلامية المسلحة) لە (حي القبة و باب الواد)دا بن کە هەژارترین دوو گەڕەکی جەزائیری پایتەختن, یاخود بڵاوبوونەوەی خێرای ئەم گروپانە هاوشانی (سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕوناکبیری عەقڵانی پێشکەوتن خوازو ڕۆشنگەری جەزائیری بێت). (مستەفا دەحمان: ئیسلامی سیاسی لەجەزائیر دەرهاویشتەی چی‌یە؟ لاپەڕە 11). ئەمانە لەپاڵ نەبوونی هیچ جۆرە

دیموكراسیەتێك‌و نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین. وڵاتێك لە هەشتاكان ڕادەی بێكاری تیایدا بگاتە دوو ملیۆن و (24) ملیار دۆلار قەرزی دەرەكی لەسەر شان بێت (هـ.س.پ، لاپەڕە 8)، بەڵام هاوكات سەرگەرمی هاوردنی تفاق‌و كەرەسەی سەربازی‌و خۆ پڕچەك كردن بێت تا كار بگاتە ئەوەی لە ساڵی 1985دا جەزائیر شەشەمین وڵاتی جیهان بێت لەكڕینی چەك‌و تەقەمەنیدا.

ئەمە سەرەڕای دروست بوونی چینێكی مشەخۆر لەپاڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا كەخاوەن سەروەتێكی بێشوماربوون، لە كاتێكدا بەپێی سەرژمێریەكان ڕێژەی هەژاری لەنێو جەزائیردا گەیشتبووە 96%ی دانیشتوان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری‌و دابەزینی ئاستی فیكری‌و ڕوناكبیری، بەجۆرێك ئێستا لەو وڵاتەدا تاكە گۆڤارێكی رۆشنبیری دەرناچێت.. ئیتر بێگومان ئەوەی لەناو تەونی گرێچنی ئەم كارەساتانەدا لەدایك دەبێت، نموونەی ئەو گروپە توندڕەوانەیە كە لەمڕۆدا دەیانبینین، چونكە ئەمانە ئەو بزاوتانەن كە تەنها و تەنها لەناوكارەسات‌و نەهامەتیەكاندا دروست دەبن‌و تەشەنە دەسێنن. تاڕەوشەكەش لەسەر ئەم ڕێتمەی خۆی بەردەوام بێت، ئسوڵیەت زیاتر گەشە دەكات‌و قەیرانەكانیش قوڵتردەبنەوە. هاوشانی ئیدانەكردنی ڕەفتارو هەڵسوكەوتەكانی ئەم گروپانە، دەبێت ڕەخنەش ئاڕاستەی ئەو دەسەڵاتە بیرۆكراسیەش بكرێت كە ئاڕاستەی وڵاتی بەوەها ڕێگایەكدا برد تابگاتە ئەم ئاستە ترسناكە.

لەناوەڕاستی ساڵانی حەفتادا (بۆمەدین) بەڕاشكاوی لەبەردەم دەزگاكانی ڕاگەیاندندا وتی: (لەگەڵ سەرەتای هەشتاكاندا جەزائیر ڕیزی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەجێدێڵێ و دەچێتە ڕیزی وڵاتە پێشكەوتوەكانەوە)، بەڵام ئەمە جگە لەسەرابێك چیتر نەبوو. ئەم بەڵێنە بێ بناغەی (بۆمەدین) وەك ئەو بەڵێنەی (حەمە ڕەزا شا) بوو كە بەگەلانی ئێرانی دابوو سەبارەت بەهەمان مەسەلە. (بۆمەدین) خۆی لەژیان دامابوو كە بینی چۆن ئاكامی حوكمە سەربازی‌و سیاسەتە هەڵەكانی جەزائیری گەیاندۆتە ئاستێك تا لاوانی بێكار و كارگەكانی بەرهەم هێنانی كلۆمدراو وڵاتیش ببێت بەژێرباری قەرزی زۆری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی‌یەوە، لەجیاتی چوونە ڕیزی وڵاتانی

پێشکەوتووشەوە بچێتە ڕیزی وڵاتە هەرە قەرزارەکانی جیهانیەوە، (ه.س.پ، لاپەڕە 8).

لێرەوە دەبێت تراژیدیای ئەمڕۆی جەزائیر لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلومەرجە دژوار و قەیرانە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو فەرهەنگیانەدا هەڵسەنگێنین، نەك وەك ئەوەی ئیسلامچی یەکان دەیانەوێت بەرگێکی ئایینی بکەن بەبەرداو مەسەلەکە بەکێشەی نێوان کوفرو ئیمان لێکبدەنەوە. ئەوەشی لەهەڵبژاردنەکانی (12ی حوزیرانی 1990)دا ڕوویدا هەڵبژاردن نەبوو لە نێوان (لیبرالیەت و ئیسلامی) وەك هەندێك نووسەری ئیسلامی وەك (یوسف محەمەد الشیخ) باسی دەکەن، بەڵکو ئەوەی لەوبەروارەدا ڕوویدا ڕەتکردنەوەی ئەو دەسەلاتە عەسکەرتاریەتە بوو کە نان و ئازادی و کار و بژێوی لە هاولاتیان گرتبووەوە، واتە ئەوەی ڕەتکرایەوە حوکمی عەسکەر بوو نەك لیبرالیەت بێت.

ئەگەرچی کاردانەوەی ئەم گروپە توندڕەوانە سەرەتابە سوپاو کارمەندانی بیانیو ڕۆژنامەوانو سەرانی دەوڵەت دەستی پێکرد (وەك تیرۆرکردنی محەمەد بوضیاف لە 9ی حوزەیرانی 1992)، بەلام دواجار بەشێوەیەکی ترسناك دەستیان دایە گیانی هاولاتیانی مەدەنی و خەڵکانی ئاسایی و لە بەرامبەریشدا وەلامی دەوڵەت توندتربوو. ئەو کارنامەی پەیمانی نیشتمانییەی لە (14ی کانونی دووەمی 1995) لەڕۆما لەلایەن سەرجەم حیزبو ڕێکخراوە جەزائیریەکانەوە مۆرکرا، تەقەلایەك بوو بەمەبەستی ڕاگرتنی ئەو نەزیفی خوێنەی لە جەزائیردا دەڕژێ و دەست پێشخەریەك بوو تا لایەنە ناکۆکەکان کۆتایی بەجەنگی نێوانیان بهێنن, بەلام حکومەتەکەی (زروال) ئەو پێشنیازەی ڕەتکردەوەو ئەو هەولانەی بەپلانێکی دەرەکی لە قەڵەمدا دژ بە سەروەری جەزائیر. لەبەرامبەردا پێشنیاری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی خستە بەردەم ئەو لایەنەنانە تا لە ساڵی 1999دا ئەنجام بدرێت، دوای ئەوەی (زروال) بڕیاریدا لە بەهاردا دەست لە کار بکێشێتەوەو پۆستی سەرۆکایەتی چۆڵ بکات.

چاودێران ئەمە بەهەنگاوێکی باش دەزانن بۆئەوەی گرژیەکان برەوێتەوەو ئەو سیناریۆ ڕەشەشی ساڵانێکە بەردەوامە بەسیناریۆیەکی سپی بگۆڕدرێت.. ئەو دەمەی دوای کوژرانی (بوضیاف) (زروال) ئامادەیی نیشاندا پۆستی

سەرۆکایەتی وڵات بگرێتە دەست، وتیان:(زروال) دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕزگارکرد, لەبەرامبەردا دوای دەستگیرکردنی هەریەك لە سەرکردەکانی بەرەی ئینقازی ئیسلامی (عەباس مەدەنیو عەلی بلحاج) وتیان: (عبدالقادر حەشانی) بەرەی ئینقازی ڕزگارکرد (حشاني انقذ الانقاذ). بەڵام لەنێوان ڕزگارکردنی ئەم دەستەو ئەولایەندا، ناوەندێکی گرنگترو گەورەتر فەرامۆشکراوە کەچاوەڕێی ڕزگارکەرو ڕزگار کردنێك دەکات لەو مەینەتیو نەهامەتیانەی سالآنێکە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، ئەویش جەزائیرە.. گرنگیش ئەوەیە بپرسین ئاخۆ لەم نێوەندی شەڕ و کێشمەکێشەی نێوان دەسەڵاتێکی دیسپۆتیزمی و گروپە توندڕەوەکاندا، کێ جەزائیر ڕزگار دەکات و جارێکی تر ئەو وڵاتە دەخاتەوە سەر ڕەوڕەوەی ژیان و شارستانیەت؟

# بزوتنەوەی چەکداری ئیسلامی لەجەزائیر
## ( لەبەرەی ئینقازەوە بۆ کۆمەڵی ئیسلامی )

لە دە ساڵی رابردوودا ئەگەر وڵاتێکی وەك ئەفغانستانو نمونەیەکی دزێوی حوکمڕانی وەکو تاڵیبان لەگۆڕێدا نەبوایە، ئەوا بێگومان جەزائیرو بزاوتە ئیسلامییەکانی ئەوێ بەدترین نمونەیەکی ئیسلامی سیاسی دەبوون لەجیهاندا. ئەگەرچی لە دوای دەستبەکاربوونی (عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە)وە وەکو سەرۆکی وڵات ئیسلامی سیاسی لەجەزائیردا لەپاشەکشەو داکشاندایە، بەڵام کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی بەرەی ئینقازی ئیسلامی لەبەلجیکاو دواتر ئەو قەسابخانەیەی شەوی 14|15/8/2002ی ناوچەی (شلێف) کە 29 هاوڵاتی مەدەنی تێدا سەربڕا، سەرلەنوێ جەزائیرو باسو خواسی ئیسلامییەکانی ئەوێی کردەوە سەردێڕی هەواڵەکان.

ئەودوو رووداوەی بەلجیکاو ناوچەی (شلێف) راستەوخۆ پەیوەندییان بە دوو بزاوتی دیاری ئیسلامی سیاسییەوە هەیە لە جەزائیردا کە ئەوانیش: (بەرەی ئینقازی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامین)، ناوەرۆکی ئەم کتێبەش بریتییە لە تاوتوێکردنی سەرەتاکانی دروستبوونی ئەو دوو بزاوتەو چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ گۆڕانکاریو قەیرانەکانی جەزائیردا لە ماوەی نێوانی ساڵانی 1989-1998.

نووسەری ئەم کتێبە لەساڵی 1991 لەرۆژنامەی (الحیاە)ی لەندەنیدا کاردەکاتو لەو کاتەشەوە کاری ئەو بریتییە لەبەدواداچوونی دۆسیێی جەزائیرو بزاوتە ئیسلامییەکانی ئەوێ؟.. بێگومان کەم کەس هەیە لە مێژووی جەزائیر و خەباتی درێژخایەنی ئەو میللەتە لە دژی کۆلۆنیالیەتی فەرەنسییەکان بێئاگابێت، لەسەدەی بیستەمداو لەسەروەختی قۆناغی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی

لەجیهانی سێیەمدا، جەزائیرو ڤێتنام کوانووی شۆڕش‌و سمبولی بەرخودان‌و چراوگی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی بوون. کۆڵنەدانی جەزائیرییەکان لەخەباتێکی سەدوسی‌ودوو ساڵەی تاقەت پڕوکێن (1830-1962) لەدژی فەرەنسییەکان‌و بەخشینی ملیۆنێك شەهید لەو پێناوەدا، نەك دۆست‌و لایەنگرانی بگرە دوژمنەکانیشی سەرسامکرد..

1962/7/1 ڕۆژی ڕزگاری‌و نیشتمانی جەزائیرییەکانە، ئیتر لەو ڕۆژەو تا 5ی ئۆکتۆبەری 1988، واتە بەدرێژایی چارەکە سەدەیەك جەزائیر جگە لە ڕەمزی بەرگری و مقاوەمەت و ئازادیخوازی شتێکی تر نەبوو، بەڵام لە ئۆکتۆبەری 1988 مێژوویەکی تازە دەستپێکرد، مێژووی خوێن و مێژووی جەنگێکی چەپەڵ, وەکو (حەبیب سوەیدیە) دەڵێت. شەڕی نێوان موجاهیدو کۆلۆنیالەکان، ئەبوتەبرەو مەرگدۆست و هەڵپەرستەکان. شەڕێك کەعاقیبەت مێژووی ئەو وڵاتەی شێواندو هاووڵاتیانی جەزائیری لەنێوان دوو ئەگەری قێزەوندا شەتەکدا: (یان دەکوژیت یان دەکوژرێیت)!.

جەزائیر سەرەتای قۆناغی سەربەخۆیی بەحوکمی سێ ساڵی پیاوێکی مەدەنی وەك (ئەحمەد بن بلە) دەستپێکرد (1962-1965)، دوای ئەوە لەڕێی کۆدێتایەکی (محەمەد بو خەڕوبە)وە کەناسراوە بە(هاواری بۆمدیەن) حوکمی ژەنەراڵەکانی سوپا دەستپێکرد. (بومدیەن) چواردەساڵ‌و (1965-1979)، (شازلی بن جدید)یش سیانزە ساڵ (1979-1992).

بێگومان لەنێوان ماوەی حوکمڕانی (بومدیەن) و (بن جدید)دا ئەگەری سەرلەنوی دەستپێکردنەوەی حوکمێکی مەدەنی هەبوو، چونکە لەسەروەختی مردنی (بومدیەن)دا ئەوانەی لەڕیزی پێشەوەدا بوون بۆ جێگرتنەوەی دوو سیاسەتمەداری ناسراوبوون کەیەکێکیان چەپڕەو ئەوی‌دیکەشیان لیبرالی بوو. ئەوانیش هەریەك لە (محەمەد ساڵح یەحیاوی) و (عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە) بوون، بەڵام سوپا بەهیچ کامیان ڕازی نەبوو. لەبری ئەوان (بن جدید) هات‌و حوکمی سەربازی جەنەراڵەکان بەردەوام بوو.

هاتنی (بن جدید) زۆر بەهاتنی (ئەنوەر سادات) دەچێت. دوای مردنی (عەبدولناسر) لەمیسر چۆن (سادات) بەئاراستەی پێچەوانەی هەموو سیاسەتەکانی (عەبدولناسر) سەردەمی حوکمڕانی خۆی دەستپێکرد، (بن

جديد)یش لەجەزائیر وایکردو سەرلەبەر ستراتیژێکی تازەی گرتەبەر کەتەواو دژی سیاسەتو بەرنامەکانی چەند ساڵەی (بۆمدیەن) بوو.

ئەگەر سەردەمی (بۆمدیەن) بەسەردەمی سۆسیالیستیو برەودان بە کەرتی گشتیو خۆدانەپاڵ کامپی رۆژهەڵات ناونووسبکرێت، ئەوا قۆناغی (بن جدید) قۆناغی سیاسەتی کرانەوەو لیبرالیەتو گواستنەوە بوو لەکەرتی گشتییەوەیە بۆ کەرتی تایبەت. سەرئەنجامیش ئەوەی لەم سیاسەتانە رسکا (وەکی ئەزمونی سادات لەمیسر)، هەژاریەکی زۆرو زەوەندو بێکاریەکی لەرادەبەدەر بوو لەگەڵ دروستبوونی کەمینەیەکی دەوڵەمەندی مشەخۆر کە4|3ی داهاتو خێروبێری وڵات دەچووە گیرفانی ئەوانەوە.

بەردەوامی ئەم هەلومەرجە نالەبارە هاووڵاتیانی جەزائیری هێناسەر شەقامو کەوتنە نارەزایی دەربرین، لەئاکامدا شۆرشی نانی لێکەوتەوە کە لە بەرواری (5/ تشرینی یەکەمی/ 1988)دا بوو. هەمان حاڵەتیش دە ساڵ بەرلەوەی جەزائیر لە میسر و لەسەردەمی حوکمرانی (سادات)دا روویدا، کاتێك ساڵی 1977 لەقاهیرەو زۆربەی شارە گەورەکانی میسردا شۆرشی نان بەرپا بوو.

ئەگەر لەمیسر (سادات) ئەمەی بەفیتی چەپو کۆمۆنیستو ناسرییەکان زانیبێتو بۆ کپکردنی ئەو نارەزاییانە زیندانەکانی لەهەموو چینو توێژەکان لێوان لێو کردبێت، ئەوا لەجەزائیردا حاڵەتەکە تەواو پێچەوانەبوو، واتە (شازلی بن جدید) لەبری ئەوەی بکەوێتە وێزەی گەلانی جەزائیرو بۆ توندترکردنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆییو درێژەدان بەتەمەنی حوکمرانی خۆی ئەحکامی عورفی رابگەیەنێو نەیارەکانی سەرکوت بکات، کەوتە پیادەکردنی سیاسەتێکی ئەقڵانیو شێلگیرانە مامەڵەی لەگەڵ پێشهاتو رووداوەکاندا کردو بریاری کرانەوەو چاکسازیو رەخنە لەخۆگرتنیدا.

ئەڵبەت هەموو ئەمانەش بەدەسکەوتێکی گەورە بۆ ئەو تۆماردەکرێنو هەموو ئەوانەشی کەدێنە سەرباسی مێژووی هاوچەرخی جەزائیرو باس لەو قەیرانەی ئێستای ئەو وڵاتە دەکەن، گەر ئەم راستییانە لەبەرچاو نەگرن ناهەقیەکی گەورەدەکەن. رووداوەکانی ئۆکتۆبەر (بن جدید)یان خستەسەر کەڵکەڵەی بەرنامەرێژی بۆ قۆناغێکی نوێو دەستکردن بەگۆرانکاری لەمیکانیزمی حوکمکردنو سیاسەتی بەرێوەبردنی دەوڵەتدا، سەرەنجامی ئەو دەستپێشخەرییە بوێرانەی (بن جدید)یش

دەستوری نوێی وڵاتی لێکەوتەوە. ئەم دەستوورە لە(23/ شوباتی/ 1989)دا ئیعلانکراو بەپێی برگەکانیشی کۆتایی بەسیستمی تاك حزبی هێناو سەردەمی فرەحزبی هێنایە گۆڕێ، هەروەها بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی گشتیو سەرتاسەری لەتەواوی جەزائیردا درا.

(بن جدید) لەماوەی کەمتر لەپێنج مانگدا (ئۆکتۆبەری 1988 تا شوباتی 1989), توانی وڵات لەسیستمێکی ملیتاری تاك حیزبییەوە بگۆڕێت بەسیستمێکی دیموکراسی فرەحزبیو بێهیچ بەربەستو گرێو گوالێك بواری کاروچالاکی سیاسی لەبەردەم دەستەو تاقمە ئیسلامیەکانیشدا والآبکات.

هەردوای راگەیاندنی دەستووری نوێی وڵاتو لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا بەرەی ئینقازی ئیسلامی لەمزگەوتی (ابن بادیس)ی گەڕەکی (القبە)ی جەزائیری پایتەختدا، ئیعلانی دروستبوونی خۆی کردو (عبدالباقی صحراوی)یش بەیاننامەی دامەزراندنەکەی خوێندەوەو هەر لەوکاتەشدا رستە بەناوبانگەکەی خۆی وت: (ئێمە بەرەی ئینقازی ئیسلامی دادەمەزرێنین، ئەو بەرەیەی جگە بۆ یەزدان مل بۆ کەسیتر کەچ ناکات). دوای شەش مانگو لەئەیلولی 1989 بەرە بەرەسمی مۆڵەتی کارکردنی لەدەوڵەت وەرگرت.

بەرەی ئینقاز هەر لەیەکەم رۆژی دامەزراندنییەوە بەشەڕانگێزییەکی زۆرو لەخۆباییبوونێکی بێوێنەوە رەفتاریدەکرد، وتارو لێدوانی بەرپرسانی ئەو حزبە راستی ئەو قسەیە دەسەلمێنن. هەر لەلێدوانەکانی (عبدالباقی صحراوی)یەوە بیگرە تابەوتارو هەڕەشەکانی (ئەنوەر هەدامو عەلی بلجاج) دەگات. بێگومان هەر ئەم وتارە ئاگرینو شەڕانگێزانەش بوون زەمینەیان خۆشکرد، تا ژەنەراڵەکانی سوپا رووقایمانەتر بێنە مەیدانو گورزێکی گورچك بڕ لەبەرنامە ریفۆرمییەکانی (بن جدید) بدەنو کۆتایی بەدەسەڵاتی بهێنن.

سەروەختێك کەهێشتا بەرەی ئینقاز ساڵێك لەتەمەنی خۆی تەواو نەکردبوو نەگەیشتبووە دەسەڵاتو حوکمڕانی وڵاتی نەکەوتبووە دەست، کەچی پیاوێکی سەلەفی وەکی (عەلی بلجاج) بێپەردە لێرەولەوێ دەیدا بەگوێی هەموانـدا کە(ئەو دیموکراسیەت بەکوفر دەزانێتو رێز لەدیموکراسیەت نانێت) یان دەیوت: (هەر ئەوەندەی سەرکەوتین ئیتر دیموکراسی گۆشاوگۆش سەردەبڕین) یاخود (ئەمە یەکەمینو دوایەمین هەڵبژاردنە لەم وڵاتەدا بکرێت).

ئەم هەڵوێستانەی (بەلحاج) چەندە ڕێگر بوو لەبەردەم کرانەوەی زیاترو زۆرتری (بن جدید)دا، ئەوەندەش ستراتیژی ژەنەراڵەکانی سوپای بەهێزتر دەکردو مەوقعیەتی سەرکردە سەربازییەکانی وەك ژەنەراڵ (خالد نزار)و (محەمەد عەماری) تۆکمەتر دەکرد.

بۆیە پێویستە هەموو ئەوانەی قسە لەڕەوشی جەزائیرو زیندەبەچاڵکردنی دیموکراسی دەکەن لەو وڵاتەدا، بەر لەهەرشتێ سەر کۆنەی ئەو نەفەسە شەڕانگێزو باڵە توندڕەوە بکەن کەهەر لەسەرەتاوە کەوتنە شمشێرکێشی لەدیموکراسیەتو زیندووکردنەوەی روحیەتی دیکتاتۆریو فاشیزم لەو وڵاتەدا.. هەربۆیە ژەنەراڵەکانی سوپا لەترسی هەڕەشەکانی فاشیزمی ئیسلامی نەك پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕاگرتو کاروچالاکی بەرەی ئینقازیشی قەدەغەکرد، بگرە بەر لەهەموو ئەوانەش کەوتە دوورخستنەوەو لەسەرکار لابردنی (بن جدید)یش کەنەخشەی داڕێژەری ئەو پلانو بەرنامە نوێیە بوو.

ئەوە توندڕەوی فاشیزمی ئیسلامی بوو بەهانەی ئەوەی دایەدەست سوپا کەپرۆسەی دیموکراسی لەو حەدەدا ڕاگرنو لەگەڵ قەدەغەکردنی کاروچالاکی عەلەنیش لەخۆیان، کۆتایی بەدەسەڵاتی (شازلی بن جدید)یش بهێنن. بەرەی ئینقاز کەسەرەتا دروستبوو بەرەیەك بوو چوار باڵی لەخۆیدا جێکردبووەوە: (سەلەفییەکان، جیهادییەکان، ئیخوانو باڵی- الجزأره). ئەمانە لەلایەن زۆر لەئیسلامییەکانی ئەو وڵاتەوە جێی خۆشحاڵی نەبوونو بەڕەوایان نەدەزانی کەسانێکی وەك: (عەباسی مەدەنیو بلجاجو حەشانیو رابح کەبیر) سەرکردایەتی بزاوتی ئیسلامی لەجەزائیردا بکەن، لەبەرئەوەی زۆر سەرکردەی ئیسلامی دیکە هەبوون کەخۆیان بۆ ئەو کارە بەشایستەتر دەزانی، نموونەکانیشیان وەك: (مەحفوز نەحناحو محەمەد بوسلیمانیو عەبدوڵڵا جابەڵڵاو..هتد). لێرەدا دەبێت ئەوەش بەبیربهێنینەوە کەتاسەروەختی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی جەزائیریش لە1991/12/26، سەرانی بەرەی ئینقاز لەناو خۆیاندا ناکۆك بوون لەسەرئەوەی کەداخۆ بەشداری بکەن یان نا، بەڵام دواجارو پاش ئەوەی زۆر لەناوەندە سەلەفیو بزاوتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە داوایان لەئینقازکرد بەشداربکاتو ئەوان لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا دەکەونە کۆمەککردنیان، کێشەکە یەکلاییکرایەوەو بڕیاری بەشداریکردن درا. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 1991 جەزائیر هاتوون، باس لەوەدەکرێت کەپارەدارەکانی کەنداو بڕی دوانزە

ملیۆن دۆلاریان بەخشیوەتە ئینقاز تا لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا خەرجی بکاتو ئەم بڕەپارەیەش لەبانکی (فیصل الاسلامی) لەخەرتومی پایتەختی سودانەوە ڕەوانەی جەزائیر کراوەو لەسەرەتای ساڵی 1992 بیست ملیۆن دۆلاری دیکەشیان بۆ ڕەوانەکراوە. خوێنەری ئازیز بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (عبدالرحیم علي: اسامة بن لادن، الشبح الذي صنعته امریكا- میریت للنشر و المعلومات - القاهرة، الطبعة الاولی، 2001، ص 52-53).

خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکان لەکۆی 430 کورسی Fis 188 کورسی بردو سۆسیالیستەکانیش بەڕابەرایەتی (حسین ئایەت ئەحمەد) 25 کورسیو بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی 15 کورسیو بێلایەنەکانیش سێ کورسیان بەدەستهێنا.

وابڕیاربوو ڕۆژی 12/ کانوونی دووەمی/ 1992 خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدرێت، بەڵام بەپێی بڕیارێکی سوپا پرۆسەکە ڕاگیراو ڕۆژێکیش بەر لەوە ژەنەراڵەکان داوایان لە (بن جدید) کرد دەست لە کار بکێشێتەوەو واز لەکاری سیاسیی بهێنێ. لەپاش دەست لەکارکێشانەوەی (بن جدید)، سوپا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵایدا بەسەرۆکایەتی (محمد بوضیاف) بۆ سەرکردایەتی وڵات. لەبەر هەلومەرجی نالەباری وڵات ڕۆژی 9/ شوبات/ 1992 حاڵەتی نائاسایی لەسەرتاسەری جەزائیردا ڕاگەیەنراو بیستو پێنج ڕۆژیش دوای ئەوە واتە لەبەرواری 4/3/1992، کاروچالاکی سیاسیی ***Fis*** لەتەواوی وڵاتدا قەدەغەکرا.

لەکاتێکدا (بوضیاف) دەیویست بەهەمان ئیقاعی (بن جدید) بجوڵێیتەوەو نەبێتە داردەستی سوپا، ڕۆژی 29 حوزەیرانی 1992 لەکاتی وتارو خوێندنەوەداو بەپێی پیلانێك یەکێك لەپاسەوانەکانی بەناوی (مبارك بومعرافی)یەوە لێی هاتەدەستو تیرۆریکرد. دوای ئەوەو لە ڕۆژی 2/ تەموزی/ 1992 دا (عەلی کافی) لەجێگەی دانراو لە15ی هەمان مانگدا حوکمی دوانزە ساڵ زیندانی درا بەسەر هەریەك لە(عەباسی مەدەنیو عەلی بەلحاج).

لێرەدا پێوستە باس لەوەش بکەین کەهەر دوابەدوای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکانو قبوڵ نەکردنی ئەنجامەکانی بەرەی ئینقاز هەوڵێدا لەبەرامبەر ئەو هەنگاوەی سوپادا سیاسەتێکیتر پەیڕەوبکاتو ستراتیژیەتێکی تر بگرێتەبەر، ئەویش گرتنەبەری ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی میللی بوو، بۆ سەرلەنوێ دووبارەکردنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئێرانی لەساڵی 1979دا.

سەرانی Fis پێیان وابوو ئەو سێ ملیۆن کەسەی لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێداون، دەکرێت تەیاربکرێن‌و وەکی هێزێك بڕژێنە شەقامەکانەوەو حکومەت ناچارکەن دەسەڵاتیان تەسلیم بکات. ئەوەبوو دەست بەجێ (عەبدولقادر حەشانی) بانگەوازێکی بڵاوکردەوەو داوای لەگەڵی جەزائیر کرد دەست بەخۆپیشاندان بکەن، هاوکات داواشی لەهێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەی کرد کەلولەی تفەنگەکانیان نەکەنە خۆپیشاندەران. ئەوە مایەی نائومێدییەکی قوڵ بوو بۆ سەرانی ***Fis***و تەواوی هێزە ئیسلامییەکان، ئەوەبوو نەگەل بەدەنگی داواکارییەکەیانەوە چوو نەهێزە چەکدارەکانیش لەبڕیاری فەرماندەکانیان دەرچوون. لەئاکامی ئەو راگەیاندنەی (حەشانی)دا، دەوڵەت بڕیاری دەسگیرکردنی داو حوکمی شەش ساڵ زیندانی بۆ دەرکرد لە کانوونی دووەمی 1992 بۆ تەموزی 1997.

سەرەنجام ئەم گۆڕانکارییانە بەوە کۆتاییهات کەلەناو ***Fis***دا تەرازووی هێز بەلای ئەواندا شکایەوە کە لەگەڵ جیهادی سەربازیدا بوون نەك سیاسیی، لەبەرامبەریشدا سوپا وڵاتیان دایە دەست ژەنەراڵ (ئەمین زروال)، لەولاشەوە کۆمەڵی ئیسلامی لەتۆکمەبوون‌و گەشەکردندا بوو. کۆمەڵی ئیسلامی لەوانە پێکهاتبوو کەسەر بەگروپەکەی (مستەفا بویعەلی) بوون‌و ساڵی 1989 لەلێبوردنێکی گشتیدا ئازادکرابوون، هاوکات بەشێکی دیکەیان لەو ئەفغان عەرەبانە بوون کەساڵی 1990 گەڕابوونەوە جەزائیر.

ئەگەر Fisو بەتایبەت باڵی سەربازی ئەو رێکخراوە کە(مەدەنی مرزاق) سەرکردایەتی دەکردو دواتر لەگەڵ هاتنی (عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە)داو لەتەموزی ساڵی 1999 خۆیان تەسلیم بەحکومەت کردەوەو وازیان لەکاری تیرۆریستی هێنا تاوانەکانیان سنووردارو دیاریکراو بووبێت، ئەوا ئەو کردەوانەی کۆمەڵی ئیسلامی‌و تاقمی تەکفیرو هیجرەی (حەسان حەتاب) لەو وڵاتەدا کردویانە لەگێڕانەوە نایەن‌و باس ناکرێن.

کۆمەڵی ئیسلامی لەماوەی ئەو تەمەنە کورتەی خۆیدا، زیاد لەسەرکردەیەك رابەرایەتی کردووەو لەگەڵ هەریەکەشیاندا قۆناغێکی خوێناوی و خوێناوی تر لەو وڵاتەدا هاتۆتە ئاراوە. سەرەتای سەرەتا بە (عەبدولقادر شەبوتی) دەستیانپێکردو دواتر (عبدالحق العبایدە) هات، تادەسەڵاتدارانی مەراکیش لەخاکی ئەو وڵاتەدا دەسگیریان کرد و تەسلیم بەجەزائیریان کردەوە. پاشان لە تەموزی 1993دا

(عیسی بن عمار) بووە بەسەرکردەی کۆمەڵی ئیسلامی، بەڵام تەنیا ماوەی مانگێك مایەوەو لە ئابی هەمان ساڵدا لە هەڵمەتێکی هێزەکانی سوپادا کوژرا.

لە پاش کوژرانی ئەمیش (جەعفەر ئەفغانی) جێگەی گرتەوە، لەسەردەمی ئەم پیاوەدا پرۆسەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس و ئەکادمیستو رۆشنبیرو شانۆکارو هونەرمەندانی جەزائیر دەستپێکردو (ئەفغانی) بەئاشکرا رایگەیاند کە(من یحاربنا بالقلم نحاربه بالسیف)، واتە ئەوەی بەقەڵەم دژایەتیمان بکات بەشمشێر بەرپەرچی دەدەینەوە، بەڵام مانەوەی ئەمیش زۆری نەخایاندو لەشوباتی 1994دا کوژرا. بەکوژرانی (ئەفغانی) قۆناغێکی ترسناکتر لەمێژووی کۆمەڵی ئیسلامی دێتەپێش، ئەویش لەگەڵ هاتنی (جەمال زەیتونی)دا دەست پێدەکات لەئۆکتۆبەری 1994. لەم قۆناغەدا کۆمەڵ هەر بەتەنیا کاری تیرۆریستی لەناوخۆی جەزائیردا ئەنجامنەدەدا، بەڵکو ئەو پرۆسەیەشی گەیاندە وڵاتانی دەرەوەش، وەك ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی کەوتبێتە شەڕێکی سەرتاسەری لەدژی تەواوی جیهان. (زەیتونی) بەدوو ئاراستەی کاری دەکرد:

یەکەم/ یەکسختنی سەرجەم میلیشیا ئیسلامییەکانو کۆکردنەوەیان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا.

دووەم/ گواستنەوەی شەڕو کارە تیرۆریستییەکانی گروپەکەی بۆ ناو جەرگەی فەرەنسا. هەر لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەمدا خوێنی هاووڵاتیانی مەدەنی حەڵاڵ دەکرێت، بەتایبەتی ژنانو هاوڵاتیانی بیانی لەجەزائیر. سەبارەت بەشەرعیەتی ئەو کارانەو رادەی رەوایەتیان کتێبێکی 62 لاپەڕەیی بەناوی (هدایە رب العالمین)ەوە بڵاوکردەوەو خوێنی ئەوانی حەڵاڵکرد. دەستوپێوەندەکانیشی بەویژدانێکی ئاسوودەو ئەوپەڕی خەمساردییەوە کەوتنەکاری تیرۆرو تۆقاندن، هەر لەفڕاندنی فرۆکە مەدەنییەکانی فەرەنساوە بۆ قەتڵوعامکردنی هاوڵاتیانی گوندە دورە دەستەکانی جەزائیر تادەگاتە تیرۆرکردنی قەشەی کڵێسایەك لەناوچەی تیزی ئۆزۆ. نموونەکانیان وەك (جان شۆڤیار)ی تەمەنی 69 ساڵو (کریستیان شیسیل)ی تەمەن 36 ساڵو (ئالان دیۆلانگار) تەمەن 75 ساڵو (شارڵ دیکیز)ی تەمەن 70 ساڵ.

(زەیتونی) هەر بەوەندەوە نەوەستا قەتڵوعامی عەلمانیو مەسیحیو کەسانی بێگوناە بکات، بەڵکو کەوتە پاکتاوکردنی ئەو کەسانەشی کە لەریزی بزاوتە ئیسلامییەکانیتردا رەخنەیان لەکاروکردەوەکانی دەگرت. ئەوەبوو چەند سەرکردەیەکی دیاری لەناو گروپی (الجزأرة)دا تیرۆرکردو ئەو گروپەش لەتۆڵەی

سەرکردەکانیاندا خۆیان بۆنایەوەو لەهاوینی 1996 تیرۆریانکرد. تیرۆرکردنی (زەیتونی) نەك کۆتایی بەو خوێناوو قەسابخانەیە نەهێنا کەڕۆژانە ژیانی لەولاتەدا کردبووە دۆزەخێك، بەڵکو بەکوژرانی (زەیتونی)و هاتنی هەرزەکارێکی وەك (عەنتەر ئەلزەوابری) ناسراو بە(ئەبوتەڵحە)، سەردەمی قەتڵو عامێکی گەرمتر دەستپێکردو ئەو ولاتەی کردە گۆڕستانێك.

لەم بارەیەوە نوسەری ئەم کتێبە دەنووسێت‌و دەڵێت: (ولات لەسەردەمی ئەودا دزێوترین تاوانی بەخۆیەوەبینی کەهەموویان دەرهەق بەهاولاتیانی بێگوناه ئەنجامدەدران و پیاوەکانی زەوابری دەستیان لەپیرو منداڵو ژن‌و پیاو نەدەپاراست، تەنانەت کۆرپەلەش لەسکی دایکیدا لەچەقۆکێشی پیاوەکانی ئەو قوتاری نەبوو).

ترسناکترین وەرگۆڕانیش لەسیاسەتی کۆمەڵی ئیسلامی‌و لەسەردەمی (ئەلزەوابری)دا، ئەو کاتە دەستیپێکرد کەناوبراو لەئەیلولی ساڵی 1997دا بەیاننامەیەکی دەرکردو لەو بەیاننامەیەدا بڕیاری تەکفیرکردنی تەواوی گەلی جەزائیر درا، بەمجۆرە کۆمەڵی ئیسلامی لەگروپێکی سەلەفیی جیهادییەوە بوو بەگروپێکی تەکفیری.

لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی تازەدا واتە ساڵی 1998، لافاوی خوێن هەڵێکردو ژمارەیەك لادێی لەگەڵ خۆی راماڵی. گوندی (سیدی موسا) 98 کوژراوو (بەنی مەسوس) 80 کوژراو (بن تومی) 85 کوژراو. دزێوی ئەو تاوان و کارو کردەوانەی (ئەلزەوابری) دەستیدایە، (مەدەنی مەرزاق)ی سەرکردەی باڵی سەربازی Fis ناچارکرد بانگەوازی ئاشتبوونەوە بۆ حکومەت بکات‌و لەسەرەتای پایزی 1997 ئاگربڕ رابگەیەنێت.

وازهێنانی Fis لەکاروچالاکی سەربازی‌و گەڕانەوەیان بۆ ژیانی مەدەنی، هێندەی‌تر شەرعیەتی لەکۆمەڵەی ئیسلامی‌و گروپەکەی (حەسان حەتاب) کردەوەو ئیعتباری لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە کەمکردنەوە. کۆتایی هەشتاکان سەردەمی هەڵکشانی تەوژمی ئیسلامی سیاسیی بوو لە جەزائیردا کۆتایی نەوەدەکان‌و سەرەنجامی ئەو هەموو قەتڵو عامەی بەناوی جیهادو رەوایەتی خەباتی ئیسلامییەوە ئەنجامدرا، هاوکات لەگەڵ هاتنی (عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە)و تەسلیمبوونەوەی باڵی سەربازی ***Fis***و چەکدانیان، داکشان‌و پاشەکشەی ئیسلامی سیاسیی لەو ولاتەدا دەستیپێکرد.

**کۆبوونەوەی ئەنجارەی** Fis **لەبەلجیکاو گۆڕینی ستراتیژی خۆی بۆ خەباتی مەدەنی، ئەو راستییە دەسەلێنێت کەسیاسەتی دە سالّی رابردووی چ ئەوانو چ گروپەکانی دیکەش، چ زەرەرو زیانێکی گەورەو گرانی نەك هەر لەخۆیان بگرە لەنێو بانگو مێژووی ولاتەکەشیان داوە. ئیسلامییەکانی جەزائیر لەرێی هەلّوێستی توندرەوی خۆیانەوە دیموکراسی ئەو ولاتەیان زیندەبەچالّکردو کۆمەلّی ئیسلامیش مێژووی جەزائیریان شێواندو ئەو ولاتەیان لەکوانووی شۆڕشو سمبولی بەرخودانو چراوگی رێگای ئازادییەوە، گۆڕی بەولاتێك کەلانکی تیرۆرستانو رەمزی شەرانگێزیو مەرگ دۆستی بێت. بێگومان مەترسی گەورەی فاشیزمی ئیسلامیش لێرەدایە کە دیموکراسی گۆڕدەنێت و خەمساردانەش ژیان و زیندەگی ئەتك دەکات.**

**دواجار ئەزموونی ئیسلامی سیاسیی لەجەزائیردا ئەو راستییەشی سەلماند کەئەو بزاوتانە چەندێك لەخزمەتی درێژکردنەوەی تەمەنی سیستەمە ملیتارییەکانداو لەبەرامبەریشدا چ دوژمنێکی سەرسەختی دیموکراسیو هەموو جۆرە کرانەوەیەکن.**

---

کتێب: بزوتنەوەی چەکداری ئیسلامی لەجەزائیر-لە(ئینقاز)ەوە بۆ (کۆمەلّ)- نووسەر: کمهیل الطویل- لەبلاوکراوەکانی: دەزگای (النهار)، چاپی یەکەم، بەیروت- 1998.

# ئیسلام، ئەوروپا، خۆرئاوا

لەمیانەی گفتوگۆیەکی درێژدا لەگەڵ سکرتێری پارتی لیبراڵی هۆڵەندی (فریتز پۆلکستاین)، سەرلەنوێ (محەمەد ئەرگۆن) دەگەڕێتەوە سەر تاوتوێکردنی ئەو مەسەلە گرنگانەی نزیکەی بیست ساڵێکە لیبراوانە لەدیدێکی رەخنەییەوە هەوڵی روونکردنەوەیان دەدات. ئەم دیدارەشی لەگەڵ کەسایەتییەکی سیاسی ئەوروپی وەك (پۆلکستاین)دا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، بۆ رونکردنەوەی فیکری ئیسلامی و واقعی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لەمڕۆدا، بەتایبەت کە ئێستا پەتای سەلەفییەت و دیاردەی بزاوتە ئسولییەکان زۆر تەشەنەی سەندووە، تەنانەت هەڕەشەو مەترسییەکانی خۆیشی گواستۆتەوە ناوجەرگەی هەندێ وڵاتانی خۆرئاواش. کارێك وایکردووە زۆربەی هاووڵاتیانی خۆرئاوا تەواو بڕوا بەو تێزە کلاسیکی و تەقلیدیانە بهێنن و لەو دیدگایەوە بڕواننە ئایینی ئیسلام و گەلانی موسڵمان کە خۆرهەڵاتناسەکان و گوتاری خۆرهەڵاتناسی لەرۆژگارێکی دوورەوە بەرهەمیان هێناوە.

لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکی ئەم گفتوگۆیەی نێوان (فریتز پۆلکستاین) و (محەمەد ئەرگۆن) ئەوە بوو کە دیدارێکی رۆژنامەوانی بێ و لەیەکێك لەرۆژنامەکانی وڵاتی هۆڵەندادا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەبەر زۆری و بەرفراوانی ئەو بابەت و مەسەلانەی تایبەت بەئیسلام و خۆرئاوا و پەیوەندی نێوانیان لەڕابردوو ئێستاو ئەگەرەکانی ئایندەش هاتنە ئاراوە، وایکرد ئەو گفتوگۆیە بەڕادەیەك درێژە بکێشێت کە ببێتە پرۆژەی کتێبێك و بۆ یەکەمجار لەهۆڵەندا لەژێر ناوی (ئیسلام و دیموکراسیەت)دا بڵاوبکرێتەوە.

(ئـەرگۆن) لێـرەداو لـەکارەکانی دیکەیـدا هـەوڵ دەدات تـا ئـەو بەرگـە ئایدۆلۆژییە مێژووییە کە بە بەر زاراوەکـانی (ئیسـلام، ئـەوروپا، خۆرئـاوا)دا کـراوە، دابماڵـێ و ئـەو وێنـە ئایدۆلۆژییانـە بەوێنەیـەکی واقعـیو مێـژوویی بگۆڕێت. ئەویش لـەڕێگای دیـدێکی رەخنـەیی بناغەییەوە لەهـەر یـەك لـە کەلـەپووری (ئیسـلامو خۆرئـاوا) کـە هـەر یەکـەیان لەمێـژە دیـدێکی شەڕانگێزانەیان لەبەرامبەر یەکدیدا پیادەکردووەو یەك لەوی دی وەك نـەفرەت لێکراوێك روانیووە.

لـەبری خوێندنـەوەی واقیعانـەو مێژووییانـەی یـەکتری، هـەوڵی داتاشـینی وێنەی بەدو وێناکردنی یەکتریان داوە و ئەمەش لـە ڕوانگەیـەکی ئایـدۆلۆژیی رووتـەوە. رەنگـە لـەم رووەوە هەوڵـەکانی خۆرئـاوا بـۆ وێنـاکردنی ئـەوی دی بەپێی خواستو ویسـتەکانی خـۆی دیـارو بەرچـاوتربێت, چـونکە بەدرێـژایی دووسـەدەی رابـردوو رۆڵـی سەردەسـتەیی بینیـووەو ئـەوی دی لـەژێر رکێـفو هەیمەنەتی کۆلۆنیالی ئەودا بـووە، بۆیـە هەرچـی رووە نێگەتڤـەکانی خۆیـەتی بەخشیویەتە بەرامبەرو لە پاڵیشیدا گوتارێکی ئایدۆلۆژی رەگـەز پەرسـتانەی وەهـای بەرهـەمهێناوە کـە دوور لـەواقیعو مێـژوو بـووە، خۆرهەڵاتناسـی لـە جەوهەردا نموونەی دیاری ئەو گوتارەیە.

هاوکات دیدی موسڵمانانیش بۆ خۆرئاوا تینۆڕینێکی سەقەتو نادروست بووەو هاووڵاتیانی جیهـانی ئیسـلامی تووشـی فۆبیـای خۆرئـاوا بـوون، واتـە هەرچی نەهامـەتیو شکستو دواکەوتنی خۆیانـە دەیدەنـە پـاڵ خۆرئـاواو ئـەو بەبەرپرسـی یەکـەم دەزانـن. بـە بـاوەڕی (ئـەرگۆن) هـەردوو تێنۆڕینەکـە لەحەقیقەت خاڵییەو توێژێك لەوەهم دراوە بەسەر هەردووکیاندا. بۆیە ئـەرکی روونـاکبیر لـەم قۆناغـەی ئێسـتادا سـڕینەوەی ئـەو بـڕواو قەناعەتـە کـۆنو ئایدۆلۆژیانەیەو هەوڵدانە بـۆ خسـتنە سەرپشـتی دەرگـای دیـالۆگو کرانـەوە بەڕووی یەکتریدا، چونکە ئەمە تەنها رێگایەکە بۆ پێکەوە ژیانو لێکگەیشتن.

هـەوڵی (ئـەرگۆن)یـش دەچـێتە ئـەم چوارچـێوەیەوە، ئەمـەش بـۆ خـۆی هەوڵێکی قورسو گرانە، لەلایەك دەبێ بەگژ هەموو ئەو تێـزە ئایدۆلۆژیانـەدا بچـیتەوە کـە خۆرهەڵاتناسـەکان لەسـەر ئیسـلام بەرهـەمیان هێنـاوەو لای خۆرئاواییـەکان بۆتـە قەناعـەتو بەڵگەنەویسـتێكو لـە رەفتـاری رۆژانەیانـدا

ڕەنگیـــان داوەتـــەوە، لەلایـــەکی دی دەبێـــت دیـــدی میللـــەتانی موســـڵمانیش بەرامبـــەر خۆرئـــاوا بـــگۆڕێت (خۆرئـــاوای کـــافرو گـــومڕاو، سەرچـــاوەی شەڕانگێزی و بەدرەفتاری). واتە (ئەرگۆن) و هاوشێوەکانی وەکـو ئـەو چـەند دەبێـت شـەڕی خۆرهەڵاتناسـانی وەکـو (ئەرنسـت رینیـانو هـامڵتون جـبو بێرنارد لویس) بکەن، پێویسـتە هێنـدەش شـەڕی فەندەمەنتالیزمـەکانی لـە وێنەی (ڕەشید ڕەزاو ئەبوئـەعلای مـەوودودیو سـەید قوتـبو حەسـەن بـەننا) بکەن.

سەبارەت بە ئیسلام، (ئەرگۆن) پێی وایە چیتر بواری ئەوە نییە بـۆ کۆلکـە مەلاکانو ئیمامو ڕێبەری گروپە ئسولّیەکان جێبهێڵرێ، تا هەریـەك بـەپێی ڕۆژو بەرژەوەندی تایبـەتی خۆیـان تـاوتوێی بکـەنو ئیسـلام وەك فیکـرو وەك شارسـتانی‌یەت لەحەلاڵوحەرامـدا قـەتیس بـدەن. بـەرگرتن لەمـەش ئـەرکی سەرشـانی ئـەهلی فیکـرو ڕووناکبیریـە کەدەسـت بەخوێندنەوەیـەکی نـوێی ڕەخنەگرانە بکەن لە کەلەپوورو مێژووی ئیسـلامیو بکەونـە ڕەخنـەگرتنێکی هەمەلایـەن لەعـەقڵی ئیسـلامی, پاڵپشـت بـەمیتۆدە زانسـتی‌یە نوێیـەکانی مرۆڤایەتی تا خاڵە لاواز و نێگەتیڤەکانی دەستنیشان بکەن.

لێـرەوە(ئـەرگۆن)دەچێـتەوە سـەر ئـەو بڕوایـەی فەیلەسـوفی هاوچـەرخی فەرەنسـی(میشـێل فۆکـۆ) کەلەسـەر بـیرە پـەی بەبیرلێنـەکراوە بـەرێت, واتـە هەموو ئەو شتانە بخرێـنەوە سەر بەرە کەبەدرێـژایی مێـژووی ئیسـلامی- یـان لەدوای سـەدەی سـیازدەوە- پـەردەپۆش کـراونو بـەبێ دەنگـی هێڵراونەتـەوە، بەهانەش بۆ ئەمە کـوفرو بیدعـەو لادانو گـومڕایی بـووە کـە کـاری هـەموو ئیجتهـادو کۆششـێکی کوشـتووەو لەمپـەری لەبـەردەم هـەر گەشـەو بـەرەو پێشچوونێکی ئیسلامدا, وەکو فیکر و شارستانیەت دروستکردووە.

بـەم مەبەسـتە هاوشـانی(ئـەرگۆن)چـەند بیرمەنـدێکی‌تر لەهەوڵـدان بـۆ خوێندنەوەیـەکی زانسـتیانەی ئیسـلام، لەبـەر ڕۆشـنایی میتـۆدو دەسـکەوتە فیکریو فەلسەفییە تازەکانی سەردەمدا کە ڕەنگە (نصـر حامـد ئـەبو زیـد و محمد عابد الجابریو د. وجیه کوثراني)لەدیارترینیان بن.

ئەم کتێبەی (ئەرگۆن) کۆششێکی ترە لـەو پێنـاوەدا. لەتـەك ئـەو وتووێـژە درێژەیـدا لەگـەڵ(پۆلکسـتاین)،(هاشـم سـاڵح)ی وەرگێـڕ بـۆ زیـاتر تیشـك

خستنەسەر خاڵە نارۆشنەکانی ئەو دیمانەیەو ئـەو مـەسەلانەشـی وەك پێویـسـت ئاوڕیـان لێنەدراوەتـەوە، لەپـەراوێزی ئـەو دیـدارەدا پرسـیار گـەلێکیتری ئاراستەی(ئەرگۆن)کـردووەو لەچـاپی عـەرەبیەکەیـدا بـڵاوی کردۆتـەوە. بەشـی زۆری پـرۆژە فیـکرییەکـەی (ئـەرگۆن)، (هاشـم سـاڵح) وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبیو روونکردنەوەو پەراوێزی بۆ نوسیووە.

# هەوڵی جیابوونەوەی نەتەوە ژێر دەستەکانی خەلافەتی عوسمانی لە ساڵانی (1877-1881) دا

عوسمانیەکان کە بۆ ماوەی زیاتر لەچوارسەدە سەرکردایەتی گەلانی ئیسلامیان کرد، مێژووی ڕەسمی دامەزراندنیان وەك دەوڵەتێك بۆ ساڵی 1453دەگەڕێتەوە. کاتێك لەسەر دەستی سوڵتان محەمەد فاتحی دووەم توانییان قوستەنتینەی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی داگیربکەنو لەجێیدا جاڕی دامەزراندنو دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی بدەن. نەوەکانی عوسمانی کوڕی ئارتۆغل هەربە دامەزراندنی دەوڵەتێکەوە دانەکەوتن، بەڵکو خەونی ئەوان گەورەترو تەماحیشیان زۆرتربوو لەوەی ڕووبەری دەسەلاتیان فراوانتر بکەنو لەچوارچێوەو بازنەکانی دەوڵەتێکی سنووردارەوە باز بدەنەناو ئیمپراتۆریەتێکی پانوپۆڕو بێسنوورەوە.

ئەگەرچی ئەمە هەر لە سەرەتای بوون بە دەوڵەتیانەوە خەونی ئەوان بوو، بەلام بەعەمەلی بوونی ئەم خەونە نزیکەی شەست ساڵێك دواکەوت، دروست تا رۆژگاری سوڵتان سەلیمی یەکەم (1512-1520). تەنها لەم سەردەمەدا بیرلەوەکرایەوە ئەو خەونانە بکرێنە کردارو لەسەر ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکرێن. لێرەشدا هۆکارگەلێك هەبوون هانی سوڵتان سەلیمیاندا تادەست بەجێبەجێ کردنی پلانەکانی بکاو سنوورەکانی دەسەلاتی دەوڵەتەکەشی فراوانتر بکات.. کۆتایی سەدەی پازدەهەم سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتێکی شیعە مەزهەب بوو لەولاتی فارس بەتەنیشت سنورەکانی بەشی رۆژهەلاتی دەوڵەتی عوسمانیەوە، دەوڵەتێك کەلەسەردەستی شا ئیسماعیلی سەفەوی لەساڵی (1488)دا دروست بوو. لەگەڵ دروستبوونیشیدا داوای مافی رێبەرایەتی کردنی تەواوی موسڵمانانی دەکرد. سەفەوییەکان بیست ساڵێك دوای

دامەزرانـدنیان (1508)پـێش عوسمانیـەکان کـەوتنو پـەلاماری عیراقیـان داو خستیانە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە.. ئەمـەو سـەرەڕای ئـەوەی لەگـەڵ هـاتنی سـەدەی شازدەدا، دۆزینەوەی جوگرافیو شاڵاوی وڵاتانی ئەورووپی بۆ ناوچـەکانی کەنـداوی فـارسو ڕۆژهـەڵاتی عـەرەبی لەسەردەسـتی پورتوگـالیو ئیسـپانیەکان دەسـتی پێکرد.

دروسـت بـوونی دەوڵـەتی سـەفەوی لەلایـەكو هـاتنی پورتوگالیـەکان بـۆ نـاو کەنـداو لەلایـەکی تـر، هەرەشـەیەکی راسـتەقینە بـوون لەخـەونی دێرینـی عوسمانیەکان بۆ پاوانخوازیو گـەورە کردنـی سـنورەکانی دەسـەڵاتیان. ئەوانـە پـتر هـانی سـەلیمی یەکەمیانـدا تـاخۆی بـۆ دژایـەتیکردنـی هەریـەك لەسـەفەویو پورتوگالیەکان تەیار بکـات.. سـەرەتای رووبەڕووبونەوەکانیشـی بەسـەفەوییەکانی دراوسـێی دەسـتپێکرد. ئـەوەبوو لـە 23ی ئـابی 1514 لەشـیوی چـاڵدێراندا لەشکری هەردوولا دایان بەیەکداو عوسمانیەکان توانیـان سـەفەویەکان بشـکێننو تـەبرێزی پایتـەختیان داگیربکـەن,. لەگـەڵ شـکانی سـەفەویەکان لەوجەنگـەداو کشانەوەیان لەعیراق، سوڵتان سەلیمی یەکەم ڕووی کردە داگیرکردنی ناوچـەکانی کوردسـتان و لـە سـاڵی (1515)وە بـە ڕەسمـی زۆربـەی کوردسـتان کەوتـە ژێـر دەسەڵاتی عوسمانیەکان، پاشـانیش ڕوویـان کـردە وڵاتـی شـامو میسـرو یەمـەنو حیجازو ناوچەکانی کەنداو. هەروەها وڵاتانی رۆژئـاوای عـەرەبیش هـەر لـەلیبیاوە تاجەزائیرو تونسو مەراکیش.. لەدوای مردنی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە سـوڵتان سلێمانی قانونی درێژەی بەفەتحکردنو داگیرکردنی ناوچەکانی تردا.

ئـەم داگیرکردنـە بـۆ کـوردو نیشـتمانەکەی سـەرەتای نەهامـەتیـەکی گـەورەبوو جیـاواز لـەوڵاتانی دیکـەی ناوچـەکە. لەبەرئـەوەی تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤـدە کوردستان گۆڕەپانی شەڕە قورسو بەردەوامـەکانی سـەفەویو عوسمانیـەکان بـوو. ئەگەرچـی سـەفەویەکان لەشـەڕی گـەورەی چـاڵدێراندا تێکشـکانو پایتـەختی دەوڵەتەکـەیان کەوتـە دەسـتی عوسمانیـەکان، بـەڵام دوای تێپـەڕبوونی سـەدەیەكو لەساڵی 1622دا شاعەباسـی سـەفەوی تـوانی جـارێکی تـر بگەڕێتـەوە عـیراقو بەشـێکی زۆری کوردسـتان لەبندەسـتی عوسمانیـەکان دەربهێنێـت. لەبەرامبـەردا عوسمانیـەکان لەسـەردەمی سـوڵتان مـورادی چـوارەمدا 1638 توانییـان سەفەویەکان بگێڕنەوە ناوچەکانی خۆیـان, دەرەنجـامی شـەڕوناکۆکی نێوانیـان لـە

17ی مایسی 1639 ڕێکەوتنامەی زەهاوی لێکەوتەوە کە خاکی کوردستانی کردە دووپارچەوەو بۆ یەکەمجار نیشتمانی کوردان دابەشکرا، بەشی رۆژهەلاّت بۆ سەفەویەکانو بەشەکەی دیکەشی بووە موڵکی عوسمانیەکان.

لەو ماوەیەی عوسمانیەکان حوکمڕانی گەلانی ئیسلامیان تێداکرد (1453-1918)، توانییان بەبەهانەی ئیسلام بوونو ڕێبەرایەتی کردنی موسڵمانانەوە شەرعیەت بەمانەوەی دەسەلاّتی خۆیان بدەن. ئەمە لەپاڵ بەکارهێنانی هێزو زەبروزەنگی زۆریان لەدژی ئەو میللەتانەی کەوتبوونە بن دەستی یەوە. بەلاّم بێگومان ئەوناوچانەی لە ئەستانەو بابی عالیەوە نزیکتربوون، زۆرتر دەچەوسێنرانەوەو دەسەلاّت تیایاندا بەزەبر تربوو، وەك ئەوەی لەناوچە دوورەکاندا هەبوو. هەر بۆنموونە: ناوچەی مەراکیش لەبەردووری لەناوەندەوە ئەو زوڵمو زۆرەی لەسەرنەبوو، بەپێچەوانەوە ناوچەکانی کوردستان بەهۆی نزیکایەتیانەوە زۆرترین بارقورسیان لەسەرشان بوو یان بڵێین دەسەلاّت لەوێدا بەجۆرێك بوو کە دەرفەتی بەدەستهێنانی بچووکترین مافی ئازادیو ڕادەربڕینو خۆ ڕێبەری نەدەدا.

بەلاّم تێوەگلانی عوسمانیەکان لەشەڕەکانی دژ بەڕوسیای قەیسەری وبەدیارکەوتنی بێهێزیو لاوازی لەدەسەلاّتو بونیادی خەلافەتی عوسمانیدا لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە، دەرفەتی بۆ هەندێ لەو نەتەوانە ڕەخساند تاخۆیان لە ژێر دەستی عوسمانیەکان ڕاپسکێننو ناسنامەی نەتەوایەیتان بدۆزنەوە. وەك ئاشکرایە روسیا لەمێژەوە تەماحی داگیرکردنی ئەستەمبوڵی هەبوو بەهۆی پێگە ستراتیژیەکەیەوە، بەتایبەتیش لەسەردەمی هەریەك لە پەترۆسی گەورە (1682-1725) و کاترینی دووەم (1762-1796)دا. ئاکامی دوایەمین جەنگی نێوان ڕوس و عوسمانیەکان (877-1881) کە بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە تازەیەی (د. عبدالرؤوف سنّو)ە، مەسەلەی ناسنامەی ئایینیو ناسنامەی نەتەوەیی لەچوارچێوەی خەلافەتی عوسمانیدا هێناوەتە بەرباس. هەر لە ولاّتی شامەوە تا حیجازو ئەلبانیاو هەروەها کوردستانیش.

بەنیسبەت کوردستانەوە بێگومان لەشەڕەکانی پێشووتری نێوان ڕوسو عوسمانیەکان، کوردەکان تەقەلای دیکەیان دابوو تادەرفەتی سەرقاڵبوونی عوسمانیەکان بەو جەنگانەوە بقۆزنەوەو و خەبات بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانیان بکەن، بەلاّم کۆی ئەو هەولاّنە ناوچەیی بوونو لاوازبوون وبەئەندازەی ئەو هەوڵە

نەتەوەیی‌یە بەرفراوانەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری نەبوون کەلە سالانی (1879-1880)دا بەمەبەستی سەربەخۆیی کوردستان دابوونی. لەو هەولانەشی کە پێشتر میرنشینە کوردەکان دابوویان لەپێناو رزگاربوون لەدەسەلاتی خەلافەتی عوسمانی, شۆڕشەکانی عەبدولرەحمان پاشای بابان لەدژی سولتان محەمەدی دووەم لەماوەی شەڕی ڕوس‌و عوسمانیەکان لە (1806-1812). شۆڕشی میر محەمەدی سۆران لە 1826و شۆڕشی میربەدرخان 1839 لە ناوچەی بۆتان. شۆڕشەکەی یەزدان شێر 1854 لەماوەی جەنگی (قرم)ی نێوان روسیاو عوسمانیەکان، بەلام ئەم شۆڕشانە هیچیان سەرکەوتوونەبوون‌و هەرزوو دەوڵەتی عوسمانی توانیویەتی لەڕێی بەکارهێنانی هێزو دارِشتنی نەخشەو پلانەوە لەناویان بەرێت. بەلام شەڕی 24ی نیسانی 1877 لە نێوان روسیاو عوسمانیەکان، قەناعەتێکی زۆری لەلای نەتەوە ژێردەستەکان دروستکرد کە بەلادا هاتن و مردنی پیاوە نەخۆشەکە لە ئانوسات دایە, بۆیە هەر نەتەوەو (ئەگەر لەسەر ئاستی نوخبەش بوویێت) لە تەگبیری دیاری کردنی چارەنووس‌و دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیدا بوو.

کوردان بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا لەڕێی شۆڕشێکەوە کە لەلایەن عوسمان پاشاو حسێن پاشای کوڕانی میربەردخانەوە سەرکردایەتی دەکرا کەوتنە خۆیان، بەلام ئەو هەوڵەیان لەباربرا. هاوکات هەوڵ‌و تەقەلاکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەستی پێکرد بۆ جیابوو نەوەو دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی. بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی 1880دا کۆنگرەی شەمدینیانی بەست، بۆئەوەی سەرۆکی هۆزو خێڵە کوردیەکان لەسەر بەرنامەی کارێکی هاوبەش یەکبخات، بەلام بەهۆی زاڵبوونی هەستی ئاینی‌و مەزهەبگەراییەوە بەسەر هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا لای ئەوسەرەك خێلانە، شێخ عوبەیدوڵڵا نەیتوانی بەوەڕازیان بکات کە یەکەم جار شۆڕشەکەیان لەناوچەکانی ژێردەسەلاتی خەلافەتی عوسمانی دەست پێبکەن، بەڵکو ناچاریان کرد بەوەی سەرەتا لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی دەوڵەتی فارسەوە دەست پێبکات. گۆڕینی نەخشەکەش بەم شێوەیە شکستی بەهەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵاو شۆڕشەکەی هێنا. دوابەدوای خەفەبوونی ئاگری ئەم شۆڕشە گەورەیەش سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

(1876-1909)تـوانی لـەرێگای کۆمــەڵێ نەخشــەو پلانــی وردەوە، هــەموو هەسـتو جـۆشو خرۆشـێکی نەتەوایـەتیو شۆرشـگێرانەی کـوردان بۆجیابوونـەوە لەخەلافەتی عوسمانی سەرکوت بکات.

سوڵتان عەبدولحەمید بـەناوی ئایـدۆلۆژیای جامیعـەی ئیسـلامیو گـرێ دانـی کورد بەفەوجەکانی سـوارەی حەمیدیـەوە، هـەموو رێگایـەکی لەبـەکام گەیشـتنی خەونی دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی داخست. نـەك هەرهێنـدەش ، بەڵکو لەرێی فەوجەکانی سوارەی حەمیدیەوە کوردەکانی کـردە مـەقاشـی دەسـتی خۆی تابیانکات بەدژی ئەرمـەنیەکانداو نێوانیان تێکبدات. بەمـەیش کوردەکـانی فرێدایـە نـاو داوی شـەرێکی خۆێناویـەوە کـە تـەنها لـەپێناو پاراسـتنو درێـژەدان بەمانــەوەی کورســی حــوکمڕانی خــۆی و دار و دەســتەکەیدا بــوو. وەك (د. عبـدالرؤوف سـنو) لەلاپــەرە (128)ی ئــەم کتێبەیــەدا باســی دەکــاتو دەڵێـت:(دامـەزرانـدنی جامیعـەی ئیسـلامی لەلایـەن سـولتان عەبدولحەمیـدەوە، رۆڵێکی گەورەی بینی لەوەی کوردەکـان وەك گـەلێکی بـێ دەوڵـەتو بـێ قـەوارە بمێننەوە).

تەنانــەت ســولتان عەبدولحەمیــد بەرادەیــەك دژایــەتی هەســتی نەتەوایــەتی کوردەکـانی کـردووە، وەك خۆرهەلاتناسـی ئـەڵمانی (کـارل برۆکلمـان) لەکتێبـە بەناوبانگــەی دا(مێــژووی گــەلانی ئیســلامی)دا باســی دەکــاتو دەڵێــت: (عەبدولحەمید رێگەی ئەوەشی نەداوە کوردەکـان یەکـەم کتێـب دەربـارەی نـەحوی کوردی بەچاپ بگەیەنن کە یوسف خالـدی نوسـیبووی، بـەڵام دەیکردنـە سـوارەی حەمیدیو لەشەڕی ئەرمەنەکاندا سوودی لێدەبینین. عەبدولحەمید ئەم میراتیەشـی لەپاش خـۆی بـۆ کۆمەڵـەی تورکیـای لاو بەجێهێشـت، تاکوردەکـان بـۆ دژایـەتی کردنی ئەرمـەن لـەماوەی جـەنگی جیهـانی یەکـەم دا بـەکاربهێنن). بـۆ زانیـاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (**کارل بروکلمان**: تأريخ الشعوب الاسلامية - نقلـه الـى العربيـة: نبيـه أمـين فـارس، منيـر البعلبكـي- دار العلـم للملايـين، بيروت- الطبعة الثامنة، مارس 1979- ص 687-710).

ئەمە لەکاتێکداو دوای ئەو هەموو زوڵـم و زۆرەش, شـێخ سـەعیدی پـیران لـە شۆرشەکەیدا لە (13ی شوباتی 1925) لەگەڵ دکتـۆر فوئـادو هاوەڵـەکانی لـە دژی دەسەڵاتی ئەتاتورك، یەکێك لە داواکاریـەکانیان گەڕانـەوەی سـەلیمی کـوڕی

عەبدولحەمید بوو بۆ کورسی حوکمڕانی وەك سولّتانو خەلیفەی موسلّمانان، کە بێگومان ئەمە بەبەراورد بەداخوازیەکانی شێخ عوبەیدوللّای نەهری بەپاشەکشەیەك دادەنرێت لەخەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورددا. هەلّدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ئەم قۆناغە بایەخ و گرنگی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی لە ئێستا و لێرەدا لەئێمە ڕوودەدات. خالێکی گرنگی ئەم کتێبەش هەرلەوەدایە کە پێشخانێکی مێژوویی زۆربەی زۆری ئەو ڕووداوو گۆڕانکارییانەی ئێستامان دەخاتە بەردەست، کەحالّی حازر هەندێ ولاّتی عەرەبیو ئیسلامی پیایدا تێپەڕدەبن و ئەلّبەتە ئێمەی کوردیش لێی بە دوور نین.

# ئیخوان موسلمین

## لەسەردەمی حوکمڕانی ( ئەنوەر سادات )دا

## ( 1981-1971 )

د. عبدالعظيم رمضان

**لەزیندانی (طرة السیاسی)و بەر لەمردنی (جەمال عەبدولناسر) ، سەرانی ئیخوان موسلمین دەستیانکردەوە بە ڕێکخستنەوەی ریزەکانیان. هەر کە (عەبدوالناسر)یش مرد ڕێکخراوەکەیان کەوتەوە جموجۆڵ و چەند سەرکردەیەکی نوێی وەکو (مستەفا مەشهور و حسنی عەبدولباقی و د. ئەحمەد ملط و ئەحمەد حەسەنێن و مەئمون هوزەیبی) دەرکەوتن، ئەمانە ئەو ساڵانەی زیندان قاڵی کردبوون. لەگەڵ ئەمانەشدا سەرکردە تەقلیدیەکانی وەکو(فەرید عەبدولخالق وعەبدولقادر حلمی) و ئەندامانی مەکتەبی ئیرشادو لەسەر هەموشیانەوە حەسەن هوزەیبی) رابەر دەست بەکار بوون. نوسینگە ئیدارییەکانی ئیخوان سەرلەنوێ دروستکرانەوەو مەرگی (عەبدولناسر)یش بووە مایەی ئەوەی ئیخوان سەرەتایەکی تازە دەست پێبکاتەوە. ئەو سەرکردایەتیەی بەفیعلی ڕێکخراوەکەی دەبرد بەڕێوە چوار کەس بوون کە راستەوخۆ لەدوای رابەری گشتییەوە دەهاتن‌وبریتی‌بوون لە: (مستەفا مەشهور، ئەحمەد حەسەنێن، د.ئەحمەد ملط، حسنی عەبدولباقی).**

**چەند مانگێك بەر لە ئازادکردنیان لەناو ئیخوانەکاندا (مستەفا مەشهور) خەریك بوو دەردەکەوت‌و نێوبانگی پەیدادەکرد, ئەم پیاوە شارەزایی لە ڕێکخستن‌وبەڕێوەبردن‌و راکێشانی خەڵکدا هەبوو، بەجۆرە ئامادەیی ئەوەی تێدابوو تا لەوقۆناغە تازەدا سەرکردایەتی ئیخوانی موسلمین بکات.**

**لەگەڵ (مستەفا مەشهور) دا (ساڵح ئەبورەقیق)ی ئەندامی مەکتەبی ئیرشادیش هەبوو، ئەم پێیوابوو(سادات) لەگەڵ ناسریەکانی وەك: (عەلی سەبری و سامی شەرەف ومحەمەد فەوزی و محەمەد حەسەنێن هەیکەل) دەکەوێتە کێشەوململانێ، لەم ململانێیەشدا سەرکەتوودەبێت‌و دەوڵەتێکی نوێ دادەمەزرێنێت کەخۆی سەرۆکی**

دەبێت، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئیخوانەکان تالەو کەنارگیریە قوتاریان بێت کە (عەبدولناسر) سەپاندبووی بەسەریاندا.

پێشبینیەکەی (ئەبو رەقیق) راست دەرچوو، ئەوە بوو لە مانگی مایسی 1971دا کێشەی نێوان (سادات) و لایەنگرانی (عەبدولناسر) تەقیەوەو لەپانزەی ئەو مانگەدا کێشەکە بەسەرکەوتنی (سادات) و زینـدانیکردنی ناسریەکان کۆتایی هات، بەمەش هەلی مێژوویی ئیخوان موسلمین دەستی پێکرد.

ئەو گروپەی لەبەرامبەر (سادات)دا شکستی خواردو زینـدانیکران، ئەو گروپە چەپڕەوبوو کە یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی دەکردن. دوای زینـدانیکردنی ئەمانەش یەکێتی سۆڤیەت گومانی لە (سادات) پەیداکردو متمانەی خۆی لێسەندەوەو خۆی لەو یارمەتیانەش دزیەوە کە لەسەردەمی حوکمڕانی (عەبدولناسر)دا پێشکەشی میسری دەکرد. دواجار ئەم هەڵوێستە بووە مایەی ئەوەی (سادات) تەواوی پسپۆڕوشارەزایانی سۆڤیەت لەناو سوپای میسریدا دەربکات. بێگومان ئەم هەلومەرجە تازەیە کاریگەری لەسەر هەڵوێستی چەپ هەبوو، چونکە پێیان وابوو سەردەمی حوکمڕانی (ئەنوەر سادات) سەردەمی حوکمڕانی راستڕەوەکانە، هەر بۆیە کەوتنە رەخنەگرتنی توند لە (سادات)و رژێمەکەی. (سادات) کێشە و ململانێی خۆی لەگەڵ ناسریەکاندا بەوە پاساو دەدایەوە کە ئەوان دەیانەوێت درێژە بەدیکتاتۆریەت بدەن، لەکاتێکدا ویستی ئەو دەستپێکردنی سەردەمێکی تازەی دیموکراسی‌یە.

(سادات) توانای ئەوەی نەبوو گورزێك لە چەپەکانی میسر(ناسریەکان) بووەشێنێت، بێ ئەوەی پەنا نەباتە بەر ئەو هێزانەی دوژمن و نەیاریان بوون. شتێکی ئاسایشە کە ئەم هێزە هێزی ئیخوان موسلمین بێت. لەو کاتەدا هەوڵەکانی شا (فەیسەڵ)ی پادشای عەرەبستانی سعودی بۆ دژایەتیکردنی شیوعیەت لە جیهانی عەرەبیدا، دەرفەتی هاریکاریکردنی لەنێوان (سادات)وئیخوان موسلمیندا ڕەخساند. لەهاوینی 1971 (واتە دوای کۆتایهاتنی کێشەی سادات لەگەڵ ناسریەکان)دا، شا (فەیسەڵ) دیدارێکی لە نێوان (ئەنوەر سادات)و سەرانی ئیخوان موسلمین لەدەرەوە رێکخست. ئەوانەی لەئیخوان موسلمین ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون (د. سەعید رەمەزان)ی سەرۆکی رێکخراوی ئیسلامی بوو لەژنێڤ کە عەرەبستانی سعودی سەرپەرشتی دەکرد, دیدارە کە لەشوێنی حەوانەوەی (سادات) بوولە (جاناکلیس)و زۆر بەنهێنی بەڕێوەچوو.

لەودیدارەدا (سادات) بە سەرکردەکانی ئیخوانی وت:( ئەو بەدەست هەمان ئەو کێشانەوە دەناڵێنێت کە ئەوان پێشتر گیرۆدەبوون پێیەوە و هاوئامانجیشیانە لەدژایەتیکردنی شیوعیەتو بێباوەڕی)دا، پێشنیاری ئەوەشی بۆکردن کە ئامادەیە

ئاسان کاری گەڕانەوەیان بۆ بکات، تا بەئاشکرا لەمیسردا دەست بەکارو چالاکی خۆیان بکەنەوە.

هەر دوای ئەمە یەکەمین وەجبەی زیندانیکراوەکانی ئیخوان ئازادکران، لەوانە (عومەر تەلسانی) کە لە دوای مردنی (حەسەن هوزەیبی) بووە رابەری گشتی ئیخوان موسلمین. دەست بەجێ‌ودوای ئازادکردنی، (تەلسانی) چوو بۆ کۆشکی (عابدین) تا لە تۆماری تەشریفاتدا سوپاسگوزاری خۆیی‌و هاوڕێ ئازادکراوەکانی بۆ (سادات) تۆمار بکات.

سالێك دواتر و لە کاتێکدا (سادات) خۆی بۆ دەرکردنی پسپۆرە سۆڤیەتیەکان لە میسر ئامادە دەکرد، ئامادەیی خۆی بۆ بینینی هەندێ لەسەرانی ئیخوان نیشاندا تا پێکەوە لەپێناو خزمەتکردنی نیشتماندا هاریکاری یەکتر بکەن. (حەسەن هوزەیبی) رابەری گشتی پێشنیارەکەی بەلاوە پەسەندبوو، بەمەرجێك (سادات) لەوکارەیدا نیەتی چاك بێت. (هوزەیبی) لای خۆیەوە (عومەر تەلسانی) راسپارد درێژە بەدانوستانەکان بدات‌وبەردەوام بێت، (جێی باسە ئەم دانیشتنانەی نێوانیان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بوو). دانوستانەکان گەیشتە ئەوەی (تەلسانی) داوای پێکهێنانی لیژنەیەك لە ئیخوانەکان بکات تا لە شاری ئەسکەندەریە چاویان بە (سادات) بکەوێت‌و لەگەڵیدا گەلاڵەی رێکەوتنامەی کۆتایی نێوان بکەن، بەڵام لەناکاو پەیوەندی نێوانیان نەما، چونکە (سادات) داوایکرد بۆ کاتێکی تر دوابخرێت!

جارێکی تر و سەرلەنوێ پەیوەندیەکانی نێوانیان لە رێگای بەڵێندەری بەناوبانگ ئەندازیار (عوسمان ئەحمەد عوسمان) کە ئەوکات لەپۆستی وەزیری نیشتەجێکردندابوو، دەستی پێکردەوە. ئەم پیاوە دۆستێکی کۆنی ئیخوانەکان بوو، داوایکرد چاوی بەگروپێك لەئیخوانەکان بکەوێت‌و بۆ ئەم مەبەستەش (عومەر تەلسانی، د. ئەحمەد ملط، حسنی عەبدولباقی، ساڵح ئەبو رەقیق) چوونەلای. لەو دیدارەدا (عوسمان ئەحمەد عوسمان) داوای لێکردن راوبۆچوونی ئیخوان لەسەر مەسەلەی چاکسازیکردن بەنووسین ئامادەبکەن و بیخەنە بەردەستی (سادات)، تا ئەویش لە داواکاریەکەیان بکۆڵێتەوە. ئیخوان داواکاریەکانیان لە نۆ لاپەڕەدا پێشکەش کردو لەگەڵ جێگیری سەرۆك کۆمار (کە ئەو کات حوسنی موبارەك)بوو کەوتنە تاوتوێکردنی، بەڵام ئەمیشیان لەناکاو راگیرا!

لەو ماوەیەدا ناوبەناو زیندانیەکانی ئیخوان ئازاد دەکران، تا لە 8ی تەموزی 1975دا لیبوردنێکی گشتی دەرچوو بۆ هەموو ئەو نەی لەسەر کێشەی سیاسی بەر لە 15 تەموزی 1971 درابوون. بە چەند مانگێك دوای ئەوە کۆتایی بەو تاکە رێکخراوە سیاسیە هێنرا کە سزا لەسەردەمی شۆڕشی تەموزی 1952وە لە میسردا هەبوو. ئەو

ڕێکخراوه سەرەتا بریتی بوو له (هيئة التحرير) و پاشان گۆڕا به (الاتحاد القومی) و دواتر بوو به (الاتحاد الاشتراکی). بەکۆتایهاتنی ئەم ڕێکخراوه سستمی فرەحیزبی هاته ئاراو(الاتحاد الاشتراکی) بوو بەسێ باڵەوه: (ڕاستوناوەندوچەپ) کە هەرسێکیان نوێنەرایەتی ڕای گشتیان دەکرد. له تەموزی 1975دا لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوەییەوه بڕیار لەسەر ئەم مەسەلەیە درا. لەم سەروبەندەدا سەرکردەکانی ئیخوان بەشێوەیەکی نهێنی کەوتنە خۆیان بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی ریزەکانیان و دروستکردنەوەی ڕێکخستنە جەماوەریەکانیان لەسەر تاسەری وڵاتدا. ئەوکات پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە داوادەکەن ڕێیان پێبدرێت خۆیان وەك (ڕێکخراوێکی ئایینی) ڕێك بخەنەوەو لەلایەن (کەمالەدین حسێن) یان (حسێن شافعی)یەوه سەرکردایەتی بکرێن، (ئەمانە دوو کەسایەتی ئیسلامی بوون لەوانەی بەشداری شۆڕشی تەموزیان کردبوو)، بەڵام هەریەکەیان لای خۆیەوه ئەو پڕوپاگەندەیان ڕەتکردەوە. کاتێك ئیخوان ئەمەیان بۆ نەچووەسەر کەوتنە ئەوەی کار بۆ فەرزکردنی ئەمری واقیع بکەنو ئەندامولایەنگر لەو جێگە گرنگانەدا بۆ خۆیان پەیدا بکەن کە کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی دەبێت، یان لەناو ئەو سەرکردە سیاسیانەدا دۆست بۆ خۆیان بکرن کە دەتوانن کارئاسانی بۆ ڕێکخراوەکەیان بکەن یاخود چاوپۆشیان لێبکەن[] .

لەو ماوەیەدا ئیخوان بوو بوو بەدوو بەشەوە: بەشێکیان داوای زوبەزو دەرکردنەوەی گۆڤاری (الدعوة)یان دەکرد بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی کۆمەڵەکەیانو بیروبۆچوون و پرانسیپ و بەیاننامە سیاسیەکانیان بڵاوبکاتەوە، کارێك کە پێیان وابوو دەبێتە مایەی زۆربوونی ژمارەی لایەنگرانیانو بەمەش ئەمری واقیع بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا فەرز دەکەن، بەڵام هەندێکی تریان داوای دان بەخۆداگرتن و پەلەنەکردنیان دەکرد تا ئەو کاتەی پێداویستی تەواو و ئەگەری سەرکەوتنی (الدعوه) لەڕووی هونەری ڕۆژنامەوانی و دەرهێنان و نوسەرانەوه دەستەبەر دەکەن. لەم ڕووەوه بۆچوونی دەستەی یەکەم سەرکەوت.

له تەمووزی 1976دا ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (الدعوة) بەسەرپەرشتی (عومەر تەلسانی) و سەرنووسەری (ساڵح عەشماوی) دەرچوو. بەمجۆرەو بۆ یەکەمین جار له ساڵی

---

[] –لەم بارەیەوە بڕوانە:

Dr. Abdel Azem Ramadan : Le nouvel elan des freres Musulmans, (Le Mande Diplomatique, Aout 1977) p.10.

1954وە ئیخوانەکان بوونە خاوەنی بڵندگۆیەکی ئاشکرا, بەڵام ئەم پەلەکردنە لەدەرکردنی (الدعوة)دا باجی خۆی هەبوو. لەرووی هونەریەوە لەئاستی پێویستدا نەبوو، هەروەها ئەو بابەتانەشی باسی لێکردبوون لەئاست خواستی جەماوەری ئیسلامی و گەنجانی موسڵماندا نەبوو، وەك چۆن تەعبیرکردنیش نەبوو لە کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە.

ئەو وتارە سەرەکیانەی (الدعوة) لەو ژمارەیەیدا بلاَوی کردبووەوە جگە لەخەلافەتی ئیسلامی، لەسەر هەمان ئەو بنەما سەرەکییە کۆنانەبوو کە فەلسەفەی رێکخراوی ئیخوان موسلمینیان پێك دەهێناو بریتیبوون لە: داخوازی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی (حکومەتی ئیسلامی)، بایەخدان بەمەسەلەکانی گەلانی ئیسلامی (جامیعەی ئیسلامی) ودانانی بەوەی ئیسلام ئایین و دەوڵەتە (سەراپاگیری ئیسلام).

لەروی سیاسیشەوە گۆڤارەکە کەوتبووە سەر کۆنەکردن و هێرشکردنە سەر سەردەمی حوکمڕانی (عەبدولناسر) و ئەو توندوتیژیەی لەو قۆناغەدا پەیڕەوکراوە، لەگەڵ هێرشکردنە سەر شیوعیەت لە میسر و تەواوی ولاَتانی جیهاندا. جگە لە مانەش گۆڤارەکە کەوتبووە روپامایکردن بۆ حکومەتەکەی (سادات)، بۆ ئەوەی متمانەیان پێبکات و رێگای ئەوەیان بدات حیزبێکی سیاسی شەرعی بۆ کۆمەڵەکەیان پێك بهێنن.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، ئیخوان هەڵوێستی دژایەتیکردنی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان وەرگرت و پێیان وابوو ئەمریکا رێگرە لەبەردەم ئەوەی ئەوان دەست بەکاری سیاسی بکەنەوە. بەوەش تاوانباریان دەکرد کە (دەستی لەدژایەتیکردنی ئیسلامدا هەیە و رێگەنادات بەهیچ شێوەیەك ئیسلام بگەڕێتەوە ناو واقعی ژیانی موسڵمانان). هەروەها گومانیان خستە سەر هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بەر قەرارکردنی ئاشتی لەخۆرهەلاَتی ناوەڕاستداو پێیان وابوو ئەوەی واشنتۆن دەیەوێت سەپاندنی ئاشتییەکی ئەمریکایی-ئیسرائیلیە نەك ئاشتیەکی راستەقینە, بەڵام سەبارەت بە سیاسەتی کرانەوەی ئابووری و سەرلەنوێ گەڕانەوەی سەرمایەگوزاری خۆرئاوایی بۆ میسر هیچ جۆرە نارەزاییەکیان نیشان نەدا.

بۆ تێگەیشتن لەو کێشە ئابووری و کۆمەلاَیەتی و سیاسیانەی کۆمەڵگەی میسری دووچاری هاتبوو، ئیخوان هەوڵیان دەدا لەروانگەیەکی ئایینی روتەوە قسە لەو مەسەلانە بکەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە. سەرجەم هۆکارەکانی ئەو کێشانە یان دەگێڕاوە بۆ ئەوەی (شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ نەکراوە). بەمجۆرە ئەوان پێیان وابوو تاکە رێگایەك بۆ رزگاربوون لەو کێشانە گەڕانەوەیە بۆ ئایین. گۆڤاری (الدعوة)

لەیەکێك لەژمارەکانیدا ئەوەی بەئاشکرا راگەیانـدبوو: (بگەڕێنـەوە بـۆ حـوکمی خـودا، جگە لەوە هیچ شتێك دادتان ناداو رزگارتان ناکات، تەنها ئەوە بەفریاتان دەکـەوێ نـەك شتێکی تر).

هـەروەها ئیخـوان پێیـان وابـوو تـەنها رێگایـەك لەبەردەسـتدا بێـت بۆسـەر لـەنوێ هەسـتانەوەی ئومــەتی ئیسـلام گەڕانەوەیانـە بـۆ کـاری سیاسـی لـەرووی شـەرعیەوە، (تاداعیەکانیان دەست بەگەیاندنی پەیامەکـەیان بکـەنو بیروبۆچـوونی رون و ئاشـکرای خۆیان بلاوبکەنەوەو بەشێوەیەکی عەمەلیش بنەما سەرەکیەکانی ئایینی ئیسـلام لـە دڵ و دەرونی موسڵمانادا بچێنن).

ئـەو کاتـە هەڵوێسـتی دەسـەڵات لەبەرامبـەر ئیخـوان موسـلمیندا هەڵوێسـتێکی دیاریکراوانەبوو، لەناو دوو بۆچوندا تیامابوو:

**یەکـەم**/ هەنـدێك پێیـان وابـوو ئیخـوان تـەنها گروهێکـە بتوانێـت دژایـەتی کۆمۆنیستەکان بکاتو بەرەوروویان بێتەوە، بۆیە ئەمانـە بەچـاکیان دەزانـی شـەرعیەت بـەبوونیان بـدرێو مۆڵـەتی یاسـایی کارکردنیـان بـدرێتێ. سەردەسـتەی ئەوانـەی ئـەم بۆچوونەیان پێ‌پەسەندبوو (سەید مـەرعی) سـەرۆکی ئەنجوومـەنی گـەل بـوو، ئـەم پیـاوە دەیووت: (مادامەکی دروست بـوونی حیـزب لـە سـایەی یـەکێتی نیشـتمانیو ئاشـتیو ئارامی کۆمەڵایەتیو حەتمیەتی چارەسەری سۆسیالیستی دایە، ئـەوا نابێـت هـیچ جـۆرە حەساسیەتێك لەبەرامبەر دروست بوونودامەزراندنی هیچ حیزبێکدا هەبێت).

**دووەم**/ بـەڵام هەنـدێکی تـر بۆچـونیان جـۆرێکی تـر بـوو. ئەمانـە پێیـان وابـوو رووبەرووبوونـەوەی کۆمۆنیسـتەکان ئـەوە ناهێنـێ. هـەروەها داواکـاری پـەیرەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەلایەن حیزبێکـی رەسمـی رێپێـدراوەوە کـەخۆی بـۆ ئـەم مەبەسـتە تەرخانکردووە، جێبەجێنەکردنی ئەم خواستەش لەلایەن دەسەڵاتەوە لەترسـی ئـەوەی یـەك ریزی نیشـتمانی لێـك نـەترازێ بـەهۆی دژایـەتیکردنی تـەواوی ئـەو مەسـەلەیە لەلایـەن قیبتەکانـەوە، دواجـار دەبێتـە مایـەی ئـەوەی ئـەو هێـزە لەگـەڵ دەسـەڵاتدا رووبـەرووی یەکتربېنەوە وەکی ئەوەی لەساڵی 1954دا روویداو بدەن بەیەکدا.

(ئەنوەر سادات) لەریزی پێشەوەی ئەوانەدابوو کە ئـەم بۆچـونەیان بـەلاوە پەسـەندبوو. ئەوەبوو لەوتارێکدا رایگەیاند کە: (هەرگیز رێ نـادات بـەوەی هـیچ حیزبێکـی سیاسـی لەسەر بنەمای ئایینی دروست ببێت). دەستەڵاتی سیاسی لەو قۆناغـەدا هـەر ئەوەنـدەی کرد (ساڵح ئەبو رەقیق)، یەکێك لەسەرکردە دەسـت رۆیشـتووەکانی ئیخـوانو سـەرۆکی هۆزی (أولاد علی) لە بیابانی خۆرئاوا لەناوچـە سـنووریەکانی نێـوان میسـرو لیبیـا، لەسـەرکردایەتی حیزبـی ناوەنـدی فـەرمانڕەوادا دامـەزرانـدو لەگـەڵ ئەویشـدا ژمارەیـەك پلەوپایەی تری دابە چـەند ئەنـدامێکی دیکـەی ئیخـوان موسـلمین. حکومـەتی میسـری

رۆژی 28 تشـرینی یەکـەمو4تشـرینی دووەمـی 1976 لەسـەر بنـەمای فرەحیزبـی، هەڵبژاردنێکی نوێی ئەنجومەنی گـەلی دەسـت پێکـردو (سـاڵح ئـەبو رەقیـق) لەناوچـەی هەڵبژاردنی خۆیدا کشایەوەو جیگاکـەی خۆیـدا بـە (مـەحمود ئـەبو وافیـە)ی سـکرتێری گشـتی حیزبـی ناوەنـدی فـەرمانڕەوا. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا شـەش لـەو ئیخوانانـەی پەیوەندیان بەحیزبی ناوەنـدەوە کردبـوو، بوونـە ئەنـدامی ئەنجوومـەنی گـەلو زۆربەشـیان پۆستی باڵایان لەحیزبولـەناو ئەنجومەنـدا بەدەسـت هێنـا. نموونـەکانیان وەك: (جـەمال رەبیع) سکرتێری گشتی یاریدەدەر لەحیزبی ناوەندو(سەلاح ئەبو ئیسـماعیل) سـەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتیوئەوقافوکاروباری ئایینی لە ئەنجوومەنی گەل.

بەجۆرە ئیخوان توانیان لەماوەیەکی کورتدا ببنە هێزێکـی سیاسـی گـەورەو لەشـارو گونـدوزانکۆو دامودەزگاکانـدا جێگـای خۆیـان بکەنـەوە, سـەنگ و قورسایشـیان لـە هەڵبژاردنەکاندا ئەو کاتە دەرکەوت کە (عادل عید)ی کاندیـدی بازنـەی (بـاب شـرقی) ئەسکەندەریە دوو رێپێوانی سازکردو بەهەزاران کەس بەشداریان تێداکرد. هـەروەها لـەو ئاهەنگانەشدا دیاریدا کە لە (السیدة زینب) لە قاهیرەودەمنهور سازیاندا، لەگـەڵ ئـەو کۆڕو کۆبوونەوانەی لەزانکۆکاندا بەسترانو سەرانی ئیخـوان داوەتکرابـوونو ژمارەیـەکی زۆری خوێنـــدکارانولاوان تیایـــدا ئامـــادەبوونو داوای جێبـــەجێکردنی شـــەریعەتی ئیسلامیان دەکرد.

لەوکاتەدا ئیخوان موسلمین دەیانویست ئەمینداریێکی گشتی بـۆ خۆیـان هەڵبـژێرن، بۆئەوەی جێگای (حەسەن هوزەیبی) بگرێتەوە کە لەساڵی 1973 کۆچی دوایکـرد. ئـەو پرۆپاگەندانەی لـەئارەدابوو، (سـاڵح ئـەبو رەقیـق) یـان وەك سـەرکردەی نـوێی ئیخـوان دەسـت نیشـانکردبوو، لەبەرئـەوەی ئەنـدامی رێکخـراوی ناوەنـدی فـەرمانڕەوابوو. بـەڵام دواجار لـەناو سـەرکردایەتی ئیخوانـدا رێکـەوتن لەسـەر ئـەوەی (بەتەمـەنترین ئەنـدامی مـەکتەبی ئیرشـاد ببێتـە مـەرجـەعیان لەتـەواوی کاروبـارە گشـتیو تایبەتیەکانـدا). بـەو پێیەی لەوکاتـەدا (عومـەر تەلمسـانی) لەهـەموو ئەنـدامانی دیکـەی مـەکتـەبی ئیرشـاد بەتەمـەنتر بـوو، بۆیـە ئـەویانکردە ئەمینـداری گشـتی بـەبێ هـیچ نازنـاوێکی رەسمـی. بەتایبـــەت دوای ئـــەوەی لـــەپاش سەرپەرشـــتیکردنی گۆڤـــاری (الـدعوة)وە، هێـــزو ناوبانگێکی بۆ خۆی پەیداکردبوو.

(تەلمســـانی) لەبیرەوەریەکانیـــدا دەڵێـــت: (لێپرســـراوانی میســـر دانیـــان بـــەو هەلومەرجەداناو ئەویان وەکی لێپرسراوی ئیخـوان دانـا، نـەك بەوپێیـەی رێکخـراون - چونکە گەربیانزانیایە رێکخراوێك هەیە ئەوا دەست بەجێ هەمووگانیان دەدایـە دادگـا- بەڵکو وەکی هێزێکی سیاسی حسابیان بۆ دەکردین کەبوونی لەسەر گۆڕەپـانی سیاسـی هەیـە). (تەلمسـانی) دەڵێـت: (مـنـیش بەوبارودۆخـە رازی بـوومو لـەزۆر هەڵویستێشـدا

کەدەسەڵات تیایدا پێویستی بەهاوکاری ئیخوان بوو تیایدا بەشداربووم. ئەمەیش ئیعترافێکی ناراستەوخۆی حکومەت بوو بەئیخوان). لەو قۆناغەدا ئیخوان موسلمین یارمەتی رژێمی (سادات)یاندا بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو دوو هێزە سیاسیەی هەڕەشەو مەترسی بوون لەسەر حکومەتی میسری، ئەوانیش بریتیبوون لە: چەپەکان (کە مارکسیستەکانو سوسیالیستەکانو ناسریەکان بوون). ئەمانە دژ بەسیاسەتی کرانەوەی ئابووری بوونو بەهۆکاری گەورەبوونی کەلێنی نێوان چینەکانو قولبۆنەوەی قەیرانە ئابووریەکانیان دەزانی. هێزی دووەمیش بریتیبوو لە راستڕەوە ئایینییە توندرەوەکانی وەکی گروپی (تەکفیر). لەوکاتەدا تەنها دوو تاقمیان دروست بوو بوون، تاقمی (سالح سریە) کە (تاقمی کۆلیژی هونەری سەربازیشیان پێدەوتن) لەگەڵ گروپی (التکفیر و الهجرة).

سەبارەت بەچەپەکان، دوای دەرچوونی دوو ژمارەی گۆڤاری (الدعوه) کە پڕبوو لە هێرشو پەلامار بۆسەر چەپەکان، نوسەری ئەم باسە چاری نەماو دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر رێکخراوی تازەی ئیخوان موسلمین، ئەوەشم لە گۆڤاری (روز الیوسف)دا نووسی کە خۆم یەکێك بووم لە نوسەرانی. لە ژمارە (13)ی ئەیلولی 1976دا پرسیم، ئاخۆ ئیخوان موسلمین دەیانەوێت سەردەمی تازەیان لەو شوێنەوە دەست پێبکەنەوە کە لە ساڵی 1954دا کۆتایی هات یاخود دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی 1928؟.

لەو وتارەدا وتم: (راستڕەوەکان لەسەردەمی ساداتدا دەیانەوێت ئەو ململانێ کۆمەڵایەتیەی لەنێوان سەرمایەداری تازەو خەڵکی بەش مەینەتدا هەیە، وەها نیشان بدەن کە ململانێیەکی ئایینییە لەنێوان ئیسلامو کۆمۆنیزمدا، چونکە وێناکردنی بەمجۆرە خزمەت بەرامەکانیان دەکات تا ڕوی راستەقینەی ململانێکەی پێبشێوێننو جەماوەر چەواشە بکەن. تۆ بڵێی ئیخوان موسلمین وابزانن ئەو جەنگە کۆمەڵایەتیەی هەنوکە لە ئارادایە، جەنگێکی ئایینییەو پێویستی بە جەنگێکی سەلیبی هەبێت دژ بەهێزە نیشتمانیە پیشکەوتنخوازەکان کە تیایدا ئیخوان پاکتاوی کۆمۆنیست و ناسریەکان و تەواوی هێزە نیشتمانیە پێشکەوتنخوازەکان بکەن و تەنها هێزە کۆنەپەرستەکانی میسر بهێننەوەو... هتد؟).

ئیخوان گوێیان نەدایە ئەم هێرشەو لەهەموو ژمارەکانی (الدعوة)دا تا ئەو کاتەی داخرا، درێژەیان بەشەڕی خۆیاندا لە دژی کۆمۆنیست و ناسری و سۆسیالیستەکان! هەرچی پەیوەندیشی بە گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکانی وەك (التکفیر و الهجرة)وە هەبوو، ئیخوان بێسڵەمینەوە کەوتنە سەرکۆنەکردنی خۆیان و بیروبۆچوونەکانیان و هەڵوێستی ئەوانیان بەلادان لە راستە رێگای ئیسلام دایەقەڵەم. کاتێك (سالح سریە)ی

سەرۆكی ڕێكخستنەكانی كۆلێژی هونەری سەربازی لە دادگایكردنەكانیدا ئیعترافی بەوەكرد كە پەیوەندی بە هەندێك لە سەركردە كۆنەكانی ئیخوان موسلمینەوە كردووە، لەوانەش: (حەسەن هوزەیبی و شێخ محەمەد غەزالی و زەینەب غەزالی و...هتد)، (زەینەب غەزالی) لە بەیاننامەیەكدا كە بۆ ڕۆژنامەكانی نارد وەڵامی دایەوەو وتی: (زەینەب غەزالی پەیوەندی لەگەڵ كەسێكدا ناكات كە بزانێت دژی ئەنوەر ساداتە). هەر لەدرێژەی بەیاننامەكەیدا وتبووی: (سادات كاتێك هات میسر نوقمی دەریایەك لە زوڵم و ستەمكاری بوو، كاریشی بۆ ئەوە كرد ئەو ستەمە رابگرێت و ڕاشیگرت. هەر بۆیە نارەزایی خۆی بەرامبەر بەو تاوانانە دەردەبڕێت كە ساڵح سریە دژ بە وڵاتێكی ئیسلامی وەك میسر ئەنجامی داوە).

هەورەها (شێخ محەمەد غەزالی)یش لای خۆیەوە كە ئەوكات راوێژكاری وەزارەتی ئەوقاف بوو، ئەوەی بەدرۆخستەوە كە چاوی بە (ساڵح سریە) كەوتبێ‌و ڕێكخراوەكەشی بەرێكخراوێكی گومان لێكراو وەسفكردو وتی: (ئەو لەو كەسانە نیـیە كە پلان لەسەرۆكی ئیماندار- محەمەد ئەنوەر سادات- بگێڕێت‌و بێ ئەمەك بێت بەرامبەر هەوڵە ئاشتیخوازەكانی ئەو). هەرچی پەیوەندی بە كۆمەڵی ئیسلامیشەوە هەیە شتێكی ئاسایی بوو ئیخوان موسلمین سەركۆنەی بیروبۆچوونەكانیان بكەن، پاش ئەوەی ئەوان ئیخوانیان تەكفیركردو نوێژكردنیان لەپشتی ئەوانەوە بەحەرام دانـاو لـەرێزی ئەوانـەدا دایاننان كە خوێنیان حەڵاڵە.

بەڵام ئەمانە دەستی ئیخوانیان نەگرت لەوەی سەركۆنەی حكومەتیش بكات، لەبەرئەوەی شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەونەكردووەو دەرفەتی ئەوەی بۆ كۆمەڵی ئیخوان موسلمین نەڕەخساندووە تا لە هەلومەرجێكی سروشتیدا كاری خۆی بكات. ئەمەش بۆ تەمایەی ئەوەی فیكری تەكفیر برەوبسێنێ‌و لەناو لاواندا رەواج پەیدا بكات، چونكە ئەو لاوانە لەناو بۆشاییەكی ئایینی‌و لەناو گەندەڵیەكی بەربڵاودا پەروەردەبوون.

لەبەرامبەر تیرۆركردنی شێخ (الذهبی)دا، ئیخوان لە ژمارەی تەموزی 1977 (الدعوة)دا بەیاننامەیەكیان بڵاوكردەوەو كوشتنەكەیان بە تاوانێكی قێزەون دایە قەڵەم، تاوانێك كە هیچ عورف‌وئایینێك پەسەندی ناكەن‌و ئەوانەشی ئەو كارە دڵتەزێنەیان ئەنجامداوە ئایین لێیان بێبەریە. ئێمە بەهەموو شێوەیەك ئەو رووداوەو هۆكارەكانی‌و ئەو شتانەشی لێی دەكەونەوە رەتدەكەینەوەو بەراستیان نازانین.

بەڵام پەیوەندی دۆستایەتی نێوان(سادات) و ئیخوان موسلمین، لەگەڵ دەست پێشخەریەكەی قودسدا بەرەو نەمان دەچوو. ئەمەش بەچەند قۆناغێكدا تێپەڕی. كاتێك (سادات) دەستپێشخەریەكەی راگەیاند ئیخوان بەئاشكرا نارەزایی خۆیان دەرنەبڕی، ئەویش لەبەرهۆكارگەلێك، لەوانە: هەنگاوێكی وا لەسەر ئاستی میللی بەگشتی

پێشوازی لێکراو ئیخوان نەیانـدەتوانی لـەدژی بوەسـتن. تەنانـەت ژمارەیـەکی گرنگـی پیاوانی ئاینی لەپێش هەمووشیانەوە بانگەوازخوازی بەناوبانگ (شێخ محەمـەد متـەوەلی شەعراوی و شێخ عەبدولمنعم نەمر)، پشتیوانی خۆیان لەدەست پێشخەریەکە راگەیانـدو لەم کارەشیاندا پشتیان بەوە بەستبوو کە ئیسلام فەرمانی بە پەسـندکردنی ئاشـتی داوە گەر هاتوو دوژمـن پێشـنیاری ئـەوەیکرد. لـەم روەوە رێکەوتنامـەی حودەیبیـەیان بـەبیر خەڵك هێنایەوە کە پێغەمبەر لەگەڵ قورەیشدا ئەنجامی دابوو. لەگـەڵ ئـەوەی کـە ئەوانـە بت پەرستیش بوون، بەڵام یەهود وەکی موسڵمانان ئەهلی کیتابن.

ئیخوان دەترسان لەوەی بکەونە مشـتومرێکی ئـایینی لەگـەڵ ئـەو پیـاوە ئایینیانـەی داکۆکیان لەدەست پێشخەریەکەی (سادات) دەکـرد، هـەروەها ترسـی ئەوەشـیان هـەبوو لەدژایەتیکردنیدا لەگەڵ کۆمۆنیستو ناسریەکاندا بکەونە یـەك سـەنگەرەوە. بـەڵام هـەر ئەوەندەی ناکۆکی کەوتە نێوان (سادات و منـاحم بـێگن)ی سـەرۆك وەزیرانـی ئیسـرائیل لەسەر مەرجەکانی ئاشتی و (سـادات) لای خۆیـەوە پەیوەندیـەکانی لەگـەڵ ئیسـرائیلدا پچـڕاند، ئیخـوان کەوتنـە دژایـەتی کـردنو لەشـوباتی 1978 بـە نوسـین مـەرامی ئیسـرائیلیان بـۆ پێکهێنـانی دەوڵـەتێك لەفوراتـەوە بـۆ نیـل ئاشـکراکردو دەوڵـەتیان وریـاکردەوە لـەوەی نابێـت ئاشـتی لەگەڵـدا بکـات، نـەبادا ئیسـرائیل خواسـتە نامەشروعەکانی خۆی بسـەپێنێ. لەیـەکێك لـەژمارەکانی گۆڤـاری (الدعوة)دا کـە لـە مـانگی حوزەیرانی ساڵی 1978دا دەرچوو، (عومـەر تەلمسـانی) لـە لێـدوانێکی دا بـۆ رۆژنامەیـەکی کەنـەدایی رایگەیانـد کـە زایـۆنیزم خـاکی فەلەسـتینی داگیرکـردووەو پێویستەوە دەربنرێت، جولەکەش بۆیان هەیە لەفەلەستیندا وەکو هاوڵاتی بژین نەك وەك فەرمانڕەواو دەسەڵاتدار.

لەگەڵ رێکەوتنامەی کامب دیڤیددا هەڵوێستی ئیخوان موسلمین پێینایە قۆناغێکی تازەوە. لەژمارەی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی1978 گۆڤاری (الدعوة)دا، دژایـەتی بێقەیدومەرجی خۆیان لەرێکەوتنامەکە راگەیانـدو (عومـەر تەلمسـانی) لەنوسـینێکدا دەڵێت: (شەرعی ئیسلامی فەرماندەکات بەوەی گەرهاتوو بەشێك لـەخاکی موسـڵمانان داگیرکراو موسڵمانان لەباریاندابوو ئەو مافەی خۆیان بسێننەوە بەڵام ئەو کارەیان نەکرد ئەوا هەموویان گوناهبارن، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵـەتی ئیسرائیلیەوە لەئارەدایە. ئیعترافکردن بەوەی داگیرکەر مافی داگیرکردنـی خاكوئاومـانی هەیـە لەگـەڵ یاساورێسـا ئاسمانیەکانـدا ناکۆکـەو لـەم پێناوەشـدا نابێـت سـڵ لەشـەڕ بکەینەوە، ئیتر سەرەنجامی هەر چیەك بێت).

کەچی لە هەمان ژمارەی (الدعوة)دا هێرشـکرایە سـەر ئـەو وڵاتـە عەرەبیانـەی دژی هەردوو رێکەوتننامـەکەی کامب دیڤید بوون و بـە (بـەرەی بـەرگری و بەرەنگاربوونـەوە)

ناسرا بوون. (الدعوة) لەژێر سەردێری (کامپ دیڤید- بە دوور لەدەهۆڵ کوتینو لاف لێدانی بەرگریکردن)، داوایکردبوو کە پشودرێژبنو دان بەخۆیاندا بگرن بۆ ئەوەی ناکۆکیو لێکترازانی نێوان وڵاتە عەرەبیەکانو میسر قوڵتر نەبێتەوە. دژایەتیکردنی هەردوو رێکەوتنامەی کامپ دیڤید لەلایەن ئیخوان موسلمینەوە، هانی ژمارەیەك لەئیخوانو چەند گروپێکی ئیسلامی دیکەیدا کە پرسیار لەهەنگاوی دوای ئەوەبکەنو بڵێن: (ئایا ئیخوان تەنها بەوەوە دەوەستن کەدژایەتکردنی خۆیان لەو پرۆسەیە لەرێگەی ئەو کەناڵانەوە رابگەیەنن کە سادات رێگەی پێداون، یاخود دەبێت پەنا بەرنەبەر توندوتیژی). لەم سەروبەندەدا هەندێك رێکخراوی ئیسلامی کەوتنە هێرشکردنە سەر ئیخوانو بەترسنۆکیو لاوازی تاوانباریانکردن.

لەوەڵامدا ئیخوان بەئاشکرا دژایەتیکردنی خۆی بۆ توندوتیژی راگەیاندو لەژمارەی مانگی تشرینی دووەمی 1978ی (الدعوة)دا، (عومەر تەلمسانی) وتارێکی بەناونیشانی (هەڵوێستی ئیخوان موسلمین لە کۆدیتاو پیلانگێریو خۆپیشاندان) نوسیو تێیدا باسی لەوەکردبوو کە: (ئەگەرچی ئیخوان دژایەتی رژێمی فەرمانڕەوا دەکات تا ئەو کاتەی شەرعی خوا جێبەجی دەکات، بەڵام دژی سوتاندنی ئامێروئامرازەکانی گواستنەوەوگەیاندنوتاڵانکردنی فرۆشگاکانوتێکدانی دامەزراوە حکومیەکانن، لەبەر ئەوەی ئەوانەی تێکدەدەرێت موڵکی گەلن. هەروەها ئەوان دژی پلانگێرانن لەحکومەتودژی ئەنجامدانی کۆدێتاکردنیشن، چونکە ئەوان خواستی حوکمڕانیان نییە و دەربایسیش نین کێ حوکم دەکات، ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە جۆری حوکمودەستوورو فۆرموسستمەکەیەتی، دوای ئەوە کێ دەیەوێت ئەوا با حوکم بکات). هەروەها (عومەر تەلمسانی) ئەوەشی راگەیاند کە(ئیخوان پێیان وایە پێکدادان لەگەڵ حکومەتدا لەرێی هێزوتوندوتیژیەوە، بەهەدەربردنی مافی میللەتو بەفیڕۆدانی تواناکانیەتی، ئەمەش کارێکە جگە لەدوژمنانی میسر کەسی دی قازانجی لێ نابینێ).

گەر بێتو ئەم هەڵوێستەی ئیخوان بەو هەڵوێستەیان بەراوردبکەین کە لە رێکەوتنامەی کشانەوەی سوپای بەریتانیا لەمیسر هەیانبوو (ئەو رێکەوتنامەیەی ساڵی 1954 عەبدولناسر لەگەڵ بەریتانیەکاندا مۆری کرد)، ئاستی ئەو گۆڕانکاریەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەبەسەر ئەواندا هاتووە، (سەرچاوەی ئەم گۆڕانەش ئەو لاوازیو بێ دەسەڵاتیە بوو لە دوای شکستەکانی 1948 و 1954 و 1965 دوچاری هاتبوون).

بەهەر حاڵ دواتر و لە بیرەوەریەکانی (عومەر تەلمسانی) دەردەکەوێت دژایەتیکردنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا دوای ئەوە دێت کە راستەوخۆ (سادات) خۆی گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵدەکاتو رێگایان پێ دەدات! (تەلمسانی) باس لەوە دەکات کە لەدانیشتنێکی لەگەڵ (سادات)دا ئەوەی لێدەپرسێت: (بۆچی

دژایەتی ڕێکـــەوتنی ئاشـتی لەگـەڵ ئیسـرائیل دەکـــات؟), لەوەڵامـدا دەڵێـت: (ئەو لـەروی ئایینیـیەوە دژایـەتی دەکـات، لەبەرئـەوەی ئیسـلام رازی نابێـت موسـڵمان ئیعتراف بەکەسێکی غـەیرە موسـڵمان بکـات کـە خـاکێکی ئیسـلامی داگیرکـرا بێـت، چونکە هەرکاتێك خاکی موسڵمانان داگیرکرا ئەوا پێویستە لەسەر هـەموو پیـاووژنێکی موسـڵمان بچـن بـۆ جیهـاد. تەنانـەت بـۆ وەهـا کارێـك ژن دەتوانێـت بـەبێ مۆڵـەتی مێردەکەیی‌وکۆیلـە بـەبێ رەزامەنـدی خاوەنەکـەی بچێت). (سـادات) لەوەڵامـدا پێـی دەڵێت: (کەواتە بنووسە !). سەبارەت بەم وەڵامەی (سادات)، (تەلسانی) دەڵێت: (ئـەوە چاکەیەکەو بیرم ناچێتەوە).

(سادات) ئەوکات دەیزانی بۆ پاساودانەوەی ڕێکەوتنامـەی میسروئیسرائیل، پشت بە ئەزهرو زانایانی ئەوێ دەبەستێ‌و بەبۆچـوونی خۆیشـی ئەمـە بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی تالـە تۆمـەتی سەرپێچیکردنی یاساکانی ئیسلام رزگاری بێت، بەوەی دانی‌بە بـوونی دەوڵـەتی ئیسرائیل داناوە لەسەر خاکێکی ئیسلامی کە خـاکی فەلەسـتینە. ئـەم تۆمـەتـەش بـووە مایەی دەرکردنی چەندین فتوای ئایینی لەهەندێك وڵاتی عەرەبی‌و ئەمەش بنـەمای ئـەو شاڵاوە بوو کە ئیخوان لەدژی ڕێکەوتنامەکە دەستی دابوویە.

ئەزهەر لەسەر خواستی سادات بەیاننامەیەکی دەرکرد و رۆژی 10ی مایسی 1979 رۆژنامـــەکانی میســـر بڵاویـــان کـــردەوە. لـــەو بەیاننامەیـــەدا ئەزهـــەر قســـەی لەســـەر (راوبۆچـوونی ئیسـلام) و (حـوکمی) شـەرعی کردبـوو، وەکـو ئـەوەی هەنـدێك لایـەن سەبارەت بە ڕێکەوتنامەی میسر و ئیسرائیل باسی دەکـەن، تیایـدا هاتووەکـە: (میسـر وڵاتێکی ئیسلامی‌یەو ئەرکی سەرشـانی لێپرسراوەکەشـیەتی کـە بەتـەنگ پاراسـتینەوە بێت‌و چاوکراوەبێت بۆ پارێزگاریکردنی، گەرپێی وابوو بەرژەوەندی موسـڵمانان لەوەدایـە کەلەوانی دی نزیك بێتەوەو پەیوەندیان لەگەڵ ببەستێ ئەوا بۆی هەیە کارێکی لەو جـۆرە بکات). پاشان بەیاننامەکە ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بە -صلح الحديبية- لەگەڵ قورەشییەکان‌و پێکهاتنەوە لەگەڵ -غطفان- دا بـەراور دەکـات کـە هـەردووکیان پێغەمبەر ئەنجامی داون‌و پشتیشی بەو ئایەتە پیرۆزە بەسـتوو کـە دەڵێـت: (و ان جنحـوا للسلم فأجنح لها).

هەروەها بەیاننامەکە دەڵێت: (ڕێکەوتنامەی میسر و ئیسرائیل لە سنووری حـوکمی ئیسلامیدایە و لە بەهێزییەوە کراوە، پاش سەرکەوتنی جەنگی ئۆکتۆبەر بەسـەر سـوپای ئیسـرائیلیدا. هاوکـات ڕێکەوتنامـەکـە دەتوانێـت خاك‌وئـاوی ئیسـلامی بگێڕێتـەوە بـۆ خاوەنەکانیان و شتێکی وەهاشی تێدانی‌یە تا میسر دەسـتبەرداری ئـەوەبێت کـە قـودس شارێکی عـەرەبی‌وئیسـلامی‌یە). ئـەم بەیاننامەیـە ئیخوانـەکانی وروژانـد و لـە ژمـارەی

مانگی تەموزی 1979ی (الدعوة)دا کەوتنە وەڵامدانەوەو تیایدا هێرشیان کردەسەر بەیاننامەکەی ئەزهەر.

(تەلمسانی) لەوێدا نووسی بووی: (ئیسرائیلیەکان بەدامەزراندنی دەوڵەتەکەیان لەسەر خاکی فەلەستینو بەردەوامبونیان لەسەر دروستکردنی ئۆردوگاکانو لێدوانەکانیان سەبارەت بەوەی قودس پایتەختی هەتاهەتایی ئەوانە، دەریانخست کە بەڕاستی پەرۆشی ئاشتی نین). (د.عبدالعظیم المطعنی) لای خۆیەوە دەستی کرد بە پوچکردنەوەی ئەو بنەمایانەی فتواکەی ئەزهەر پشتی پێی بەستبوو، ئەویش بەخستنەروی جیاوازیەکانی نێوان هەریەك لە رێکەوتنامەی حودەیبییەو ئاشتبوونەوەی (عطفان) کە پێغەمبەر ئەنجامیدان، لەگەڵ ئەو رێکەوتننامەیەی (سادات) لەگەڵ ئیسرائیلدا مۆری کردبوو. (د.عبدالعظیم) دەڵێت: (رێکەوتنامەی حودەیبییە بە ئیلهامێکی خوایانە ئەنجامدراو ناوەڕۆکی ناکۆکی ئەوکاتە جیاوازە لە ناوەرۆکی ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیلدا کە لەسەر خاکێکی داگیرکراوو گەلێکی دەربەدەرکراوە. هەرچی پەیوەندی بە ئاشتبوونەوەی (عطفان) یشەوە هەیە، ئەوا پرۆژەیەك بوو نەگەیشتە ئەنجام).

بەڵام ئەزهەر وەڵامی دایەوە کە: (ناکۆکیەکان هەرچۆنێك بێت، رێ لەوەناگرن رابەر بڕیار لەسەر ئاراستەی بەرژەوەندی گشتی بداتوسیاسەتی جەنگو ئاشتی لەدەسەڵاتی رابەردایە نەك مافی سەرجەم موسڵمانان بێت). هەر بەم بۆنەیەوە ئەزهەر نامیلکەیەکی بەناوی (من أسانید البیان) بڵاوکردەوەو تیایدا داکۆکیان لەبۆچونی خۆیان کردوئاشتیکردنیان لەگەڵ (أهل الحرب) بەڕەوا دانا گەر بەرژەوەندی موسڵمانان وابخوازێت. لەم رووەوە نمونەی بەو رێکەوتنامە ئاشتیانە هێنایەوە کە ئەمیری موسڵمانانان لەگەڵ دەرودراوسێکانیان لەپادشاکانی رۆم(دەوڵەتی بیزەنتی)وپاشاکانی فەرەنگی لە ئەندەلوس بەستبوویان. زانایانی ئەزهەر لەوێدا نووسیبویان: (مەرجی رێکەوتن سنورێکی دیاریکراوی نیە , بەڵکو بەپێی هەلومەرج پێداویستی رێکەوتنەکە دیاری دەکرێت و وەها رێکەوتنێکیش پێویستە موسولمانان گوێڕایەڵی بن. ئیتر لەسەردەمی ئەو کەسەدا بێت کە ئەنجامی داوە یاخود لەسەردەمی ئەوانەدا بێت کەدوای ئەو دێن, بە مەرجێك لایەنەکەی دی رێکەوتنەکە پێشێل نەکاتو هەڵی نەوەشێنێتەوە).

گرنگی ئەزهەر لەوەدا بوو کە چەندین لیژنەی وەکی کۆڕی توێژینەوەی ئیسلامی و زانکۆ ئەزهەر و ئەنجومەنی باڵای ئەزهەر و لیژنەی فتواو بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانگەواز و رێنومایی و پەیمانگەکانی ئەزهەری لە خۆگرتبوو. بەم پێیە لەلایەن رای گشتی میانڕەوی میسریەوە گوێی لێدەگیرا. هەروەها پاڵپشتێکی ئیسلامی گونجاوی

(سادات) بوو بۆ دژایەتیکردنی ئیخوان موسلمین. ئەم شەڕەی نێوان ئیخوان وئەزهەر لە سەر رێکەوتننامەی ئاشتی میسر- ئیسرائیل کە لە مارسی 1979 دا ئیمزا کرا, نەبووە مایەی ئەوەی تا ئیخوان والێبکات شوێن پێی گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان هەڵبگرن کە لەوکاتەدا داوای تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئیسرائیلیان دەکرد، دوای ئەوەی بۆیەکەم جار لە مێژووی ململانێکردنی ئیسرائیلدا ئالآی ئەو وڵاتە لە میسردا بەرزکرایەوە. هەروەها ئەو گروپانە داوای تیرۆر کردنی گەشتیار و دیبلۆماتە ئیسرائیلیەکان و ئەو میسریانە شیان دەکرد کە هاریکاریان دەکردن.

گۆڤاری ( الدعوة) لە ژمارەی مانگی نیسانی 1980 دا بەپێنوسی (محەمە عەبدولقەدوس) وتارێکی بڵاوکردەوەو دەڵێت :(دوای ئەو نەهامەتیەی رویداو ئیسرائیل لەولآتەکەماندا بووە خاوەن باڵۆێزخانە، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەرکی ئێمە چی‌یە؟ ئایا دەبێت باڵۆێزخانە کە بەسەریەکدا بڕوخێنین یان دەبێت دیبلۆماتە جولەکەکان بڕفێنین وبیانکوژین. نەخێر، گەر هاتوو ئێمە باڵۆێزخانەی ئیسرائیلمان تەقاندەوە، ئەو کارە هیچ ئاکامێکی نابێت جگە لەدروستکردنەوەی باڵۆێزخانەیەکی دی نەبێت لەسەر حسابی میسر!). (عەبدولقەدوس) لەبری ئەوە پێشنیاری ئەوەیکرد کە هاولآتیانی میسر هەرچی شتێ ئیسرائیلیە کڕین‌وفرۆشتنی پێوە نەکەن. هەرچەندە ئیخوان موسلمین هەوڵیاندا هاوسەنگی پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتدا رابگرن، بەلآم بارودۆخەکە بەرەوگرژی‌وپێکدادانێکی چاوەڕوانکراو دەچوو.

(الدعوة) لە ژمارەی کانونی دووەمی 1979دا راپۆرتێکیC.I.A بلآوکردەوە-کەدەسکاریکردن‌وشێواندنی پێوە دیاربوو-. تیایدا داوای ئەوە لەحکومەتی میسری کراوە بە سەرۆکایەتی (مەمدوح سالم)، تا دەست لە رێکخراوە ئیسلامیەکان و لە ریزی پێشەوەشیان لە ئیخوان موسلمین بووە شێنێت. راپۆرتە کە بە ناوی (ریچارد میچل)ەوە بوو کە مامۆستای مێژووی نوێی رۆژهەلآتی دور و باکوری ئەفریقیا بوو لە زانکۆی مەشیگان و خاوەنی کتێبی (ئیخوان موسلمین)یشە. بلآوکردنەوەی ئەم راپۆرتە هەڵبەستراوە (سادات)ی زۆر توڕەکرد، لەبەرئەوەی ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە حکومەتەکەی فەرمان لەولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەردەگرێت. لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆك و مامۆستایانی هەردوو زانکۆی (أسیوط) و (المنیا) لە 15 نیسانی 1979، هەڕەشەی ئەوەی کرد کە هەریەك لە (مەمدوح سالم) و ئەو بەرپرسەی ئیخوان کە ئەو راپۆرتەی بلآوکردۆتەوە بانگهێشت دەکات تا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات. گەر هاتوو دەرکەوت کەوا سەرۆکی حکومەتی میسر رێنمایی لە ئەمریکاوە وەرگرتووە ئەوا سزای دەدات، بەلآم گەر درۆی ئەو کەسەی ئیخوان سەلمێندرا کە ئەو راپۆرتەی بلآو کردۆتەوە ئەوا ئەویش سزا دەدات.

دوای دوانزه رۆژ لـەم لێدوانـەی (سـادات)، دەسـەڵاتدارانی میـسر بـۆ یەکـەمین جـار دەستیانکردە بە داخستنی گۆڤاری (الدعوة). (سادات) هەر بەوەندەوە نەوەستا، بـەڵکو داوایکـرد (عومـەر تەلمسـانی) لـەو کۆبوونەوەیـەدا ئامـادە بێـت کـە لەگـەڵ ژمارەیـەك پیاوانی ئایینیو نوسەرو بیریاری ئیسلامیدا لە ژێر ناوی (کۆڕی بیری ئیسلامی) سـازی دابـــوو. کۆبوونەوەکـــە رۆژی 21 ئـــاب 1979 لـــە شـــاری ئیسـماعیلیە بەسـتراو لەوێدا(سادات) بە ئاشکرا کەوتـە سـەرکۆنەکردنی رابـەری ئیخـوان موسـلمین کـە چـۆن رێگای بە بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە هەڵبەستراوەی دەزگای موخابـەراتی ئـەمریکی داوە. لە میانەی قسەکانیدا وتـی: (ئـەو بـەو پێیـەی سـەرۆك کۆمـارە پێویسـتە هـەر ئێسـتا کۆمەڵی ئیخوان موسـلمین هەڵبوەشـێنێتەوەو بڵاوکراوەکەشـیان قەدەغـە بکـات، لەبـەر ئەوەی هیچ بوونێکی یاساییان نیيە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو گەورەی ماڵە- سادات حـەزی بەوە بوو بەجۆرە خۆی نیشان بدات-ئەوا ئەو کارە ناکات). (عومەر تەلمسانی) خۆی لـەو تۆمەتانە بێ بەریکردو لە وەڵامدا وتی: (رازی نـەبووە بـەوەی بچـێتە بەرەیەکـەوە لەگـەڵ کۆمـنیستەکانداو ئیخوانو شیوعیەکانیش هیچ رۆژێك لەگـەڵ یـەکتردا نـابن). هـەروەها وتی: (لە خوا پاڕاوەتەوە تا درێژە بە حوکمڕانی سادات بـدات، لەبـەر ئـەوەی لـە سـایەی ئەودا بە ئازادی دەژین). هـــەر بە تـەنها مەسـەلەی ئـەو راپۆرتـە هەڵبەسـتراوەی C.I.A نەبووە مـایەی بارگرژی نێوان ئیخـوانو حکومـەت، بـەڵکو لـەو کاتـەدا داوای ئەوەشـیان دەکرد کە بەشێوەیەکی شەرعی دان بەبوونیاندا بنرێت، لەبەر ئـەوەی بڕیارێـك لـە ئـارادا نیە کە ئەوان هەڵبوەشێنێتەوەو بوونیان نەهێڵێت.

تاکە بڕیارێکی هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان ساڵی 1948 بەر لە شۆڕشی یۆلیۆ لەلایەن (نەقراشی) پاشاوە دەرچوو، بەڵام حکومەتی وەفد ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندەوەو دوای ئەوە هیچ بڕیارێکی دی سەبارەت بە هەڵوەشـاندنەوەیانوقەدەغەکردنی کاروچـالاکی سیاسـی لێیان دەرنەچووە، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێـك سـاڵی 1955 دادگـای شـۆڕش دەسـتی بـە دادگـایکردنی ئیخـوان کـرد بڕیـاری راگرتنـی کاروچـالاکی دان. بـەڵام حکومەتەکـەی (مەمدوح سالم) گوێی بەم قسانە نـەداو ئیخـوانیش لای خۆیانـەوە داوایـەکیان لەبـەردەم دادگای قەزای ئیداریدا بەرزکردەوەو داوایان لە دەوڵەتکرد بەبەڵگەوە ئەو شتانە بخاتە روو کە هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان دەسەلێنن.

ئەمە یەکەمین رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئیخوان و حکومەت بوو، دووهەمین جاریش بـە هۆی هەڵبژاردنەکانی نەقیبی پارێزەرانـەوە بـوو. لـەو هەڵبژاردنانـەدا ئیخـوان موسـلمین دایانـــەپاڵ (عەبدولعـــەزیز شـــۆربجی)، ئـــەو پیـــاوەی شـــاڵاوی کـــردە ســـەر هـــەر دوو رێکەوتننامەی کامب دێڤید و هەروەها هێرشیشی کردە سەر خودی (ئەنوەر سـادات) و بە دیکتاتۆر و پێشێلکاری ئازادی بیروڕا تاوانباری کرد.

ئەم مەسەلەیە (سادات)ی تەنگەتاو کردو بە (عومەر تەلسانی) راگەیاند کە ئەمە کارێکی نابەجێیە و چۆن ئایین رێبەوە دەدات کەسێك هەڵبژێردرێت کە جنێو بە دەوڵەت بدات‌و دەستدرێژی بکاتە سەر حکومەت، وتیشی کەی رەوایە ئیخوان لەگەڵ وەفدەنوێیەکان‌و کۆمۆنیستەکاندا لەیەك بەرەدا بن بۆ پاڵپشتی کردنی (شۆربچی)؟. (تەلسانی) لای خۆیەوە نکوڵی لەوە کرد فەرمانی بە پارێزەرانی سەربە ئیخوان دابێت تا دەنگ بدەن بە (شۆربچی)، بەڵام ئەوەی زیاتر (سادات)ی تورەکرد هەوڵی ئیخوان بوو بۆ ئەوەی گروپە ئیسلامیەکان‌و غەیرە ئیسلامیەکانی ناو زانکۆکان لە ژێر سەرکردایەتی خۆیاندا کۆ بکەنەوە. ئەم هەوڵەش بەلای حکومەتەوە وەها سەیری دەکرا وەك ئەوەی تەقەللایەکی ئیخوان بێت بۆ خۆ بەهێزکردن‌و کڕینەوەی هەیبەتی خۆیان، وەکو ئەوەی بەرلەنەهامەتیەکەی ساڵی 1954 دەستیان دایە.

لەو کاتەدا لە هەرزانکۆیەکدا گروپێکی ئیسلامی دروست بوو کە هەریەکەو ئەمیر واتە (سەرۆکی) خۆی هەبوو، بیروبۆچونیشیان لە نێوان فیکری تەکفیر و فیکری ئیخواندا بوو. ئیخوان ئەو گروپانەی وەك بەشێك لە خۆی سەیر دەکردو لە گۆڤاری (الدعوة)دا هەواڵ‌و دەنگوباسی بلاوەدەکردنەوەو هانی جموجۆڵ‌و چالاکیەکانیشی دەدان. هێندەی نەبرد ئیخوان دەستی دایە کۆکردنەوەی تەواوی ئەو گروپانە لە ژێر سایەی دەسەلاتی خۆیداو کۆبوونەوەیان بە ئەمیری هەموو گروپەکان کردو ئەمیرێکیان بۆ هەموویان دەست نیشانکرد، دوای ئەمەش گروهە ئیسلامیەکانی دیکەی دەرەوەی زانکۆکانیشیان کۆکردەوە. بەرەنجامی ئەم کارەش دروست بوونی شێوەرێکخراوێکی گشتی لێکەوتەوە کە ناویان نا (کۆنگرەی هەمیشەیی ئیسلامی بۆ بانگەوازی ئیسلامی)و (عومەر تەلسانی) بەسەرۆکی هەڵبژێردرا.

(سادات) دروست بوونی ئەو کۆنگرەیەی بەوەرچەرخانێکی ترسناك لە سیاسەتی ئیخوان‌و لە هەڵوێستی گشتیاندا دایە قەڵەم، چونکە ئەو پێی باش بوو بە جیا مامەڵە لەگەڵ گروهە ئیسلامیەکان‌و لەگەڵ ئیخوان موسلمیندا بکات‌و یەك لە دژی یەکتری بە کاریان بهێنێت، دواجار هەمووشیان بۆ دژایەتیکردن‌و لێدانی ناسریەکان‌و کۆمۆنیستەکان بەکاربهێنێت. بەڵام دروست بوونی ئەم رێکخراوە ئەوەی دەگەیاند کە ئەم گروپانە ئیتر بۆ خۆیان کاردەکەن نەك بۆ خاتری حکومەت.

زوبەزوش ئەمە ئاشکرا بوو، کاتێك کۆنگرە دەستی کرد بە بەکارهێنانی تواناکانی خۆی لە دژی ناوەرۆکی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکەی (سادات) کەبریتی بوو لە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل و دژایەتیکردنی هەردوو رێکەوتننامەی کامب دیڤید. هەروەها کۆنگرە شالاوەکانی گەیاندە ئاستێك کە رێگربوو لەبەردەم جێبەجێکردنی

ڕێککەوتننامەی میسرو ئیسرائیلو پەیوەندیەکانی میسری لەگەڵ ئیسرائیلدا خستبووە مەترسیەوە، بەجۆرێك پێدەچوو بگاتە ئەوەی ئیسرائیل لە سینا پاشەکشە نەکات، وەکو ئەوەی لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتبوو. ڕۆژی 29 ئایاری 1981 کۆنگرە کۆبوونەیەکی میللی لە دوای بانگی خەوتنان لە زانکۆی ئەزهر سازداو بابەتی کۆبوونەوەکەش تاوتوێکردنی چۆنیەتی گێڕانەوەی شاری قودس بوو کە بەدەیان هەزار کەس ئامادە بوون.

کاتێك ڕۆژی (5) حوزەیرانی 1981 فڕۆکەکانی ئیسرائیل لە دامەزراوە ئەتۆمیەکانی عێراقیان دا —واتە دوای کەمتر لە هەفتەیەك لەو کۆبونەوەی باسمانکرد-، کۆنگرە داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی کرد لە مزگەوتی (النور) لەگەڕەکی (العباسە)ی شاری قاهیرە، تاباس لەوە بکەن کە دەبێت چ ڕێوشوێنێك بگرنەبەر بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر عێراق!

لەو کۆبوونەوەیەدا هەریەك لە (عومەر تەلسانیو شێخ حافز سەلامەو شێخ سەلاح ئەبو ئیسماعیل) وتاریاندا، هەروەها ئەمیری سەرجەم گروپە ئیسلامیەکانیش (حلمی جەزار) ، وتاری خۆی پێشکەش کردو هەر هەموویان ئیدانەی هێرشەکەی ئیسرائیلیان کرد. بەڵام ترسناکترین شتێکی ئەو کۆنگرەیە ئەوە بوو کە پەیامێکی ئاڕاستەی (ئەنوەر سادات) کردو تیایدا داوای ئەوەیان لێکرد تەنها بەوەندەوە نەوەستێت ناڕەزایی خۆی لە دژی هێرشەکەی ئیسرائیل نیشان بدات، بەڵکو دەبێت هەنگاوی عەمەلی بنێت تا ئیسرائیل دەست لەو جۆرە کارانە بکێشێتەوە! هەروەها داوایانکرد پرۆسەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئیسرائیل ڕابگیرێو بالوێزی ئیسرائیلیش لە قاهیرە دەربکرێت.

پاشان تەواوی گەنجان بانگهێشت بکرێن بۆ جیهادی پیرۆز لە ژێر سایەی ئیسلامدا، دوای ئەوەی (شەرعی خوا جێبەجێ دەکرێت). هەورەها پێویستە کۆسپو تەگەرە لەبەردەم گروپەئیسلامیەکاندا هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی دەست بەکاروچالاکی خۆیان بکەنەوەو دەرگای مزگەوتەکان بۆ بانگەواز خوازانی موسڵمان بخرێتە سەرپشت تا بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستنو کارەکانیان جێبەجێ بکەن.

ڕۆژی 17 حوزیرانی 1981 کۆنگرەی ئیسلامی کۆبونەوەیەکی دیکەی لە مزگەوتی (القائد ابراهیم) لە شاری ئەسکەندەریە بەست، ئەمەشیان هەربۆ تاوتوێکردنی چۆنیەتی ڕزگارکردنی شاری قودس بوو لە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل لە کۆبوونەوەیەکدا لە چەند بڕیارێك دەرکراو تیایدا داواکرا قودسو فەلەستین بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانانو ئیعتراف بە شەرعیەتی داگیرکاری زایۆنی نەکرێت. هەروەها داواکرا ئیعلانی جیهادیش بکرێت. لەم سەروبەندەداو لە هەمان ڕۆژدا لە گەڕەکی (الزاویة

الحمـراء) كە یەکێکە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاری قـاهیرە، پێکـدادانێکی گـەورە لە نێوان موسـڵمانو قیبتیەکانـدا دروسـت بـوو کـە دەیـان کـوژراو و سـەدان برینـداری لێکەوتەوە، لەگەڵ وێران بوونو سوتاندنی ژمارەیـەك خانووبـەرەودوکانی ناوچـەکە. گـەر ئاژاوەکە زوبەزو کۆنترۆڵ نەکرایە، پێدەچوو شەڕێکی مـەزهەبی لێبکەوێتەوە.

دوای ئەمـە (سادات) درکی بەوە کرد کە ئەو هێزە ئیسلامیـەی جڵەوی بـۆ شـلکرد تـا لە دژی چەپەکان بەکاریان بهێنێت، خەریکە دەبێتە هێزێکی وا کە هەڕەشە لە سیاسەتی دەرەوەی دەکـات، ئـەو سیاسـەتەی ئامـانجی رزگـارکردنی سـینایە. تەنانـەت هەڕەشـەی ئیسلامیەکان لەوەشدا نەوەستاوەو مەترسی بۆ سەر سسـتمی حوکمڕانیەکەشـی دروسـت کردووە.

هاوکات سەرکەوتنی ئیخوان لەوەی توانیان تەواوی گروهە ئیسلامیەکان لە ژێر ناوی (کۆنگرەی هەمیشەیی ئیسلامی بۆ بانگـەوازی ئیسـلامی) کـە خۆیـان سـەرکردایەتیان دەکرد کۆبکەنەوە، ترسـی ئـەوەیان لای (سـادات) دروسـتکرد کـە رەنگـە هێـزو توانـای سەرەتایان بەدەست هێنابێتەوە یاخود رۆڵی مێژوویی خۆیان بگێڕنەوە کە ئەو پێی وابوو بە سەرچووە, بە تایبەتی کە ئەوان هەرگیز دەست بەرداری ئەو ئایدیایەیان نەبوون بـەوەی ئیسلام ئایینو دەوڵەتە.

لێرەوە (سـادات) پێـی وابـوو ئـەو گروپـە ئیسـلامیە نوێیانـەی لـە سـەردەمی ئـەودا دروست بوون دەزگای نهێنی تـازەی ئیخـوانن، بـەڵام ئـەمجارەیان بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا کاردەکەنو ئیخوانیش گەنجەکانی ئەو گروهانەیان کردۆتە ئامرازێك بە دەستی خۆیانەوە. لە وتاری رۆژی (14) ئەیلولی 1981 دا دەڵێت: (گروپە ئیسلامیەکان دەزگای نهێنـی ئیخوان مـوسلمینن، بەڵام لە بـری ئـەوەی بـە نهێنـی کاربکـەن بـە ئاشـکرا خـەریکن.!). هەروەها (سادات) هێرشیشی کردە سەر ئەو کۆبوونەوەیـەی (کـۆنگرەی هەمیشـەیی بـۆ بانگەوازی ئیسلامی) لە رۆژی (17)ی حوزەیرانی 1981 سازی دابوو، وتی: (یـەکێك لەسـەرانی گروپـە ئیسـلامیەکان لـەو کۆبوونەوەیـەدا هێرشـی کردۆتـە سـەر ئـەو فەرمانڕەوایانـەی قودسـیان لـە دەسـت داوەو باسـی لـەوە کـردووە کـە زایـۆنیزمو خـاچ پەرستانو جولەکە پێیان وابووە ئومەتی محەمەد مـردون، بـەڵام یـەزدان خـەڵکانێکی بـۆ ئەم ئومەتە ناردووە تا ژیانیان نوێ بکەنەوەو داوای ئەوەی کردووە کە پێویستە دەست بـە شەرعی جیهادەوە بگرن! هەر لەو کۆبوونەوەیەدا یەکێك لە سەرانی ئیخوان موسلمین کـە بە پلەی دووەم دێت لەناو سەرکردەکانی ئەو رێکخراوەدا، هەستاوەو وتویـەتی: ئومێـدێك هەبووە بەوەی تـەواوی گروپـە ئیسـلامییەکانی نـاو میسـر قسـەیان بکـەن بەیـەكو یـەك بگرن، سـەرەتای ئـەوەش خەریکـە لـەم کۆبوونەوەیـەدا دێتـە دی). هـەروەها لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتبـووی: (کێشـەی قـودس کێشـەی خـاك نییـە، بـەڵکو کێشـەی ئـایینو

عەقیدەیەو تەنها ڕێگایەکیش بۆ گێڕانەوەی پلەوپایەی موسڵمانان جێبەجێکردنی شەرعی خواو جیهادکردنە).

لە کۆتایی قسەکانیدا (سادات) ئیخوانی بەوە تاوانبار کرد کە ئەوان دەستیان لە چاندنی فیکری حاکمیەتو دەسەڵاتی کافرو کۆمەڵگەی جاهلیو توندوتیژی لە ناو گروهەئیسلامیەکاندا هەیە, بەڵام لە راستیدا سەرکردایەتیکردنی (کۆنگرەی ئیسلامی) لە لایەن (عومەر تەلسانی)یەوە مانای ئەوە نەبووکە ئیخوان توانیویانە تەواوی گروهە ئیسلامیەکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، بەڵکو رێژەیەکی گەورەی ئەو گروهانە کە لە نێوان 20٪ تا 30٪ دەبوون لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەواندابوون، نەك هەر ئەوەندەش بگرە دژایەتی ئیخوانیان دەکردو تۆمەتی کوفریان دەدایە پاڵ، ئەوانیش گروپەکانی تەکفیربوون.

لە هەمان کاتدا هەموو سەرکردەکانی ئیخوان لە سیاسەتی مامەڵەکردنی (عومەر تەلسانی) لەگەڵ حکومەتدا رازی نەبوون، لەبەر ئەوەی هەندێك لەوان هاوپەیمانێتی تریان پێ باشتر بوو، نموونەکانیان وەك: (حیزبی تەجەموعی چەپڕەو حیزبی وەفدی نوێ و پارتی کار). ئەمانە پێیان وابوو ئەو سیاسەتەی (تەلسمانی) گرتویەتیەبەر وایکردووە ئیخوان پشتیوانی بەشێکی گەورەی هێزە ئیسلامیەکان لە دەست بدات، هەروەها دەرفەتی لەبەردەم دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆری سەرکردەی ئایینیدا خوشکردووە تا ببنە سەر کردەی ئایینی کاریگەر، ئەم سەرکردە تازانەیش لەو گوتارخوێنانە بوون کە لە هەندێ مزگەوتی گەورەی میسردا وتاریان دەدا، وەك! (شێخ مەحلاوی، ئیمامو خەتیبی مزگەوتی – القائد ابراهیم- لە ئەسکەندەریە. شێخ عەبدولحەمید کوشك، ئیمامو خەتیبی مزگەوتی –دیر الملاك- لە قاهیرە. شێخ عەبدولرەشید سەقەر، ئیماموخەتیبی مزگەوتی- صلاح الدین- لە قاهیرە).

تێکەڵکردنی ئیخوانو گروپەکانی تەکفیر لەلایەن (سادات)ەوەو سەیرکردنیان بەیەك چاو هەڵەیەکی کوشندەبوو، لەبەر ئەوەی هەردووکیان پێچەوانەی یەکتری بوون. (سادات) نەیتوانی پەی بەوە بەرێت کە دامەزراندنی (کۆنگرەی هەمیشەیی بۆ بانگەوازی ئیسلامی) هەوڵێکی ئیخوان بووە بۆ بەرگرتن لە توندڕەوی، ئەو توندڕەویەی هەڕەشەیەکی راستەقینە بوو بۆ سەر دەسەڵاتی حکومڕانی (سادات)و بگرە بۆ سەرژیانی خۆشی.

ئەوەی لەوکاتەدا بەلای (سادات)ەوە گرنگ بوو ئەوە بوو کە ئەو (کۆنگرە ئیسلامیە) مەسەلەی رزگارکردنی سینای خستبووە مەترسیەوە، ئەویش لە رێگای ئەو دروشمە

پەرگیرانـەی بـەرووی ئیسـرائیلدا بـەرزیان دەکـردەوە. بـەڵام کاتێـك ئـاورِی لـە مەترسـی توندرەوی راستەقینەدایەوە کە هەرِەشەیان لـە دەسـەڵاتی دەکـرد، کـات بەسەرچـوو بـوو. (سادات) مردو نەیزانی سەردەمانێکە ئیخوان لەوە کەوتوون هێزی کاریگەری ناو میسر بن، لەوەش بێ ئاگابوو کە سـەرکردایەتی کـاری ئیسـلامی کاریگـەر کـەوتبووە دەسـتی گروپەکانی تەکفیرەوەو ترسناکترینیشیان لەوکاتەدا گروپی (جیهاد) بوو.

دواجار (سادات) لای خۆیەوە بریاریدا گورزێکی کەمەر شکێن لە تـەواوی ئـەو هێـزە سیاسـیانە بووەشـێنێت کـە رێگـرن لەبـەردەم رزگـارکردنی سـیناو پاککردنـەوەی لـە هێزەکانی ئیسرائیل. ئەو پێی وابوو مانەوەی ئەم هێزانـە لەسـەر گۆرەپانەکـە بـە دەسـت کراوەیی بەهانەی ئەوە دەداتـە ئیسـرائیل تـا لـە سـینا نەکشـێتەوە، تەنانـەت گـەر ئـەوە پێشێل کردنو جێبەجێنەکردنی رێکەوتننامـەی میسر-ئیسرائیلیش بێـت. هاوکـات ئـەو زانیاریانەی دەزگای موخابەرات دەربارەی ئامادەباشی هێزە ئیسـلامیە تونـدرەوەکان بـۆ وەشاندنی گورزێك لە دەسەڵاتەکەی دەیاندایە (سادات)، وایلێکرد پەلە بکاتو بەرلەوان دەستی خۆی بوەشێنێت. ئەوە بـوو (سـادات) لـە رۆژی (3)ی ئـەیلولی 1981 دەسـتی خۆی وەشاندو هێزەکانی 1536 رۆژنامە نووسو نووسەرو سیاسەتمەدارو پیاوانی ئایینی ئیسـلامیو مەسـیحییان دەسـتگیرکرد کـە نوێنەرایـەتی تـەواوی هێـزو ئاقـارە سیاسـیە جیاجیاکانی میسریان دەکرد. لە رێزی پێشەوەی ئەوانەش لەو رەش بگیردایە دەسـت گـیر کران بریتی بوون لـە: (عومـەر تەلسـانیو مسـتەفا مەشـهورو سـالح عـەشماویو چـەند سەرکردەیەکی دیکەی ئیخوان موسلمین).

ژمارەی دەسگیرکراوەکانی رێکخراوە ئیسلامیە تەقلیدیەکان گەیشتە سەد کـەسو لـە گروپە ئیسلامیەکانیش 235 کەس. هەرچی گروپەکانی تەکفیریشە، بەپێی ئامارێك کـە (سادات) لە گوتارەکەی رۆژی (14) ئەیلوولی 1981دا ئاشـکرای کـرد خـۆی دەدا لـە 469 کەس.

<u>سەرچاوە:</u>

د. عبد العظيم رمضان: جماعات التكفير في مصر، الاصول الفكرية والتأريخية-الطبعة الاولى، 1997.

# گروپەکانی "تەکفیر" لە میسر
# لەسەردەمی حوکمڕانی "ئەنوەر سادات"دا

د. عبدالعظيم رمضان

**-کودەتاکەی "ساڵح سریه":**

جولآنەوەی ساڵی 1965 دوایەمین جولآنەوەی توندوتیژی بوو لە مێژووی ئیخوان موسلمیندا، دوای ئەمە توندوتیژی گوێزرایەوە ناو گروپە ئیسلامیەکان دیکە، ئەوانەی زیاتر رادیکاڵی تر بوون. ئەم گروپانە فیکری(سەید قوتب) یان لە- حاکمیەتو تەکفیر-دا کردبووە بنەمای دروست بونیانو ئامانجێك کە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدا، ئەمە دوای ئەوەی بیری(حەسەن بەنا) رەونەوقو کاریگەری خۆی لە دەستدا. یەکەمین گروپێك لەم قۆناغە تازەیەدا دروست بوویێت تاقمەکەی(ساڵح سریه) بوو. بەپێی ئیعترافاتی (ساڵح سریه) خۆی، دروست بوونی گروپەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی ساڵی 1973 واتە ئەو کاتەی(سادات) بەرەبەرە تیشکی سەوزی بۆ ئیخوانەکان هەڵدەکرد تا هاوسەنگی هێز لە نێوان خۆیو کۆمۆنیستو ناسریەکان کە لە لایەن یەکێتی سۆڤیتیەوە پشتیوانی دەکران دروست بکات، چونکە ئەمانە هێزی سیاسی سەرەکی میسر بوون لە کاتی مردنی(عبدولناسر) لە 28 ئەیلولی1970دا. پاش ململانێیەکی هەشت مانگە لە سەر کورسی دەستەڵات، (سادات) توانی نەیارەکانی دەستگیر بکاو دەستەڵاتی وڵات بۆ خۆی قۆرغ بکات. ئەو کات(سادات) هیچ رێگا چارەیەکی لە بەردەمدا نەبوو تا هاوسەنگی هێزی لە بەرامبەر کۆمۆنیستو ناسریەکاندا پێدروست بکات جگە لە ئیخوان موسلین. بۆیە لە ساڵی 1971دا دەستی کرد بە ئازادکردنیانو رێی پێدان بە ئاشکرا کار بکەن. دوای ئەمەش لە شەشی ئۆکتۆبەری 1973دا توانی ناو بانگێکی گەورە بۆ خۆی پەیدا بکات، کاتێك سوپایی میسر توانی هێڵی بارلیف بشکێنێو یەکەمین سەرکەوتنی عەرەب بە سەر ئیسرائیل دا لە مێژوودا تۆمار بکات. لە بەر ئەوە دروست بوونو هاتنە ئارای گروپێکی ئیسلامی رادیکاڵی کە دەیویست بە زەبری

هێز سیستمی حوکم بگۆڕێت، هیچ هەلومەرجێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی وەها لە ئارادا نەبوو تا ڕێگای دروست بوونی بڕە خسێنێ، چونکە(سادات) لەو پەڕی دەستەڵاتدا بوو، هەروەها پەیوەندیەکی باشو دۆستانەشی لەگەڵ ئیخوان موسلمیندا هەبوو، بەڵام ئایدۆلۆژیای (سەید قوتب) کە لە سەر تەکفیرکردنی هەر یەك لە حوکمڕانو دەستەڵات راوەستا بوو، لەو دەمەدا لە رووی پەروەردەی ئیسلامیەوە کاری خۆی دەکردو هانی گۆڕینی ئەو هەلومەرجەی دەدا کە لە ئارادا بوو. هەوڵێکی واش بە جۆرێك بێت کە هەریەك لە دەستەڵات دارانو کۆمەڵگەی میسری بگێڕێتەوە ناو باوەشی ئیسلامو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لێبکەوێتەوە.(سالح سریە) دانی بەوەدانا دروستکردنی گروپەکەی بە مەبەستی گۆڕینی دەستەڵات بووە لە میسیردا بەزەبری هێزو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بووە لە جێگەیدا، بەهانەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە حوکمڕانانی وڵات کار بەو بەرنامانە ناکەن کە یەزدان ئەمری پێ کردووە، فەرمانەکانی قورئانو سونەت جێبەجێ ناکەن، لەبەرئەوە پێویستە ئەم جۆرە دەستەڵاتانە بڕوخێنو لە جێیدا دەستەڵاتێکی ئیسلامی دابمەزرێت. بەڵام لەم هەوڵەیدا (سالح سریە) ئامرازەکانی بۆ گۆڕین هەمان ئەو ئامرازانە نین کە ئیخوان کاری پێ دەکردن، کاری شێلگیرانە لەڕێی ئامادەکردنی تاکە کەس پاشان کۆمەڵگەو دوا جار دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی. (سالح سریە) باوەڕی وەهابوو کە پێویستە ئەم هەنگاوانە کورت بکرێتەوەو دەست بەجێ پەلاماری دەستەڵاتی دەوڵەت بدرێتو دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێت، پاشان ئەم دەوڵەتە ئیسلامیە لە دوای دروست بوونی دەست بە دروست بوونی تاکی موسڵمانانو کۆمەڵگای ئیسلامی دەکات، بەپێی ئامانجو بیرو باوەڕی تایبەتی خۆی. بیرۆکەی(سالح سریە)و تاقمەکەی بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵات بیرۆکەیەکی سادەو ئاسایی بوو: ئەو دەیزانی لە ناو کۆلێژی هونەری سەربازیدا چەندین جبەخانە هەیە کە بڕێکی زۆر چەكو تەقەمەنی تێدایە، ئەمە سەرەڕای ژمارەیەکی زۆر تانكو موشەكو بۆمب کە لە مەشقو راهێنانی خوێندکارانی کولیەکەدا بەکار دەهێنران. بۆیە پلانی ئەو بریتی بوو لە گرتنی ئەو کۆلیژەو، پاشان لەگەڵ ئەندامانی گروپەکەیدا هەڵکوتنە سەر بارەگای لیژنەی مەرکەزی (الاتحاد الاشتراکی)، بە مەبەستی دەستگیرکردنی سەرۆك کۆمار لە کاتی کۆبونەوەی لەگەڵ ئەندامانی لیژنە مەرکەزی داو گرتنە دەستی جڵەوی حوکمڕانی وڵات. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە(سالح سریە) نەخشەیەکی وەهای دارشتبوو کە ئەندامەکانی لە خوێنکارە هەژارو نەدارەکانو خوێنکارانی کولیە هەڵبژێرێتو بە ئایدۆلۆژیای (سەید قوتب) لە مەڕ- حاکمیەتو

تەکفیر-ی کۆمەڵگەی میسری گۆشیان بکات. لەم هەڵمەتەدا بۆ گرتنی کۆلێژی هونەری سەربازی، تاقمەکەی بە سەر چەند گروپێکی بچوکدا دابەش کرد کە ژمارەی هەریەکەیان لە (دوو تا بیست) کەس بێت‌و هەر گروپێك ئەمیرێك سەرپەرشتیاریان دەبێت. وەك پێشتر باسمان کرد (سالح سریە) لە سەرەتای ساڵی 1973دا دەستی بە دروستکردنی گروپەکەی کرد، یەکەم هاوکاریشی (طلال الانصاری) بوو کە خوێندکارێکی کولێژی ئەندازیاری زانکۆی ئەسکەندەریە بوو، دیداری هەردووکیان لە ماڵی (زەینەب غەزالی) ئەندامی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین بوو. لەوێدا (سالح سریە) (طلال الانصار)ی راسپارد لە ئەسکەندەریە دەست بە چالاکی بکات‌و رێکخستنێکی نهێنی دروست بکات‌و خۆی بێتە ئەمیریان. هەروەها (حەسەن هەلاوی) لە جیزە راسپارد تا بێتە ئەمیری ئەو گروپەی ئەویَ. پاشان بەرەو کولیەی هونەری عەسکەری کەوتە ریَ تا لەوێشدا رێکخستنێکی نهێنی دروست بکا، ئەم کارەشی دایە دەست (کارم عزەت الاناضولی) کە خوێنکارێکی کولیە بوو. دوای ئەوەی (کامل محمد عبد القادر) پەیوەندی پێوەکردن کردیانە ئەمیری رێکخستنەکانی شاری ئەسکەندەریەو(طلال الانصاری) یان لەو جێیەوە دوور خستەوە، لە ترسی ئەوەی نەك بەهۆی(طلال)ەوە نهێنی کارەکەیان بۆ دەوڵەت ئاشکرا بێت. (سالح سریە) ناو بەناو کۆبونەوەی بە ئەندامانی گروپەکەی دەکردو هانی دەدان تا خۆیان بۆ ئەنجامدانی کودەتایەك ئامادەبکەن. لەم روەوە نمونەی ئەوەی بۆ دەهێنانەوە کە چۆن چۆنی لە چەند وڵاتێکا کەسانێکی بە ژمارە کەم توانیویانە بگەنە دەستەڵات‌و سستەمی حوکمڕانی وڵاتەکانیان بگۆڕن، لەم روەوە نمونەی کەسانی وەك(مۆبۆتۆسی سی سیکۆ)ی لە کۆنگۆو شۆڕشی یۆلیۆ لە میسرو شۆڕشی لیبیای بۆ دەهێنانەوە. ئەو پێی دەوتن لە سەرۆك(قەزافی) بیستووە کە بەیانزە کەس‌و بیست‌و حەوت فیشەکەوە شۆڕشی فاتحی کردووە. دوای ئەوەی(کارم الاناصولی) راسپێردرا بە ئامادەکردنی نەخشەی تەلاری کۆلێژی سەربازی، هەریەك لە (ص. سریة،ـ ط. الانصاری، ك. عبد القادر، ك. الاناضولی) کۆبونەوەیەکی داخراویان بەست بە مەبەستی تاوتوێکردنی وورده کاری پلانەکەیان، پلانەکەشیان بەم جۆرە بوو: چەند ئەندامێکی گروپەکە لە سەعاتی سفردا ئامادە دەبن بۆ ئەوەی بە زەبری هێز دەرگای پشتەوەی کۆلێژە کە بشکێنن، ئەندامانی تری گروپەکە کە لە ناو کولیەکەدان یارمەتی دەریان دەبن لەرێی بێهۆش کردنی پاسەوانەکان‌و برینی تەزووی کارەبای ناو کولیەکەو پچڕاندنی هێڵەکانی پەیوەندی کردنی بە دەرەوەو بە بارمتەگرتنی یان زیندانی کردنی خوێندکارو ئەفسەرەکانی ناوەوە

لە جێو شوێنی داخراودا، دوای ئەمانە دەست دەکرێت بە دەست گرتن بە سەر ئەو چەكو تەقەمەنیو ئۆتۆمبێلانەی لە جبەخانەی کولیەدان. پاشان هەموویان بە بەرگی سەربازییەوە کە (کارم الاناضولی) ئامادەی کردبوو روو دەکەنە بارەگای لیژنە مەرکەزیو، لەوێدا سەرۆك کۆمار دەست گیردەکەنو دەستەڵاتی وڵات دەگرنە دەست. ئەم پلانە لە 15ی نیسانی 1974 دا بڕیاری لە سەر درا. راگەیەندرا کە (سادات) رۆژی 18ی مانگ کۆبونەوەو بە ئەندامانی لیژنە مەرکەزیو ئەنجومەنی گەل دەکاتو ئەو رۆژە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە دانرا. شەش کەس لە رێکخستنەکانی شاری ئەسکەندەریە راسپێردران تا نەخشەی تەواوی بارەگای (الاتحاد الاشتراکی)و ئەنجومەنی گەل ئامادەبکەن، چونکە وا چاوەڕوان دەکرا کۆبونەوەکە لە یەکێك لەو شوێنەدا ببەسترێت. هاو کات سەعات یەکی رۆژی 18ی مانگی نیسانی 1974 بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی دەست بە سەراگرتنی کۆلێژی هونەری سەربازی دانراو ووشەی نهێنیش دەست نیشان کرا. لە کۆبونەوەیەکی سێ قۆڵی نێوان(ص. سرية و، ط. الانصاری، ك. عبد القادر) ناوی ئەو وەزیرانە دەستنیشان کرا کە لە حوکمەتی نوێدا بەشداری دەکەن. لەم حوکمەتەدا(سالح سریە) دەبووە ئەمیری وڵات، سەرەڕای ئەوەی پۆستی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو بەرگریشی لە دەست دا دەبوو. لە سەر ئەوەش پێکهاتن کە هەریەك لە (ص. سرية و، طلال الانصاری، کامل عبد القادر) بەشداری کاری وەزارەت نەکەن، بەڵکو سەرکردایەتی ئەو کەتیبە ئیسلامیانە بکەن کە بۆ ماوەی چوار مانگێك مەشق لە سەر چەك دەکەن، ئەرکیشیان پاکردنەوەی وڵاتە لە کۆمۆنیستو بێ باوەڕەکان. هەروەها لە سەر دەقی ئەو بەیاننامەیەش رێکەوتن کە بڕیار بوو (سالح سریە) دوای سەرکەوتنی کودەتاکەی بخوێنێتەوە. ئەوانەی بۆ پەلامار دانی کولێژی سەربازی دانرابون لە کاتی دیاریکراودا کۆبونەوەو ژمارەیان 18 کەس بوو. (کامل عبد القادر) کردنیە سێ بەشو هەریەکی پەلامار دانی جێگایەکی پێ سپاردن. لەگەڵ ئەمەدا (کارم الاناصولی) لە ناو کولیەکەدا کۆبونەوەی بە هاوەڵەکانی دەکردو هەر کەسەو ئەرکی خۆی پێ سپێردرا، پێشتر شیرینیو شەربەت بۆ بێهۆش کردنی پاسەوانان ئامادە کرابوو، وەك چۆن گوریسو قفڵیش ئامادە کرابوو. سەعات دوانزەو بیست دەقەی هەژدەی نیسانی 1974 (کارم)و تاقمەکەی لە ناو کولیەوە کارەبایان بڕیو پاشان سەرکەوتنە سەرەوە تا ئیشارەت بە وانەی دەرەوە بدەن دەست بە هەڵمەت بردن بکەن. ئەوانەی دەرەوە توانیان پاسەوانەکانی دەرگای پشتەوەی کۆلێژەکە چەك بکەنو لەو دەرگایەوە بچنە ناو کولیەوە. دەستەیەك لەمانە هەوڵی ئەوەیان دا

پەلاماری جبەخانەی چەك بدەن، بەڵام کارەکەیان سەری نەگرت، کاتێك پاسەوانەکانی ناوەوە بە روویاندا وەستانەوەو کەوتنە تەقەکردن لێیان. بەم جۆرە بەهۆی بەرگری پاسەوانەکانی ناو کولیەوە پلانەکە شکستی هێناو نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت. تەقەلای ئەم کودەتا شکستی خواردووە کوژرانی سیانزە کەسو برین داربونی بیستو حەوت کەسی تری لێکەوتەوە. دوای ئەوەی ئەوگروپە کەوتە دەست دەزگاکانی ئاسایشو لە رۆژی 26- حوزەیرانی- 1974 دا نەوەدو دوو ئەندامیان درانە دادگا، کە حەفتاو پێنجیان خوێندکاربون، شانزەیان خوێندکاری کولێژی هونەری سەربازی بوون.(سالح سریە) حوکمی لە سێدارەدانی بە سەردا دراو حوکمەکەش جێبەجێکرا، لە گیراوەکانیش شەست کەسیان لێ ئازاد کران. ئەم هەوڵەی گروپەکەی (سالح سریە) یەکەمین هەوڵێکە بۆ دەسەڵات گرتنە دەست لە لایەن ئیسلامی سیاسی‌یەوە لە رێی بەکار هێنانی هێزو توندوتیژی‌یەوە. لە کاتێك دا دروست بوونی ئیخوان بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی بوو، پلانی گروپەکەی(سالح سریە) هەر لە سەرەتاوە بەو مەبەستە بوو کە جڵەوی دەستەڵات بگرنە دەستو دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن، پاشان دوای ئەوە هەوڵ بدەن کۆمەڵگەی جاهلی بە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی بگۆڕن. بۆیە هەوڵی ئەم تاقمە بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێت لە مێژووی ئیسلامی سیاسی لە میسردا...

**ب- گروپی** (التکفیر والهجرة):

هەوڵە سەرنەکەوتوەکەی تاقمەکەی (صالح سریة) بۆ گەیشتنە کورسی حوکمڕانی کاریگەری بە سەر گروپەکانی دوای خۆیەوە بەجێ هێشت، بە تایبەت (جماعە المسلمین) کە بە ناوی گروپی (التکفیر الهجرة) ناوبانگیان دەرکردو (شوکری مستەفا) دامەزرێنەری بوو. دروست بوونی ئەم بیرۆکە لە سەر دروست کردنو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی بوو بەو جۆرەی ئیخوان موسلمین هەوڵیان بۆ دەدا، بەڵام لە سەر بناغەو بنەمایەکی تازە، ئەویش خۆ جیاکردنەوەیە بە ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوفرو بێ باوەڕان، پاشان کۆچ کردن بە مەبەستی خۆ سازدانەوەو بەهێز بوونو سەر لە نوێ گەڕانەوە بۆ بەگژا چوونەوەی کۆمەڵگەی کوفرو سستمی حوکمڕانێتی کافرانو گرتنە دەستی دەستەڵات. دەتوانین بڵێین ئەم گروپە درێژە پێدەری قوتابخانەی (سەید قوتب)ە... دروست بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ناو گرتو خانەکانی (طرة السیاسی)، لە ناو کەرت بوونو دابەش بوونی ریزەکانی ئیخوان موسلمینەوە لە سەر چەند مەسەلەیەکی وەك ماناو واتایی دەعوەو ستراتیژی بزوتنەوەکەو مەسەلەی تەکفیر دروست بوون. باڵی

تەقلیدی ئیخوان رایان وا بوو هەر کەسێك شەهادەی هێنا بە موسڵمانان لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام باڵەکەی تر کە (محمد قوتب) ی برای (سەید قوتب) نوێنەرایەتی دەکرد ئەم دەستەواژەیەی سەبار دەخست: (وعمل بمقتضاهما)، واتە لە پاڵ قسەدا کارو کردەوە دەخوازێت. (شوکری مستەفا) ش کەوتە ژێر کاریگەری ئەم باڵەیان. (ئەحمەد رائیف) دەگێڕێتەوە کەوا ئەو گوێی لە رابەری ئیخوان(الهضیبی) بووە وتویەتی ئێمە هیچ موسڵمانێك بە کافر لە قەڵەم نادەین، لە بەرامبەردا (شکری مصطفی) ئەوەی بۆ زیاد دەکرد(وعمل بمقتضاهما). دەڵێت: باڵی (الهضیبی) نوێنەرایەتی هێڵی گشتی ئیخوانی دەکرد، بەڵام (شورکی مستەفا) بڕوای بە شەڕکردن هەبوو لەگەڵ دوژمنانو ناحەزانی ئیسلامداو سور بوو لە سەر ئەوەش دەبێت تەواوی ئەوانە بکوژرێن کە ئازارو ئەشکەنجەی زیندانیەکانی گروپە ئیسلامیەکانیان داوە. پێویستە لاوەکان فێری مانای شەهیدبوونو قوربانی دان بکرێن. شەڕکردن لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا دوایی نایەت، بەڵکو پێویستە گەرم تر بکرێت. (رائف) بەردەوامەو دەڵێت: لە ژورەکانی زینداندا (شوکری مستەفا)م دەبینی دانیشتووەو لاوەکانیش ریزیان بەدەوردا بەستوە، لەوێدا لاوەکانی جۆش دەدا بۆ شۆڕشکردنو رای ئەهێنان لە سەر شەڕکردن لەگەڵ بەرەی کافراندا.(شوکری مستەفا) دوای ئازادکردنی لە زیندان لە 16-تشرینی یەکەمی-1971دا گەڕایەوە زێدی خۆی لە (أسیوط)و لەوێدا دەستی کرد بە دروست کردنی رێکخراوێك لە سەر بنەمای بیرۆکەی تەکفیر-(تەکفیری کۆمەڵگەو حوکمڕان) پێکەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم بیرۆکەی توندو تیژی وەلاوەنا، ئەو بیرۆکەی لە زینداندا باوەڕی پێی هەبوو. بەهۆی نا هەمواری هەلومەرجی ئەو شوێنەوە هەنگاوی سەرەتایی بەوە دەسپێکرد تا تاقمەکەی لە ناو داموودەزگا جاهلیەکان بکێشێتەوە، وەك مزگەوتەکانو دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردنو سوپا. کۆچ کردن بەرەو شاخو ئەشکەوتو ئەو شوێنانەی دوورن لە شارستانیو پاشان کۆچ کردن لە میسرەوە(زەمینی کوفر)بۆ سەر زەمینێکی تر، بە مەبەستی خۆ سازدانەوەو ئامادەکاری بۆ جەنگ. بەڵام دەوڵەت بایەخێکی وەهای بەم گروپە نەدا، چونکە لای وابوو ئەمە بەشێکە لەو دیاردەی (هیپز) ەی ولاتانی جیهانی گرتۆتەوە، هەروەها دەوڵەت لەو کاتەدا کێشەی لەگەڵ کۆمۆنیستو ناسریەکان دا بوو، لە بەرامبەریشدا هانی گروپە ئیسلامیەکانی دەدا لە نێو زانکۆکانی میسردا. لە سایەی چاوپۆشینیو نەرمی نواندنی دەستەڵاتی دەوڵەتدا ئەم گروپە زۆر بە خێرایی گەشەی سەندو برەوی کرد. کۆچی ئەندامانی ئەم گروپە بۆ ناو شاخو داخەکان تا ساڵی 1975 بەردەوام بوو، لەم ساڵەدا رۆژنامەی (أخبار) وتارێکی لە

بارەی (شوكری مستەفا)و شوێن كەوتوەكانی‌یەو بلاوكردەوەو بـە (أهـل الكهـف) نـاوی بردن. ئەم تاقمە لە شارەكانی قاهیرەو ئەسكەندەریەو ئیسماعیلیەو طنطادا لایـەنگریان هەبوو... دوای ئەوەی شەست ئەندامی گروپەكـەی (سـالح سـریە) لـە زینـدان ئـازادكران، هەنـدێكیان هاتنـە پـاڵ تـاقمی (التكفیر والهجرة) ەوە، ئـەوەی وایكـرد ببنـە جێـی سەرنجی دەزگاكانی ئاسـایش‌و چـاودێری بكـرێن، چـەند هۆكارێـك بـوون لەوانـە:- (1) دروسـت بـونی بێزاریـەكی زۆر لـە نـاو هاوڵاتیـانی میسـردا لـە دژی ئـەم گروپـەو رەفتارەكانیـان كـە پێچـەوانەی هەڵسـوكەوت‌و رێسـاكانی ئـاین بـون، وەك خـۆ جیاكردنەوەیان لە نوێژكـەران‌و تاوانبـار كردنیـان بـە كـوفر، ئەمـەش زۆر كـات دەبـووە مایەی دروست بونی شەڕو ئاژاوە لە نێوانیان داو پۆلیس دەكەوتە نێوانیانەوەو لە یەكتری جیا دەكردنەوە...(2) هەوڵی ئەم تاقمە بۆ راگرتنی ژنـان‌و هانـدانیان بـۆ هـەڵهاتن بـۆ ناو ئەوان‌و پەیوەندی كردن پێیانەوە بۆ شووكردن، هەڵهاتنی ژمارەیەكی زۆر لە ژنان بـۆ نـاو ریزەكـانی ئـەم گـروپە بـووە مایـەی ئـەوەی شـكات نامەیـەكی زۆر بگاتـە دەسـت دەزگاكانی پۆلیس‌و ئاسایش. بەڵام ئەوەی زیاتر بووە هۆی ئاشـكرابوونی ئـەم تاقمـە بـۆ دەزگا بەر پرسەكانی دەوڵەت، مەسەلەی جیابوونەوەی ئـەو كەسـانە بـوو كـە ریزەكانیـان بەجێ دەهێشت‌و كاریان لەگەڵ نەدەكرد، ئەمـەش لە باوەری ئەو گروپەدا بە هەڵگەڕانـەوە لە ئاینی ئیسلام حیسـابی بـۆ دەكـراو حـوكمی ئەمـەش لـە ئاینـدا كوشـتنە. سـەرەڕای ئەمەش بەر پرسانی ئەم گروپە دەیانزانی چاپۆشی‌كردن لەم كارە دەبێتە مایەی هاندانی ئەندامـەكانی تـر تـا هـەمان هەڵوێسـت وەرگـرن‌و جیابونـەوە هەڵبـژێرن. ئەمـە وایكـرد (شوكری مستەفا) باڵێكی سەربازی لە ناو گروپەكەیدا دروسـت بكـات، بـە مەبەسـتی تۆڵە كردنەوە لەوانەی بڕیاری جیابونەوە دەدەن‌و تاقمەكەی بەجێ دەهـێڵن. سـەرەتای ئـەم كارەشی بـە هـەوڵی تیرۆركردنـی(حەسـەن هـەلاوی‌و ئەحمـەد ئـەبو دەلال‌و ئەحمـەد محمـود عەرفە) دەستی پێ كرد. ئەو زانیاریانەی جیابوەكـان دایانـە دەزگاكـانی ئاسـایش، بـووە هۆی دەسگیركردنی چواردە ئەندامی گروپی (التكفیر الهجرة)، بـەم جـۆرە ئـەم تاقمـە كەوتە داوی دژایەتی كردنی دەوڵەت نەك بە مەبەستی گرتنە دەستی دەسـتەڵات، بـەڵكو لەبـەر چـەند هۆكارێـك كـە پەیوەنـدیان بـە نـاكۆكی‌و ململانێـی نـاوخۆو ئایـدۆلۆژیای گروپەكە خۆیەوە هەبوو، چونكە ئەم تاقمە لەو كاتەدا لە بارێكی لاوازدا بـوو نەیـدەتوانی بەگـژی دەسـتەڵاتی دەوڵەتـدا بچـێتەوە. وەك ئـەوەی سـاڵی (1965) بـە سـەر (سـەید قوتب)و لایەنگرانی داهات، ئەمانیش كەوتنە بەردەم هەمان دوڕیان، یان دەبووە خۆیـان بە دەستەوە بدەن یاخود دەبوو بەرگری بكەن، ئەگـەر چـی بەرگریـەكی وەهـاش دووچـاری

**هەمان چارەنووسی جولانەوەکەی 1965 دەکردن. دواجار بڕیاریان دا بەرگری بکەن‌و خۆیان نەدەن بەدەستەوە. بەڵام بەرگریەك بە شێوازێکی جیاوازتر لە رابردوو، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری فڕاندنی وەزیری ئەوقاف(د. محمد الذهبی) درا تا وەك بارمتەیەك لای خۆیان بهێڵنەوە، لە بەرامبەر گۆڕینەوەی بە ئەندامە زیندانیەکانیان سەودای پێ بکەن. هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی (د. محمد الذهبی) بۆ ئەم کارە لەبەرئەوە بووە کە ئەم کاتێك وەزیری کاروباری ئەوقاف بووە لە ساڵی 1975 دا، نامیلکەیەکی بچوکی بڵاوکردبوەوەو تیایدا وەڵامی( جماعە المسلمین) دا بووەوە کە ئەو کات لە رۆژنامەکانی میسردا بە ناوی(أهل الکهف) یان گروپی (الهجرة) ناسرابوون. دکتۆر لەو کتێبەیدا سەلماندبوی لە رێی پشت بەستن بە قورئان‌و سونەت کە ئەوەی ئەوان تەنها خۆیان موسڵمانن‌و، ئەو کۆمەڵگایەشی لە چوار دەوریانن کافرن شتێکی راست نی‌یە، نوسی بووی: ئەوەی شەهادەت دێنێ بە مسوڵمان دادەنرێ‌و حوکمەکانی ئیسلامی بە سەردا جێبەجێ دەبێت. ئیتر بۆ ئێمە نی‌یە لە راستی‌و دروستی شەهادەتەکەی بکۆڵینەوە، بەڵکو ئەمە دەگەڕێنینەوە لای خوای گەورە. هەروەها (د. الذهبی) ئەو مەرجەی ئەم گروپەی داوەتە بەر رەخنە کە دەڵێت: پێویستە کاروکردەوەی هەر کەسێك لەگەڵ شایەتومانیدا بگونجێت ئەوسا حوکمی مسڵمانیەتی بە سەردا دەبڕێت، بە بڕیارێکی بێ بناغەیی لە قەڵەم دا. ئەم راستییەشی بەوە سەلماند کاتێك وتی پێغەمبەر(ص) شایەتومان هێنانی بە کاروکردەوە لە قەڵەم داوە، هەروەها دەڵێت پێویستە لە عەقیدەدا جیاوازی لە نێوان خاڵە بنچینیەکان‌و لقەکانی دا بکەین، بنچینەکانی ئیمانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:**

1-**بڕوا بوون بە یەزدان.**

2-**بڕوا بوون بە پێغمبەری خودا (ص).**

3-**بڕوا بوون بە رۆژی دوایی.**

**لەمانە بەدەر هەرچی دەمێنێتەوە کوفری تێدا نییە، تەنها لە حاڵەتی رەتکردنەوەی حوکمێکدا نەبێت کە پێغمبەر(د.خ) بڕیاری لە سەردا بێت. پاشان لە کۆتایی کتێبەکەیدا سەرنجی بۆ ئەوە راکێشا بوو کە لاوان لە بەردەم هەرەشەو مەترسی بە هەڵە تەفسیرکردنی قورئان‌و دەرهێنانی حوکم‌و بڕیاردانن لێیەوە، بەبێ ئەوەی ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن لە ئاستی ئەوەدا بن. لە بەرامبەر ئەمەدا (د. الذهبی) داوای لە ئیمامی مزگەوتەکان‌و مامۆستایانی ئەزهەر کرد عەقیدەو بڕوای ئاینی گەنجەکان راست کەنەوە. بەمجۆرە (د. الذهبی) ئەوەی دوبارە کردەوە کە (الهضیبي) لە کتێبەکەی**

دا(دعاة لاقضاة) وەلامـی (سـید قوتـب)ی پێدا بـــووەوە. بـەڵام کـــــاردانەوە بـــەرامبەر (د. الذهبی) جیاواز بوو. ئەوە بوو (شوکری موستەفا) بە کـافری لـە قەڵەم داو کوشتنی حەڵاڵ کرد. بۆیە بڕیاری فڕاندنیدا تـا وەك بارمتەیـەك لەگـەڵ زیندانیەکانی تاقمەکەیدا ئـاڵوگۆڕی پێبکـات. ئـەم کـارەش لـە بـەرە بـەیانی 3- تـەمووز- 1977 دا ئـەنجام دراو، (شـوکری مسـتەفا) حـەوت مـەرجی دانـا لـە بەرامبەر ئازادکردنی (د. الذهبی) دا. ئەم رووداوە لە کاتێك دابوو کە (سـادات) بە سەردانێك چووبووە وولاتی مـەغریب. بۆیە حوکمەت داوای لـە ئەنـدامانی ئـەو گروپـە کـرد دان بـە خۆیانـدا بگـرن‌و رەفتـاری ئاقلانـە بنـوێنن، هـەروەها (د. الـذهبی) یش ئازاد کەن تا کەش‌و هەوا لە باربێـت بـۆ جێبـەجێکردنی خواسـت‌و داواکانیان. لە مەدا(شوکری مستەفا) هەستی کرد حوکمەت سستی دەنوێنێـت‌و داواکانیان پەسەند ناکـات، بۆیـە بڕیـاری کوشـتنی (د. الـذهبی) دەرکـردو ئـەو کارەشی بە(أحمد طـارم) سپارد. رۆژی حـەوتی تـەمووز بەرێکـەوت تـەرمی (د. الـذهبی) دۆزرایـەوە، لـە رۆژی دواییـدا (شـوکری مسـتەفا)و پـانزە ئەنـدامی تاقمەکـەی دەسـتگیرکران‌و لـە دواییـدا ئەندامـەکانی ترشـیان کەوتنـە دەسـت دەزگاکانی ئاسایش. پەنجاو چوار ئەندامیان بە تـاوانی کوشـتنی وەزیـری ئـەوقاف درانە دادگای سەربازی‌و دووسەدو چواریشـیان بـە تومـەتی پەیوەنـدی کـردن بـەو تاقمەوە درانە دادگا. دادگـا بڕیـاری لـە سـێدارەدانی (شـوکری مسـتەفا)و چـوار ئەندامی تـری دەرکـرد، لەگـەڵ زینـدانی کردنـی هـەتا هـەتایی دوانـزە ئەنـدامی کەیان. ئەمانـەش ئـەو دەسـتەیە بـوون کـە بەشـداری فڕانـدنی (د. الـذهبی) یـان کردبوو. بەجۆرە (جماعـە المسـلمین) هەڵخلیسـکایە نێـو تـۆڕی توندوتیژیـەوە بـەر لـــەوەی ئـــەو کۆمـەڵگـــە ئیســـلامی‌یە دابمـــەزرێنێت کـــە ئایدۆلۆژیاکـــەیان بـــۆی وێناکردبون، تەواو وەك چۆن کۆمـەڵەی ئیخوان لـە سایەی (سـەید قوتـب) دا لـە ســاڵی 1965 دا تێبکـەوتن، کاتێـك لـە کـاری توندوتیژیـەوە گـلان بـەر لـە دامەزراندنی ئەو کۆمـەڵگە ئیسلامیـەی کەمەبەستیان بوو. هەر بۆیـە چارەنووسـی هەردوکیان وەك یەك بوو. لەبەرئەوەی توندوتیژی لـە قۆنـاغی لاوازیانـدا دەسـتی پێکرد نەك لە بە هێزیان دا. لێرە بە دواوە دەبینین فیکـری کودێتـا خـوازی پـاڵی بە سەر تەواوی گروپە نوێکانی تـەکفیردا دەکێشـێت، ئـەویش ئـەو بیرۆکەیەیـە کـە هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵات دەدات بەر لەوەی کۆمـەڵگەی ئیسلامـی دروسـت بکات، چونکە ئەم گروپانە کاری دامـەزرانـدن‌و دروسـت کردنـی وەهـا کۆمـەڵگـە

یەك بۆ ئەو دەوڵەتە ئیسلامی‌یە جێدیلێت کە دوای بە ئەنجام گەیشتنی کۆدێتاکەیان دێتە ئارا. بە مجۆرە ئەم گروپانە بە پلەی یەکەم پشت بە توندوتیژی دەبەستن نەك بانگەوازکردن‌و بانگهێشتکردنی خەڵکی، بۆ گەیشتن بە دەستەڵاتیش پشت بەهێزو ڕێکخراوێکی چەکدار دەبەستن.

**ج- گروپی "جیهادی" یەکەم:**

ئەم گروپە لەو کەسانە پێك دێت کە سەر بە تاقمەکەی(صالح سریە) بوون لە زیندان ئازاد کرابوون، واتە ئەمانە درێژە پێدەری هەمان ئەو گروپە بوون‌و بەهەمان ئایدۆلۆژیاو ئامانج‌و ئامرازەکانی ئەوان کاریان دەکرد. کەسی دامەزرێنەر یشیان(ئەحمەد ساڵح عامر) بوو. ئەوانەی لە زیندان هاتنە دەر ژمارەیەکی زۆریان لەم گروپەدا بوونە ئەندام‌و هەندێکیشان پەیوەندیان بەگروپی(التكفیر والهجرة) وە کرد. سەرەتای دروست بونیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1975و تا شانزەی ئابی 1977 یش بەنهێنی مانەوە. مەڵبەندی سەرەکی چالاکیان شاری ئەسکەندەریەو چەند شوێنێکی تری وەك پورسەعیدو قاهیرە بوو. (ئەحمەد ساڵح عامر) ڕێکخراوەکەی کردبوو بە چوار بەشەوە، بەشێکیان کاریان راکێشانی ئەندامی نوێ بوو بۆ ناو ریزەکانیان، دووەم لەو کەسانە بوون کە لە ناو ریزەکانی سوپادا بوون بۆ کەڵك وەرگرتن لێیان لە کاتی ئەنجام دانی کودەتادا. سێهەم، ئەرکیان فڕاندنی خەڵکانێك بوو تا وەك بارمتە ئاڵوگۆڕیان پێ بکەن، بەڵام چوارەم کاریان تیرۆر کردن بوو هەروەها چەکی پێویستیان لە ڕێی فڕاندنی سەربازو پۆلیسەوە کۆ دەکردەوە. پاشان هەڵدەسان بە تیرۆرکردنی پیاوانی دەوڵەت... زۆربەی ئەندامانی ئەم گروپە خوێنکاری زانکۆو دەرچووی زانکۆو پەیمانگا بوون. ئاشکرا بونی ڕێکخستنەکانی ئەسکەندەریە سەرەتایی کۆتایی ئەم تاقمە بوو، دوای ئەوەی چل‌و دوو ئەندامیان کەوتە دەست دەزگاکانی ئاسایش‌و درانە دادگا.. بەڵام لە بەرئەوەی دادگاییکردنی ئەمان هاوکاتی دادگایی کردنی گروپی (التكفیر والهجرة) بوو، بۆیە دادگای کردنەکەیان بەبێ دەنگی تێ پەڕی‌و ئەوەندە جێی سەرنج‌و بایەخ نەبوو.

**د- گروپی(جیهاد)ی سێهەم‌و کوشتنی سادات:**

ئەگەر چی گروپی جیهادی یەکەم پاکتاوکران‌و ئەندامانیشی حوکمدران، بەڵام ناوی جیهاد هەر مایەوەو لە ساڵی 1979 لە شاری ئەسکەندەریە بووە ناوی گروپێکی تازە. لە ساتە وەختی پێکدادانی نێوان کلێساو دەوڵەتدا لە شوباتی

1980 دا بـۆ دەزگاكـانی ئاسـایش ئاشـكرابوونو دووچـاری هـەمان چارەنوسـی گروپەكانی پێش خۆیان بوون، كاتێك ئەندامەكانی دەسـتگیركرانو درانـە دادگـا. یــەكێك لەوانــەی ئەنــدامانی ئــەم تاقمــە بــوونو نەكەوتنــە دەســت دەزگــای بەرپرسەكانیو قوتاری بوو، ئەندازیارێكی شاری ئەسكەندەرییەیە بوو ناوی (محمـد عبد السلام فرج) بوو كە تـوانی لـە پـاش رزگـار بـونی سـێهەم گـروپ بـە نـاوی جیهادەوە پێك بهێنێ، ئـەم گروپـە لـە رێـی كوشـتنی (سـادات) ەوە نـاوی چـووە مێژوەوە. دوای ئاشكرابوونی جیهادی دووەم(محمد عبد السلام فرج) دەست بـەجێ پەیوەندی لەگەڵ پچرینو رووی كردە قاهیرەو لەوێ وەك ئەنـدازیارێك لـە زانكـۆی قاهیرەدا بووە فەرمـانبەر، بەڵام خولیای دروست كردنـی گروپێكـی نـوێ بـە نـاوی جیهادەوە هەر لە مێشكی دا بوو هەوڵی بە ئـەنجام گەیانـدنی ئـەدا. لـەم كارەیـدا دەیویست ئیجتهاداتی بیریارە ئیسلامیـەكانی پێش خۆی تێپـەڕێنێت، بـە تایبـەت ئەوانەی پشتیان بەبیری- تەكفیرو- حاكمیەت بەستبوو لە دوولاوە:

-تەكفیری هەر یەك لە حوكمڕانو كۆمـەڵگە.

-بەجێ هێشتنی كۆمـەڵگە بە مەبەستی خۆسازدانەوەو خۆتەیار كردن.

(محمـد عبـد السـلام فـرج) پێـی وابـوو سـەرەڕای ئـەوەی دەوڵـەت حـوكم بـە ئەحكامـەكانی كوفر دەكات، بەڵام خەڵكەكەی موسڵمانن. بۆیە پێویستە بەو پێیـە مامـەڵە لەگەڵ كۆمـەڵدا نەكرێت كە كۆمـەڵگایەكی كافرەو شـەری لـە دژدا بـەرپا بكەین، بەڵكو دەبێت تەنها حوكمڕان بـە كـافر لـە قەڵـەم بـدرێتو دژایـەتی یـان بكرێتو پێویستە خەڵكانی موسڵمان لەم مەسـەلە بـە دوور بگیرێـن. لـە هـەمان كاتیشدا رێگای دامـەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ كۆچ كـردن بـۆ وڵاتێكـی دی كە بۆ خۆسازدانەوەو خۆ ئامادەكردن خۆ شناكرێت، بەڵكو پێویسـتە دەوڵـەتێكی ئیسـلامی دروسـت بكرێـت ئەوسـا هـەوڵی فـەتحكردنی بـدرێت. تـەواوی ئـەم بـۆ چونانەش(محمد عبدالسلام فرج) خسـبویە دووتـوێی نامیلكەیەكـەوە پاڵپشـت بـە فیكری (ئیبن تیمە)و پێنج سەد دانەی لێ چاپ كرد. گروپە نوێ كەشـی لـە سـەر فیكـری ئـەم نامیلكەیـە پێكهێنـا كـە نـاوی نـا (الفريضـة الغائبـة). بـە مەبەستی پێكهێنانی ئەم گروپـە (محمـد عبـد السـلام فـەرەج) پەیوەنـدی بـە چـەند كەسـێكەوە كـرد، یـەكێك لەوانـە(عبـود عبـد الطيف الزمـر) بـوو، ئەفســەری دەزگــای موخابــەراتی عەســكەری بــوو. هــەردوكیان لــە ســەر دامـەزراندنی دەستەڵاتێكی ئیسلامی لەڕێی جیهادەوە پێك هاتن، ئەمـەش بـە

مەبەستی رزگارکردنی وڵات لە ژێر چنگاڵی ئەوانەی حوکم بە یاساکانی یەزدان ناکەن. لە شوباتی 1981 (عبود الزمر) نەخشەیەکی دارِشت بە مەبەستی گۆرِینی دەستەڵات، نەخشەکەشی بەم جۆرە بوو: ئامادەکردنی کۆمەڵە کەسانێك‌و مەشق پێکردنی‌یان لە سەر چەك، بە مەبەستی لێدانی بنکەو بارەگاکانی دەوڵەت‌و تیرۆرکردنی چەند کەسایەتیەکی سیاسی‌و پاشان ئەنجام دانی شۆرشێکی میللی لەرِێی سازدانی رێپێوان‌و خۆپیشان دانەوە، هەروەها دەست نیشان کردنی ئەنجومەنی شوراو ئەنجومەنی زانایان لە پێناو بەرێوەبردنی وڵات دوای سەرکەوتنی شۆرش. بەڵام ئەم گروپە بەر لەوەی بگاتە قۆناغی جێبەجێکردنی نەخشەو پلانەکانی، بە کاری رێکەوت دەستی دایە تیرۆکردنی (ئەنوەر سادات)ی سەرۆکی پێشوی میسر لەرِێی مولازمی یەکەم(خالید ئیسلامبولی) یەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە (ئیسلامبولی) نە لە سەرکردەکانی جیهاد بوو نە ئەندامێکی ئەو گروپەش بوو کە (عبود الزمر) دایناببوو. ئەو هەلومەرجەشی (ئیسلامبولی) هاندا بە کارێکی وا هەڵبستی دوو هۆکار بوو: یەکەم/ گیرانی (محمد ئیسلامبولی) برا گەورەی. دووەم/ دەست نیشان کردنی(خالد ئیسلامبولی) لە رۆژی 23-ئەیلول-ی 1981 لە نمایشی سەربازی بە شێوەیەکی کتوپرِو چاوەرِوان نەکرابوو، چونکە دوای ئەوەی (عبدالرحمان سلێمان) لە بەر چەند هۆیەکی تایبەتی نەیتوانی بەشداری ئەو ئاهەنگە بکات، (ئیسلامبولی) یان لە جێی ئەو دانا‌و ئەویش ئەمەی بە هەلێك زانی بۆ کوشتنی (سادات)و تۆڵە سەندەنەوەی براکەی‌و هەموو ئەوانەی لە زیندانەکانی دەوڵەتدا گیرابوون. چالاکییەکی لەو جۆرەش پێویستی بە یارمەتیەکی مادی هەبوو، بۆیە پەنای بردە لای (عبدالسلام فەرەج) تا لەو کارەیدا هاریکاری بکات. کە واتە لەو کاتەدا مەسەلەی کودەتا کردن بە سەر دەستەڵاتی حوکم‌و ئەنجامدانی شۆرِشێکی میللی لە ئارادا نەبوو. لە بەر ئەوەی جیهادیەکان ئامادەی ئەنجامدانی شۆرِشێکی وەها نەبوون، چونکە پشێوی‌و پەرش‌و بڵاوی کەوتبوە ناوریزەکانیانەوەو لە ژێر چاودێری دەزگاکانی ئاسایشدا بوون. بۆیە ئەوەی دەکرا بکرێت گورز وەشاندێك بوو لە سەرانی دەوڵەت بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە. لێرەوە کار هاتە سەر پەسەندکردنی یان نەکردنی ئەو نەخشەیەی(ئیسلامبولی) بۆ کوشتنی (سادات) دایناببوو، واتە ئاخۆ بە ئەنجامدانی کارێکی وا لە بەرژەوەندی گروپەکەدایە یاخود بە پێچەوانەوە. (محمد

عبـد السـلام فـرج) زۆری نـەبرد بڕیـاری پەسـەند کردنـی پلانەکەیـدا، چـونکە دڵنیابوو لـەوەی تاقمەکـەی هیچـی نـەماوە بیـدۆڕێنێ‌و لـە دەسـتی بـدات، دوای ئەوەی بۆ دەوڵەت ئاشکرا بوون‌و مەسەلەی دەستگیر کردنیشـیان لـە ئـان‌و سـاتدا بوو، بۆیە پێی وابوو تیرۆرکردنی سادات هەوڵێکە لە بەرژەوەنـدی تاقمەکەی‌یـەتی. ئەوەش هانیدا چارەسەرێکی وا پەسەند بکات. ئەوە بـوو کـە (سـادات) لـە نێـوان پیاو پاسەوانەکانی دایەو قوتـار بـونی بکـوژانی لـە گولـەی چـەکی پاسـەوانەکان کـارێکی مـەحاڵـە، واتـە لەوێـدا ئەوانـەی ئـەو کـارە ئـەنجام دەدەن دەکـوژرێن‌و نهێنیەکەش لەگەڵیان دەچێتە گۆڕەوە. دوای گەیشتنە ئەم بڕیارە(محمد عبد لسـلام فەرەج) بڕیاریدا لە ماڵەکەی خۆی بگوێزێتـەوەو بچـێتە مـاڵی (ئیسـلامبولی)و پێکەوە لەوێدا نیشتەجێ بن‌و ماڵەکەی ئـەو بکاتـە مەڵبەنـدی چـالاکی. لـە رۆژی یەکی تشـرینی یەکـەمی 1981 دا (عبـد السـلام فـەرەج) نامەیـەکی نـارد بـۆ (عبـودالزمر)و بـۆی نوسـی بـوو: کـەوا(خالـد ئیسـلامبولی) نیـازی کوشـتنی (سادات) ی هەیە لەو نمایشە سـەربازییەدا کـە بڕیـارە لـە شەشـی مـانگـدا ئـەنجام بدرێت، لە بەرامبەردا(عبود الزمر) نارەزایی بەرامبـەر هـەوڵێکی وا نیشـان داو پەسەندی نەکرد. لە لایەك لە بەرئەوەی بە ئەنجام گەیاندنی کاری ئاوا مـەحاڵـە، لـە لایەکی دیکەش سەرنەکەوتنی ئەو کارە دەبێتە مایەی ئەوەی تەواوی ئەندامـەکانی گروپەکەیان بکەونـە دەسـت دەزگـا بەرپرسـەکانی دەوڵـەت. بـەڵام (عبـد السـلام فـــەرەج) کورتەیـــەکی پلانەکـــەی بـــۆ رەوانـــە کـــردو ئاگـــاداری کـــردەوە کـــە (ئیســـلامبولی)و هاوەڵـــەکانی مســـۆگەر بـــە گوللـــەی پاســـەوانەکانی(ســـادات) دەکوژرێن‌و بەم جۆرەش پەیوەندی ئەوان بە ئێمـەوە ئاشـکرا نابێـت‌و دەوڵـەت بـەو پەیوەندیە نازانێت. ئەمە وایکـرد (عبـود الرمـز) رای بگۆڕێـت‌و رەزامەنـدی لـە سەر ئەنجام دانی ئەو کارە نیشان بدات. کەواتـە (خالـد ئیسـلامبولی) نـە خـاوەن فیکری شۆڕش گێرانە بوونە باوەڕیشی بـە شۆڕشـی میللـی‌و کودتـاکردن هـەبوو، بەڵکو ئەو تەنها باوەڕی بەکوشتنی (سادات) هـەبوو لـە تۆڵـەی (محمـد)ی بـرای‌و رەش بگیریەکـەی ئـەیلولی سـاڵی 1981 دا. ئـەوەی مایـەی خـۆش بـەختی‌بوو ئەوەبوو کە خولیای (ئیسلامبولی) تەنها کوشتنی (سادات) بوو، ئەگەر نـا ئـەوا پشێویەکی زۆرو بـێ ئەنـدازە وڵاتـی دەگرتـەوە، لـە بەرئـەوەی ئـەو سـاتەی ئـەوان تـەواوی پیـاوانی دەوڵـەت‌و سیاسـەت مـەدارانی میسـریان پاکتـاو دەکـرد، ئـەوا جیهادیەکان ئامادەی ئەوەیان نـەبوو دەسـەڵاتی حـوکم لـە وڵاتـدا بگرنـە دەسـت،

بۆیە کارێکی وا رێگای لە بەردەم دەستەڵاتیسەربازیدا خۆش دەکرد تا هەوڵی کۆنترۆل کردنی دەستەڵات بدەن لە میسردا. هەر چۆنێك بێت کوشتنی (سادات) بە سەرکەوتویی ئەنجام دراو کۆتایی بە تەمەنی دەساڵەی لە کورسی حوکم رانێتیدا هێنرا (لە رۆژی 6- تشرینی یەکەمی- 1981 دا)، بەڵام دەست گرتن بە سەر بارەگای ئیزگەو تەلەفزیۆندا بە ئەنجام نەگەیشت، ئەمەش وایکرد گەورەترین دەزگای راگەیاندن لە ولاتدا لە دەست حکومەتدا بمێنێتەوەو جیهادیەکان نەتوانن لەرێی یەوە کۆمەلانی خەڵك ئاگادار کەنەوەو هان بدرێن بۆ راپەرینو هەستان بە شۆرش لە دژی دەوڵەت... لە دوایشدا تەواوی ئەندامانی ئەم گروپە دەستگیرکرانو لە دادگایەکی سەربازیدا بریاری لە سێدارەدانی هەر یەك لە (خالد ئیسلامبولیو عبد الحمید السلام عبدو عطا طایل و حسن عباس) دراو، بریاری زیندانی کردنی هەتا هەتایش بۆ (عبود الزمرو طارق الزمرو محمود طارق ابراهیم) دەرچوو. هەرچی (شێخ عمر عبدالرحمن)یشە ئازاد کرا. لە رۆژی 15ی- نیسانی – 1982(ئیسلامبولی)وهاورێکانی حوکمی لە سێدارەدانیان بە سەردا جێبەجێکرا. بەجۆرە دۆسێی کۆمەڵەی جیهاد پێچرایەوە. گرنگیو بایەخی ئەم تاقمەش لە مێژووی گروپەکانی تەکفیری ناو میسردا لەوەدایە کە توانیان (ئەنوەر سادات)ی سەرۆکی پێشوی میسر بکوژنو کۆتایی بەحوکم رانێتی دەساڵەی ئەو بهێنن.


<u>**سەرچاوە:**</u>

د. عبد المنعم رمضان: جماعات التكفير فى المصر، (الآصول التأريخية والفكرية) – الهيئة المصرية، العامة للكتاب، قاهرة- الطبعة الاولى، 1995.

# ئیسلامی سیاسی و كۆمەڵگای مەدەنی
# ( ڕەفتاری گروپە ئیسلامییەكانی میسر لەناو زانكۆكاندا )

د. عبدالعظیم رمضان

لەسەرەتای ساڵانی حەفتاوە گروپە ئیسلامیەكان بوونە هێزی باڵادەست لەمەیدانی جموجۆڵی سیاسی لەناو زانكۆكاندا، گۆڤاری (الدعوة)ی ئیخوان موسلمین بووە زمانحاڵی ئەو گروپانەو لەبەرامبەریشدا هەردوو گۆڤاری (الكاتب)و(الطلیعة)ی چەپەكان داخرانو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (روز الیوسف)یش كە دەستەی نووسەرانەكەی لەكەسانی چەپڕەو بوون، بەدەستەیەكی نوێی حكومی گۆڕدران. ئیسلامیەكان چۆڵی گۆڕەپانەكەیان بۆ خۆیان قۆستەوە تا پەیڕەوو خواستو ویستەكانی خۆیان بەسەر سیستمی زانكۆدا بسەپێنن. دروستكردنی ئەم گروپانە لەلایەن ئەنوەر ساداتەوە بەشێوەیەكی نهێنی بەمەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزبوو لەبەرامبەر كۆمۆنیستو ناسریەكانداو، هەوڵێك بوو بۆ گۆشكردنی خوێندكاران بەهوشیاریەكی ئایینی دژ بەپرانسیپەكانی كۆمۆنیزم، ئەمەش بەو مەبەستەی تالەخزمەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا بنو بیانكەنەوە بەگژ خۆپیشاندانو ڕێپێوانی كۆمۆنیستو ناسریەكاندا.

لەگەڵ زیاتر هەستكردنی ئەم گروهانە بەهێزو توانای خۆیانو پشتیوانی كردنی دەوڵەت لێیان، ئیتر دەستیان دایە بەكارهێنانی توندوتیژیو كێبڵو دارو زنجیرو شیشی ئاسنین لەدژی نەیارەكانیان.

تەواوی ئەم كارانەش لەژێر چاوپۆشی دەوڵەتو نا كارایی دەزگاكانی ئاسایشدا ڕوویان دەدا، كاتێك محەمەد عوسمان ئیسماعیل بووە پارێزگاری شاری (اسیوط) ڕۆڵی گروپە ئیسلامیەكان لەچاو ناوچەكانی تر زیادی كرد. شایەد حاڵێك كە ئەویش (د. ئەحمەد مستەفا یاسین)ەو سەرۆكی بەشی ئەندازیاری مەدەنیە لەزانكۆی (اسیوط) دەڵێت: (بەچاوی خۆم دەمبینی چۆن چۆنی خوێندكارە ئیسلامیەكانی ناو زانكۆ نازیان بەسەر سەرۆكی زانكۆو پارێزگاردا دەكردو ڕووبەڕوو لەگەڵیان دادەنیشتن. ئەو دەم لێپرسراوی زانكۆكان دەستیان خستە ناو هەڵبژاردنی كۆلیژەكانەوە، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی گروپە ئیسلامیەكان. كارێك كەوایكرد تەواوی سەرۆكەكانی ڕێكخراوی

خوێندکاران‌و ژمارەیەکی زۆری سکرتێری لیژنـەکان لەئەنـدامانی گروپـە ئیسـلامیەکان بن‌و ئەوان لەهەڵبژاردنەکان‌دا دەربچن).

گۆڤاری (الدعوة) لەژمارەی مانگی یەنایەری ساڵی 1978دا رایگەیاند کە گروپە ئیسلامیەکان کۆنترۆڵی تەواوی هەڵبژاردنی خوێندکارانیان کردووە، لەهەر یەك لەزانکۆکانی (قاهیرەو ئەسکەندەریەو ئەزهەرو عەین شەمس‌و ئەلمنیاو ئەسیوط)دا، هەر بۆ نمونە گۆڤارەکە ئەوەی بلاوکردەوە کە نوێنەرانی گروپە ئیسلامیەکان لەناو زانکۆی ئەسکەندەریەدا تەواوی دەنگەکانیان لەهەردوو کۆلێژی پزیشکی‌و ئەندازیاریدا بەدەست هێناوەو جگە لەکورسیەك لەکۆلێژی کشتوکاڵ‌و شەش کورسی لەکۆلێژی دەرمانسازی‌و چوار کورسی لەکۆلێژی یاساو، حەڤدە لەکۆلێژی زانست، هیچی دیکەیان لەدەست نەچووە. تێکڕای گشتی ئەو کورسیانەی ئیسلامیەکان لەزانکۆکاندا بۆ خۆیانیان مسۆگەر کردبوو، لە 91٪ ی کورسیەکان بوو.

گروپە ئیسلامیەکان بۆ راکێشانی خوێندکاران بەلای خۆیاندا هەڵدەستان بەپێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزاریەك پێیان، وەك چاپکردنی لێکچەرەکان‌و کتێب بۆیان بەنرخێکی رەمزی. هەندێ جاریش بەخۆڕایی‌و بێ بەرامبەر بۆیان دەکردن، بەتایبەتی لەهەردوو کۆلێژی پزیشکی‌و ئەندازیاری، چونکە نرخی شتومەك لەو دوو کۆلێژە لەچاو کۆلێژەکانی تردا گرانترە. هەروەها جل‌و بەرگی ئیسلامیان بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشتە کچە خوێندکارەکان، لەکاتێکدا نرخی کالاو جل‌و بەرگی ئەوروپیەکان لەسەرو توانای زۆریانەوە بوو.

لەگەڵ ئاوابوونی چەپ لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا، بەلای گروپە ئیسلامیەکانەوە (قیبتیەکان)ی ئەو ولاتە بوونە تاکە کۆسپ‌و رێگرێك لەبەردەم ئەوەی کۆمەڵگەی میسری بەرەنگێکی ئیسلامی پەتی رەنگ رێژ بکەن‌و پۆشینی حیجابی بەسەردا فەرز بکەن‌و رێگا لە تێکەڵ بوونی نێرومێ بگرن‌و هاوولاتیان ناچار بکەن پابەندی رەفتارو هەڵسوکەوتی ئیسلامی بن.

لێرەوە گروپە ئیسلامیەکان دژایەتی خۆیان لەکۆمۆنیستە (بێ باوەڕەکان)ەوە دەگواستەوە بۆ (قیبتیەکان). دژایەتیەك بەهەمان ئامرازەکانی توندوتیژی پێشوو لە کێبڵ‌و زنجیرو شیشی ئاسنین‌و سۆندەو، لە ناو زانکۆکاندا ئامبازی قیبتیەکان دەبوون، کارێك کەوایکرد (قیبتیەکان)یش هاوشێوەی ئەوان خۆیان بۆ رووبەڕووبونەوەیان تەیارکەن، گەر دەست درێژی کرایە سەریان. بەمجۆرە زانکۆکان لەشوێن‌و جێگەی خوێندن‌و زانستەوە، بوونە گۆڕەپانی شەڕو ململانێی تائیفی‌و مەزهەبی.

هەڵوێستی دەزگاکانی ئاسایشی ناو زانکۆکان لەبەرامبەر دەست درێژی گروپە ئیسلامیەکان بۆ سەر نەیارەکانیان هەڵوێستێکی سلبی بوو، سەرۆکی زانکۆش نەیدەتوانی هیچ بکات، لەبەرئەوەی بڕیارەکان لەسەرەوە دەردەچوون، واتە لەپارێزگارەوە وەك(د.ئەحمەد مستەفا یاسین) باسی دەکات.

کاتێك راوبۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەگەڵ ئەندامو لایەنگرانی گروپە ئیسلامیەکان نەگونجایە، پەنا دەبرایە بەر ئیدارەی زانکۆ بۆ یەکلاییکردنەوەی، ئەو کات ئیدارەی زانکۆ پەسەندی راوبۆچوونی ئیسلامیەکانی دەکردو رای ئەوانی دەسەپاند. لەسایەی ئەم چاودێرییەدا گروپە ئیسلامیەکان هێدی هێدی لەدەوڵەت جیادەبوونەوەو هەوڵیان دەدا جۆرە ئۆتۆنۆمیەکیان هەبێتو پەیڕەوو پرۆگرامی تایبەتی خۆیان بەسەر سستمی زانکۆدا بسەپێنن. لەم سەرو بەندەدا بووە شتێکی باوو ئاسایی کەلەکاتی موحازەرەدا یەکێك لەو خوێندکارانەی سەر بەگروپە ئیسلامیەکانن، هەستنو بانگی نیوەڕۆ بدەن.

دوای ئەوە گروپە ئیسلامیەکان داوای ئەوەیان کرد، دەبێت لەکاتی بانگدا خوێندن رابگیرێت تا خوێندکاران بچن نوێژەکانیان بکەن. هەندێ لەڕاگری کۆلێژەکان قبوڵی ئەمەیان کرد، وەك ئەوەی راگری کۆلێژی کشتوکاڵ لەزانکۆی ئەسیوط لەساڵی 1977دا کردی- واتە لەترۆپکی هاوپەیمانی نێوان گروپە ئیسلامیەکانو دەوڵەتدا... بەڵام هەندێکی تر نەچوونە ژێر ئەو بڕیارەوە، وەك راگری کۆلێژی زانست لەئەسکەندەریە. هاوکات ئەوەش بووە شتێکی باو کە یەکێك لەخوێندکارانی سەر بەو گروپانە لەجێگای مامۆستادا بوەستێو داوای ئەوە بکات ئامۆژگاری بەخوێندکاران بدات، بەرامبەر بەمە هەندێ مامۆستا ئەو داوایەیان پەسەند دەکردو هەندێکیان رێگەیان نەدەدانو خۆیشیان دەرەنجامەکانی ئەو هەڵوێستەیان تەحەمول دەکرد!

هەروەها گروپە ئیسلامیەکان رێگەشیان لەوەگرت کە لەناو پۆلدا خوێندکارانی کوڕو کچ لەگەڵ یەك دانیشنو لێکیان جیادەکردنەوە، سەرۆکی زانکۆکانیش لەم کارەیاندا رێگیرییان نەدەکردن، ئەوەتا (د. عەبدولڕەزاق حەسەن)ی سەرۆکی زانکۆی ئەسیوط لەو بارەیەوە دەڵێت: (من لەڕیزی پێشەوەی ئەوانەدا بووم کە بواریان بەم جیاکردنەوەیەدا). بەهانەشی بۆ ئەمە ئەوە بووە کە لەبەرئەوەی خوێندن لەزانکۆدا تا ئێوارەو درەنگ وەختێ دوادەکەوت، ناچاربووە دەوامی خوێندنی خوێندکارە کچەکان پێش کوڕان بخات. گروپە ئیسلامیەکان هەر بەمەندەوە نەوەستان، بەڵکو داوایان کرد ئەو چالاکیانەش

لابرێن كه دەبێته مایەی تێكەڵ بوونی هەردوو رەگەزەكە، واتا نابێت هیچ سەفرەیەك یاخود پێشانگایەك یان چالاكیەكی وەرزشی بكرێت كه خوێندكاری كچو كوڕی پێكەوه تێدا بێت. لەم رووەوه یەكێك لەخوێندكاره كچەكانی كۆلێژی ئەندازیاری زانكۆی ئەسكەندەریه دەڵێت: گروپه ئیسلامیەكان رێگەیان نەدەدا سەفرەیەك لەزانكۆدا بكرێت كه هەردوو رەگەزەكەی تێدا بێت، بەڵكو دەبوا جیا جیا بكرایه! هەر كارێكی لەمجۆرەش لەزانكۆدا بكرایه ئەوا زانكۆ لەرووی مادیەوه یارمەتی نەدەدا، لەبەرئەوەی لەرێگای یەكیەتی قوتابیانەوه رێك نەخرا بوو، ئەمەش وایدەكرد پارەیەكی زۆری تێبچێتو خەڵكانێكی كەم دەیانتوانی بەشداری تێدابكەن.

لەبواری چالاكی وەرزشیدا ئەگەرچی جیاوازی لەنێوان زانكۆكانی باكوور (وەك زانكۆی ئەسكەندەریه) و زانكۆكانی باشوور(وەك زانكۆی ئەسیوط)دا هەبوو، گروپه ئیسلامیەكان پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیان زاڵكردبوو. لەم بارەیەوه بەڕێوەبەری كاروباری لاوان لەزانكۆی ئەسیوطدا دەڵێت: كاتێك زانكۆكەمان بڕیاری سازدانی پاڵەوانیەتیەكی (گۆڕەپانو مەیدانی)داو بڕیار بوو لەقاهیره بكرێت، ویستمان خوێندكاران بەپاسێك رەوانەی قاهیره بكەین بۆ بینینی یاریەكە، یەك لەگروپه ئیسلامیەكان داوای ئەوەیان كرد كه دەبێت خوێندكاره كوڕەكان بەپاسێكو كچەكانیش بەجیا بەپاسێكی تر رەوانەی قاهیره بكرێن، بەڵام لەبەرئەوەی تەنها پاسێكمان هەبوو نەدەكرا داواكەیان جێبەجێبكەین، بۆیه بڕیارماندا وەها قەناعەتیان پێبكەین كه پاسەكه بكەینه دووبەش: بەشێك بۆ كوڕانو، بەشێكی بۆ كچان، ئەمەشمان بەگران بۆچووه سەر، لەبەر زۆر بەهێزی گروپه ئیسلامیەكان لەزانكۆی ئەسیوطدا كه (محەمەد عوسمان ئیسماعیل)ی پارێزگاری ئەو شاره پشتیوانی لێدەكردنو دەیان توانی بەزەبری هێز رێگری بكەن لەتێكەڵ بوونی كوڕان بەكچان.

نەك هەر ئەوەی نەهێڵن پێكەوه بەشداری چالاكییه وەرزشییەكان بكەن بەڵكو رێگەی ئەوەشیان نەدەدن لەكاتی سەیركردنی یاریەكانیشدا وەك بینەرێك تێكەڵ بەیەكتری بن!

سەبارەت بەم حاڵەته (د. ممدوح حامد عثمان)ی وەكیلی كۆلێژی پزیشكی لەزانكۆی ئەسیوط دەڵێت: كۆلێژەكەمان خولێكی وەرزشی سازداو كۆلێژی پزیشكی لەهەر سێ زانكۆی ئەسكەندەریەو زەقازیقو قاهیره بۆ ماوەی سێ رۆژ بەشدارییان تێداكرد، لەیەكەم رۆژی خولەكەداو لەیاری تۆپی پێی نێوان هەردوو زانكۆی زەقازیقو ئەسیوطدا، راگرو بینەران رووبەڕووی حاڵەتێكی سەیربوونەوه. كاتێك ژمارەیەك خوێندكاری سەر بەگروپه ئیسلامیەكانیان بینی بەجلو بەرگی درێژو دزداشەوەو دارو سۆندەش بەدەستەوه، چوونه

ناوەڕاستی یاریگاکەو ژمارەیان پەنجا خوێندکارێك دەبوو، تا ڕێگا نەدەن یاریەکە بکرێت.

کاتێك لەگەڵ ئەمیرەکەیان لەسەر ئەم ڕەفتارە سەیرەیان گفتوگۆکرا، وەڵامی ئەوەبوو ئیسلامیەکان بەو مەرجە ڕێگایان داوە ئەم خولە سازبدرێت کە خوێندکارانی کچ بەشداری تێدانەکەن، لەوەڵامدا ڕاگری کۆلێژی پزیشکی وتی : کچەکان بەشداری یاریەکە ناکەن. ئەمیری گروپە ئیسلامیەکە وتی: ئەوان لەبینینی یاریەکان یاخود وەك بینەرێك بەشداری دەکەن! هێندەی نەمابوو کار بگاتە ئەوەی لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی زەقازیقدا بەیەکدا هەڵپڕژێن‌و بدەن بەیەکدا.

کاتێك سەرۆکی زانکۆ(د.عبدالرزاق حسن)هات، سەرزەنشتی ڕاگری کرد لەسەر ئەوەی ئەمان وەها ڕێکەوتوون خوێندکارانی کچ ئامادەی ئەو خولە نەبن، لەوەڵامدا ڕاگر پێی وتبوو کە هیچ کچە خوێندکارێکی زانکۆی ئەسیوط نەهاتووەو ئەوانەی هاتوون خوێندکاری زانکۆی زەقازیقن. ڕاگر ناچار بوو داوای پاسێك بکات تا زوو بەزوو کچەکان یاریگاکە جێبهێڵن کە هەندێکیان لەو حاڵەدا بوورانەوەو لەسەر خۆچوون!

خوێندکارە ئیسلامیەکان لەئاکامی ئەمەداو بەو سەرکەوتنەی بەدەستیان هێنابوو، دەستیان کرد بەوتنەوەی سروودە ئاینییەکان. سزای کۆلێژەکەشیان بەوەدا کە نەیان هێشت یاریەکە لەیاریگای زانکۆ تەواو بکەن، بەمەش ناچاربوون لەیاریگای یانەی شارەوانی تەواوی بکەن! هەروەها ئیسلامیەکان لەئاهەنگە هونەری‌و مۆسیقیەکانیشدا پەیڕەوی تایبەتی خۆیان بەسەر زانکۆدا فەرزکرد. (د. مصطفى درويش) وەکیلی کۆلێژی پەروەردە لە ئەسیوط دەڵێت: کۆلێژەکەمان ئاهەنگێکی هونەری ڕێکخست بوو بۆ نمایشکردنی تەمسیلی (العباسة اخت الرشيد) کە سرودێکی ئایینی تێدابوو، ئەگەر چی دەوری ژنانیشی لێ لابرابوو، بەڵام ئیسلامیەکان داوایان کرد کە دەبێت تیپە مۆسیقیەکە جێگایان لەپشت پەردەوە بێت، بەبیانووی ئەوەی مۆسیقا حەرامە. ئەگەر چی تەمسیلیەکە تابعێکی ئایینیشی هەبوو! سەرەڕای ئەمانەو لەگەڵ دەست پێکردنی ئاهەنگەکەدا، چل خوێندکار لەئیسلامیەکان بەدارو تێڵاوە هاتن‌و توانیان ئاهەنگەکە ڕاگرن!

لەكۆلێــژی كشــتوكاڵی زانكــۆی ئەســیوط دا، لــەكاتی ســازدانی ئـــاهەنگێك ژمارەیەك لەئەندامانی گروپـە ئیسـلامیەكان هـەڵیان كوتایـە سـەر شـوێنەكەو، داوای لێـــك جیاكردنـــەوەی كـــوڕانو كچـــانیان كـــردو ئیـــدارەی كۆلێژەكـــەش ملـــی بەداواكاریەكەیاندا، بەڵام ئـەوان هـەر بەوەنـدەوە نەوەسـتانو داوایـان كـرد خوێنـدكارە كچـەكان ئاهەنگەكــە جــێبهێڵن، ئــەم داواكاریەشــیان بــۆ جێبــەجێكراو كچــە خوێنـدكارەكان ئاهەنگەكـەیان جێهێشـت. بـەڵام ئیسـلامیەكان بەمـەش دڵیـان ئـاوی نەخواردەوەو وتیان نابێت ئەو ئاهەنگـە بكرێـت، لەبەرئـەوەی ئـەم جۆرەكارانـە حـەرامو نـاڕەوان! خـەریك بـوو مەسـەلەكە گـەورەبێتو بگاتـە رادەی پێكـدادان، چـونكە ئـەو خوێندكارانـەی ئاهەنگەكـەیان سـازكردبوو، سـوور بـوون لەسـەر ئـەوەی بـەردەوامبن‌و ئیسلامیەكانیش سووربوون لەسەر راگرتنـیو هەڕەشـەی ئـەوەیانكرد گـەر ئاهەنگەكـە رانەگرن دەست بەكاری تێكدەرانەو تەقاندنەوەی ئاهەنگەكـە دەكـەن، بەمـەش ئیـدارەی كۆلێژەكە ناچار بوو كۆتایی بەئاهەنگەكە بێنێت.

ئاساییە پاش هـەموو ئەمانـە ئیسـلامیەكان رێگـە لـەوەش بگـرن هاوكـاری لـەڕووی زانستیەوە لەنێوان كچانو كوڕاندا هەبێت یان تەنانەت قسـەش لەگـەڵ یەكتریـدا بكـەن، چونكە ئەمە بەلای ئەوانەوە كارێكی دوور لەفەزیلەتـە. ئەمەشـیان بـەزۆرو بـەزەبری هێـز بەسەر خوێندكاراندا سەپاند.

(د. محمـد عبدالسـلام) مامۆسـتای كۆلێـژی ئەنـدازیاری زانكـۆی ئەسـیوط دەڵێـت: بۆخـۆم گـوێم لێبـوو یـەك لەئیسـلامیەكان بەدزداشـەیەكەوە بـەگوێی خوێندكارێكیدادا كە لەگەڵ كچێكدا وەستابوو: (بـۆ دواجـار پێـت دەڵـێم لەگـەڵ كچاندا رامەوەستە!) پاشـان زانـیم ئـەو كەسـە چـەقۆیەكی لـەو خوێنـدكارە داوە! هــەروەها (د. نشـأت فهمـی) مامۆسـتای كۆلێـژی بازرگـانی زانكـۆی ئەسـیوط دەگێڕێتەوە كـە یـەك لـەو خوێندكارانـەی دەرچـووی زانكۆبـوو سـەردانی زانكـۆی كردبوو تا چاوی بەدەزگیرانەكـەی بكـەوێت، هاوڕێیەكیشـیان لەگـەڵدا وەسـتابوو، بەڵام یەكێك لەخوێندكارە ئیسلامیەكان هەڵی كوتـابووە سـەریانو ئـەو دیـدارەی لێ تێكدابوون! كاتێك ئیدارەی كۆلێـژەكان بـواری ئـەوەیان نـەدا لـەكاتی بانگـدا وتنــەوەی وانــەكان رابگیرێــت، خوێنــدكارە ئیســلامیەكان رازی نــەبون گــوێ بــۆ مـامۆستاكانیان بگرن كاتێك گوێیان لەبانگ دەبێت، بۆیە هۆڵەكانی خوێندنیان جێدەهێشت تا نوێژەكانیان بكەن، دوای ئەوە بەهەراو دەنگـە دەنگـەوە دەگەڕانـەوە پۆل.

هەر سەبارەت بەرەفتاری ئەو گروهانە (د. محمد عبدالسلام) دەڵێت: (لەکاتی وانە وتنەوەدا کە بانگی نیوەڕۆی دەدا، ژمارەیەکی زۆری ئەو خوێندکارە ئیسلامیانە دەچوونە دەرەوەو پاشان بەدەنگە دەنگەوە دەگەڕانەوە ناو هۆڵەکان. ئەمەش جەوەکەی تێکدەداو لەکاتی دەرسەکەی دەبرد. وەختێکیش ویستم لەگەڵیان پێك بێم و تێیان بگەیەنم کە وەختی نوێژی نیوەڕۆ تا پێش بانگی عەسر درێژەی هەیە، رازی نەبوون و قەناعەتیان نەکرد). دەسەڵاتی ئەوان گەیشتە ئاستێك بوونە واقعێکی فعلی و لەلایەن هەمووانەوە ئیعترافی پێدەکرا، کەسیش رێی لەرەفتارو هەڵسوکەوتە ترسناکەکانیان نەدەگرت. کاروکردەوەی ئیسلامیەکان لەزانکۆی ئەسیوطدا گەیشتە ئەوپەڕی، کاتێك ئیدارەی زانکۆ تێبینی ئەوەیانکرد خوێندکارانی زانکۆکەیان لەبەشی ناوخۆیی زانکۆدا میوانداری هاورێکانیان دەکەن کە لەریزی گروپە ئیسلامیەکاندان، بەبێ ئەوەی مافی ئەوەیان هەبێ و رێگایان پێدرابێت. لەبەرامبەر ئەم کارەدا ئیدارەی زانکۆ بڕیاریدا دیوارێك بەدەوری بەشی ناوخۆییدا دروست بکات، بەڵام خوێندکارانی سەر بەگروپە ئیسلامیەکان دژایەتی ئەو بڕیارەیان کردو رێگرییان لەدروستکردنی ئەو دیوارە گرت و پێکدادانی نێوانیان گەیشتە ئاستێك کەبووە مایەی ئەوەی خوێندن رابگیرێت.

کاتێك لەکۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئەسکەندەریە، مامۆستایەکی ئەو کۆلێژە رێگەی نەدا خوێندکارە کورو کچەکان لەیەکتر جیابنەوە، ئەندامانی گروپە ئیسلامیەکان پەلاماریانداو کەوتنە لێدانی. چەند خوێندکارو مامۆستایەکی تر توانیان لەژێر دەستیانی دەربێنن و رزگاری بکەن. سەرەڕای ئەوە کەچی هیچ یەکێك لەوانە سزا نەدران.

هەروەها گروپە ئیسلامیەکان داوایان دەکرد خێوەتگەی ئایینییان بۆ مەشقکردن بۆ بکرێتەوە، ئەوە بوو لەهاوینی 1973دا (الجماعة الاسلامية) لەزانکۆی قاهیرە یەکەم چادرگەی هاوینەی ئیسلامیان کردەوە، لەدوای ئەو چادرگەیانەی (حەسەن بەنا) وە کە بۆ ئیخوان موسلمینی رێکدەخست، بەڵام ئەمجارەیان لەئاستێکی بەرفراواندا. هەمان شت لەشاری ئەسکەندەریەشدا کراو زیاد لە(500) خوێندکار بەشدارییان تێدا کردو نزیکەی دوو هەفتەی خایاند، بەرنامەکانیشی بریتی بوو لە لەبەرکردنی قورئان و قسەو باس و کۆڕو کۆبوونەوەی ئایینی و هەروەها مەشقکردن لەسەر وەرزشی بەرگری لەخۆکردن، وەك (تایکواندۆو جۆدۆ)!

لەئاهەنگی کۆتایشدا زۆر لەگەورە بەرپرسان ئامادەبوون و رۆژنامەکانی سەر بەدەوڵەتیش ئاماژەیان بەسەرکەوتوویی تاقیکردنەوەکەدا. ساڵ لەدوای ساڵ ئەم

تاقیکردنەوەیە بەردەوام بوو، هاوکات پاڵپشتی مادی زیاتری لێدەکراو ژمارەی بەشداربوونی لەزیادبووندابوو. کەسانی دیارو خاوەن پلەو پایەش وتاریان تێدا پێشکەش دەکردو قسەیان بۆ بەشداربووان دەکرد. تا لەساڵی 1975دا شێخی ئەزهەر (شێخ عبدالحلیم محمود) کە دوژمنێکی سەرسەختی شیوعیەکان بوو، بەخۆی چادرگەیەکی لەو جۆرەی لەشاری بەنی سویف کردەوە، وەك هەڵمەتێکی (پیرۆز) دژ بەچەپو کۆمۆنیستەکان.

لەساڵی 1976 گروپە ئیسلامیەکان بیرۆکەی چادرگە هاوینەکانیان پەرەپێدا بۆ بیرۆکەی نوێژکردنی (جەژنی بچووكو جەژنی گەورە) لەگۆڕەپانە گشتییەکاندا. ئەوەبوو لەیاریگای ئەسکەندەریە نوێژێکی وەها کراو چل هەزار کەس ئامادەی بوون. ساڵی 1977 لەگۆڕەپانی (عابدین) کە بارەگای سەرەکی حکومەتی لێیەو هەروەها لەیاریگای ئەسکەندەریەش، نوێژێکی بەکۆمەڵ کراو ژمارەی ئامادەبووانی لەنێوان سەد هەزار تا سەدو پەنجا هەزار کەسێکدا دەبوو. هەمووشیان دزداشەی سپیان لەبەرکردبوو بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد: (الله اکبر، الله اکبر). حکومەت خۆی لەرێگای دەزگای ئاسایشەوە پارێزگاری دەکردنو رێگای پێدان باربوو پێشو پاشی نوێژ کۆبکەنەوە، هەروەها رێگریشی نەکردن تا ئەو بەیانو بلاوکراوانەش بنێن بەدیوارەکانەوە کە داوای یارمەتی بەخشینیان دەکرد.

بەمجۆرەو کاتێك خۆپیشاندانەکانی 18و19ی یەنایەری 1977 رویاندا، هێزو توانای گروپە ئیسلامیەکان لەناو زانکۆکاندا گەیشتبووە ئاستێکی بەرز. سادات بەرپرسیارێتی ئەو خۆپیشاندانانەی خستە ئەستۆی چەپەکانو فەرمانی بەسوپادا بۆ سەرکوت کردنیان، ئەوەبوو بۆیەکەمجار لەدوای شۆڕشی یۆلیۆی 1952وە سوپا دابەزیە سەر شەقامەکانو سەرکوتی خۆپیشاندانەکانیان کرد. پاش ئەوەی سێ سەد کەس کوژرانو برینداربوونو 1250 کەسیش لەچەپەکان دەسگیرکران. تەواوی رووداوەکانیش خرایە ئەستۆی رێکخراوە چەپەکان کە بەنهێنی کاریان دەکرد. بەمەش ئیسلامیەکان بوونە تاکە هێزی سەر گۆڕەپانەکە، دوای ئەوەی چەپەکان گورزێکی کەمەر شکێنیان بەرکەوت. واتا گروپە ئیسلامیەکان هاوشان لەگەڵ ئیخوان موسلمیندا بوونە تاکە پاڵپشتی سادات، دوای ئەوەی لەو راپەرینانەدا سادات شەعبیەتی خۆی دۆڕاند. لەهەنگاوێکی تردا هەردوو گۆڤاری چەپەکان (الکاتب)و (الطلیعة) داخرانو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(روزالیوسف)یش کە چەپڕەوبوون، بەئەنجوومەنێکی تازەی حکومی گۆڕدران. هەموو ئەم هۆکارانە وایان کرد ساڵی 1977 هێزو جموجوڵی ئیسلامیەکان بگاتە

ئەوپەڕی. لەمانگی یۆنیۆی 1977دا گروپە ئیسلامیەکان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، تیایدا داوایان لەئیدارەی زانکۆکان کردبوو نابێت ئەو ئاهەنگەی بەبۆنەی جەژنی دایکانەوە سازدراوە بکرێت، پێشانگای ساڵانەش تەنها بۆ خوێندکارە کچەکان بێتو کوڕان تیایدا بەشدارنەبن. زانکۆ بەوە رازی بوو ئاهەنگی جەژنی دایکان نەکاتو خوێندکارە دەست کورتەکان لەخەرجی مانگێك ببەخشێت، بەڵام بەوە رازی نەبوو پێشانگای ساڵانە تەنها تایبەت بێت بەخوێندکارە کچەکان. لەبەرامبەر ئەمەدا (الجماعة الاسلامیة) کۆبوونەوەیەکی دە سەعاتیان بەست کە (د. سعد نصر)ی جێگری سەرۆکی زانکۆشی تێدا بەشداربوو، ئسلامیەکان سووربوونی خۆیان لەسەر ئەو داوایەیان نیشانداو زانکۆش بەداواکەیان رازی بوو. پاشان شاندێکی ئیسلامیەکان چوونە لایو ژمارەیەك داواکارییان پێشکەش کرد، لەوانە: پێویستە خوێندکارە کوڕەکان لەخوێندکارە کچەکان جیابکرێنەوە لەهۆڵەکانی خوێندنو هەروەها لەناو کارگەو وەرشەکانیشدا. هەریەك لەکوڕانو کچان پاسی تایبەتی خۆیان بۆ تەرخان کرێت لەناو زانکۆدا بۆ هاتووچۆ پێکردنیان، سەرجەم ئەو فیلمە سینەماییانەش قەدەغە بکرێن کە نیشان دەدرێن تەنها فیلمە زانستیەکان نەبێت. چالاکی کوڕانو کچانی خوێندکار بەجیا بێت ئیتر ئەمە لەسەیرانو سەفرەدا بێت یاخود لەکاتی ئاهەنگ گێڕاندا بێت. جێگری سەرۆکی زانکۆ هەموو داواکارییەکانیانی پەسەندکردو رازی بوو لەسەریان.

دوای مانگێك لەڕوودانی خۆپیشاندانەکانو لە20ی فبرایەری 1977 ئەوکاتەی هاووڵاتیان سەرقاڵی کێشە ئابوورییەکانو مەسەلەی ئازادی بوون، لەوکاتەدا ئیسلامیەکانی کۆلێژی بازرگانی لەزانکۆی (حەلوان) خەریکی سازدانی (هەفتەی کیژی موسڵمان بوون لەزانکۆی حەلوان). لەچالاکیەکانی ئەم هەفتەیە ئەوەبوو پێشەنگایەکیان بۆ جلوبەرگی ئیسلامی کردبووەوەو بەنرخێکی داشکاوو گونجاو دەیان فرۆشتن، چونکە بەشێکی ئەو پارەیە (الجماعة الاسلامیة) گرتبوویە ئەستۆی خۆی. دواتر (الجماعة) رایگەیاند کە دەرەنجامەکانی ئەو پێشەنگایە مایەی خۆشحاڵی بووە، چونکە زیاد لەبیست کچ لەوانەی پێشتر ئیلتزامیان نەبووە ئەو جلو بەرگانەیان کڕیوە، لەو پێشانگەیەدا کچان بەسفوری دەهاتنە ژوورەوەو بەخۆداپۆشراویش دەچوونە دەرەوە! هاوکات (محسن عبدالسلام)ی ئەمیری (الجماعة الاسلامیة) رایگەیاند کە ئامانج لەسازدانی (هەفتەی کیژی موسڵمان)، هەوڵێك بووە بەمەبەستی (راکێشانی ئەو کچانەی دووربوون لەئیسلامەوە)!.

یەكێك لەئەندامەكانی (الجماعة) باسی ئەوە دەكات كە چۆن لەڕۆژانی ئاساییداو بەر لەدەست پێكردنی دەوامی ڕۆژانە لەزانكۆدا، یەكێك لەخوێندكارەكان هەڵدەستاو ئایەتێك لەقورئانی دەخوێندو لەگەڵیشدا حەدیسێكی پێغەمبەری دەخوێندەوە. پاشان بۆ یەكەمجار لەبڵندگۆی كولیەوە بانگ دراو ئیسلامیەكان داوایان كرد، ڕێ بەوەبدرێت تا خوێندكاران نوێژەكانیان لەناو زانكۆداو لەكاتی خۆیدا بكەن.

لەژمارەی مانگی مارسی 1977دا سالح عەشماوی سەرنووسەری گۆڤاری (الدعوة)ی زمانحاڵی ڕێكخراوی ئیخوان موسلمین، داوای لەسەرۆكی زانكۆكانو راگری كۆلێژەكانو بەڕێوەبەری قوتابخانەكان كردبوو كە لەكاتی بانگدا دەست لەخوێندن هەڵگرنو لەپۆلەكانی خوێندنەوە بەرەو شوێنی نوێژكردن بچن، تا پێشنوێژی مامۆستاو فەرمانبەرو خوێندكاران بكەن. هاوكات دەبێت ئەنجوومەنی گەلو ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەمان شت پەیڕەوبكەنو سەرەك وەزیران پێش نوێژی وەزیرەكانیو هەموو ئەوانە بكات كە لەئەنجومەندان، هەر وەزیرێكیش لەناو وەزارەتەكەی خۆیدا هەمان شت بكات.

<u>**سەرچاوە:**</u>

د. عبدالمنعم رمضان: جماعات التكفير في مصر (الاصول التأريخية والفكرية)- ص ص 281، 296.

# ئیسلامی ئسوڵی و وردە بۆرژاو

د. هشام شەرابی

(1)

پاش شکستی وردە بۆرژوا وەك چینێکی باڵادەستی خاوەن دەسەڵات کەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتی بۆ سەرەتای پەنجاکانی ئەم سەدەیە دەگەڕێتەوە، بەهۆی نەبردنەسەری ئەو وەعدو بەڵێنانەی لەساتەوەختی سەربەخۆبوون لەدەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەجەماوەری دابوو، ئەوا لەکۆتایی شەستەکانەوە کەلێنێکی گەورەو فراوان دەکەوێتە نێوان گەل و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە، ئەو کەلێنەش بەرەنجامی نەمانی بڕواو متمانەیە بەیەکتری . ئیتر لێرەوە حوکمڕانیەت شەرعیەتی خۆی دەدۆڕێنیٚو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش لەبەریەك هەڵدەوەشێن، بگرە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتداران‌و میللەت دەبێتە پەیوەندی سەرکوت کردن‌و خۆسەپاندن .

هاوکات لەگەڵ ئەم نوشستیانەدا، ئیسلامی ئسوڵی وەك عەقیدەیەکی رزگارکەرو وەك ئایدۆلۆژیای جەماوەری وردە بۆرژواو پرۆلیتاریا هاتە مەیدان . بزوتنەوەی ئوسولێیەت دەست وێژی چینایەتی خۆی لەوردە بۆرژوازیدا دەبینێتەوە، بۆیە وەك بزاوتێك دەیەوێت گوزارشت لەخواست‌و مەرامەکانی ئەو چینە بکات و گوزارشت لەو داواکاریانە بکات کە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی تر (ناسیۆ نالیستی بووبێت یان سۆسیالیستی) بە ئەنجامیان نەگەیاندووە.

وەك ئاشکرایە هەر لەسەرەتای قۆناغی رێنسانسەوە ئیسلامی ئسوڵی لەرووی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەوە، لایەنێکی بەهێزی نێو کۆمەڵگەی نوێی پەتریاکی بووە، بەڵام ئەو سەنگ و قورساییەی نەبووە وەك ئەوەی لەمڕۆدا هەیەتی . لەگەڵ راپەڕینی عەرەبیدا ئەم بزاوتە وەك بزاوتێکی ریفۆرمی خۆی دەرخست و تا هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهانیش لەخۆرهەڵاتی عەرەبیدا ئایین ئایدۆلۆژیای باڵادەست بوو. بیری چاك سازی لەبەرهەم و نووسینی دیار ترین بیرمەندەکانی ئەو سەردەمەدا رەنگی دابووەوە، نمونەکانی وەك: (جەمالەدین ئەفغانی و محمد عبدەو قاسم ئەمین و عەبدو ڕەحمان

کـەواکبی) ، بـەڵام دوای ئـەوەی ئـەم ئاقـارە ریفۆرمیسـتیە لـەنێوان هـەردوو جـەنگی جیهانی یەکەم‌و دووەمدا تووشی کەنارگیری‌و کاڵبوونەوە هات، جێگای خـۆی بـۆ بـیری نەتەوەیی‌و لیبرالی چۆڵکرد تاشوێنی بگرنەوە. لەم ساتەوەختەدا جیهانی عـەرەب خـۆی لەبەردەم هاتنـە ئـارای بزاوتێکـی ئیسـلامی ئسـوڵی نوێـدا بینیـەوە، بەتایبـەت پـاش دامەزراندنی گروپی (ئیخوان موسـلمین) لەسـەرەتای سـاڵانی سیدا ( بـەرا بەرایـەتی (شێخ حەسە بـەننا) کـە لەسـاڵی 1949 کوچـی دواییکـرد. یەکـەم بەرنامـەی کـاری سیاسیش لەگەڵ ئـەم گـرو هـەدا گەڵاڵـە کـرا، ئـەو بەرنامەیـەی کەتـەعبیر لـە بزاوتـی ئیسلامی ئسوڵی سونە مەزهەبدەکات. بەڵام ئەم بزاوتە نەلەقۆناغی کۆلۆنیالی و نەلـە سەرەتای بزاڤی رزگاری خوازی میللیدا نەهاتنە ناو کۆڕی خەباتی سیاسیەوە، ئـەویش لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا ئایدۆلۆیای عەلمانیـەکان کۆسپێك بـوو لەبەردەمیانـدا. بـەر لەم قۆناغەش (واتە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی) ، بزوتنـەوەی چـاك سـازی دەرفـەتی دەرکەوتنی نەدەدان، بەڵام لەگـەڵ گـۆڕانی هـەلو مـەرجی ئایـدۆلۆژی و کۆمـەڵایەتیـدا سەلەفیەتیش گۆرانکاری بەسەرداهات، بەتایبەت دوای تێکچوونی رەوشـی سیاسـی و ئابووری لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا.

وەك چـۆن ئایـدۆلۆژیای نەتـەوەیی ولیـبرالی هاوکـاتن لەگـەڵ گەشـەو سـەرهەڵدانی بۆرژوازیـەتی شـارەکان ودەسـتە بـژێری توێـژی خوێنـدەواران لـەکۆتایی (خەلافـەتی عوسمانی) ونێوان هەردوو جەنگی گەورە، ئاوەهاش دەرکەوتنی بیرو باوەڕی سۆسـیا لیـزم و بیری شۆڕشگێڕانە هاو کات بوون لەگەڵ دروسـت بـوونی چـینی کرێکـاران لـەقۆناغی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بەڵام لەهەلو مـەرجێکی وا پاشـکۆیایەتی‌و داگـیر کـاری کۆلۆنیالیـدا ئەسـتەم بـوو بـۆ رژوازیـەت وچـینی کارگـەران بگـۆڕێن‌و ببنـە چـینێکی کۆمـەڵایەتی تەواو یـەکانگیر، بـەجۆرێك کەلـە باریانـدا بێـت دەسـت نیشـانی ئاراسـتەی بونیـادی کۆمـەڵایـەتی بکـەن. ئەمـەش وایکـرد لـە قۆنـاغی جـەنگی جیهـانی دووەمـدا بۆرژوازیەت سەر هەڵبداو دروست بێ، بەو پێیەی گـەورەترین چـینی کۆمـەڵگـەی نـوێی پەترياکی پێکدێنێ لەروی ژمارەو دەسەڵاتەوە. ئەمـەش دەرەنجامی چـەند هۆکارێـك بـوو، لەوانە: (زیادبوونی رێژەی دانیشتوان، نەهێشتنی نەخوێنـدەواری، بایەخـدان بەزانسـت و چاودێری تەندروستی و ..هتـد). ئـەم خۆتاودانـەی وردە بـۆ رژوا گۆڕانکـاری لـە بزاوتـی ئسوڵیدا لێکەوتەوە. ئەو بزاوتەی بۆ یەکەمجارە بۆتـە بزاوتێکـی جـەماوەری وەهـا کـەهیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی بەرلە خۆی توانای شان دان لەشانی ئەویان نییە. لەبەرئـەوەی وردە بۆرژوازی عەربی بەرەوام وەك گرو هێکی دەستە بژێریانە بووە، بۆیە هیچ کات لەتوانایدا

نــەبووە جــەماوەری رەنــج دەرو زەحمــەت کــێش بــەلای خۆیــدا راکێشــێ و بناغەیــەکی جەماوەری راستەقینە بۆ خۆی دروست بکات.

(2)

ئێستا با جەوهەری ئەم بزاوتــە شۆڕشــگێڕو (شۆڕشــگێڕی پێچــەوانە)یــە بخەینــە روو.. ئەگەرچی ئیسلامی ئسـولّی لـە چوارچێوەیەکی وردە بـۆ رژوازیـداو لەسـەر بنەمایـەکی ئایینی دامەزراوە، بەڵام لەراستیدا ئەمـە تـەنها بزوتنەوەیـەکی ئـایینی پـەتی نییـە وەك (وەهابیو سەنوسیو مەهدی)، بەڵکو دیاردەیەکی وردە بۆ رژوازیانەیـە، واتـە بەرهـەمی قۆناغێکە یان حاڵەتێکی دەگمەن و تایبەتە. لەرووی مێژوویی و کۆمەڵایەتیـەوە . لێـرەدا پێویسـتە جیاکاریـەك بکـەین لـەنێوان هوشـیاریەکی ئـایینی سـادە لای جوتیـارێکی جەزائیری یان سودانی لەکاتی روو بەروو بونـەوەی لەگـەڵ ئیمپریـالیزمی فەرەنسـی یـان بەریتانی بەناوی ئیسلامەوە، لەگەڵ بیرکردنەوەی خوێندکارێکی ئامادەیی یان زانکـۆ لـە کۆمەڵەی (ئیخوان موسلمین) یان هەردەستەو تاقمێکی دیکە لەو گروپـە ئیسـلامیانەی دژایـەتی کۆلۆنیالیـەتی نـوێ دەکـەن و هـەوڵی گـۆڕینی کۆمەڵگـە بـە کۆمەڵگەیـەی ئیسلامی مۆدێرن دەدەن.

ئـەم جیاکاریـەش وادەکـات ئسـولّیەت لای ئەنـدامانی ئـەو گروهـو تاقمانـە ببێتـە ئایدۆلۆژیایەکی رادیکـالی و ئەمــەش تـەعبیر لـە خواسـت و مەرامـەکانی وردە بـۆ رژوا دەکات بۆ گێرانەوەی سەردەمی زێڕینی لەدەست چوو، واتە سەردەمی محمدو خەلیفەکانی راشدین و سـەردەمی بیرو بـاوەڕو هێـزو داد پـەروەری و.. هتـد. هـەروەها بـۆ رامـاڵینی هەموو جۆرە گەندەڵیو زوڵمو ستەمێك. ئایدۆلۆژیایەکیلەم جـۆرە دەبێتـە زمـان حـاڵی ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی لە ئاست گۆرینی کۆمەڵو خودی خۆیدا شکسـتی خـوارد، ئـەو چینەی هەنووکە روو بەرووی هەڕەشەی ناوخۆییو دەرەیەکان بۆتـەوەو توانـای ئـەوەی نیـە بەسـەریاندا زاڵ بێـت . لێـرەوە کـەوردە بـۆرژوا پەنادەباتـە بـەر خـەباتی ئیسـلامی( پاکردنەوەی کۆمەڵگەو گەرانەوە بـۆ سەرچـاوە پـاك بێخەوشـەکانی ئـایین ) ، بـۆ ئەوەیـە تالەو هەلومەرجە قوتاربێت کەتونای نییە لەنێویدا هەڵبکات و ژیان بگوزەرێنێ .

یەکێك لە خەسڵەتەکانی وردە بۆرژوا ئەوەیە دژایـەتی تونـدی بزوتنـەوە چاکسـازیەکان لەلایەك و رێکخراوە موحافیزکاریەکان لەلایەکی دیکەوە دەکات، چونکە بـەلای ئەمـەوە هیچ یەکێك لەم لایەنانە شەرعیەتی سیاسیان نییە، (هۆی رەتکردنەوەی بـەردەوامی ئـەم دەستەو تاقمانەش لێرەوە سەرچاوەدەگرێت). ئەمـەش مانای وایە ئەگەر هاتوو لەئاینـدەدا

بوارێك بۆ ئسولێەت رەخسا جلەوی دەسەلاتی حوكم رانی بگرێتە دەست، ئەوا كۆمەڵگەی نوێی پەترياكی لەرووی سياسی و كۆمەلايەتی و رۆشنبيرييەوە لەبەريەك هەڵدەوەشێت. لەبەرئەوەی ئيسلامی ئسولی تەنها كاری ئەوە نييە ئەم كۆمەڵگەيەی ئێستا بەهەموو دام و دەزگاكانييەوە ريشەكێش بكات، بەڵكو دەيەوێت بەكۆمەڵگەيەكی (ئيسلامی) وای بگۆڕێت كەسەر لەبەر لەوەی ئێستا جياواز بێت، كۆمەڵگەيەك وەك سەلەفيەكان دەڵێن: لەسەر بنەماكانی ماف و دادپەروەری دامەزرابێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێين كە ئسولی وردە بۆرژوا هەموو شتێكی مۆدێرن رەت ناكاتەوە و شارستانيەتی تازەش وەلاوە نانێت، بەڵكو دەيەوێت مامەڵە لەگەڵ جۆرێكی تايبەتی (نوێگەری) بكات (زانستی مۆدێرن و تەكنەلۆژيای مۆدێرن). بۆيە بەشێوەيەكی جدی لەچەمكی (زانست و ئيمان) دەڕوانێ و دەيەوێت يەكيان بخاو پێكەوە بيان گونجێنێت. لێرەدا زانست وەك ئامرازێك سەير دەكرێت لە پێناو پرۆسەی بەرهەم هێناندا، بەڵام وەك جيهان بينيەكی شيكاريانە (تيۆرەو ميتۆد) ئەمەيان كارێكی لاوەكیو بێ بايەخە. لەبەرئەوەی پەيبردن بەراستی و سەلماندنی مەرجەكانی راستی دەگەڕێتەوە بۆ وتەكانی يەزدان و بۆ (قورئان)، وەك چۆن (سيد قوتب) دەڵێت: (ئايە ئێوە شارەزاترن يان يەزدان، خوا خۆی دەزانێ و ئێوە نازانن). لەم خاڵەوە دەبينين كەزانست بەتەنها دەست وێژێكەو (وەك شيرێكی دوو دەم وايە پێويستە بەوردی بەكاری بێنين)و لێی بەئاگابين.

لەڕووی دەوونيەوە ئەم بۆچوونە سەلەفيە لەباری دايە دڵنياييەكی ويژدانی بە مرۆڤ ببەخشێت، دڵنياييەك كەبۆ هيچ يەك لە بوارە زانستيەكان يان ئايدۆلۆژيای نەتەوەيی يان سۆسياليستی مەيسەر نابێت، ئەگەر چی سەلەفيەت لەلايەك بەڵێنی ئەنجامدانی گۆرانكاری ريشەيی دەدات لە كۆمەڵدا، بەڵام لەلايەكیترەوە ئەو ئامادە باشيەشی تێدايە لەگەڵ هەلو مەرجی ئێستا هەڵ بكات و بانگهێشتی گۆڕينيشی دەكات. ئەم هەڵوێستەش لەمامەڵە كردن لەتەك هەلو مەرجی ئێستاو رەتكردنەوەو ئەنجامدانی گۆرانكاری تيايدا، ديارترين خەسڵەتی دوو فاقێتی بزاوتی ئوسلی وردە بۆرژوايە.. كارەكە هەرجۆرێك بێت واتە سەلە فيەت بانگەشەی شۆڕش بكات يان سازش لەگەڵ واقعدا بكات (دەڵێين هەركامێكيان بكات)، ئەوا لەباری دايە جەماوەربە شێوەيەكی واجۆش بدات كە كۆمەڵگە لەوەو بەر شتی وەهای بە خۆيەوە نەبينييێ. رۆڵی ئەم بزاوتەش لێرەدا زياتر ئاشكرا دەبێت كەدەتوانێت لەچەند ساڵی داهاتوودا ئاراستەی رووداوەكان دياری بكات.

(3)

رەوتی ئیسلامی ئسولّی روەو شۆڕش یاخود پێکەوە ژیان و خۆگونجاندن بچێت لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا، کارێکە تارادەیەکی زۆر لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو دوو فاقیەتە دەوەستێت (دوانەی گۆڕانکاری وسازشکردن) کەلە هەناوی خودی ئەو بزوتنەوەیەدا، بەلاّم لەرووی زانستیەوە کۆسپێك هەیە رێگا لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەیەکی وادەگرێت.. سەلەفیەت ئەگەرچی لەلایەکەوە وەك بزاوتێکی کۆمەلاّیەتی گوزارشتێکی تایبەتیانە لە ململانێی چینایەتی دەکات، بەلاّم لەلایەکی ترەوە هەرچی بیرۆکەی (چین)و ململانێی چینایەتی هەیە رەتی دەکاتەوە (وەك چۆن ئەمە کارو پیشەی وردە بۆرژوازی ناسیونالیستە). هەروەها لەکۆڕو خەباتی سیاسیشدا ئەوە رەت دەکاتەوە کەخۆی لەقەوارەی کاری بەرەی نیشتیمانی بدات (مەبەست لەکاری بەرەیی، یەکگرتنی سەرجەم هێزە نیشتیمانیە شۆڕشگێڕو پێشکەوتو خوازەکانە بەهەموو چین و توێژەکانەوە)، بەمەبەستی رووبەروو بوونەوەی دەسەلاّتی فەرمان رەوایەتی. سەلەفیەت کاتێك پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت ئەندامانی کۆمەلّگای بەپێی (روحانی)و (پەیوەندیە ئاینییەکان) پۆلێن بکات، نەك لەرووی پێکهاتەی کۆمەلاّیەتیانەوە (پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان)،ئەوا دەیەوێت چەمکی (چین) یان (نەتەوە) بچوك بکاتەوە وبیانگۆڕێتە سەر چەمکی گروهی ئایینی، ئەو گروهەی لەسەر برایەتی ئاینی بونیات دەنرێت.

ئەنجامدانی گۆڕانکاری یان سازشکردن؟ لەراستیدا ئەم کارە یان ئەم دوو فاقیەتە لەرووی ئایدۆلۆژیەوە بەرفراوانتر بووە، بەتایبەت دوای ئەوەی لە سالاّنی حەفتاو هەشتاکاندا چەند بیرمەندێکی مارکسی و ناسیۆنالیستی دایانە پالّ ئیسلامی ئسولّی، تالەوێدا بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە ئەلتەرناتیف بدۆزنەوە.

بێگومان نائومێد بوون لەسەر ئاستی تاکە کەس و کۆمەلّیش لەئێستادا، خرۆشێکی شۆڕش گێڕانەی وردە بۆرژوایانە بەبزوتنەوەی سەلەفیەت دەبەخشێت، بەجۆرێك خەریکە دەبێتە جێی سەرنج و بایەخی تێکۆشەرە عەلمانیەکان. ئەو تێکۆشەرانەی لەوەو بەر زۆربە توندی بەرپەرچی ئایدۆلۆژیای ئایینیان دەدایەوە.. بەلاّم لەکۆتایی حەفتاکاندا و ئەوکاتەی ئایدۆلۆژیای عەلمانیەت بەبنبەست گەیشت و جیاوازی نێوان (راست و چەپ) تەنها لەرووی تیوریەوە بوو، ئیتر دوو

ڕێگا لەبەردەم عەلمانیەت دابوو، یان دەبوو هەڵوێستێکی گاڵتە جاڕیانە (خۆ دزینەوەی ئینتیهازی) وەرگرێت یاخود خۆ هاویشتنە نێو بیر باوەڕی ئاینی (هەڵوێستی بزوتنەوەی سەلەفیەکان). لێرەدا گەر ئیسلامی ئسوڵی بوویێتە پەنای هەندێك لەرووناکبیران و سیاسەت مەدارانی ناسۆسیالیست و مارکسی، ئەوا بۆتە تەنها هیواو ئومێدی هەموو جەماوەر. واتە تاکە پەناگەیەکە بۆئەوەی جەماوەر هەست بەبوون و شوناسی خۆی بکاو هێزو ئیرادەشیان بەگەڕ بخاتەوە. هەرزوو جەماوەر ئەو ئایدۆلۆژیایەی هەزم کرد کە ئیسلامی ئسوڵی بانگهێشتی بۆدەکرد، چونکە سەرچاوەی ئەم ئایدۆلۆژیایەی دەچێتە سەرهەمان ئەو رۆشنبیریە مەنەلۆژیەی ئەم جەماوەرە هەژارو نیمچە خوێندەوارەی تیا دروست بووە..

ئەو دروشمە سادەو ساکارانەیسەلەفیەت دەیدات بەرووی جەماوەری سادەو بێ ئاگادارو دەیخاتە بەردەست رووناکبیرە تێکشکاوو رووخاوەکان، مژدە بەدنیایەك دەدات کەپڕ لەئارامیو دڵنیاییو بەڵێنی ئەوەش دەدات گشت ئەو گیرو گرفتانە بنە بڕ بکات کە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستیو چەپ و گروهەکانی تر لەئاستیاندا دەستە وەستان بوون وبۆیان چارە نەکرا. بەڵام بالێرەدا بزانین ئیسلامی ئسوڵی چی لەژێر سەردایەو لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیش دەیەوێت بەچی بگات؟

مەبەستی سەرەکی ئەم گروهە گۆڕینی ئەو کۆمەڵگا (گەندەڵانەی) ئێستایە، تالەم دۆخەدا (نەفامیەی) رزگاری بێت و بچێتە دۆخێکی ئیسلامی پاك و بێگەردەوە. ئەم ئەرکەش لەرێی بڕواو ئیرادەوە دەستەبەر دەبێت، بەمانای رەتکردنەوەی دۆخی نەفامی (واقیعی نوێی پەتریاکی)و باوەش کردن بە بیرو باوەڕی راست و دروستی ئیسلامیدا. هەڵوێستی ئایدۆلۆژی لەم جۆرەش (راسترەو بێت یان چەپڕەو)، لەسەردەمی قەیرانەکاندا بەئاسانی پەسەند دەکرێتو خەڵکی بەئاسانی بەرەو پیری دەچن.. کاتێك بیرو باوەڕێکی واش بەناو کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە، ئیتر ئەرك و قورسایی ژیان کەم دەبێتەوە وخەڵکی زیاتر هیوایان بەداهاتوو دەبێت. بەڵام ئەمانە مانای روو بەروو بوونەوەی گیرو گرفتەکانی ژیان نییە، بەڵکو گۆڕینی تێنۆڕینە بۆ ژیان (گۆڕینی ئەو زمانەی گوزارشت لە گرفتە کۆمەڵایەتیو مێژوویەکان دەکات). ئەمەش چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان ناگەینێ، بەڵکو هەڵهاتنە لەواقیع. (سەید قوتب) لەم رووەوە دەڵێت: (دووجۆرە کۆمەڵگا هەیە، ئیسلامی و جاهیلی. ئەوەشی بڕیار لەسەر چۆنیەتی خەسڵەتی

کۆمـەڵگای ئسـولّی دەدات، هیـواو ئامـانج و خـەون و خۆزگـەکانی مـرۆڤ نییـە، بەڵکو ئەوە ئیرادەی یەزدانە بڕیـار لەسـەر ئیشـێکی وادەدات). هـەروەها دەڵێـت: (کۆیلایەتی و بەندایەتی گەورە، پەیڕەو کردنی ئەو یاساو دەسـتورانەیە کەلەلایـەن مرۆڤەوە دادەڕێژرێت).

لێرەدا گرفت هەڵبژاردن نییە لەنێوان ئەم یان ئەو کۆمـەڵگادا یـاخود پێکـەوە گرێ دانیان، بـەڵکو تـەنها شـتێك لێـرەدا گـرنگ بێـت ملکەچـی نیشـاندانە بـۆ یەزدان و شوێن کەوتنی پێغەمبەرو هاوەڵە کانێتی.. بـەڵام چـۆن چـۆنی شـیکاری دروست بۆ ئیرادەی یەزدان و سونەتەکانی پێغەمـبەر بکەین، ئەوا (سـەید قوتـب)و سەرجەم بیریارە ئسولّیەکانی دیکەش ئەم کارە بۆ ڕێبەرە دینیەکان جێ دێڵن تابـە پێـی تێگەیشـتنی خۆیـان تـاو تـوێی بکـەن.. لـەقۆناغی یەکـەمی سـەردەمی رابونیعەرەبیدا بیرمەندە عەلمانیەکان بـەگرفتی مـەعریفـەوە سـەرقاڵ بـوون، دوای سـەدەیك ئـەو گرفتـە بـەرەو ڕووی رەخنـە گـرە مۆدێرنـەکان بـووە (کەمەسـەلەی ماهیەتی حەقیقەت و چۆنیەتی سەلماندنی بـوو). بـەڵام ئـەو پرسـیارەی ئیسـلامی ئسولّی لە ئێستادا دەی وروژێنێ و وەڵامیشی دەداتەوە ئەوەیە (ئایـا ئێـوە دەزانـن یان یەزدانن؟)، واتە لێرەدا ئـەو پرسـیارانە دەکرێـت کـەوەڵامیان دەدرێتـەوە. بـەم جۆرە هەموو شیکارێکی رەخنیی دەگۆڕێت بـۆ تەفسیر کردنێکـی تیـۆ لۆژیانـەو هـەر پرسـیارێکیش وەڵامـی پـێش وەختـی بـۆ ئامـادە دەکرێـت. هـەموو هەسـت کردنێکیش بەپاشکۆیایەتیو خۆ بەکەم زانین ، بە ڕێگایـەکی غـەیبیانـە چارەسـەر دەکرێت. بۆ بەرگرتن لـەم دۆخـەش (واتـە هەسـتی خـۆ بەکـەم زانـین)، هـەوڵێکی دوولایەنە دەدرێت:

یەکەم : دووبارە پێناسە کردنەوەی خود.

دووەم : پێناسە کردنی بەرامبەر (ئەوی دی).

نمونەی ئەم جۆرە هەوڵانـە لـەو کتێبـەدا بـەدی دەکـەین کـە سـاڵی 1983 لـە قاهیرە چاپ کراوە، بەناوی (ئیسلام و خۆر ئاوا)وە. نووسەر لەم کتێبەدا دووپـاتی ئەوە دەکاتەوە کە: (موسوڵمانان بە خۆیان و ئاینەکەیانـەوە، نمونـەی بـەرزو بـاڵای هەموو ئاینێکن لەسەر زەوی).

کارێکی هەڵـە دەکـەین ئەگـەر بـەم بـۆ چـوونە وەك دەمـار گیرییـەکی ئـاینی وەربگرین، بـەڵکو مـەبەسـتی سـەرەکی نووسـەر لـەم کارەیـدا سـەرلەنوێ پێناسـە کردنـەوەی خـودو بەرامبـەرە بـە شـێوەیەکی زیادەڕۆییانـە کـە خەسـڵەتی گوتـاری

ئیسلامی ئسولّییه له ئێستادا. ئەمەش ڕێگایەکە بۆ قوتاربوون لە شکست و نەهامەتیەکان لەسەر ئاستی تاك و دەستە جەمعیش، چونکە بەگۆڕینی چەمكو وتەزاکان شکستەکان دەسڕێنەوەو کاریگەریان نامێنێت. بۆ نمونە پار سەنگ دانەوەی شکستی نەتەوە لە ڕێی وەلاوەنانی چەمکی نەتەوەوە دێتو گۆڕینەوەیەتی بە چەمکی ئایین (لەبەر ئەوەی نەتەوەی عەرەب سەرچاوەی شوناس و هەست کردن بەخود دیاری ناکات، بەڵکو سەرچاوەی ئەوانە ئیسلامە.. هتد).

بەم جۆرە دەبینین کە هەستی نەتەوایەتیبەلای هەوادارانی ئسولّی ئیسلامیەوە، جگە لەهەستێکی دەمار گیری جاهیلیانە چیتر نییە.. نیشتیمانی موسوڵمان تەنها نیشتیمانی عەرەب نییە، (بەڵکو هەر شوێنێك کە موسوڵمانێکی تێدا بیّو بلّێت لااله الا الله محمد رسول الله، بەلای ئێمەوە نیشتیمانە). لەم بارەیەوە (سەید قوتب) زیاد لە (حەسەن بەننا) پێی لێهەڵدەبڕێتو دەڵێت: (نیشتیمانی موسوڵمان پارچە زەویەك نییە). کەواتە گرفت ئەوە نییە نەتەوەی عەرەب پارچە پارچەو لاوازو ملکەچ بێت، چونکە هۆکاری ئەمانە و سەرجەم پەتاکانی تری کۆمەڵیش لەوەوە سەچاوە دەگرن کە خەڵکی پشتیان لە ئایین کردو روویان کردە پەرستنی ئایکۆنەکانی وەك: (ناسیۆ نالیزم و عەلمانیەت و سۆسیا لیزم و لیبرا لیزم). پەیامی رزگاری بوونیش نەك بۆ عەرەب، بەڵکو بۆ سەرجەم گەلانی سەرزەوی ئاینی ئیسلامە کەتەنها ڕێگا چارەی رزگار بوونی مرۆڤایەتییە.

بەمجۆرە دەبینین چۆن چۆنی بە فیڕۆدانی سامانی نەتەوەیی و دەستدانی خاکی عەرەبیو شکستی سەربازیو چەندان شکستی تری هاوتای ئەوانە، لەروانگەی ئەم بۆ چوونە ئاینییەی مژدە بەرزگار بوونێکی سەرتاسەری دەدات، دەبنە چەند شکست و نوچدانێکی لابەلاوبێ ئەرزش.

لێرەدا ئیسلامی ئسولّی لە هەوڵی ئەوەدایە تا جێگای ئایدۆلۆژیای عەلمانیە گومڕاو سەرلێشێواوەکان بگرێتەوە، بۆئەوەی لە روانگەی تایبەتی خۆیەوە هەستێت بەسەر لەنوێ نووسینەوەی مێژوو، هەروەها بەرنامە ڕێژی بۆ ئێستاو ئایندەش بکات. نمونەی هەوڵێکی لەم جۆرەش لەو بەڵگەنامە گرنگەدا دەبینینەوە کەسالّی 1944 (شێخ حەسەن بەننا)ی دامەزرێنەری کۆمەڵەی (ئیخوان موسلمین) نووسیویەتی، ئەمەش پەیامێکە بۆ شا فاروق و سەرجەم سەردکردەکانی عەرەب. لەم بەڵگە نامەیەدا (حەسەن بەننا) باس لە چۆنیەتی

دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و بەرجەستە بوونی ئەو دەوڵەتە دەکات بەشێوەیەکی عەمەلیو لە دیدگای ئسولێەتەوە . بایەخ و گرنگی ئەم پەیامەی (حەسەن بەننا) تەنها لەو شێوە راستەخۆییەدا نیە کەباس لە ئەنجامەکانی بزوتنەوەی سەلەفیەت دەکات، بەڵکو لەو وردەکاریەدایە کەدەست نیشانی ماك و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی نوێی ئیسلامیو بونیادە فیکری وسیاسیو ئابووریەکانی دەکات.

خاڵی دەست پێك لای (حەسەن بەننا) بۆ ئەو رێگا چارە سەرەکیە دەگەرێتەوە کەلە رووی مێژووییەوە لەگەڵ جەنگی دووەمی جیهانیەوە هاتە ئاراوە، ئەویش بریتییە لە هەڵبژاردن لەنێوان دوو ئاقاردا یان دوو رێگای سەرەکیدا (رێبازی ئیسلام و شیوازی ژیانی خۆرئاوا). بەلای (حەسەن بەننا)وە بالادەستی ئیسلام تەنها بەسەر پرانسیپ و سستمە فەلسەفییەکاندا نییە، بەڵکو بەسەر خۆرئاوای مایە پوچیشدایە..لەم رووەوە دەڵێت: (سەرەتا رێبەرایتی جیهان رێبەرایەتییەکی خۆرهەلاتیانەی پەتی بوو، پاشان دوای سەرهەڵدانی شارستانیەتی یۆنان و رۆما بووە خۆرئاوایی و دواتر لەسەر دەستی موساو عیساو محمد بۆ جاری دووەم جڵەو کەوتە دەستی خۆرهەلات.. بەلام لە دوای ئەمە جارێکیتر خۆرهەلات کەوتە نێو قۆناغێکی بێ ئاگایی درێژەوە، لەبەرامبەریشدا خۆرئاوا رابوونی نوێی خۆی دەست پێکرد.. لێرەوە پشت لەیاساکانی یەزدان کراو جڵەوی دنیا کەوتە دەستی خۆرئاوا، خۆرئاواش پەیرەوی زوڵم و ستەم دەکات وسەر لێشێواوانە هەنگاو دەنێت. بۆیە پێویستە بە پشت بەستن بەیەزدانو لە ژێر دروشمی قورئاندا، خۆرهەلات لەرێی بازووی پتەوی سەربازانی ئیسلامەوە هەوڵی گۆرینی ئەم بارو دۆخە بدات تائاشتی و ئارامی بگەرێتەوە بۆ جیهان و خەڵکی هەموو بەیەك دەنگ هاوار بکەن و بڵێن: الحمدلله الذی هدانالهذا وماکنا لنهتدی لولا ان هدانا الله. بەم جۆرەش کاتێك نەتەوەی عەرەب و سەرجەم گەلانی دنیا دێنەوە سەر رێگای راستی ئیسلام ، ئیتر لەوێوە بەو رێساو رێنمایی و هەستو سۆزە دەژین کە قورئان پێشکەشیانی دەکات). (حەسەن بەننا) ئەم یاساو رێسایانە لە چەند خاڵێکدا کۆدەکاتەوە کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

*ئیسلام و هیوا.

*ئیسلام و هێزی سەربازی.

*ئیسلام و تەندروستی.

*ئیسلام و زانست.
*ئیسلام و ئاکار.
*ئیسلام و ئابووری.
(هەروەها ڕێکخراوە ئیسلامیە گشتیەکانیش پەیوەستن بەتاکە کەسو خێزانو نەتەوەو دەوڵەت و گەلەوە، ئەمەو سەرەڕای پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانیش).
دواتر (حەسەن بەننا) باس لە نمونەی خۆرئاوا دەکات و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کەناشێت شارستانیەتێکی وا سەرچاوەی ڕێنمایی کردنی موسوڵمانان بێت ، لەبەرئەوەی ئەزمونی خۆرئاوا جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ ئەواندا (واتە لەگەڵ موسوڵمانان)دا هەیە. ئەو بۆ چوونەشی کە دەڵێت: (خۆرئاوا لەباری دایە نمونەیەکی گونجاو پەسەند پێشکەش بەرابوونی خۆرهەڵات بکات، کارێکی نەشیاوەو مێژوو بەدرۆی دەخاتەوە). (ئەو هۆیانەی وای لەهەندێ نەتەوەی خۆرهەڵات کردلە ئیسلام لابدەن و لاسایی خۆرئاوا بکەنەوە ڕێنسانسی خۆرئاوابوو، چونکە لەوباوەڕەدابوون ئەم بزافە بەر ئەنجامی ئەو هەولاْنەبووە کە درا بۆ ئەوەی بیرو باوەڕی ئایینی بداتە بەر ڕەخنەو خۆیان لەدەسەڵاتی کلێساو بابەویەت و پیاوانی ئایینی قوتار بکەن و هەموو دەسەڵاتێکی ئایینی لە بێخەوە ریشە کێش بکەن و ئایین لەدەسەلاتی مەدەنی جیابکەنەوە. ئەگەر ئەم کارانە بۆ نەتەوەکانی خۆرئاوا پەسەند بێ، ئەوا نابێت بەهیچ شێوەیەك لەنێو گەلانی موسوڵماندا ڕووبدات). (حەسەن بەننا) بەردەوامەو دەڵێت: (دوای ئەوەی هیچ بەهانایەکمان بەدەستەوەنامێنێ تالەرێگای ڕاستی ئیسلام لابدەین و ڕێگای حەزو ئارەزو و ڕواڵەت بازی خۆرئاوا بگرینەبەر.. کەواتە لە ریزی پێشەوەی ئەوانەدا بن کەبەناوی پێغەمبەرەوە شوشەیەك دەرمان لە دەرمانخانەکەی قورئان پێشکەش بە جیهانی نەخۆش و کەنەفت دەکەن تا چاك بێتەوە). لە دواییدا (حەسەن بەننا) دێتە سەر چارەسەرکردنی گرفتی سەرەکی کەبەلای ئەوەوە بریتیە لە (چاك سازی زانستی) و بەسەر سێ تەوەرەدا دابەش دەبێت:
یەکەم: مەسەلە ( سیاسی ویاسایی و ئیداریەکان).
دووەم: مەسەلە (کۆمەلاْیەتیو زانستییەکان).
سێیەم: مەسەلە ( ئابوریەکان ).
سەبارەت بە بڕگەی یەکەم، (حەسەن بەننا) داوای جێبەجێکردنی ئەم خالاْنەی خوارەوە دەکات:

1-چاكردنی یاساكان به جۆرێك لەگەڵ دەستوری ئیسلامیدا بگونجێت.
2-پتەوكردنی پەیوەندی نێوان سەرجەم ولاتە ئیسلامیەكان، بەتایبەتی ولاتانی عەرەب. بەمەستی ئەوەی بەشێوەیەكی جدی و عەمەلیانە باسوخواس لەمەڕ خەلافەتی ئیسلامی لەدەست چو بكرێت.
3-كۆنترۆلكردنی دامو دەزگا حكومیەكان و چاو دێری كردنی چالاكیەكان، بە جۆرێك كە ئاهەنگ و كوڕ و كۆبوونەوەو بۆنە ڕەسمیەكان لە زیندانو نەخۆشخانەكاندا پێچەوانەی بڕیارەكانی شەریعەتی ئیسلامی نەبنو نەكەونە (كاتو ساتی نوێژكردنەوە).
4-چاودێری كردنی وردی رەفتارو هەڵسو كەوتی یەكە یەكەی فەرمان بەران.
5-دامەزراندنی دەرچوانی زانكۆی (ئەزهەر)، لە شوێنە سەربازی و ئیداریەكانداو مەشق پێكردن و راهێنانیان بە شێوەیەكی سازو گونجاو.
لەبڕگەی دووەمدا كەتایبەتە (بە كارو بارە كۆمەلایەتی و زنستیەكان)، (حەسەن بەننا) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت كەهانی هاولاتیان بدرێت (رێز لە داب و نەرتە كۆمەلایەتیەكان بگرن). ئەویش لە رێگای (ئامۆژگاری و رێنمایی كردنیانەوە بە پشت بەستن بە چاودێری یاسایی و توند كردنی سزاكان لە بەرامبەر تاوانە ئەخلاقیەكان)دا. لە پاشان (حەسەن بەننا) دێتە سەر باسكردنی مەسەلی ئافرەت و داوای چارەسەركردنی كێشەكانی ئافرەتان دەكات بە جۆرێك (ڕێزی لێبگیرێت و بە پێی بڕیارەكانی ئیسلام داكۆكی لێبكرێت، ئەو پێی وایە مەسەلەیەكی گرنگی كۆمەلایەتی وانابێت بۆ ئەو كەسو قەڵەمانە جێهێلرێت كەبە پێی مەبەستی تایبەتی خۆیان باسی دەكەن و بۆ چوونی نابە جێی لەبارەوە دەخەنە روو). بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیەش بە شێوەیەكی زانستیانە، (حەسەن بەننا) پێشنیاری چەند خاڵێك دەكات، لەوانە:
1-بنە بڕكردنی دیاردەی لەش فرۆشی (شەرعیو ناشەرعی)و سزادانی تاوان باران لەبەر چاوی خەڵكیدا.
2-قەلاچۆكردنی مەی نۆشی, وەك چۆن (قەلاچۆی تلیاك خواردن دەكرێت).
3-رێگەنەدان بەدیاردەی تەبەروج و هەموو جۆرێك لە جۆرەكانی خۆ دەرخستنو (راهێنانی ژنان لەسەر شتە پەسەندو گونجاوەكان). واتە پۆشینی پۆشاكی لەبارو رەفتاركرن و هەڵسوكەوتی جوان، ئەمە بەتایبەتی لەلای (مامۆستایان و خوێندكاران و پزیشكەكان).
4-چاو خشاندنەوە بە پرۆگرام و بەرنامەكانی خوێندن داو، دانانی بەرنامەی تایبەتی بۆ هەریەك لە كوڕان و كچان.

5-ڕێگــه نــەدان بــه تێکــەڵ کردنــی کــوڕو کــچ لــه قۆناغــەکانی خوێندنــدا و (کۆبوونەوەی پیاو ئافرەتان پێکەوە تاوانێکە نابێت چاو پۆشی لێ بکرێت).
6-وتنەوەی وانەی پەروەردەیی ئایینی له خوێندنگاو زانکۆکاندا.
7-داخســتنی نایــت کلاّپــەکان، (حــەرامکردنی هــەموو جــۆرە ســەماکردن و تێکەڵ بوونێك).
8-چــاودێریکردنی (هۆڵــەکانی نوانــدن و فلیمــه ســینەماییەکان)و سانســۆر خستنه ســەر شــانۆوفیلمو کتێــب و ڕۆژنامــەکان و هــەموو ئــەو کــۆڕو ســیمینارو سرودو گۆرانیانەی پێشکەش به میلەت دەکرێت.
9-پێویسته تەواوی میلەت یەك جۆر جلو بەرگ بپۆشن.
بەڵام هەچی پەیوەنــدی بەمەســەله ئابووریەکانــەوە هەیــە، (حەســن بــەننا) لــەم خالاَنەدا چڕیان دەکاتەوە:
1-زەکات دان به شێوەیەکی گشتی و ڕێکو پێــك تــا کۆمــەکی پــڕۆژە خزمــەت گوزاریەکانی پێ بکرێت، بۆ (پیرو پەك کەوتەو هەژاران و بەهێزکردنی سوپا).
2-قەدەغەکرنی وەرگرتنی سو لەبەرامبەر قەرزداندا.
3-هاندانی پڕۆژە ئابووریەکان و دابین کردنی کار بۆ بێ کاران.
4-پاراستنی هاولاَتیان له (کۆمپانیا چاو چنۆکە مۆنۆپۆلیەکان).
5-زیادکردنی موچەی فەرمــانبەرە بچوکەکان و کــەم کردنــەوەی مــوچــەی گــەورە فەرمــان بەران.
6-برەو دان به خوێندنی کشتوکاڵی.
7-گرنگیەکی تایبەتی بــدرێت بــه کــاری هونــەری و کۆمــەڵایــەتی کرێکــاران و ئاستی گوزەرانیان باش بکرێت.
8-بەگــەڕ خســتنەوەو بــەکار هێنــانی ئــەو سەرچــاوە سروشــتیانەی پشــت گــوێ خراون، وەك: (کان و زەوی کشتوکاڵیو.. هتد).

(4)

ئابەم جۆرە ئیسلامی ئسوڵی خۆی دەکاتە ئەلتەناتیفی سەرمایەداری و سۆســیا لیــزم و ناســیۆنالیزمی عــەلمانی، لــەو بــاوەڕەوەی کــه خــۆی تــەنها ڕێگــه چارەی رزگــارکردنی کۆمــەڵگەیــه بــه شــێوەیەکی سەرتاســەری. وەك پێشــتر باســمــانکرد ئایــدۆلۆژیای بالاّدەســت لــەم قۆناغــەی کۆمــەڵگــەی‌نوێی پەتریاکیــدا ئیســلامی ئســولّیه کــه لــه هــەناوی خۆیــدا تــۆوی دادڕان و لەبەریــەك هەلوەشــانی ئــەم کۆمەڵگەیه ی هەڵگرتووە. وەك چۆن لەگەڵ هاتنه ئــارای عەلمانیەتــدا (بەشــێوەیی لیبراڵی نەتەوەیی یان سۆسیالیستی)، پێش بینی ئەوەدەکرا سیســتەمێکی نــوێی پەتریاکی بپوکێتەوەو بەلادا بێت و سیســتەمێکی نــوێ جێگــای بگرێتــەوە، ئــەوە

بەهەمان شێوە لە ئێستادا پیش بینی ئەوە دەکرێت کە ئیسلامی ئسولّی هەر سەرکەوتنێك بەدەست بێنێت، بونیادی ئەم کۆمەڵگەیە لێك هەڵ بوە شێنێت واتا بە ئاقارێکی پێچەوانەیدا بەرێت. ئەمەش هەوڵێکە دەمان گێڕێتەوە بۆ بونیادت نانەوەی کۆمەڵگەی پەتریاکی تەقلیدی کۆنەخواز. بەلاّم چۆن چۆنی ئیسلام ئسولّی دەتوانێت کارێکی وەها بەئەنجام بگەیێنێت؟ ئەگەر بەرپاکردنی شۆڕشێك وەك ئەوەی لە ئێراندا روویدا ئەگەرێکی بەدووربێت بەهۆی نەبونی سەرکردایەتیەکی ئاینی یەکگرتوو، هەروەها لەگەڵ ئەو هێزو توانستە سەرکوتکەرانەی دەزگا داپڵۆ سێنەرەکانی وڵاتە عەرەبیەکان هەیانە.. هتد، کەواتە جۆری ئەو شۆڕشەی بزاوتی ئسولّی سونە مەزهەبی عەرەبی دەیەوێت بەرپای بکات، چۆن چۆنی دەبێت؟

وەك سەرەتا ئاماژەمان بۆکرد، لە ئێستادا ئەم رەوتە ئسولّیە لەبەرگە وردە بۆرژوازیەکەیدا، گەورەترین هێزی شۆڕش (شۆڕشی پێچەوانە) پێك دێنێت کەرەنگە لەم قۆناغەی کۆمەڵگەی عەرەبیدا رووبدات. توانای ئەم بزاوتە لە شلۆقکردن و ژێرەو ژوور کردنی هەلو مەرجی ئێستادا، لەوەوە دێت کەتوانای گۆڕینی وشیاری رێژەیەکی زۆری جەماوەری هەیە. لێرەوە دەکرێت بلّێین ئەگەری گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن پەتریاکیەتی تەقلیدیەوە لەبەرگە ئسولّیە بۆرژوازیەکەیدا، لە هەندێك ولاّتانی عەرەبیدا کارێکی دوور نییە.. ئەم گۆڕانەش گەر لەرێی شۆڕش و توندوتیژیشەوە روونەدات، ئەوارەنگە لە ئەنجامی پوکانەوەی بونیادو ئایدۆلۆژیاو پەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکانەوەدروست بێت و کۆمەڵگەی ئێستاو دام و دەزگاکانی بە شێوەیەکی لە سەر خۆو لە رێی گۆرانێکی ناوەکیەوە، ببێتە کۆمەڵگەیەکی پەتریاکی موحافیزکاری لەو جۆرەی ئێران یاخود لەو چەشنە کۆمەڵگەیەی (حەسەن بەننا) باسی لێوە دەکات.

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کەئەو ململانێیەی لەسەردەمی رێسانسەوە لە نێوان کۆن و نوێدا دەستی پێکرد واتە لە نێوان نوێگەری عەلمانیەت و سیستەمی پەتریاکیدا هاتە ئارا، رەنگە بەسەرکەوتنو بالاّدەست بوونی کۆن و کۆنە خوازان بشکێتەوە، واتە بەسەرکەوتنی سیستەمی پەتریاکی لەبەرگە ئسولّیە وردە بۆرژوازیەکەیدا کۆتایی بێت. بەلاّم لەوانەشە ئەم ململانێیە ئاراستەیەکیتر وەربگرێت، بەجۆرێك کە بزاوتێکی رەخنەیی عەلمانی بناغەیی مۆدێرن بێتەوە ئاراو بەرپەرچی بزاوتی ئسولّی پەتریاکی تەقلیدی بداتەوە.

رەنگە هەلومەرجی ئێستا لەباریدا بێت لە رووی سیاسیەوە بەربە شالاّوی ئیسلامی ئسولّی بگرێت، زیادلەوەی بتوانێ رووبەرووی خواست و داواکاریە ئایدیۆلۆژیو کۆمەلاّیەتیەکانی بێتەوە. بۆیە ئەو شەڕو ململانێیەی پێش بینی

**دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا رووبدات، لەچوارچێوەی کایەی رووناکبیری و فیکریدا دەبێت و شەڕێکی لەو جۆرەش لە نێوان ئەو دوو هێزەدایە کە ئامانجیان تێپەڕاندن و جێهێشتنی ئەو کۆمەڵگا نەخۆشەی ئێستایەو هێنانە ئاراو دامەزراندنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی دیکەیە لە جێگەیدا.**

**سەرچاوە :**

دكتور، هشام شرابي البنية البطركية (بحث فى المجتمع العربى المعاصر) ترجمة: حنادميان- مراجعة: ادونيس- دار الطليعة، بيروت – الطبعة الاولى، 1987.

# خورافەتی دەوڵەتی "خەلافەت"

د. أحمد البغدادی

زۆربەی گروپە ئایینیەکان داوای دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت دەکەن، بە تایبەتی حیزبی"تەحریر" کە پێی وایە چارەسەری ئەو کێشانەی لە ئێستادا موسڵمانان روبەروی دەبنەوە تەنها لە رێی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەوە دەبێت کە بۆ خۆی چارەسەرێکی سیحری‌یە بۆ تەواوی گیروگرفتەکان.

بە پێچەوانەی گروپە ئایینیەکانی ترەوە، ئەم حیزبە پێی وایە تەنها دوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی نەبێت بواری پراکتیزەکردنی شەریعەت نابێت. لە بەرامبەردا هەندێ گروپی تر بڕوایان وایە کە پەیڕەوکردنی شەریعەت هەنگاو بە هەنگاو دەبێت‌و ناشکرێت دامەزراندنی خەلافەت بکرێتە مەرجێکی پێش وەخت بۆ ئەو مەسەلەیە. بەمانایەکی تر حیزبی(تەحریر) دەیەوێت لە ترۆپکەوە (واتە لە سەرەوە) دەست پێ بکات، بە جۆرێك کە دەسەڵات کار بە ئەحکامەکانی شەریعەت بکات. لە بەرئەوە ئەم حیزبە مەسەلەی حوکمی ویراسی رەت دەکاتەوە، تەنانەت گەر بێتو هەوڵی پەیڕەوکردنی شەریعەتیش بدات لە کۆمەڵدا. حیزبی (تەحریر) زۆر بە گەرمی کار بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات‌و تەنانەت دەقی دەستوریشی بۆ ئامادەکردووە، بەڵام گروپەکانی تر ئەو جۆش‌و خرۆشەیان نی‌یە هەر چەندە دامەزراندنی بە کارێکی پێویست دەزانن، لەبەر ئەو رۆڵەی (خەلافەت) لە یەکخستنی ریزی موسڵمانان‌و بەرگری کردن لێیان لە رابردوودا گێڕاویەتی.

ئەوەی دەمانەوێت باسی بکەین پەیوەندی بەوەوە هەیە تا چەندە(خەلافەت) بە سستمی حوکمڕانی دادەنرێت‌و ئایا وەها سستمێك بۆ سەردەمی ئێستا دەگونجێت، یان دەکرێت بە شێوەیەکی عەمەلی بەرجەستە بکرێت؟ کاتێك پێغەمبەر (د.خ) کۆچی دوای کرد موسڵمانەکان لە موهاجرین‌و ئەنصار ناکۆکی کەوتە نێوانیان‌و، هەر یەك لەوان لە (سقیفة بن ساعدة) بەڵگەی ئەوەیان هێنایەوە کە شایستە ترن بە حوکمکردن، لەمەشدا موهاجیرەکان سەرکەوتووبوون. ئەمەش بە رای ئێمە بەهۆی بە هانەکانیانەوە

نەبوو، بەڵكو لەبەرئەوەی ئەنصار ناكۆكیو دابەش بوونی موسڵمانانیان بینیبوو بۆیە وەك پیشەی هەمیشەییان قوربانیان داو ئومێدیان خواست لە دوای ئەبوبەكری سدیق جڵەوی حوكم بكەوێتەوە دەستیان !

موسڵمانان بە شەڕی هەڵگەڕاوەكانەوە خەریك بوون، بۆیە خەلیفە ئەبوبەكری سدیق پێی باش بوو ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكات تا ئەوەی لە پاش مردنی پێغەمبەر (د.خ) رووی‌دا روونەداتەوە. بۆ ئەمە عومەری كوڕی خەتابی هەڵبژاردو موهاجرینیش رەزامەندیان نیشان داو عومەر بووە خەلیفە. عومەر لە كاتی سەرەمەرگیدا شەش سەحابی هەڵبژاردو نەیهێشت كوڕەكەی یەكێك بێ لەو شەش كەسە، لە ئەنجامدا بەیعەت درایە عوسمانی كوڕی عەفان. لە سایەی ئەو ترسو بیمەی لە پاش كوشتنی عوسمان كەوتەوە، عەلی كوڕی ئەبی تالیب ناچار كرا خەلافەت وەرگرێو عەلی بووە خەلیفەی موسڵمانان. پاشان ئەو شەڕانە رویدا لە نێوان موسڵمانان دا لە هەر یەك لە(الجمل)و(صفین). ئەمەش دوو شەڕی قورس بوو نەیاران لە سەحابیەكانو حوكمیش شمشێر بوو، تا خەوارجەكان هەستان بە كوشتنی عەلی كوڕی ئەبی تالیبو موسڵمانان بەیعەتیان دایە مەعاویەی كوڕی ئەبی سوفیان. ئەو ساڵە بە ساڵی (الجماعە) ناوبرا، پاش چەندین ساڵ لە شەڕو شۆڕو خوێن رێژی. بە سەرهاتی حوكمڕانی لە ساتەوەختی مەعاویەوە تا سەردەمی ئێستامان لە ناوەڕۆكدا یەك شتە: گرتنە دەستی دەسەڵات. خەلافەتی عەباسی ئەمەوییەكان لە خەلافەت لادەبەن، لەبەرئەوەی حوكمیان بەوە نەكردووە كە یەزدان ناردویەتیە خوارەوە!! خەلافەتی عەباسیش بە (سەفاح) دەست پێ دەكات تا بە حوكمی منداڵومەزن دوایی دێتو خەلافەت بە سەر چەند دەوڵەتۆكەیەكدا پارچە پارچە دەبێت كە بنەماڵەكان حوكمڕانیان دەكەن. لە سەردەمی تازەشدا مێژووی ئیسلامی بە خەلافەتی (ئالی عوسمان) كۆتایی دێت كە بۆ ماوەی پێنج سەدەیەك دەسەڵاتیان لە دەست دابوو. خەلافەتێك بە شمشێر دەستی پێكردو بە خەلافەتی عەبدولحەمید كۆتایی هات كە رازی نەبوو فەلەستین بە زایۆنیەكان بفرۆشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راوێژكارێكی جولەكەی لەلای خۆی راگرتبوو!! دەكرێت بە خەلافەت بوترێت سستمی حوكمڕانی؟ ئەڵبەتە نەخێر، لەبەرئەوەی خەلافەت سستمی حوكمڕانی نیە، چونكە شێوازەكان لە خەلیفەیەكەوە بۆ یەكێكی تر جیاواز بووە. هەندێ جار بە ناچاری بووەو زۆر جاریش بە زەبری شمشێر سەپێنراوە.

موسڵمانان لە هەڵبژاردنو دەست نیشانكردنی ئەو خەلیفەیەی حوكمڕانی كردوون رایان وەرنەگیراوە، لەبەرئەوەی ئەوان بە شێوەیەكی روو كەشانە نەبێت بەیعەتی نادەنێ.

هیچ یەکێك لە لە موسڵمانان مافی ئەوەی نیە خۆی بۆ خەلافەت هەڵبژێرێت، بەڵکو ئەوەی بەم کارە هەڵدەستێ خودی خەلیفە خۆیەتی، ئەویش بەردەوام یەکێك لە کوڕەکانی خۆیو زۆر جاریش زیاد لە یەکێك کاندید دەکات، پێویستە لە سەر هەموانیش رەزامەندبن. پێشمان وانیە فەقیهێك یاخود زانایەکی موسڵمان رەخنەی لەم شێوازە دیسپۆتیزمیە لە گرتنە دەستی دەسەڵات گرتبێت، بەڵکو هەمووان رەزامەند بوونو رێیان پێ داوەو ستایشیان کردووە.

هەموو کتێبەکانی (الاحکام السلطانیة) کە فوقەهاکانی ئیسلام دایان ناوە وەها قسە لە بارەی ئیمامەتەوە دەکەن، بەو پێیەی خاڵی سەرەکی ئایینە لە بەڕێوەبردنی دنیادا. لە کاتێکدا ئەوان تەواو ئاگاداری ئەو خراپەکاریانە بوون کە خەلیفەکان لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیان ئەنجامیان دەدا. لەگەڵ ئەوەش بێ دەنگ بوون وەك بێ دەنگی زانا ئایینیەکانمان لەمڕۆداو خۆیان بە هەندێ مەسەلەی شەرعەوە خەریك کردبوو.

لە کتێبی فوقەهاکاندا ئەوە بەدی ناکەین ئەوەیە چۆن چۆنی دەست نیشانی خەلیفە دەکرێتو چۆن چۆنی خەڵکی بەیعەتی دەدەنێ؟ ئەو هێڵەسورانە کامانەن کە نابێت خەلیفە بیان بەزێنێت؟ گەر بێتو بە باشی کتێبی (الاحکام السلطانیة) تاوتوێ بکەین، بە سەر حەقیقەتێکی تاڵدا دەکەوین کە موسڵمانان ناچنە ژێر باریەوەو ئیعترافی پێ ناکەن ئەویش ئەوەیە خەلیفە هەرچیەکی بوێت دەتوانێت بیکاتو هیچ ئامرازێکییاساییش لە ئارەدا نییە بۆ لێپرسینەوەی. خەلیفە لە کتێبی فوقەهاکاندا تەنها نمونەیەکی ئایینی ئەو (ئەژدیها)یەیە کە فەیلەسوفی ئینگلیزی(تۆماس هۆپز) باسی لێوە کرد.

نووسەرە هاوچەرخەکان دەڵێن: رەفتار خراپی خەلیفەکان کە لە کتێبەکانی مێژوودا هاتوو، پەیوەندی نییە بە ئیسلامەوە نییە نمونەی راستەقینەی خەلافەتیش ئەوەیە کە لە خەلافەتی راشیدیدا بەرجەستە بوو(نمونەی ئەم جۆرە نووسەرانە کە باوەڕیان وایە وەکو ئەبو ئەعلای مەودودی پاکستانیو(سەید قوتبی میسرین-و. کوردی). بەڵام ئەوەی ئەوانە دەیڵێن هەڵەیە، لەلایەك لەبەرئەوەی ئەوان بەمە ئیعتراف بە شەرعیەتی ئەو خەلیفانە دەکەنو هانی خەڵك دەدەن خەلافەتێك دامەزرێنن بەهۆی پاوان کردنی دەسەڵات لەلایەن تاکە کەسێکەوە کە ئەگەری دووبارە بوونەوەی هەمان رەفتارو هەڵسوکەوتی خەلیفەکانی پێش خۆی هەیە. ئەو نووسەرانەش هەرگیز سەر زەنشتی ئەو جۆرە رەفتارو هەڵسوکەوتانەیان نەکردووە. هاوکات نمونە هێنانەوە بە خەلافەتی خەلیفەکانی راشدین لە جێی خۆیدا نیە، لەبەرئەوەی خودی سەحابیەکان خۆشیان نەیان توانیووە تەقلیدی هەمان نمونە بکەنەوەو پابەندبن پێیانەوە،

سەرەڕای نزیکیو پەیوەندیداریتیان پێیانەوە. بەلاّم ئەوانیش ئەمەیان ڕەتکردەوە کاتێك سستمی بۆماوەیان پەسەند کرد، پاشان ناوەکەیان بەکارهێنا، ئەمەشیان بۆ چاوبەستو خەڵەتاندنی خەڵکی بووە یاخود لەبەرئەوەی زاراوەیەکی تریان نەدۆزیوەتەوە وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ وەسفکردنی حوکمی حوکمڕانەکان. گەر سەردەمی مەعاویە نەیتوانیبێو سەرکەوتوو نەبووبێ لە درێژەدان بە نمونەی ڕاشدی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان، ئەی ئاخۆ موسڵمانانی ئەمڕۆ چۆن دەتوانن ئەوە بکەن؟ خەلافەت سستمێکی حوکمڕانی روونو ئاشکرا نیە، بەڵکو حوکمێکی فەردییە کە خەلیفە لە ڕێگایەوە تەحەکوم بە هەموو شتێکەوە دەکات، هەر لە (بیت المال)ەوە تا تەکفیر کردنی هەرکەسێك کە لێی یاخی بێتو بە حوکمی ئەو رازی نەبێت گەر زوڵمو ستەمێك لێی روویدا. ساویلکەییە گەر بڕوا بکەین خەلیفەی راستەقینە بەردەوام پابەندی شەریعەتی ئیسلامی دەبێت بە درێژایی ماوەی حوکمکردنی، بەبێ هیچ لەبەر چاوگرتنێکی هەلومەرجی تەمەنو تێکچوونی باری تەندروستیو سروشتی دەرونی ئادەمیزاد کە حەزو ئارەزووی خۆی هەیە، ئەمەش کار لە بێ توانایی دەکات لە کاتی دەرکردنی بڕیاردا. هەروەها فوقەهاکان چاوپۆشی لە مەسەلەی ئیستغلالکردنی دەسەلاّتیش دەکەن لەلایەن کەسو کاری خەلیفەو دەستوپێوەندەکانیەوە. لەبەرئەوە ماوەیەکی زەمەنی دیاری کراو نییە تا دەست نیشانی ئەو ماوەیە بکات کە پێویستە خەلیفە تیایدا لە دەسەلاّت دا بمێنێتەوە. بۆچی خەلیفەکان یان زۆربەی زۆریان لە مەبەستەکانی خەلیفەکانی ڕاشدین لایان دا؟ لەبەر هۆیەکی زۆر سادەو سانا ئەویش ئەوەیە کە خەلافەتی ڕاشدین تەنها دروست کراوی پیاوانی (ڕاشدین)ە. لەبەرئەوەشی وەها حوکمێك دروستکراوی تاکە کەسە نەك دروستکراوی فیکر بێت ئەوا پشت بە تاکە کەس دەبەستێت، بەمجۆرەش وەها حوکمێك بەپێی حاڵی ئەو کەسەی دروستی دەکات چاك یان گەندەڵ دەبێت، ئەو کەسەش خەلیفەیە. بە واتایەکی دی چارەنووسی تەواوی میللەتێك یان ئومەتێك سەرانسەر پەیوەستە بە ڕادەی عەقلاّنیەتی خەلیفەو خواپەرستیو سەر ڕاستیو چاکیو لەباری ئەوەوە. رووداوەکانی مێژوو ئاماژە بەوە دەکەن کە موسڵمانان لایەنگری حوکمی ئەو خەلیفانە بوون کە پیاو چاك نەبوون، زیاد لەوەی مەیلیان بەلای ئەو خەلیفانەدا هەبوو بێت کە سووربوون لە سەر کارکردن بە شەریعەت، بەڵگەش بۆ ئەمە کوشتنی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە کە دوو ساڵ بە سەر حوکمکردنیدا تێپەڕی بوو. گەل هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ لێپێچینەوە لەم مەسەلەیە، بگرە کتێبەکانی مێژووش باس لەوە ناکەن کە هیچ ناڕەزاییەك لە سەر ئاستی میللی دەرهەق بەم کوشتنە دروست بوو بێت

وەك ئەوەی گەل بە مە خۆشحاڵ بووبێت، لە کاتێکدا دەبوو پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە رووی بدایە.

ئەو خەلیفانەی دوای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هاتن، گەڕانەوە سەر هەمان رێچکەی ئەو خەلیفانەی بە ویستی خۆیان (بیت المال) یان بەکار دەهێنا، وەکی ئەوەی ماڵو سامانی تایبەتی خۆیان بێت. ئەو خەلیفانە باشترینو رازاوەترین کۆشكو تەلاریان بۆ خۆیان تەرخان دەکرد، ئەو کۆشکانەی جمەیان دەهات لە کەنیزەكو مێرد منداڵو... گەر یەکێکیش لەو خەلیفانە لە ناو حەمامدا گیانی لە دەست بدایە لە کاتی راکردنی بە دوای کەنیزەکێکدا ئەوا دەیانووت خەلیفە لە هێرشو پەلاماری دوژمناندا گیانی بەخشیوە! بۆیە مێژووی خەلیفەکان بە جۆرێك گەیشتووە کە پڕیەتی لە درۆو شێواندنی راستیەکان.

کاتێك ئەو خەلافەتە رووکەشەی عوسمانیەکان لە ساڵی 1924 دا لەلایەن کەمال ئەتاتورکەوە دوایی پێهات، موسڵمانان کەوتنە لە خۆدانو شینو هاوارێکی وا وەك ئەوەی دنیاو ئاخیرەتیان لە دەست دابێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەوان لە سایەی حوکمی خەلافەتدا لە دۆخێکی نالەبارو داکەوتوویی و پاشکۆیایەتیدا دەژیان. کاتێك خەلافەتی عوسمانی هەرەسی هێنا موسڵمانان هیچ نەبوون. لەم سەروبەندەدا هەر حاکمێك هەوڵی ئەوەی بوو ببێتە خەلیفە، چونکە دەیانزانیخەلیفە سێبەری خودایە لە سەر زەوی. دەیانویست ئەو دەسەڵاتە روحیە بەدەست بێنن کە لە سەردەمی نوێدا شتێکی بی وێنەیە، بەڵام هەوڵێکی وا بەهۆی ئەوەی وڵاتانی عەرەبی کەوتبوونە بندەستی دەسەڵاتی ئیستعمارەوە مەیسەر نەبوو. کاتێکیش وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی سەربەخۆییان بەدەست هێنا بە تایبەت دوای جەنگی دووەمی جیهانی، حوکمڕانان کەلەپوورێکی ئیسلامیان نەدۆزیەوە لە بواری حوکمکردندا کە بەکەڵکی بەڕێوەبردنی وڵات بێت،بۆیە پەنایان بردەبەر سستمە (کافرەکان) بە تەعبیرە شەرعیەکەی، لەبەرئەوەی ئەم سستمانە خاوەن فکرێکی رێكو پێکنو ئامرازی جێبەجێکردنیشیان هەیە کە لەرێی پراکتیزەکردنی بیرو بۆچوونە دیموکراسیەکانەوە جێبەجێ دەبێت بەشێوەیەکی عەمەلی رونو ئاشکرا.

کەواتە بۆچی فوقەهاکان لەوکاتەدا داوای سەر لەنوێ ژیانەوەی خەلافەتیان نەکرد؟ لەبەر هۆیەکی ئاسایی، ئەویش ئەوەیە کە خەلافەت وەکی سستمێك ڕونو ئاشکرا نییە، هەروەها زاراوەیەکیشە لە ساتە وەختی خەلافەتی مەعاویەوە رەونەقی خۆی لە دەست داوەو سستمە حوکمڕانە هاوچەرخەنەکانیش لەگەڵیشیدا گەلانی عەرەبی پێویستیان

بەوە نەبوو کەسێك بەناوی ئایینەوە حوکمیان بکات یاخود روونتر بڵێین زوڵـم‌و سـتەمیان لێ بکات.

گەلانی عەرەبی لەو سەردەمەدا دەیانویست جێگەیەك بۆ خۆیان بکەنەوە لە نێو ریـزی نەتەوە پێشکەوتووەکانداو خەلافەتیش نەیدەتوانی ئەمەیان بۆ دەستەبەر بکات. هـەروەها گـەلانی عـەرەبی خواسـتی ئـەوەیان هـەبوو حـوکمڕانی خۆیـان بـن، پـاش ئـەوەی لایەنـە ئیجابیەکانی حوکمی دیموکراسیان لە خۆرئاوادا بینی بوو. خەلافـەتیش دەسـکورتر بـوو لـەوەی ئەمـە بـە ئـەنجام بگەیـەنێت، چـونکە لەسـایەی حـوکمی خەلافەتـدا گـەل مـافی بەشداری کردن‌و دەنگ دانی نییـە. هـیچ دەنگێـك سـەرو دەنگـی خەلیفـە ناکـەوێت کـە تەحـەکوم بەهـەمـوو شـتێکەوە دەکـات، تەنانـەت خـودی شـەریعەت خۆیشـی. گـەر موسڵمانانیش بە درێژایی هەزاران ساڵ شکستیان هێنابێ‌و سەرکەوتوو نەبووبن لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵدا، ئەوا شتێك نامێنێتەوە تا قەناعەتیان پـێ بکـات لـەوەی خەلافـەت توانای بە ئەنجام گەیاندنی ئەوەی هەبێت، ئەمە لە کاتێکـدا کـە ئـەوان هێنـدە نی‌یـە لـە دەست حوکمی خەلافەت رزگاریان بووە.

فوقەهاکان‌و دوای ئـەوانیش گروپـە ئایینیـەکان، ئـەو پرسـیارەیان نـەکرد کـە بۆچـی خەلافـەتی راشـدین نـەیتوانی بـەردەوام بێـت؟ بۆچـی سـەحابیەکان لـە کـاتی خۆیـدا سوورنەبوون لە سەرئەوەی دەستی مەعاویە لەو کارانە بکێشنەوە کاتێك خەلافەتی کـردە سستمێکی کیسرەویانە یاخود هەرقلیانە- بە دەربڕینی عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەر- لـە ناو بنەماڵەکەی خۆیداو یەکەم کەسیش بە یەزیدی کوڕی دەستی پێکرد؟ ئەوان ئەمـەیان پەسەند کردو شـەرعیەتێکی ئـایینی گونجاویشـیان بـۆ دروسـتکرد کـە تـا سـاتەوەختی ئەمڕۆمـان بەردەوامە. گـەر بێتـو سـەحابیەکان نـەیانتوانیبێت بـەردەوامێتیی خەلافـەتی ڕاشدین بپارێزن کە دوای تێپەڕبوونی بیسـت سـاڵ کـەمتر بـە سـەریدا هـەرەسی هێنـا، نەوەك دوای سی ساڵ وەك هەندێك پێی وایە. هەروەها نەشیان تـوانی سـەحابیەکی وەهـا بدۆزنـەوە کـە لێبـوردەیی ئەبوبـەکرو دادوەری عومـەرو نـەرم‌و نیـانی عوسمـان‌و توندوتیژیی‌عەلی لە هەقدا تێدا بێت. ئەو کات ژمارەی سەحابیەکان لەوەش زۆرتر بوو کـە بژمێردرێن. کەواتە ئەوە دەچێت بە عەقڵدا ئێمـە لـە سـەردەمی تـازەدا دوای ئـەوەی کـە پیسی‌و خراپەکاری زیادی کرد، بتوانین نمونەیەکی ئەبوبەکر یان عومەر بدۆزینەوە؟

خەلافەت شکستی هێنا لەوەی بەردەوام بێت، لەبەر هۆیـەکی زۆر ئاسـاییش، ئـەویش ئەوەیە ئەو هەلومەرجەی بەشداربوو لـە سـەرکەوتنیدا کۆتـایی پـێ هـات‌و تـەواو بـوو. خەلافەتی راشـدین وەهـا نـەدەبوو گـەر کەسـێتی خەلیفـەکان خۆیـان نەبوایـە، هـەروەها خەلافەت بۆخۆی تەنها تێڕوانینێکی سادەو ئاساییە بـۆ حوکمـوکردنی کۆمەڵگەیـەکی

سەرەتایی، بەڵگەش ئەوەیە ئەو ولایەتە ئیسلامیانەی دوای پرۆسەی فتوحات کەوتنە ژێر دەسەلاتی موسڵمانان، هەمان ئەو ژیانە سادەیە نەژیان کە لە مەدینەدا هەبوو. هێندەش بەسە کەنمونە بە دامەزراندنی قوتابخانەی (الرأی) لە عێراقو قوتابخانەی (حەدیس) لە مەدینەدا بهێنینەوە!! ئایا ماڵی عومەری کوڕی خەتاب کە خەلیفەی موسڵمانان بوو لە مەدینەدا، بەو کۆشکەی مەعاویەی والی بەراورد دەکرێت کە لە شام دابوو؟ ئەمانە چەند نمونەیەکی بچووکنو بەڵگەی تەواوی ئەوەن کە سەرکەوتوویی خەلافەت لە سەرەتادا، دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەم/ سادەو ساکاری کۆمەڵگەی مەدینە، دووەمیش/ئەوەی لە ولایەتەکان روو دەدات، تەواو جیاوازە لەوەی کە لە مەدینەدا ڕوو دەدات. لێرەوە شتێکی زۆر سروشتی‌یە کە عومەری کوڕی خەتاب رێ لە چوونە دەرەوەی گەورە فوقەهاکان بگرێت، تا نەکەونە ناو ئاگرەوە وەك عومەر خۆی دەڵێت !! ئەو ژیانە خۆشنودەی لە شارو ناوچەکانی تردا هەبوو، وای دەکرد دەست لەو زوهدو ژیانە زبرو قورسە هەڵبگیرێت کە خەلیفەکانی راشدین لە مەدینە لە سەری دەژیان. ئەو ژیانە خۆشنودەی سەحابیو فوقەهاکان ئاواتیان پێدەخواستو بۆی پەرۆش بوون. کاتێك عەلی کوڕی ئەبی تالیب لەمەدینە چووە دەرێ شتێکی سروشتی بوو کە رۆڵی سیاسیو ئایینی مەدینە کۆتایی بێت. کتێبەکانی کەلەپوور ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئاوازو گۆرانی لە مەدینەدا لە سەردەمی خەلیفەی یەکەمی ئەمەوی مەعاویە بۆ یەکمجار لەو شارەدا بیسترا، هاوکات کتێبەکانی مێژوو باس لەوەش دەکەن کە مەعاویە بە ئەنقەست مەدینەی پڕ لەو بەزمو رەزمە کردووە، تا مەدینە ناوبانگی ئایینی خۆی بدۆڕێنێو هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ عێراق یاخود شام دا نەبێت.

ئایا خەلافەت وەك سستمێکی حوکم لە سەردەمی تازەدا دەگونجێت؟ گومانی تێدانیە سەردەمی نوێ بە کێشەو گرفتە جۆراوجۆرکانیەوە، جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ سەردەمی پێغمبەرایەتیو سەردەمی خەلافەتی راشدیو سەردەمی پاشای ستەمکاردا. ئەمێستا سەردەمێکە مرۆڤ موسڵمان بێت یان کافر، رێ بەوە نادات چارەنووسی خۆی ببەستێتەوە بە قسەیەکی خەلیفەوە، ئەمەش لە بەر هیچ نا تەنها لە بەرئەوەی خەلیفەیە. ئەم سەردەمە سەردەمی دامودەزگاو دامەزراوەکانە کە هیچ بنەماو سەرچاوەیەکی لە شەریعەتی ئیسلامیدا نییە. ئەمە سەردەمی یەك یاسایی‌یە بۆ هەمووانو سەردەمی مافی گەلە، واتە مافی ئەوەی مرۆڤ ئاگادار بێت چی لە بواری گشتیدا روودەدات. سەردەمی دەستووورە کە حوکمڕانی رێك دەخاتو رێو شوێنی بۆ دادەنێت. سەردەمی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانە لە یەکتری. لەبەرئەوەی میللەتان لە جەورو ستەمی حوکمی دیسپۆتیزمی بە ئاگان، وەختێك سەرجەم دەسەلاتەکان لە دەستی تاکە کەسێکدا کۆدەبێتەوە.

سەردەمی میللەتانە کە ڕازی نین بەوەی بوترێت حوکم بۆ شەریعەتە، لە کاتێکدا ئەوە دەزانین حوکم بۆ ئەوانەیە کە تەفسیری شەریعەت دەکەن.

تا ئەم ساتەوەختەش ژمارەیەکی زۆر فوقەهاهەن بڕوایان وایە کە شورا (معلمة ولیست ملزمة). بە واتایەکی روونتر مانای ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە حاکم دەبێت رای کەسانی تر وەرگرێت، بەڵام ناچار نییە ئاکامی ئەو پرس‌و رایەی وەری دەگرێت کاری پێ بکات. ئەویش بەپێی ئەو ئایەتەی دەڵێت: (وشاورهم في الامر فأذا عزمت فتوكل على الله). (شاورهم في الامر) بە کۆیە، بەڵام بڕیاردان تاکەو دەگەڕێتەوە بۆ کەسی یەکەمی فەرمانڕەوا. لەمەوە فوقەهاکان گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم ئایەتە راست‌و رەوان باس لەوە دەکات، فەرمانڕەوا مافی ئەوەی هەیە هەر بڕیارێك بدات کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت، تەنانەت گەر ئەمە پێچەوانەی راو بۆچوونی ئەهلی شوراش بوو. ئەمەش مانای وایە شورا بەم شێوەیە تەنها بۆ چاو بەست‌و گاڵتە پێ کردنە. لە بەرامبەر ڕاو بۆچوونی کەسانی دی لە سەرمان لە کایەی سیاسیدا هەندێ فوقەها ناچار بوون بڵێن شورا مولزەمە، بەڵام ئەو ئایاتەی لە سەرەوە باسکرا پاڵپشتی ئەم ئاڕاستە (دیموکراسیە) نوێیە ناکات.

با لەگەڵ یەك ڕاست گۆبین، کامیان بۆ مرۆڤ چاکترە، حوکمی‌تاکە کەسی یاخود حوکمی دام‌و دەزگاو یاسا؟ گومانی تیا نییە حوکمی تاکە کەس لە خەلافەتدا بەرجەستە دەبێت، بواری ئەوەش نییە لافی ئەوە لێ بدرێت کە شەریعەتی ئیسلامی رێ لە ئیستبدادی سیاسی دەگرێت، لەبەرئەوەی خەلافەت حوکمێکی رەهایەو خەلیفە لە تونای‌دایە یاسا دانەربێ‌و بڕیار بەدەست بێ‌و بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆشی لە ئەحکامەکانی شەریعەت حوکم بکات.

مادامەکیش سەرجەم دەسەڵاتەکانمان تەسلیم بە تاکە کەسێك کرد، ئەوا ناچێتە ئەقڵەوە کە چاوەڕێی زوڵم‌و ستەم نەکەین، بە تایبەت لەگەڵ درێژە کێشانی ماوەی حوکمڕانی ئەو دەسەڵاتەدا. گەربێتو مرۆڤ گەیشتە ئەو ئاستەی پێویستی بە کەس نەمێنێ، ئەوا گومڕا دەبێت. هەر وەکی قورئان باسی لێدەکات (ان الانسان ليطغى ان راه استغنى). دەبا ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان‌و بزانین بارودۆرخ چۆن دەبێت، گەرهاتوو دەسەڵات هاوشان بێت لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە کەس نەبێت لە سایەی هەلومەرجێکدا کە هیچ جۆرە سانسۆرێك لە سەرحاکم بونی نەبێ، چونکە لێپرسراوێتی خەلیفە لە فکری ئیسلامیدا بنەماکانی جێگیر نیە. لەوانەیە هەندێك بەو قسەیەی ئەبوبەکری سدیق وەڵام بدەنەوە کە دەڵێت: (اطيعوني ماأطعت الله فيكم، فأن عصيته فلا طاعة لي‌عليكم). قەناعەتی ئێمە ئەمە کۆتێکی ئەخلاقی‌یە، لەبەرئەوەی

هاوكات مێژووی خەلافەت ئەوەشی بەخۆوە بینیووە كە یەكێك لە سەر مینبەرەوە دەنگی لێ هەڵبڕیووەو وتویەتی: (هەركەس پێی وتم لە خوا بترسە، ئەدەم لە گەردنی). خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسووریش وتی: (من سێبەری خوام لە سەر زەوی)!!

هەموو ئەمانە چین بەرامبەر دەستوورو یاساكانی جیهانی نوێ كە خۆرئاوا بۆ حوكمڕانی كردنی خۆی دایڕشتن‌و تەواوی گەلانی جیهانیش گواستیانەوە بۆ لای خۆیان‌و لێیان وەرگرتن؟ دەوڵەتی خەلافەتی فەردی لە كوێی سستەمی حوكمڕانیەكدایە كە لە سەر جیاكردنەوەی نێوان دەسەڵاتەكان دامەزرابێت، سستەمێك تیایدا دەسەڵاتی كەسی فەرمان ڕەواو ئەرك‌و لێپرسراوێتی‌و چۆنیەتی لە سەر كار لابردنی دەست نیشان دەكرێت. ئەوەش دیاری دەكرێت كە چۆن چۆنی مومارەسەی دەسەڵات بكرێت لە ڕێگای دام‌و دەزگای تەشریعی‌و تەنفیزی‌و قەزائیەوە، هەروەها دەست نیشانكردنی ئەو بنەما یاساییانەی هەموودام‌و دەزگایەك بەڕێوە دەبات، لەگەڵ هەڵبژاردنی گشتی راستەو خۆو وەزارەتی هەڵبژێردراو زۆر مەسەلەی تریش كە پەیوەندی بە ڕێكخستنی ئازادی تاكە كەس‌و ئازادی گشتی‌یەوە هەیە. دەچێتە ئەقڵەوە قوربانی بە هەموو ئەم دەسكەوتە ئینسانیە گەورانە بدرێت، بۆ خاتری فیكرەیەكی خورافی كە وەك تاقی كردنەوەیەك لە بیست ساڵێك زیاتر بەردەوام نەبووە كە ئەویش دەوڵەتی (خەلافەت)ە؟

گەر لە سەردەمی ئێستامانەوە لە مەسەلەی دەوڵەتی ئیسلامی بڕوانین كە بریتی‌یە لە دەوڵەتی (خەلافەت)، ئەوا بوونی گروپە ئایینە جۆراوجۆرەكان‌و سروشتی پەیوەندیەكانی نێوانیان كە لە سەر ناكۆكی‌و كێشمەكێش راوەستاوە، وا دەكات بواری قسەكردن لە سەر ئەم دەوڵەتە نەدات وەك پەیڕەوكردنی قاعیدەی (سد الذرائع)، لەبەرئەوەی بانگەواز كردن بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بەهانەیەكە بۆ تێكدانی ئەو رەوشە سیاسی‌و دەستوریەی لە كۆمەڵگەدا هەیە. لێرەوە ئەوەی داوای دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت دەكات، لە واقیعدا داوای لە كارخستن‌و سەرنگونكردنی ئەو سستەمە دەستووریە دەكات كە لە ئارادایە. چونكە ناچێتە ئەقڵەوە لە یەك كاتدا دوو سستەمی سیاسی پێكەوە هەبن، بۆیە دەبێت یەكێكیان لە سەر دارو پەردووی ئەوی تریان بێتە ئاراو دابمەزرێت. هەروەها داواكردنی دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت مانای ئەوەیە، ئەو گروپە ئایینیەی دەتوانێت ئەو دەوڵەتە بێنێتە ئاراوە ئەوا ئەو دەبێتە حوكمڕان. ناشچێتە عەقڵەوە ئەوەی بووە حوكمڕان، رێ بدات هیچ دەستەو تاقمێك بەرهەڵستی بكەن تەنانەت گەر ئاینیش بن.

وەك ئاشكرایە تەواوی گروپە ئایینیەكان سەرەڕای جیاوازی راو بۆچونیان وەها لە سستەمی دیموكراسی دەڕوانن كە سستمێكە پێچەوانەی شەرعە، بەو مانایەی سستمێكی

**كافره. خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئەم گروپانە ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنێ کە ئەوان دیموکراسی نابن لە مامەڵەی سیاسیاندا گەر هاتوو دەوڵەتی خەلافەتیان دامەزراند. باشترین بەڵگەش لە سەرئەمە ئەوەیە کە لایەنگرو هەوادارانی خۆیان لەو دەزگاو وەزارەتانەدا دادەمەزرێنن کە تیایدا باڵا دەستن. بگرە لە پێش خستنیان لەو یارمەتیە خێرخوازانەشی دابەشی دەکەن، ئەمانەش کۆمەڵە شتێکن هەموو رۆژێك دەیبینین. ئەی کەواتە حاڵ چۆن دەبێت، گەر گەیشتنە حوکم؟ ئەوەی راستی بێت، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت هەوڵێکە بە مەبەستی تێکو پێکدانی کۆمەڵگە. کەسیش پێی وانیە دەوڵەتی خەلافەت بتوانێ بە هەشتی خواوەند لە سەرزەمین بهێنێتەدی. لە بەرئەوەی وەها دەوڵەتێك مرۆڤ کردەو بەپێی خواستو ئارەزوی ئەو کەسەش بەڕێوە دەچێت کە حوکمی دەکات. بەڵگە مێژوویەکانیش لە سەر لادانی خولەفاکان زۆر لەوە زیاترە بژمێردرێت. هەرچی ئەو ئیشراقە ئایینیەشە لە ماوەی خەلاقەتی راشدیدا بە دەرکەوت، جگە لە تروسکەیەك کە دواتر بە دەستی موسڵمانان خۆیان کوژایەوە لە ماوەی کەمتر لە بیست ساڵێکدا شتێکی تر نەبوو. جیهان بەرەو پێش دەچێتو هەوڵ بۆ ئەوە دەدات تا دان بە ئازادی زیاترو زۆرتردا بنێت لە سەر ئاستی تایبەتیو گشتی، لەملاشەوە گروپە ئایینیەکان دەیانەوێت خەڵکی پەلکێش کەن بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست، بەبێ ئەوەی پەند لەو وانانە وەرگرن کە لە ئەفغانستان دا دەیبینن. کاتێك لەوێ گروپە ئایینیەکان لە پێناوی دەسەلاتدا بە شەڕدێنو کەوتوونەتە وێزەی یەکدی، کەچی شەرم لە وەناکەنو بەو حاڵەوە باس لە دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن!!**


**سەرچاوە:**

د. أحمد البغدادي: تجديد الفكر الديني (دعوة لاستخدام العقل)- دار المدى للثقافة والنشر، دمشق- الطبعة الاولى، 1999.

# ( ئوسامه بن لادن ) كێیه؟

نبيل شرف الدين

ئەگەرچی ئوسامە بن لادن سەر بەیەکێك لەناوبانگترینو هەرە دەوڵەمەندترین بنەماڵەکانی سعودیەیە، بەڵام نێوبانگی (عەبدولعەزیزو خالیدو تاریق)ی برای لەنێوەندە بازرگانیو سەرمایەگوزارییەکاندا پەیدا نەکرد، بەڵکو ئەم رێگایەکی دیکەی گرتەبەر کەنێوبانگێکی زۆرتری بۆ پەیداکرد، ئەویش بەو پێیەی دیارترین کەسێکە پاڵپشتیو کۆمەکی ئەو گروپە تیرۆریستیە ئاینییانە دەکات کە ئامادەییان لەسەر گۆڕەپانی ناوچەییو نێودەوڵەتیدا هەیە. ئەمەش بەتایبەتی دوای ئەوەی لەچەند شارێکی عەرەبیو ئەورووپیدا پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ کەسایەتیە دیارو ناسراوەکانی گروپە توندڕەوەکاندا دامەزراند. سەرەتای راستەقینەشی لەگەڵ رێکخراوی جیهانی ئیخوان موسلمین دابوو، لەرێی (عەبدوڵلا عەزامی) فەلەستینیەوە. ئەم پیاوە وەك لەدواییدا دێینە سەر باسکردنی رۆڵێکی ئێجگار ترسناکی لەژیانی ئوسامەدا گێڕاوە، بەتایبەت لەماوەی شەڕی ئەفغانستاندا.

بن لادن ئەوکات ئەرکی گواستنەوەی لێشاوی ئەو خەڵکە توندڕەوانەی پێ سپێردرا بۆ ئەفغانستان، ئەم کارەشی هەردەبوو بکردایە گەر لەپێناویشیدا ملیۆنەها دۆلاری لەگیرفانی خۆی بۆ خەرج بکردایە. ئەویش بەمەبەستی گەیاندنی ئەو کەسانە بۆ پیشاوەر تا دەست بەجیهاد بکەن لەدژی کافرو بێبڕوایان، نەك تەنها لەئەفغانستاندا، بەڵکو لەتەواوی سەر رووی زەمیندا، هەر لەسودانەوە بۆ چیچانو لەجەزائیرەوە بۆ بەحرێن.

لەسەرەتادا ئوسامە بن لادنی کوڕی ئەو ماڵە دەوڵەمەندو پارەدارە، جگە لەزمانی ژمارەو حسابی بانكو ئیشوکاری بیناسازیو بەڵێندەرایەتی، وەکی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی کە پێکەوەو لەڤێلایەکدا لەقاهیرەو لەشەقامی جامعەی ولاتانی عەرەبیو لەگەڕەکی ئەندازیارانی ئەو شارە لقێکیان لەدەزگای (بن لادن) کردبووەوە، هیچی دیکەی نەدەزانی. بەڵام لەگەڵ دەسپێکردنی شاڵاوو پەلامارەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستانو ئەو هەڵمەتە پڕوپاگەندە گەورەیەی بۆیکرا بەمەبەستی یارمەتیدانی موجاهیدەکانی ئەوێ، دەستیکرد بەنێوبانگ پەیداکردن. بەتایبەتی دوای ئەوەی

میوانخانەیەکی لەشاری (جدە)ی سعودیە کردەوەو نـاوی نـا (بیـت الانصـار)و ئەوانەشـی رooیان تێدەکرد ناوی نان (المهاجرین).
بـۆ گەیشـتنە (بیـت الانصـار) وەکـی دەزگاکـانی ئاسـایش چـاودێریان کـردووەو ئاگاداربوون لێی، ئەوانەی رویانـدەکردە ئـەوێ لەهـەموو لایەکـەوە دەهـاتن‌و هەمووشـی بەئوسامە بن لادن دەستی پێدەکرد. ئـەویش خـۆی بـۆ چـاودێریکردن‌و بەدەنگەوەچـوونی ئەو هەزاران کەسـە تـەرخان کردبـوو کـە لەسـەرجەم ولاّتـانی عەرەبییـەوە روویـان لـەوێ دەکردو لەڕێی سەرپەرشتی راستەوخۆی خۆیەوە رەوانەی (پیشاوەر) دەکران.
ئـەو رێگایانـەی تونـدڕەوەکانی لێـوە دەگەیشـتنە شـاری (جـدە)و (بیـت الانصـار) لەسعودیە بەم جۆرە بوو:
رێگای یەکەم: ئەو لقەی دەزگای (بن لادن) لەشاری قاهیرە رۆڵێکـی گـەورەی هـەبوو. ئـەم دەزگایـە سـالآنە ژمارەیـەکی زۆری کرێکـاری میسـری رەوانـەی دەرەوە دەکـرد، بەمەبەستی کارکردن لەو کۆمپانیای بەڵێندەرایەتیانەی سەر بەو دامەزراوەیە بوون. لەناو ئەم هۆردووە کرێکارەدا زۆر لەو توندڕەوانەیان تێکەڵ دەکردن کە لەدەوڵەت قاچاغ بـوون‌و دەزگاکانی ئاسایش بەدوایاندا دەگەڕان. ناردنە دەرەوەی ئەمانە بەکۆمەڵ بوو. جارێکیـان ژمارەیان (200) کەسێك دەبوو، زۆربەشـیان لـەو توندڕەوانـە بـوون کـە سـەر بـەگرووپی (جیهاد)و (الجماعە الاسلامیە) بوون.
رێگـای دووەم: لـەڕێی نووسـینگەی قـاهیرەو نووسـینگەکانی دیکـەی (الاغاثـة) لەولاّتانی عەرەبیدا بەڕێوەدەچوو. ئەم دەزگایـە بەشێوەیەکی رەسمی لەلایـەن حکومـەتی میسـرەوە نەناسـرابوو، لەبەرئـەوەی دەزگاکـانی ئاسـایش لـەو کاتـەدا لـەجموجۆڵ‌و چـالاکییەکانیان لـەو ولاّتـەدا رازی نـەبوون. ئـەم دەزگایـەش (رابطـة العـالم) تـوانی ژمارەیەك لەتوندڕەوەکان رەوانەی دەرەوە بکات، بەمەبەستی کـارکردن لەنووسـینگەکانی (الاغاثـة) لەشـاری (پیشـاوەر) کـە ژمـارەی نووسـینگەکانی لەسـەر ئاسـتی جیهـانی گەیشتۆتە (112) دامـەزراو، لەنەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی.
هەروەها دەزگـای (بـن لادن) لـەڕێی نووسـینگەکانی (الاغاثـة)ەوە کۆمـەکی پـانزە دامـەزراوەی تەندروسـتی جیهـانی دەکـەن، (کەهـەموویان لەپیشـاوەر کاردەکـەن). ئـەو کەسـانەش لـەڕیزەکانی خۆیـدا وەردەگرێـت کـە بەمەبەسـتی جیهـاد روو لـەوێ دەکـەن. ئـەوکات ژمارەیـان گەیشـتە زیـاتر لـە (700) عـەرەب‌و (200) میسـری‌و لەسـەروو هەمووشیانەوە (محەمەد شەوقی ئیسلامبولی) بوو کـەدواتر دادگاکـانی قـاهیرە حـوکمی لەسێدارەدانیان بەسەرادا، لەکاتێکدا لەشاری (جەلال ئاباد)ی ئەفغانستان بوو.
بەپێی ئیعترافاتی یەکێك لەو تاوانبارانـە خۆیـان پـاش گەڕانـەوەی سـاڵی 1994 لـە (پیشاوەر)، لەوکاتەدا بودجەی نووسـینگەکانی دەزگـای (الاغاثـة) گەیشـتبووە (45)

ملیۆن ریاڵی سعودی. دەمێنێتەوە ڕێگا سێیەم: کە بە (بیت الانصار) لەشاری (جدە)وە دەست پێدەکات. بۆ گەیشتنە (بیت الانصار) لەشاری (پیشاوەر)، بە نووسینگەی (الاسلامی) لەمیسردا تێدەپەڕین، ئەم جێگایەش هەریەك لەئوسامە بن لادنی سعودیو عەبدوڵلا عەزامی فەلەستینی دورستیانکردووە. ئەو کات (د. عبدالله عمر نصیف) لێپرسراوی ئەم دەزگایەبوو، هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی مۆڵەتی بدەنێو بەشێوەیەکی رەسمی دەست بەڕاپەڕاندنی کارەکانی بکات لەناو میسردا، بەڵام دەزگاکانی ئاسایشی میسری داواکەیان رەتکردەوە، سەرەڕای هەوڵی زۆری شێخ (وائل جلیدان)ی بەرپرسی (رابطة) لە (پیشاوەر) بۆ کردنەوەی نووسینگەی قاهیرە تا بەشداری لەناردنە دەرەوەی زۆرتری گەنجەکاندا بکات. ئەم پیاوە وەك لەدواییدا ئاشکرا دەبێت، رۆڵێکی گەورەی لەپشتیوانی کردنی تیرۆرو درێژەدان بەکاری تیرۆریستیدا هەیە. (جلیدان) لەزانکۆکانی ئەمریکا دەیخوێند، بەڵام وازی لەخوێندنەکەی هێنا تا خۆی بۆ دامەزراندنو کردنەوەی نووسینگەی (رابطة) لەتەواوی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا تەرخان بکات.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەزگای ئەمنیە پەیوەندیدارەکان لەوکاتەدا دەستیانکەوتووە، دەریدەخەن ئەوەی دەزگای (بن لادن) بۆ خەرجی یەك توندڕەو لەکاتی سەفەرکردنی بۆ (پیشاوەر) دایان ناوە، لە (300) دۆلارێك زیاتر نەبووە. لەم پارەیە بڕی (180) دۆلاریان بەر لەسەفەرکردنی کەسەکە لە لقی قاهیرە بۆ سەرفکردووەو باقیەکەی دیکەی بەر لەسەفەرکردن وەرگرتووە، واتە بەرلەوەی کەشتیەکە بەرەو شاری (جدە) بیانبات لەوێش نوێنەرانی (بیت الانصار) وەریاندەگرن.

لەئیعترافاتی (شەرف حەسەن ئەحمەد)ی بەرپرسی چەکدارە توندڕەوەکانو تاوانباری هەشتەم لەکێشەی (العائدین من افغانستان) تەئکید دەکاتەوە: (ئەم نوێنەرانە پاسپۆرتە میسرییەکانیان لێدەسەندینو لەبری ئەوە بەڵگەنامەیەکی سەفەریان پێدەداین کە دروشمی دەزگای بن لادنی بەسەرەوەبوو، پاش ئەوە دە رۆژێك لەبیت الانصار دەماینەوە، ئەو شوێنە جەمی دەهات لەو خەڵکانەی لەهەموو لایەکەوە روویان تێدەکرد. رێگای ئەوەشیان نەدەدا ئەو جێگایە جێبهێڵین، تەنها راستەوخۆ لەڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتییەوە نەبێتو بە بەڵگەنامەی سەفەرەوە نەبێت کە ناوی کونیەی وەك -ابو حازم- ئەمە کونیە مستەفا حەمزەیە، یان- أبو خالد- محەمەد شەوقی ئیسلامبولی بەسەرەوە نەبێت).

بەڵام لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە (بن لادن لەپیشاوەر چی بەم کەسە توندڕەوانە دەکرد؟). لێرە بەدواوە هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

دەبێت دان بەو راستیە تاڵەدا بنێین کە وەك هەموو جارێك هەستکردن بەو هەڕەشەو مەترسیانەی لە ئەفغانستانەوە سەرچاوە دەگرێ، کارێك بوو درەنگ وەخت پێمان زانیو ئاوڕمان لێدایەوە. بەتایبەت دوای دەستگیرکردنی (صفوت عبدالغنی) لەڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی (رفعت المحجوب)دا. ئەوکات دەزگاکانی دەوڵەت هەستیان بە هەڕەشەو مەترسی ئەوانە کرد کە لە (پیشاوەر)ەوە گەڕابوونەوە، چونکە پلانو نەخشەی جێبەجێکردنی ئەو هەوڵە بۆ تیرۆرکردنی یەکێك لە گەورە بەرپرسانی حکومەتی میسر بەڵگەی ئەوەبوو، چ زیرەکیو لێزانینێك لە نەخشە داڕشتنو وردەکاریو وریاییەك لەجێبەجێکردنیداو پسپۆڕیەکی بێئەندازەو چاوەڕوان نەکراو لەلایەن تاوانبارانی ئەو کارەوە رەچاوکراوە.

کاتێك دادوەر دەربارەی (ئوسامە بن لادن) لەبەرەی ئەفغانستان پرسیاری ئاراستەی (صفوت عبدالغنی) کرد، (صفوت) بۆ یەکەمجار زەردەخەنەیەك گرتیو دەستی کرد بەگێڕانەوەی سەربوردەی ئەو گەنجە سعودیەی لەگەڵ براکانیدا خاوەن دامەزراوەیەکی زەبەلاحنو تا ساتەوەختی پەلاماردانی ئەفغانستان لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە، ئەم پیاوە بەتەنها گرنگی بەپێشبڕکێی ئەسپ سواریو کڕینی ئەسپی عەرەبی دەدا. بەڵام کاتێك سۆڤیەت پەلاماری ئەفغانستانیداو دوای تێپەڕبوونی حەڤدە رۆژ بەسەر ئەو رووداوەدا، روویکردە شاری (لاهور)و لەوێ چاوی بە ئەمیری (الجماعة الأسلامية)ی پاکستان کەوتو سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی دایە.

پاش ئەوەش سەردانەکانی بۆ ئەفغانستان بەردەوام بوو، هەرجارەش کەدەچوو بڕێ پارەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. تا رێوشوێنی سەرکردە موجاهیدەکانی ئەفغانستان شارەزابوو، دەیدەنی دەکردنو لەگەڵیان کۆدەبووەوە. لەم ماوەیەدا لاوانی عەرەب لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبیەوە تاك تاك روویانەدەکردە (پیشاوەر)و لەم سەرو بەندەشدا (ئوسامە بن لادن) روخسەتی لە (قەلبەدین حیکمەتیار) خواست تا عەرەبەکانی ئەوێ رێکبخات، ئەویش لەڕێی دامەزراندنی نوسینگەیەکەوە بۆ پێشوازیکردن لەو عەرەبانەی روودەکەنە ئەوێ. بۆ ئەم کارەش (عەبدوڵڵا عەزام)ی سەر بە ئیخوانەکانی فەلەستین دەست نیشانکرا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئۆفیسە. ئەگەرچی سەرەتای ئەم کارە بێ سەروبەری پێوە دیاربوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەسپێكو خاڵی سەرەتای ئەو رۆڵە کارایە بوو کە توندڕەوە عەرەبەکان گێڕایانو لەدواییدا بە (ئەفغانی عەرەب) ناویان دەرکرد.

دەگەڕێینەوە لای ئەو ئیعترافاتانەی تاوانبارانی (العائدين من أفغانستان) کردوویانەو توانیویانە لەڕێگایەوە دەست نیشانی ئەو رۆڵە شاراوەو تەمومژاویە بکەن کە (ئوسامە بن لادن) دەیگێڕێت. یەکێك لەوانە کە تاوانبار شەریف حەسەنە (دوای

تاوانبارکردنی لەلایەن دادگاوە لە سێدارەدرا)، دەڵێت: (ئەبو عەبدوڵڵا، ئەمە کونیەی ئوسامە بن لادنە) ماڵێکی گەورەی چەند نهۆمی لەیەکێك لەگەڕەکەکانی پیشاوەر بەکرێ گرتبوو، فەرش‌و کەلوپەلی پێویستی بۆ کڕی‌و پاشان کتێبخانەیەکی زۆر گەورەشی دروستکرد، چونکە بەلایەوە گرنگ بوو دەرسی ئەوانە دابدات کە بۆ جیهاد روو لەوێ دەکەن. ئەو بڕە پارەیەی بەتەنها بۆ کتێب سەرفی دەکرد دەگەیشتە نیو ملیۆن روپیە کە ئەوکاتە دەیکردە بیست‌و پێنج هەزار دۆلاری ئەمریکی. بەڕێوەبردن‌و رێکخستنی کاروباری نوسینگەکەی سپارد بەشێخ عەبدوڵڵا عەزام‌و ئەمیش چەند لیژنەیەکی پێکهێنا، وەك: لیژنەی سەربازی/کاری ئەم لیژنەیە تایبەت بوو بە مەشقی سەربازی‌و هەڵوەشاندن‌و بەستنەوەو بەکارهێنانی چەك‌و تاوتوێکردنی تۆپۆگرافیای خاکی ئەفغانستان، ژمارەیەك لەئەفغانیەکان سەرپەرشتی ئەم لیژنانەیان دەکرد کە سەر بەحیزبەکەی قەلبەدین حیکمەتیاربوون‌و شارەزای جوگرافیای وڵات‌و سروشت‌و چۆنیەتی شەڕکردن بوون تیایدا.

پاشان لیژنەی ئیداری کەکاری راپەڕاندنی کاروباری گەنجە عەرەبەکانی ئەوێ بوو، هەر لەدابینکردنی جل‌وبەرگ‌و خۆراك‌و نیشتەجێکردنیان تا سازدانی کۆڕو کۆبوونەوە بۆیان. چەند کەسێکیش یەك لەدوای یەك سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیەیان گرتە دەست، بەڵام گەنجەکان بە تەنها ناوی کونیەکانیان دەزانین، وەك: (أبو جاهد العراقی‌و أبو اسامة الفلسطینی و أبو داود الأردني و أبو محمد السودانی). کاتێك گازندەو گلەیی جار لەدوای جار لەخراپ بەڕێوەبردنی کارەکان لەلایەن هەموویانەوە بەردەوام بوو، شێخ ئوسامە بەهاتنی خۆی بەشێوەیەکی یەکجاری بۆ (پیشاوەر)و نیشتەجێبوونی لەوێ مەسەلەکەی یەکلاییکردەوە. (بن لادن) پێشتر لەهات‌و چۆیەکی بەردەوامدا بوو بۆ بەرەی ئەفغانستان، نەشدەکرا تەنها رۆڵی یارمەتیدەر ببینێ‌و تەنها کاری کۆمەك پێکردن بێت، بۆیە بڕیاریدا واز لەوەبهێنێت‌و دەست بەکاری مەیدانی بکات. کارێك کە رەنگە لەباریدا بێت عەرەب لەو دابەشبوون‌و پەراگەندەیی‌و کاری خۆبەخۆییەوە بگێڕێتەوە سەر دامەزراندنی بەرەیەکی عەرەبی سەرتاسەری‌و بۆ ئەم مەبەستەش دەستی بەدامەزراندنی سەربازگەیەك کرد لەناوچەیەکی نزیك سنوورەکانی ئەفغانستان، ئەویش سەربازگەی (صدی) بوو کەتایبەتبوو بەمەشقی سەربازی، بەر لەپەیوەندیکردن بەشەڕگەکانەوە.

دوای ئەوە سەربازگەیەکی لەناو خاکی ئەفغانستاندا دروستکرد، ئەویش سەربازگەی (جاجي)بوو، جێگاکەی بەشێوەیەکی وردو چاك دەست نیشانکراوەو دەکەوێتە ناو زنجیرە شاخ‌و ئەشکەوتێکەوە بۆ خۆ بەدوورگرتن لەهەر هێرش‌و پەلامارێکی ئاسمانی. ئەمە لەوکاتەدا بوو کە (بن لادن) هیچ چەکێکی دژە فڕۆکەی نەبوو، بەڵام ئەوەی

لەئۆکتۆبەری 1986دا روویدا سەردانی هەریەك لەئوسامە بن لادنو عەبدوڵڵا عەزامو حیکمەتیاری سەرکردەی ئەفغانستان بوو بۆ شاری لاهور، لەوێدا هەرسێکیان چاویان بە ئەمەریکیەك کەوتبوو، لەدوایدا زانیمان ئەوکەسە لەلایەن موخابەراتی ئەمریکیەوە نێردراوەتە ناوچەکە بۆ یامرمەتیدانی موجاهیدە ئەفغانیەکان لەدژی سۆڤیەت. نوێنەری C.I.A پێشنیاری ئەوەی بۆکردبوون کەچەكو تفاقی بەرگریو هێرش بردنیان دەداتێ، بەڵام دەبێت ئەو برە پارەیەی دەچێتە بارکردنو گواستنەوەکەی خۆیان دەستەبەری بکەن. بۆ ئەمەیش ئەبوعەبدوڵلا- واتە ئوسامە بن لادن ئامادەیی تەواوی خۆی نیشانداو ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ.

ئیتر دوای ئەوە ئەو بارە لۆریانە کەوتنەرێ کەدامەزراوەی (بن لادن) رەوانەی دەکردنو بەتەن چەكو تفاقیان لێبارکرابوو. سەرەڕای ئامێری هەلکۆلێنو ئەو بیلدۆزەرو شۆفلانەی پێویست بوون بۆ لێدانی رێگا لەشاخەکانداو لێدانی تونێلو سەنگەر، هەروەها هاوردنی موەلیدەی کارەبای گەورە گەورە بەمەبەستی کارەبادان بەسەربازگەکان. بەمەش (مأسدة الأنصار) وەك یەکەمین قەوارەی سەربازی عەرەبی بەبێ هیچ کەموکورییەك روناك بووەوە. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لەلاوانی عەرەب، لەلایەك بەیارمەتی خوای پەروەردگارو هەوڵی دڵسۆزانەی برایانەوەو لەلایەکی تر بەهۆی ئەو رۆڵەوە کەبرایەکی سعودی دیکە گێڕای، ئەویش شێخ وائل جلیدان-ەو کونیەکەی (أبی الحسن المدنی)یە، چەند سەردانێکی مەکوکی بەزۆربەی ولاتانی عەرەبیدا کرد بەمەبەستی پێدانی کرێی سەفەری ئەو لاوانە بۆ (مأسدة الأنصار). ئەو لاوانە لەسەرجەم ولاتانی عەرەبییەوە رویانکردە پیشاوەرو دەزگا ئەمنیەکانیش لەوکاتەدا چاوپۆشیان لەسەفەرکردنی ئەوانە دەکرد کە دەچوونە ئەوێ، چونکە پێیان وابوو ئەمە باشترین رێگا چارەیەکە بۆ رزگاربوون لە دەستیان.

لەم ئانو ساتەدا کێشەو ناکۆکی لەنێوان لایەنە ئەفغانیەکاندا دەستی پێکردبوو، بەجۆرێکی وا گەیشتە ئاستی پێکدادانو کەوتنە وێزەی یەکتری. لەم نێوەندەدا حیکمەتیارو لایەنگرانی پێیان وابوو ئەو عەرەبانە بەو پارەو چەكو تفاقەی پێیانە، هاوکات لەرووی سەربازیەوە هەندێك شارەزییان هەیە (بەتایبەت لاوە میسریو سوریەکان)، دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێتو جێگەی ئومێدبن، بەڵام حیزبەکەی بورهانەدین رەبانیو سەرکردەی هێزەکانی ئەوکاتەی (سازنور) گومانێکی زۆریان بەرامبەر بەشداری عەرەبو رۆڵی ئوسامە بن لادن هەبوو، نەك هەر هێندەش بگرە سەرلەبەر بەشداریکردنی ئەوانیان رەتکردەوە. ئەویش لەو رووەوە کە عەرەبەکان رێکخراوینو جگە لەشەهید بوون شتێکی تریان ناوێتو ئامانجەکانی بن لادنیش روون نییە.

بورهانـەدین رەبـانی چـووە لای حیکمـەتیاری هـاوڕێیو تێیگەیانـد چارەسـەری ئـەم کێشەیە پێویسـتی بـە ئەنجامـدانی چـالاکییەکی جیهـادی دیـاریکراو هەیـە، تـا تیایـدا چەکدارە عەرەبەکان توانای خۆیانی لەشەڕکردندا پێ بسەلمێنن. دەسـتەی یەکـەم مەشـقو ڕاهێنانەکانی خۆی لەسەربازگەی (صدی) تەواوکردو ڕەوانەی سەربازگەی (جاجی) کران، تا ئامـادەی یەکـەمین ڕووبەڕووبوونـەوەی سـەربازی بـن. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سـەرکردەی ئـەفغانی (عبـدرب الرسـول سـیاف) وەك نوێنـەری بورهانـەدین رەبـانی ئامـادەبوو، تـا لەنزیکەوە لەڕادەی کارامەییو لێهاتووی عەرەبەکان لەشەڕکردندا ئاگاداربێت.

عەرەبەکان کەتیبەی یەکەمیان پێکهێناو ناویان نا (الخرساء)، لەبەر پابەنـدبوونی تەواویان بە پرانسیپی گوێڕایەڵیو ملکەچییەوە. (ئەبو عەبدوڵڵا) واتە ئوسـامە بـن لادن خۆی سەرکردایەتی هێزەکـەی گرتـە دەسـتو ژمارەیـان نزیکـەی سـەدو بیسـت کەسـێك دەبوو. ئەم هێزە بوو بوو بەدوو بەشەوە، بەشێکیان لەپێشەوە کە (شـەوقی ئیسـلامبولی) سـەرکردایەتی دەکـردنو ئـەرکی هەڵمـەتو پـەلاماریان پێسـپێردرابوو، دووەمیشـیان پشتیوانی دەکردنو (ئەحمەد زەهـران)ی سـوری سـەرکردایەتی دەکـردن. ئـەرکی ئەمانـە پارێزگاریکردنی (المأسـدە)و بۆرودمانکردنی هێزەکـانی حکومـەت بـوو بـە موشـەکی زەمین بەزەمین.

ئیعترافاتەکان بەردەوامەو لەسـەر هـەمان مەسـەلە تاوانبـاری دووەم دەڵێـت: مـن لـە دەستەکەی (ئیسلامبولی)دا بووم، ئانو سـاتی ماڵئـاواییکردن لەیەکـدی کاریگـەربوو، هەموو پەلەی شەهید بوونمان بوو. بڕیار وابوو سەعات شەشی ئێوارە پەلاماری جێگایەك بـدەین کـە ناومـان نـا (أم الخنـادق)، بەرلـەوەی بگەینـە ئـەوێ ڕووبـەڕووی ئـەو لوغمانەبووینـەوە کـە دوژمـن داینـابوو، ژمارەیـەکیان تەقینـەوە پێمانـداو بەڕەشاشـی گرینـۆفیش ئـاگر بەسـەرماندا دەبـاری. ئەمـە لەکاتێـکدا چـەکی دەسـتی ئێمـە تـەنها کلاشینکۆفو قەناسو تـۆپی کـورت هاوێـژو بـۆمبی دەسـتی بـوو. شـەڕ تـا بەرەبـەیان درێـژەی کێشـاو لەگـەڵ خۆرهەڵاتنـدا (بـن لادن) لـەڕێی بێتەڵـەوە داوای گەڕانـەوەو پاشەکشـەی لێکـردین، کـە گەڕاینـەوە چـەند کوژراوێکمـان هـەبوو. شـێخ (سـەیاف) تووڕەبوو، ڕووبەڕوو پێی وتین ئێوە بە تەنها بەکەڵکی شەڕی شارەکان دێن (واتـە لێبـدەو بکشـێرەوە)، ئەمـەی وتو ڕۆیشـت. بـەڵام (بـن لادن) ورەی بەرزکردینـەوەو داوایکـرد جارێکی تر لەژێر چاودێری تایبەتی حیکمەتیار خۆیدا دەست پێبکەینـەوە، حیکمـەتیار مـەرجی ئـەوەبوو کـە دەبێـت عەرەبـەکان چـەند خـولێکی مەشـقکردن لەسـەر دەسـتی ژمارەیەك لەو ئەفغانیانەی سەربەئەون ببینن.

(بـن لادن) ئـەم هەلـەی قۆسـتەوە بـۆ ئـەوەی زیـاتر پـەرە بـە(المأسـدە) بـدات. تالـەو مەشقکردنە بووینەوە، (المأسدە) کـرا بـە چـەند بەشـێکەوە: هۆبەیـەك بـۆ سـەرکردایەتی

کەناوی (ناوەندی بەدر)ی لێناو هەروەها لەگەڵ ژووری (الزیکویاك)، ئەمە چەکی دژە فرۆکەیەو ئوسامە لەڕێی ئەمریکییەکانەوە دەستی کەوتبووە دوای ئەوە ژووری (الطائف) دێت کە کۆگایەکە بۆ خۆراكو جلوبەرگو (أبو الحسن المدین) سەرپەرشتیاریەتی . دواین بەش ژووری (صداقە)یە، ئەمەش کونیەی (صالح الغامدی) سعویەو بۆ خۆی سەرپەرشتی دەکاتو جبەخانەی چەكو تفاقی سەربازی تێدایە. پاشان بن لادن چوو بۆ سعودیەو دوای دوو هەفتە گەڕایەوەو مژدەی ئەوەی پێبوو بۆمان کەوا چەکی پێشکەوتووی وەك: هاوەنی 82ملمو تۆپی 12 B>Mو ڕەشاشی (بیکا)و ئاربیجیو بڕێکی زۆر لەتفاقی جەنگیو بۆمبی هێرش بردنو بەرگری دەستکەوتووە.

گرنگ ئەوەبوو خولی دووەم دەستی پێکرد کە سەنگی مەحەك بوو بۆ توناو لێهاتووی عەرەبو سەرکردایەتیکردنی (بن لادن) بۆ شەڕی بەرەیی.. شەڕی (جەلال ئاباد) یەکەم شەڕی هێزەکەی (بن لادن) بوو دوای سەرلەنوێ مەشق پێکردنەوەو چەکدارکردنەوەیان، لەڕووبەڕووبوونەوەیەکی نیزامیدا کە پشت بەشێوازی (لێبدەو بکشێرەوە) نابەستێت، بەڵکو لەدەوروبەری یەکێك لە گرنگترین شارەکانی ئەفغانستاندا ڕوودەدات کە لە (کابول)ی پایتەختەوە نزیك بوو. ئەو شارە لەوکاتەدا بەلای حکومەتو سۆڤیەتیەکانیشەوە گرنگییەکی زۆری هەبوو.

(بن لادن) هەژدە بنکەی بەدەوری (جەلال ئاباد)دا دامەزراندو توانی بەهۆی ئامێرو ئامرازەکانی گواستنەوەو چەكو تفاقەوە کە ئەوکاتە گەیشتە باری سی لۆری گەورە، بەسەر خودی ئەفغانیەکان خۆشیاندا بالادەست بێت. زۆری ئەو چەكو تفاقەی لەبەر دەستیدابوو بواری ئەوەی دایە بۆردومانێکی چڕی بنکەو بارەگاکانی سوپای حکومیو هێزەکانی سۆڤیەت بکات. ئەمجارە بن لادن فێری ئەوەش بوو دەست بە پشکنینی ناوچەکە بکات، بۆ ئەم مەبەستە تاقمێکی بەسەرۆکایەتی سورییەکانو میسریەکان پێکهێنا تا لەشوێنو ڕێی کۆبوونەوەی هێزەکانی دوژمنو جۆری چەکەکانیانو خاڵی هێرش بردنیان بکۆڵنەوەو تاوتوێی بکەن، بەمەبەستی خۆسازدان بۆ پەلاماردانو هێرش بردنە سەریان.

ئوسامە بن لادن لەم خولەی شەڕدا ژمارەیەك هندیو پاکستانی هێنابوو تا هاریکاری بکەن لەچەند کارێکی وەك: (چێشت لێنانو برین پێچیو ئامادەکردنی چەکەکانیان بەکەرەستەی تەواوەوە)، بۆ ئەوەی چەکدارەکانی خۆیان بۆ شەڕ سازو ئامادەکەن. بەجۆرە شەڕی (جەلال ئاباد) دەستی پێکرد.

بەردەوامین لەگەڵ ئیعترافاتو.. حیکایەتەکاندا: دوای پرۆسەی پشکنینی ناوچەکە، (ئەبو عەبدوڵلا) واتە ئوسامە بن لادن بڕیاریدا چیای (تمر خیل) بکاتە بارەگای سەرکردایەتیو هێزەکانی لەچەند جێگەیەکی تۆکمەی ناوشاخو ئەشکەوتەکانی دەوری

(جەلال ئاباد)دا جێگیرکرد، بۆ خۆپاراستن لە هێشری ئاسمانی. دەمەوبەیان هەڵمەتەکانی هێرش بردنە سەر گوندی (أداهـ) دەستی پێکرد کە بەدەروازەی بەشی خۆرئاوای شاری (جەلال ئاباد) دادەنرێت‌و هێزەکانی بۆ ئەو هێرشە کرد بەسێ بەشەوە، لای چەپ (أبو الدرداء) کە (نضال أبو دجانە)ی سوری سەرکردایەتی دەکرد. لای راستیش (طارق فضلي) یەمەنی لێیان بەرپرس بوو. هەرچی تاقمی پێشەوەیە (أبو طلال القاسمی) کە کونیەی (تەلعەت فوئاد قاسمی) میسریە سەرکردایەتی دەکرد. ئەیمەن ئەلزەواهریش لەگەڵ بن لادن دا چاودێری هێرشەکانی دەکردو سەرپەرشتی چارەسەرکردنی برینداره‌کانیشی دەکرد، بەوپێیەی بۆ خۆی پزیشك بوو لەگەڵ ئەم هێزانەدا. سۆڤیەتییەکانیش کەوتنە وەڵامدانەوەیان‌و بەفڕۆکەو موشەك کەوتنە بۆردومان کردنیان، سەرەنجام بن لادن فەرمانی کشانەوەی پێدان بۆ ناوچەکانی پشتەوە لە (گورخیم). دوای ئەوەی کۆبوونەوەیەکی بەو هێزانە کردو پێی وتن: (رەنگە سەرکەوتنی دوژمن لەو هێرشەیدا بۆ سەرمان ئاکامی هەڵەو گوناهی خۆمان بێت، بۆیە دەبێت سوود لەو هەڵانە وەربگرین کە تێیکەوتین. پاشان پلانێکی چاکتری بۆ شەڕ دارشت‌و لەم ماوەیەشدا عەرەبەکان لەشەڕکردندا قالْبوون. کاریك کەوایکرد سەرنجی سەرکردە ئەفغانەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن، بەوپێیەی هێزێکن دەبێت حسابیان بۆ بکرێت.

ئیعترافاتەکان لێرەدا کۆتایی دێت، بەڵام رۆڵی بن لادن تائێستاش تەواو نەبووە. ئەو جێگای خۆی بۆ چەند شوێنێکی تر گواستەوەو پەیوەندی لەگەڵ لایەن‌و کەسانی تردا دامەزراندووە. لەشاخەکانی (هندکۆش)دا لەناو خاکی ئەفغانستان ئیمارەیەکی عەرەبی بۆ لایەنگرەکانی لەئەفغانە عەرەبەکان دامەزراندووە، لەرێی پەیوەندییەکانی بەبزوتنەوەی تالیبانەوە کە ئێستا حوکمڕانی بەشێکی ئەو وڵاتەن. ناوبەناویش سەردانی سودانی دەکرد، بەرلەوەی دەسەڵاتداری ئەوێ لەژێر فشاری زۆری سعودیەدا دووری بخەنەوە لە وڵاتەکەیان. دوای دوورخستنەوەی لەسۆدان، دۆست‌و هاوپەیمانەکانی دوێنێی لەبەرەی ئینقازی سۆدانی بەوە تاوانبارکرد کە دوو هەوڵی سەرنەکەوتووی کوشتنیان داوە، بۆیە ناچاربووە سەرلەنوێ رووبکاتەوە ئەفغانستان.

ئەوەتا بن لادن بێخەم سەردانی لەندەن دەکات‌و سەرکەوتوانەش ئەو وڵاتە بەجێدێڵێت، دوای بەستنی چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو مۆرکردنی رێککەوتننامەی ژێربەژێر. بەڵام ئێستاو بەپێی راپۆرتە خۆرئاواییەکان، لەنێویاندا راپۆرتی رۆژنامەنووس‌و پەیامنێری رۆژنامەی (ئەندی پێندنت)ی بەریتانی (رۆبەرت فیسك) کە لەناوچە شاخاوییەکانی دەورووبەری شاری جەلال ئاباددا چاوی پێی‌کەوتبوو، باس لەوە دەکات کە بزوتنەوەی تالیبان پارێزگاری لێدەکات‌و ئەویش بەو کەسانەی دوای‌کەوتوون یارمەتیان دەدات.

(بـن لادن)و شـوێنكەوتوانی خۆیـان كردۆتـە هێزێكـی سـەربازی وەهـا كـە لایەنـە بەشـەڕهاتووەكانی ئـەو وڵاتـە پشـتیان پێدەبەسـتن. دوای ئـەوەی وەرزی توندوتیـژی (شەرعی) لە ئەفغانستاندا دەستی پێكردو براكان لەناوخۆیاندا بووە شـەڕیانو چـەكیان بەڕووی یەكتریدا هەڵكێشا، ئیتر عەرەبەكانی ئەوێ جگە لـە بـەكرێگیراوێتی بـۆ بـن لادن رۆڵێكی دیكەیان نەماوە. سەبارەت بە بن لادنیش (رۆبەرت فیسـك) لەبارەیـەوە دەڵێـت: ئێسـتا كاروبارەكـانی لـەڕێی كۆمپیوتـەرو ئـامێرە تازەكـانی پەیوەندیكردنـەوە بـەڕێوە دەبـاتو تەئكیدیشـی كـردەوە كـە خزمـەتگوزاری هـەواڵو دەنگوباسـی بەشـێوەیەكی رێكوپێك بەدەست دەگات، ئیتر ئەمە لەڕێی ئەو رۆژنامـانەوە بێت كە لە لەندەنو هەنـدێ وڵاتی عـەرەبیەوە پێی دەگات یاخود لەڕێی تۆڕی ئینتـەرنێتەوە بێت.

هەرچـی شـوێنكەوتوانو دەروێشـەكانی چواردەوریشـیەتی كـە هـەر بەكونیـەكانیان یـەكتری بـانگ دەكـەن، وەك: (أبـو عبیـدە و أبـو دجانـەو أبـو صـهیب و أبـو در و أبـو الدرداءو.. هتـد)، هیچـی دیكـەیان لـە بـاردا نـەماوە دوای ئـەوەی فێـری هونـەرەكانی جەنگ بوونو قورسـترینو خوێنـاویترین شـەڕی پارتیزانیـان ئەنجامـدا، جگـە لـەوەی روو دەكەنەوە وڵاتەكانی خۆیانو جیهاد لەدژی هاوڵاتیانی خۆیان رادەگەیەنن، (لەبـەر ئـەوەی لە فیكرو فیقهی ئەماندا ئەوانە كافرن). پاش ئەوەی ئـەو خـولی مـەشـقانەیان بـەخۆڕایی تەواوكرد كەوەكی دیارییـەك لەلایـەن بـزنس مـانێكی خـاوەن دامو دەزگـاو كۆمپانیـاوە پێشكەشیان كرابوو.

ئەمە سەربوردەی ئەو پیاوەیە كە لەناكاو وەحی بۆ هاتەخواریێو فەرمـانی پێـدرا بـەرەو ئەفغانستان بكەوێتە رێو ملیۆنەها لەوێـدا خـەرج بكـاتو بكەوێتـە شـەڕەوە، مـاوەیـەك هاوپەیمانی سۆدان بێتو ماوەیەكی تر هی تالیبانو.. زۆربـەی كـاتیش لەگـەڵ شـەیتاندا پەیوەندی ببەستێو هاوپـەیمانی ئـەوبێت.. جارناجـاریش لێـدوان بەرۆژنامـەكانی لەنـدنو كەناڵـە تەلەفزیۆنیـەكانی جیهـان دەدات (دوا دیـداری ئـەوەبوو كـە پـەیامنێری كـەناڵی CNN لەگەڵی سازدا). تا لەوێوە ئیعلانی دامەزراندنو دروستبوونی ئیمارەیەكی وەهمی بكات، ئیمارەیەك كە بەتەنها لەخەیاڵی نەخۆشی ئەودا بوونی هەیە.

**سەرچاوە:**

نبيل شرف الدين: أمراء ومواطنون- مكتبة مدبولي، القاهرة- الطبعة الأولى، 1998.

# وێستگەکانی تیرۆر

## ( ئەفغانستان )

نبيل شرف الدين

**بەرایی:**

مەسەلەی پەیوەندی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین بە گروپە تیرۆریستە رادیکاڵەکانەوە تەنها هەر زەگۆییو قسەی بێ بناغەو بێ بەڵگە نییە, بەڵکو خەریکە تەواو پێچەوانەی ئەوە راست دەردەچێت. ئەو ناکۆکیە ئاشکرایەش کەلەسەر ئاستی راگەیاندن لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا هەیە، تەنها تاکتیکێکی کاتییە یان وەك لە ئەدەبیاتی خۆیاندا باسی دەکەن بریتییە لە فرە دەنگی.

ئەوە لەشاری پیشاوەردا رویداوەو روودەدات, ئەو شارەی دەکەوێتە ناوچە سنووریەکانی نێوان پاکستانو ئەفغانستان, دەریدەخات کە ئیخوانەکان چ رۆڵێکی ترسناك لەپشت ئەو گروپە توندڕەوانەوە دەگێڕن. یارمەتیدانی بێ پەردەو ئاشکرای ڕێکخراوی جیهانیی ئیخوان موسلمینو پشتیوانی کردنی لەهەموو ئەو کەسە تیرۆریستو هەلاتووانەی لەتەواوی ولاتانی دنیاوە روودەکەنە ئەفغانستان, لەگەڵ ئامادەکردنی میوانخانە بۆ پێشوازیکردن لێیانو حەشاردانیانو پاشان رەوانەکردنیان بۆ سەربازگەکانی مەشق (کەتیایدا مەشقی سەربازییان پێدەکرێتو لەسەر بەکارهێنانی چەك رایان دەهێنن). ئەمەو سەرەڕای گرتنە ئەستۆی خەرجی ئەو سەربازگانەو یارمەتیدانیان، وەك ئەوەی لەگەڵ بن لادنو کەسانی تر لەسەرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمیندا روویدا.

### ئەو میوانخانەیەی ئەمیرەکانی تیرۆری لێدێنەدەر:

وێستگەکانی تیرۆری ئەفغانستان لەشاری (پشاوەر) ەوە دەست پێدەکات، ئەو شارە پاکستانیەی دەکەوێتە ناوچە سنوریەکانی ولاتی ئەفغانستانو مێژوویەکی دێرینی لەپەروەردەکردنی موجاهیدە شەڕانگێزو عەرابەکانی تیرۆری وەك: (ئەبو ئەعلای مەودودی)دا هەیە. ئەمە خەسڵەتی ئەم شارەبووە هەر لەو کاتەوەی سەربە هندستان بووە، واتە بەر لەوەی پاکستانی لێ جیابێتەوە.

ڕەنگــە زۆرێــك هــەبن نــاوی (ئەحمــەد بــن عیرفــان) یــان نــە بیســتبێ, ئــەو پیــاوەی سەرکردایەتی چەند هەزار کەسـێکی لەوانـە کـرد کەلـەژێر عەباکـەی (مـەودودی) یـەوە هاتبوونە دەرو لەژێر بەیداخەکەی ئەودا هانی ئەوانەیدا بـۆ شـەڕو ڕوو بەڕوبوونەوەیـەك دژ بە بەهندۆسەکان.

هێندەی نەمابوو ئـەم پیـاوە لەوکاتـەدا خەونەکـەی بێنێتـەدی, (خـەونی دامـەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ)، گەر شەڕو ناکۆکی نێوان تیرەو هۆزەکان نەبوایە. کارێـك کـەبووە مایـەی ئـەوەی سـەرکەوتنەکانی لەدەسـت بـداتو گـیرۆدەی شـەڕێکی لابـەلای مەزهەبیو خێڵەکی بێت. ئینگلیزەکـان ئـەم هەلـەیان قۆسـتەوەو ئاگریشـەڕو ئاشـوبیان لەنێواندا خۆشترکرد هەتا هەموویان تێکشکان.

ئێستاش ئەوەتا مێژوو بەهەمـان شێوە خۆی دووبارە دەکاتـەوەو سـەرلەنوێ ئـەو شـەڕە لەسەر کورسی دەسەڵات لەنێو موجاهیدە ئەفغانیەکاندا دەست پێدەکاتەوە، دوای ئـەوەی توانیان جڵەوی وڵات بگرنـە دەسـتو کۆتـایی بەدەسـەڵاتی شـیوعیەت بهێـنن. ئەمـەش دوای شەڕێك کەزیاتر لەدە ساڵی خایاند، بەڵام ئەو موجاهیدانەی تا دوێنـێ هاوپـەیمانو دۆستی یەکدی بـوون کـەوڵات کەوتـە دەسـتی خۆیـان، کەوتنـە کۆکۆدنـەوەو چـنینەوەی دەسکەوتەکانو بەسەر چەند دەستەو تاقمێکی ناکۆكو دژ بەیەکدا دابەشبوون.

سەرەتا ساڵی 1979 بـوو کاتێـك هـەموان دەنگیـان لێهـەڵبڕیو داوایـان لەتـەواوی موسڵمانانی جیهان کرد، بەشداریو هاوکـاری بـرا ئەفغانیـەکانیان بکـەن لـەو جیهـادە پیرۆزەی لەدژی ڕوسە کافرەکان دەستی پێکردبوو. بۆ ئـەم مەبەسـتەش ژمـارەیـەکی زۆری لاوانی عەرەب ڕوویانکردە ئەوێ، هەندێکیان بەنیاز پاکیو بێ مەبەست چـوونو زۆربـەی زۆریشیان لەوانە بوون کە لەکاری تیرۆرو تیرۆریسـتیەوە گلاّبـوونو دەسـتیان هـەبوو لـەو بوارەدا.

بەهەرە هۆیەك بووبێت دەسەڵاتدارانی پاکستان ڕێگای ئـەوەیان پێـدان لەسـەر خـاکی ئــەوان دەســت بەدامەزرانــدنو دروســتکردنی ســەربازگەکانیان بکــەن، بەتایبــەت لــەو ناوچـانەی نزیـك بەسـنوورەکانی ئەفغانسـتانو هـەمووجۆرە کارئاسـانییەکی بـۆکردن لەچەكو تفاقو مەشـق پێکردنیـان، هـەروەها لـەڕووی یاسـاییو سیاسیشـەوە پاراسـتنو پارێزگاری لێکردنی بۆ دەستەبەرکردن.

لەبەر ئەوەی ڕێگا بـەرەو دۆزەخ پڕیـەتی لـەنیازپاکی, بۆیـە لاوان پـۆل ڕوویـان لـەوێ دەکردو دەست بەجێش لەو میوانخانانەدا پێشـوازی دەکـران کەبەشـێوەیەکی تایبـەتی بـۆ پێشوازیکردن لەو خەڵکە تازانە تـەرخانکرابوو کـەڕوویان لـە گۆڕەپـانی جیهـاد دەکـرد.

ئەمەش بۆخۆی لەیەك كاتدا چەند ئامانجێكی دەپێكا, وەك دڵنیابوون لەمەرامی ئەو خەڵكە تازانەی دەهاتن, لەگەڵ دەستنیشانكردنی هێزو توانای هەریەكێكیان بەجیا لەوانی دیكەو رێگرتن لێیان كەبەشداری لەچالاكی سەربازیدا بكەن, بەر لەوەی بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادەبكرێن. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو لاوانە هەرزوو رووبەرووی ئەو حەقیقەتە تاڵو ناهەموارانەی ئەوێ نەبنەوەو ئەو شتانەیان لا ئاشكرا نەبێت كەلەو سەربازگانەوە روودەدەنو ئەمەش ببێتە مایەی پەشیمانبوونەوەیانو گەڕانەوەیان.

دیارترینو بەناوبانگترین ئەو میوانخانەی بۆ پێشوازی لاوانی عەرەب لەپیشاوەردا هەن، بریتین لەلانەی (الانصار) و لانەی (القاعدە). ئەمەش هەریەك لە عەبدوڵا عەزامی فەلەستینی كەیەكێكە لەسەركردەكانی رێكخراوی جیهانی ئیخوان موسلمینو ئوسامە بن لادنی سعودی دایان مەزراندبوون. ئەم دوو كەسەش بۆخۆیان رۆڵی پێكەوە بەستنی ئیخوانیان بەدەستەو تاقمە رادیكاڵیەكانی ئەفغانستانەوە دەبینی.

لانەی (انصار) خانوویەكی سێ قاتەو دیوارێكی بەرز چواردەوری داوەو دەرگایەكی ئاسنینی هەیە، قاتی خوارەوەی لەچەند ژورێك پێكدێتو كراوەتە نوسینگەی ئەوانەی بەرپرسن لەبەڕێوەبردنی میوانخانەكە, یاخود كاریان ئەوەیە پەیوەندی بەلایەنەكانی دیكەوە بكەن لەسەربازگەكاندا یان لەبەرەكانی تری ئەفغانستاندا. هەرچی قاتی دووەمو سێیەمە ژمارەیەكی زۆر ژووری لە ریزی یەكتری تێدایە, لەگەڵ گەرماوێك بۆ هەموو ئەوانەی لەو جێگایەدا دەژین. ئەمەو سەرەڕای جێو شوێنی نوستنو موبەقێكی گەورەی هاوبەش.

خانەی (القاعدە)ش زۆر لەخانەی (الانصار) دەچێتو تەنها جیاوازیش ئەوەیە كە ژورەكانی (القاعدە) ژمارەیان لە ژورەكانی (الانصار) كەمترە. ئەو گەنجانەی روودەكەنە پێشاوەر سێ مانگی یەكەمیان لە میوانخانەی (الانصار)دا بەسەر دەبەن, بەیانیان مەشقی وەرزشیان پێدەكرێتو لە ئێوارانیشدا چەند لێكچەرێكیان دەدرێتێو ئامادەی ئەو كۆڕو سیمینارانەش دەبن كەبیرو بۆچونی توندڕەویو ملكەچیو گوێڕایەڵییان لەناخدا بەهێز دەكات.

پاش ئەوەی كاری ماوەی ئەو سێ مانگەی لەخانەی (الانصار)دا تەواو كرد, بەجیا دەست بەهەڵسەنگاندنیان دەكرێتو رەوانەی خانەی (القاعدة) دەكرێن. ئەمەش بۆخۆی قۆناغێكی ئینتقالیە لەنێوان ژیانی سەربازگەو شەڕگەكانداو ماوەیەكی زەمەنی دەخایەنێت كەلە مانگێك تێپەڕ ناكات, لەم ماوەیەدا دەستدەكرێت بەراهێنانی ئەو گەنجانە لەسەر جۆرەها چەكو دوای ئەوە هەر كەسەو بەپێی رەگەزنامەی خۆی رەوانەی سەربازگەكان دەكرێت.

لێرەدا تەنها باسی سەربازگەی میسریەکان دەکەین کەبە سەربازگەی (صدی) ناسراوەو هەریەك لەشەوقی ئیسلامبولیو مستەفا حەمزە دایانمەزراندووەو سەرپەرشتیشی دەکەن, ئەم سەربازگەیە دەکەوێتە سەر لوتکەی شاخێك لەناو خاکی ئەفغانستانداو رووبەرەکەی چوار کیلۆمەتر چوار گۆشە دەبێت. لەناوەوەیدا نزیکەی پەنجا خێمەو گەنجینەیەکی چەكو تفاقی تێدایە, لەگەڵ گەنجینەی خۆراكو بەنزینو.. هتد. هەر کەسێك دێتە ئێرە جلو بەرگی شەڕی بۆ ئامادە دەکەنو سەبارەت بە مەشقکردن لەم جێگایەدا, شێخ عومەر عەبدولڕەحمان فتوایەکی دا کەپێویستە لاوان خۆیان لەسەر بەکارهێنانی چەكو شەڕی شارەکانو شێوازەکانی شەڕکردنو بەرگری لەخۆکردن رابهێنن.

ئەمە بۆ هەموو ئەوانە پێویستە کەبڕیاریانداوە بەمەبەستی جیهاد رو لە ئەفغانستان بکەن، هەر کەسێکیش ئەم مەشقانە بەجێ نەهێنێو کەمو کوڕی لەئەنجامدانیدا نیشان بدات, هەر کاتێك مرد ئەوا لەشەرەفی شەهید بوون بێبەش دەبێتو وەها حسابی بۆ دەکرێت کە کوژراوەکە ناگاتە پلەی شەهید (لەبەر ئەوەی شەهید پابەندە بەخۆسازدانو ئامادەباشیەوە), وەکی شێخ عومەر عەبدولڕەحمان دەڵێت.

لێرەدا کۆمەڵێك رێو شێونی ئەمنی هەیە کەپەیوەندییان بەچەمکی نهێنیو کارو چالاکی حەرەکیەوە هەیە. بەپێی تێگەیشتنی ئەمیری ئەو گروپە ئیسلامیانە لەواتای جیهاد, هەردوای ئەوەی قۆناغی میوانخانەکانو سەربازگەکان کۆتایی هات، دەست دەکرێت بەرەوانەکردنەوەی ئەو کەسە بۆ ئەوەی پەیوەندی بەیەکێك لەو گروپە شەڕکەرانەوە بکات کەلەبەرەکانی شەڕدانو پێیان دەوترێت فەیلەقی موجاهیدەکان. ئەوەی سەرکردایەتی ئەم فەیلەقانەش دەکات ئەفغانیەکان خۆیانن, لەبەر ئەوەی لەلایەك ئەوان شارەزاترنو لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەیە بالادەستی خۆیان بسەلمێنن. سەرپەرشتیاری گشتی تەواوی ئەم فەیلەقانەش (عەبدولڕەسوڵ سەیافە) کەوەك سەرۆکی دەستەی ئەرکانی ئەو فەیلەقانەو رێکخەری گشتی کاروبارەکانیان وایە.

لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ جەنگو هێرشی سەربازی (ئیتر ئەمە لەبەرەی ئەفغانستاندا بێت یاخود بۆ کارێکی تیرۆریستی بێت لەناو میسردا), دەبێت کەسانێکی دیاریکراو بۆ ئەو کارانە دەستنیشان بکرێنو مستەفا حەمزەی لێپرسراوی باڵی سەربازی میسریەکانی لەپیشاوەر لێ ئاگادار بکرێتەوە. ئەو کەسەی بەئەنجامدانی کارێك لەناو میسردا رادەسپێردرێت, (مستەفا حەمزە) وردەکاری ئەو ئیشەی پێ

دەڵێت. لەگەڵ چۆنیەتی دەسکەوتنی چەك‌و تەقەمەنی لەناو میسردا, لەرێی ئەوانەی لەناو ولاٚتەوە پەیوەندییان پێیانەوە هەیەو هاریکاریان دەکەن. ئەو کەسەی ئەوکارەی دەکرد تەنها بۆی هەبوو لەرۆڵی خۆی ئاگادار بێت, بەبێ ئەوەی ئاگای لەو کارانەبێت کەکەسانی دی ئەنجامی دەدەن یاخود لەتەواوی چالاکیەکە بەئاگابێت. بەر لە ئەنجامدانی کارەکەش بەماوەیەکی کورت ئەو کەسە لەپلان‌و نەخشەی کارەکەی ئاگادار دەکرێتەوە, لەترسی ئەوەی نەك نهێنیەکە ئاشکرا بێت. هۆکاری ئەوەشی کەتەنها زانیاری لەبارەی رۆڵی خۆیەوە هەبێت‌و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر لەو کارە بێئاگابێت, لەبەر ئەوەیە گەر هاتوو ئەم کەسە کەوتە بەردەستی هێزەکانی ئاسایش‌و دەستگیرکرا نەتوانێت ئیعتراف لەسەر کەسانی تر بکات‌و بەشداربووانی دیکە تێوە بگلێنێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەسانی ناو ئەم گروپانە پەیوەندی لەوە پێشتریان لەنێواندا نیەو یەکتری ناناسن, ئەوانە تەنها لەرێی ناوی کونیەکانیانەوە (واتە نازەناوەکانیانەوە) بەیەك ئاشنادەبن‌و ئەمەش دوای گرتنەبەری رێوشوێنێکی ئەمنی تایبەتی دەبێت کەپەیوەندی بەسەرپەرشتی کاری نهێنی ناو ئەم گروپانەوە هەیە. کارێکی لەمجۆرە بەو مەبەستەیە تا لەوکەسانە دڵنیابن‌و بزانن تا چەندێ گوێڕایەڵی ئەو فەرمان‌و رێنماییانەن, بەبێ ئەوەی لێپێچینەوە یاخود تەنانەت پرسیار لەهۆکارەکانیشی بکەن. لەبەرئەوەی ئەوان بەیعەتیان لەسەر ملکەچی‌و گوێڕایەڵێ داوەو بوونەتە ئامرازێکی کوێرو نابینا کەئامادەی هەر کارێکی خۆکوژین, گەر بێتوو داوایان لێبکرێت.

ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم دەستەو تاقمانە دەکەن, بەم شێوەیە کارەکانیان لەناو خۆیاندا دابەشکردووە:

1- محەمەد شەوقی ئیسلامبولی: ئەمیری گروپە ئیسلامیەکانی میسر، لەپیشاوەرەو بەرپرسی لیژنەی فتواشە.

2- مستەفا حەمزە: لێپرسراوی بەشی سەربازی‌و سەرپەرشتیاری گشتی سەربازەکانی مەشق‌و خۆئامادەکردنە، بۆ چالاکیە تیرۆریستیەکان لەناو میسردا.

3- تەلعەت فوئاد قاسم: لێپرسراوی لیژنەی تەنسیقە لەگەڵ سەربازەکانی سودان‌و گواستنەوەی ئەو کەسانەی بەکەڵکی جیهاد دێن لەشەرگەکانی ئەفغانستاندا.

4-ئەیمەن ئەلزەواهری: بەرپرسیاری پەیوەندیکردنە لەنێوان رێکخراوی جیهاد لەهەریەك لە ئەمریکاو ئەوروپا, لەگەڵ میسریەکانی ناو ئەفغانستانو سودانیەکانی ئەوێدا. ئەرکی ئەلزەهواری ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی رێکخراوی جیهانی ئیخوان موسلمینە لەپێداویستیو کەموکوڕیو رادەی ئامادەکردنی گروپە توندەڕەوەکانی ناو ئەفغانستان, واتە ئەلزەواهیری وەکی ئەفسەری پەیوەندیکردن وایە لەنێو گروپە رادیکاڵەکانو ئیخواندا. هەرچی ئەرکەکانی دەرەوەیە لەسەر شانی ئەمە.

بەکورتی ئەلزەواهیری وەکی وەزیری دەرەوەی ئەو گروپە ئیسلامیانە وەهایە, سەرەڕای ئەوەی لەدیارترین ئەو کەسانەیە کەبە کوشتنی سادات لە 1981/10/6 لەمیسر تاوانبارکراوە. هەروەها لەژمارەیەك حوکمی قەزائی لەمیسردا هەڵهاتووەو دواترینیان حوکمی لەسێدارەدانێتی کەلەلایەن دادگای بالآی سەربازییەوە لەمەسەلەی (العائدین من افغانستان) بڕیاری لەسەر دراوە.

5-محەمەد مەکاوی: سەرپەرشتیاری سەربازگەی (جاجی)یەو لێپرسراوی کاروباری مەشقی وەرزشی سەربازیە لەو سەربازگەیەدا. راستەوخۆ پلەی لێپرسراوێتی لەدوای ئەیمەن ئەلزەهریەوە دەهات، بەلاّم دواتر لێی جیابووەو گروپێکی بەناوی (طلائع الفتح)ەوە دروستکرد.

6-جەمال ئەبوبەکر: لێپرسراوی سەربازگەی (کوثر)ە.

7-عەبدولرەحمانی صای: لێپرسراویرێخستنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکانەو خاوەن پلەو پایەیەکی بەرزیشە, لەبەر ئەوەی راستەو خۆسەر پەرشتی محەمەدو عەبدوللاّی کوڕانی عومەری عوبدولرحمان دەکات, (هەواڵی ئەوە هەیە کە لە ئەفغانستاندا کوژرابێت).

لێرە بەدواوەو دێینە سەر رۆڵی رێکخراوی جیهانی ئیخوان موسلمین لەکۆمەك پێکردنو یارمەتی دانی ئەو گروپە رادیکالآنەی ناو ئەفغانستان, لەرێی (عەبدولاّ عەزامی) فەلسەتینەوە کەئەرکی خەرجی میوانخانەکانو سەربازگەکانو کڕینی چەكو تەقەمەنیو جلو بەرگو سەفەرو هاتوچۆو بژێوی خانەوادەو خەرجی سەرجەم کارە نهێنیەکانیشی لەگەڵ ئوسامە بن لادن دا لە ئەستۆ گرتبوو.

لەگەڵ ئەمانیشدا کەسانێکی تر هەن کەلەناو رێکخراوەکانی (الاغاثة) دا بەناوی جۆراو جۆرەوە کاردەکەنو یارمەتی ئەفغانیەکان دەدەن, وەکی (ابی

قاسم) ی ئەنـدامی ڕێکخـراوی (الغـوث) و (ابـی حفـص) ئەنـدامی ڕێکخـراوی (العون الاسلامی). ئەمانە لەگەڵ هەندێ کەسی تردا بوونەتـە ناوەنـدێك لـەنێوان ئیخـوانو سـەرکردایەتی ئـەو گروپـە رادیکالانـەی ئەفغانسـتانو هاوکـات ڕۆڵـی چاودێریکەرێکیش دەبینن, تـابزانن ئـەو پارانـەی لەئیخوانـەوە دێـت بـەچ شـێوەو ڕێگایەك سەرف دەکرێت. بەتایبەتی دوای ئـەوەی سـەرانی ئـەو گروپانـە یـەکتریان بەدزینو تالانبردنی ئەو پارەو پولانە تاوانبار کرد.

هەروەها ئەرکێکی دیکەی ئەو کەسانە جگە لەوەی باسمانکرد, چاودێریکردنو دڵنیابوونــە لەئاســتی مەشــقو ڕاهێنــانی چــەکدارەکانی ئــەویو چــۆنیەتی چەکدارکردنیان, ئەمەش لەرێی تەنسیقکردن لەگەڵ (سەیاف)ی سـەرۆکی پـارتی یــەکگرتووی ئەفغانیــدا دەبێــت. چــالاکیەکانی دیکــەی ئەفغانــە میســریەکان لەپیشــاوەر دەرکردنــی بلاوکراوەیەکــە بــەناوی (المرابطـوان)ەوە کەشــەوقی ئیسلامبولیو چەند کەسێکی دیکە سەرپەرشتی دەکەن. ئەم بلاوکراوەیـە لەلایـەك پڕوپاگەنــدە بــۆ بیروبۆچــوونی تاقمەکــەیان دەکــاتو لەلایــەکی تــر کــارو چـالاکیەکانیان بلاودەکاتـەوە. لـەم بلاوکراوەیـەدا چـەند قەڵـەمێکی وەك: (راشـد ئەلغەنوشـی) رابـەری بزوتنـەوەی ڕاپـەڕینی ئیسـلامی لـەتونسو (شـێخ عومـەر عەبدولڕەحمانو کەرەم زوهـدیو عبـود الزمـرو نـاجح ئیـبراهیمو عـادل حسـێن), تیایــدا دەنووســن. بــەپێی ئیعترافــاتی ئــەو کۆمەڵــە ئەفغانــە میســریەی لەئەســکەندەریە دەســگیرکرانو لەبــەردەم دادگــای ســەربازیدا دادگــاییکران, رایدەگەیـەنن کەپەیوەنـدی مکـۆمو تونـدوتۆڵ لـەنێوان (قەڵبـەدین حیکمـەتیارو ئیخوان موسلیمین)دا هەیە.

ئەوانــەی لەئەســکەندەریەدا دەســگیرکران، دووەم دەســتەن کەرەوانــەی میســر کراونەتەوە. پاش ئەوەی تـاقمی یەکـەمیان توانیـان دەست لـەئامانجو دامـەزراوە گەشتو گوزارییەکان بوەشێنن، ئەوانە هەموویان بەدورو درێژی لەبەردەم دادگـای سەربازیدا دانیان بەوەدانا کە ڕێکخـراوی جیهـانی ئیخـوان موسـلمین چ ڕۆڵێکـی بینیوە لەکۆمەك پێکردنو پشتیوانی کردنیـان, سـەرباری ڕۆڵـی سـودان لـەرێگا خۆشکردن بۆ هەڵهاتنیانو دابینکردنی پێداویستی سەفەرکردنیانو چوونەوە نـاو پیشاوەرەوە.

هەروەها سەرانی ئەو گروپانـە لـەناو خـۆی میسـردا زیـاتر پشـت بـەرۆڵی ئـەو کەسـانە دەبەسـتن کەلـە پیشـاوەرەوە دەگەڕێنـەوە, لەبەرئـەوەی ئەوانـە مەشـقێکی

زۆریـان پێکـراوەو چـوونەتە نـاو جەرگـەی شـەڕەکانەوەو راهـاتوون و لێهاتوویـەکی چاکیان لەشەڕی پارتیزانی ناو شارەکاندا هەیە.

رەنگە هەندێك لەمە بـێ ئاگـابن کـەدیارترین ئـەو تیرۆریسـتانەی رووداوەکـەی سالّی 1981 یان لەناو میسردا ئەنجامدا, چوون بەرەو ئەفغانسـتان و لەبەشـێکی ئـەو تاقیکردنەوەیـەدا بەشـدار بـوون. نمونـە دیارەکانیشـیان وەکـی (صـفوت عبدالغنی) کەنزیکەی دوو سالّ لەئەفغانستاندا مایەوە, لەگەڵ (شـەریف ئەحمـەد شەریف و شەعبان رەجەب عەلی و شەریف حەسەن ئەحمەدو چەندانی تـر). پیشـاورە زۆر لەوە زیاتری تێدایەو دەتوانێت نمونەی ئەوانە رەوانەی هـەموو شـوێن و جێیـەك بکـات. هـەتا ئێسـتاش شـەمەندەفەری تـیرۆر, لـەم وێسـتگەوە بـۆ ئـەو وێسـتگە بەرێوەیە.

**سەرچاوە:**

نبيل شرف الدين: امراء ومواطنون مدبولي, القاهرة – الطبعة الاولى, 1998

# عەبدولناسرو ئیخوان موسلمین
# ( گفتوگۆ )

***عەبدوڵڵا ئیمام: با لەپەیوەندی عەبدولناسر بەئیخوان موسلمینەوە دەستپێبکەین، بەر لەشۆڕشی یۆلیۆ. (سامی شەرەف) لەم رووەوە دەڵێ چی؟**

-سامی شەرەف: گەر رێگام بدەیت حەزدەکەم بەشێوەیەکی مێژوویی کورت بگەڕێمەوە بۆ بەر لەشۆڕشی یۆلیۆ، بگەڕێمەوە لای ساتەوەختی بەر لەپەیوەندی ناسر بەئیخوانەوە، یان بۆ پەیوەندی حوکم لەمیسر بە کۆمەڵەی ئیخوانەوە.. لەنێوان فاروق‌و ئیخواندا پەیوەندی هەبووە، فاروق ئیخوانەکانی بەپاڵپشتی گەورەی خۆی دەزانی، بەو پێیەی رێکخراوێکن بەرهەڵستی چالاکی شوعیەت دەکەن. هاوکات شا فاروق لەدژی حزبی (وەفد) پشتیوانی لەئیخوان موسلمین دەکردو پێیوابوو ئیخوان تەنها گروپێکن پشت بەبنەما میللیەکان دەبەستن‌و دەتوانن لەڕووی جەماوەرییەوە تەنگ بەوەفد هەڵبچنن. لەڕێککەوتە سەیرەکان لەمێژووی زۆر نزیکماندا ئەوەیە ئەنوەر سادات هەمان رەفتاری سەردەمی پاشایەتی پەیڕەو دەکرد، بەڵام بەهەندێك جیاوازییەوە، ئەوەیش ئەوەیە ئەو گروپەی بۆ دژایەتیکردنی ناسرییەکان بەکاردەهێنا. پەیوەندی ئیخوان موسلمین بەفاروقەوە توندوتۆڵ بوو، دوو رووداو هەن جۆری ئەو پەیوەندییە دەسەلێنن. زۆرجار کە خوالێخۆشبوو مامۆستا (حسن الهضیبی) رابەری گشتی ئیخوان موسلمین چاوی بەشا فاروق دەکەوت، لەدوای هەر دیدارێکی رایدەگەیاند کەوا سەردانەکەی سەردانێکی خانەدانانەبووە بۆ پاشایەکی وەجاخ زادە.

لەناوچەی کەناڵدا سەرکردایەتی ئیخوان موسلمین دژ بەخەباتی چەکداری بوو، بەڵگە هەیە کەوا هەندێك لەوانەی پەیوەندییان بەئەندامانی هێزی بەرگرییەوە هەبووە، چەك‌و تفاقیان بەمەبەستی بەکارهێنانی بردۆتە ئەوێ‌و لەکۆگاکانی پارێزگای (الشرقیە)و لەناوچەی نۆکەندی سوێس، بەتایبەت لەناوچەی ئیسماعیلیەدا هەڵیانگرتون.

لەیادمە ساڵی 54 ئەو کاتەی لەموخابەراتی گشتی بووم، لەگەڵ دەستەیەك لەئەفسەرانی موخابەرات‌و سەربازی راسپێردراین تا دەست بەچالاکییەکی پشکنینی بەرفراوان بکەین لەناوچەی کەناڵی سوێسدا، بەمەبەستی دۆزینەوەی کۆگاکانی چەك لەوناوچەیەدا. لەم کارەدا مەحمود حسنی عەبدولقادر هاوەڵم بوو کە یەکێك بوو

لەئەفسەرانی پۆلیسی سەربازیو تائێستاش لەژیاندا ماوە، کۆگایەکی زۆری چەکمان لەناو بیابانەکانو دەوروبەری شاری ئیسماعیلیەو دەروازەکانی پارێزگای (الشرقیە)دا دۆزیەوە. دوای چاوپیاخشاندنو پشکنینی ئەو چەكو تەقەمەنیانە لەلایەن پسپۆری هونەرییەوە، گەیشتینە ئەوەی ئەمە ئەو چەکانەیە کەبەر لەشۆڕشی یۆلیۆ لەکۆگاکانی هێزە چەکدارەکاندا بووە، بۆ ئەوەی ئیخوان موسلمین لەبەرخودانو خەباتکردن لەدژی ئینگلیز بەکاری بهێنن.

***عەبدوڵڵا ئیمام: بابگەڕێنەوە لای ئەو پرسیارەی سەرەوە. پێموایە ئیخوان لەو ماوەیەدا بەتەنها پەیوەندییان لەگەڵ کۆشکدا نەبووە، بەڵکو لەبنەڕەتەدا پەیوەندییان لەگەڵ ئینگلیزدا هەبووە. لەو باوەڕەشدام کاری رێککەوت نەبوو کە سەرەتای دروستبوونی ئیخوان لەناوچەی ئیسماعیلیەدا بێت کە ئەوکات بارەگای سەرەکی ئینگلیزو کۆمپانیای کەناڵی سوێس بوو. یەکەم یارمەتیەکیش رێکخراوی ئیخوان موسلمین وەریگرتبێ لەکۆمپانیای کەناڵی سوێسی کۆلۆنیاڵیەوە بوو، ئەم یارمەتیشە هۆکاری دروستبوونی یەکەم جیابوونەوەبوو لەناو ریزەکانی ئیخواندا. پاشان دواتر دەبینین ئەم پەیوەندییە لەرێی پەیوەندی کردنیانەوە بەراوێژکاری بەشی رۆژهەلاَت لەباڵیۆزخانەی بەریتانی میستەر ئیڤانەوە تەئکیدی لێدەکرێتەوە، ئەمە رای منەو ئێستاش دێینە سەر پەیوەندی عەبدولناسر بەئیخوانەوە.**

-سامی شەرەف: بەر لەشۆڕش (جەمال عەبدولناسر) پەیوەندی بەهەموو بزوتنەوە سیاسیەکانەوە هەبوو (شێخ حەسەن بەننا)ی دەناسی، بەلاَم بۆخۆی ئەندام نەبوو لەئیخوان موسلمیندا. هەروەها خەڵکانێکی لەوەفدو لەشیوعیەکان دەناسی، لەبەرئەوەی ئەو لەدواناوەندییەوە سەرقاڵی کاری سیاسی بوو.

***عەبدوڵڵا ئیمام: کاتی روودانی شۆڕش عەبدولناسر ئەندام نەبوو لەئیخوان موسلمیندا، راستی ئەمەش شایەدی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەیسەلمێنێ کە لەئیخوانەوە نزیك بوون. وەك بەڕێز کەمال الدین حسێن پێی وتم: (ئیخوان موسلمین پەیوەندییان بەشۆڕشەوە نەبوو. تەنانەت بۆ قسەکردنیش لەبارەی شۆڕشیشەوە یەکێك لەئەفسەرەکان هاتبوو بۆ هەواڵ پێدانمو رێککەوتی یەکێك لەو ئەفسەرانەی کردبوو کە پەیوەندی بەئیخوانەوە هەبوو کە لەلام بوو، بەلاَم لەبەردەمی ئەودا هیچی نەوت بوو، بەڵکو چووینە ژوورێکی دیکە تا ئیخوان بەکاتی شۆڕش نەزانن). دوای ئەوەش دەزانین کە ئیخوان لەپشتیوانیکردنی شۆڕش دوو دڵ بوون تا رۆژی 26ی یۆلیۆ پادشا لەوڵات دەرچوو، ئەم مەسەلانە ئاشکران و دوای رۆیشتنی پادشا بەیاننامەیەکیان بلاَوکردەوە. پاش ئەوە ئەوان دروشمی داخوازی دکتاتۆریەتیان بەرزکردەوە. سەرەتای شۆڕش دیدارێکی بەپەلەو خێرا**

**لەنێوان عەبدولناسرو** الهضيبي **دا کـرا، لـەو دیـدارەدا** الهضيبي **داوای حیجـاب پۆشـین و داخستنی هۆڵی سینەماکانی کرد بوو، ناسر لەوەڵامدا وتبووی: تۆ کچەکەی خۆت موحەجەبـە نییە، بۆیە بەرلەوەی داوای ئەوە لەمن بکەی حیجاب بەسەر ژنانی میسردا فەرز بکەم، پێویستە تۆ بەسەر کچەکەی خۆتیا فەرز بکەی، چونکە حیجاب لـەڕێی یاسـاوە فـەرز ناکرێـت، بـەڵکو بەرەنجامی قەناعەتی کەسەکە خۆیەتی.**

**دوای ئەوە رێـم بـدە پرسیارت لەمـەڕ رووداوەکـانی سـاڵی 1954وە لێ بکـەم. سـاڵی 1954 دانوسـتانی نێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و حکومـەتی بـەریتانی لەسـەر مەسـەلەی کشانەوەی سـوپای بـەریتانیا لەمیسـر دەسـتی پێکـرد، چـونکە ئـەوە مەسـەلەیەکی سیاسـی جەوهەری بوو کە هەر لەسەرەتاوە سەرجەم چـالاکی سیاسـی حزبایـەتی لەسـەر راوەسـتابوو، بەتایبەتی حزبی وەفد کە لەسەرەتایەوە لەسـەر دەرکردنـی ئینگلیـز دروسـت بـوو بـوو. لـەم ماوەیەدا کە دانوستان لەگەڵ ئینگلیزدا هەبوو، ئیخـوان هـەوڵی تێکـدانی ئـەو دانوسـتانەیان دەداو ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە پەیوەندی لەنێوان ئەوان و ئینگلیزدا هەبووە؟**

-سامی شەرەف: دانیشتنەکانی نێوان ئیخوان و ئینگلیز لەو ماوەیەدا حەوت دانیشتن بوو، لەوانە دوانیان لەماڵی دکتۆر محەمەد سالمدا بوو لەمـەعادیو هـەردوو دانیشـتنەکە لەلایەن ئیخوان موسلمینەوە (منیر دله)و (ساڵح ابو رقيق) ئامادەی بوون.

***عەبدوڵڵا ئیمام: ئایا ئەم دانیشتنانە لەژێر چاودێری دابوون؟**

سـامی شـەرەف: لەلایـەن دوو دەزگـاوە چـاودێری دەکـران (لێکۆڵینـەوەی گشـتیو موخابەراتی جەنگی). ئەوکات مـن لەبەشـی تایبـەتی موخابـەراتی جـەنگی بـووم و ئـەم بەشە تایبەتیەش لەبنەڕەتەوە بۆ گرنگـی دان بوکاروبـاری نـاوخۆی میسـرو دابینکردنـی ئاسایش دانرابوو. ئەم بەشە چوار لقی هـەبوو، لقێکیـان تایبـەت بـوو بـە بەدواداچـوونی چـالاکیو جموجـوڵی حزبـیو تـائیفی. لەوکاتـەدا ئـەرکی سـەرەکی بەشـی تایبـەت لـە موخابـەراتی جـەنگی چـاودێریکردنی جموجۆڵـە ناوخۆییـەکان بـوو، بـەهاریکاریو تەنسیقکردن لەگەڵ دەزگای لێکۆڵینـەوەی گشـتیدا. لـەو دوو دیـدارەی لـەماڵی دکتـۆر محەمـەد سـالمدا لەمـەعادی کـرا، لەلایـەن ئینگلیـزەوە (ئیڤـانز)ی راوێـژکاری بەشـی خۆرهەڵات لەباڵیۆزخانەی بەریتانیا لەمیسر ئامادەی بوو، لەلایەن ئیخوانیشـەوە (مـنير دله)و (ساڵح ابو رقيق). دوو دانیشتەکەش لەماڵی باڵیوزی بەریتانیا کرا کـە دەعـوەتی چا خواردنەوەی کردبوون، هەمان شت (منیر دله) (ساڵح أبو رقيق) ئامادەبوون. پاشـان دیـدارێکی تایبـەت لـەماڵی (الهضـيبی) رابـەری گشـتی ئیخـوان موسـلمین لـەنێوان (الهضـيبی)و (ئیڤـانز) بـەئامادەبوونی (مـنير دلـە) رێکخـرا، هـەروەها دوو دیـدار

لەیەنایەری سالّی 1954 لەنێوان حەسەن عەشماوی‌و کروزویلی وەزیری مفەوەز لەباڵیوزخانەی بەریتانیا کرا. ئەم دیدارەش لەدوو کاتدا بوو، یەکەم هەمان ڕۆژ لەسەعات حەوتی بەیانی تا پاش نیوەڕۆو دووەمیان لەچواری پاش نیوەڕۆ تا یانزەی شەوی خایاند.

*عەبدوڵلا ئیمام: ئەم وەزیرە (واتە مستەر ئیڤانز)، سەردانی دەکرد؟

-سامی شەرەف: لەقاهیرە کاری دەکرد، وەزیری مفەوەزی باڵوزخانەبوو. ئەم حەوت دیدارە لەماوەی نێوان کۆتایی مارسی 1953و لەماوەی ئیپریل‌و مایۆی 1953دا ئەنجام دران. ئەو بابەتانەش لەم دانیشتنانەدا باسکران لەهەڵوێستی ئیخوان لەشۆڕش‌و مەسەلە نیشتمانیەکان نەچوونە دەرێ، ئەویش بریتی بوو لە: دانوستان لەگەڵ ئینگلیزو چوونە دەرەوەی سوپای بەریتانی بوو لەمیسر. رای ئیخوان موسلمین وابوو کەدەبێ گەڕانەوەی ئینگلیز بۆ بنکەی کەناڵ لەسەر راوبۆچوونی لیژنەیەکی هاوبەشی میسری بەریتانی بێت، ئەوەشی بڕیار لەسەر مەترسی شەڕ دەدات نەتەوەیەکگرتووەکانە، ئەم رایە بوو کەئینگلیز لەماوەی دانوستاندا دەستبەرداری نەدەبوو، هاوکات ئەمە ئەو شتەبوو کە شۆڕش لەوتووێژەکاندا بەلایەوە پەسەند نەبوو.

*عەبدوڵلا ئیمام: ئەی خواست‌و داواکاری شۆڕشی یۆلیۆ چی بوو؟

-سامی شەرەف: کشانەوەی تەواوی بەریتانیاو بالادەستی تەواوی سەرکردایەتی شۆڕش بوو بەسەر خاکی میسردا، هەرچیش پەیوەندی بەکاروباری میسرەوە هەیە شۆڕش بڕیاری لێدەدات.

*عەبدوڵلا ئیمام: لەماوەی دانوستاندا پەیوەندی لەنێوان ئینگلیزو ئیخواندا هەبوو؟

-سامی شەرەف: ماوەی تا یەنایەری 54 لەکاتی دانوستاندا پەیوەندییان ئاسایی بوو، شکلێکی دیاریکرای وەرنەگرتبوو، کەسانێکی وا هەبوون چاویان بەراوێژکاری بەشی ڕۆژهەلات یان وەزیری مفەوەز لەباڵیۆزخانەی بەریتانیا دەکەوت.

*عەبدوڵلا ئیمام: واتە پەیوەندییەکان نەپچڕابوون؟

-سامی شەرەف: بەڵێ پەیوەندییەکان نەپچڕابوون.

*عەبدوڵلا ئیمام: هەڵوێستی شۆڕش لەوماوە ناسکەدا لەم پەیوەندیکردنە چۆن بوو، ئایا بەتەنها ئاگەدارکردن‌و چاودێریکردن بوو یاخود هەڵوێستێکی دیاریکراو هەبوو؟

-سامی شەرەف: هەڵوێست هەبوو.. بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە باس لەبەسەرهاتێکی درێژ دەکەم. لە 23ی یۆلیۆوە دەرچوونی ئیخوان لەرێکخراوی دامەزرێنەری ئەفسەرانی ئازادیخواز دەست پێدەکات. کاتێك (عبدالمنعم عبدالرؤوف) خواست‌و داواکاریەکانی ئیخوانی خستەڕوو، پەسەندکران. (عبدالمنعم) شەش مانگ بەر

لەشۆڕش لیژنەی دامەزرێنەری ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی بەجێهێشتبوو، دوای شۆڕش لەساڵی 1953دا رێکخستنێکی ئیخوان موسلمینیان لەناو پۆلیس‌و سوپادا ئاشکراکرد. ئەوکات (صلاح شادی) لێپرسراوی پۆلیس بوو، هەریەك لە (أبو المکارم عبدالحي)و (عبدالمنعم عبدالرؤوف) کە راسپێردرابوون بەسەرپەرشتیکردنی رێکخستنەکانی ناو سوپا هاریکاریان دەکرد. گروپەکە (محمود لبیب) سەرکردایەتی دەکردن‌و ئەویش ئەفسەرێکی کۆنبوو. لەکۆتایی 1952و سەرەتای 1953وە جموجوڵی ئەم گروپانە لەناو هێزە چەکدارەکان‌و پۆلیسدا زیادیکرد، هاوکات لەگەڵ داواکردنیان بەوەی چاودێربن بەسەر شۆڕشەوە (وەکو ئامرازێکی فشار). بەرنامەی ئەم گروپە ئەوەبوو لەو دانیشتنانەدا ئەفسەرەکانی پۆلیس‌و سوپا لەیەك کاتدا کۆبکەنەوە. من بۆخۆم ئامادەی دانیشتنەکان بووم‌و هەندێکی تر لەبرایانی ئەفسەرانی موخابەراتیشم لەگەڵ بوو، وەك خوالێخۆشبوو (زغلول کامل‌و محمود عطیة‌و هەندێ جاریش عبدالحمید شدید). لەو کۆبوونەوانەدا گوێبیستی ئەو شتانە دەبووین کەدەوتران‌و پاشان هەڵدەستانین بەئاگادارکردنەوەی سەرەوە لەکارو چالاکی ئەو گروپانە لەناو هێزە چەکدارەکاندا.

ئەم کۆبوونەوانە شێوەی کۆبوونەوەیەکی هەفتانەی کۆمەڵایەتی وەردەگرت (وەك داوەت چا خواردنەوە یان دانیشتن‌و یەکتر بینین)، لەباخچەی یەکێك لەئەندامانی ئیخوان کە لە ناوریزەکانی سوپا یان پۆلیسدا بوون. لەو دانیشتنانەدا قسەی گشتی دەکراو لەورێیەوە هەوڵیان دەدا خەڵکانێك بۆلای خۆیان رابکێشن، هاوکات دەستیان بەرێکخستنێکی تریش کردبوو لەناو مامۆستایانی مەشق‌و یاریدەرانیان کە هەڵمەت بەرانن. ناوەڕۆکی قسەو باس لەگەڵ ئەم کەسانەدا تایبەت بوو بەوەی کەئەمانە مافیان هەیە تاسەرکردایەتی پۆلیس‌و سوپا بکەن، لەبەرئەوەی بڕبڕەی پشتی کارکردنن لەناو ئەم دامودەزگا گرنگ‌و چالاکانەدا. لەگەڵ ئاگاداکردنەوەی بەرپرسان لەجموجوڵی ئەم گروپانە، سەرۆك (جەمال عەبدولناسر) بانگهێشتی (حەسەن العشماوی) کرد بۆ ئەنجومەنی شۆڕش‌و پێی وت: زانیاری ئاواو ئاوامان لایە. (حەسەن العشماوی) وەڵامی نەدایەوە، بەڵام بەڵێنی ئەوەی دایە کە ئەم شتانە بگەیەنێتە رابەری گشتی‌و ئەوی لێ ئاگاداربکاتەوە. کاتێ سەرۆك ناسر لێی پرسی زانیاری لەبارەی جموجوڵی ئەم گروپانەوە چییە (وەك زانیاری شەخسی خۆی)، لەبەرئەوەی پەیوەندی شەخسی لەنێوان سەرۆك و (حەسەن العشماوی)دا هەبوو، ئەم پەیوەندییەش رێی ئەوەی پێدەدا پرسیاری لەو جۆرە لێبکات. (حەسەن العشماوی) بێئاگایی خۆی لە هەرشتێ لەو چالاکییانە نیشانداو

قسەی نەکرد. جموجۆڵو چالاکی ئەو گروپە بەردەوام بوو، سەرۆك بۆ جاری دووەم (حەسەن العشـماوی) بـانگ کـردەوەو لێـی پرسـی چـیت کـردووە؟ ئایـا رابـەری گشـتی ئاگادارکردۆتەوەو پێی وتووە؟ لەوەڵامدا وتی: بەدکتۆری دەرمانساز (خمیس حمیدە)ی وتووە کە جێگری رابەری گشـتییە. لەگـەڵ ئـەو جموجـۆڵو چـالاکییانە لـەناو ئەفسـەرانو مامۆستایانی مەشـقدا هـەبوو، چـالاکی رێکخراوێکـی خوێنـدکارانیش لـەزانکۆکانی قاهیرەوە ئەسکەندەریەدا دەستی پێکرد. لەڕۆژی یادی شەهیداندا مەراسیمێك لـەزانکۆی قاهیرەدا سازدراو لێرەوە بەشێوەیەکی بەرچاو چالاکی ئیخوان موسـلمین بەسـەرکردایەتی (حەسەن دوح) ئاشکرابوو کە لێپرسراوی رێکخراوی لاوانو کاروچالاکی زانکۆکان بـوو، هـەروەها (عبـدالحکیم عابـدین)ی زاوای (حەسـەن بـەننا)ی سـکرتێری گشـتی ئیخـوان موسلمینیش یەکێك بوو لەسەرکردەکانیان.

دوای ئـەوە چـالاکییەکان لـەناو زانکـۆدا پـەرەی سـەندو گـۆڕان بـۆ خۆپیشـاندان. لەیەنایەری 1954 لەزانکۆی قـاهیرە پێکـدادان لەگـەڵ خوێنـدکارانی دیکـەو پـۆلیسو دەزگا پەرپرسەکان روویدا، ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو ئەوەبوو کە لەم خۆپیشاندانانەدا زنجیری ئاسـنو دارو تـێلای تیـادا بـەکارهاتو تەقەشـی تیـادا کـرا.. کۆمـەڵێکی زۆر دەسـتگیرکران کـەژمارەیان پێـنج سـەد کەسـێك دەبـوو. لەوکاتـەدا پادشـای سـعویە لەسەردانی قاهیرەبوو، کەوتە نێوانـەوەو لای ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشو سـەرۆك عەبدولناسر هەوڵی بەردانی گیراوەکانیدا. ئەوەبوو گیراواکان ئازادکران بەبێ ئەوەی هـیچ شتێکیان لەبەرامبەر بکرێت، هەوڵی پادشای سعودیە بـۆ بـەردانیان لەبەرامبـەر ئـەوەدا بوو ئیخوان بەڵێن بدەن کەهیچ جـۆرە کـارو چـالاکییەکی سیاسـی لـەناو خوێندکارانـدا ئەنجام نەدەن.

***عەبدوڵلا ئیمام: ئەوکات بۆچونێك هەبوو، ئەو رایـە هـەرواش مایـەوە کەرێگـە لەچـالاکی ئایینی ئیخوان وەك رێکخراوێك کە بانگەێشت بۆ ئیسلام دەکـەن نـەگیرێت، لەسـەر ئـەوەش رێککەوتبوون ئایین بۆ مەبەستی سیاسی بەرکارنـەهێنرێتو هەرچـیش پەیوەنـدی بەچـالاکی ئاینیانەوە هەیە، ئەوا هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە؟**

-سامی شـەرەف: بـەڵێ، بـەلام لـەدوای بـەردانیان پابەنـدی مـەرجی ئـەو ئازادکردنـە نەبوون، بەڵکو بەیاننامـەیەکیان لەدژی (عەبدولناسر) بلاوکردەوەو تێیدا وتبوویان کـەوا ئـەو بـۆ حسـابی نـوری سـەعید لـەعیراقو زاهـدی لـەئێران کاردەکـات. هـەروەها داوای کوشتنی ناسرو نوری سەعیدو زاهدیان کردبوو. پاش ئەمە رێککەوتننامـەی کشـانەوەی سوپای بەریتانیا لەمیسر مۆرکرا، دەزگای موخابـەرات لـەو ماوەیـەدا تـا سـێبتێمبەری

54 تێبینی ونبوونی (الهضیبی) کردبوو لەقاهیرە. لەسەرەتای ئۆکتۆبەری 1954ەوە هەوڵی تیرۆرکردنی ناسر درا لەگۆڕەپانی (المنشیە)ی شاری ئەسکەندەریە. (محمود عبداللطیف) کەبەو کارە راسپێردرابوو دەستگیرکراو دادگاییەك بۆ دادگاییکردنی ئیخوانەکان پێکهات کە بەهەوڵی کوشتنی عەبدولناسر تاوانبار کرابوون. لەمیانەی لێکۆڵینەوەو دانپیانانی دادگاوە دەورو رۆڵی ئەم لایەنە سەرەکیانەی خوارەوە سەلمێندرا، کەوا بەکورتی باسیان دەکەین:

یەکەم: دەزگایەکی نهێنی هەبوو کەئیش‌و کاری تیرۆری سیاسی بووە.

دووەم: کۆگای چەك شاردنەوەی هەبووە.

سێیەم: یارمەتی دەرەکی هەبوو.

چوارەم: (محمود عبداللطیف) بەختەتی خۆی دانی بەوەدانا کە (هنداوی دویر)ی پارێزەر ئەو دەمانچەیەی داوەتێ کە لەهەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولناسر لەگۆڕەپانی (المنشیە) لە ئەسکەندەریە بەکارهاتووە، ئەو دەمانچەیەشی لەئۆفیسەکەی (عبدالقادر عودە) بەئاگاداری ئەو وەرگرتووە. بڕیار بوو هەوڵی کوشتنی ناسر لەگۆڕەپانی کۆماری لەقاهیرەی پایتەخت جێبەجێ بکرێت، پاشان پلانەکە گۆڕدرا بەمەیدانی (المنشیە) لەئەسکەندەریە. (محمود عبداللطیف) بەنووسین دانی بەوەدا ناوە ئەو بەڵگەنامەیەی ماوە کە (هنداوی دویر) لەبەیعەیەکی تایبەتدا پێی وتووە: (خوا پێی خۆشە ئەم خوێنە گەرمە لەپێناوی یەزداندا ببینێ!).

پێنجەم: (هنداوی دویر) خۆی تەسلیمی یاساکردو بەویستی خۆیشی ئیعترافی بەمانە کرد:

1-ئەو بڕیارانەی بۆ کوشتنی عەبدولناسر بەدەستی گەیشتووە نووسراوەو پێویستە لەسەری (محمود عبداللطیف) بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکە راسپێرێ.

2-ئەو دەمانچەیەی (محمود عبداللطیف) هەوڵی تیرۆرکردنەکەی پێداوە، بەئامادەبوونی (عبدالقادر عودە)و لەئۆفیسەکەی ئەودا ئەم داویەتێ.

3-بڕیارەکان وەهابوو جگە لە (محەمەد نەجیب) ئەندامانی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تیرۆر بکرێن، ئەم کارانەش دوای کوشتنی عەبدولناسر ئەنجام بدرێن.

4-هەروەها بڕیاروابوو کەدەبێت زیاتر لەسەدوپەنجا ئەفسەر لەناوببرێت، یان بەکوشتن یاخود بەفڕاندنیان لەماڵەکانیان.

5-دوای جێبەجێکردنی کوشتنو فڕاندنی ئەوانە، چەند تاقمێك لەئیخوان موسلمین دەست بەسەر دامو دەزگاکانی دەوڵەتدا بگرن.

6-دوای ئەوە ئەنجومەنێك بۆ لەئەستۆگرتنو بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دادەمەزرێت لە (عبدالرحمن عزامو محمد عشماوی پاشا) کەوەزیری مەعاریفو باوکی (حەسەن العشماوی) بوو، لەبری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.

7-راسپاردنێکی دیکەی هاوشێوەی ئەوەی (محمود عبداللطیف) هەبوو بۆ تیرۆرکردنی عەبدولناسر، لەهەرکاتو لەهەر جێیەکدا کەبەباشو گونجاوی دەزانێت.

شەشەم: چەند دەستەو گروپێکی هەڵبژاردە لەدەزگای نهێنی هەڵدەستن بەتەقاندنەوەو کاولکردنی دامەزراوە ستراتیژیەکان، لەقاهیرەو ئەسکەندەریەو چەند پارێزگایەکی تر لەیەك کاتدا.

حەوتەم: نەخشەیەکی تریش دانرابوو لەحاڵەتی سەرنەکەوتنی تیرۆرکردنی ناسر بەگوللە، ئەوا یەکێك لەئیخوانەکان راسپێردرێ کە لەڕێی خۆ تێکەڵکردن بەهاوولاتیانو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ناسر لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یان لەبارەگای ئەنجومەنی وەزیران، باوەش بەسەرۆکدا بکاو لەڕێی ئەو تەقەمەنیانەی لەخۆی بەستووە هەردووکیان لەناوبچن. بۆ زانیاریت مەسەلەی ئەو جۆرە تیرۆرکردنە پێشتر دەزگای نهێنی ئیخوان لەسەر یەکێك لەئەندامەکانی خۆیان تاقیانکردبووەوە (ئەویش ئەندازیار فایز عبداللطیف) بوو لەساڵی 1953دا، بێگومان خۆیان تەواوی ئەم بەسەرهاتە دەزانن.

هەشتەم: (ابو المکارم عبدالحی) کە ئەفسەری سوپا بوو بەرپرسی دەزگای نهێنی ئیخوان موسلمین بوو لەناو هێزە چەکدارەکان، ئەو پلانی تەقاندنەوەی ئەو فرۆکەیەی دانابوو کە عەبدولناسر لەهاتوچۆکردنیدا بەکاری دەهێنا.

نۆیەم: ساڵی 1953 سەرلەنوێ دەست بەڕێکخستنەوەی دەزگای نهێنی کرایەوەو (یوسف تەلعەت) سەرکردایەتی وەرگرت کە رۆڵی گەورەی لەهەڵبژاردنی (حسن الهضیبی)دا وەك رابەری گشتی ئیخوان موسلمین هەبوو، هەروەها یەکێك بوو لەوانەی دەستێکی باڵای هەبوو لەهەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولناسر لەگۆڕەپانی (المنشیە). جێی باسە کە بڵێین بەرپرسی دەزگای نیهێنی ئیخوان کەوتبووە ئەستۆی هەریەك لە: لیژنەی سەرپەرشتیار: (یوسف تەلعەت، ئیبراهیم الطیب بەرپرسی قاهیرە، ئەحمەد حسێن بەرپرسی هەرێمەکان، صلاح شادی بەرپرسی پۆلیس، ئەبو المکار عبدالحی بەرپرسی سوپا)، لیژنەیەکی باڵاش بۆ ئەو دەزگایە دامەزراو پێکهاتبوو لەهەریەك لە: (سعید

سابق، محمد خميس حميده، محمود الصباح، محمد فرغلي، احمد زكي). ئەمە ئەو تەمسیلیەیە کە پێیان وایە لەڕێی عەبدولناسرەوە دروستکراوە.

***عەبدوڵڵا ئیمام: ئەو دادگایەی دادگایی ئیخوانی دەکرد خوالێخۆشبوو (جمال سالم) سەرۆکایەتی دەکرد، ئەندامەکانیشی (ئەنوەر سادات و حسێن الشافعی) بوو کە کەسێکی زۆر نزیك بوو لەئیخوانەوە، بەڵام تائێستاش ئیخوانەکان دەڵێن: رووداوی (المنشیە) پلانێکی دروستکرابووە بۆ لێدان و پاکتاوکردنی ئێمە. بێگومان دەکرا ئیخوان بەبڕیارێك هەڵبوەشێرێتەوە، تەنانەت بەر لەشۆڕشیش هەڵوەشێنرابوونەوە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە دەگوترێت گوایە ناسر لەم ماوەیەدا ناردوویەتی کراسێکی وای بۆ بکڕن گوللە نەیبڕێت، تاخۆی بۆ نواندنی ئەو دەورە لەتەمسیلیەکەدا ئامادە بکات!**

-سامی شەرەف: ئەمە راست نییە، چونکە عەبدولناسر خۆی پیاوێکی بڕواداربوو. مەسەلەی ئەو کراسەی گوللە نایبڕێت راستە، (حەسەن التهامی) لەخۆیەوە لەکاتی سەردانەکەی بۆ ئەمریکا لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، بەبێ ئەوەی کەس رای بسپێرێ. گوایە بەمە خزمەتێکی عەبدولناسر دەکات، بەڵام عەبدولناسر زۆری لێ تووڕەبوو، ئەوشتەی رەتکردەوە. عەبدولناسر لەژیانیدا هیچ کراسێکی گوللە نەبڕی لەبەرنەکردووە. ئەو خاڵەی دەخوازم باسی لێ بکەین بیری گشتی ئیخوانە، تەنانەت (حسن البنا) لەسەردەمی خۆیدا دەڵێت هێندە بەسە کە ئێمە موسڵمانین، بڕواشمان لەقورئان و حەدیسەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە دەقی قسەی خوالێخۆشبوو (حسن البنا)یەو دەڵێت: (ئیسلام خواپەرستی و حوکمکردنە.. قورئان و شمشێرە).

بەبۆچوونی من ئەم تەلیسم و نارۆشنیەی پیاوی سیاسی یارمەتی بڵاوبوونەوەی بەتایبەت لەناو نەخوێندەوارو گەنجەکاندا دەدات، بەمەبەستی گردکردنەوەیان لەدەوری خۆی. نەبوونی پەیڕەو پرۆگرامێکیش لەناو ئەواندا بۆ ئەوەیە تا دەرفەتی ناکۆکی و جیاوازبوون نەبێت. لەبەرئەوەی من کاتێك هەر مرۆڤێك دەدوێنم و پێی دەڵێم: خوای گەورە فەرمووی و پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی، ئەوکات بواری قسەو گفتوگۆ زۆرگران دەبێت، بەڵام وەختێك دەڵێم (فلانە) لەخەڵك وادەڵێت دەتوانێ قسەم لەگەڵدا بکات. ئەمە ئامرازێکی کۆکردنەوەی زۆر سوك و سانای خەڵکە، ئەمەش ئەو ستراتیژەیە کەکاری پێدەکەن. لەبەرئەوە دەبینین قاعیدەیەکی جەماوەری زۆر بەرفراوان لەدەوری ئەم کۆمەڵە هەیە، چونکە شتەکان روون و ئاشکرانین.

***عەبدوڵڵا ئیمام: تا سەری داوەکەمان لێون نەبووە با بێینەوە سەر مەسەلەکەی خۆمان.. هەبوون بەراگەیاندن و هەشبوون بەنووسین لەدوارۆژانی ئەو شالاوەی لەساڵی 1974ەوە دژ**

**بەعەبدولناسر دەستی پێکردبوو، دەیانووت عەبدولناسر پێویستی بەشتێکی واهەبوو تا جەماوەر بۆخۆی دروست بکات. بۆ ئەم مەبەستەش پسپۆرە ئەمریکییەکان ئەوکات ئامۆژگاریو رێنوێنی عەبدولناسریان بەوە کردبوو کەشتێ دروست بکات تا خەڵکی پێیەوە سەرقاڵبن و لەدەوری خۆی هالەیەك دروست بکات تا وەك زەعیمێك دەرکەوێت. لەبەرئەوە دەڵێن هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولناسر لە گۆڕەپانی (المنشیە)ی ئەسکەندەریە تەمسیلی بووە؟**

-سامی شەرەف: من سەرم دەسوڕمێ، لەو ماوەیەدا دەگوترا ناسر لایەنگری ئەمریکیەکانەو دوای ئەوە دەیانوت ناسر وڵاتی بەڕووسەکان فرۆشتووە. باشە، بەڵام عەبدولناسر گەر پەسەندی کلکایەتی بۆ ئەم یان بۆ ئەو لایەن بکردایە (کەئەو هەرگیز پیاوێکی وانەبوو)، ئەوا دەستی نەدەدایە شۆڕشو هەوڵی رزگارکردنی نیشتمانو دەرکردنی داگیرکاری ئینگلیزی لەوڵات نەدەداو خۆیشیو وڵاتیشی لەگەڵ خۆیدا بەمەسەلەی گەشەو پەرەسەندنو سەربەخۆییەوە سەرقاڵ نەدەکردو دەشیتوانی بەئاسوودەیی بژی، ژیانێکی سادە بژی، بەڵام ئەوە عەبدولناسر نەبوو.

ئەوەشی دەوترێت عەبدولناسر ئامۆژگاری کراوە تا بەشتی لەو جۆرە هەستێ، ئەوا هەر لەبەرەبەیانی یۆلیۆی ساڵی 1952وە بێ زیادەڕۆیی دەتوانین بڵێین شۆڕش (شۆڕشێکی جەماوەری بوو)، چونکە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن سوپاوە بەجوڵانەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان پشتگیری لێکرا کەسەرجەم چینو توێژەکانی گەل تێیدا بەشداربوون. گەر شۆڕش بەمجۆرە لەگەڵەوە پشتیوانی لێکرابێ، ئەوا ناسر پێویستی بەهەوڵی لەو جۆرە نەبوو تا پاڵپشتی جەماوەر مسۆگەر بکات، لەبەرئەوەی بەفیعلی هەڵوێستێکی واهەبوو. سەرەڕای بوونی کێشە لەنێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو محەمەد نەجیبدا، بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ وێنەکە ئاشکراتر دەبوو کەوا سەرکردایەتیەکی حەقیقی شۆڕشی 23ی یۆلیۆی هەیەو (محمد نجیب)یش رووکارێکی ئەو شۆڕشەیە.

***عەبدوڵڵا ئیمام: پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەمریکیەکان سەبارەت بەم مەسەلەیە راپۆرت یان لێکۆڵینەوەیەکیان خستەڕوو؟**

-سامی شەرەف: نەخێر، شتی لەو جۆرە نەبووە.

***عەبدوڵڵا ئیمام: لەدوا ویستگەدا دەوەستین، واتە پەیوەندی عەبدولناسر بەئیخوان موسلمینەوە لەساڵی 1965دا. ئەمە قۆناغێکی نادیارە لەمێژووی ئیخواندا، دەکرێت رۆشنایی بخەیتە سەر کێشەی شۆڕش لەگەڵ ئیخوان موسلمین لەساڵی 1965و چۆن زانرا کەوا ئیخوان گەڕاونەتەوە سەر هەمان رێکخستنەکانی جارانیان؟**

-سامی شەرەف: لێرەدا دەمەوێت رووداوەکانی ساڵی 65 بخەمەوە ناو چوارچێوە راستەقینەکەی خۆیەوە، لەساڵی (55)و دواتریش 56و 57 واتە کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەنو هێرشی سێ قۆڵیو پاشان سەرکەوتنی سیاسیو سەرەتای شەپۆلی ناسیۆنالیستی عەرەبیو دواتر هەنگاونان رووەو پەرەسەندنی کۆمەلایەتی بەمەبەستی دروستکردنی نمونەیەکی کۆمەڵایەتی لەرێگای بنەمایەکی ئابوری تەندروستەوە، دەستی پێکرد. سەرەتا لە بەمیسریکردنی بەرژەوەندییە ئابوریە بیانیەکان تا ساڵی 1961، لەپێناو کارکردن بوو بۆ دابەشکردنی سامان بەشێوەیەکی یەکسان، نەخشەو پلانی دەرەکی هەبوو دەیویست میسر بەچۆکدا بێتو (لەناوەوەش بکەوێ). ئەگەرچی زلهێزەکان هەوڵو پلانە ناوخۆییەکانیان بەکارهێنا، بەڵام رەوتی شۆڕش بەردەوام کاری بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دەکرد. بۆیە دوژمنانی دەرەوە جارێکی دی دەستیان دایەوە کەسانی ناوخۆ بەمەبەستی شێواندنو تێکدانی بارودۆخەکە کەنە لەبەرژەوەندی گەلی میسرو نەلەبەرژەوەندی گەلی عەرەب بوو. بۆیە دەبوو هێزێکی رێکخراوو تۆکمە بەکاربهێنرێت تا بتوانرێت لەرێی پەلهاویشتنو بڵاوبوونەوەیەوە، دارمانێکی وا دروست بکات یان ئامانجی ئەو پلانە بەدی بێنێ دژ بەنموونەی گەشەکردنو سەربەخۆییو سەپاندنی ئیرادەی نیشتمانی بەسەر واقیعو رووداوەکاندا. ئاشکراکردنی پلانی 65 لەرێی رێکخراوێکی سیاسییەوە دەستی پێکرد. یەکێك لەگروهەکانی ئیتیحادی ئیشتراکی لەپارێزگای (الدقهلیە) تێبینی جموجۆڵی هەندێك لەئەندامانی ئیخوان موسلمینی کردبوو کەسەرەتا لەشێوەی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ خێزانی ئیخوانەکاندابوو، ئەمە نیشانەی پرسیاری لەسەر دروستکردنو بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە ئاشکرای کرد کەئەم کۆمەکانە بەمەبەستی بەگەڕخستنەوەی چالاکییەکانی رێکخراوەکە بووە. بەشێکی تری کارەکانیان دروستکردنی ئەندامی تازە بوو کە رابردوویان نییەو ناویان لەناو دەزگاکانی ئاسایشدا نییە. دەزگای ئاسایش دەستی بەچاودێریکردن چالاکیەکانیان کردو لەئاکامدا دەرکەوت کەجموجۆڵیان سەرتاسەری وڵاتی گرتۆتەوە، هەر لەئەسکەندەرەیەوە تا ئەسوان.

***عەبدوڵڵا ئیمام: ئەو رێکخراوە سیاسیە دەریخست کەوا ئەوان خەریکی کۆمەك کۆکردنەوەن، یان خەریکی حەشاردنی چەك و تفاقن؟**

-سامی شەرەف: من باس لەسەرەتا دەکەم، دوای ئەوە دەزگای ئاسایش راسپێردرا لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە بەدوایدا بچێتو توانیان بگەنە ئەوەی کەئەمانە لەرێی لایەنی بیانیەوە بەپارەو چەك هاریکاری دەکرێن، بەتایبەتی لەوڵاتێکەوە لەخۆرهەڵات

کەیارمەتیەکانی لەڕێگای پارێزگاکانی ئەسوان‌و الشرقیەو قەناو ئەسیوتەوە دەگەیشتە میسر.

***عەبدوڵلا ئیمام: هەر لەساڵی 1965 داین، با سەبارەت بەدەرچوونی کتێبی (معالم في الطريق) لەو ماوەیەدا ئێستێك بکەین. لەم رووەوە دوو زانیاریم لا هەیەو دەمەوێت یان لێیان دڵنیابم یان وازیان لێبێنم، یەکەمیان دەڵێت: ئەزهەر رێی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی نەدا، لەبەرئەوەی تەنها سانسۆر لەسەر کتێبە ئاینیەکان هەبوو، بەڵام کاتێك عەبدولناسر خوێندییەوە رێیدا بکەوێتە بازاڕەوە. پاشان لەماوەیەکی کورتدا چوار جار چاپکرایەوەو لێرەدا عەبدولناسر وتی: دیارە رێکخراوێك هەیە. بەڵام زانیاری دووەم ئەوەیە کەدەزگای ئاسایش لەو ماوەیەدا وتبووی رێکخراوێکی ئیسلامی نییە، ئایا ئەمە راستە؟**

-سامی شەرەف: بەشی یەکەمی راستە، پوختەی کتێبەکە ئەوەیە کە کۆمەڵگا جاهیلیە (هەمان بیروڕای التکفیر والهجرە). ئەزهەر بەفیعلی داوای کرد ئەو کتێبە نەکەوێتە بازاڕەوە، بەڵام دوای ئەوەی عەبدولناسر خوێندییەوەو لەماوەیەکی کەمدا چوارجار چاپکرایەوە، عەبدولناسر پرسی بۆچی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە لەزیادبووندایە بەبێ هیچ پڕوپاگەندەیەك؟ کەواتە رێکخراوێك هەیە. دەزگای ئاسایش راسپێردرا تا بەدوای ئەم مەسەلەیەدا بچێت، سەرەتاش پێیوابوو ئەمە تەنها دەزگایەکە بۆ کۆکردنەوەی پیتاك‌و کۆمەك، بەڵام رێکخراوە سیاسیەکە سووربوو لەسەر ئەوەی کەوا رێکخراوێکی تازە هەیەو زۆربەی ئەندامەکانی نوێن‌و لەلای دەزگاکانی ئاسایش ناویان نییە. لەکۆتاییەکانی یۆلیۆی ساڵی 65دا لەرێی رێکخراوێکی سیاسیەوە ئاشکرابوو کەئیخوان موسلمین جموجۆڵ‌و چالاکییان لە (دقهلیەو دمیاط)، زیادی کردووەو لەو ماوەیەدا چەند رووداوێك روویدا.

یەکەم: بڕیار وابوو سەرۆك رۆژی هەینی لەمزگەوتی ئەزهەر نوێژ بکات (بەڵام دەرکەوت کەسێك لەناو نوێژکەران دایەو دەمانچەیەکی پێیە)، دەسگیرکراو لێپرسرینەوە لەگەڵی دەست پێکرا. راپۆرتێك لەرێگای رێکخراوی سیاسییەوە هات‌و دەڵێت: کەسانێکی دیاریکراو هەن هاتوچۆی مزگەوت دەکەن‌و دوای نوێژکردن چاویان بەگەنجان دەکەوێت، بەمەبەستی راکێشانیان بۆ ناو رێکخراوەکەیان. هاوکات جموجۆڵی (سعید رمضان) زیادکرد کە لەئەڵمانیاو هەندێ وڵاتی عەرەبیدا لەژێر چاودێریدا بوون. موخابەرات راپۆرتێکی نووسی کەوا (سعید رمضان) بۆتە ئەندامێ لەگروپی میسری سەربەخۆداو بڕی 250 هەزار جونیەی ئیسترلینی لەیەکێك لەسەرکردە عەرەبەکان وەرگرتووە، بەمەبەستی چالاکی نواندن لەدژی شۆڕشی 23ی یۆلیۆ. هەروەها چاودێری

زۆری جموجـــۆڵی ئەنـــدامانی ئیخـــوانی دەکـــرا کـــەبۆ دەرەوەی وڵات هـــەڵاتبوون‌و روویانکردبووە ئیتاڵیاو سویسراو هەندێ وڵاتی عەرەبی. رۆژی ئاشکرابوونی رووداوەکەی مزگەوتی ئەزهەر، کۆبوونەوەیەك لەبارەگای سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان کرا، بەسەرۆکایەتی موشیر (عەبدولحەکیم عـامر)و سـەرجەم لایەنـە پەیوەندیـدارەکان بـەکارو چالاکی سیاسی‌و ئەمنیـەوە ئامـادەی بـوون. (عـامر) پرسـیاری لـەرادەی چـالاکی ئـەو گروپانەکردو وەزیری ناوخۆ لەوەڵامدا وتی: جموجۆڵێکی ئاساییەو ناگاتـە ئاسـتی پـیلان چنین. کاتێك فەرمانی گرتنی ئەندامە چالاکەکانی ئیخوان دەرچوو، هێزە چـەکدارەکان‌و بەتایبەتی (شمس بدران) راسپێردران تا ئەرکی تەحقیقکردن لەگەڵیان بگرنە ئەستۆ.

***عەبدوڵڵا ئیمام: لەسەردەمی (جەمال عەبدولناسر)دا هیچ بڕیارێکی ئازادکردنی ئیخـوان موسلمین دەرچوو؟**

-سامی شەرەف: بەڵێ دوای 1967 عەبدولناسـر بڕیاریـدا زینـداکان چـۆڵ بکـرێن، بەمەبەستی کۆکردنەوەو پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ. عەبدولناسـر لای وابـوو ئـەو ماوەیـەی زیندان بەسە بۆ بەخۆداچوونەوەو بەفیعلی دەست بەبـەردانی ئیخـوان کـرا. بـەبیرم دێ کـە لـەمایۆی 1971دا لـە (140) کەسـێك بـەولاوە کـەس لەئیخوانـەکان لەزیندانـدا نەمابوون.

***عەبدوڵڵا ئیمام: لەکۆتایی ئـەم بەشـەی گفتوگۆکەمانـدا لای خۆمـەوە دەمـەوێت جـەخت لەسەر راستییەك بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناکۆکی لەگەڵ ئیخوانـدا ناکۆکییـەکی ئـایینی نەبوو، بەڵکو ناکۆکییەکی سیاسی بوو. نـاکۆکی لەگـەڵ رێکخراوێـك یـان دەسـتەو تاقمێـك مانای ناکۆك بوون لەگەڵ ئیسلامدا ناگەیەنێ، ئەو ناکۆکیانەش لەسەر کارو مەسەلەی سیاسی بوون، کاتێك پیلانیان داناو چەکیان لـەدژی شـۆڕش هـەڵگرت. ئـەوەی ئاگـاداری کـاروانی شۆڕشی ناسری بێت سەرنج دەدات ئەو شتی وای پێشکەش بەئیسـلام کـردووە کـە لەوەوبـەر نەکراوە، ئەمەش بەمەبەستی پشتیوانی لێکردن‌و بەرەو پێشبردنی بو، وەك پەیامێکی جیهانی‌و بگرە هەروەها ناساندنیشی بوو بەدنیا.**

-سامی شەرەف: تەواو لەگەڵ ئەو رایەی تۆدام‌و پێم خۆشە بڵێم:

یەکەم: پیلانی ساڵی 1965 هەوڵێکی ناوخۆیی نەبوو کەئیخوان مـوسلمین نەخشـەی بۆ کێشابێ‌و هەوڵی جێبەجێکردنی دابێ، بەڵکو لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنە ئاشکراکان سـەلماندی کەهـەوڵ‌و تەقەلایـەکی نێودەوڵـەتی بـووە، چـونکە نەخشـە بۆکێشـان‌و هاریکاریکردن‌و پڕچەك کردنیان‌و شێوازی راپەڕاندنی کارەکان، هەمووی بیـانی بـوون‌و لەسـاڵانێکی زووەوە تـاوتوێکرابوو. ئیخـوان لەوهەوڵەیانـدا دەزگـای موخابەراتیـەکانی بێگانەیان لەپشت بـوو، هـەر لـە (CIA)و (MAG)و موخابـەراتی ئـەڵمانیای خۆرئـاوا. کلکـەکانی ئـەم دەزگایانـە (بەداخـەوە لەهەنـدێك وڵاتـانی عەرەبییـەوە)، رۆڵیـان لـە

ئامــادەکردنی شــوێنی دیــدارو چــاوپێکەوتنی ئیخوانــەکانی نــاوەوەی میســرو دەرەوەدا هەبوو. لەو دیدارانەدا ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر ئامرازو ڕێو شوێنو کاتی گواســتنەوەی چەكو تەقەمەنیو کۆمەکەکان دەکرا، دەزگا ئەمنیەکان لیســتو راپــۆرتو بەڵگەنامــەی زۆریان لەم بارەیەوە لەلایە.

دووەم: هەروەها لەهۆکارەکانی تری ئەو پلانــە، هۆکــاری ئــابوریو بــەرگرتنو لێــدانی ئەو رەوتی گەشەسەندنە بوو کە لەمیسردا هەبوو، چــونکە پێیــان وابــوو ئەمــە پەتایــەکی ساریەو وڵاتانی عەرەبیو دواجار جیهانی ســێیەمیش دەگرێتــەوە. بۆیــە بڕیــاردان جەنگــە سنوردارەکان درێژە بکێشنو بەردەوام بن، گەر سەرکەوتوویش نــەبوون ئــەوا لــەبری ئــەوە لەناوەوەڕا دەست بەشاڵاوبردن بکرێت. ئەمــەش ئــەوەبوو کــە لەســاڵی 1965دا روویــدا. دوای ئەو تاقیکردنەوانەی لەهەریەك لەکۆنگۆو تانزانیاو گاناو ئەندونیسیادا ئەنجام دران، ئەی کەواتە بۆ لەمیسریشدا تاقی نەکرێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەوڵدان بۆ لێــدانی بەرێگاچارەی سەربازی شکستی هێناو سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

سێیەم: گەر کۆی نەخشەو پلانەکانی 1965 کورت بکەینەوە، دەرەئەنجامی ئەوەیە کە:

1-دەستنیشــانکردنی نەخشــەی وردی ســەرجەم خاڵــە ســتراتیژەکان لەمیســردا، لەئەسکەندەریەوە تا ئەسوان.

2-ئامادەکردنی کۆمەڵێك چەکدار بەچەكو تفاقی تەقاندنــەوەو وێرانکردنــی کارگــەو نایــت کــلاپو رێگــا ســەرەکیەکان، لەنێوانیانــدا ئــەو رێگایــەی عەبدولناسر هاتۆچۆی پیادەکات لە (منشــیە البکــری) تــا کۆشــکی کۆمــاری. هــەروەها تەقاندنــەوەی کارگــە گــەورەکان چ لــەقاهیرە یــان لەئەســکەندەریە یــاخود لــە (المحلــە الکبری) یــان حلــوانو تێکدانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەویستگەکانی کارەباو (السد العالی).

3-نەخشەی تیرۆرکردنی تەواوی سەرکردەو کەسایەتیە سیاسیەکانو ئەفسەرانی سوپاو پۆلیسو ئەدیبانو هونەرمەندانو پیاوانی دەزگاکانی راگەیانــدن لەرۆژنامەنووســان یــان لەکارمەندانی رادیۆو تەلەفزیۆن.

4-ئەو چەكو تەقەمەنیانەی لەرێگای ئەسوانو کەنارەکانی دەریای سوورەوە هاتبوونــە ناوەوە لەبۆســەدا گیرابــوون کــەوڵاتانی بیــانی رەوانــەی میســریان کردبــوو، زانیــاری ئــەم مەسەلەیەش هەوڵی دەزگــا ئەمنیــەکان بــوو کــەتوانیبوویان بچــنە نــاو رێکخســتنەکانی دەرەوەی ئیخوانەوە. ئەم روونکردنەوەیە بۆ خستنەڕووی قەوارەی ئــەو پیلانانەیــە کەمیســر لەرابردووداو تائێستاش بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەو مەترسی ناوەوەو دەرەوەدایە. مەترسی گەورەش لەناوەوەدایە، لەبەرئەوەی بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە کەشــاڵاوی دەرەکــی لەگــەڵ گەلی میسردا ســەرکەوتوو نابێــت، بــەڵام شــاڵاوی نــاوەوە بەڵایــەکی کوشــندەیە، چــونکە لەبنەڕەتەوە لەسەر هەوڵی شتنەوەی مێشكو هەڵخەڵەتاندنی لاوان دروست دەبێت.

<u>**سەرچاوە:**</u>

عبدالله امام: عبدالناصر کیف حکم مصر؟ مدبولي، القاهرة- الطبعة الاولی، 1997.

# گفتوگۆیەك لەگەڵ
# ( ئۆلیڤییە روا )

(ئۆلیڤییە روا) توێژەر لەسەنتەری نیشتمانی فەرەنسا بۆ توێژینەوە, لەمڕۆدا لەولاتێکی وەك فەرەنساو تەواوی ئەوروپادا لەگەڵ هەریەك لە (ئۆلیڤیە كارو جیل كیبلز) دا بە دیار ترین ئەو كەسانە دەژمێردرێن كەلەمەڕ دیاردەی ئسولێەتو گروپە توندڕەوەكان لەولاتانی ئیسلامیدا دەنووسن.

لەم رووەشەوە باسو لێكۆڵینەوەكانیان وەك سەرچاوەیەك بایەخو گرنگی خۆی هەیەو لەگەڵ بلاو بوونەوەشیاندا بۆ زیاتر لەزمانێك وەردەگێڕدرێن.. كتێبەكانی جیل كیبلزیش باشترین نمونەیەكنو هەریەك لەكتێبەكانی (پێغەمبەرو فیرعەون) و (تۆڵەی خودا) ی بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون.. بەتایبەت (تۆڵەی خودا) كەلەكاتی دەرچونیدا لەساڵی 1991و لەماوەی تەنها سێ مانگدا (حوزەیران تا ئەیلولی ئەو ساڵە)، وەرگێڕدرایە سەر نۆزدە زمانی بیانی. كتێبەكانی ئۆلیڤییە روایش بەهەمان شێوە لەوانە كتێبی (ئەزموونی ئیسلامی سیاسی) كە لەساڵی 1994 (نصیر مروە) بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕاوەو لەبەیروت لەچاپدارە. تەوەری سەرەكی باسەكانی ئۆلیڤییە روا زیاتر تایبەتە بەمەسەلەی ئەفغانستانو كێشەكانی ئەو ولاتە كەسالانێكە بە بەردەوامی هاتوچۆو سەردانی دەكات, هەر لە رۆژگاری داخڵبوونی هێزەكانی یەكێتی سۆڤیەتەوە تا ئەمڕۆ.

هەندێ جاریش لەبەر ناهەمواری بارودۆخەكە روا ناچار بووە بەپێ سەردانی هەندێ ناوچە بكاتو شوێنی رووداوەكان بەسەر بكاتەوە, ئەم سەردانە بەردەوامانەش بۆ ئەفغانستان وای لێكردووە ئاشنایەتی لەگەڵ زۆربەی سەركردە ئەفغانیەكاندا پەیدا بكات. ئەم گفتوگۆیەی تازەترین دیدارێكە لەگەڵ ئەودا كە (فیصل جلول) لەپاریس لەگەڵیدا سازی داوەو تایبەتە بەو هەلومەرجە تازەیەی هەنوكە لەئەفغانستاندا هاتۆتە ئاراوە, هەر لەمەسەلەی ئوسامە بن لادنو هەڕەشەكانی ئەمریكاو تەماحكاریەكانی

پاکستان لەناوچەکەداو گرژیو ئالۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان بزوتنەوەی تالێبانو ئێرانو چەند مەسەلەیەکی گرنگی تر.

**+ بۆچی بزووتنەوەی تاڵیبان سوورە لەسەر ئەوەی ئوسامە بن لادن بپارێزێتو کۆمەکی بکات؟ لەو باوەڕەدای تاڵیبان بتوانێت بەردەوام بێت لەسەر بچڕانی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتانی تردا بەهۆی بن لادنەوە؟**

-سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بزووتنەوەی تالێبان دژایەتی ئەمریکا ناکاتو نایەوێت روو بەڕووی واشنتۆن ببێتەوە, ئەمە شتێکی روونو ئاشکرایە, بەڵام لەبەرامبەریشدا نایەوێت دەست بەرداری بن لادن بێت. تالێبان سوورە لەسەر داکۆکی کردن لێی لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی, لەوانە من دەمەوێت ئیشارەت بەسێ هۆکاریان بدەم:

یەکەم: پەیوەندی بەپێکهاتەی ئایدۆلۆژی ئەم بزووتنەوەوە هەیە, ئەمەش پێکهاتەیەکە وای لێدەکات لە هەڵسوکەوتی سیاسیدا پشت بەبنەما ئایدۆلۆژیە توندو تیژەکان ببەستێ. لەم رووەوە تالێبان لەگەڵ بن لادندا یەکدەگرنەوەو هەر دوولایان تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ شەریعەتی ئیسلامی هەیەو, هەر دوکیان سەر بە یەك رۆشنبیری ئیسلامین. ئەمە سەرەڕای تاقیکردنەوەی هاوبەشی هەردووکیان پێکەوە لەخەباتکردن دژ بە یەکێتی سۆڤیەت لەو ماوەیەی ئەفغانستانی داگیرکردبوو.

هۆکاری دووەم: پەیوەندی بەو نزیکبونەوە خێزانیە تازەیەوە هەیە کەدروست بووە. بن لادن لەگەڵ مەلا عومەری رابەری بزوتنەوەکە ژنو ژنخوازی کەوتۆتە نێوانیانو ئەم پەیوەندییە خێزانیەش بۆتە مایەی پتەوکردنی پەیوەندییە ئایدۆلۆژییو سیاسیەکانی نێوانیان.

هۆکاری سێهەم: دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فشارە زۆرەی ئەمریکا بۆ سەر تالێبانی هێناوەو بۆردومان کردنی یەکێك لەو ناوچانەی مەزەندە دەکرا بن لادنی تیا نیشتەجێ بێ. بەو پێیەی تالێبان بزوتنەوەیەکی ئایدۆلۆژی توندڕەوە ئەوا ناتوانێت دەستبەرداری بن لادن بێت, دەست لێبەردانیشی وادەر دەکەوێت وەك ئەوەی پاشەکشەو سازشی کردبێ یاخود ملی بۆ داخوازییەکانی ئەمریکا دابێت، ئەم جۆرە ئینتیباعەش کاردانەوەی خراپی لای ئەندامو لایەنگرەکانی دەبێت. لەبەر ئەم هۆیانە تێکڕا تالێبان سوورە لەسەر ئەوەی داکۆکی لەبن لادن بکات, بەبێ ئەوەی نیەتی ئەوەی هەبێت رووبەڕووی ئەمریکا بێتەوە.

**+ ئەمە مانای وایە داواکاری ئەمریکا بۆ پێشکەشکردنی بەڵگە لەسەر تێوەگلانی بن لادن لەکارە تیرۆریستەکانی ئەم دواییەدا بەجدی نەبووە. پێت وایە تاڵیبان دادگایی بن لادن بکات, گەر بەڵگەی ئەمریکی بەچنگ کەوت؟**

-پێم وایە بیرۆکەی دادگاییکردنی بن لادن زیاتر لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ قەیرانەکە بەکارهێنراوە, لەبەر ئەوەی تالێبان ڕێ بەوەنادات ولاتە یەکگرتووەکان دادگایی بن لادن بکات, هاوکات دەبوو پاساوێك بۆ ئەم هەڵوێستە بێنێتەوە بۆ ئەمەش دادگاییکردنی هەڵبژارد. لەو باوەڕەدام تالێبان بەڕێگای خۆی دادگایی دەکرد, واتە دروستکردنی دادگایەکی ئیسلامی کەبەپێی شەریعەتی ئیسلامی کاربکاو لایەنە ئیسلامیەکانیش تیایدا بەشداربن, بەلاّم ئەمریکییەکان بەم جۆرە دادگای کردنە ڕازی نابن.

**+ تۆ پێت وایە بەفیعلی (بن لادن) بەرپرسی تۆڕێکی نێودەڵەتی تیرۆریستی ئسوڵی لەئەستۆدایە؟**

-مەسەلەی ئسولێەت و توندوتیژیو تیرۆر بەو سادەییە نییەو بۆ خۆی کێشەیەکی ئالۆزە، هەموو ئەو کەسانەش لەنزیکەوە پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە دەزانن. لای خۆمەوە پێم وانییە هەیکەلێکی نێودەوڵەتی بۆ تیرۆر هەبێو لەسەریەوە تاکە کەسێك وەستابێت. ئەوەشی کەدەڵێن (بن لادن) لەهەموو کارە تیرۆریستیەکان بەرپرسە، ڕاست نییە. لەوانەیە لەو کارانە بەرپرس بێت کە لەخۆرهەلاتی ئەفریقیادا ڕوویدا، بەلاّم ڕۆڵی ئەو لەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا زیادەڕۆیی تێدایە.

## شەریعەت و دۆسێی ئەتۆمی

**+قسەکردن دەربارەی تالیبان بەپێویست بەرەو پاکستانمان دەبات، بەڕای تۆ پاکستان گرەو لەسەرچی دەکات، ئایە ئەمە بەرەو دابڕنی نابات لەگەڵ واشنتۆندا؟**

-پێم وایە دەسەلاّتی پاکستان لەم کێشەیەدا سەرکێشیو سەرەڕۆیی دەکات، ئەو ڕسك بەپەیوەندییە زۆر بەتینەوەکانیەوە دەکات لەگەڵ ئەمریکا. وەك دەشبینرێت ئیسلام ئاباد بەتەنها لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ واشنتۆندا ناکۆك نیە، بەڵکو چەند مەسەلەیەکی ترهەیە لەسەری ناکۆکن. وەك ئەو ڕاگەیاندنانەی پاکستان سەبارەت بەپەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەبوارەکانی ژیانداو ئەمەش بۆخۆی ڕاگەیاندنێکی ئیستفزازییە، چونکە پاکستان دەزانێت نابێتە کابولێکی دیکە. ئەم هەڵوێستەش مایەی نیگەرانیئەمریکیەکانەو ڕەخنەشیان لەم هەنگاوە گرت. لەهەمان کاتدا دۆسێی ئەتۆمی بەردەوام حازرەو سەرچاوەی ناکۆکی هەردوو لایە. گەر سیاسەتی پاکستان نیشمان لەئەفغانستاندا سەربارخست ئەوا دەگەینە ئەوەی کەدەسەلاّتی پاکستان بەفیعلی سەرکێشیدەکات، بەلاّم ڕەنگە ئەم سەرکێشیە نەبێتە مایەی تێکچوونی پەیوەندییەکانی

نێوان هەردوو وڵات، لەبەرئەوەی ئەو بەرژەوەندیو بنەما نەگۆڕانەی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە زۆر لەقەوارەی ناکۆکیەکانی نێوانیان گەورەترو گرنگترە.

**+پێشبینی دەکرێت پاکستان بیەوێت دەست بەسەر ئەو رێگایانەدا بگرێت کە بەرەو ئاسیای ناوەڕاست دەچێت، لەمەشدا پشت بەتاڵیبان دەبەستێت کەدەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکانی ئەفغانستاندا بسەپێنێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی. پێت وایە ئەم کارە بەجدی بێت؟**

-لەراستیدا پاکستان ئاوای دەبینیٚو لەناوەندە پەیوەندیدارەکانیشدا هەمان شت هەیە، هەندێك لەلێکۆڵەرەوە پاکستانیەکانیش قسە دەکەن. ناتوانم تەئکید لەسەر ئەوە بکەم کەئەمە ئەگەرێکی راست یاخود واقیعی بێت،بەڵام پێم وانییەشتێکی وا لەهەلومەرجێکی ئێستادا بایەخێکی گەورەی هەبێت بەتایبەت لەرووی ئابووریەوە، چونکە ئەوانەی لەم بارەیەوە قسە دەکەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە مەبەست لەم کارە دامەزراندنی ژێرخانێکە بۆ کەرتی وزە کە لەئاسیای ناوەراستەوە دێتو بەئەفغانستاندا رەت دەبێت، بەڵام رەنگە دابەزینی نرخی نەوت زۆر لەحەماسی کۆمپانیا ئەمریکیەکان کەم بکاتەوە کە بەمەبەستی بەرهەمهێنان لەم بوارەدا بانگهێشت کراون.ئەم کۆمپانیایانە ئامادەنین لەناوچەیەکی نائارامدا کاربکەن کەبە بەردەوامی شەڕوشۆڕی تێدابێت، بەڵام ئەمە ئەو سیناریۆیە رەت ناکاتەوە کە لەسەر ئاستی ستراتیژی مەنتیقیانە هەیە، دیارە گەربێتو لەروانگەی پاکستانیەوە لێمان روانی.

**+ئەو قسەیە درایە پاڵ تۆ کەدەڵێن: ئێران ئامادەنییە خۆی دووچاری شەڕێکی تازە بکات لەئەفغانستاندا؟**

-من زۆرجار ئەمەم وتوە لەکاتی دروسبوونی ئەم قەیرانە لەنێوان هەردوولایاندا.ئەو کۆبوونەوانەی لەم رۆژانە لەنێوانیاندا روو دەدات لەپێناو چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا، تەواو هەوڵەکانی ئێران نیشان دەدات لەم رووەوە،چونکە تاران دەزانێت کەشەڕ لەسەر ئاستی میللی پەسەند نییەو ئامرازی تەواویشی لەدەستدانییە بۆ شەڕێکیوا. لەوەش بەئاگایە کەناتوانێت جێگای ملیۆنەها پەنابەری ئەفغانستانی لەسەر خاکەکەی بکاتەوەو دەیەوێت زووبەزوو ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. سەرەڕای ئەوەی کێشەیئەفغانی جیٚبایەخی ئێران نیە، چونکە ئەوان زیاتر گرنگی بەناوچەکانی تردەدەن، بەتایبەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لەبەر هەموو ئەمانە دەڵێم ئێران شەڕی لەئەفغانستاندا ناویٚ ئەو ئامرازە پێویستانەی لەدەستانییە بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی لەم جۆرە.

**+بەڵام کێشەی شیعەکانی ئەفغان لەبەرچاوە، ئێران چۆن مەسەلەی پارێزگاری کردنیان بۆدەستە بەردەکات؟**

-دانوستانی نێوان هەردولا لـەم رووەوە چـەند سازشـكارییەك لـەخۆدەگرێت كەرەنگـە بزووتنەوەی تالیبان بیكات، بەم جۆرەش دەرچەیەكی شەرەفمەندانە لەم قەیرانەدا لـەئێران دەكاتەوە، بەلاّم ئەو سازشكاریانە رەنگە لەلایەنە سیاسـیەكەیەوە رووبـدات نـەك لـەرووی ئایدیۆژییەوە. ئەوەشی یارمەتی تالیبان دەدات تا سازشـكاری بكـات ئەوەیـە كەیـەكێك لەسەركردە شیعەكانی ئەفغانستان (السید اكبری) ،بەم دواییـە پەیوەنـدی پێـوەكردوون‌و رایگەیاندووە كەئەو لـەرێگای پەیوەنـدی بەتالیبانـەوە پاراسـتنی شـیعەی‌دەوێت.هەرچـی ئەوبوارانـەی تـرە كـەتالیبان پەسـەندی ناكـات بخرێتـە بـەرباس، پەیوەنـدی بـەكاروباری ئایینیەوە هەیە. ئـەوان رازی نـین لـەوەی شـیعەكان لەسـەر گێرانـی ئاهـەنگ‌و رێورەسمـە ئایینیـەكانیان لەمـەزارشـەریف بـەردەوام بـن. لەوەوبـەر چـەندگروپێكی سـەر بـەتالیبان سەركوتی بۆنەیەكی شیعەكانیان لەوشوێنەدا كردبوو. بەگشتی دەكرێت هەردوولا بگەنـە چارەسەركردنی كێشەكە.

***بەر لەسەرهەڵدانی كێشەی بن لادن واچاوەڕوان دەكـرا تالیبـان دەسـت بەسـەر تـەواوی ئەفغانستاندا بگرێت، بەلام دوای ئەوەی ئەحمەد شامەسعود بەدەركەوت ئەم پرۆژەیە كەوتەژێر پرسیارەوە، بەوپێیەی مەسعود خاوەنی دیارترین پرۆژەیەكە لەكۆسپ خستنە بـەردەم هەیمەنـە كردنی تالیبان بەسەر تەواوی ولاتدا. ئایا مەسعود دەتوانێت رێگا بەپرۆژەكەی تالیبان بگرێت؟**

-پێم وایە كەللەڕەقی تالیبان لەكێشەی بن لادندا گورزێكی تری دایە مـەسعود، ئـەوان ئـەمریكایان تـووڕەكردو هـەلێكی زێڕینیشـیان بـۆ مـەسـعود رەخسـاند كەپێویسـتی بەپالپشتێكی دەرەكی هەبوو. ئێستاكە دەبیـنین واشـنتۆن كەپێشـتر پەیوەنـدی لەگەلیـدا بـاش نەبوو،لەگـەڵ تاقمەكەیـدا دەسـتی داوەتـە نـەرمی نوانـدن، كارێـك كـە لەباریدایـە تالیبان لاوازبكات. گەر تالیبان لەسـەر كەللـەڕەقی خـۆی بـەردەوام بێـت، ئـەوا لاوازتـر دەبێت. لەبەرامبـەردا مـەسعودی پێ بەهێزتر دەبێت، دەرەنجامیش جـارێكی‌تر وەرەقـەكان لەم ولاتەدا تێكەل بەیەكتر دەبنەوە.

## گەڕانەوەی مەسعود

***گەرمەسعود سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر حوكوم شتێكی تازە لەگەڵ حۆیدا دێنێت؟**

-گەڕانەوەی مـەسعود بۆ دەسـەلات بەسـتراوە بـەوەی ئایـا خـەڵكی كـابوڵ پابەنـدبوون بەچەسپاندنی تونڕەوانەی شەریعەتی ئیسلامیان دەوێت لەسەرجەم بوارەكانی ژیاندا، یـان گەڕانەوەیان دەوێت بۆ ئەو پشێویو نائارامییەی پێشوو لەگەڵ بوونی ئازادییـەكی زیـاتر لەسایەی ستمێك وەك ئەوەی مـەسعود لەوەوبەر سەپاندبووی؟ ئەمە پرسیارێكەو بەكراوەی دەمێنێتەوە.

***وادیارە فەرەرەنساو لەگەڵیشدا یـەکێتی ئـەورووپا لـەم گۆڕنکارییانـەی ئەفغانسـتان (وەك دەردەکەوێت)، ڕۆڵیان ئێجگار پەراوێزی بێت. هۆی ئەمە چییە؟**

-فەرەنسا هیچ پەیوەندییەکی لەم ناوچەیەدانییەو بەرژەوەندی ئەورووپاش لەوێدا کەمە، بەلاّم پاریس‌و یەکێتی ئەورووپا گرنکی بەمافی مـرۆڤو پێشکەشـکردنی یارمـەتی دەدەن لەڕێی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانەوە. فەرەنسا بەلایەوە گرنگە ئەم ڕێکخراوانە کارەکانیان بەئاسـانی بەڕێوەبـەرن‌و کۆسـپو تەگـەرەیان بـۆ دروسـت نـەکرێت، هـەروەها بەلاشـیەوە گرنکە کەنەتەوە یەکگرتوەکان بتوانێت چارەسـەری قەیرانەکـە بکـات، لـەڕێی نێـردراوی تایبەتی خۆیەوە کە(الاخزرئیبراهیمی)یـەو بەتونـدیش پشـتیوانی لێـدەکات. ڕەخنـەکانی پاریس بۆ تالّیبـان نەگەیشـتۆتە ئاسـتی هێـرش کردنـە سـەربزووتنەوەکە بەتونـدی، وەك ئەوەی مفەوزیەی ئەورووپی بۆ مـافەکانی مرۆڤ لەبرۆکسـل کـردی.ئەگەرچـی گـرژی نێـوان برۆکسل‌و کابولّ تەنهالەبواری ڕاگەیاندندا مـایەوە، بەلاّم ئەمـە هەرەشـە لـەکارو چـالاکی ڕێکخراوە مـرۆڤ دۆستەکان دەکات‌و گیروگرفتیان بۆ دەنێتەوە، پوختەی قسـەکانم ئەوەیـە کەفەرەنساو ولاّتانی ئەورووپیش، ڕۆڵیان لەم ناوچانەدا نییـەو بایـەخ‌و گرنگـی ئـەمانیش، تەنها لەرووی ئینسانییەوەیە نەك شتێکی دی.

**سەرچاوە:**

مجلة (الوسط) ، العدد (359).

سوپاس‌و پێزانینی زۆرم بۆ هەموو ئەو دۆست‌و ئازیزانەی،
بە چاپکردنی ئەم کتێبەوە ماندوو بون.